

دانتی ئەلیگییێری

# کۆمیدیا

## بەرگی یەکەم-دۆزەخ

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی

1

منتدى إقرأ الثقافي
www.Iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

ئەم كتێبە

لە ئامادەكردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەكە:

http://iqra.ahlamontada.com



دانتی ئەلیگییْری

# کۆمیدیا

بەرگی یەکەم - دۆزەخ

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٧٣٦)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

■ کۆمیدیا ـ دۆزەخ
نووسینی: دانتی ئەلیگێری
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
بابەت: داستان
دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠ هەزار دینار، سێ بەرگ
چاپی یەکەم: چاپخانەی (تاران) ساڵی ٢٠١٥
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٩٦)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە
■ مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە©

دانتی ئەلیگیێری

# کۆمیدیا

## بەرگی یەکەم ـ دۆزەخ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە و پەراوێز و
بەراوردی لەگەڵ وەرگێڕانی چەند زمانێکی تردا:

**عەزیز گەردی**

# ناوەرۆک


چەند تێبینییەک ........ ٧
کورتەی ژیانی دانتی ........ ١١

سرووودی یەکەم ........ ١٥
سرووودی دووەم ........ ٣١
سرووودی سێیەم ........ ٤٧
سرووودی چوارەم ........ ٦١
سرووودی پێنجەم ........ ٨١
سرووودی شەشەم ........ ٩٩
سرووودی حەفتەم ........ ١١٣
سرووودی هەشتەم ........ ١٢٧
سرووودی نۆیەم ........ ١٣٩
سرووودی دەیەم ........ ١٥٣
سرووودی یازدەم ........ ١٦٩
سرووودی دوازدەم ........ ١٨١
سرووودی سێزدەم ........ ١٩٧
سرووودی چواردەم ........ ٢١٣
سرووودی پازدەم ........ ٢٢٩
سرووودی شازدەم ........ ٢٤٣
سرووودی حەڤدەم ........ ٢٥٧
سرووودی هەژدەم ........ ٢٧١
سرووودی نۆزدەم ........ ٢٨٥

سرروودی بیستەم ........ ٢٩٩
سرروودی بیستویەکەم ........ ٣١٣
سرروودی بیستودووەم ........ ٣٢٧
سرروودی بیستوسێیەم ........ ٣٤١
سرروودی بیستوچوارەم ........ ٣٥٥
سرروودی بیستوپێنجەم ........ ٣٦٩
سرروودی بیستوشەشەم ........ ٣٨٣
سرروودی بیستوحەفتەم ........ ٣٩٧
سرروودی بیستوهەشتەم ........ ٤١١
سرروودی بیستونۆیەم ........ ٤٢٥
سرروودی سییەم ........ ٤٣٧
سرروودی سیویەکەم ........ ٤٥١
سرروودی سیودووەم ........ ٤٦٥
سرروودی سیوسێیەم ........ ٤٧٩
سرروودی سیوچوارەم ........ ٤٩٥

**چەند تێبینییەك:**

١- هەرسێ بەرگی کۆمیدیا لەم دەقە ئینگلیزییەوە کراون بە کوردی:

Dante Aligieri,The Divine Comedy,The Carlyle-Wicksteed Translation, New York,1957 .

٢- لەگەڵ ئەم دەقە فرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسییانەدا بەراورد کراوە:

.Dante,La Divine Comedie, L,Enfer, Traduction de jacqeline Risset,Paris, 1985 .

.Dante,La Divine Comedie, Le Purgatoire, Traduction de jacqeline Risset,Paris, 1985 .

.Dante,La Divine Comedie, L,Enfer, Traduction de jacqeline Risset,Paris, 1985 .

.Dante,The Divine Comedy, Hell,Translated by Dorothy Sayers,1980.

.Dante,The Divine Comedy,Purgatory,Translated by Dorothy Sayers,1980

.Dante, The Divine Comedy, Paradise ,Translated by Dorothy Sayers,1980

.Dante, The Divine Comedy,Translated by Laurence Binyon,Penguin Book,1947 .

دانتی ألیجییری، کومیدیا، الجحیم، ترجمه حسن عثمان، دار المعارف بمصر، ١٩٥٩.

دانتی ألیجییری، کومیدیا، المطهر، ترجمه حسن عثمان، دار المعارف بمصر، ١٩٧٩.

دانتی ئەلیجییری، کومیدیا، الفردوس، ترجمه حسن عثمان، دار المعارف بمصر، ١٩٦٩

دانتی الغییری، الکومیدیا الالهیه، ترجمه کاظم جهاد، بیروت، ٢٠٠٢

دانته، کمدی الهی، دوزخ، ترجمه شجاع الدین شفا، تهران، ١٣٨٤.

دانته، کمدی الهی، برزخ، ترجمه شجاع الدین شفا، تهران، ١٣٨٥.

دانته، کمدی الهی، بهشت، ترجمه شجاع الدین شفا، تهران، ١٣٨٥.

دانته الیگری، کمدی الهی، دوزخ، ترجمه فریده مهدوی دامغانی، مؤسسه نشر تیر، ١٣٧٨

دانته الیگری، کمدی الهی، برزخ، ترجمه فریده مهدوی دامغانی، مؤسسه نشر تیر، ١٣٧٨

دانته الیگری، کمدی الهی، بهشت، ترجمه فریده مهدوی دامغانی، مؤسسه نشر تیر، ١٣٧٨

**سەرنج:**

ناوەکانی ناو دەقەکە بەگوێرەی دەقە ئیتالییەکە داندراون.

- لەم وەرگێڕانەدا دوو جۆرە ژمارە داندراون:

جۆرێکیان لەناو کەوانەدان و هەمیشە لە کۆتایی لەتە دێڕەکانەوە هاتوون و سێ سێ دەڕۆن: (٣)، (٦)، (٩)...هتد. ئەمانە ژمارەی لەتە دێڕەکانن، چونکە سەراپای کۆمیدیا بە سەروای سێیینە نووسراوە.

جۆرێکیشیان بێ کەوانەن و بە ڕووتی هاتوون. ١، ٢، ٣، ٤ ...هتد. ئەمانە ژمارەی پەراوێزەکانن. لە دوای ئەو وشە و ڕستانە داندراون کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە لە پەراوێزدا.



# کۆمیدیا

بەرگی یەکەم - دۆزەخ

**کورتەی ژیانی دانتی**

- دانتی ئەلیگێری لە ئاخیروئۆخری مایسی ١٢٦٥ لە فلۆرەنسا و لە خێزانێکی شارستانیی خانەدانی بچکۆلە هاتە دونیاوە. ئەلگیێرۆ دی بێلینجیۆنی دالگیێریۆی باوکی کاری ڕبێدە و پارەگۆڕینەوە بوو. ساڵی ١٢٧٥ هێشتا منداڵ بوو، بێلای دایکی کۆچی دوایی کرد. باوکی ژنێکی تری هێنا بە ناوی لاپا دی کیاتریسیمۆ چیالیفی و دوو منداڵی لێ بوو. کوڕێک بە ناوی فرانسیسکۆ و کچێکیش بە ناوی تانا. باوکی ساڵی ١٢٨١ مرد و بەخێوکردنی ئەو خوشک و برایە کەوتە ئەستۆی دانتیی زڕبرایان.

- ساڵی ١٢٧٤ دانتی و بیاتریچی (بیچی پۆرتیناری) بۆ یەکەم جار یەکتریان بینی.

- ساڵی ١٢٧٧ داخوازیی جیما دۆناتی کرد.

- لە مایسی ١٢٨٣دا دانتی و بیاتریچی بۆ جاری.دووەم یەکتریان بینی.

- دانتی لە ١٢٨٧ەوە دەستی بە خوێندنی یاسا و فەلسەفە و پزیشکی کرد. ماوەیەک لە بۆلۆنیا ژیا.

- لە ١١ی حوزێرانی ١٢٨٩دا، دانتی لە شەڕی کامپالدینۆ دژی ئاریتسۆ و لە شەڕی کاپرۆنا دژی پیزە بەشداریی کرد. لەو شەڕانەدا گەلفەکانی فلۆرەنسا و لوکا گیبیللینییەکانی ئاریتسۆ و پیزەیان شکاند.

- هەر لەو ساڵەدا و لە ٣١ی کانوونی یەکەمدا، فۆلکۆ پۆترینای باوکی بیاتریچە کۆچی دوایی کرد.

- دانتی لە ٨ی حوزێرانی ساڵی ١٢٩٠دا جیما دۆناتی گواستەوە. دوو کوڕ (پیێرۆ و جاکۆپۆ) و کچێکیان (بیاتریچی) بوو.

- لە نێوان ساڵانی ١٢٩٠ و ١٢٩١دا فەلسەفەی خواناسیی لە قوتابخانەی ئایینیی فرانچیسکای سنتا کرۆچی و دۆمینیکانی سنتا ماریا نۆڤێلا خوێند.

- ساڵی ١٢٩٢ ژیانی نوێی نووسی.

- لە شوباتی ١٢٩٤دا چارلز مارتێلی میری ئانجو هاتە فلۆرەنسا و پێشوازییەکی بە دەبدەبەی لێ کرا. دانتی یەکێ بوو لەو شۆڕەسوارانەی لەو ئاهەنگەدا ڕێزی لێنرا.

- له ٦ی تەمموزی ١٢٩٥دا دانتی چووە ناو کۆمەڵەی دکتۆر و دەرمانسازان و کەوتە ناو ژیانی گشتی.

- دانتی له ١ی تشرینی دووەم تا ٣٠ی نیسانی ١٢٩٦ ئەندامی ئەنجوومەنی گەل بوو.

- ساڵی ١٢٩٦ دانتی وەکو گەلفی سپی خۆی ناساند.

- له ١٥ی حوزێرانی ١٣٠٠دا به سەرۆکی سەندیکاکان دەستنیشان کرا. له مایسی هەر ئەو ساڵەدا، گەلفە سپییەکان هاتنە سەر حوکم. دانتی به شاندێکی تایبەتی ڕەوانەی شاری سان جیمینیانۆ کرا بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی له دژی سیاسەتی پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم.

- له تشرینی یەکەمی ١٣٠١دا، دانتی یەکێ بوو له سێ کەس که فلۆرەنسا ڕەوانەی ڕۆمای کردن بۆ ئەوەی لەبارەی ڕێککەوتننامەیەکەوە گفتوگۆ لەگەڵ پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم بکەن.

- ساڵی ١٣٠٢ شاندەکەی دانتی هێشتا نەگەڕابوونەوە، ڕەشەکان له فلۆرەنسا دەسەڵاتیان گرتە دەست. دانتی و چواردە گەلفی سپیی تر حوکمدران. دانتی به غەرامەی پێنج هەزار فلۆرین و دوو ساڵ دوورخرانەوە له شار و بێبەشکرانی هەتاهەتایە له کاری میری. بەم جۆرە دانتی کەوتە ئاوارەیی و دەربەدەری.

له ١٠ی ئاداری ئەو ساڵەدا دانتی ملی نەدا بچێتە بەردەم دادگای فلۆرەنسا، ئیتر حوکمی دوورخرانەوەی کرا بۆ هەتاهەتایە و بڕیار درا ئەگەر بێتەوە فلۆرەنسا به زیندوویی بیسووتێنن.

- ساڵی ١٣٠٣ دانتی بوو به قسەکەری گەلفە سپییەکان لەو شاندەی ڕەوانەی لای پاپای نوێ (بێنوای یازدەم) کرا، پاشان له سپییەکان جیابووەوە. لەو کاتەدا دادگای فلۆرەنسا حوکمێکی دەرکرد، هەر کاتێ کوڕەکانی دانتی تەمەنیان گەیشتە چواردە ساڵی، یەکسەر وەکو باوکیان دووربخرێنەوە. دانتی بەشداریی چالاکانەی له ڕێکخستن و یەکگرتنی دوورخراوەکان کرد.

- دانتی له ماوەی ١٣٠٣-١٣٠٤دا له ئاریتۆ و فۆرلی و بۆلۆنیا و ڤیرۆنا ژیاوە. لەو ماوەیەدا زمانی ڕەشۆکیی نووسی و له ١٣٠٤-١٣٠٧دا ئیشی لەسەر کتێبی (بانگێشت) کرد.

- دانتی له ١٣٠٤-١٣٠٩دا گەشتێکی دوورودرێژی به ئیتالیادا کرد. چووه کازینتینۆ و لوینجیانا و لوکا.
- ساڵی ١٣٠٦ له لوینجیانا میوانی لۆرد مۆرێللۆی مارکیزی مالا سپینا بوو.
- ساڵی ١٣١١ لەگەڵ هێنریی حەوتەم له میلان یەکتریان بینی. له ئەیلوولی ئەو ساڵەدا لێبووردنی گشتی بۆ زۆر له سپییەکان دەرچوو، بەڵام دانتیی نەگرتەوه.
- ساڵی ١٣١٣ هێنریی حەوتەم کتوپڕ له نزیک سیێنا کۆچی دوایی کرد و هەڵمەتەکەی بۆ ئیتالیا هەرەسی هێنا که دانتی زۆر ئومێدی پێ هەبوو.
- دانتی له ڤیرۆنا لای کان گراندی دێللا سکالا بوو.
- ساڵی ١٣١٤ دانتی دۆزەخی بڵاو کردەوه و دوای مردنی پاپا کلیمێنتی پێنجەم پەیامێکی بەسۆزی بەرەو ڕووی کاردیناڵەکانی ئیتالیا کردەوه. هانی دان بارەگای پاپا له ئاڤینیۆن بگوازنەوه بۆ ڕۆما. هەر لەو ماوەیەدا مۆنارکیای نووسی.
- ساڵی ١٣١٥ (بەرزەخ)ی بڵاو کردەوه. له ٦ی تشرینی دووەمدا فلۆرەنساییەکان پێیان لەسەر حوکمی مەرگی دانتی داگرت. ئەمجاره حوکمی مەرگ دوو کوڕەکەیشی گرتەوه.
- دانتی له ماوەی ١٣١٩- ١٣٢٠دا له ڕاڤینا لای گیدۆ نوڤێللۆ دا پۆلینتا بوو. لەو ماوەیەدا (بەهەشت)ی نووسی. دانتی له ڤیرۆنا، له بەردەم جەماوەرێکی گەورەی پیاوانی ڕۆشنبیری ئایینیدا وتارێکی لەبارەی گیروگرفتی فیزیایی سەدەکانی ناوەڕاست پێشکەش کرد، به ناوی ئاستی ئاو و زەوی.
- دانتی له ١٢ یان ١٤ی ئەیلوولی ١٣٢١دا، له ڕاڤینا و له ماڵی گیدۆ نوڤێللۆ دا پۆلینتا کۆچی دوایی کرد.

# سروودی یەکەم[1]

## پێشەکیی گشتیی کۆمیدیا

**پێشەکیی گشتیی کۆمیدیا**

دانتی لە نیوەی ڕێگەی ژیانیدا بەخەبەر هات. خۆی لە جەنگەڵێکی چڕ و تاریکدا بینی، وێڵ بووبوو. شەوێکی سەخت و ناخۆشی تێدا بەسەر برد. چیایەکی بینی ڕۆژ لە ترۆپکەکەی دەدا. بەرەو چیاکە ڕۆیشت و ویستی بەسەری کەوێ. سێ جانەوەر ڕێگەیان لێ گرت. ڕەمزی سێ گوناه بوون کە مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاست لادەدەن. دانتی زۆر ترسا. خەریکبوو بکشێتەوە. لە ساتی هەرە سەختی نائومێدیدا، تارمایی ڤیرجیلیۆی شاعیری لاتینیی لێ دەرکەوت. دانتی کە خۆی بەرامبەر ئەم ڕۆحە گەورە و مەزنە بینی، شەرمی لە خۆی کردەوە. ڤیرجیلیۆ دانتیی لاواندەوە و ترسی ڕەواندەوە. پێی گوت ئەستەمە بتوانێ بەو ڕێگەیەدا سەرکەوێ، چونکە ئەو جانەوەرانە خۆیان لێ مەڵاس داوە. هێشتا ئەو هێزەیش، (تاژی)یەش، نەهاتووە کە لەناویان دەبا و ئیتالیا ڕزگار دەکا. پێی گوت هەر دەبێ ڕێگەیەکی دی بگرێتە بەر بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە دۆزەخ و ڕۆحی گوناهباران ببینێ. پێیشی گوت دوای بڕینی دۆزەخ و بەشێکی زۆری بەرزەک (مطهر) ڕادەستی یەکێکی لە خۆی شیاوتر و باڵاتری دەکا بۆ ئەوەی بیبا بۆ بەهەشت، ئیتر ڤیرجیلیۆ پێشکەوت و دانتی کەوتە شوێنییەوە.

{شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینیی پیرۆز: ٨/٧ی نیسانی ساڵی ١٣٠٠}



له نیوەی ڕێگەی ژیانماندا [2]
خۆم لەناو لێڕێکی تاریکدا دۆزییەوە[3]
ڕێی ڕاستم بزرکردبوو (٣)
ئای چەند قورس و ناخۆشە!
باسی ئەو لێڕە چڕ و سەخت و هەڵەتەیە،[4]
کە ترس لە مێشکدا دەورووژێنێ (٦)
ئەوەندە تاڵە، بە ئاستەم مردن لەوە تاڵترە.
بەڵام سەبارەت بەو چاکەیەی٥ لەوێ پێم برا
باسی ئەو شتانە دەکەم کە لەوێ دیمن.[6] (٩)
بۆم ناکرێ بە تەواوی بڵێم چۆن کەوتمە ناو ئەو لێڕە،٧
چونکە کاتێ ڕاستەڕێم[8] جێهێشت،
زۆر خاوو خەواڵوو[9] بووم. (١٢)
کە گەیشتمە داوێنی چیایێ
لە کۆتایی ئەو دۆڵ و نیهالەی[11]
ترسی خستە دڵمەوە (١٥)
سەرم هەڵبڕی و لاملەکانم بینی
تیشکی ئەو هەسارەیەیان[12] بەسەردا کشابوو
کە لە هەموو ڕێچکەیەکدا، ڕێنمایی هەموو کەس دەکا (١٨)
ترسم نەختێ ڕەوییەوە
کە بە درێژایی شەوی سەختی ڕابردوو
لە ناو گۆلی دڵمدا[13] بوو. (٢١)
وەکو یەکێ بە هەناسەبڕکێ
لە دەریاوە بێتە دەرێ بۆ سەر کەنار[14]
ئاوڕ لە ئاوی سامناک بداتەوە و سەیری بکا (٢٤)
ڕۆحی من ئاوها، بەدەم ڕاکردنەوە،[15]
ئاوڕی دەدایەوە و سەیری ئەو ڕێگەیەی دەکرد
کە کەس بە زیندوویی لێی دەرنەدەچوو[16]. (٢٧)
کە جەستەی کەشەنگم کەمێ حەسایەوە،

ڕێی خۆم لەسەر کەناری چۆڵ گرتەوە بەر،[١٧]
پێی توندم هەمیشە لەوەی دی نزمتربوو.[١٨] (٣٠)
بەڵام لە دەسپێکی هەورازەکەدا
پڵنگێکی سووک[١٩] و چاپووکم بینی
تووکی لەشی خاڵخاڵ و بەڵەک بوو. (٣٣)
لە بەردەمم لا نەدەکەوت،
بە جۆرێ ڕێی گرتبووم،
چەند جارێک کشامەوە بۆ ئەوەی بڕۆم[٢٠] (٣٦)
کات، ئەو ساتە بوو کە تازە بەیانی دەدا و
ڕۆژ لەگەڵ ئەو ستێرانە هەڵدێ
کە لەوەتی ئەشقی یەزدانیی (٣٩)
ئەو شتە جوانانەی[٢١] خستووەتە گەڕ، لەگەڵیدان.
ئەمانە ئەوەندە جوان بوون[٢٢]،
لەو سات و وەرزە خۆشەدا[٢٣] (٤٢)
ئومێدم بەو جانەوەرە تووکبۆرە پەیدا کرد،
بەڵام ئومێدەکەم ئەوەندە نەبوو
بە بینینی ئەو شێرەی[٢٤] لێم پەیدابوو، ترس دامنەگرێ (٤٥)
هەستم کرد شێرەکە بەرەو ڕووم دێ:
سەر قیت، شێت و هار لە برسان،
دەتگوت دونیای دەوروبەری لەگەڵ دەلەرزێ. (٤٨)
دەڵەگورگێکیش[٢٥]، کە دەتگوت بەو لاوازییەی خۆی
گیانی پڕ ئاڵۆش و ئارەزووە و
زۆر کەسی تووشی کڵۆڵی کردووە (٥١)
دیمەنی پڕ ترس و تۆقانی
ئەوەندە زاڵ بوو، بێورەی کردم
هیچ ئومێدی سەرکەوتنم نەما[٢٦] (٥٤)
وەکو یەکێ حەزی لە پارە پەیداکردن بێ
کە پارەی لەدەست دەچێ،

هەرچەند بە بیری دێتەوە دەگری و خەفەت دەخوا [٢٧] (٥٧)
ئەو جانەوەرە شەڕانییە[٢٨]، ئاوهای لێکردم
کە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ڕووم هات
کشاندمیەوە ئەو شوێنەی ڕۆژی تێدا کپ بوو[٢٩]. (٦٠)
کە بەرەو خوارەوە خشیم،
یەکێکم کەوتە بەر سەرنج،[٣٠]
لە بێدەنگیی دوورودرێژ، دەنگی کەرخ بووبوو[٣١] (٦٣)
کە لەناو بیابانی هەراودا دیم،
هاوارم بۆ کرد: (فریام بکەوە،
تۆ هەرچی هەیت: تارماییت، یان مرۆڤی ڕاستەقینەی!) (٦٦)
وەڵامی دایەوە: (مرۆڤ نیم، کاتی خۆی مرۆڤ بووم[٣٢]!
دایبابم لۆمباردی[٣٣] بوون،
هەردووکیان بە نیشتمان مانتوایی[٣٤] بوون. (٦٩)
لە سەردەمی (یولیۆ)٣٥ لەدایک بووم، هەرچەندە درەنگیش،
لە زەمانی ئاوگستۆ[٣٦] و
لە چاخی خودانە ساختە و درۆزنەکان[٣٧] لە ڕۆما، ژیام. (٧٢)
شاعیر بووم، بە کوڕی ڕاستەقینەی (ئانکیزێ)م[٣٨] هەڵگوت،
کاتێ (تەروا)ی[٣٩] بوغرا سەراپا گڕی گرت،
ئەو لەوێ بوو، (٧٥)
بەڵام تۆ بۆچی دەگەڕێیتەوە ئەو ناخۆشییە؟[٤٠]
بۆچی ناچیتە سەر ئەم چیا خۆشە
کە بنەما و مایەی هەموو خۆشییەکە؟) (٧٨)
بە شەرمی ڕوان وەڵامم دایەوە:[٤١]
(ئایا تۆ ڤیرجیلیۆی؟
ئەو کانییەی ڕووبارێکی گەورەی زمانپاراویی لەبەر دەڕوا[٤٢]؟ (٨١)
ئەی ڕۆشنایی و شانازیی هەموو شاعیران،
خۆزگە ئەو خوێندنە زۆر و ئەو ئەڤینە گەورەیەی
هەڵوەدای بەرهەمی تۆی کردبووم، ئێستا بەهانام بهاتایە[٤٣] (٨٤)

تۆ مامۆستای منی! تۆ نووسەری منی!
تۆی، من ئەو شێوازە جوانەم لێ وەرگرتووە
کە مایەی شانازیمە
سەیری ئەو جانەوەرە[٤٤] بکە وا لەبەری هەڵدێم
ئەی دانای ناودار، فریام بکەوە،
موچڕکم بە خوێن و دەمارەکاندا دێ.)
کە منی دی دەگریم، وەڵامی دامەوە:
ئەگەر بتەوێ لەم شوێنە سەختە دەرباز بی،
وا چاکە ڕێگەیەکی تر بگریتە بەر.
ئەو جانەوەرەی تۆ لە دەستی دەگری،
لێناگەڕێ کەس بەو ڕێگەیەدا بڕوا.
هەر کەس بێ، پەلاماری دەدا و لەناوی دەبا
سروشتێکی زۆر کەچ و بەدی هەیە
هەرگیز مگێز و ئارەزووی دانامرکێتەوە،
کەی تێری خوارد، ئەوسا لە جاران برسیتر دەبێ[٤٥].
زۆرن ئەو گیاندارانەی ئەم دەڵەجانەوەرە خۆیان لەبەر دەکا،[٤٦]
زۆرتریش دەبن، تا ئەو ڕۆژەی،
تاژی[٤٧] دێ و بەدەم ژانەوە دەیکوژێ
ئەو تاژییە، خۆراکی نە خاکە و نە کان،[٤٨]
بەڵکو ژیری و ئەڤین و گەڕناسییە،
نیشتمانی دەکەوێتە نێوان فیلترۆ و فیلترۆ [٤٩]
دەبێ بە ڕزگارکەری ئەم ئیتالیا[٥٠] سادەیە
کە کامیللای[٥١] پاکیزە و یوریالۆ[٥٢] و تورنۆ[٥٣] و نیزۆ[٥٤]
لە پێناویدا، بە برینەکانیانەوە چوون.
لە هەموو شارێ ڕاوی دەنێ،
تا دەیخاتەوە ناو ئەو دۆزەخەی
یەکەم جار بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی لێی هاتە دەرێ[٥٥].
وای بۆ دەچم، لە بەرژەوەندیی تۆدایە

شوێن من بکەوی و من ببم بە ڕابەرت.
لێرە دەرت بێنم و بەرەو شوێنێکی جاویدانت ببەم (١١٤)
لەوێ گوێت لە ناڵە و هاواری نائومێدان دەبێ،
ڕۆحە دێرینەکان[٥٦] لە ئەشکەنجەدا دەبینی،
هەموو هاوار دەکەن و ئارەزووی مردنێکی تر دەخوازن [٥٧] (١١٧)
ئەوانەش دەبینی[٥٨] کە بەناو ئاگر[٥٩] ڕازین،
چونکە هەر بەهیوان ڕۆژێ بێ و
بگەنە لای بەختەوەرەکان [٦٠] (١٢٠)
ئەگەر بتەوێ دواتر بەرەو لایان سەرکەوی٦١،
ڕۆحێکی زۆر لە من شکۆدارتر[٦٢] هەیە،
کە من ڕۆیشتم، بەوت دەسپێرم، (١٢٣)
چونکە شاهنشای بانی سەر،[٦٣]
لەبەر ئەوەی من لە یاسای دەرچوویم،[٦٤]
نایەوێ کەس بە ڕێنموونی من بچێتە مەلەکووتەکەی[٦٥]. (١٢٦)
خاوەن دەسەڵاتە و فەرمانڕەوایی هەموو شوێنێ دەکا،
شار و عەرشی بەرزی لەوێیە،
خەنی لەو کەسەی شاهنشا ڕێی دەدا بچێتە ئەوێ.) (١٢٩)
منیش پێم گوت: (ئەی شاعیر، تکات لێ دەکەم،
بۆ خاتری ئەو خودایەی نەتناسیوە،[٦٦]
بۆ ئەوەی لەم تەنگانەیە و لە هی خراپتریش ڕزگار بم،٦٧ (١٣٢)
ڕێنماییم بکە بۆ ئەو شوێنەی گوتت
بۆ ئەوەی دەروازەی[٦٨] سان پیێترۆ[٦٩] ببینم
ئەوانەیش کە گوتت ئەوەندە غەمبار و خەفەتخانن[٧٠]. (١٣٥)
ئەوسا ملی ڕێی گرت و منیش کەوتمە شوێنییەوە. ١٣٦

* * *

## پەراوێزەکانی سروودی یەکەم

١. سروودی یەکەم پێشەکییە بۆ سەرلەبەری کۆمیدیا. نەخشەی گشتی و ئەنجامی سەرەکیی تێدا باس کراوە، وەکو پێشەکیی مۆسیقا وایە بۆ سەراپای ئاوازێک.

٢. ئەم دێڕە، کە سەرەتای کۆمیدیایە، یەکێکە لە سەرەتا هەرە جوانەکانی شیعری ئیتالی:

.Nel mezzo de cammina di nostra vita

(واتە: لە ناوەڕاستی ڕێگەی ژیانماندا.)

دانتی دەڵێ (ژیانمان) کە بە کۆ هێناویەتی، مەبەستی ژیانی ئینسانە بە گشتی. ئەو سەردەمە تەمەنی مرۆڤیان بە (٧٠) ساڵ دادەنا و نیوەی تەمەن دەکاتە (٣٥) ساڵ. دانتی ساڵی ١٢٦٥ لەدایک بووە، کە گەشتەکەی کردووە، لە نیوەی تەمەنیدا بووە (٣٥ ساڵی)، واتە گەشتەکەی لە ساڵی ١٣٠٠دا کردووە. خۆی لە کتێبی (بانگێشت)دا بە ئاشکرا باسی کردووە کە لە تەمەنی (٣٥) ساڵیدا دەستی بە گەشتەکەی کردووە. گەشتەکەی لە ئێوارەی پێنجشەممە لە سەر هەینیی پیرۆزی ٨/٧ی نیسانی ١٣٠٠ دەست پێ کردووە.

٣. مەبەستی ژیانی گوناهکردنە. دانتی هەستی کردووە لە ڕووناکیی چاکەکردن دوورکەوتووەتەوە، واتە لە ڕێگەی ڕاستی لایداوە و کەوتووەتە ناو لێڕەوارێکی تاریک کە ڕەمزی گوناه و تاوانە.

٤. دانتی دەیەوێ وێنەیەکی وردی ڕاستەقینەی لێڕەوارەکە بکێشێ کە ڕەمزی تەنگانە و ناخۆشی و گوناهی مرۆڤە.

٥. مەبەستی لە (چاکە)، هۆشیاربوونەوەی ویژدانە. دانتی هەستی کردووە پێویستە خۆی چاک و پاک بکاتەوە. هەندێ تۆژەرەوە ئەمە بە ئاشنابوونی دانتی و ڤیرجیلیۆ لێکدەدەنەوە. ڤیرجیلیۆ لەم بەرهەمەی دانتیدا ڕەمزی چاکە و هێزی خێر و ئەقڵ و ژیری و دانایی مرۆڤە.

٦. مەبەست سێ جانەوەرە، کە ڕێ لە دانتی دەگرن (پاشان باسیان دەکرێ).

٧. مەبەستی ئەوەیە مرۆڤ ئاگای لە خۆی نییە، وەختێ دەزانێ تووشی گوناه و خراپە و گەندەڵی بووە.

٨. ڕێگەی ڕاست la verce vita، واتە ڕێگەی خواپەرستی (الصراط المستقیم).

٩. واتە پێڵووی بە گوناه قورس بووە و ڕێگەی ڕاستی لەبەر بزربووە. لە تەوراتدا هاتووە: نووستن ڕەمزی گوناهە!

١٠. مەبەست لەو چیایە، بەرزیی ڕۆح و داوێنپاکییە، کە مرۆڤ بەرەو سەرەوە، بەرەو بارەگای خودا، بەرز دەکاتەوە. ئەمە بەرامبەر بە لێرەوارەکە دەوەستێ کە تاریکەو ڕەمزی ژیانی نزم و گوناهکاری و شۆڕبوونەوەیە بۆ تاریکستانی دۆزەخ.

١١. مەبەست لە دۆڵ و نیهال، گوناە و خراپەیە، کە مرۆڤ بەرەو خوارەوە، بەرەو ناخی دۆزەخ دەبا.

١٢. مەبەست خۆرە. لە زانستی ئەستێرەناسیی سەردەمی دانتیدا، ڕۆژ بە یەکێ لە هەسارەکان دادەنرا. لەبارەی ڕەمزییەوە، خۆر ڕەمزی هیوای گوناهکارانە بە لێبووردەیی خوای گەورە. خۆر نیشانەی پەرتەوی خودایە.

١٣. گۆلی دڵ، مەبەست ناخی دڵە.

١٤. دانتی سەیری ئەو مەترسییە دەکا کە خەریکبوو لەناوی بەرێ، بەڵام بە سەلامەتی لێی دەرچوو.

١٥) دانتی ئەوەندە ترساوە، ئێستایش ترسەکەی پێوە ماوە و لە ترسان ڕادەکا.

١٦. مەبەست لێری تاریکە کە ڕەمزی گوناە و خراپە و گەندەڵییە.

١٧. ئەو ڕێگەیەی کە لێرەوە ژێهەل دەڕوا بۆ گردەکە، ڕەمزی ڕێگەی نێوان گوناە (لێر) و چاکە (چیاکە-بەرزی)یە. ڕێگەکە چۆڵە، چونکە کەم کەس هەوڵ دەدا واز لە گوناە بێنێ و ڕوو بکاتە چاکە.

١٨. ئەم دێڕە یەکێکە لە دێڕە هەرە ئاڵۆزەکانی کۆمیدیا. زۆر لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە، زۆریشیان دژ و پێچەوانەی یەکترن. جیاوازیی لێکدانەوەکان لە وشەی (Riaggia - کەنار) هاتووە کە ماناکەی بەپێی دێڕەکە زۆر ڕۆشن نییە و لێکدانەوەی جیاجیا هەڵدەگرێ. هەندێ دەڵێن شاعیر مەبەستی ئەوە بووە: لەبەر ئەوەی بە دڕدۆنگی و نیگەرانی دەڕۆیشت، هەمیشە ئەو پێیەی بۆ پێشەوە دەیهاویشت سستتر بوو لەوەی لەسەر زەوی دەیچەقاند. هەندێ دەڵێن: یەکەم جار پێی چەپەی دەهاویشت کە لێرەدا پێی سەرەوەیە و ئەو پێیەی دەیچەقاند و قورسایی دەخستە سەر پێی ڕاستە بوو، دەکەوتە لای خوارەوە.

١٩. (Lonza) پڵنگ یان هەندێ بە (بەور)ی دادەنێن، ڕەمزی ئاڵۆش و هەواوهەوەسی نەفسە. لە ڕووی سیاسییەوە، پڵنگ ڕەمزی شاری فلۆرەنسایە کە ئەو کاتە تووشی گەندەڵی و خراپەکاری هاتبوو و دەستەوتاقمی جیاجیا فەرمانڕەواییان دەکرد.

٢٠. مەبەستی ئەوەیە بڵێ: چەند جار هەوڵم دا لەدەست هەواوهەوەس و ئارەزووی دەروونی ڕابکەم، بەڵام نەمتوانی.

٢١. مەبەستی لە شتە جوانەکان، ئەستێرەکانی ئاسمانە.

٢٢. چونکە ئەستێرە جوانترین شتە لە گەردووندا.

٢٣. وەرزی خۆش: مەبەست بەهارە. بەهار وەرزی ژیانەوەی دوای سڕی و متی و بەستەڵەکە، کار لە دانتی دەکا، ترسی دەڕەوێنێتەوە و هیوای پێ دەبەخشێ. ئەو ڕۆژەی دانتی دەستی بە گەشتەکەی کردووە بۆ دۆزەخ، ڕۆژی هەینیی پیرۆزی ساڵی ١٣٠٠ بووە. ئەمە ڕۆژی جەژنی هەستانەوە (پاک-قیامە)یە.

٢٤. شێر ڕەمزی بایبوون و لووتبەرزی و توندوتیژییە. لە ڕووی سیاسیشەوە، لای دانتی ڕەمزە بۆ دەسەڵاتدارانی فرەنسا کە بە بایبوونەوە هێرشیان دەکردە سەر ئیتالیا.

٢٥. دەڵەگورگ، ڕەمزی چڵێسی و خۆپەرستی و زێدەڕەوییە. لە ڕووی سیاسییەوە، لای دانتی ڕەمزە بۆ بارەگای پاپا کە ماڵی خەڵکی دەخوارد و خەڵکی دەڕووتاندەوە.

تێبینی: ئەم سێ جانەوەرە (پڵنگ، شێر و دەڵەگورگ) ڕەمزن بۆ ئەو گوناهانەی مرۆڤ لە ژیانی پاک و چاک دووردەخەنەوە. جێگەی سەرنجە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جانەوەری دڕندە لە کۆشکی خانەدانەکان و لە بەردەم دامودەزگاکان ڕادەگیران، وەکو چۆن لای خۆمان سەگ بۆ پاسەوانیی ماڵ و مێگەلە مەڕ ڕادەگیرا.

٢٦. لێرەدا دەردەکەوێ ئەم سێ جانەوەرە لای دانتی هەروا بە سەرەڕۆیی نەهاتوون، بەڵکو چەمکی ڕەمزیی خۆیان هەیە. ئەم سێ جانەوەرە بەرامبەر سێ بەشی دۆزەخ دەوەستن. دانتی بیرەکەی لە (تەورات -کتێبی ئەرمیا- بابی پێنجەم) وەرگرتووە: (...دەچمە لای گەورەکان و دەیاندوێنم، ئەوان ڕێگەی خوداوەند و حوکمەکانی خودای خۆیان دەزانن، بەڵام نیریان شکاندووە و کۆتەکانیان پچڕاندووە. ئیتر شێر لەناو لێڕ دەیاندڕێنێ و گورگ لە بیابان تاڵانیان دەکا و پڵنگ لەناو شار لێیان دەچێتە کەمین و هەر کەسێ بێتە دەرێ پارچەپارچەی دەکا.)

٢٧. دانتی لێرەدا خۆی بە یەکێ دەچوێنێ کە مەراقی پارە کۆکردنەوە بێ و هەوڵی زۆری بۆ بدا، پاشان دابماڵێ و هیچی بە دەستەوە نەمێنێ و دۆش دابمێنێ و خەفەتخان بێ، ئەویش ئاوها هیوای بە چوونە چیاکە هەبوو، بەڵام بە دەرکەوتنی سێ جانەوەرەکە، هەموو هیوایەکی داتەپی.

٢٨. (sanza pace) هەندێ بە مانای (دوژمنی ئاشتی) و هەندێ بە مانای (ئەوەی ئاشتی نازانێ) و هەندێکیش بە مانای (ئەوەی ئۆقرە و وەستانی نییە)، لێکیان داوەتەوە.

٢٩. مەبەستی ئەوەیە لێرەکە زۆر تاریک و نووتەکە و ڕووناکیی ڕۆژی ناگاتێ. دانتی دەیەوێ بڵێ هەواوهەوەس بەرەو گەندەڵی و خراپە و گوناهی دەباتەوە، هیچ

چارەی نییە تەنیا ئەوە نەبێ، لە غەیبەوە دەستێکی بۆ بێ و لەو تەنگانەیە ڕزگاری بکا.

۳۰. ئەمە (مارۆ پوبلیوس ڤیرجیلیوس _ Maro publius virgilius)ە، (۷۰-۱۹پ ز). ڤیرجیلیۆ لە نزیک (مانتوا) لەدایک بووە. لە کریمونا و میلانۆ و ڕۆما ژیاوە. گوتاربێژی و فەلسەفە و ئەدەبی خوێندووە. یەکێ بووە لە پیاوە نزیکەکانی ئۆگستۆس. کە مرد لە گۆڕستانی ناپولی نێژرا. شاعیرێکی هەرەگەورەی ڕۆمانییە. بەرهەمە ناودارەکانی بریتین لە: ئەنیادە و سروودی شوانکارە و سروودی کشتوکاڵ.

چۆن لە میعراجی ئیسلامدا، جبرائیل ڕابەری پێغەمبەر بوو بۆ گەشتەکەی و سنووری خۆی دیاربوو، ڤرجیلیۆیش ئاوها ڕابەری دانتی بوو لە دۆزەخ و تا ترۆپکی بەرزەک (المطهر) کە بەهەشتی زەمینییە. ڤرجیلیۆ ڕابەر و مامۆستا و سەروەری دانتی بوو، وەکو باوکێکی میهرەبان وا بوو لەگەڵ دانتی. لە تەنگانەدا فریای دەکەوت و لە مەترسی ڕزگاری دەکرد.

۳۱. مەبەست ئەوەیە ڤیرجیلیۆ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پشتگوێ خرابوو.

۳۲. واتە: تەنیا ڕۆحم.

۳۳.لۆمباردیا-Lombardia: هەرێمێکی گەورەو ناودارە، دەکەوێتە باکووری ئیتالیاوە.

۳٤. مانتوا-Mantova شارێکی ناودارە دەکەوێتە هەرێمی لۆمباردیای باکووری ئیتالیا. زێدی ڤیرجیلۆیە. دانتی لە سروودی (۲۰)دا بە دووروودرێژی لەسەر زمانی ڤیرجیلیۆ ڕوونی دەکاتەوە ئەم شارە چۆن دروستکراوە.

۳۵. واتە لە سەردەمی یۆلیوسی قراڵدا. ڤیرجیلیۆ ساڵی ۷۰ پ ز لە سەردەمی یۆلیوس قراڵدا هاتووەتە دونیا. کاتێ کە یۆلیوس کوژرا، ئەم تەمەنی ۲٦ ساڵ بوو.

۳٦. ئۆگستین (بە لاتینی ئۆگستوس) (٦۳پ ز-۱٤ز) ئیمپراتۆری ناودار و ناسراوی ڕۆمانیا بوو. دوای کوژرانی قراڵ یەکێ بوو لە سێ ئەندامی فەرمانڕەوای ڕۆمانیا. لە شەڕی (ئەکتیوم)دا، بەسەر مارکوس ئەنتونیوس و کیلۆپاترەی شازادەی میسردا زاڵبوو. سەردەمی ئۆگستین بە چاخی زێڕینی ڕۆما دادەنرێ. مەسیح لە سەردەمی ئەودا لەدایک بووە. ڤیرجیلیۆیش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا ژیاوە.

۳۷. ئاماژەیە بۆ خودانەکانی ڕۆمانییەکان.

۳۸. ئانکیزی-Anchise (بە لاتینی: ئانکیزیس): قارەمانێکی گەورەی ئەفسانەکانی کۆنە. لە دوورگەی سەقلیە کۆچی دوایی کردووە. باوکی (ئینیاس) بوو کە پاڵەوانی (ئەنیادە)ی ڤیرجیلیۆیە.

(٣٨) ئیلیۆن (ئیلیۆم) شاری تەڕوادەیە. کەوتبووە ئاسیای بچووک. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: (پاریس)ی کوڕی پاشای تەڕوادە، (هێلینا)ی ژنی جوانی پاشای (ئەسپرتە)ی هەڵگرت و بردیە تەڕوادە. یۆنانییەکان لەشکرێکی گەورەیان کۆکردەوە و بە سەرکردایەتیی ئەگامەمنوون چوونە سەر تەڕوادە. دە ساڵ شەڕیان کرد. لەو شەڕەدا جگە لە مرۆڤ، خودانەکانیش بەشدارییان کرد، هەر هەندێکیان خۆیان دایە پاڵ لایەک. (ئیلیادە)ی هۆمیروس باسی دە ڕۆژی کۆتایی ئەم شەڕە دەکا. ئەم ڕووداوە لە سەدەی (١٢)ی پ زدا ڕوویداوە.

٤٠. واتە چیای تاریک.

٤١. دانتی کاتێ لەپڕ خۆی بەرامبەر بەم شاعیرە گەورەیە (ڤیرجیلیۆ) دەبینێ، شەرم دایدەگرێ.

٤٢. ئاماژەیە بۆ (ئەنیادە)ی ڤیرجیلیۆ. ئەنیادە گەورەترین بەرهەمی ڤیرجیلیۆیە. دەوری (١٠,٠٠٠) دێرە شیعرە. بەسەرهاتی (ئینیاس) دەگێڕێتەوە لەو کاتەوە کە لە تەڕوادە ڕۆیشت تا گەیشتە کەرتاجە و پەیوەندیی لەگەڵ (دیدۆ)ی شاژن و چوونی بۆ دونیای ژێر زەوی (دۆزەخ) و دروستکردنی شارێک لە ئیتالیا کە بە بناغەی دەوڵەتی ڕۆمانیا دادەنرێ. ڤیرجیلیۆ لە ئەنیادەدا شێوازێکی زۆر ڕوون و ڕەوانی هەیە. پڕە لە وێنەی گەش و سەرنجکێش و زیندوو. گەلێ ئەفسانە و چیرۆک و ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیان و دیمەنی جۆراوجۆری سروشت و ژیانی ئەم دونیایە و ئەو دونیای تێدایە. دانتی لە زۆر شوێنی کۆمیدیاکەیدا سوودی لە وێنە و بیرەکانی (ئەنیادە) وەرگرتووە.

٤٣. ئەمە نیشانەی وەفاداریی دانتییە بەرامبەر بە ڤیرجیلۆ.

٤٤. دانتی پاپا و کڵێسەی کاتۆلیک بە ڕەمزی بەرجەستەی تەماع و چڵێسی دەزانێ. لێرەدا بە ئەنقەس ڕوو لە شێر (بابیبوون) و پڵنگ (ئالۆش) دەپۆشێ، بۆ ئەوەی هەموو هێزی خۆی بخاتە سەر گورگ (چڵێسی) کە ڕەمزی پاپا و کەنیسەیە لای ئەو.

٤٥. واتە: هەرچەندە زیاتر ماڵ و سامان پەیدا بکا، زیاتر مەراقی پەیداکردنی ماڵ و سامانی دەبێ. ئەمە یەکێکە لە دێرە هەرەجوانەکانی کۆمیدیا:

((E depo il posto ha piu fame che pria.)).

واتە جانەوەری دڕندە ژمارەیان زیاتر دەبێ و چڵێسیی زیاتر بڵاو دەبێتەوە.

٤٦. مەبەست ئەو خراپە و گوناهانەیە کە لە چڵێسی و تەماعکاری پەیدا دەبن.

٤٧. تاژی-Veltro: ئاماژەیە بۆ پێشەوایێ، یان قارەمانێ کە دێ و ئیتالیا و ڕەنگە هەموو دونیا لە چڵێسی و تەماعکاریی فەرمانڕەواکان پاک دەکاتەوە، بە تایبەتی دونیا

له گەندەڵی و گزی و چاوچنۆکی بارەگای پاپا پاک دەکاتەوە. دەشێ دانتی مەبەستی کەسێکی تایبەتی بێ: هەندێ دەڵێن مەبەستی (کان گراندی دێلا سکالا)یە کە میری ڤیرۆنا بوو و دانتی ماوەیەک لای ئەو مایەوە. هەندێ وای بۆ دەچن مەبەستی ئیمپراتۆر هێنریی حەوتەمە کە ساڵی ١٣١٣ هاتە ئیتالیا بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بکا، هەندێکی تر دەڵێن مەبەستی پاپایەکی چاکەخوازە، یان ڕۆحی پیرۆزە. بە کورتی مەبەستی هەر هێزێکی خێرخوایە کە پشێوی و ئاژاوە لە ئیتالیا بنبڕ بکا و ئاشتی و تەبایی بچەسپێنێ.

٤٨. واتە: نە بە خاک و ئاو هەڵدەخەڵەتێ و نە بە زێڕ و گەوهەر.

٤٩. لە نێوان فیلترۆ و فیلترۆ: ئەم دەستەواژەیە هێشتا بە تەواوی ڕوون نەبووەتەوە. هەندێ دەڵێن مەبەستی دانتی چیای فیلترۆیە لە ناوچەی ڤینیسیا، یان مەبەستی مۆنتیفیلترۆیە لە هەرێمی ڕۆمانیای ئیتالیا. هەندێکی تر ڕایان وایە بە مانای جۆرە قوماشێکی زبر و دڕ هاتووە کە خواپەرست و دیندارەکان لە بەری دەکەن.

٥٠. ڕزگارکەری ئیتالیا: هەندێ دەڵێن مەبەستی دانتی (کان گراندی دێلا سکالا)یە (١٢٩٠-١٣٢٩) کە هاوچەرخی دانتی بوو و لە شاری (ڤیرۆنا) لەدایک بووە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری فیلترۆ و مۆنتیفیلترۆ. دانتی کۆمیدیاکەی خۆی پێشکەش بەو کردووە.

٥١. کامیلا-Camilla کچی پاشای ڤۆلشی بوو لە ئیتالیا، لە شەڕی تەڕوادەدا کوژرا.

٥٢. یوریالۆ Eurialoلە جەنگی دژی تەڕوادەدا کوژرا.

٥٣. تورنۆ-Turno پاشای ڕوتیل بوو لە ئیتالیا. ئەنیاس کوشتی.

٥٤. نیزۆ. نیسسۆ-Nisso پاڵەوانێکی تەڕوادە بوو لە شەڕی دژی ڤۆلشەکان کوژرا.

٥٥. واتە: شەیتان حەسوودیی لە دۆزەخەوە ڕەوانەی سەر دونیا کرد بۆ ئەوەی خەڵک گەندەڵی بکا.

٥٦. واتە: ڕۆحی تاوانبارەکانی پێش دانتی، لە سەرەتاوە، لە دۆزەخ ئازار دەکێشن.

٥٧. مردنی یەکەم: واتە مردنی جەستەیی سەر ڕووی دونیا. مردنی دووەم مردنی ڕۆحە، کە جەفاکێشەکانی ناو دۆزەخ خۆزگەی بۆ دەخوازن، بۆ ئەوەی لە ئازاری سەختی دۆزەخ بحەسێنەوە، بەڵام ناشمرن.

٥٨ . ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆحانەی لەناو دۆزەخدان.

٥٩. ئاماژەیە بۆ دۆزەخ.

٦٠. ئاماژەیە بۆ ڕۆحی جەفاکێشەکانی بەرزەک. بە شێوەیەکی کاتی سزا دەدرێن و کە پاکبوونەوە بەرەو بەهەشت هەڵدەکشێن.

٦١. بەرەو بەهەشت دەچێ.

٦٢. مەبەست بیاتریچییە کە لە بەشی سەرەوەی بەرزەکەوە (بەهەشتی زەمینی) دەبێ بە ڕێزان و ڕێنیشاندەری دانتی. ڤیرجیلیۆ هەقی نییە بچێتە سەرەوەی بەرزەک و بەهەشت، بۆیە لە سنووری خۆیدا دەکشێتەوە و دانتی بە بیاتریچی دەسپێرێ.

٦٣. ئاماژەیە بۆ خودا.

٦٤. ڤیرجیلیۆ پێش مەسیح مردووە، بۆیە ئاوەمۆر نەکراوە و یاسای مەسیحییەت نایگرێتەوە.

٦٥. مەلەکووت: وڵات. مەبەست بەهەشتە.

٦٦. دانتی پێشنیاری ڤیرجیلیۆ قبووڵ دەکا و سوێند بە خوا دەخوا، یەکسەر فریای بکەوێ و ڕزگاری بکا.

٦٧. واتە: گوناهی سەر دونیا.

٦٨. واتە دەروازەی بەرزەک.

٦٩. لە ئایینی مەسیحی کاتولیکدا، بروایان وایە پیر پترۆس (سان پییترۆ) کلیلداری بەهەشتە. دانتی بڕوای وایە بەهەشت دەرگای نییە، ئاوەڵایە، بۆیە دەبێ ئەم دەرگایە دەرگای چوونە ناو بەرزەک بێ کە فریشتەی پاسەوانی کلیلەکانی پترۆسی تێدایە. ئەم دوو بۆچوونە دژ و ناکۆک نین، چونکە دەرگای چوونە ناو بەرزەک ڕوو بەرەو بەهەشت دەکرێتەوە.

٧٠. واتە: جەفاکێشەکانی ناو دۆزەخ.

***

# سروودی دووەم [1]

## پێشەکیی دۆزەخ

شەو داهات و دونیا کشومات بوو، کەچی دانتی هەر خۆی بۆ گەشتە سەختەکەی ئامادە دەکرد. گومانی هەبوو بتوانێ ئەو گەشتە سەختە بکا. پرسی بە ڤیرجیلیۆ کرد داخۆ دەبێ توانای ئەو گەشتە سەختەی هەبێ؟ یادی گەشتی ئینیاس و پیر پۆلسی کردەوە بۆ ئەو دونیا. خۆی لەگەڵ ئەوان بەراورد کرد. خەریکبوو نەتە بەر بدا. ویستی پاشگەز بێتەوە، بەڵام ڤیرجیلیۆ ترسی ڕەواندەوە و ورەی بەرز کردەوە. بۆی باس کرد چۆن بیاتریچی کە زانیی دانتی تووشی گێروگرفت هاتووە، لە ئاسمان هاتە خوارەوە و داوای لەم کرد بگاتە فریای دانتی. مارییای پاکیزە خەبەری پێ دابوو کە دانتی لە تەنگانەدایە و بیاتریچی بە چاوی پڕ فرمێسکەوە داوای لە ڤیرجیلیۆ کرد فریای دانتی بکەوێ، ئیتر ڤیرجیلیۆ لەسەر داوای ئەو بە هانای دانتییەوە چوو.



ڕۆژ ڕۆیشت و دونیا تاریک داهات[2]
شەکەتیی لەبەر گیاندارانی سەر زەوی دارنی.
من بە تاقی تەنێ بووم
خۆم بۆ شەڕی
سۆز و گەشتی دریژ ئامادە دەکرد[3]
کە یادەوەری، بێ هیچ هەڵەیەک، دەیگێڕێتەوە.[4]
ئەی میووزەکان،[5] ئەی ڕۆحی باڵا[6]، خێرا فریام بکەون
ئەی یادەوەری،[7] کە هەرچی دیومە تۆ تۆمارت کردووە،
ئێستا کاتی ئەوەیە جوامێریی خۆت پیشان بدەی.
دەستم پێ کرد: (ئەی شاعیر! تۆ کە ڕێنماییم دەکەی،
بەر لەوەی، لەم ئەرکە سەختەدا، متمانەم پێ بکەی،
باش سەیر کە[8] داخۆ هێز و گوڕی پێویستم تێدایە؟
تۆ دەڵێی: باوکی سیلڤیۆ[9]
کە هێشتا لەباری مردەنیدا بوو
بە جەستەوە، چووە دونیای جاویدانی،
بەڵام ئەگەر دوژمنی هەموو خراپەیەک
دەرهەق بەو دڵگەورە بێ و لێک بداتەوە
چ ئەنجامێکی بەرز و کێ و چیی لێ دەکەوێتەوە،
ئەمە بە لای مرۆی هۆشمەندەوە نەشیاو نییە،
چونکە ئەو لە ئاسماندا [10]
بە باوکی ڕۆمای پیرۆز و ئیمپراتۆرەکەی دیاری کرابوو. [11]
ڕاستت دەوێ، ئەمیش[12] و ئەویش[13]
داندراون ببن بەو جێگە پیرۆزەی
عەرشی جێنشینی[14] پیێرۆی یەکەمی لێیە.
بەو گەشتەی کە لێت پیرۆز کرد

زۆر چاک لە شتگەلی گەیشت[١٥]
کە مایەی سەرکەوتنی خۆی و جوببەی پاپایی بوون.) (٢٧)
ئینجا (دەفری بەربژار)[١٦] چووە ئەوێ
بۆ ئەوەی ئەو بڕوا توند و پتەوە بێنێ
کە یەکەم هەنگاوە لەسەر ڕێی ڕزگاری، (٣٠)
بەڵام من بۆچی بێم؟ کێ ڕێم پێ دەدا؟
من نە (ئینیا)م [١٧] و نە (پاولۆ)م[١٨]
نە من خۆم و نە کەسیش من بە شیاوی شتی وا دەزانێ (٣٣)
دەترسم ئەگەر بڕیاری هاتن بدەم
ئەم هاتنە لە شێتایەتی زیاتر نەبێ.
تۆ دانای، بێ ئەوەی قسە بکەم، تۆ باشتر تێم دەگەی (٣٦)
وەک کەسێ، ئەو شتەی دەیەویست، ئێستا نەیەوێ و
لەگەڵ هەر بیرێکی تازەدا ڕای خۆی بگۆڕێ و
ئەوەی بڕیاری دابوو بیکا، دەستبەرداری ببێ (٣٩)
منیش لەو هەورازە تاریکەدا وام بەسەرهات
بە بیر و لێکدانەوە هەموو ئیشەکەم وەلا نا
کە لە سەرەتاوە زۆر سەخت دەینواند (٤٢)
ڕۆحی مەزن[١٩] وەڵامی دامەوە:
(ئەگەر باش لە قسەکەت گەیشتبم،
تۆ ڕۆحت لەژێر باری ترسدا چەماوەتەوە (٤٥)
ئەو ترسەی زۆر جار تووشی مرۆڤ دەبێ و
لە کاری بەرز پاشگەزی دەکاتەوە،
وەکو چۆن گیاندار کە دەڕەوێتەوە، دیدی سەر دەکا.[٢٠] (٤٨)
بۆ ئەوەی ئەم ترسە لە خۆت بتەکێنی، پێت دەڵێم
کە یەکەم جار ئەزیەتم بۆ تۆ خوارد

چیم بیست و بۆچی هاتم؟ [٢١] (٥١)
من لەگەڵ هەڵواسراوەکاندا[٢٢] بووم
خانمێکی جوان و بەختەوەر بانگی کردم[٢٣]
تکام لێکرد چی فەرمانی هەیە پێم بسپێری[٢٤] (٥٤)
چاوەکانی لە ئەستێرە بریقەدارتر بوون
بە دەنگێکی فریشتانە، بە زمانی خۆی،[٢٥]
بە نەرم و هێمنی قسەی بۆ کردم: (٥٧)
(ئەی ڕۆحی نیان و هۆگری (مانتوا)[٢٦]یی،
کە ئێستایش شکۆمەندیت لە دونیادا هەر ماوە و
تا دونیاش دونیا بێ، هەر دەمێنێ، (٦٠)
برادەری ڕاستەقینەم، نەک برادەری ماڵ و سامان،
لەسەر کەناری چۆڵ و زۆر سەختدا گیری خواردووە،
خەریکە لە ترسان پاشەکشە بکا[٢٧] (٦٣)
هیوادارم بە تەواوی هەڵەتە نەبووبێ،
چونکە کاتێ لە ئاسمان گوێم لێ بوو باسیان دەکرد
درەنگ هەستام بۆ ئەوەی فریای بکەوم. [٢٨] (٦٦)
تۆ بڕۆ، یارمەتییەکی باشی بدە
بە قسەی ڕەوانی خۆت، یان هەر شتێ کە ڕزگاری بکا
بۆ ئەوەی من ئۆخە لە خۆم بکەم (٦٩)
من (بیاتریچی)م[٢٩]، تکات لێ دەکەم بچیت،
من لە کوێ هاتووم دەمەوێ بگەڕێمەوە ئەوێ،
ئەوین ڕەوانەی کردووم، هەر ئەوینیش بەقسەی هێناوم. (٧٢)
کە گەیشتمەوە لای سەروەری خۆم
زۆر مەدحی تۆی بۆ دەکەم[٣٠]
ئینجا ئەو بێدەنگ بوو و من دەستم پێکرد: (٧٥)

(ئەی خانمی پاکیزە[٣١]، کە وا دەکا
ڕەگەزی مرۆڤ لە هەموو شتەکانی ژێر ئاسمان تێبپەڕێ،
کە ئاسمانی بچووکتری تێدایە. [٣٢] (٧٨)
من فەرمانی تۆم ئەوەندە بەلاوە پەسندە
ئەگەر یەکسەر جێبەجێی بکەم، هێشتا پێم درەنگە!
پێویست ناکا زیاتر ئارەزووی خۆتم بۆ ڕوون بکەیتەوە، (٨١)
بەڵام پێم بڵێ هۆی چی بوو، نەترسای و
لەو شوێنە هەراوەی بە پەرۆشی، بۆی بچیتەوە،
بۆ ناو ئا ئەم جغرە دابەزیتە خوارێ[٣٣] (٨٤)
وێ هاتە وەڵام: (مادەم دەتەوێ ئەم نهێنییە بزانیت،
بە کورتی پێت دەڵێم
بۆچی لە هاتنە ئێرە نەترسام[٣٤] (٨٧)
پێویستە تەنیا لەو شتانە بترسین
کە دەشێ خەڵک ئازار بدەن
نەک لەوانی تر، کە ترسناک نین (٩٠)
خوا، بە ڕەحمی خۆی، منی وا گرواندووە
کڵۆڵیی ئێوە نامگرێتەوەو
گڕی ئەم ئاگرە نامگاتێ. (٩٣)
خانمێک[٣٥] لە ئاسمان هەیە
بیری زۆر لەسەر ئەو تەنگانەیەیە کە تۆی تێدای و
حوکمی توندی ئەو بەرزاییە[٣٦] دەشکێنێ.) (٩٦)
وێ بانگی (لوچیا)[٣٧]ی کرد و پێی گوت:
(ئێستا دڵسۆزەکەت[٣٨] پێویستی بە تۆیە،
منیش وا بە تۆی دەسپێرم. (٩٩)
(لۆچیا)، کە دوژمنی هەموو دڵڕەقییەکە،

ملی ڕێی گرت و هاتە ئەو شوێنەی
کە من لەتەک (ڕاکیل)ی[٣٩] دێرین دانیشتبووم (١٠٢)
گوتی: (بیاتریچی)، ئەی ستایشی[٤٠] خودای ڕاستینە،
بۆچی یارمەتیی ئەو کەسە نادەی کە تۆی زۆر خۆش دەوێ و
سەبارەت بە تۆ لەناو گەلەی ڕەشەوەندی خەڵک هاتووەتە دەرێ؟[٤١] (١٠٥)
گوێت لە هەنسکی گریانی نییە؟
نابینی مردن هەڕەشەی لێدەکا؟
لەسەر ئەو ڕووبارەی[٤٢]، دەریاش پێی ناگا (١٠٨)
هیچ کەس هەوڵی چاکەی نەداوە و
لە مەترسی هەڵنەهاتووە، وەک من،
کاتێ کە ئەم قسانەم بیست. (١١١)
بۆ ئەوەی لەسەر کورسیی بژاردەی خۆم دابەزم بۆ ئێرە
متمانەم بە قسەی موبارەکت کرد[٤٣]
کە تۆ و لەگەڵ ئەوانەی گوێیان لێتە سەر بەرز دەکا. (١١٤)
دوای ئەوەی کە وای گوت
بەدەم گریانەوە، چاوە بریقەدارەکانی بۆ لای من وەرسووڕاند.
وای کرد بەتالووکە بۆ ئێرە بێم. (١١٧)
ئەو چۆنی گەرەک بوو، من بەو جۆرە هاتمە لات:
لە پێش ئەو جانەوەرە دڕندەیە کەلەلام کردی
کە ڕێگەی کورتی بەرەو چیای جوان[٤٤] لێ گرتبووی (١٢٠)
تۆ چیتە؟ بۆچی خۆت دوادەخەی؟
بۆچی لێدەگەڕێی ترس ڕێ بە دڵت ببا؟
بۆچی وا بێورە و بێئۆقرەی؟ (١٢٣)
مادام ئەو سێ خانمە پیرۆزە[٤٥]
لە بارەگای ئاسماندا، خەمخۆری تۆن و

منيش بە دەمی خۆم بەڵێنی چاکەی زۆرت پێ دەدەم  (١٢٦)
وەک ئەو خونچەیەی لەبەر زوقمی شەو
سەری لار کردووەتەوە و دەمی داخستووە
کە تیشکی خۆری بەردەکەوێ، لەسەر لاسکی خۆی قیت دەوەستێ[٤٦] (١٢٩)
منیش ئاوها، ورەی ڕووخاوم هاتەوە بەر،
دڵم پڕ بوو لە بوێری و ئازایەتی و
وەکو پیاوێکی ئازاد[٤٧] دەستم پێکرد:  (١٣٢)
(وای لە میهرەبانیی ئەو خانمەی فریام کەوت!
تۆش چەند نەرم و ناسکی کە ئاوها زوو
بەدەم قسەی ئەوەوە هاتی؟  (١٣٥)
تۆ بە قسەکانت شەوقت بە دڵم دا
بۆ ئەوەی بڕۆم![٤٨]
ئەوەتا گەڕاومەتەوە سەر بڕیاری یەکەمم[٤٩] (١٣٨)
بڕۆ، هەردووکمان یەک ئامانجمان هەیە:
تۆ ڕابەری، تۆ سەروەری، تۆ مامۆستای![٥٠]
کە وام پێ گوت، بەڕێکەوت:   (١٤١)
منیش ملم لە ڕێی سەخت و عاسێ نا.[٥١]  (١٤٢)

* * *

## پەراوێزەکانی سرروودی دووەم

١. سرروودی دووەم وەکو پێشەکی وایە بۆ دۆزەخ.

٢. ئێوارەی ٨ی نیسانی ١٣٠٠.

٣. هەم لەگەڵ گیرۆدەکانی ناو دۆزەخ دەکەومە جەنگ و هەم هەوڵ دەدەم بەزەییم بە دۆزەخییە جەفاکێشەکاندا نەیەتەوە.

٤. دانتی متمانەی بە ئەقڵی خۆی هەیە بە هەڵەیدا نابا.

٥. میووزی-Musi: لە ئەفسانەی یۆنانیدا، نۆ پەری بوون هەریەکە سەرپەرشتیی جۆرە هونەرێکی دەکرد. ئامادەبوونیان ئیلهام بوو بۆ شاعیر و مۆسیقی و هونەرمەند و مێژووناس و زانایان.

٦. ڕۆحی باڵا-Alto ingeno: دانتی کە ئەم قسەیە دەکا، دیار نییە ڕووی قسەی لە کێیە و مەبەستی کێیە: خۆی، یان ڕۆحی مرۆڤایەتی، یان لوتفی خودا. هەریەکە بە جۆرێ لێکی داوەتەوە.

٧. ئاماژەیە بۆ کتێبی (بیرەوەریی من) کە بەشێکە لە (ژیانی نوێ)ی دانتی.

٨. دانتی گومانی لە توانای خۆی هەیە بتوانێ لەو گەشتە سەختەدا دەرببا، بۆیە دەیەوێ ڤیرجیلیۆی مامۆستا و ڕابەری باش هەڵیسەنگێنێ و بزانێ داخۆ ئەو توانایەی هەیە یان نا، ئەوسا بکەوێتە ڕێ.

٩. سیلڤیۆ. سلڤیوس-silvius: کوڕی ئینیاسە. ڤیرجیلیۆ لە بەشی شەشەمی (ئەنیادە)دا ڕوونی کردووەتەوە کە (ئینیاس)ی باوکی سیلڤیوس چۆن چووە دونیای مردوان. دانتی لە سەرانسەری کۆمیدیادا بیروڕا و بەسەرهاتەکانی پێش مەسیح و ئەفسانەکانی یۆنان و ڕۆمان و بیروباوەڕی کاتۆلیکیی خۆی تێکەڵ کردووە. دەڵێ: (ئینیاس)ی قارەمانی تەڕوادەیی، لە باوکەوە کوڕی (ئانکیزوس)ە، کە بە شەرێکی مردەنییە و لە دایکەوە کوڕی ئەفرۆدیتە (زوهرە، یان ڤینۆس- خودانی عیشق). زوهرە بۆ سوود و بەرژەوەندیی کوڕەکەی، بەڵێنی لە خودانی خودانان وەرگرت کە وا بکا (ئینیاس) شارێک دروست بکا و ببێ بە فەرمانڕەوای سەر ڕووی زەوی. (ئینیاس) دوای ڕووخانی شاری تەڕوادە، بە ڕێنمایی غەیبەوە، ڕوووی کردە وڵاتی لاتیوم Latium (ئیتالیا). تووشی گەلێ شەڕوشۆڕ بوو، ئاخیری چووە وڵاتی مردوان.

ڕۆحی باوکی و ڕۆحی ئەو پاشا گەورانەی دی کە لە توخمی ئەو دێنە دونیاوە. وەکو ڕومولوسی قراڵ و یۆلیوسی قراڵ و ئۆگستین. ئەوە بوو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیای دامەزراند و ئەو شانازییە بەو بڕوا. دانتی شانازیی دامەزراندنی

ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیا و کڵیسای کاتۆلیک بۆ ئەو دەباتەوە، چونکە ئەو بوو شاری ڕۆمای ڕۆنا و بارەگای فەرمانڕەوایی ئایینی مەسیحییەتی دامەزراند.

١٠. مەبەست خودایە.

١١. ئاماژەیە بۆ نەخشەی دروستکردنی شاری ڕۆما.

١٢. واتە: ئیمپراتۆریەتە.

١٣. واتە: ڕۆما.

١٤. جێنشینی پیرۆزی گەورە: واتە ڤاتیکان کە پێتەختی پاپایە.

١٥. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە (ئانکیز)ی باوکی (ئینیاس) پێشبینیی ڕۆما و ئایندەی ڕۆمای بۆ ئینیاس کرد.

١٦. دەفری بەربژار-Vas d'elezione (بە لاتینی Vas Electionis): نازناوی پۆلیسی پەیکە لە ئینجیلدا، هەروەها لە ئینجیلدا هاتووە کە پۆلیسی پەیک لە ژیانی خۆیدا چووەتە ئاسمان. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مەسیحییەکان باوەڕیان وا بوو کە پۆلیسی بەربژار لە سەردەمی ژیانی خۆیدا جگە لە بەهەشت، گەشتی بۆ دۆزەخیش کردووە.

پۆلیس دەوری ٣ی ز لە تەرسوس لەدایک بووە. دەوری ٨٦ز لە ڕۆما کوژراوە، ئەویش گەشتێکی هەیە بۆ ئەو دونیا. لە سەدەی چوارەمدا نووسراوەتەوە، بەڵام تا سەدەی سێزدەم زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەستکاریی کراوە. دانتی لە بەهەشتدا ئاماژەی بۆ دەکا (سروودی ٢١،س٢٨).

١٧. ئینیا: ئەنیاس

١٨. پاولۆ: پۆلس

١٩. ڕۆحی مەزن: ڤیرجیلیۆ

٢٠. دانتی سیفەتی مرۆڤ و ئاژەڵ بەراورد دەکا، بەمەوەش بە شیعر ڕێگە بۆ نووسەر و هونەرمەندان خۆش دەکا کە لە سەردەمی ژیانەوەدا سیفەت و ڕەمزی مرۆڤ و ئاژەڵ، لە نووسینەکانیان تێکەڵ بکەن. ڤیرجیلیۆ هەوڵ دەدا ترسی دانتی بڕەوێنێتەوە.

٢١. واتە کاتێ بیاتریچی هاتە لای، یان ڤاسیدی نارده لا. ئەمە هەستی ناسکی ڤیرجیلیۆیە بەرامبەر دانتی دەری دەبڕێ.

٢٢. ڕۆحی هەڵواسراو-Sospesi: ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆحانەی گوناهیان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاوەمۆر نەکراون، ناچنە بەهەشت. ئەمانە لە شوێنێکدان پێی دەگوترێ (لیمبۆ-Limbo). وەکو بەرسفکی دۆزەخ وایە. ئەو ڕۆحانەی لەوێن هەتاهەتایە لەوێ دەمێننەوە و بەبێ ئەشکەنجە بەسەر دەبەن، بەڵام ئومێدی چوونە دونیای باڵاشیان نییە. مەسیحی ئەم شوێنە بە هی منداڵی ساوای ئاوەمۆر نەکراو

دەزانن، بەڵام دانتی هەندێ جۆرە کەسی تریشی لەوێ داناوە کە بریتین لە دەستەیەک فریشتەی ئاسمان و ڤیرجیلیۆ و هومیروس و.... بە کورتی هەموو پاڵەوان و زانا و فەیلەسووفەکانی پێش مەسیح لەوێن. دانتی ئەمانە هیچیان ناباتە بەهەشت، تەنیا چەند کەسێکی کەم نەبێ کە کاتی خۆی حەزرەتی مەسیح هاتووە بردوونی بۆ بەهەشت (پاشان باسیان دێ).

٢٣. واتە: بیاتریچی.

٢٤. واتە: خاتوونی و جوانیی بیاتریچی کارێکی وای لە ڤیرجیلیۆ کرد، ڤیرجیلیۆ مەمنوون و منەتباربوو ئەرکێکی وای پێ بسپێرێ.

٢٥. واتە: بە زمانی ئیتالی. دانتی دەمی قسەی لە ڤیرجیلیۆیە.

٢٦. مانتوایی: واتە خەڵکی مانتوا. ئاماژەیە بۆ ڤیرجیلیۆ کە لە مانتوا لەدایک بووە.

٢٧. بیاتریچی خەمی خۆی لەبارەی دانتییەوە دەردەبڕێ. ئەمە بەزەییە و بەپێی بۆچوونی مەسیحییەت، بەزەیی جێگەی لە دۆزەخدا نابێتەوە، بەڵام دانتی ناوبەناو لەو رێورەسمانە لادەدا. بەزەیی و سۆز لەگەڵ ڕەقی و توندیی دۆزەخ تێکەڵ دەکا، بەمەوە زەوی و ئاسمان و بەهەشت و دۆزەخ بەیەکەوە گرێ دەدا.

٢٨. بیاتریچی لە دونیادا ئاوڕی لە دانتی نەدەدایەوە، چ لە ڕووی نەزانی بێ و چ لە ڕووی بێباکی، ئیتر دانتی وەکو نووسەرێک وا دەکا بیاتریچی لەو دونیا غەمی بۆ بخوا و بەهانایەوە بێ.

٢٩. بیاتریچی-Biatrice پاڵەوانی گەورە و سەرەکیی کۆمیدیای دانتییە. پاسەوان و ڕابەر و ڕێنیشاندەری دانتییە لە گەشتی سەرەوەی بەرزەک و هەموو بەهەشتدا. بیاتریچی کچی (فۆلۆ پۆتیناری)ی فلۆرەنسایییە. مێردی بە پیاوێ کرد بە ناوی (سیمونی دی باردی) و ساڵی ١٢٩٠ جوانەمەرگ بوو. دانتی ساڵی ١٢٧٤ کە ئەوسا تەمەنی ٩ ساڵان بوو، بۆ جاری یەکەم چاوی بە بیاتریچی کەوت و ساڵی ١٢٨٣ کە ئەوسا تەمەنی هەژدە ساڵی بوو، بۆ دووەم جار چاوی پێ کەوت و ئەشقی بوو. تا مرد ئەو ئەشقەی بۆ بیاتریچی هەر لە دڵدا بوو. بیاتریچی، لای دانتی، ڕەمزی چاکە و ڕێگەی گەیشتنە بە پەرتەوی خوداوەند.

ئەم دێرە شیعرە:

Io son Biatrice che ti faccio andare

لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا ڕەمزی فەرەحنایی دوای تەنگانە و ئەو دەستەیە کە لە غەیبەوە دێ و مرۆڤ لە تەنگانەدا ڕزگار دەکا.

٣٠. ئەمە بەڵێنێکە دانتی بە ڤیرجیلیۆی دەدا بۆ ئەوەی ئومێدی پێ ببەخشێ کە لای خودا شەفاعەتی بۆ دەکا، بەڵکو خودا لێی خۆش ببێ و لە دۆزەخەوە بیباتە

بەهەشت. لە بەرزەک و بەهەشتی دانتیدا، یەک دوو حاڵەتی وا دەکەونە بەرچاو کە بە شێوەیەکی نائاسایی لە ڕووی ئایینی مەسیحییەوە لە بەهەشت و بەرزەکدا قبووڵ کراون: (کاتن) لە بەرزەک و (ترایانۆ) لە بەهەشت.

٣١. خانمی چاکەکار، یان خانمی پاکیزە: دانتی لە (ژیانی نوێ) و لە (بەرزەک)دا بۆ بیاتریچی بەکاری دێنێ.

٣٢. بیاتریچی ڕەمزی ڕاستی و خواناسییە لە پەردەی ئایینەوە خۆی دەنوێنێ. (ئاسمانی ئەڵقە هەرەبچووک) مەبەستی مانگە کە یەکەم ئاسمانە لە نۆ ئاسمانی ناسراوی ئەوسا. ڕاستەوخۆ کەوتووەتە سەر زەوی. مەبەست لەم دێرە ئەوەیە: بنیادەم تەنیا بە دەرککردنی ڕاستی لە بوونەوەرەکانی دی باڵاترە.

دانتی بەپێی بۆچوونی بتلیموس باسی مانگ دەکا. بەو پێیە نۆ ئاسمان لە دەوری زەوی هەن، ئەمانەن: (مانگ، عەتارید، زوهرە، ڕۆژ، مەریخ، مشتەری، زوحەل، ئاسمانی ئەستێرە چەسپاو و ئاسمانی ئەستێرە گەڕۆکەکان.)

٣٣. واتە: بەهەشت.

٣٤. واتە: بۆ بنی دۆزەخ.

٣٥. مەبەست: حەزرەتی مێرەمی پاکیزەیە. لەم کۆمیدیایەدا، ڕەمزی بەخشندەیی و ڕەحمەتی خودایە.

٣٦. واتە: بڕیاری دادپەروەریی یەزدانی.

٣٧. لوچیا: مەبەست سانتا لوچیا_Santa luciaیە. خواناسێکی مەسیحیی سەردەمی ئیمپراتۆر دقلیانوس (سەدەی چوارەمی زایینی) بوو، لە شاری سیراکوزا شەهید کرا. لە ڕووی ڕەمزییەوە نیشانەی بیرکردنەوە و ڕووکردنە میهرەبانیی خودایە کە پیاوچاکان تووشی مەستی و جەزبە دەکا.

٣٨ . دیار نییە دانتی بۆچی خۆی بە شاگردی (سانتا لوچیا) داناوە. باشترین لێکدانەوە بۆ ئەم دیاردەیە ڕەنگە ئەوە بێ کە دەڵێ: لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەم خواناسەیان بە خاوەن کەرامەت و دوعاگۆ دەزانی بۆ چاککردنەوەی چاوی نەخۆشان، واتە ڕەمزی ڕەحمەتی خوا بوو، ڕێی بۆ گوناهکاران ڕوون دەکردەوە. دانتی خۆی وەکو لە (ژیانی نوێ)دا باس دەکا، چاوێشە و کورتبینیی هەبووە.

٣٩. ڕاکیلیRachele: ڕاحێل: کچی (لابانۆ) و ژنی دووەمی یاقووب پێغەمبەر بوو و دایکی یووسف و بنیامین بوو. لە بەهەشتدا جێگەی لە تەنیشت بیاتریچییە. ڕاکیلی، لای دانتی، ڕەمزی بیرکردنەوە و ڕێڕەوی خواناسییە لە دونیای شکۆمەندیی خوادا.

٤٠. ئەی ستایشی خوداLoda di Dio-: واتە: ئەی ئەو کەسەی وجوودی تۆ ڕەمزی خودایەو لە حوکمی ستایشی خودادایە.

٤١. واتە: دەستی لە ژیانی ئاسایی هەڵگرت و خۆی بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە تەرخان کرد.

٤٢. ئاماژەیە بۆ ڕووباری (ئاکیرۆنتی-Acheronte): ئەمە یەکەم ڕووباری دۆزەخە کە دانتی لێرە، لەناو لێڕی تاریکەوە، ئەوەندە لێی دوور نییە، ڕەنگە ئەمەش ڕەمزێکی تری گوناە و تاوان بێ کە مرۆڤ بەرەو مەرگی مەعنەوی دەبا.

٤٣. لەو دونیادا بیاتریچی زۆری غەم بۆ دانتی خوارد و زۆری بۆ گریا، وەکو چۆن دانتی لەم دونیایەدا بۆ بیاتریچی گریا.

٤٤ واتە: ئەوانەی لە هەواوهەوەس و تەماعەوە دوور بن، بە ڕێی ڕاستدا بەسەر تەپۆڵکەی بەختەوەری دەکەون، بەڵام دانتی هێشتا بەند و دیلی گوناە و خراپەیە، پێویستە ڕێگەیەکی دژوارتر و بەپێچوپلووچتر بگرێتە بەر.

٤٥. ئاماژەیە بۆ مێرەمی پیرۆز و سانتا لوچیا و بیاتریچی. ئەم سیانە بەرامبەر سێ جانەوەرەکە دەوەستن کە ڕێیان لە دانتی گرت. مێرەم ڕەمزی ڕەحمەتی خودایە، لوچیا ڕەمزی ڕووناکییە و بیاتریچی ڕەمزی ڕاستەقینەی هەقی باڵایە. ئەمانە هەموو پێویستن بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ژیانی گوناهکاری دەربچێ.

٤٦. ئەمە وەسفێکی ورد و جوانی لایەنێکی دیمەنی سروشتە. سەرەتای شکاندنی ڕێوڕەسمی سەدەکانی ناوەڕاستە. ئەوسا نووسەر و هونەرمەندان بایەخیان بە گوڵ و سروشت و ژیانی سەر زەوی نەدەدا.

٤٧. واتە: ئازاد و ڕەها لە کۆتی گوناە و هەواوهەوەس.

٤٨. واتە: کەوتنە گەشت لەگەڵ ڤیرجیلیۆدا.

٤٩. دانتی بە تەواوی بەسەر ترس و دڵەڕاوکەدا زاڵ دەبێ. لەگەڵ ڤیرجیلیۆدا دەبن بە یەک بیر و یەک ڕا و ئامانجی هەردووکیان دەبێ بە یەک.

٥٠. تۆ ڕابەری، تۆ سەروەری، تۆ مامۆستای:

.Tu duca, Tu Signore e tu maestro

مانای ئەم سێ نازناوەی دانتی بە ڤیرجیلیۆی داوە ئەمەیە:

تۆ لەم ڕێگەیەدا ڕێنیشاندەری منی! ڕێم نیشان دەدەی.

لە بڕیارداندا سەروەری منی، وەکو گەورەی من ئەمرم پێ دەکەی.

لە ئەقڵ و مەنتیقدا، وەکو مامۆستای منی، شتم فێر دەکەی.

٥١. مەبەست ئەو ڕێگە سەختەیە کە بەرەو دەروازەی دۆزەخ دەچێ، یان مەبەست هەموو گەشتەکەیە کە کارێکی سەختە و بە تاقیکردنەوەی گراندا تێدەپەڕێ.

***

# سروودی سێیەم[1]

## ئەڵقەی پێشەکیی دۆزەخ

## کوڕی ڕۆژ

دوو شاعیرەکە گەیشتنە بەر دەروازەی دۆزەخ. دانتی باسی ئازار و ئەشکەنجەی ناو دۆزەخی لە سەر دەرگا خوێندەوە. زۆر ترسا. ڤیرجیلیۆ دڵی دایەوە و ترسی ڕەواندەوە. بەیەکەوە چوونە ناو ئەو دونیا ترسناکە. دانتی گوێی لە هاتوهاوار و ناڵەی جەفاکێشەکان بوو. لە هەژمەتان گریا. دانتی زانیی ئەوانە ئەو کەسانەن لە دونیادا ئەوەندە ئازا نەبوون ڕێگەی چاکە، یان خراپە بگرنە بەر. نە فەرمانبەرداری خودا بوون و نە لێیشی یاخی بوون. لە دونیادا تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لە بەرچاو بوو. ئاسمان فڕێی داون بۆ ئەوەی لە جوانیی ئاسمان کەم نەکەنەوە. دۆزەخیش بە خۆیەوەی نەگرتوون بۆ ئەوەی گوناهبارەکان لافیان لەسەر لێ نەدەن، ئیتر هەر لە بەرسفکی دۆزەخدا دەبن. لە چاکە و خراپەدا بەخیلی بە خەڵکی دی دەبەن، ئیتر لە دونیادا باسیان ناکرێ و لەو دونیایش بە سووکی سەیر دەکرێن. ڤیرجیلیۆ داوا لە دانتی دەکا باسیان نەکا. پێی دەڵێ ملی ڕێی خۆی بگرێ و بڕوا. دانتی کارۆن لەسەر ڕووباری ئاکیرۆنتی دەبینێ کە یەکەمین پاسەوانی دۆزەخە و لە ڕووبارەکە دەیانپەڕێنێتەوە. دانتی هەستی بە بوومەلەرزەیەکی توند کرد. بایەکی توندی هات و کردی بە برووسکە و هەورەتریشقە. دانتی بووڕایەوە و بەربووەوە.



(بە ڕێی مندا دەچن بۆ ناو شاری ئازار[2]
بە ڕێی مندا دەچن بۆ ناو ئەشکەنجەی هەمیشەیی
بە ڕێی مندا دەچن بۆ ناو خەڵکی سەرگەردان
دادپەروەریی، گروەندەی بالابزواندوومی
دەسەڵاتی خوا و دانایی بەرز و
ئەقڵی گشتی و ئەوینی یەکەم دروستیان کردووم.[3]
بەر لە من، هیچ شتێ دروست نەکرابوو[4]
جاویدانی نەبێ. منیش تا هەتایە بەردەوام دەبم
ئێوەیش کە دێنە ژوورەوە دەست لە هەموو هیوایەک بشۆن[5]).
ئەم وشانەم بینی، بە ڕەنگی ڕەش،
لەسەر دەرگایەک نووسرابوون.
گوتم: (مامۆستا، من مانای ئەم وشانەم لا سەختە!
ئەویش، وەک یەکێ بزانێ چیم لە مێشکدایە، پێی گوتم:
(لێرە، دەبێ هەموو دڕندۆنگییەک بسڕێتەوە،
لێرە دەبێ هەموو ترسێک بمرێ[6]
هاتووین بۆ ئەو شوێنەی کە پێم گوتی
لێرە، کۆمەڵێ جەفاکێش دەبینی
کە هێزی ئاوەزیان لەدەست داوە)[7].
دەستی لەناو دەستم نا و
بە ڕوویەکی خۆش ورەی بەرز کردمەوە
شتگەلێکی نهێنیی بۆ باس کردم [8]
گریە و هەنسک و ناڵەی بەرز
لە ئاسمانی بێ ئەستێرەدا دەنگی دەدایەوە.[9]
ئەمە هەر لە سەرەتاوە خستمیە گریانەوە
زمانی جیاواز[10] و قیژەی تۆقێنەر،
ئاخوئۆخی ئازار و نرک و هۆڕی تووڕەیی،
دەنگی گڕ و قایم و شەپپەی لێکدانی لەپی[11] دەست.
بەردەوام، لەم دونیا تاریک و جاویدانەدا

هەراوزەنا خولی دەدا
وەک قوم کە گەردەلوول دەیسوڕێنێ و بایدەدا. (٣٠)
منیش، کە مێشکم تاریک بووبوو[١٢]،
گوتم: (مامۆستا، ئەو دەنگە چییە دێتە بەر گوێم؟
ئەو خەڵکە کێن لەبەر ئازار شێواون؟) (٣٣)
ئەویش پێی گوتم: (ئەم بارە نالەبارە
دۆخی ڕۆحی چەتوونی ئەو کەسانەیە
کە بەبێ شوورەیی و بەبێ سەربەرزی ژیاون (٣٦)
ئەمانە تێکەڵ بەو تاقمە خراپەی فریشتان بوون
کە نە لە خودا یاخیبوون و نە بڕوایان پێ هێناوە،[١٣]
تەنیا و تەنیا بۆ خۆیان ژیاون (٣٩)
ئاسمان فڕێی داون بۆ ئەوەی لە جوانیی خۆی کەم نەکاتەوە،
دۆزەخی قووڵیش نەیگرتوونەتە خۆی
نەوەک گوناهباران پێیسەربەرزتر بن ) (٤٢)
منیش گوتم: (مامۆستا، ئەمە چ بارێکە
وای کردووە وا بە سۆز بناوڕێنەوە؟)
وەڵامی دایەوە: (باشە، زۆر بە کورتی پێت دەڵێم (٤٥)
ئەمانە هیوایان بە مردن نییە[١٤].
ژیانی کوێریان ئەوەندە پەستە،
خۆزگە بە هەموو چارەنووسێکی دی دەخوازن. (٤٨)
لە دونیادا یادیان ناکرێتەوە
بەزەیی و دادپەروەری ڕسوایان دەکا.
با باسیان نەکەین. سەیرکە و بڕۆ. (٥١)
منیش، کە سەیرم کرد، ئاڵایەکم[١٥]بینی
زۆر بە خێرایی ڕایدەکرد و دەسووڕا
وەک ئەوەی ئۆقرە و پشوودان نەزانێ (٥٤)
شەماتەیەکی ئەوەندە زۆری بە دواوە بوو
باوەڕم نەدەکرد

مەرگ ئەوەندە کەسەی لەناوبردبێ (٥٧)
دوای ئەوەی هەندێکم لێ ناسین،
ڕۆحی ئەو کەسەم بینی و ناسیمەوە
کە لە ترسان پەیامی گەورەی ڕەت کردبووەوە[١٦] (٦٠)
یەکسەر تێگەیشتم و دڵنیابووم
ئەمە بێشک ئاپۆرەی ئەو بەدکارانەیە
کە نە دوژمنی خوان و نە خوا خۆشی دەوێن. (٦٣)
ئەم بەدبەختانە، کە هەرگیز زیندوو نەبوون،
ڕووتوقووت بوون و لە پەستا
زەرگەتەو زەنگەسوورە پێیانەوە دەدەن (٦٦)
خوێنیان لە دەموچاو دەچۆڕایەوە و
تێکەڵ بە ڕۆندکیان دەبوو و دەڕژایە ژێر پێیان و
مێشەکەرانە تێیان وەردەهاتن.(٦٩)
کە چاوم دایە ئەولاتر
خەڵکانێکم لەسەر کەناری ڕووبارێکی گەورە بینی،
گوتم: (ئێستا، سەیدا، کەرەم فەرموو (٧٢)
تێم بگەیەنە ئەوانە کێن و چ یاسایەکی نامۆ
ئاوا بە پەلەی خستوون بۆ پەڕینەوە
وەک لەم ڕووناکییە کزەدا دەبینین.) (٧٥)
ئەویش پێی گوتم: (کاتێ ئەم شتانەت بۆ ڕوون دەبێتەوە
کە پێ لەسەر ڕووباری حەسرەتی
(ئالیکرونتی[١٧]) دادەنێین.) (٧٨)
بە شەرمەوە چاوم دانەواند
ترسام نەوەک بە قسەکانم دڵگران بێ
تا گەیشتینە سەر ڕووبارەکە، قسەم نەکرد. (٨١)
ئەوەتا پیرەمێردێکی ڕدێنسپی[١٨]
بە سواری بەلەم لێمان نزیک دەکەوێتەوە،
هاوار دەکا: (وای لە خۆتان، ئەی ڕۆحی گەندەڵینە! (٨٤)

تەماتان نەبێ، جارێکی دی چاوتان بە ئاسمان بکەوێ[19].
من هاتووم بتانبەمە جەبەر
بۆ ناو تاریکستانی هەمیشەیی، بۆ ناو گڕ و شەختە[20]. (٨٧)
تۆیش، ئەی ڕۆحی زیندوو کە هاتوویتە ئێرە،
لەمانە دوورکەوە کە هەموویان مردوون.)
بەڵام کە بینیی من نەڕۆیشتم، (٩٠)
گوتی: (تۆ دەبێ بە ڕێیەکی تردا بێی و لە بڕێکی تر بدەیت و
بێیتە کەناری ئەوبەر، نابێ لێرە بپەڕیتەوە.
دەبێ بەلەمێکی سووکتر[21] هەڵتبگرێ.[22] (٩٣)
ڕابەرەکەم پێی گوت: (کارۆن، خۆت توورە مەکە
لەولا [23] وایان دەوێ، کە هەرچی ئیرادەیان لەسەر بێ دێتە دی.
لەوە زیاتر مەپرسە!) (٩٦)
دیم ڕوومەتی تووکنی بەلەموانەکە،
کە ئەڵقەی بڵێسەی لە دەورەی چاوان بوو،
لەسەر گۆلی شینباو ئاسایی بووەوە، (٩٩)
بەڵام ئەو ڕۆحە ڕووت و شەکەتانە،
کە ئەم قسە ناخۆشانەیان بیست،
ڕەنگیان گۆڕا و ددانیان بە جیڕەوە برد[24]. (١٠٢)
ئەمانە کفریان دەکرد، بە خوا و دایبابیان،
بە ڕەگەزی مرۆڤ و بە زەمین و زەمان و
بە لەدایکبوونی تۆوی بەرەبابی خۆیان! (١٠٥)
ئەوسا هەموو، بەدەم کوڵی گریانەوە،
لەسەر کەناری نەفرەتی کۆبوونەوە،
کە چاوەڕێی مرۆی لە خوا نەترسی دەکرد (١٠٨)
(کارۆن)ی[25] شەیتان، بە چاوی وەک پشکۆوە،
پێشوازییان دەکا و ئاماژەیان بۆ دەکا
هەرچی دوابکەوێ دەیداتە بەر سەوڵان[26]. (١١١)
وەکو چۆن، پایز، گەڵاکان

یەک یەک دەوەرن تا چڵی دار
وای لێ دێ هەموو کاژی خۆی دەڕژێنێتە سەر زەوی (١١٤)
توخمی بنیادەمیش بەم جۆرە
ڕۆح دوای ڕۆح خۆیان فڕێدەدەنە سەر کەنار
وەک باڵندە[٢٧] کە بە یەک ئاماژە بانگ دەکرێن (١١٧)
بەم جۆرە، بەسەر ئاوی ڕەشدا دەڕۆن،
بەر لەوەی ئەوان لە کەناری ئەوبەر دابەزن،
تاقمێکی تر لەسەر ئەم کەنارە خڕدەبنەوە. (١٢٠)
مامۆستای بە تۆرە و ئەدەب گوتی: (کوڕم،
ئەوانەی بە غەزەبی خوا دەمرن
لە هەموو وڵاتێکەوە دێنە ئێرە (١٢٣)
هەموو ئامادەن لەم ڕووبارە بپەڕنەوە،
چونکە دادپەروەریی خوایی دنەیان دەدا و
ترسیان دەبێ بە ئارەزوو [٢٨] (١٢٦)
هەرگیز ڕۆحی پاک و چاک بێرەدا تێناپەڕێ
ئەگەر کارون گازاندەت لێ بکا
ئێستا لە مەبەستی قسەکانی دەگەی.) (١٢٩)
کە لە قسەکانی بووەوە، دەشتی ڕەش
ئەوەندە بە توندی لەرزی، ئێستایش
کە بیرم دەکەوێتەوە، هەموو گیانم شەلاڵی ئارەقە دەبێ. (١٣٢)
زەوی، بەدەم گریانەوە، (با)یەکی وای هەڵکرد
ڕووناکییەکی سووری[٢٩] لێ هەستا،
هەموو هەست و هۆشی بردم. (١٣٥)
منیش وەک یەکێ خۆی ڕادەستی خەو بکا، ئاوا بەربوومەوە[٣٠] (١٣٦)

## پەراوێزەکانی سروودی سێیەم

١. ئەمە سروودی سەرەتای چوونە ناو دۆزەخە.

٢. ئەمە تابلۆی سەر دەروازەی دۆزەخە. شاری ئازار: دۆزەخ.

٣. ئاماژەیە بۆ سیانەی ئایینی مەسیحی: دەسەلاتی خوا: باوک (خوا)، ئەقلی بالا: کوڕ (مەسیح)، ئەوینی یەکەم: ئەوینی جاویدانی (ڕۆحی پیرۆز).

٤. دانتی لە سروودی کۆتایی دۆزەخدا، باس دەکا کە دۆزەخ بە هۆی بەربوونەوەی شەیتانی گەورە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی پەیدابووە.

٥. ئەم دێڕە شیعرە یەکێکە لە دێڕە شیعرە هەرە ناودارەکانی کۆمیدیا. لە ئەدەبیاتی ڕۆژاوادا، وەکو پەند دووبارە دەکرێتەوە. هەموو ئەشکەنجەی دەروونیی دۆزەخ لەم ڕستەیەدا کۆ دەبێتەوە (هەتا هەتایە ئومێدبڕ بووین).

٦. ڤیرجیلیۆ لە بیر و نیگەرانیی دانتی گەیشتووە. هەوڵ دەدا ورەی بەرز بکاتەوە.

٧. مەبەست ئەو کەسانەیە کە نەیانتوانیوە بە چاوی دڵ خودا ببینن.

٨.دونیای پڕ نهێنی: واتە دونیای مردن کە هیچ کەسێ، تا زیندوو بێ، ناتوانێ هیچ خەبەری لێ بزانێ.

٩. تاریکی ڕەگەزێکی سەرەکیی دۆزەخی دانتییە، چونکە دۆزەخ دەکەوێتە ژێر زەوی و هیچ ڕووناکییەکی ناگاتێ.

١٠. زمانی جیاواز: ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دۆزەخییەکان هی وڵات و نەتەوەی جیاجیان و هەر کەسە بە زمانی خۆی دەدوێ.

١١. واتە دۆزەخییەکە، لە خەم و خەفەتان، شەپی دەستی لێک دەدا و داخی دڵی خۆی پێ دەردەبڕێ. سالمی شاعیری کورد دەڵێ:

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەوئەژنۆ (کەف زەنان)
گێژەلووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان.

١٢. واتە: لە ترسان مووی سەری بووبوو بە نەشتەر، ڕەق ڕاوەستابوو.

١٣. ئاماژەیە بۆ ئەو دەستە فریشتەیەی کاتێ کە شەیتان لە خودا هەڵگەڕایەوەو بە گژیدا چوو، هەڵویستێکی بێلایەنیان وەرگرت بۆ ئەوەی بزانن ئەنجام بە چی دەگا. دانتی لە سروودەکانی تری دۆزەخدا، ئەم حاڵەتەی لەگەڵ حاڵەتی یاخیبوونی دێوەکان لە خودای خودانانی یۆنانی تێکەڵ کردووە.

١٤. واته: ئومێدی مردنیان نییه بۆ ئەوەی دۆخی ئێستایان بگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر خراپتریشیان بەسەر بێ.

١٥. ئالا: نیشانەی ئەو چینە دۆزەخییانەیە کە دانتی نەیخستوونەتە ناو پۆلینی دۆزەخییەکانی تر بۆ ئەوەی پێشانی بدا کە ئەمانە لە بیر کراون. دانتی نەخشەی دۆزەخی وا دارشتووە لە شێوەی نۆ ئەڵقەدایە. ئەڵقە لەسەر ئەڵقە دادەکشێتە خوارێ و ئەڵقە دوای ئەڵقە بچووکتر دەبێتەوە و لە کۆتاییدا بە نۆینێک کۆتایی دێ کە دەڕوا و لەوسەری دونیا دەچێتە دەرەوە. بەم جۆرە دۆزەخ شکلی کۆفکێکی وەرگرتووە، یان وەکو قووچەکەیەکی سەراوژێر وایە. گەرۆمەکەی کەوتووەتە لای سەرەوە و نووکەکەی لە جغزی زەویدایە. ئەڵقەی یەکەم کە ئەڵقەی هەرە سەرەوەیە لە هەموو ئەڵقەکان فراوانتر و گەورەترە. دانتی دەیەوێ بڵێ دۆزەخییانی ئەڵقەی یەکەم ژمارەیان لە دۆزەخییانی هەموو ئەڵقەکانی دی زیاترە، بەلام ئازاریان لەوان سووکترە.

١٦. لەوە دەکا ئەمە ئاماژە بێ بۆ پاپا چیلێستینۆ (Celestino)ی پێنجەم کە لە (٥)ی تەمووزی ١٢٩٤ بە پاپا هەڵبژاردرا، بەلام ئەم ئەرکەی بە لاوە زۆر سەخت و گران بوو. ئەوە بوو لە (١٣)ی ئەیلوولی هەر ئەو ساڵەدا، دەستی لە کار کێشایەوە. ئەوەی هانی دا واز لەو ئەرک و پایەیە بێنێ، کاردینال (گایتانی) بوو: ئەم پیاوە چوو لە بنگوێی خوێند گوایە هەر کەسێکی لێپرسینەوەی کاروباری دونیا بگرێتە ئەستۆ، خۆشیی بێ و ترشیی بێ، تووشی گوناە دەبێ، پاپایش پیاوێکی خۆشباوەڕ بوو. ترسا و بۆ ئەوەی تووشی گوناە نەبێ، وازی لە کارەکەی هێنا، پاشان هەر ئەو کاردیناڵە، کە ناوی بۆنیفاچۆی هەشتەم بوو، خۆی بوو بە پاپا کە دانتی بە ڕەمزی گەندەڵی و چڵێسیی دادەنێ. ئیتر گلەیی لە چیلێستینۆ دەکا، بۆچی ئەو پایە بەرزەی ڕەتکردەوە و جێی خۆی بۆ ئەو پیاوە گەندەڵە چۆڵکرد. لەبەر ئەوەی جەفاکێشەکانی ناو ئەم ئەڵقەیە بەوە سزا دراون کە خەڵک و خوا لە بیریان بکەن، دانتی بە ئەنقەس لێرە ناوی ئەم پاپایەی نەهێناوە، هەر تەنیا ئاماژەی بۆ کردووە.

١٧. ئاکیرۆنتی Acheronte (ڕووباری حەسرەت): یەکەمین ڕووباری گەورەی دۆزەخە، ئاوەکەی فرمێسکی جەفاکێشەکانە و دانتی لە سرووودی چوارەمی دۆزەخدا، باس دەکا ئەم ڕووبارە و ڕووبارەکانی تری دۆزەخ ئاوەکەیان لە فرمێسکی چاوی

(پیرەمێردی بەسالاچووی دوورگەی کریت) پەیدا بووە. دانتی بیری ئەم رووبارەی لە ئەفسانەی یۆنانی و رۆمانی و لە ئەنیادەی ڤیرجیلیۆ (سروودی شەشەم) وەرگرتووە.

١٨. مەبەست (کارۆن-Caron)ە کە شەیتانێکی ئەفسانەییە و یەکێکە لە پاسەوانەکانی دۆزەخ. وشەکە سووککراوەی (کارۆنتی)یە، هەندێ بە (خارۆن)ی دەیخوێننەوە. لە ئەفسانەی رۆمانیدا یەکێکە لە خودانە پلە سێکان. بەلەموانی رووباری (ئۆرینۆ-Orino)یە. دانتی لێرەدا کردوویەتی بە شەیتان و ئیشی ئەوەیە دۆزەخییەکان لە ژووری چاوەڕوانیی دۆزەخەوە، لەمبەر رووباری ئاکیرۆنتیەوە، دەپەڕێنێتەوە بۆ ئەوبەر رووباری ئاکرۆنتی کە ناوجەرگەی دۆزەخە، ئەم شەیتانەیش لە سروودی شەشەمی ئەنیادەی ڤیرجیلیۆدا هاتووە.

١٩. ئاماژەیە بۆ ئازار و ئەشکەنجەی جیاجیا کە دۆزەخییەکان بەپێی جۆری گوناهەکانیان دەیچێژن.

٢٠. مەبەستی کارۆن ئەوەیە: ئەمە رێگەی پەڕینەوەی زیندووانە لە دونیاوە بۆ قیامەت. رۆحی بەد لێرەوە دەچێتە ناو دۆزەخ و رۆحی چاک و پاک، دوای مردن، دەچێتە کەناری نزیک رێژگاوی رووباری (تیبێر) و لەوێ فریشتەیەک دێ و دەیبا بۆ بەرزەک.

٢١. بەلەمی سووکتر لە بەرزەکدا هاتووە.

٢٢. کارۆن قسە لەگەڵ دانتی دەکا.

٢٣. ئاماژەیە بۆ ئەوە ئەم گەشتەی دانتی کە بە خواست و رەزامەندیی خودا ئەنجام دراوە. ئەمە یەکەمین جارە دانتی لە کۆمیدیادا، بە ئاشکرا باس دەکا خودا ئەمی رەوانەی ژێر زەوی کردووە بۆ ئەوەی چاوی بە بارودۆخی جەفاکێشەکان بکەوێ.

٢٤. ئاماژەیە بۆ ئەوە ئەم دۆزەخییانە تەنانەت لە مافی تۆبەکردنیش بێبەشن، چونکە کفریان بە خودا کردووە. تۆبە رەمزی سەفا و پاکی و پەرتەوی خوداییە و دۆزەخ شتی وای تێدا نییە.

٢٥. دانتی ئەم خودانەی ئەفسانەی یۆنانی و رۆمانی بە شەیتان ناو بردووە.

٢٦. ئەم وەسفە نیشانەی زۆریی ڕۆحەکانە. ڕۆحەکان ئەوەندە زۆر بوون نەیاندەتوانی بەیەکەوە بڕۆن، ئیتر هەرچی دوابکەوتایە، کارۆن بە سەوڵ وەریدەگەڕایێ، لێی دەدا.

٢٧. ڕیکیامۆ-Richiamo: ئەو باڵندەیەیە کە لەناو ڕکەودا دەخوێنێ و جووتەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و تووشی داوی دەکا. کەسێ یان ئامێرێ، دەنگێکی وای لێوە بێ، باڵندە تەفرە بدا و ڕای بکێشێ و بیخاتە داوەوە، وەکو کەوی ڕەباتی لای خۆمان، کە دەخوێنێ و کەوەکانی تر ڕادەکێشێ و دەیانخاتە داوەوە. ڕەمزی تەفرەدان و لەناوبردنی هاوڕەگەزەکانی خۆیەتی.

٢٨. کە ڕۆحی گوناهکار هیوای بە ڕزگاری نامێنێ، لە ناخەوە حەز دەکا ئیتر فەرمانی خوای دەرهەق جێبەجێ بکرێ. ئیتر ترسەکەی دەبێ بە ئارەزوو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی تۆڵە و سزای خۆی.

٢٩. ڕووناکیی سوور: لە ئاگری دۆزەخەوە هاتووە.

٣٠. دانتی باس ناکا چۆن گەیشتووەتە ناو ئەم بەشەی دۆزەخ و بە چ جۆرێک لە ڕووباری (ئاکیرۆنتی) پەڕیوەتەوە، چونکە لەوێ لە هۆش خۆی دەچێ و کە دێتەوە هۆش خۆی، خۆی لەناو دۆزەخدا دەبینێتەوە. دانتی چەند جارێک بەرامبەر بە دیمەنی سەخت و ناخۆشی دۆزەخ، بەردەبێتەوە و دەبوورێتەوە. دوور نییە ئەمە نیشانەی ئەوە بێ کە دانتی خۆی لە دونیادا، شتی وای دیوە، یان بەسەر خۆی هاتووە، بۆیە ئەوەندە کاری تێ کردووە.

***

# سروودی چوارەم[1]

## ئەڵقەی یەکەمی دۆزەخ (لیمبۆ)

## گرەگرەکانی سەردەمی کۆن

دانتی لەبەر دەنگی هەورەتریشقەیەک هاتەوە هۆش خۆی. چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا بۆ ئەوەی بزانێ لە کوێیە. خۆی لەسەر لێواری دۆڵی قووڵی ئەشکەنجەدا بینی. لەبەر تاریکی، بنەوەی دۆڵەکەی لێ دیار نەبوو. دوو شاعیرەکە چوونە ناو ئەڵقەی یەکەمی دۆزەخ کە (لیمبۆ)یە. شوێنی گرەگرەکانی سەردەمی دێرینە کە پێش هاتنی مەسیح مردوون. شوێنی ئەو کەسانەیشە کە ئاوەمۆری مەسیحی نەکراون. ئەشکەنجەیان ئەوەیە هیوایان بە ڕزگاربوون نییە. دانتی پرسیاری کرد داخۆ دەشێ هەندێ لەو ڕۆحانە لەو شوێنە دەربچن؟ ڤیرجیلیۆ بۆی باس کرد کاتی خۆی مەسیح هاتە خوارەوە بۆ ئێرە و هەندێ جەفاکێشی ڕزگار کرد وەکو ئادەم و موسا و داود و ڕاکێلی و بردنی بۆ ناو بەختەوەران. دانتی هۆمیروس و هۆراس و ئۆڤیدی بینی کە بە گەرمی پێشوازییان کرد، ئەویش شانازیی پێوە کردن. ڕۆیشت تا گەیشتە قەڵایەک حەفت شوورەی هەبوو. لەوێ هەندێ کەسێتیی ئەفسانەیی بینی، وەکو ئیلیکترا و هیکتۆر و ئینیاس. هەندێ پاڵەوانی سەردەمی کۆنی بینی، وەکو قەیسەر و لۆتیوس و برۆتس، هەروەها هەندێ فەیلەسووفی کۆنی بینی، وەکو سوکرات و ئەفلاتوون و بتلیموس و گالینوس، ئیبن سینا و ئیبن ڕوشدی بینی، سەلاحەدینی ئەیووبیی بینی.



هەورەتریشقەیەک[2] خەوی قووڵی
لێ زڕاندم و بەهۆش هاتمەوە،
وەک یەکێ کە بە زۆر بەخەبەریان هێنابێ  (٣)
قیتبوومەوە و چاوی حەساوەم
بە دەوری خۆمدا گێڕا
سەیرم کرد بزانم لە کوێم.  (٦)
خۆم لەسەر لێوی
هەڵدێری دۆڵی ئەشکەنجەدا دۆزییەوە
کە هەورەتریشقەی بێکۆتایی ناڵەناڵی تێدا کۆدەبێتەوە[3] (٩)
هەڵدێرێکی زۆر تاریک و قووڵ و تەماوی بوو
هەرچەندە چاوم لە بنی بنەوەی بڕی
نەمتوانی هیچ شتێکی تێدا ببینم[4] (١٢)
شاعیر، بە ڕەنگزەردی٥ دەستی پێکرد:
(ئێستا با شۆڕببینەوە ناو دونیای کوێر.
من یەکەم و تۆ دووەم.  (١٥)
منیش کە چاوم بە ڕەنگی زەردی کەوت،
گوتم: (من چۆن بێم؟ ئەگەر تۆ بترسی[6]
تۆ هەمیشە گومانم دەڕەوێنیتەوە.) (١٨)
ئەویش گوتی: (ئەمە ئەشکەنجەی ڕۆحەکانی ئێرەیە[7]
لە ڕوخسارم دەرکەوتووە
تۆ بە ترسی دەزانی  (٢١)
با بڕۆین: ڕێگەی دوور دنەمان دەدا.)
بەم جۆرە خۆی چوو و منیشی بردە ناو
ئەڵقەی یەکەمی[8] دەوری بیرازەکە.  (٢٤)
ئەوەی بیستم[9]
گریان نەبوو، تەنیا هەنسک و نزگرە بوو
هەوای جاویدانیی دەلەرزاندەوە.   (٢٧)
ئەمە لە ئازاری [10]

ئەو حەشیمەتە گەورەوە دەهات
کە خڕ منداڵ و ژن و پیاو بوون. (٣٠)
مامۆستای خاسم پێی گوتم:
(تۆ ناپرسی[11] ئەو ڕۆحانەی دەیانبینی، کێن؟
حەزدەکەم بەرلەوەی لێرە تێبپەڕین، بیانناسی (٣٣)
ئەمانە بێگوناه بوون و ئەگەر چاکەیشیان هەبووبێ.
لە تێری نەبووە! ئەمانە ئاوەمۆر نەکراون[12]
ئاوەمۆر[13] دەرگایە بۆ ئەو ئیمانەی تۆ بڕوات پێ هەیە. (٣٦)
ئەمانە پێش ئایینی مەسیح ژیاون.
وەکو پێویست خوایان نەپەرستووە.
من خۆیشم یەکێکم لەمانە. (٣٩)
هەر لەبەر ئەمەیە، نەک لەبەر هیچ گوناهی تر
ئێمە بە فەتارەت چووین و تاکە ئازارمان ئەوەیە:
بە ئارەزوو، بەڵام بە بێهیوا،[14] دەژیین.) (٤٢)
کە ئەمەم بیست خەمێکی گەورە دڵی داگرتم:
چونکە زانیم پیاوی گەورە[15]
لەناو ئەم ئەڵقەیە بەسەر دەبەن (٤٥)
حەزم کرد لەو ئیمانە دڵنیا بم
کە هەموو چەوتییەک تێکدەشکێنێ،
گوتم: (پێم بڵێ مامۆستای من، پێم بڵێ گەورەم : (٤٨)
ئایا قەت کەس، بە شایستەیی خۆی،
یان خەڵکی دی، لێرە دەرچووە بۆ ئەوەی بەختەوەر بێ[16]؟)
ئەویش کە گوێی لە قسە بەتوێکڵەکانم بوو، (٥١)
وەڵامی دامەوە: (من تازە کەوتبوومە ئەم دۆخە،[17]
دیم دەسەڵاتدارێک[18] هات
تاجی سەرکەوتنی[19] بەسەرەوە بوو. (٥٤)
ڕۆحی باپیرەی یەکەم[20] و ئابێلی[21] کوڕی و
ڕۆحی نووح[22] و ڕۆحی موسای[23]

یاسادانەر[٢٤] و فەرمانبەرداری برد. (٥٧)
ڕۆحی ئیبراهیم خەلیل[٢٥] و داود پاشا[٢٦]
ڕۆحی ئیسرائیل[٢٧] و باوکی و کوڕەکانی و
ڕۆحی ڕاکێلی[٢٨] برد و زۆر شتی بۆ کرد. (٦٠)
زۆر ڕۆحی تریش. هەمووی بردن بۆ ئاسمان.
دەمەوێ بزانی بەر لەمانە
ڕۆحی هیچ بەشەرێک لێرە دەرباز نەبووە.)[٢٩] (٦٣)
ئەو قسەی دەکرد و ئێمەیش دەڕۆیشتین
بەناو لێڕدا تێدەپەڕیین
مەبەستم ئەو لێڕە چڕ و تاریکەیە (٦٦)
تازە نەختێ لە جێگەکە
دوورکەوتبووینەوە، ئاگرێکم بینی
نیوەی تاریکستانی ڕووناککردبووەوە. (٦٩)
هێشتا دوور بووین،
بەڵام دەمتوانی تا ڕادەیەک بزانم
ئەمە جێگەی مرۆڤی خانەدانە: (٧٢)
ئای تۆ، کە ڕێزی زانست و هونەر دەگریت،[٣٠]
ئەو خەڵکانە کێن، لێرە ئەو جۆرە شەرەفەیان پێدراوە،
کە لە هەموو خەڵکی دی جیایان دەکاتەوە؟ (٧٥)
ئەویش پێی گوتم[٣١]: (ناوبانگی ئەمانە
کە ئێستایش لە ژیانی تۆدا دەزرنگێتەوە،
شەرەفێکی وای لە ئاسمان پێداون و جیای کردوونەتەوە) (٧٨)
لەو کاتەدا، دەنگێکم کەوتە بەرگوێ:
(ستایشی شاعیری هەرەگەورە بکەن،
ئەو ڕۆحەی لەکنمان ڕۆیشتبوو، هاتووەتەوە.) (٨١)
کە دەنگەکە بڕا و کپبووەوە،
چوار تارمایی گەورە بەرەو ڕوومان هاتن.
ڕوخساریان نە شاد و نە غەمبار بوو[٣٢]. (٨٤)

مامۆستای خاسم پێی گوتم: (چاو دێ
ئەوەی شیری بە دەستەوەیە[٣٣] و
وەکو پاشا پێش سێکەی دی کەوتووە، (٨٧)
ئەمە (ئۆمیرۆ)[٣٤]ی شاعیری میری شاعیرانە.
ئەوەی دوای ئەو (ئۆراتسیۆ)ی[٣٥] گاڵتەبازە.
سێیەم (ئۆڤیدیۆ)[٣٦]یە و ئەوەی هەرەدواوە (لوکانۆ)[٣٧]یە. (٩٠)
لەبەر ئەوەی هەموویان نازناویان وەکو منە
کە ئەوەبوو یەکێکیان بە زمان دەریبڕی
جێگەی شەرەفە بۆ من کە لەگەڵ ئەواندام.[٣٨]) (٩٣)
بەم جۆرە، تۆپبوونی قوتابخانەی خواییم[٣٩] بینی
ئەو سەروەری[٤٠] سروودی هەرەباڵایەم[٤١] بینی
کە وەک هەڵۆ بەسەر سەری ئەوانی تردا دەفڕی. (٩٦)
نەختێ بە یەکەوە قسەیان کرد،
ئینجا بە نیشانی سڵاو، ئاوڕیان لە من دایەوە،
مامۆستاکەم بەم پێشوازییە بزەی هاتێ. (٩٩)
لەوەش زیاتر شەرەفیان پێدام[٤٢].
کردمیان بە هاوڕێیەکی خۆیان و
بووم بە شەشەمین کەس لەم دانایانە. (١٠٢)
بەم چەشنە، تا بەر ڕووناکییەکە ڕۆیشتین.
قسەمان لە هەندێ شت کرد، نەکردنیان باشتربوو،
بەڵام ئەوسا کردنیان باشبوو. (١٠٥)
گەیشتینە ژێر (قەڵایەکی مەزن)[٤٣]
حەفت شوورەی بڵندی بە دەورەدا کرابوو و
جۆگەیەکی جوان پارێزگاریی لێ دەکرد (١٠٨)
وەکو عەردێکی پتەو بەسەریدا پەڕینەوە.
لەگەڵ داناکان لە حەفت دەرگا چوومە ژوورەوە.
گەیشتینە چەمەنزارێکی تەڕ و سەوز (١١١)
خەڵکانێکی چاونەرم و سەنگینی تێدابوو.

سیمای دەسەڵاتی گەورەیان پێوەبوو.
کەمدوو بوون، بەڵام بە زمانێکی شیرین دەدوان. (١١٤)
بەم جۆرە بەسەر شوێنێ کەوتین.
جێیەکی بەرز و ڕووناک و کراوە بوو.
لەوێ، دەمانتوانی هەموویان ببینین. (١١٧)
لە بەرامبەرمانەوە، لەسەر مینای سەوز،
ڕۆحی جوامێرەکانیان نیشاندایین
من بە دیتنیان لە ناخەوە هەڵکشام. (١٢٠)
(ئیلێترا)م[٤٤] لەگەڵ هەندێ هاوڕێی خۆیدا بینی،
لەوانە، (ئێتتۆر)[٤٥] و (ئینیا)م[٤٦] ناسییەوە،
قراڵیش٤٧یش کە چاوی وەک چاوی باز وا بوو. (١٢٣)
(کامیللا)[٤٨] و (پانتازیلیا)م[٤٩] بینی،
لەو لایشەوە، شا (لاتینۆ)م[٥٠] دی
لەگەڵ (لاڤینا)[٥١]ی کچی دانیشتبوو. (١٢٦)
ئەو (بروتۆ)یەم[٥٢] بینی کە (تارکوینۆ)ی٥٣ بەزاند.
(لوکریتسیا)[٥٤] و (یولیا)[٥٥] و (مارتسیا) و[٥٦] (کۆرنیلیا)م[٥٧] بینی.
لەولاتریش (سەلادینۆ)م[٥٨] دی بە تەنیا بوو. (١٢٩)
نەختێ زیاتر چاوم هەڵبڕی،
مامۆستای زانایانم[٥٩] بینی،
لەناو کۆمی فەیلەسووفان دانیشتبوو. (١٣٢)
هەموو بە ڕێزەوە چاویان تێ بڕیبوو
یەکەم جار (سۆکرات) و (پلاتۆن)م دی
لە پێش ئەوانی تر بوون و زۆر لەوەوە نزیک بوون (١٣٥)
ئینجا (دیمۆکریتۆ)[٦٠] کە دونیای خستە ژێر ڕکێفی ڕێکەوت،
(دیۆجینێس) و[٦١] (ئاناسساگۆرا)[٦٢] و (تالی)،[٦٣]
(ئەمپیدۆکلێس)[٦٤] و (ئیراکلیتۆ)[٦٥] و (زینونی).[٦٦] (١٣٨)
داڕێژەری خەسیەتەکانی ڕووەکم بینی،
مەبەستم (دیاسکۆریدێ)یە،[٦٧] ئینجا (ئۆرفیو)[٦٨] و

(تولیۆ)[٦٩] (لینۆ)[٧٠] و (سینیکا)[٧١]ی ڕەوشتپەروەرم بینی. (١٤١)
(یوکلیدی)ی ئەندازەزان و (تۆلۆمیۆ)،
(بیۆکراتی)[٧٤] و (ئەڤیچچینا)[٧٥] و (گالینۆ)،[٧٦]
(ئاڤیرۆیس)ی[٧٧] خودان لێکدانەوەی بەرزم بینی. (١٤٤)
بۆم ناکرێ بە تەواوی ناوی هەموویان بێنم٧٨
هۆنراوە درێژەکەم زۆر فشارم بۆ دێنێ و
زۆر جار وشەم دەرەقەتی بابەتەکە نایە. (١٤٧)
تاقمی شەش کەسی[٧٩] کەم بووەوە، بۆ دوو:
ڕابەری دانام بە ڕێیەکی تریدا بردمی.
لە ئارامی دەرچووین و کەوتینە ناو فەزایەکی لەرزان.[٨٠] (١٥٠)
گەیشتمە شوێنێ تروسکەی ڕووناکیی تێدا نەبوو. (١٥١)

## پەراوێزەکانی سروودی چوارەم

١. ئەم سرووودە، سرووودی ئاوەمۆر نەکراوەکانە، یان سرووودی (لیمبۆ)یە.

٢. هەندێ دەڵێن ئەم هەورەتریشقەیە دوای ئەو برووسکەیە هاتووە کە دانتی لە کۆتایی سرووودی پێشوودا باسی دەکا و هەندێ دەڵێن مەبەستی هاتوهاواری جەفاکێشەکانە.

٣. مەبەست ناڵەناڵ و کڕووزانەوەی دۆزەخییانە.

٤. لەبەر قووڵی و تاریکیی دۆزەخە.

٥. ڤیرجیلیۆ لەبەر جەفاکێشەکانە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە.

٦. ئەم گومانەی دانتی ترسی لێ دەکەوێتەوە. کە دانتی هەستی کرد ڤیرجیلیۆ ترساوە، ئەویش دڵی داخورپا و ترس و گومان دایگرت.

٧. مەبەستی ڕۆحەکانی ناو (لیمبۆ)یە. ئەمە ئەڵقەی یەکەمی دۆزەخە.

٨. ئەمە (لیمبۆ)یە. شوێنی ئاوە مۆرکراوانە. دانتی لەبارەی شوێن و دەوری (لیمبۆ) لە دۆزەخدا، ڕای لەگەڵ تۆمای ئەکوینی جیایە. تۆمای ئەکوینی لیمبۆی بە جێگەیەکی نزیک دۆزەخ داناوە، نەک بە بەشێکی دۆزەخ.

٩. ناو دۆزەخ تاریک بوو، چاو چاوی نەدەدی، بۆیە تەنیا بە بیستن دەیانزانی چ هەیە و چ نییە، نەک بە بینین!

١٠. واتە: ناڵەناڵەکە لەبەر ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی نەبوو، بەڵکو لەبەر ئێش و ئازاری دەروونیی بوو.

١١. مەبەست ئەوەیە ئەقڵ و مەنتیقی مرۆڤ (کە لێرە، لە ڤیرجیلیۆدا بەرجەستە بووە) پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی گومان بڕوا و یەقین بێ.

١٢. ئەمانە ئاوەمۆرنەکراون، چونکە: یان بە کۆرپەیی، پێش ئاوەمۆرکران مردوون، یان پێش هاتنی مەسیح مردوون و دەستووری ئاوەمۆریان نەزانیوە، یان لە سەردەمی مەسیح و دوای مەسیح هاتوون، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ ئاوەمۆر نەکراون.

١٣. مەبەست ئاوەمۆری مەسیحییە. بەپێی ئایینی مەسیحی هیچ کەسێ بەبێ ئاوەمۆر، بە ڕەسمی نابێ بە مەسیحی، هەر وەکو لە ئیسلامەتیدا، هیچ کەسێ بێ شەهادەهێنان بە خوا و پێغەمبەر، کە ڕوکنی یەکەمە، نابێ بە موسڵمان.

١٤. مەبەستی ئەوەیە، لەبەر ئەوەی لیمبۆ بەشێکە لە دۆزەخ، ئەوانەی لە (لیمبۆ)یشن نووسینی سەر دەرگای دۆزەخ دەیانگرێتەوە کە دەڵێ: (ئەوانەی لەم دەرگایە بێنە ژوورەوە، دەبێ دەست لە هەموو ئومێدێک بشۆن.) لێرەدا مەبەست لە

ئومێد، ئومێدی نزیکبوونەوەیە لە خودا. بە ئارەزوویەکی بێئومێد: واتە ئارەزوویەکی زۆرمان هەبێ و لە هەمان کاتدا بێئومێد بین لەو ئارەزووانە.

١٥. مەبەست پیاوە گەورەکانی دونیای کۆنە کە بەر لە مەسیح هاتوون و مردوون.

١٦. دانتی پێشتر بیستبووی کە مەسیح یەک جار چووەتە دۆزەخ، ئەویش بۆ ئەوەی ڕۆحی ژمارەیەک لە مرۆڤە بەرز و ناودارەکان و پێغەمبەرەکانی پێش خۆی لە دۆزەخ بێنێتە دەرێ، بەڵام بە ئەنقەس پرسیار لە ڤیرجیلیۆ دەکا بۆ ئەوەی ڤیرجیلیۆ ئەمەی بە تەواوی بۆ ڕوون بکاتەوە.

١٧. ڤیرجیلیۆ (١٩) ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح مردبوو. کە مەسیح مرد، ڤیرجیلیۆ دەوری پەنجا ساڵ بوو لە دونیادا نەمابوو.

١٨. ئاماژەیە بۆ عیسای مەسیح. جێی سەرنجە دانتی لە سەرانسەری دۆزەخدا، هەوڵی داوە ناوی مەسیحی بەسەر زاردا نەیە، بۆیە هەموو جارێ بە درکە و ئاماژە باسی دەکا.

١٩. نیشانەی پیرۆز، نیشانەی خاچە و تاج ڕەمزی شەهیدبوونی مەسیحە.

٢٠. مەبەست ئادەمە کە باوکی هەموو مرۆڤە. دانتی بردوویەتە بەهەشت.

٢١. مەبەست قابیلی کوڕی دووەمی ئادەمە کە هابیلی برای خۆی کوشت (وقتل قابیل هابیل).

٢٢. مەبەست نووح پێغەمبەرە. تۆفانی گەورە لە سەردەمی ئەو هەستا. دانتی بردوویەتە بەهەشت.

٢٣. مەبەست موسای پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلیانە، دانتی بردوویەتە بەهەشت.

٢٤. مەبەست دانەری یاسای بەنی ئیسرائیلییەکانە کە بە دە تابلۆ بەناوبانگە.

٢٥. ئیبراهیم، کە ویستی بەپێی قورئان ئیسماعیل و بەپێی تەورات ئیسحاق بکاتە قوربانی.

٢٦. داود پاشای بەنی ئیسرائیلیان بوو.

٢٧. ئیسرائیل: یاقووب پێغەمبەرە. دوازدە کوڕی هەبوو، بوون بە سەرۆکی دوازدە هۆزی ئیسرائیلیان.

٢٨. ڕاحیل: کچی (لابان) و خێزانی دووەمی یاقووب و دایکی یووسف و بنیامین بوو. یاقووب، بۆ ئەوەی (لابان)ی باوکی ڕاحیل، ڕاحیلی بداتێ، چواردە ساڵ خزمەتی کرد. یەکەم جار بە حەفت ساڵ ڕێککەوتن، کە حەفت ساڵەکە تەواوبوو، یاقووب بە لابانی گوت ئەوە شەرتەکەم تەواوبوو، بێنە ڕاحیلم بدەرێ خێزانێک پێکەوە بنێین، بەڵام (لابان)، ڕاحیلی نەدایە، (لەبە)ی کچی پێشکەش کرد. بەیانی یاقووب چووە لای

لابان و گوتی: ئەوە تۆ چت پێ کردووم. من بۆ ڕاحیل حەفت ساڵ خزمەتم کردی، کەچی تۆ فریوت داوم، (لەبە)ت داومەتێ! لابان گوتی: حەفتەیەک لەگەڵ ئەمە بە، پاشان ئەویشت پێشکەش دەکەم، بەڵام دەبێ حەفت ساڵی تریش خزمەتم بکەی. یاقووب ناچار بوو حەفت ساڵی تر خزمەتی لابانی کرد و ڕاحیلی هێنا.

٢٩. واتە: بەر لەوەی عیسا بە شەهیدبوونی خۆی گوناهی مرۆڤ بسڕێتەوە، هیچ کەسێ شایەنی ئەوە نەبوو بەر ڕەحمەتی خوا بکەوێ، بۆیە بەپێی بڕوای مەسیحییەت تا ئەو کاتە هیچ کەسێ نەچووەتە بەهەشت.

٣٠. مەبەست ڤیرجیلیۆیە کە بە بەرهەمەکانی خزمەتێکی زۆری کردووە. دانتی لە سرووودی (٧)ی دۆزەخدا وا باسی ڤیرجیلیۆ دەکا کە گەورەیەکە هەموو شتێ دەزانێ. واتە هەم شارەزای زانستەکانە و هەم ئەدەب و هونەر، جارێکیش بە دەریای زانستان (بحر العلوم) قسەی لەگەڵ دەکا.

٣١. ئەمە قسەی یەکێ لە ڕۆحەکانە. دانتی ناوی نەهێناوە. دانتیناسەکان دەڵێن ڕەنگە ئەمە ڕۆحی هۆمیروس بێ. ڕۆحەکە ئەم قسەیە لەبارەی ڤیرجیلیۆوە دەکا کە پێش ماوەیەک لای ئەوان ڕۆیشت و ئێستا وا هاتووەتەوە. بێگومان ڤیرجیلیۆ بۆ ڕزگارکردنی دانتی چووبوو کە کەوتبووە ناو لێڕی تاریک و جانەوەرەکان ڕێی دەرچوونیان لێ گرتبوو.

٣٢. واتە: ئەوانیش چارەنووسیان وەکو چارەنووسی هەموو ڕۆحەکانی ناو ئەم بەشەی دۆزەخ وایە.

٣٣. ئەوەی شمشێری بەدەستەوەیە مەبەست هۆمیرۆسە کە بەهۆی داستانی ئیلیادە نازناوی شمشێرداریان پێدابوو.

٣٤. ئۆمیرۆ-Omero (بە لاتینی هۆمیروس-Homerus): گەورەترین و کۆنترین شاعیری یۆنانییە. لە سەدەی (٩ پ.ز)دا ژیاوە. خاوەنی دوو داستانی زۆر گەورە و ناودارە: (ئەلیادە و ئۆدیسە). باسی شەڕوشۆڕ و گیانبازیی پاڵەوانە گەورەکانی ئەو سەردەمەن. خودانەکانی یۆنانیانیش لەم شەڕانە بەشداری دەکەن. هەندێ دەڵێن هۆمیروس کوێربووە و بەدەم ڕەبابەکەیەوە بە وڵاتدا سووڕاوەتەوە و ئەم داستانانەی بە گۆرانی بۆ خەڵک گێڕاوەتەوە.

٣٥. ئۆراتسیۆ-Orazio (بە لاتینی کوینتوس هۆراسیوس- Quintus Horatius)، هۆراس: شاعیری گەورەی ڕۆمانیایە (٦٥-٨پ.ز). یەکێکە لە سێ شاعیری گەورەی ڕۆمانی. شیعری لیریکی و گاڵتەجاڕیی هەیە. کتێبێکی لەبارەی هونەری شیعرەوە هەیە بۆ بنەماڵەی بیزۆی نووسیوە. ئەم کتێبە کراوە بە کوردی (هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێڕانی: حەمید عەزیز، بەغدا، ١٩٨٠).

٣٦. ئوڤیدیۆ Ovidio (بە لاتینی ئۆڤیدیوس Ovidius)، ئۆڤید: شاعیری گەورەی ڕۆمانییە (٤٣پ.ز-١٧ز) خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (داگۆڕان Metamorphosis) و (هونەری دڵداری)یە. دانتی لە زۆر جێگەی کۆمیدیادا سوودی لە وێنە و بابەتەکانی (داگۆڕان) وەرگرتووە.

٣٧. لوکانۆ Lucano (بە لاتینی لوکانوس Morcus Annaeus Lucanus) شاعیرێکی ناوداری ڕۆمانییە (٢٩-٦٥). خاوەنی داستانی (فارسالیا Pharsalia)یە. دانتی ئەم داستانەی بە وردی خوێندووەتەوە و زۆر سوودی لێ وەرگرتووە بۆ کۆمیدیاکەی.

٣٨. ئەمە نیشانەی خاکێتی و بێفیزیی ڤیرجیلیۆیە. ئەو ڕێزەی هۆمیروس لێیناوە بە هی هەموو هاوڕێکانی خۆی دەزانێ. شانازی دەکا کە یەکێ بێ لەوانە.

٣٩. ئاماژەیە بۆ قوتابخانەی هۆمیروس کە پێی دەگوترێ قوتابخانەی جوانی، چونکە هونەر جوانییە.

٤٠. مەبەست هۆمیروسە، کە هەموو شاعیرە گەورەکانی ڕۆژاوا خۆیان بە شاگردی قوتابخانەکەی ئەو دەزانن.

٤١. سرووودی هەرە باڵا: ئەلیادە. بابەتی ئیلیادە توورەیی ئەخیلوسە لەو سووکایەتییەی ئەگامەمنوونی سوپاسالاری یۆنانی پێی کرد و ئەو ئەنجامانەی لەو توورەبوونەوە کەوتنەوە:

پاریسی کوڕی پریامی پاشای تەڕوادە، چوو هیلینای ژنی مینیلاوسی ئەسپرتەی هەڵگرت. یۆنانییەکان بە سەرۆکایەتیی ئەگامەمنوون لەشکرکێشییان کردە سەر تەڕوادە و دە ساڵ ئابڵووقەیان دا. لەو شەڕە درێژخایەنەدا خودانەکانی یۆنانییەکانیش بەشدار بوون. بوون بە دوو بەشەوە، هەر هەندێکیان خۆیان دایە پاڵ لایەک. داستانەکە باسی چەند ڕۆژێکی کۆتایی ساڵی دەیەمی شەڕەکە دەکا:

ئەگامەمنوون، (کریزیس)ی کچی قەشەیەکی ئەپۆلۆ بە دیل دەگرێ. ئەمە وا دەکا نەخۆشیی چاوقوولکە (تاعوون) بەناو لەشکری یۆناندا بڵاوببێتەوە.

ئەگامەمنوون ڕازی دەبێ ئەو کچە بەخسیرە ئازاد بکا، بە مەرجێ لەباتی ئەمە ئەخیل (بریزیس)ی بداتێ کە ئەویش کچێ بوو و ئەخیل بە دیلی گرتبوو و بۆ خۆی گلی دابووەوە. ئەخیل توورە بوو. بە خۆی و بە (باترۆکلوس)ی هاوڕێی و سەربازەکانی، لە شەڕ کشایەوە. لەشکری یۆنانییەکان بەرەو بێهێزی هات و یەک لەدوای یەک شکستی هێنا. ئەگامەمنوون ددانی بە هەڵەی خۆیدا نا و ناردی بۆ لای ئەخیل لەگەڵیدا ئاشتببێتەوە، بەڵام ئەخیل کانێسەستوور بوو، لەگەڵیدا پێک نەهاتەوە. لەولاوەش یۆنانییەکان هەر لە شکستدا بوون. (باتروکلوس)ی هاوڕێی ئەخیل لە خۆی

تەریقبووەوە کە ئاوا دەستەپاچە دابنیشێ و سەیری شکستی لەشکرەکەیان بکا، ئەوەبوو چوو ڕوخسەتی لە ئەخیل خواست ئیزنی بدا بچێتە شەڕ. ئەخیل ئیزنی دا و چەکی خۆیشی دایێ. باترۆکلوس چووە شەڕ. یۆنانییەکان گڕوتینیان هاتەوە بەر و تەڕوادەییەکانیان شکاند، بەڵام هیکتۆری کوڕی پریام پاشا، باترۆکلوسی کوشت. کە ئەخیل ئەمەی بیست لە خەفەتی هاوڕێکەی شێت و هار بوو. هەموو تووڕەیی پێشووی لە بیر چووەوە. لەگەڵ ئەگامەمنوون ئاشتبووەوە و چووە مەیدانی شەڕ بۆ ئەوەی تۆڵەی خوێنی هاوڕێ ئازیزەکەی بکاتەوە. هیکتۆری کوشت و لاشەکەی بێ خێر کرد و ویستی فڕێی بداتە بەر سەگان، بەڵام پریام پاشا، بە ڕدێنی سپییەوە هاتە ڕجایێ و تکای لە ئەخیل کرد جەنازەی کوڕەکەی بداتەوە.

ئەم داستانە بە دووروردرێژی باسی تەڕوادەییەکان دەکا لە کاتی ئابڵووقەدا، باسی سوارچاکی و ئازایەتیی پاڵەوانەکانی هەردوو لا دەکا، باسی بەشداریی خودانەکان دەکا، هەندێ دیمەنی زۆر کاریگەر دەخاتە پێش چاو کە بەرد دەتوێنێتەوە، وەکو:

دیمەنی هیکتور پێش ئەوەی بچێتە شەڕو بکوژرێ، ئەندروماکی ژنی دەلاوێنێتەوە و کوڕەکەی ماچ دەکا و دەستی بەسەردا دێنێ، یان دیمەنی هیلینا چەند پەشیمانە کە بە دوو کەوتنەکەی، ئەم هەموو نەهامەتییەی بەسەر گەل و وڵاتەکەی هێنا، چۆن سووکایەتی بە پاریس دەکا کە تەفرەی دا و ئەو بەزمەی نایەوە.

هەروەها دیمەنی جەرگبڕی پیرەمێردێکی وەک پریام پاشا و پیرەژنێکی وەک هیکوبای شاژنی تەڕوادە کە یەک لەدوای یەک منداڵەکانیان لەبەر سک هەڵگیرا و تووشی زگسووتان هاتن.

٤٢. لە ڕووی مێژوویییەوە هەق بە لای دانتیدایە. دانتی شایەنی پایەیەکی لەوەش بەرزترە، بەڵام کە خۆی وا دەڵێ ئەمە جۆرە باییبوونێکە. دانتی لە بەرزەکدا (سروودی ١٣) ترسی ئەوەی هەیە بە تاوانی باییبوون ماوەیەکی زۆر لە بەرزەکدا بمێنێتەوە.

٤٣. ئەم قەڵایە وەکو زۆربەی شتەکانی ناو کۆمیدیا لایەنی ڕەمزیی خۆی هەیە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە. باوترینیان ئەوەیە دەڵێ ئەم قەڵایە ڕەمزی فەلسەفەیە بە شووراکەی سروشت و ئەودیو سروشت و ڕەوشت و سیاسەت دەورەدراوە. حەفت شووراکەی دەوری ڕەمزی حەفت زانست و حەفت هونەری جوانە، وەکو: گوتاربێژی و ئەندازە و مۆسیقا و ئەدەب و... ئەم قەڵایە کە قەڵای فەلسەفەیە سەرلەبەری زادەی بەهرە و بلیمەتیی مرۆڤە، ڕووناکییەکی سەربەخۆی

هەیە، ئەم قەڵایە لەناو تاریکستاندا، دۆزەخ ڕووناک دەکاتەوە، بەڵام ڕووناکییەکە کزە، ئەو ڕووناکییە نییە کە لە خۆرەوە دێ و نیشانەی پەرتەوی خوداییە.

٤٤. ئیلیتیرا Elettera (ئیلیکترا Electra) کچی ئەتلەسی (Atlas) پاشای ئەفسانەیی مەراکیش بوو. خودانی خودانانی یۆنان کردی بە زنجیرەچیای ئەتڵەس و لە سەری کرد هەتاهەتایە گۆی زەوی لەسەر پشتی خۆی هەڵبگرێ. ئەلیکترا کوڕێکی لە جوپیتەری خودای خودانان بوو بە ناوی داردانوس، گوایە بابەگەورەی تەڕوادەییەکان لە نەوەی ئەم داردانوسەیە، بۆیە ڕۆمانەکان خۆیان بە نەوەی ئەلیکترا دادەنێن.

٤٥. ئیتتۆری ettore (هیکتۆر Hectore) کوڕە گەورەی پریام پاشا، یەکێکە لە پاڵەوانەکانی داستانی ئیلیادە. لەو شەڕانەدا ئازایەتییەکی بێوێنەی نواند. ئاخیری بە دەستی ئەخیل کوژرا. هۆمیرۆس و ڤیرجیلیۆ زۆر بە گەورەیی باسیان کردووە و دانتیش لە (لیمبۆ) داینا‌وە و لە بەهەشتیش ناوی هێناوە.

٤٦. ئینیا: مەبەست ئینیاسی پاڵەوانی (ئەنیادە)ی ڤیرجیلیۆیە. بە دامەزرێنەری ڕۆما دادەنرێ.

٤٧. قراڵ: گەورەترین سەرۆکی ڕۆمانەکان بوو. کە چاوی بە چاوی باز دەچوێنێ و دەڵێ چاوی گەورە و زەق و بزبزۆک بوو، ئەمە نیشانەی وریایی و ئاگاداری و ئازاییە.

٤٨. کامیللا Camilla: پەراوێزی سروودی (١)

٤٩. پانتازیلیا-pantasilea: کچی مارس و ئۆرتیرا بوو. بە جوانی و ئازایەتی بەناوبانگ بوو. شاژنی ئەفسانەیی ئامازۆنەکان (ژنە جەنگاوەرەکان) بوو.

ئەمانە لە خوارووی ئاسیای بچووک دەژیان و دوژمنی ڕەگەزی پیاوان بوون. ئەم ئامازۆنانە جەنگاوەری بێسرەوت بوون، بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر وڵاتانی دەوروبەر و تاڵانیان دەکردن. بەشداریی شەڕەکانی تەڕوادەیان کرد. دوای ئەوەی هیکتۆر بە دەستی ئەخیل کوژرا، یارمەتیی تەڕوادەییەکانیان دا.

٥٠. شای لاتینو Re latino: پاشای لاتینو، لاسیۆم، باوکی لاڤینیا بوو. لاتینۆ بەشێکە لە ئیتالیا. وشەی (لاتین) لەوەوە هاتووە و دانتی زۆر جار بۆ ئیتالیا بەکاری دێنێ.

٥١. لاڤینیا Lavinia: کچی لاتینۆ بوو. سێیەم ژنی ئینیاس بوو. باوکی بەڵێنی دابوو بیدا بە (تورنوس)ی پاشای (ڕوتولی)یەکان، بەڵام پاشان دای بە ئینیاس و ئەمە بوو بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان تورنوس و ئینیاسدا!

٥٢. بروتۆ Bruto: لوسیوس بانیوس بروتیوس: کونسولی ڕۆمانیا بوو، تارکوینیوسی بایی و لووتبەرزی لە ڕۆما دەرکرد و ڕژێمی کۆماریی ڕاگەیاند.

٥٣. تارکوینۆ Tarquino (لوچیوس تارکوینیوس Lucius Tarquinius) 534-510)پ.ز). دوا پاشای ڕۆمانیا بوو. زۆر بایی و زۆردار و ستەمکار بوو. بروتوس لای دا و حوکمی دیکتاتۆری گۆڕی بە کۆماری.

٥٤. لوکریتسیا Lucrizia: ژنی کولاتینوسی کونسولی ڕۆم و هاوکاری بروتوس بوو. تارکین ویستی پڕی بداتێ، شەڕێکی گەورەی لەسەر قەوما.

٥٥. یولیا Julia: کچی یولیوس قەیسەر بوو. مێردی بە (پومپی)ی کونسولی ناسراوی ڕۆما و ناحەزی قەیسەر کرد.

٥٦. مارتسیا Marzia (مارسیا): کچی مارکیوس فیلیپوس و ژنی کاتونی سیناتۆری ڕۆمانیا بوو. ساڵی ٤٦پ.ز لە داخی نەمانی دیکتاتۆریەتی قەیسەر، خۆی کوشت.

٥٧. کۆرنیلیا Corniglia: کچی شیپۆنی ئەفریقایی و ژنی تیبریوس کراکوس و دایکی دوو برای ئاییبنی ناودار بوو: تیریوس کراکوس کایوس، کرکاکوس کە لە سەردەمی کۆماریی ڕۆمانیادا، دەوری سیاسیی بەرز و گرنگیان هەبوو.

کورنیلیا ڕەمزی دایکی ڕۆمانییە لە کۆمەڵی کۆندا، بە داوێنپاکی و خواپەرستی بەناوبانگ بوو.

٥٨. سەلادینۆ: سەلاحەدینی ئەییوبی (١١٣٧-١١٩٣ز) دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیووبی بوو لە میسر و شام. پاڵەوانی یەکەمی شەڕی دژی خاچپەرەوەران بوو. لە شەڕی (حەتین) گەورەترین زەبری لێدان. مەسیحییەکان بە چاوێکی گەورەوە سەیری ئازایەتی و شۆڕەسواری و دڵگەورەیی سەلاحەدینیان دەکرد. دانتی کە سەلاحەدینی لە لیمبۆ داناوە، مانای وا نییە بێڕێزیی بەرامبەر کردووە و بە تاوانباری داناوە، بە پێچەوانەوە زۆری لا گەورە بووە، بۆیە لە لیمبۆی داناوە کە جێگەی زانا و دانا و فەیلەسووف و پاڵەوان و گەورەپیاوانی مێژووە. دانتی خۆزگەی دەخواست خۆی یەکێ بێ لەوان و لەناو ئەواندا بێ. تەنیا لەبەر ئەوە سەلاحەدینی لەوێ داناوە، چونکە سەلاحەدین موسڵمانە و بەپێی دابی مەسیحی ئاوەمۆر نەکراوە.

٥٩. مەبەست ئەرەستۆیە (٣٨٤-٣٢٢پ.ز)، بە مامۆستای یەکەم و مامۆستای دانا و مامۆستای هەموان ناسراوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە مامۆستای هەموو زانا و داناکان دادەنرا.

ئەرەستۆ قوتابیی ئەفلاتوون و مامۆستای ئەسکەندەر بوو. کتێبخانەیەکی گەورەی دەستنووس و باخچەیەکی گەورەی ئاژەڵانی هەبوو، بۆ خوێندنەوە و

لێکۆڵینەوەی زانستی. بەرهەمی لە بواری ڕەوشت و سیاسەت و سروشت و ئەدەبدا هەیە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر جێی سەرنج و خوێندنەوە بوو. ئیمپراتۆر فردیکی دووەم هەندێ لە بەرهەمەکانی لە عەرەبییەوە کرد بە لاتینی. دانتی لە (بانگێشت)دا ناوی ناوە مامۆستای فەیلەسووفان و مامۆستای ئەقڵی مرۆڤ و فەیلەسووفی پایەبەرز. لە زۆر شوێنی کۆمیدیادا ئاماژەی بۆ خۆی و بۆ بەرهەمەکانی کردووە، بە تایبەتی لە تاوان و سزادا سوودی زۆری لە کتێبی ڕەوشتناسی ئەرەستۆ وەرگرتووە.

٦٠. دیمۆکریتۆ Dimocrito (دیمۆکریتیس) (٤٦٠-٣٦١پ.ز) فەیلەسووفێکی گەورەی یۆنانی بوو. بڕوای وا بوو دونیا هەر بە ڕێکەوت لە ئەنجامی پێککەوتن و کەرتبوونی گەردیلە پەیدابووە.

٦١. دیۆجینیس Diogenes 404-325پ.ز: فەیلەسووفێکی گەورەی یۆنانی بوو. ڕقی لە چێژ و خۆشیی دونیا دەبووەوە. عەوداڵی ڕاستی بوو. چیرۆکی گفتوگۆی نێوان ئەم و ئەسکەندەر باوە.

٦٢. ئاناسساگۆرا Anassagora (ئاناگزاگۆراس) (٥٠٠-٤٢٨پ.ز): فەیلەسووفێکی گەورەی یۆنانی بوو. مامۆستای (پریکلس)بوو. بڕوای بەوە هەبوو کە یەک عەقڵ حوکمی هەموو دونیا و گەردوون دەکا.

٦٣. تالی Tale (تالیس 639-546) (Thales): فەیلەسووف و بیرکاریزانێکی گەورەی یۆنانی بوو. قوتابخانەی ئایۆنی دامەزراند لە فەلسەفە و بیرکاریدا. بڕوای وا بوو کە ئەسڵی وجوود ئاوە.

٦٤. ئیمپیدۆکلیس Empedocles 490-430پ.ز، فەیلەسووفێکی سەقلی بوو. بڕوای وا بوو کە وجود لە چوار ڕەگەز پێکهاتووە: ئاو، خاک، ئاگر، هەوا.

٦٥. ئیراکلیتۆ Eraclito (هیراکلیتس Heraclitus) (دەوری ٥٠٠پ.ز مردووە). فەیلەسووفێکی یۆنانی بوو، بڕوای وا بوو ئەسلی وجوود ئاگرە.

٦٦. زینۆنی Zenone (زینۆن) فەیلەسووفێکی گەورەی یۆنانی بوو. دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕواقیەیە.

٦٧. دیۆسکۆریدی Dioscoride (دیوسکوریدیس) (لە سەدەی یەکەمی پ.زدا ژیاوە). پزیشکێکی یۆنانی بوو. کتێبێکی هەیە لەبارەی خەسیەتی جۆرەکانی ڕووەک لە ڕووی دەرمان و چارەسەرکردنی نەخۆشییەوە.

٦٨. ئۆرفیۆ. ئۆرفیس Orphes، ئورفیوس Orpheus) شاعیر و سازندەیەکە لە ئەفسانەی یۆنانیدا. هاوناوی ئورفیوسی خودانی سازی یونانییە. دەڵێن کە سازی لێ دەدا، دار و بەرد و ئاژەڵی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. زەماوەندی لەگەڵ (ئیگریدیس)

کرد، بەڵام ژنەکەی مار پێیەوە دا و مرد. ئۆرفیوس دابەزییە خوارێ بۆ دونیای مردوان، بۆ ئەوەی ژنەکەی بدۆزێتەوە و بیهێنێتەوە. بە سازەکەی کاری لە (پرسینۆن)ی خودانی ئەو دونیا کرد. پرسینۆن ئیگریدیسی زیندووکردەوە و ڕێگەی بە ئۆرفیوس دا بیباتەوە، بەو مەرجەی تا لە دونیای ژێر زەویی ژنەکەی لەدووی دەڕوا، ئاوڕ لە ژنەکەی نەداتەوە، بەڵام ئۆرفیوس لە بیری کرد، یان خۆی پێ نەگیرا، لەپڕ ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە، ژنەکەی ڕۆیشت و هەتاهەتایە نەهاتەوە. خەڵکی (تراکیا) ئۆرفیوسیان کوشت، سەرەکەی بە ئاودا چوو تا گەیشتە دوورگەی (لیسبوس) و لەوێ ناشتیان.

٦٩. ئەمە مارکوس تولیوس چیچیرۆنییە (Marcus Tullius Cicerone 106-43) (پ.ز) گوتاربێژ و نووسەر و فەیلەسووف و سیاسییەکی ڕۆمانی بوو. لایەنگری ئەکادیمیای نوێ بوو. بڕوای بە خوا و بە ئازادیی بیروباوەڕ هەبوو.

٧٠. لینۆ Lino (لینوس Linus): شاعیر و سازندەیەکی ئەفسانەی یۆنانی بوو. مامۆستای ئۆرفیوس بوو.

٧١. سینیکا (لوسیوس ئانایوس سینیکا Lucius Annaeus Seneca) (4پ.ز-٦٥ز): شاعیر و فەیلەسووفێکی ڕۆمانی بوو. لەلەی نیرۆن بوو، هەر بە دەستی ئەویش کوژرا. لەبارەی ڕەوشت و فەلسەفەی نووسیوە و هەندێ تراجیدیشی داناوە.

٧٢. یوکلیدی Euclide (ئیکلیدس Eclidus) (لە سەدەی ٤پ.زدا ژیاوە): بیرکاریزانێکی گەورەی ئەسکەندەریە بوو. لەبارەی بیرکاری و ئەندازە و مۆسیقا و ئاوێنە نووسینی هەیە.

٧٣. تۆلۆمیۆ Tolommeo (کلۆدیوس پتولیموس Claudius Ptolemus) پتلیموس لە سەدەی دووەمدا ژیاوە. جوگرافیزان و ئەستێرەناس و بیرکاریزانێکی میسری بوو. لە ئەستێرەناسیدا، پشتی بە جووڵانەوەی بەرچاوی ئەستێرەکان دەبەست، نەک بە جووڵانەوەی ڕاستەقینەیان. بڕوای وا بوو کە زەوی چەقی هەموو گەردوونە و لە شوێنی خۆی چەسپاوە و ناجووڵێ و هەموو ئەستێرەکان بە دەوری زەویدا دەسووڕێنەوە. بڕوای وا بوو، وشکاتی لەبەر ئەوەی قورسە شوێنی هەرە خوارەوەی گرتووە و ئینجا ئاو و ئاگر و هەوا و ئەسیر بەپێی سووکیی چین لەسەر چین لەسەر وشکاتی جێیان گرتووە. بڕوای وا بوو دوای ئەسیر، هەشت ئاسمان هەن: ئاسمانی مانگ و ئاسمانی عەتارید و ئاسمانی زوهرە و ئاسمانی خۆر و ئاسمانی مەریخ و ئاسمانی مشتەری و ئاسمانی زوحەل و ئاسمانی ئەستێرە چەسپاوەکان، ئینجا ئاسمانی ناوەنجی و ئاسمانی بزوێنەری یەکەم، یانێ ئاسمانی ئاسمانانی بۆ زیاد کرد. دانتی پشتی بە ئەستێرەناسیی پتلیموس بەستووە، چونکە

هەر ئەوە باو و ناسراو بوو تا کۆپەرنیکس و گالیلۆ هاتن و سەلماندیان کە زەوی و چەند ئەستێرەیەکی تر بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە.

٧٤. ئیپۆکراتی Ippocrate (هیپۆکراتس 356-460 (Hippocrates)پ.ز): پزیشکێکی گەورەی یۆنانی بوو. بە باوکی پزیشکی دادەنرێ. شارەزاییەکی زۆری لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیدا هەبوو.

٧٥. ئەڤیسینا Avicenna (حسین عبدالله بن سینا) (٩٨٠- ١٠٣٦ز): فەیلەسووف و پزیشکێکی ئیسلامی بوو. لە بوخارا لەدایک بووە و لە ولاتی فارس ژیاوە. (القانون فی الطب والشفآ) یەکێکە لە بەرهەمە هەرە بەناوبانگەکانی. ڕاڤە و لێکدانەوەی لەسەر بەرهەمەکانی ئەرەستۆ و گالینوس هەیە. بەرهەمەکانی کراون بە لاتینی.

٧٦. گالینو Galieno (کلاودیوس گالینوس -131 (Claudius Gallinus 201ز): پزیشکێکی گەورەی یۆنانی بوو. لە ئەنادۆڵ و ئەسکەندەریە و ڕۆما ژیاوە. نووسینی لە پزیشک و فەلسەفەدا هەیە.

٧٧. ئەڤێرۆس Averroes (محمد بن احمد بن رشد) (١١٢٦-١١٩٨ز): فەیلەسووف و پزیشکێکی ئەندەلووسی بوو. گەورەترین ڕاڤەکار و لێکدەرەوەی بەرهەمەکانی ئەرەستۆیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

٧٨. لە بەشی دووەمی کۆمیدیادا (بەرزەک)، لیستێکی ناوی کەسانی تر هەیە کە لەم ئەڵقەیەی دۆزەخدان (بەرزەک سرووودی ٢٢).

٧٩. مەبەست ئەوەیە: هۆمیرۆس و هوراس و ئۆڤید و لوکانۆ لە شوێنی خۆیان مانەوە، بەڵام ڤیرجیلیۆ و دانتی ڕۆیشتن و لە گەشتی خۆیان بەردەوام بوون.

٨٠. مەبەست ئەو ناڵەناڵ و هاوارهاوارەیە کە بەردەوام ئەم بەشەی دۆزەخی دەهێنایە لەرزە.

***

# سروودی پێنجەم[1]

## ئەڵقەی دووەمی دۆزەخ

## سروودی ئاڵۆشپەرستان، یان سروودی فرانچیسکا

دوو شاعیرەکە شۆڕبوونەوە خوارێ بۆ ناو ئەڵقەی دووەم. ئەمە سەرەتای دۆزەخی ڕاستەقینەیە لای دانتی. لەبەر دەروازەکەدا مینۆسیان بینی کە دادوەری دۆزەخە و گوناهباران لە بەردەمیدا ددان بە گوناهەکانیاندا دەنێن، ئەویش ڕەوانەی ئەو شوێنەیان دەکا کە بۆیان دەشێ. مینۆس نارەزایی دەربڕی بەرامبەر هاتنی دانتی، بەڵام ڤیرجیلیۆ تێیگەیاند هاتنی دانتی بە ئیرادەی باڵایە. دانتی گوێی لە هاتوهاواری ئەو جەفاکێشانە بوو کە لە ژیاندا سۆزیان بەسەر ئاوەزدا زاڵ بووە. سزایان ئەوەیە ڕەشەبایەکی توند لوولیان دەدا. ڤیرجیلیۆ هەندێ جەفاکێشی پیشانی دانتی دا وەکو سەمیر ئەمیس و هیلانە و کلیۆپاترە و تریستانۆ. دانتی دوو کەسی بینی بەیەکەوە دەڕۆیشتن: فرانچیسکا دا ڕیمینی و پاولۆ مالاتستا. دانتی بە ناوی خۆشەویستییەوە داوای لێ کردن بێنە لایەوە. بە پەرۆشەوە هاتن. باسی خۆشەویستیی خۆیان بۆ کرد. دانتی لە داخی کارەساتی ئەو دوو خۆشەویستە بەربووەوە و بوورایەوە.



بەم جۆرە لە ئەڵقەی یەکەم دابەزیمە خوارێ
بۆ ناو ئەڵقەی دووەم، کە تەنگتر و تەسکتر بوو[٢]
بەڵام ئازاری تیژتر و هاواری زیاتر بوو[٣]. (٣)
مینۆس[٤] بە ترسناکی دانیشتبوو ددانی بە جیڕەوە بردبوو.
ئەوانەی دەهاتن، گوناهی هەڵدەسەنگاندن و
حوکمی دەکردن و بە سوڕدانی کلکی حەواڵەی شوێنی خۆی دەکردن[٥]. (٦)
دەڵێن: کە ڕۆحێکی پیس و بەدکار،
دێتە بەردەمی، ددان بە هەموو شتێدا دەنێ،
ئەو گوناهناسەیش (٩)
دەزانێ ئەمە جێگەی چ شوێنێکە لە دۆزەخ.
بیەوێ ڕۆحەکە چەند ئەڵقە بچێتە خوارێ
ئەوەندە جارە کلکی بە دەوری خۆیدا لوول دەدا[٦]. (١٢)
هەمیشە ئاپۆرەیەکی ڕۆحانی لە بەردەمدا وەستاوە
یەک لەدوای یەک بۆ حوکموەرگرتن دەچنە پێش.
دەدوێن و گوێ دەگرن و فڕێدەدرێنە خوارێ (١٥)
مینۆس، کە چاوی بە من کەوت،
ئەرکی گرنگی خۆی لە بیر نەما و پێی گوتم:
(هۆ، تۆ، کە هاتوویتە ئەشکەنجەخانە،[٧] (١٨)
بزانە چۆن دەچیتە ژوورێ و خۆت بە کێ دەسپێری،
بە دەروازەی بەرین تەفرە مەخۆ.[٨])
ڕابەرەکەم گوتی: (بۆ وا هاوار دەکەی؟ (٢١)
ڕێ لە گەشتی چارەنووس[٩] مەگرە.
ئەمە تەقدیر کراوە، لەو شوێنەی هەرچی لێی تەقدیر بکرێ
دێتە دی. زیاتر مەپرسە!) (٢٤)
ئێستا دەنگی شینوشەپۆڕی بەئازار دێ
ئێستا گەیشتوومەتە شوێنێ،
گریانم دێ. (٢٧)
گەیشتمە شوێنێ هیچ ترووسکەی ڕووناکی تێدانەبوو.

وەکو دەریای ژێر گەرداو[١٠] هاشەی دەهات،
کە کەوتبێتە بەر زەبری دوو دژەبا. (٣٠)
گەرداوی دۆزەخ قەت هێور نابێتەوە
ڕۆحەکان ڕادەماڵێ و دەیانبا
تێکیان دەسووڕێنێ و پێکیان دادەدا و تێکیان دەکوتێ. ٣٣
کە ڕۆحەکان دەگەنە بەردەم کەلاوە [١١]
قیژە و ناڵە و ناورانەوەیە
کفر بە نیعمەتی خوا دەکەن. (٣٦)
زانیم ئەم تەرزە ئەشکەنجەیە
هی ئەو گوناهبارە ئاڵۆشپەرستانەیە[١٢]
کە ئاوەز دەخەنە ژێر پێی ئاڵۆش (٣٩)
چۆن ڕیشۆڵە، لە وەرزی سەرمادا، بە کۆمەڵ
لە شەقەی باڵ دەدەن، دەفڕن و تێک دەقژقژێن،
ئەو ڕۆحە گوناهبارانەیش ئاوها، لەملاوە بۆ ئەولا، (٤٢)
لەسەرەوە بۆ خوارەوە، لێدەخوڕێن.
دڵیان بە هیچ ئومێدێک خۆش نییە،
نە ئومێدی ئارامی، نە ئومێدی ئازارێکی سووکتر. (٤٥)
وەک ڕەوە قورینگ، کە بەدەم قیڕژنی ئازارەوە،
بە ڕیزێکی درێژ، بە دوای یەکدا دەفڕن،
ئاوها ئەو ڕۆحە جەفاکێشانەم بینی (٤٨)
بەدەم گەرداوی توندەوە خیزەریان بەستبوو
گوتم: (مامۆستا، ئەمانە کێن؟
کە ڕەشەبا ئاوها پێیاندا دەکێشێ؟) (٥١)
پێی گوتم: (ئەوانەی دەتەوێ
شتێکیان دەرهەق بزانی
یەکەمیان ئیمپراتۆری چەندەها زمان[١٣] بوو. (٥٤)
ئەوەندە لە ئاڵۆش و ڕابواردن نقووم بووبوو
بە دەستوور ڕێی ئاڵۆش و ڕابواردنی دا[١٤]

بۆ ئەوەی خۆی گلەوگازاندەی نەیەتە سەر [١٥] (٥٧)
ئەمە (سەمیر ئەمیس)ە، کە شتمان لەبارە خوێندووەتەوە،
ئەوەبوو شووی بە (نینۆ)[١٦] کرد و بوو بە جێنشینی،
ئەو وڵاتەی گرتە دەست کە سوڵتان[١٧] حوکمی دەکا. (٦٠)
ئەوەی دوای ئەو، ئەوەیە کە لە پێناوی عیشق خۆی کوشت،
خیانەتی لەگەڵ ئێسکوپروسکی (سکیو)[١٨] کرد،
ئەوەی دوای ئەویش، (کلیۆپاترە)ی[١٩] ئالۆشبازە. (٦٣)
سەیری (ئیلینا)[٢٠] بکە، ئەو هەموو
بەڵا و نەگبەتییەی نایەوە! ئاکیلی[٢١] مەزن ببینە،
کە دیماهی، لەگەڵ عیشق کەوتە جەنگ! (٦٦)
(پاریس)[٢٢] و (تریستان)[٢٣] ببینە!
بە قامک هەزاری زیاتر نیشان دام و
ناوی بردن، کە عیشق لەم ژیانەی ئێمەدا ڕاپێچان[٢٤]. (٦٩)
کە گوێم لێبوو دکتۆرەکەم ئاوها
ناوی خانمە دێرین و شۆڕەسوارەکانی هێنا[٢٥]،
خەفەت دایگرتم و خەریک بوو ببوورێمەوە. (٧٢)
دەستم پێکرد: (ئەی شاعیر، پێم خۆشە
قسە لەگەڵ ئەو دوانە بکەم[٢٦]
کە بەیەکەوە دەڕۆن و لەبەر (با)دا سووک دیارن.) (٧٥)
ئەویش پێی گوتم: (کە زیاتر لێمان نزیککەوتنەوە
بە ناوی خۆشەویستییەوە بانگیان کە بێنە لات و
ئەوانیش دێن.) (٧٨)
کاتێ (با) بەرەو لای ئێمەی هێنان،
پێم گوتن: (ئەی ڕۆحی ئازار چێژینە،
ئەگەر لاریتان نییە، وەرن قسەمان بۆ بکەن. (٨١)
وەک جووتە کۆترێکی پەرۆش، کە بە تامەزرۆیی،
باڵیان ڕەپ و ڕاست بکەن و هەوا شەق بکەن و
بەرەو هێلانەی ئارام و خۆش ببنەوە، (٨٤)

دوو ڕۆحەکە ئاوها لەو تاقمەی (دیدۆ)ی تێدا بوو
دابڕان و بەناو هەوای شوومدا بەرەو ڕوومان هاتن،
بە هاواری زۆر بەسۆز کاریان تێکردم:[٢٧] (٨٧)
(ئەی بنیادەمی زیندووی دڵنەرم و میهرەبان،
کە هاتووی لەم دونیا تاریکەدا سەر لە ئێمە بدەی،
کە زەویمان بە خوێنی خۆمان ڕەنگین کرد. (٩٠)
ئەگەر پاشای گەردوون[٢٨] خۆشی بویستینایە
لێی دەپاڕاینەوە بەختەوەرت بکات،
چونکە تۆ بەزەییت بۆ گوناهی گەندەڵمان بزووتووە. (٩٣)
تا (با) ئاوها، کش و ئارام بێ[٢٩]،
هەرچی بتەوێ دەرهەق بە هەرچی بێژی و بژنەوی
گوێ دەگرین و قسەت بۆ دەکەین. (٩٦)
زێدی من لەسەر ڕۆخی ئەو کەنارە بوو
کە (پۆ)ی[٣٠] پێدا دێتە خوارێ و
لەگەڵ جۆگەکانی تر ئۆقرە دەگرێ (٩٩)
خۆشەویستی، کە خێرا خۆی دەخاتە ناو دڵی ناسکەوە[٣١]
دڵە ناسکەکەی لێ سەندم
ئێستایش جەفاکێشی ئەو دەردەم. (١٠٢)
خۆشەویستی، کە بە ناچاری خۆشەویست گیرۆدە دەکا
ئەوەندە چێژی خۆشەویستیی پێدام،
خۆت دەبینی ئێستایش وازم لێ ناهێنێ (١٠٥)
خۆشەویستی بەرەو تاکە مردنێکی بردین
(کاینا)[٣٢] چاوەڕێی بکوژەکەمان دەکا)٣٣
ئەمەبوو ئەو قسانەی لێمان بیستن.[٣٤] (١٠٨)
کە گوێم لەم ڕۆحە زامدارانە بوو،
سەرم دانەواند و هەڵمنەبڕی تا شاعیر پێی گوتم:
(ئەوە بیر لە چ دەکەیتەوە؟) (١١١)
دەستم پێکرد، وەڵامم دایەوە:
(ئای چ بیرێکی شیرین و چ ئارەزوویەک

ئەوانەی بەم مەرگە پڕ ئازارە سپاردووە؟ (١١٤)
ئاورم لە ڕۆحەکان دایەوە و دەستم پێکرد
پێم گوتن: (فرانچیسکا، ئازار و ئەشکەنجەی تۆ
بە کول و کوڤان دەمخاتە گریان. (١١٧)
لێ بەڵێ پێم بڵێ: لە سەردەمی هەنسکی شیرین،
خۆشەویستی چۆن و بە چ ڕەوشێک وایکرد
ئارەزووی بەرشکتان ببزوێ؟) (١٢٠)
ئەویش گوتی: (دەرد لەوە سەختتر نییە[٣٥]
کە لە تەنگانەدا، یادی ڕۆژگاری بەختەوەریی بکەیتەوە!
دکتۆری[٣٦] تۆش ئەمە دەزانێ. (١٢٣)
جا ئەگەر زۆر حەز دەکەی،
لە یەکەم ڕەگی خۆشەویستیمان بگەی،
وەک ئەو کەسە دەکەم کە بگری و بدوێ: (١٢٦)
ڕۆژێ، هەر بۆ ڕابواردن،
(لانچیالۆتتۆ)مان[٣٧] دەخوێندەوە چۆن گیرۆدەی عەشق بوو.
تەنیا بووین و هیچمان لە دڵدا نەبوو. (١٢٩)
لەگەڵ خوێندنەوەدا، چەند جارێک چاومان هەڵبڕی و
چەند ڕەنگێکمان هێنا و برد
بەڵام هیچ شتێ نەیبزواندین. (١٣٢)
کە لە خوێندنەوە، گەیشتینە ئەوە، چۆن ئەو عاشقە[٣٨]
خانمی دەم بەخەندەی شیرینی خۆی ماچ کرد،
ئەوەی هەرگیز جارێکی تر لە من جیانەبووەوە، (١٣٥)
بە لەرز و مووچڕکەوە ماچی کردم.
کتێبەکە و نووسەرەکەی بوون بە (گالیۆتتۆ)[٣٩] بۆ ئێمە.
ئەو ڕۆژە چیترمان نەخوێندەوە.) (١٣٨)
کە یەکێ لە دوو ڕۆحەکان بەم شێوەیە دەدا،
ئەوەی تر ئەوەندە بە کوڵ و جۆش دەگریا،
بەزەییم پێداهاتەوە، وەک ڕۆحم دەرچووبێ، تاقەتم نەما. (١٤١)
چۆن لاشەی بێگیان بەردەبێتەوە، ئاوها بەربوومەوە. (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی پێنجەم

١. سروودی پێنجەم سروودی گوناهکارانی جەستەیە، بە سروودی فرانچیسکا ناسراوە.

٢. ئەڵقەکانی دۆزەخ تا دەچێتە خوارێ یەک لەدوای یەک بچووک دەبنەوە تا دەگاتە چەقی زەوی. ئەڵقە بە ئەڵقە بۆ خوارەوە، گوناهکاریی گەورەتری تێدایە و سزای سەختتر دەچێژن.

٣. ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەڵقەی یەکەم کپ و بێدەنگترە لە ئەڵقەکانی دی، بۆیە سەروسەدا و ئاهونالەی بێئومێدیی زیاتر دەکەوێتە بەرگوێ.

٤. مینۆس Minos: بە ڕەچەڵەک یەکێکە لە نیمچە خوداکانی ئەفسانەی یۆنانی. لە ئەفسانەدا هاتووە: (زیوس)ی خودای خودانان ئەشقی (ئەورووپا)ی کچی فینیقیا بوو. خۆی خستە سەر شکڵی گامێشێک و کچەکەی فڕاند. لەگەڵی نووست و لەم نووستنەدا (مینۆس)یان بوو کە پاشان بوو بە پاشای دوورگەی (کریت).

لەبەر ئەوەی بە دادپەروەرێکی توندوتیژ و یاساپارێزێکی ڕەقەکار ناسرابوو. دوای مردن، کردیان بە دادوەری ڕۆحی مردوان. لە (ئەنیادە)ی ڤیرجیلیۆدا، کاتێ (ئینیاس) دەچێتە گەشتی دۆزەخ، دەبینێ (مینۆس) لەوێ ئەرکی هەر ئەو ئەرکەیە کە دانتی لە کۆمیدیادا خستوویەتە ئەستۆی. جیاوازییەکەیان ئەوەندەیە، دانتی کردوویەتی بە شەیتانێکی بعۆک و کلکدار. ڕەنگە دانتی بۆیە بە شکڵی گیاندار هێنابێتی، چونکە کاتێ خۆی خودانی خودانان خۆی خستە سەر شکڵی گامێش. بۆ ئەوەی ئەورووپا بڕفێنێ کە ئەوە بوو ئەمی لێ کەوتەوە. لە ڕووی ڕەمزییەوە، ئەم دزێوی و بعۆکییە نیشانەی ویژدانی بە ئازاری ئەو گوناهکارانەیە کە دەبێ بچنە بەردەم ئەم شەیتانە بۆ ئەوەی ئەو چارەنووسی خۆیان پێشان بدا. پێویستە ئەوەش بزانین کە ڕۆحەکانی ئەڵقەی یەکەمی دۆزەخ لەژێر دەسەڵاتی مینۆسدا نین. مینۆس دەسەڵاتی تەنیا بەسەر ڕۆحەکانی ئەڵقەکانی دوای ئەوەوە هەیە.

٥. مەبەست ئەوەیە ویژدانی هەر گوناهکارێک، گوناهکارەکە بەرەو ئەو ئەشکەنجەیە دەکاتەوە کە لە گوناهی خۆی دەوەشێتەوە.

٦. ئەم جۆرە حوکمکردنە، وەک تۆژەرەوەکان ساغیان کردووەتەوە، نە لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی و نە لە هیچ شوێنێ تردا نەهاتووە، لە داهێنانی دانتی خۆیەتی. (مینۆس) ئیشی ئەوەیە: دوای مردن، هەر کەسێکی دۆزەخی بێ، دەچێتە بەردەمی و ئەویش بە وردی گوناهەکانی هەڵدەسەنگێنێ و بەپێی ئەو دابەشبوونەی بۆ گوناه و سزا کراوە، دەزانێ ئەم دۆزەخییە دەبێ بچێتە کام ئەڵقەی دۆزەخ. ئینجا دۆزەخییەکە جێگەی هەر کام ئەڵقە بێ، مینۆس ئەوەندە جارە کلکی خۆی لە دەوری

پشتی خۆی لوولدەدا و سەری کلکی لە دۆزەخییەکە دەدا و فڕێی دەداتە ناو ئەو ئەڵقەیە.

٧. ئەمە سووکایەتیکردنی دەرگەوانی دۆزەخە بە ڤیرجیلۆ، چونکە مینۆس لەوە پەستە کە ڤیرجیلیۆ بەتەمایە خۆی و هاوڕێکەی بە سەلامەتی لە دۆزەخ بچێتە دەرەوە.

٨. واتە: دەتوانی بە ئاسانی لەم دەروازەیە بێیتە ژوورەوە، بەڵام لێدەرچوونی زەحمەتە، واتە گوناهکردن ئاسانە، بەڵام واز لە گوناهێنان زەحمەتە.

٩. گەشتی چارەنووس Lo suo fatale andare: گەشتێکە خوا خواستی لەسەر بووە و خوا دایناوە بکرێ. مەبەست گەشتەکەی دانتییە.

١٠. گەرداوی دۆزەخ ڕەمزی سۆز و ئالۆشە کە بەسەر ئەم گوناهبارانەدا زاڵە و بەردەوام ئازاریان دەدا.

١١. کەلاوە La ruina: تۆژەرەوان تا ئێستا دەیان لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ ئەم وشەیە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا یەکلا نەبووەتەوە. دانتی مەبەستی لەم وشەیە چییە؟ مانای ڕووکەشی وشەکە دیارە، وێرانبوون و ڕووخانە و دانتی چەند جارێکی تریش لە سروودی ١٢ و ٢١ی دۆزەخدا دووبارەی کردووەتەوە. هەندێ ڕایان وایە ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ ئەو کەلاوانەی لە ئەنجامی دوو بوومەلەرزەوە پەیدابوون: بوومەلەرزەی یەکەم ئەو کاتە بوو کە شەیتانی گەورە لە ئاسمان بەربووەوە و لە چەقی زەوی سەقامی گرت، بوومەلەرزەی دووەمیش ئەوە بوو کە عیسا لە خاچ درا و دونیای هەژاند. ئەم بوومەلەرزەی دووەمینە پردی بەشی شەشەمی ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخی ڕووخاند.

١٢. ئالۆشاوی Carnali: ئەم دەستەیە یەکەم دەستەی دۆزەخییانە کە ئەشکەنجە دەدرێن. سزای ئەمانە لە سزای هەموو دۆزەخییەکانی دی سووکترە، چونکە گوناهیان لە گوناهی ئەوان ئاساییترە و لە عیشقەوە نزیکە کە گوناه پاکدەکاتەوە. ئالۆشاوییەکان بەوە مەحکومن هەتا هەتایە لەناو تاریکستاندا، گەرداو و ڕەشەبا لێیان دەدا و دەیانهێنێ و دەیانبا. ئەم تاریکستان و ڕەشەبایە ڕەمزی کوژانەوەی ڕووناکی ئەقڵە بەرامبەر بە هەواوهەوەس و ئالۆش و زاڵبوونی ئارەزووی دەروونییە کە وەکو ڕەشەبا و گەرداو پەلاماری مرۆڤ دەدا.

١٣. مەبەستی سەمیرامیسە (Samiramis): کە شاژنی ناسراوی ئاشووری بوو، میللەتی جیاجیای خاوەن زمانی جۆراوجۆری لەژێر فەرماندا بوو.

سەمیرامیس، هەرچەندە مێژووی فەرمانڕەوایی بە ماوەی نێوان (١٣٥٦-١٣١٤پ.ز) دیاری کراوە، بەڵام زیاتر لایەنی ئەفسانەیی وەرگرتووە.

١٤. مەبەست ئەوەیە سەمیرامیس هەموو جۆرە پەیوەندییەکی زایەندی بۆ پەیڕەوکەرانی خۆی بە ڕەوا دەزانی. دانتی ئەم قسەیەی لە هۆراس وەرگرتووە.

١٥. دوو تاقم گوناهکار بوون سۆز و ئالۆشیان بەسەر ئەقڵ و ئاوەزدا زاڵ بوو: تاقمی یەکەم کە پێشەنگەکەیان سەمیرامیس بوو، خەریکی بەزم و ڕابواردن و زایەند بوون، هەموو مەبەستیان تەنیا چێژ و خۆشیوەرگرتن بوو.

تاقمی دووەم ئەوانە بوون کە بە هۆی سۆزەوە تووشی گوناه بووبوون. ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە خۆشەویستییەکی دڵسۆزانەیان بەرامبەر بە یەک کەس هەبوو، ئەمانە پێشەنگەکەیان (دیدۆنی) بوو. دیدۆنی ئەوە بوو کە دەوڵەتی کەرتاجەی دامەزراند. سوێندی خوارد دوای مردنی مێردی شوو نەکاتەوە، بەڵام کەوتە داوی خۆشەویستیی ئینیاس و خۆی دا بە دەستییەوە، بەڵام ئینیاس بەجێی هێشت و گەڕایەوە بۆ ئیتالیا. ئیتر دیدۆنی تووشی ڕەشبینی و نائومێدی هات و لە ئەنجامدا خۆی کوشت.

١٦. نینۆ Nino (نینۆس): مێردی سەمیرامیس بوو، هەندێ دەڵێن کوڕیشی بوو، بە دەستی ژنەکەی کوژرا. نینۆ یەکەم پاشا بوو چاوی لەوە بوو ئیمپراتۆریەتێکی جیهانیی سەرانسەری دروست بکا. برۆنێتۆتینی هاوڕێ و مامۆستای ڕۆحیی دانتی. ناوی ئەم ژن و مێردە دێنێ.

١٧. ئەو وڵاتەی گرتە دەست کە سوڵتان فەرمانڕەوایی دەکا. لە سەردەمی دانتیدا، بە پاشاکانی میسر دەگوترا سوڵتان. لەوەدەچێ دانتی دوو (بابل)ی لێ تێکەڵ بووبێ: بابلی سەر ڕووباری فورات و بابلی سەر کەناری ڕووباری نیل (فوستات) کە ئەوساکە پایتەختی سوڵتانی میسر بوو. ئیتر میسری بە ئاشووری و ناوزێیان زانیبێ. مەبەستی ئەوەیە سەمیرامیس وڵاتێکی گەورەی لەناو زێیانی حوکم دەکرد.

١٨. سکیۆ. (سکیوس): ئاماژەیە بۆ (دیدۆنی Didone)ی شاژنی کەرتاجە کە بەگوێرەی ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی دامەزرێنەری ئەو شارە بوو. کچی (بلوس-Bleus)ی پاشای شاری سور (فینیقیا) بوو. سکیۆ، دوای ئەوەی مێردی مرد، لەسەر جەنازەکەی سوێندی خوارد هەرگیز مێرد نەکاتەوە، بەڵام دوای ڕووخانی شاری تەڕوادە و لە کاتی گەشتەکەی ئینیاس بۆ ئەفریقیا و ئیتالیا، (ئیرۆس Eros)ی کوڕی زوهرەی خودانی عیشق هاتە لایەوە و ئەشقی ئینیاسی بردە دڵەوە. ئەوەبوو سکیۆ

ئەشقی ئینیاس بوو و ماوەیەک لەگەڵیدا مایەوە، بەڵام بە هۆی ئەو بەڵێنەی دابووی، بە ڕەسمی نەبوو بە ژنی. پاشان ئینیاس جێی هێشت و گەڕایەوە ئیتالیا. (دیدۆنی) تووشی ڕەشبینی و نائومێدی هات، کۆمەڵە دارێکی خڕکردەوە و ئاگری تێبەردا، ماڵاوایی لە هەموو لایەک کرد و خۆی فڕێ دایە ناو ئاگرەکە. بەپێی دابەشکردنی تاوان و سزای دانتی لە دوزەخدا، دەبوایە (دیدۆنی) بچێتە ئەڵقەی حەفتەمی دوزەخ کە ئەڵقەی خۆکوژانە و سزای سەختترە، بەڵام دانتی لێرەدا، لەم دابەشکردنە لایداوە و ئەم گوناهکارە نازدارەی لە ئەڵقەی دووەم داناوە، بۆ ئەوەی ئەشکەنجەی سووکتر بێ،چونکە (خۆی لە پێناوی عیشق کوشت). ڤیرجیلیۆ لە کتێبی یەکەم و چوارەمی (ئەنیادە)دا، بە درێژی باسی ئەم شاژنە خاتوون و جوان و نازەنینەی کردووە.

١٩. کلیۆپاترا Cleopatra: شاژنی میسر بوو لە سەردەمی بتلیسەکان (٦٩-٣٠پ.ز). دەڵێن یەکەم جار حەزی لە یولیوسی قراڵ دەکرد، پاشان بە هۆی سیاسییەوە وازی لە قەیسەر هێنا و مارکوس ئانتۆنیوسی سەرۆکی ڕۆمای خۆشویست. شەڕی ناوخۆی بەناوبانگی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیا لەسەر ئەو هەڵگیرسا و بوو بە مایەی شکست و مەرگی ئانتۆنیوس. لە ئەنجامدا خۆی کوشت بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەردەستی ئۆکتاڤیوس. دانتی لە (بەهەشت)دا، ئاماژە بۆ ڕاکردن و مردنی دەکا.

٢٠. ئێلینا Elena (هیلینا Helena): ژنی مینیلاوسی Menelaus پاشای ئەسپرتە بوو. پاریسی کوڕی پریامی پاشای تەڕوادە هەڵیگرت و بردییە تەڕوادە. ئەمە بوو بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی دە ساڵەی تەڕوادە.

٢١. ئاکیلی Achile (ئەخیل Achilles): پاڵەوانێکی یۆنانی بوو لە شەڕی تەڕوادەدا. ڕەمزی هێز و جوانی و وەفا و جوامێرییە. ئاخیل لەگەڵ ئەگامەمنوون ساردییان کەوتە بەین و خۆی لە شەڕ کێشایەوە. لەشکری زۆری یۆنانیان شکستی هێنا. باترۆکلوسی هاوڕێی ئەخیل چووە شەڕ و کوژرا، ئەخیل زۆری سوو لێبووەوە، لەگەڵ ئەگامەمنوون پێکهاتەوە و چووە مەیدانی شەڕ و هیکتۆری کوڕی پریام پاشای کوشت. هۆمیروس لە ئەلیادەدا دەڵێ، دوای کوژرانی هیکتۆر، ئەخیلیش لە بەردەم تەڕوادەدا کوژرا، بەڵام دانتی ئەو ڕایەی وەرگرتووە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بوو، گوایە:

ئەخیل حەزی لە (پولیسکانا)ی کچی پریام پاشا کرد و بەڵێنی دا شەڕی تەڕوادە نەکا، بۆ ئەوەی کچە زەماوەندی لەگەڵ بکا، بەلام بەڵێنی خۆی نەهێنایە دی و پاریسی برای پولیسکانا لەناو پەرستگەی ئەپۆلۆدا، بەبێ مروەتی کوشتی.

٢٢. پاریس Paris کوڕی پریام پاشای تەڕوادە بوو. ڤینۆس و یونون و مینیرڤا هەر کەسە خۆی پێ لەوانی دی جوانتر بوو، پاریسیان کردە ناوبژیوان. پاریس شایەتیی جوانیی بۆ ڤینوس دا. ڤینۆس لە پاداشتی ئەم شایەتییەدا گەیاندییە هیلینای ژنی مینیلاوسی پاشای ئەسپرتە و یارمەتیی دا بۆ ئەوەی هەڵیبگرێ و بیبا بۆ تەڕوادە. ئەوەبوو شەڕی دە ساڵەی تەڕوادەی لەسەر قەوما.

٢٣. تریستانۆ Tristano: یەکێ بوو لە شۆڕەسوارانی مێزی خڕ لە چیرۆکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە فرەنسا. کوڕی میلیادوس و برازای (مارک)ی پاشای کورنوای باشووری ئینگلتەرە بوو. تریستانو، کە شۆڕەسوارێکی ئازا و دلێر و بەجەرگ بوو، چووە ئیرلەندە بۆ ئەوەی (ئیزۆلت-Iseult)ی قژزەردی نازدار بۆ مارکۆ پاشای مام و سەروەری بێنی. هەرچەندە تریستانۆ هەوڵی دا وەفادار بێ بەرامبەر بە مام و سەروەری و خیانەتی لەگەڵ نەکا، بەلام خۆشەویستی لە هەموو شتێ بەهێزترە. لەگەڵ ئیزۆلت ئەشقی یەک بوون. بە تایبەتی دەڵێن ئەم دوو دڵدارە بە غەڵەت ئیکسیری عیشقیان خواردبوو، بەلام عیشقەکەیان عیشقێکی پاک و بێگەرد بوو، عیشقێکی ڕۆحی و مەعنەوی بوو، هیچ گوناهی عیشقیان نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێ (مارکۆ) لەناو جەنگەڵێکدا بینیی ئەم دووانە لەتەک یەک ڕاکشاون، هەرچەندە بەپێی دەستووری شۆڕەسواریی ئەوسا، شمشێری ڕووتیان لە بەینی خۆیان درێژ کردبوو، بەلام مارکۆ ڤینی جۆشا و تریستانی کوشت.

٢٤. واتە: بە هۆی عەشقەوە.

٢٥. مەبەست ئەو ئاشقانەیە کە وەکو دیدۆنی بە هۆی عیشەوە تووشی گوناه هاتوون، نەک وەکو سەمیرامیس بە هۆی ئاڵۆش و هەواوهەوەسەوە.

٢٦. دوو دڵدار. ئەو ڕووداوە دڵدارییەی دانتی ئاماژەی بۆ دەکا یەکێکە لە لایەنە هەرە جوانەکانی کۆمیدیا. ئەو چاوپۆشییەی دانتی لەو دوو دڵدارەی کردووە لە هیچ جێگەیەکی تری دۆزەخدا ناکەوێتە بەرچاو. بەسەرهاتی مێژوویی ئەم دوو دڵدارە پاولۆ مالاتیستا (Paolo Malatesta) و فرانچیسکادا ڕیمینی ( Francesca da Rimin) بۆ ساڵی ١٢٨٠ دەگەڕێتەوە کە لەسەر کەناری دەریای ئەدریاتیک قەوما. چیرۆکەکە بەم جۆرەیە:

جیۆڤانی مالاتێستا (Malatesta) یەکێ بوو لە خانەدانەکانی شاری ڕیمینی (Rimini)ی نزیک فلۆرەنسا، پێیان دەگوت جیۆڤانە شەل، سوارێکی دلێر و ئازابوو، بەڵام زۆر دزێو و ناشیرین بوو، فرانچیسکا (Francesca) کچی گویدۆ داپۆلێنتا (Gaido da polenta) بوو کە یەکێ بوو لە کاربەدەستانی شاری (ڕاڤێنا). جیۆڤانی، بۆ بەرژەوەندیی سیاسی بڕیاری دا فرانچیسکا بێنێ. فرانچیسکا بۆ مێردی گوزرایەوە شاری ڕیمینی و کچێکی لێ بوو، بەڵام هەر هێندە چاوی بە پاولۆ (Paolo)ی شووبرای کەوت، ئەشقی بوو. پاولۆ سوارێکی زۆر قۆز و جوان و لێوەشاوە بوو، شەش ساڵ بوو ژنی هێنابوو و دوو منداڵیشی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا فرانچیسکا دڵی کەوتە سەر ئەو و پەیوەندیی خۆشەویستییان لە نێوان دروست بوو.

جیۆڤانی مێردی فرانچیسکا سەرپەرشتیی چەند شارێکی دەکرد، جارێکیان کە جیۆڤانی لەوێ نەبوو، ئەو دوو دڵدارە دانیشتبوون چیرۆکێکی فرەنسییان دەخوێندەوە، لە چیرۆکەکانی مێژی خڕی سەدەکانی ناوەڕاست. چیرۆکەکە لەبارەی دڵداریی جینێڤرا (Ginevra)ی ژنی ئاتو پاشا و (لانچیالۆتۆ)ی شۆڕەسوارەکەی بوو. کە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە گەیشتنە ئەو شوێنەی دوو دڵداری چیرۆکەکە یەکتر ماچ دەکەن، هەستی خۆشەویستییان خرۆشا و پاولۆ فرانچیسکای ماچ کرد. ئەو هەڵوێستە چەند جارێک دووبارە بووەوە. یەکێ لە خزمەکانی جیۆڤانی بۆ جیۆڤانی نووسی و لەم مەسەلەیە ئاگاداری کردەوە. جیۆڤانی گەڕایەوە ڕیمینی، هەردووکی خستنە ژێر چاوەدێری. ڕۆژی بەسەردا چوو هەردووکیان لەناو نوێنی فرانچیسکا لە باوەشی یەکتردا بوون. پاولۆ دەرپەڕی و ویستی ڕابکا، بەڵام کراسی لە دەرگا جەڕا، جیۆڤانی پەلاماری دا بە شمشێر لێی بدا، فرانچیسکا خۆی هاویشتە بەینیان بۆ ئەوەی پاولۆ ڕزگار بکا، بەڵام ئەو شمشێرەی جیۆڤانی دایوەشاند، سنگی فرانچیسکای بڕی و لە پشتی پاولۆ چووە دەرەوە. هەردووکیان بەیەکەوە مردن. دانتی بە گەنجی ئەم بەسەرهاتە دڵتەزێنەی بیستبوو، بڕیاری دابوو ڕۆژێ شتێکی لەسەر بنووسێ. فرانچیسکا پووری (گویدۆ نۆڤلۆ داپۆلینتا)ی میری (ڕاڤێنا) بوو کە دانتی ساڵانی دوایی تەمەنی خۆی لە ماڵی ئەوان بەسەربرد و نووسینەوەی کۆمیدیای لە ماڵی ئەوان تەواو کرد. هیچ گومانی تێدا نییە لەبەر ئەوەیە دانتی ئەو بایەخە زۆرەی بە چیرۆکی فرانچیسکا و پاولۆ داوە. میر (گویدۆ) نووسینەکەی

دانتیی لەبارەی ئەم دوو دڵدارەوە زۆر بەلاوە پەسند بوو و لەژێر کاریگەریی ئەو نووسینەدا، ئەویش شیعرێکی لەسەر ئەو دوو دڵدارە نووسی.

هەندێ نووسەری ئیتالی ئەم بابەتەیان نووسیوەتەوە و هەریەکە بە بۆچوونی خۆی دایڕشتووەتەوە: پێلیکۆ Pellico لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا تراجیدیای فرانچیسکا دا ڕیمینی نووسییەوە. هەرسێ پاڵەوانەکەی بە نموونەی ڕەوشتبەرزی داناوە. بە لای ئەوەوە، فرانچیسکا پاولۆی خۆش ویستووە، بەڵام هیچ گوناهی لەگەڵ نەکردووە. دانونتزیۆ (Danunzio) بە جۆرێکی تر تراجیدیای فرانچیسکا دا ڕیمینی نووسیوە. هەموو توندوتیژی و ڕابواردنە. چیزاریۆ (Cesareo)یش تراجیدیای فرانچیسکای نووسیوەتەوە، جەختی لەسەر خۆشەویستی و تەبایی دوو براکە کردووە. فرانچیسکای وەکو ئافرەتێکی توندوتیژ و سەرکەش پیشان داوە کە بە قسەی نەرم و لووس و بە پلار و گریشمە پاولۆ لەخشتە دەبا و ئەو کەتنەی پێ دەکا کە ئەو نەهامەتە گەورەیەی لێ دەکەوێتەوە.

٢٧. لێرە بەدواوە فرانچیسکا قسە دەکا.

٢٨. پاشای گەردوون IL re del Universo: مەبەست خودایە. ئاماژەیە بۆ ئەوەی دۆزەخی، تەنانەت لە مافی دوعاکردنیش بێبەشن.

٢٩. لەم شیعرەدا دەردەکەوێ خودا فەرمانی داوە بەو (گەردلوەی هەرگیز ئارام نابێتەوە) بۆ ئەوەی چەند چرکەیەک هێور بێتەوە تا دانتی بتوانێ گوێ لە قسەکانی فرانچیسکا ڕابگرێ.

٣٠. پۆ Po: بەناوبانگترین ڕووباری ئیتالیایە. سەرچاوەی ئاوەکەی لە چیای ئەلپەوە دێ و بە (لۆمباردی)دا تێدەپەڕێ و لە دەریای ئادریاتیک دەکاتەوە. شاری (ڕاڤێنا)ی زێدی فرانچیسکا لە نزیک ڕێژگاوی ئەم ڕووبارەیە.

٣١. زۆر لە توێژەروان ڕایان وایە ئەم قسەیە تەنیا بۆچوونێکە و بەس.

٣٢. کاینا: قابیلی کوڕی ئادەمە، ئەوەبوو (هابیل)ی برای خۆی کوشت. ئەڵقەی قابیلستان، یەکەم خەندەکە لە ئەڵقەی نۆیەم کە ناخۆشترین و خوارترین ئەڵقەی دۆزەخە. ئەم قسەیەی فرانچیسکا وەکو تووک و نەفرەت وایە. قابیلستان جێگەی براکوژانە.

٣٣. ئەم سێ سێیینەی سروودی پێنجەم، هەرسێکیان بە وشەی خۆشەویستی (Amor) دەست پێدەکەن. خۆشەویستی لای دانتی زۆر گەورەیە. هەر گوناهێ بە

هۆی خۆشەویستییەوە کرابێ (تەنانەت ئەگەر زیناش بێ، وەک لێرەدا ڕووی داوە) بە شیاوی چاو لێپۆشینی دەزانێ و سزایەکی سووکی بۆ دادەنێ.
فرانچیسکا دەڵێ خۆت دەبینی خۆشەویستیی ئەو، ئێستایش وازم لێ ناهێنێ، ئەمە زۆر لێکدانەوەی بۆ کراوە. هەندێ وایان لێکداوەتەوە کە فرانچیسکا دەیەوێ بڵێ خۆشەویستیی ئێمە بەسەر دۆزەخیشدا زاڵ دەبێ، دۆزەخ ناتوانێ لەناوی بەرێ. دانتی لە سەرانسەری دۆزەخدا، وا دەردەخا کە هەر ڕۆحێکی دۆزەخیی بە جۆرێ گوناهەکەی دەوری داوە ئاگای لە هیچ کەسی تر نییە، کەچی ڕۆحی فرانچیسکا و پاولۆ لێرەدا تێکەڵ بە یەک بوون.

٣٤. فرانچیسکا کە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، هەرگیز ناوی خۆی ناهێنێ. دانتی بە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە زانیویەتی، ئەمە فرانچیسکایە، چونکە پێشتر چیرۆکەکەی دەزانی.

٣٥. ئەم سێییەنە یەکێکە لە پەندە هەرەباوەکانی ئیتالیا.

٣٦. دکتۆری تۆ IL tuo dottore: مەبەست ڤیرجیلۆیە.

٣٧. لانچیالۆتتۆ Lancialotto (لۆنسلۆت): یەکێ بوو لە شۆڕەسوارەکانی چیرۆکەکانی مێزی خڕی سەدەکانی ناوەڕاست. (ئارتو) پاشا کردی بە شۆڕەسواری (جینێڤرا)ی ژنی خۆی. شاژن و شۆڕەسوارەکەی کەوتنە داوی ئەشقی یەکتر. جارێکیان جینێڤرا لە لۆنسلۆتی پرسی تۆ چۆن و کەی خۆشەویستیی منت کەوتە دڵ؟ لۆنسلۆت گوتی: لەو کاتەوە تۆم خۆش ویست کە بووم بە شۆڕەسواری تۆ و کە بە نەرم و ناسکی بەڕێت کردم، خۆشەویستیت گڕی لە دڵم سەند و نوقمی بەختەوەری بووم، گەدابووم، بووم بە دەوڵەمەندترین کەس، بەڵام جینێڤرا هەرچەندە لۆنسلۆتی خۆش دەویست، خۆشی لەوە دەبینی کە ئەشکەنجە و ئازاری بدا، ئەوەندەی ئازاردەدا لۆنسلۆت وای هەست دەکرد جینێڤرا ئیتر خۆشی ناوێ، بۆیە ئەزیەتی دەدا. ئەو حەلە (گالیۆتتۆ)ی هاوڕێیان کەوتە بەینیان، لای جینێڤرا بە شانوباڵی لۆنسلۆتی هەڵگوت، چۆن لە خۆی زیاتر خۆشی دەوێ، گەنجینەیەکی وایە نابێ لە دەستی بدا، چونکە جارێکی تر شتی وای دەست ناکەوێ، داوایشی لێ کرد لوتفی بەرامبەر بنوێنێ و خۆشەویستیی نهێنیی خۆی بۆ ئاشکرا بکا و هەتاهەتایە لای خۆی گلی بداتەوە. جینێڤرا بەڵێنی دا دڵی خۆی بۆ لۆنسلۆت بکاتەوە و لوتفی لەگەڵ بکا.

٣٨. واتە: پاولۆ .. کە فرانچیسکا قسەی دەکرد، پاولۆ دەگریا. قسەی فرانچیسکا گریان و گریانی پاولۆ قسە بوو، هەردووکیان یەک شتیان باس دەکرد، ئەو بە قسە و ئەم بە گریان. ئەو پیاوە ئازا و دلێرە هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەکا، ڕێزی ئەو قوربانییە دەگرێ کە فرانچیسکا داویەتی، ئیتر قسەی بۆ نایە و بێدەنگ دەبێ، کەچی ئەو ژنە نەرم و شەرمنە زاتی بە بەردا دەچێ و بە ناوی خۆی و دۆستەکەی قسە دەکا و شانازیش بە دڵداریی خۆیانەوە دەکا. کە فرانچیسکا یەکەم جار دەستی بە قسە کرد، دانتی خەفەت دایگرت و لە قسەکانی بەردەوام بوو. دانتی فرمێسکی لە چاو قەتیس ما، خۆ کە پاولۆ گریا، دانتی خۆی پێ نەگیرا و بوورایەوە.

٣٩. شیعرەکە بەم جۆرەیە:

.Gadeotto fuil Libro e chi lo scrisse

گالیۆتتۆ هاوڕێی جینێڤرای شاژن و لۆنسلۆت بوو، کە خەریکبوو ئەم دوو دڵدارە بەینیان سارد ببێ و پەیوەندییان بپچڕێ، کەوتە نێوانیان و پێکی شادکردن. ئەم وشەیە لە زمانی ئیتالیدا بە مانای خوازەیی بۆ گەواد، یان پێناو بەکار دێ.

٤٠. دانتی بە وردی وێنەی جەستەیی و دەروونیی فرانچیسکا دا ڕیمینی کێشاوە. کەسێتیی فرانچیسکا وردەوردە لە شیعری ترووبادۆرەکان دەرکەوت و پاشان لە شیعری لیریکیی ئاخروئۆخری سەدەکانی ناوەڕاستدا بوو بە ڕەمزی چاکی و پاکی.

ڕاستە، دانتی فرانچیسکای خستووەتە دۆزەخ، بەڵام شوێنەکەی و ئازارەکەی بۆ یەکێ ناپاکیی لەگەڵ مێردی کردبێ، سووکە، چونکە دانتی دەیزانی سۆزی خۆشەویستیی هێزێکی لە ڕادەبەدەری هەیە و زەحمەتە بنیادەم بتوانێ خۆی لەبەر ڕابگرێ، بۆیە نەرمی بەرامبەر بە فرانچیسکا دەنوێنێ و خەم و خەفەتێکی وای بۆ دەخوا، بەردەبێتەوە و دەبووریتەوە.

فرانچیسکا سەرەڕای ئەو گوناهەی کردوویەتی، کەسایەتییەکی نەرم و ناسک و ڕاستگۆیە، بەوەفایە، حەسوودی بە کەس نابا و داخ لە کەس ناخوا، تەوازۆ بۆ گوناهی خۆی ناهێنێتەوە و لەو ئازارە ناڕازی نییە کە دەیچێژێ.

***

# سرroودی شەشەم[1]

## ئەڵقەی سێیەمی دۆزەخ

## زگۆنی و چڵێسەکان

دانتی کە لە بەردەم ئازاری فرانچیسکا و پاولۆ بورابووەوە، بەهۆش خۆی هاتەوە. خۆی لە ئەڵقەی سێیەمدا دۆزییەوە. تەزرە و باران بەسەر گوناهکارانی زگۆنی و نەوسن و چڵێسدا دەباری. دانتی (چیربیرۆس)ی جانەوەری سێسەری بینی کە ڕەمزی چڵێسی و زگۆنییە. بە جەفاکێشەکان دەوەڕی و دەیدڕاندن و دەیخواردن. کە ئەو جانەوەرە دانتی بینی، ددانی لێ گڕ کردەوە، بەڵام ڤیرجیلیۆ مستەخۆڵێکی لە دەمی کرد. کە بەسەر تارمایی ناو ئاوی باراندا تێپەڕین، تارمایی (چاکۆ)ی فلۆرەنسی، کە بە زگۆنی و نەوسنی بەناوبانگ بوو، قیتبووەوە. دانتی باسی چارەنووسی فلۆرەنسای لێ پرسی. وەڵامی دایەوە: خوێن لە فلۆرەنسا دەڕوا و پارتی (سپی) شاربەدەر دەکرێ و پارتی (ڕەش) جێگەی دەگرێتەوە، هەروەها گوتی مرۆڤی دادپەروەر لە فلۆرەنسا کەمە و ئەوەی بەسەر فلۆرەنسا هاتووە لە سۆنگەی بوغرایی و بەخیلی و چڵێسیی تووشی هاتووە. داوای لە دانتی کرد لە دونیا یادی بکاتەوە، ئینجا بەربووەوە ناو قوڕاوەکە.

دوو شاعیرەکە شۆڕبوونەوە بۆ ئەڵقەی چوارەم.



کاتێ هۆشم هاتەوە بەر،
کە لەبەر خەم و خەفەت و
لە شروێ دوو خزمەکەم[٢]، نەم مابوو[٣].
بۆ هەر کوێ وەرچەرخام،
چوومە هەر کوێ و سەیری هەر کوێم کرد،
ئەشکەنجەی تازە و جەفاکێشی تازەم بینی.
من ئێستا لەناو ئەڵقەی سێیەمدام،
ئەڵقەی بارانی خوڕی هەمیشەیی نەفرەت و ساردی[٤]
کە یاسا و سروشتی هەرگیز نوێ نابێتەوە.
تەزرەی گەورە و ئاوی ڕەش و بەفر
لە هەوای تاریک و نووتەکدا دەبارێ.
زەوی، کە باوەشیان بۆ دەکاتەوە، بۆن بۆگەنی لێدێ.
(چێربێرۆ)،٥ جانەوەری دڕندە و بەدخوو
بە سێ زار، وەک سەگ
بە مردووەکانی نوقمی ناو ئەو گەناوەدا دەوەڕێ.
بە چاوی سوور[٦] و ڕیشی چەور و ڕەش،[٧]
بە ورگی زل[٨] و پەنجەی بە چرنۆک،[٩]
چرنۆک لە ڕۆحەکان گیر دەکا و کەوڵیان دەکا و دەیاندڕێنێ
ئەو بێدینە[١٠] چڵێسانە وەک سەگ لە بەرباران دەلوورێنن،
قەپرغە دەکەن بە مەتاڵی قەپرغە و
دەگەوزن و کەلەکان دەگۆڕن.
(چێربێرۆ)ی کرمی زل[١١] کە ئێمەی بینی،
زارەکانی کردەوە و کەڵبەی لێ گرکردینەوە.
هەموو گیانی چرک و هۆڕ دەلەرزی.
ڕابەرەکەم دەستی درێژ کرد،

مستەخۆڵێکی هەڵگرت و
لە زارە چڵێسەکانی کرد[12]. (٢٧)
وەک سەگێ لە برسان بحەپێ[13]
کە خواردنی کەوتە بەر کەڵبە، کپ دەبێ و دادەکەوێ،
چونکە تەنیا بە هاڕین و قوتدانی خواردنەکە خەریک دەبێ. (٣٠)
سێزارە پیس و دڕندەکانی (چێربێرۆ)ی شەیتان
بە جۆرێ بەسەر ڕۆحەکاندا دەیانگرماند
ڕۆحەکان خواخوایان بوو کەڕ بن (٣٣)
بەناو ڕۆحگەلی تخێلی بەرباراندا
تێپەڕین، کە پێمان دادەنا،
دەتگوت هەمووی لاشەیە. (٣٦)
هەموو لەسەر زەوی ڕاکشابوون.
تەنیا یەکێ نەبێ[14]، کە ئێمەی دی بە بەردەمیدا تێپەڕیین،
خێرا قیتبووەوە و دانیشت. (٣٩)
گوتی: (هۆ، کابرا! تۆ! کە بەناو ئەم دۆزەخەتدا دەگێڕن،
ئایا دەمناسیتەوە؟
من هێشتا نەمردبووم، تۆ هاتیتە دونیا.)[15] (٤٢)
پێم گوت: (دەشێ لەبەر ئەو ئەشکەنجەیەی چەشتووتە، گۆڕابیت و
تۆم لە مێشک سڕابێتەوە.[16]
هەست دەکەم قەتاوقەت تۆم نەدیوە، (٤٥)
بەڵام پێم بڵێ تۆ کێی، کەوتوویتە ئەم شوێنە ناخۆشە و
لەو دەرد و ئەشکەنجەیەدای؟!
ئەشکەنجەی لەمە سەختتر هەیە، دزێوتر نییە.) (٤٨)
ئەویش پێی گوتم: (شاری تۆ کە پڕە لە حەسوودی و
حەسوودیی لەسەر دەڕژێتەوە[17].

له ژیانی سەر دونیادا جێگەی من بوو. (٥١)
ئێوەی هاونیشتمانیم پێتان دەگوتم: (چیاککۆ)[١٨].
ئێستاش خۆت دەبینی، لەبەر گوناهی سەختی زارم
لەبەر ئەم بارانەدا دەبنسێم. (٥٤)
منی ڕۆحی گوناهکار، بە تەنیا نیم
هەموو ئەوانەی گوناهی منیان هەیە،
چارەنووسیان هەمان شتە.) ئیتر بێدەنگ بوو. (٥٧)
وەڵامم دایەوە: (چیاککۆ) ئەوەندە بۆ نائومێدیت
پەست و دڵگرانم، گریانم بۆت دێ،
بەڵام ئەگەر دەزانی پێم بڵێ[١٩] (٦٠)
هاووڵاتییانی شاری ناکۆکمان چییان بەسەر دێ؟
ئاخۆ کەسی دادپەروەریان تێدایە[٢٠]
پێم بڵێ: ئەو دووبەرەکییەی ڕووی تێکردوون، هۆی چییە؟.[٢١]) (٦٣)
ئەویش پێی گوتم[٢٢]: (دوای شەڕ و ئۆغرمێکی گران
کار دەگاتە سەر خوێنڕشتن و
تاقمەکەی جەنگەڵ[٢٣] ئەوانیدی[٢٤] شاربەدەر دەکەن. (٦٦)
دواتر ئەمەیان لە ماوەی سێ خولی خۆردا،[٢٥] دەڕووخێ و
بە هۆی دەسەڵاتی ئەو کەسەی
خۆی دانووساندووە[٢٦]، یەکەم دەیباتەوە (٦٩)
بۆ ماوەیەکی زۆر سەرفیراز دەبێ و
ئەوەی دی دەخاتە ژێر نیری گران و
گوێ بە گریە و ڕسوابوونی نادا[٢٧]. (٧٢)
شار دوو دادپەروەری[٢٨] تێدایە، کەس گوێیان لێ ناگرێ.
فیز و حەسوودی و بەخیلی[٢٩]
وەک سێ سکڵ داغ بە دڵییەوە دەنێن.) (٧٥)

لێرەدا، کۆتایی بە گوتاری جەرگبڕی خۆی هێنا.
منیش گوتم: (دەمەوێ شتی زیاترم پێ بڵێیت و
قسەی ترم بۆ بکەیت.
(فارینتانا)[٣٠] و (تێگگیایۆ)[٣١] کە ئەوەندە ماقووڵ بوون!
(جاکۆپۆ ڕوستیکوکچی)[٣٢] و (ئاڕڕیگۆ)[٣٣] و (مۆسکا)[٣٤] و هی تر،
کە تێدەکۆشان ئیشی باش بکەن،
پێم بڵێ ئەمانە لەکوێن؟ قەمی بیانبینم،
زۆرم مەراقە بزانم ئاخۆ
هەنگوینی ئاسمانیان بەنیسب بووە، یان ژەهری دۆزەخ؟)
ئەویش گوتی: (ئەوانە لە ڕۆحە هەرە ڕەشەکانن،
بە گوناهی جیاجیا کەوتوونەتە تەپانی بنی،
ئەگەر تەواو دابەزیتە خوارێ، دەیانبینی،
بەڵام کە چوویتەوە سەر دونیای ئازیز
تکایە بە بیر خەڵکەکەم بێنەوە[٣٥].
لەمە زیاتر بەرسڤت نادەمەوە.)
ئەوسا، چاوە ڕاستەکانی سووڕاند و خێلی کردن.
تەماشایەکی تری کردم و سەری دانەواند
وەکو کوێرەکانی دی بەربووەوە.
هەنگی، ڕابەرەکەم پێی گوتم:
(تا کەڕەنای فریشتە لێنەدرێ و دەسەڵاتدار[٣٦] نەیێ،
جارێکی کە بەئاگا نایەتەوە.
ئەو حەلە، هەرکەسە و گۆڕی غەمباری خۆی دەدۆزێتەوە و
دەگەڕێتەوە ناو گۆشت و شکڵ و ئەسکەلتی خۆیەوە[٣٧]
ئەو دەنگە دەبیستێ کە تاهەتایە دەنگدەداتەوە).
بەم چەشنە، بە هەنگاوی شێنەیی

بەناو ئەم تێکەڵە ترسناکەی ڕۆح و باراندا تێپەڕین و
نەختێ باسی ئایندەمان کرد. (١٠٢)
گوتم: (مامۆستا، ئایا ئەم هەموو ئەشکەنجەیە
دوای دادگایی مەزن، زیاتر دەبێ، یان کەمتر
یان هەر بە ڕادەی ئێستا سەخت دەبێ؟) (١٠٥)
ئەویش پێی گوتم: (بگەڕێوە بۆ زانیاریی خۆت،
ئەوەی شتێ لا کامڵتر بێ،
زیاتر هەست بە چێژی خۆش و بە ئازار دەکا. (١٠٨)
ئەگەرچی ئەو مردووە تووک لێباریوانە
قەت ناگەنە کامڵبوونی تەواو
ئەوەی چاوەڕێیان دەکا زیاترە نەک کەمتر. (١١١)
بە ڕێگەیەکی ئەڵقەییدا سووڕاینەوە.
قسەی زیاترمان کرد. دووبارەی ناکەمەوە.
گەیشتینە پێتی شۆڕبوونەوە خوارێ (١١٤)
لەوێ، (پلوتو)[٢٨]ی دوژمنی گەورەمان بینی. (١١٥)

## پەراوێزەکانی سروودی شەشەم

١. ئەم سرووده، سروودی زگۆنی و تامەزرۆیانە، سروودی (چیاککۆ)ی فلۆرەنسایییە.

٢. مەبەست: براژن و شووبرایە، واتە: فرانچیسکا و پاولۆ.

٣. دانتی لە کۆتایی سروودی پێنجەمدا باس دەکا کە لە هۆش خۆی دەچێ و لە سەرەتای سروودی شەشەمدا خۆی لە ئەڵقەی سێیەمدا دەدۆزێتەوە.

٤. ئەم بارانە هەتاهەتایە بە یەک شێوە دەبارێ: نە نەرمتر دەبێ و نە بەخوڕتر، بۆ ئەوەی گۆڕانی شێوەی بارانەکە نەبێ بە مایەی ئومێد و خۆشی بۆ دۆزەخییەکان.

٥. چیربیرۆ Cerbero (بە یۆنانی کیربیروس): سەگێکی سێسەرە لە ئەفسانەی کۆندا لە خزمەتی (هادیس)دایە. هادیس خودانی دۆزەخە لە ژێر زەوی، پاسەوانی دەروازەی دۆزەخە. هەر کەسێ بیەوێ بچێتە ناو دۆزەخ، (چێربیرۆ) ڕێگەی بۆ چۆل دەکا، بەڵام ڕێگە بە هیچ کەس نادا لە دۆزەخ بێتە دەرەوە. ڤیرجیلیۆ کردوویەتی بە پاسەوانی سەراپای دۆزەخ، کەچی لای دانتی تەنیا پاسەوانی ئەم ئەڵقەیەیە. دانتی چیربیرۆی بە شێوەی شەیتان پیشانداوە. سەگی سێسەر لە ڕووی ئەفسانەییەوە ڕەمزی چڵێسی و گەندەڵی و تامەزرۆییە. دانتی بۆیە ئەم سەگە سێسەرە چڵێسەی کردووە بە پاسەوانی ئەڵقەی سێیەم، چونکە دۆزەخییەکانی ئەم ئەڵقەیە هەموویان زگۆنی و نەوسن و چڵێسن.

٦. چاوی سوور، ڕەمزی تووڕەیی و دڕندەییە.

٧. ڕیشی چەور و ڕەش، ڕەمزی چڵێسی و تامەزرۆییە.

٨. ورگی زل، ڕەمزی زگۆنی و برسێتیی هەمیشەییە.

٩. چڕنۆک، ڕەمزی دڕندەیی و شەق و پیل کردنە.

١٠. سیفەتی بێدینی miseri profani یان پیسی، کە دراوەتە پاڵ زگۆنی و چڵێسەکان، لە ئینجیل وەرگیراوە.

١١. کرمی زل. مەبەستی ئەوەیە وەکو کرم لە شکڵێکەوە دەکەوێتە سەر شکڵێکی تر. جارێکی تریش لە کۆتایی دۆزەخدا، ئەم نازناوە بۆ شەیتانی گەورە (لوچیفیرۆ) بەکار هاتووە.

١٢. لە (ئەنیادە)ی ڤیرجیلیۆدا هاتووە کە کومیس (Cumes)ی ژنە فاڵچی بۆ ئەوەی (چیربیرۆ)ی سەگی دەرگەوانی دۆزەخ کپ بکاتەوە، دەرمانی خەوی لە نانێکی شیرین کرد و فڕێی دایە بەری. (چیربیرۆ) نانەکەی خوارد و خەو بردییەوە و کپ

بوو. ئاشکرا دیارە دانتی سوودی لەم دیمەنە وەرگرتووە. ئەوەندە هەیە لای دانتی (چیربیرۆ) بە مستەخۆلێک ڕازی دەبێ و کپ دەبێتەوە.

١٣. حەپەی (چێربیرۆ) وەکو گرمەی هەورەتریشقە وا بوو.

١٤. ئەمە ڕۆحی (چیاککۆ)ی هاونیشتمانیی فلۆرەنسایییە. لە سەدەی (١٣)دا ژیاوە. ئەمە ڕەمزی مرۆڤی نەوسن و چڵێسە.

١٥. واتە: (تۆ دروستکرای بەر لەوەی من تێکبدرێم) مەبەستی ئەوەیە بەر لەوەی من بمرم، تۆ لەدایک بووی. دانتی ساڵی ١٢٦٥ لەدایک بووە، چیاککۆ ساڵی ١٢٨٦ مردووە. کە چیاککۆ مرد، دانتی تەمەنی بیست ساڵ زیاتر بوو.

١٦. چیاککۆ لەبەر ئازار و ئەشکەنجە سیمای دەموچاوی گۆڕابوو، دانتی نەیناسییەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە چیاککۆ خەم و خەفەتێکی زۆری هەبووە، لە هەمان کاتدا وردیی دانتی پێشان دەدا.

١٧. مەبەستی شاری فلۆرەنسایە کە پڕی بوو لە ململانە و بەخیلی بەیەک بردن. ململانەیان بوو لەسەر پلەوپایە و لەسەر قازانج و بەرژەوەندی. ئەم ململانەیە لە نێوان تاکە تاکی کۆمەڵ و لە نێوان چینی ناوەڕاست و خانەدانەکان و لە نێوان خاوەن پیشە بچووک و خاوەن پیشە گەورەکاندا بوو.

١٨. چیاککۆ ciacco: ئەم وشەیە بە ئیتالی مانای بەراز دەدا. بە تەواوی ڕوون نەبووەتەوە خاوەنی ئەم نازناوە کێیە؟ هەندێ ئەمە بە یەکێ لە پارەگۆڕەوەکانی سەردەمی دانتی دەزانن، هەندێکیش بە (چیاککۆ دلانگویلارا)ی دەزانن کە شاعیرێکی فلۆرەنسایی بووە.

١٩. لێرەوە بەدواوە، دانتی سێ پرسیار لەبارەی فلۆرەنسا دەکا.

پرسیاری یەکەم ئەوەیە: ئایا بانەڕۆژ و ئایندەی فلۆرەنسا بە چی دەگا؟

٢٠. پرسیاری دووەم ئەوەیە: ئایا هیچ پیاوی دادپەروەر لە فلۆرەنسادا ماوە؟

٢١. پرسیاری سێیەم ئەوەیە: ئەم ناکۆکییە پارتایەتییە توندوتیژەی لە ئارادایە هۆکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

٢٢. لێرەوە پێشبینییە بەناوبانگەکانی کۆمیدیا دەست پێدەکەن لەبارەی بارودۆخی ئیتالیا لە سەرەتای سەدەی چواردەمدا.

شەوی هەینیی پیرۆزی ساڵی ١٣٠٠، کە گەشتە خەیاڵییەکەی دانتی بۆ دۆزەخ دەستی پێکرد، ئەو ڕووداوانەی باس کراون هیچیان نەقەوما بوون. بۆ ئەوەی بە چاکی لە پێشبینییەکان بگەین، پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە باری کۆمەلایەتی و سیاسیی شاری فلۆرەنسا بدەینەوە لە سەرەتای سەدەی چواردەمدا: ئەو کاتە فلۆرەنسا

شارێکی قەوغا و خۆشگوزەران بوو، بەڵام وەکو زۆربەی شارەکانی ئیتالیا لە دووبەرەکییەکی سەختی ناوەخۆدا دەژیا.

پێش ساڵی ١٣٠٠، دوو تاقمی سیاسیی گەورە: (گەلف-Guelf) و (گیبێللینی-Ghibelline) چەند ساڵێکی دووردوودرێژ بوو لەسەر دەسەڵاتی ئەو شارە لە شەڕ و ناکۆکیدا بوون. ئاخیری گیبیللینییەکان بەزین و گەلفەکان بە تەنیا دەسەڵاتی شاریان گرتە دەست. زۆری نەبرد گەلفەکانیش لەناو خۆیانەوە بوون بە دوو تاقم. (ڕەشەکان) کە نوێنەری شار بوون و (سپییەکان) کە دەشتەکی بوون، بەزۆری خەڵکی دۆڵی (سییڤی) بوون. ئەم جارە ئەم دوو تاقمە لەسەر دەسەڵاتی شار بەربوونە گیانی یەکتر. لە مایسی ساڵی ١٣٠٠دا کەوتنە شەڕێکی چەکدارانە و دوای ماوەیەک (ڕەشەکان) شاربەدەر کران. (سپییەکان) جڵەوی کاروباری شاریان گرتە دەست. دانتی یەکێ بوو لە سەرکردەکانی (سپییەکان). پایەیەکی بەرزی وەرگرت و بە یەکێ لە سێ کاربەدەستی باڵای فلۆرەنسا هەڵبژاردرا، بەڵام دوای ساڵێک، (ڕەشەکان) بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم بە سەرکەوتوویی هاتنەوە ناو فلۆرەنسا و کەوتنە پاکسازیی شار لە سپییەکان. دانتی یەکێ بوو لە قوربانییەکانی ئەو پاکسازییە. لەگەڵ چەند بەرپرسێکی گەورەی تر دوورخرایەوە و تا دوامینی تەمەنی نەیتوانی پێی بە شاری فلۆرەنسا بکەوێتەوە.

٢٣. تاقمەکەی جەنگەڵ Parte selraggia بە تاقمی (سپییەکان)ی فلۆرەنسا دەگوترا، سەرۆکەکەیان چێرکی Cerchi بوو، خانەدانێکی بەناوبانگ بوو لە گوندێکی نزیک فلۆرەنساوە هاتبوو، بۆیە پێیان دەگوتن (جەنگەڵی).

٢٤. مەبەست پارتی ڕەشەکانە. ئەمە لە بنەماڵەی (دۆناتی) بوو.

٢٥. لە ماوەی سێ خولی خۆر (Infera tre soli) واتە لە ماوەی سێ خۆردا، واتە سێ ساڵدا. ئەم پێشبینییە ساڵی ١٣٠٠ کراوە. ڕووداوەکان دوو ساڵ و نیو، یان سێ ساڵ دوای ئەوە ڕوویان داوە.

٢٦. ئاماژەیە بۆ پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم. پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم سەرەتا پەیوەندیی بە هەردوو تاقمەکەوە هەبوو. ماوەیەک هەردوو لای لاواندەوە، پاشان دیتی بەرژەوەندیی لەوەدایە ڕەشەکان بەرز بکاتەوە. ئەوەبوو (شارل دی ڤالوا)ی میری فرەنسای نارد بۆ ئەوەی ئاشتی لە فلۆرەنسا بەرقەرار بکا. (شارل دی ڤالوا) توانیی ئاشتیی پاپایی بەرقەرار بکا. تاقمی سپییەکانی لە دەسەڵات لادا و تاقمی ڕەشەکانی هێنایە سەر حوکم و زۆر سەرکردە و لایەنگری سپییەکانی دوورخستەوە، دانتی یەکێ بوو لەو دوورخراوانە.

٢٧. تاقمی ڕەشەکان، ماوەیەکی زۆر لە دەسەلات مانەوە. دەستیان بەسەر مۆلک و مالی سپییەکاندا گرت. ڕەشەکان نەیانهێشت سپییەکان لە دەرەوەش یەکتر بگرنەوە، نەوەک خۆیان کۆ بکەنەوە و هێرش بکەنە سەر فلۆرەنسا و دەسەلاتیان لەدەست دەربێنن.

٢٨. ئەو دوو کەسەی دانتی تەنیا ئاماژەیان بۆ دەکا و ناویان ناهێنێ، دیار نییە کێن، بەلام زۆر لە گوینە یەکێکیان دانتی خۆی بێ و ئەوەی تر (گویدۆ کاڤالکانتی)ی برادەری بێ.

٢٩. ئەمانە ئەو سێ گوناهەن کە لە سەرەتای دۆزەخدا بە شێوەی پلنگ و شێر و دەلەگورگ ئاماژەیان بۆ کراوە.

٣٠. فارێناتا Farinata (فاریناتا دیلی ئوبێرتی): یەکێ بوو لە سەرکردەی گێبیلینییەکانی فلۆرەنسای سەدەی سێزدەم.

٣١. تێگگیایۆ ئالدۆبراندی Tegghiao Aldobrandi degli Adimari: شۆڕەسوارێکی ئازا و نەبەردی بنەمالەی (ئادیماری)ی فلۆرەنسا بوو. سالی ١٢٦٦ کۆچی دوایی کرد. دانتی لە ئەلقەی حەوتەمی دۆزەخدا، لە بەشی نێربازان چاوی پێ دەکەوێ.

٣٢. یاکۆپۆ Jacopo Rusticucchi: یان جاکۆپۆ: یەکێ بوو لە شۆڕەسوارە دلێرەکانی فلۆرەنسا. سالی ١٢٥٤ بە نوێنەرایەتیی شاری فلۆرەنسا ئەرکی گفتوگۆی سیاسیی گرتە ئەستۆ. دانتی لە ئەلقەی حەوتەمدا چاوی پێ دەکەوێ.

٣٣. ئاڕڕیگۆ Arrigo: دانتی تەنیا ئەم جارە ناوی ئەم پیاوەی هێناوە. دیار نییە داخۆ کێیە؟ هەندێ توێژەرەوە ئەمە بە (ئاودرینگۆ دی فیفانتی Audringo dei fifanti) دەزانن کە یەکێ بوو لەو دەستەیەی سالی ١٢١٥ (بوتون دیلمۆنتی)یان کوشت.

٣٤. مۆسکادی لامبێرتی Mosca dei Lamberti: ئەوەبوو کە دەستەیەکی لە کاربەدەستانی فلۆرەنسا هان دا بۆ کوشتنی (بوتون دیلمۆنتی)، چونکە ئەمەیان ڕازی نەبوو زەماوەند لەگەل کچێکی بنەمالەی (ئومیدی) بکا. ئەم کوشتنە بوو بە هۆی دابەشبوونی خەلکی شار بەسەر دوو تاقمەکەی گەلف و گیبێللینی و شاری فلۆرەنسا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەناو ئاگری ئەم ناکۆکییەدا هەلقرچا، بۆیە ڕۆحی مۆسکا لەناو ئەلقەی نۆیەمی دۆزەخدایە کە سەخت و ناخۆشترین ئەلقەیە، جێگەی فتونی-فتنەچی-یەکانە و دانتی لەوێ چاوی پێ دەکەوێ.

٣٥. لە هەموو ئەلقەکانی دۆزەخدا، ئەلقەی نۆیەمی لێ دەرچێ، دۆزەخییەکان داوا لە دانتی دەکەن کە گەڕایەوە سەر دونیای ڕووناک، دونیای زیندووان، یادیان

بکاتەوە و بە بیر خەڵکیان بێنێتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە مردووەکان هەر چاویان لە دونیای زیندووانە بۆ ئەوەی لە بیریان نەکەن. هیچ ئەشکەنجەیەکیان بە لاوە لەوە سەختتر نییە کە بزانن بە تەواوی لە بیر کراون، کەچی دۆزەخییەکانی ئەڵقەی نۆیەم، لەبەر ئەوەی گوناهیان زۆر گەورەیە، پێ دادەگرن کە زیندووەکانی سەر ڕووی دونیا بە تەواوی لە بیریان بکەن.

٣٦. خاوەن دەسەلاتی گەورە و مەزن: مەبەستی عیسایە. هەروەکو گوتمان دانتی قەت لە دۆزەخدا ناوی عیسا بە ئاشکرا ناهێنێ، هەر بە ئاماژە باسی دەکا.

٣٧. مەبەست ئەوەیە: ڕۆژی پەسڵان، ئەم ڕۆحانە دووبارە دەچنەوە ناو قاڵبی دونیایی خۆیان و لە بەردەم دادگای یەزدانیدا دەوەستن بۆ ئەوەی بەپێی گوناهەکانیان حوکمی کۆتاییان بەسەردا بدرێ.

٣٨. پلوتۆ Pluto (بە یۆنانی پلوتۆس): خودانی سەرو سامانە لای یۆنانەکان. لە زمانی ئیتالیدا، هەردوو وشەی لاتینی (پلوتۆن Pluton)و (پلوتۆس Plutus)، کە دوو خودانی جیاوازن لە ئەفسانەی یۆنانیدا، بە یەک جۆر (پلوتۆ٠ Plutn) هاتوون، بۆیە بە وردی دیار نییە داخۆ دانتی مەبەستی کام لەم دوو خودانەیە: پلوتۆن ناوی ڕۆمانی (هادیس)ی خودانی دۆزەخە لای یۆنانەکان و برای خودانی خودانانە، کەچی پلوتۆس ناوی ڕۆمانی (پلوتۆس)ی خودانی سەروسامانە، کوڕی دیمیتری خوشکی خودای خودانانە. دانتی، لێرەدا ئەم خودانەیشی کردووە بە شەیتان کە پاسەوانی ئەڵقەی قرچۆک و دەستبڵاوانە.

***

# سروودی حەفتەم ١

## ئەڵقەی چوارەمی دۆزەخ
## قرچۆک و دەستبڵاوەکان
## ئەڵقەی پێنجەمی دۆزەخ
## قیچکە تەنگەکان

پلوتۆس هاواری کرد بۆ ئەوەی دوو شاعیرەکە لە دۆزەخ دووربخاتەوە، بەڵام ڤیرجیلیۆ دەمکوتی کردەوە و تێیگەیاند هاتنیان لەسەر ئیرادەی ئاسمانە. دوو شاعیرەکە چوونە ئەڵقەی چوارەمی دۆزەخ. دانتی بەخیلەکانی لە لای دەستەچەپ و دەستبڵاوەکانی لە لای دەستەڕاست بینی. بە شێوەی نیوە ئەڵقەیی بە ئاراستەی دژ بە یەک دەڕۆیشتن. بەردی گرانیان بە سنگ پاڵدەدا. کە دەگەیشتنە یەک هاواریان دەکرد و دەکشانەوە بۆ شوێنی خۆیان. شاعیرەکان باسی قەشە و بەخیلەکانیان کرد. دانتی کەسی نەناسییەوە، چونکە لەبەر بەخیلی ڕوویان ڕەش بووبوو و سیمایان گۆڕابوو. ئینجا شاعیرەکان شۆڕبوونەوە بۆ ئەڵقەی پێنجەم کە گۆلی ستیکسی تێدایە. دانتی قیچکە تەنگەکانی دونیای تێدا بینی. بە سەر و سینگ و قاچ لە یەکیان دەدا و قەپیان لە یەک گیردەکرد. دوو شاعیرەکە بە دەوری گۆلەکەدا سووڕانەوە. جەفاکێشەکانیان بینی قوڕ و سیانیان دەخوارد. دواجار گەیشتنە داوێنی بورجێکی زۆر بەرز.



(پلوتۆ) بە دەنگی گڕی دەستی پێکرد:
(پاپی ساتان[٢]، پاپی ساتان ئالێپێ!)
دانای میهرەبان[٣] لە مەبەستی گەیشت.
دڵی دامەوە و گوتی: (ڕێ مەدە ترس هەراسانت بکا،
ئەمە هەرچی دەسەڵاتێکی هەبێ
ناتوانێ ڕێ نەدا لەم شاخە[٤] تێبپەڕین).
ئینجا ڕووی بۆ لای ئەو ڕوخسارە ئاوساوە
وەرگێڕا و پێی گوت: (گورگی نەفرەتی، بێدەنگ بە![٥]
لە ڕقی خۆتدا بقنێنەوە!
ئێمە لەخۆوە نەهاتووینەتە ناو ئەم تاریکستانە
لە سەرەوە، لەو شوێنەی میکاییل[٦] تۆڵەی لە گوناهی یاخی کردەوە،
ئیرادەیان وا لەسەرە.)
کە دار ئاڵای کەشتی دەشکێ،
چارۆکەی هەڵدەفاوی بەربا چۆن تێک دەئاڵۆزێ و دادەڕووخێ
ئەو جانەوەر و دڕندەیە ئاوها بەربووەوە سەر زەوی.
بەم جۆرە چووینە ئەڵقەی چوارەم
بەم لێژاییە ترسناکەدا چووینە خوارێ
کە خراپەی هەموو گەردوونی گرتووەتە خۆی.
ئای، دادپەروەریی یەزدانی! کێ دەکارێ
ئەم هەموو دەردە سەیر و ئازارە سەیرە کۆبکاتەوە، کە من دەیبینم؟
بۆچی هەڵەکانمان ئاوها دەمانفەوتێنن؟
چۆن لەسەر (کاریدی)[٧]
شەپۆل دەگاتە شەپۆل و بەسەریدا دەشکێتەوە،
لێرە مردوو ئاوها ڕووبەڕوو خۆیان پێکدا دەدەن.
لێرە خەڵکێکی لە هەموو شوێنێ زیاترم بینی،
لێرەولەوێ هاواریان دەکرد،
بە زەبری سینگ باری قورسیان پاڵدەدا.
توند خۆیان پێکدا دەدا و

دەسووڕان و دەکشانەوە و هاواریان دەکرد:
(بۆچی توند گرتووتە؟)، (بۆچی بەبادی هەوا دەدەی؟)
بەم شێوەیە دەگەڕانەوە بۆ ئەڵقەی شووم و تار
لە هەر لایەکەوە ڕوو لە خاڵی بەرامبەر
بە دەنگی بەرز سروودی ڕسوایی خۆیان دەگوتەوە.[8]
هەریەکە، کە دەگەیشتە نیمچە ئەڵقەی خۆی،
بۆ تەراتێنی دووەم لەبەر دەکشایەوە.[9]
بەم دیمەنە دڵم کەیلی ژان بوو
گوتم: (مامۆستام، بۆم ڕوون بکەرەوە
ئەم خەڵکانە کێن؟ ئاخۆ هەموویان قەشەن؟
ئەو سەرتاشاوانەی[10] دەستەچەپمان؟
ئەویش پێی گوتم: (ئەمانە گشتیان
لە ژیاندا ئەقڵکوێر بوون
لە خەرجکردندا هیچ پێوانەیان نەبوو.[11]
زۆر بە ڕوونی لە حەپەی دەنگیانەوە دیارە
کە دەگەنە ئەو دوو خاڵەی ئەڵقەکە
گوناهی جیاواز لێکیان دادەبڕێنێ.
ئەمانە قەشە بوون
قژیان بە سەرەوە نەبوو، پاپا و کاردیناڵ بوون
بەخیلییان لە ڕادە دەرچووبوو.)
منیش گوتم: (مامۆستا، دەبێ لەم خەڵکانە
هەندێکیان بناسمەوە،
کە بەم دوو خراپەیە لەکەدار بوون.)
ئەویش پێی گوتم: (بۆچوونەکەت پووچە
ژیانی کوێر و نابینای ئەم بەدکارانە
بە جۆرێ ڕەشی کردوون، ناناسرێنەوە.
ئەمانە هەتاهەتایە لەم دوو خاڵە بە یەک دەگەن
ئەمان بە مستی قوچاو[12] لەناو گۆڕ دێنە دەرێ و

ئەوانیش بە قڕی تاشاو.     (٥٧)
بەخشینی نابەجێ[١٣] و داکردنی خراپ،
لە دونیای خۆش[١٤] بێبەش و گیرۆدەی ئەم بەڵایەی کردوون
پێویست بە قسەی بریقەدار ناکا.     (٦٠)
کوڕم،[١٥] ئێستا دەتوانی ئەو هەناسە کورتەی
چاکە ببینێ کە دەیدەنە پاڵ بەخت و
خەڵک لەو پێناوەدا لەگەڵ یەکتر دەجەنگن.  (٦٣)
ئەو هەموو زێڕەی لەژێر مانگ [١٦]
هەبووە و هەیە، ناتوانێ ئۆخژن بخاتە
دڵی یەک لەو ڕۆحە کەشەنگانە.)     (٦٦)
پێم گوت: (مامۆستا، دە پێم بڵێ
ئەو بەختەی باسی دەکەی، چییە؟ [١٧]
کە هەموو سامانی زەویی لە چنگدایە؟)     (٦٩)
ئەویش پێی گوتم: (ئەی بوونەوەری دەبەنگینە،
چ نەزانییەکە سواری کۆڵتان بووە.
ئەمەیە بیروبۆچوونی من:     (٧٢)
ئەوەی دانایییەکەی لە هەموو شتێ باڵاترە، [١٨]
ئاسمانەکانی وا چێ کردووە و ڕابەری بۆ داناون[١٩]
هەر بەشە و تیشک داوێتە سەر ئەوانی تر.  (٧٥)
بەقەدەر یەک ڕووناکییان پێ دەبەخشێ،
هەروەهاش بۆ شکۆی دنیایی
هزرێکی ڕێکخەری کردووە بە ڕابەر.  (٧٨)
بێ گوێدانە نارەزایی مرۆڤ
چی سامانی پووچ هەیە لە ڕەگەزێکەوە دەیدا بە ڕەگەزێکی تر و
لە بنەماڵەیەکەوە دەیگوازێتەوە بۆ بنەماڵەیەکی تر  (٨١)
بەم جۆرە، بە بڕیاری ئەم هێزە [٢٠]
کە وەکو ماری بن گیا نەپەنییە
گەلێک حوکم دەگرێتە دەست و گەلێکی تر دەکەوێتە ژێر بار.  (٨٤)

زانیاریی تۆ ناتوانێ بەرامبەری بوەستێ:
خۆی شت چێ دەکا و خۆی حوکم دەکا
وەکو خودانەکانی[21] دی وڵاتی خۆی دەپارێزێ (٨٧)
گۆڕانەکانی وەستانیان نییە
پێویستی وای لێ دەکا چوست و خێرا بێ
ئەوەتا بارودۆخی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕاندایە. (٩٠)
ئەوانەی دەبێ پێی هەڵبڵێن
زۆر جار لە خاچی دەدەن و
بە ناهەق ناووناتۆرەی بۆ هەڵدەبەستن،[22] (٩٣)
بەڵام شادمانە و گوێی لە هیچ نییە:
لەناو بوونەوەرانی سەرەتاییدا،[23] گوڕاحی خۆشە،
چەرخی خۆی دەسووڕێنێ و چێژی خۆی وەردەگرێ (٩٦)
با ئێستا بەرەو گرانترین ئازار شۆڕببینەوە[24]
ئەو ئەستێرانەی لەگەڵ هاتنی من هەڵکشان، ئێستا هەموو دادەکشێن.[25]
مانەوەی زۆر قەدەغەیە.[26] (٩٩)
دووبارە ئەو ئەڵقەیەمان[27] بەرەو کەنارەکەی دی بڕی
بە لای کانییەکدا ڕۆیشتین دەجۆشا و دەڕژایە
ناو جۆگەیەک خۆی دایدڕیبوو. (١٠٢)
ئاوەکە زیاتر ڕەش[28] بوو تا شینباو
بەدەم شەپۆلە شلوێکانیدا ڕۆیشتین
بە ڕێگەیەکی سەختدا زیاتر چووینە خوارێ (١٠٥)
ئەو جۆگە شوومە
دەچێتە ناو زۆنگاوێ بە ناوی (ستیجی)[29]
دەگاتە بن لێوارێکی تۆقێنەر. (١٠٨)
زۆر بە وردی سەیرم کرد
خەڵکانێکی قوڕاویم لەناو زۆنگاوەکەدا دی
هەموو ڕووتوقووت و توورە و مرۆمۆچ![30] (١١١)
هەموو لێکیان دەدا، بەڵام نەک بە دەست،

به‌ڵکو به سه‌ر، به سینگ، به پێ!
به ددان لاشه‌ی یه‌کتریان داده‌پچڕاند و پارچه‌پارچه‌یان ده‌کرد.
مامۆستای خاس گوتی: (ڕۆڵه، ئه‌وه‌تا خۆت
ڕۆحی ئه‌و که‌سانه ده‌بینی که ڕق دایچۆڕاندوون.
ده‌مه‌وێ به مسۆگه‌ری بزانی:
خه‌ڵکانێک له‌ژێر ئاو هه‌نسک هه‌ڵده‌کێشن
بڵقی هه‌نسکیان له‌سه‌ر ئاو ده‌رده‌که‌وێ
سه‌یری هه‌ر کوێ بکه‌ی به چاوی خۆت ده‌یبینی!
له‌ناو قوڕولیته چه‌قیون و ده‌ڵێن:
له‌و دونیا خۆشه‌ی خۆر شیرینی کردووه، غه‌مبار بووین،
دڵی خۆمان له کادووی پیس قانگ ده‌دا.
ئێستایش له‌ناو قوڕدا خه‌م و حه‌سره‌ت ده‌خۆین.)
ئه‌م قسانه‌یان به لرخه‌لرخ ده‌کرد[٢١]
نه‌یانده‌توانی به وشه‌ی ته‌واو ده‌ریببڕن.
به‌م جۆره تاقێکی گه‌وره‌مان له‌ناو ئه‌م قوڕ و زێلاقه‌دا،
له به‌ینی وشکایی و ته‌ڕاتیدا بڕی،
چاومان هه‌ر له لای قوڕخۆره‌کان بوو.
ئاخیری گه‌یشتینه ژێر بورجێک.

## پەراوێزەکانی سروودی حەفتەم

١. ئەم سرووده، سروودی قرچۆک و دەستبڵاوانە، سروودی قیچکە تەنگ و جینگزانە، سروودی تەپ و تەوەزەلانە.

٢. (پاپێ ساتان، پاپێ ساتان ئالیپی Pape satan, pape satan aleppe). تۆژەرەوانی دۆزەخ دەڵێن ئەم ڕستەیە گڕوگاڵێکە لە هیچ زمانێکی دونیادا مانای نییە. دیارە دانتی بۆیە ئەم ڕستە تێکەڵوپێکەڵ و ئاڵۆزەی هێناوە تا شێوەی ئاخاوتنی شەیتانەکان پیشان بدا. ئەم ڕستەیە لە ڕووی ئاوازی دەنگەوە دەچێتەوە سەر زمانی یۆنانی، دەبێ هەر وایش بێ، چونکە لەسەر زمانی شەیتانێک گوتراوە کە خودانێکی یۆنانی بووە. دانتی لە جێگەیەکی تری دۆزەخدا، (سروودی ٣)، ڕستەیەکی بێمانای ئاڵۆزوبڵۆزی لەسەر زمانی نەمروود هێناوە، ئەویان لەبەر ئەوەی شکڵی شەیتانێکی سامی وەرگرتووە، ئاوازێکی عیبریی هەیە. زۆر تۆژەرەوە هەوڵیان داوە، بەپێی زمانی جیاجیا مانا بۆ ئەم دوو ڕستەیە بدۆزنەوە، بەڵام بە هیچ نەگەیشتوون. دوور نییە (پاپێ ساتان) مانای شەیتانی گەورە بێ و ئەوەی قسە دەکا هاواری شەیتانی گەورە (لوچیفیرۆ) بکا.

٣. دانای میهرەبان: مەبەست ڤیرجیلیۆیە. لێرەدا دانتی وا پیشان دەدا کە ڕۆح بە پێچەوانەی بنیادەمی زیندوو، لە زمانی شەیتانانیش دەگا.

٤. ئەو شاخە ناوبڕەی نێوان ئەڵقەی سێیەم و ئەڵقەی چوارەمی دۆزەخە.

٥. پێشتر باسکراوە کە گورگ ڕەمزی چڵێسی و چاوتەنگییە.

٦. میکێل Michele: میکاییل یەکێکە لە فریشتە نزیکەکانی خودا. کاتێ شەیتانی گەورە (لوچیفیرۆ) و دارودەستەکەی لە خوا یاخیبوون، میکاییل بە فەرمانی خوا لە ئاسمان فڕێی دانە خوارێ بۆ ژێر زەوی. لوچیفیرۆ لە چەقی ناوەندی زەوی کە تەپانی بنی دۆزەخە لەناو شەختە و بەستەڵەکدا سەقامی گرت و شەیتانە هاوەڵەکانیشی بەناو دۆزەخدا بڵاوبوونەوە و هەریەکە و ئەرکێکی خرایە ئەستۆ.

٧. کالیددی Caliddi (بە لاتینی کاریبیدیس): شاخێکی گەورە و ناسراوە لەسەر کەناری کەنداوی (مسینا)، لە نێوان نیوەدوورگەی ئیتالیا و دوورگەی سەقڵیە. هەردوو دەریای ئایۆنی و تیرانی لەوێ دەگەنەوە یەک. لە ڕووداو و بەسەرهاتی مێژووییدا، چەند جار ئاماژە بۆ ئەو شاخە کراوە.

٨. هەر تاقمێک تاقمەکەی دیی تاوانبار دەکرد و هەڕەشەی لێ دەکرد.

٩. ئاماژەیە بۆ دوو تاقم: قرچۆک و دەستبڵاوەکان کە پێچەوانەی یەکترن.

١٠. قەشەكانی زۆربەی دەستە و تاقمەكانی مەزەبی كاتۆلیكیی مەسیحی، بەزۆری تەوقەسەری خۆیان دەتاشن و دەوراندەورەكەی دەهێڵنەوە، بۆیە (تەوقەسەری تاشاو): ئاماژەیە بۆ قەشە.

١١. واتە: ئەوانەی لە بەشی تایبەت بە قرچۆكەكانن.

تێبینی: تەنیا لەم ئەڵقەیەی دۆزەخدا، دانتی هیچ یەكێ لە دۆزەخییەكان بەناو ناناسێتەوە، كەچی لە هەموو ئەڵقەكانی تردا تووشی ناسیاوەكانی خۆی دەبێ و لە ئەحواڵیان دەپرسێ.

١٢. مستی قوچاو: نیشانەی چەنچۆز و ڕژد و قرچۆكانە كە توند پارەی ناو دەستیان دەگرن و مستیان ناكەنەوە بۆ ئەوەی پارەی ناو دەستیان خەرجبكەن.

١٣. بەخشینی خراپ Mal dare: واتە تەخشانوپەخشانكردن و بێهوودە خەرجكردنی پارە. هەرزە خەرجی.

١٤. دونیای خۆش lo Mondo Pulcro: واتە ئاسمان.

١٥. ڕۆڵە گیان! Figlu'o lo: دەستەواژەیەكی خۆشەویستییە، باوك بۆ كوڕی بەكار دێنێ.

١٦. ژێر مانگ: مەبەست سەر ڕووی زەوییە، چونكە بەپێی ئەستێرەناسیی پتلیمۆس كە دانتی لەسەری ڕۆیشتووە، ئاسمانی مانگ یەكەم ئاسمانی سەر ڕووی زەوییە.

١٧. فۆرتونا Fortuna: بە مانای بەخت و سامان هاتووە. ناوی یەكێكە لە خودانەكانی ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی. لە شێوەی ژنێكی جواندایە، بەردەوام لە فڕیندایە. چەرخێكی بە دەستەوەیە بەبێ وەستان دەخولێتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە پایە و سامان هەمیشە لە خولانەوە و گۆڕاندایە، بۆ كەس نییە تا سەر و كەس هەتاهەتایە لەسەر یەك باردا نامێنێتەوە. دانتی ئەم خودانەی لەناو فریشتەكانی خوا دەرهێناوە و كردوویەتی بە خزمەتكاری خوداوەندی مەسیحی.

ئەم فریشتەیە كاری ئەوەیە بەپێی خواست و فەرمانی خودا پایە و سامان و ناوبانگ لە بنەماڵەیەكەوە بۆ بنەماڵەیەكی تر و لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیەكی تر دەگوازێتەوە.

١٨. مەبەست خودایە.

١٩. مەبەست فریشتەیە.

٢٠. مەبەست خودایە.

٢١. خودانەكانی دی: ئەو فریشتانەن، كە هەریەكە بە ئەمری خودا، ئاسمانێكی لەژێر فەرماندایە.

٢٢. ئەم ڕستەیە لە ئیتالییەکەدا بەم جۆرەیە:

"che' e' tanto Posta in croce"!

واتە: ئەوەیە کە بێبەختانە ستەمی لێ دەکرێ و مەحکوم دەکرێ. ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ لەخاچدرانی عیسا و زۆر جار لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بەکار دەبرێ.

٢٣. مەبەست لە بوونەوەرانی سەرەتایی، فریشتەکانن.

٢٤. واتە: بەرەو ئەڵقەی خوارتر بکەوێتە ڕێ کە بە قەبارە لەمەیان بچووکترە، بەڵام غەمخانەیەکی گەورەترە.

٢٥. مەبەست ئەوەیە: نیوەشەو ڕابردووە و ئەو ئەستێرانەی لە نیوەی یەکەمی شەو، لە ئاسماندا بەرز دەبوونەوە، ئێستا نیوە سووڕی دووەمی خۆیان بەرەو ئاسۆ دەست پێکردووە.

٢٦. واتە: خودا ڕێی نەداوین لەم گەشتەدا زۆر بمێنینەوە. کاتەکەمان بۆ دیاریکراوە و نابێ لەوە زیاترمان پێ بچێ.

٢٧. مەبەست ئەڵقەی چوارەمی دۆزەخە.

٢٨. مەبەست ئەوەیە کەمترین تیشک نەدەگەیشتە ناوجەرگەی تاریکییەکە.

٢٩ ستیجی Stige (بە یۆنانی: Styx): لە ئەفسانەی یۆنانی ڕۆمانیدا، ڕووبارێکە یان گۆلێکە لە دۆزەخ. پێی دەگوترێ ڕووباری خەفەت، چونکە بە دەوری شاری (دیتی)، شاری شەیتاناندا دەسووڕێتەوە. ئەو ڕووبارە لە تەختاییەک دەوەستێ و گۆلێک پێکدێنێ. ئەو گۆلە دەبێ بە سنووری نێوان بەشی یەکەم و دووەمی سێ بەشە سەرەکییەکەی دۆزەخ. ئەم گۆلە چوار ئەڵقەی سەرەوەی دۆزەخ، کە تایبەتن بە سزای گوناهی داوێنپیسی و ناپارێزی (گوناهی گورگ)، لە ئەڵقەکانی خوارەوە جیا دەکاتەوە کە تایبەتن بە گوناهی توندوتیژی و ئایین و ئۆین (شێر و پڵنگ).

لێرەدا، شێوازی دانتی لە دابەشکردنی سزا و تاواندا زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێ. لە هەر ئەڵقەیەکەوە، کە دادەبەزێ بۆ ئەڵقەی خوارتر، وردەوردە ڕەوشی دڵناسکی و بەزەیی و میهرەبانی کەم دەبێتەوە و دڵڕەق و بێباکتر دەبێ بەرامبەر گوناهبارەکان. دانتی دەیەوێ ئەوە پیشان بدا کە دڵی مرۆڤ تا زیاتر لە گوناه و تاوان نقووم بێ، زیاتر خوو بە گوناهکارییەوە دەگرێ و کەمتر و درەنگتر دەتوانێ خۆی لێ ڕزگار بکا.

٣٠. ئاماژەیە بۆ ئەو خەڵکە تووڕە و ڕقەستوورەی کە قینی خۆیان دەخۆنەوە و دەری نابڕن، واتە کین لە دڵن. ئەرەستۆ مرۆڤی میزاج ڕەش دابەشی سێ بەش دەکا: تیژ، تاڵا، ڕەق. تاقمی یەکەم ئەوانەن کە یەکسەر قینی دڵی خۆیان دەڕێژن، هەڵدەچن

و دەکەنە هاتوهاوار. تاقمی دووەم ئەوانەن کە ڕق لە دڵی خۆیان دەهێڵنەوە و لێیان دەبێ بە خەشم و کینە، تاقمی سێیەمیش ئەوانەن کە یەکسەر دەست بە تۆڵەسەندنەوە دەکەن. لێرەدا تاقمی یەکەم لەسەر ڕووی گۆڵەکە و دوو تاقمەکەی تر لەژێر ئاودا دەژین. دانتی وشەی تاڵ/تەمبەل (Aceidioso)ی بۆ وەسفی ئەم ئەڵقەیە بەکار هێناوە.

٣١. واتە ئەوەندە تووڕەن و بە جۆرێ لە ئاودا نقووم بوون، قسەیان بە باشی بۆ ناکرێ و بە تەواوی تێیان ناگەن.

***

# سروودی هەشتەم ١
## ئەڵقەی پێنجەمی دۆزەخ (تەواوکەر)
## جینگزەکان
## شاری شەیتان (دیتی)

بورجی بڵند و شاری دیتی ئاماژەیان دەگۆڕییەوە. دانتی لە مانای ئاماژەکانی پرسی. بەلەمێکی دی وەکو تیر بەرەو ڕووی هات. (فیلجیاس)ی شەیتانی پاسەوانی ئەڵقەی پێنجەم دەیهاژوا. (فیلجیاس) ویستی زەبرێک لە دانتی بدا. وای زانی یەکێکە لە مردووەکان، بەڵام ڤیرجیلیۆ ڕەتی دایەوە. دوو شاعیرەکە چوونە ناو بەلەمەکە و بەسەر گۆلی (ستیجی)دا ڕۆیشتن. تارمایی فیلیپۆ ئەرجنتی هاونیشتمانیی فلۆرەنسی دەرکەوت کە یەکە دوژمنی دانتی بوو. بە تووڕەیی و جینگزی ناسرابوو. دانتی توندیی لەگەڵ نواند. ئەرجنتی ویستی بەلەمەکە وەربگێڕێ، بەڵام ڤیرجیلیۆ لینەگەڕا. دانتیی ماچ کرد و هێوری کردەوە. گوتی زۆر کەس خۆیان بە پاشا دەزانن، کەچی لەناو دۆزەخدا وەکو بەراز لەناو قوڕ دەگەوزن. جەفاکێشەکانی تریش کەوتنە گیانی ئەرجنتی. بەمەوە دانتی تۆڵەی خۆی لە دوژمنەکەی کردەوە. دانتی گوێی لە دەنگی جەفاکێشەکانی ناو دیتی بوو و بورجە بڵندەکانی شارەکەی بینی. شاعیرەکان گەیشتنە خەندەقی ئاوی دەوری شاری دیتی. (فیلجیاس) گەیاندنیە بەر دەروازەی شار. دانتی هەزار شەیتانی زیاتر بینی کە لە خوا یاخی

بووبوون و خوا لە بەهەشت دەری کردبوون. ویستیان ڕێگە بە دانتی نەدەن بچێتە ناو شاری دیتی. ڤیرجیلیۆ ویستی تێیان بگەیەنێ، بەڵام بێهوودە بوو. ئیتر دانتیی لاواندەوە و دڵی دایەوە و دڵنیای کردەوە کە لەم تاقیکردنەوەیەدا هەر سەردەکەوێ. فریشتەیەک لە ئاسمان دێتە خوارەوە و دەرگای شاری دیتییان بۆ دەکاتەوە.



لەسەر قسەکەم دەڕۆم[2]:
زۆر بەر لەوەی بگەینە ژێر بورجە بڵندەکە.
چاومان کەوتە سەر ترۆپکەکەی.
دیمان دوو مەشخەڵی[3] لەسەر داندرابوو
یەکێکی تریش، لە دوورەوە بۆ ئەمانە دەچریسکایەوە[4]
ئەوەندە دوور بوو، بە ئاستەم دیاربوو.
ئاوڕم لە دەریای زانست[5] دایەوە و پێم گوت:
(ئەم ئاگرە چ دەڵێ؟ ئەوەی تر چ وەڵام دەداتەوە؟
کێن ئەوانەی دایانگیرساندوون؟)
پێی گوتم: (لەولاوە، لەسەر شەپۆلی قوڕاوی
دەشێ، ئەوە ببینی کە چاوەڕێمان دەکا،
ئەگەر تەمی زۆنگاو داینەپۆشێ.)
بەلەمێکی بچووکم دی
هیچ تیرێ
وا بە تیژی لە کەوان دەرنەچووە
ئاوا بەسەر ئاودا بەرەو لامان دەهات.
تەنیا یەک بەلەموانی تێدابوو.
هاواری دەکرد: (ئاخیری هاتی، ئەی ڕۆحی نەفرەتی!؟)[6]
سەروەرەکەم گوتی: (فلیجیاس! فلیجیاس![7]
بێهوودە هاوار دەکەی
ئێمە تەنیا بۆ پەڕینەوەی ئەم قوڕە، لای تۆین.)
یەکێ لەپڕ بۆی دەربکەوێ تەڵەی لێ دانراوەتەوە
چۆن دەحەپەسێ و هەراسان دەبێ،
(فلیجیاس)یش ئاوا مڕ بوو[8] و ڕقی خۆی خواردەوە.
مامۆستام دابەزییە ناو بەلەمەکە و
منیشی بەدوای خۆیدا برد
تەنیا کە من سوار بووم، بەلەمەکە دەرکەوت باری تێدایە[9].
هێندە من و ڕابەرەکەم سواربووین،

بەلەمی دێرین بزووت و بەڕێ کەوت
زیاتر لە شێوەی خۆی شەپۆلی داقەلاشت. (٣٠)
کە بەسەر ئاوی مردوودا[١٠] دەڕۆیشتین،
یەکێ لە بەردەمم قیتبووەوە، هەموو گیانی قوڕ بوو،
گوتی: (تۆ کێی؟ کە لە پێش وادەی خۆتدا هاتووی؟[١١]) (٣٣)
منیش پێم گوت: (بۆ ئەوە نەهاتووم بمێنمەوە.
ئەی تۆ کێی کە ئەوەندە دزێو بوویت؟).
وەلامی دایەوە: (خۆت دەبینی، ئەوەم کە دەگریم.) (٣٦)
پێم گوت: (ئەی ڕۆحی نەفرەتی،
هەر وا بگری و بکڕوزێوە،
هەرچەندە تەواو قوڕاوی بووی، باش دەتناسم.)[١٢] (٣٩)
ئەوسا هەردوو دەستی بۆ بەلەمەکە درێژکرد،
مامۆستای هۆشیارم دووری خستەوە و
گوتی: (برۆ بە خۆت و بە سەگەکانی دی لێرە نەمێنن!) (٤٢)
ئینجا هامێزی لە گەردەنی من وەرهێنا،
ڕووی ماچ کردم و گوتی: (ئەی ڕۆحی سەرفیراز،
ڕەحمەت لەو ژنەی تۆی بووە.) (٤٥)
ئەم پیاوە لە دنیادا بوغرا و بەفیز بوو.
چاکەیەک نەبوو یادی بەخێر بگێڕێ،
لێرەیش ئەوەتا ڕۆحی پڕە لە قین. (٤٨)
چەندین کەس، لە سەرەوە، خۆیان بە پاشا دەزانن
لێرە وەکو بەرازی ناو قوڕاون،
ڕسوایی تۆقێنەریان لەپاش بەجێ دەمێنێ.) (٥١)
منیش گوتم: (مامۆستا، زۆر حەز دەکەم
بەر لەوەی لەم زۆنگاوە دەربچین،
ئەوانەی نوقمی ناو قوڕ و دقنە ببینم.) (٥٤)
ئەویش پێی گوتم: (بەر لەوەی کەناری ئەوبەر
دەربکەوێ، چی دەڵێی بە دڵی خۆت دەبێ.

دەبێ ئەم ئارەزووەی تۆ بێتە دی.)  (٥٧)
هەر هێندەم زانی، ڕۆحە قوڕاوییەکانی دی
دەردێکی وەتۆیان بەم کابرایە کرد،
ئێستایش سوپاس و ستایشی خوای لەسەر دەکەم.  (٦٠)
تێکڕا هاواریان دەکرد: (بکەونە سەر فلیپۆ ئارجێنتی!)
ئەو ڕۆحە فلۆرەنسایییە ڕکنەش
بە قەپ بەربووبووەوە گیانی خۆی!   (٦٣)
بەم حاڵە جێمان هێشت! چیدی باسی ناکەم.
ئینجا ناڵە و قیژەیەکم کەوتە بەر گوێ
چاوم بڕییە پێشەوە.  (٦٦)
مامۆستای خاس گوتی: (کوڕم، هەنووکە
لەو شارە نزیک دەکەوینەوە کە پێی دەڵێن: (دیتی)[١٣]،
بە خەڵکی پەرێشان[١٤] و حەشیمەتی زەبەندەوە[١٥]!)  (٦٩)
منیش گوتم:  (مامۆستا، ئەوەتا پەرستگەکانی دەبینم،
زۆر بە ڕوونی لەناو دۆڵەکەدا دیارن،
سوور، دەڵێی لەناو ئاگر هاتوونەتە دەرێ.)  (٧٢)
ئەویش وەڵامی دایەوە: (ئەمە ئاگرێکی جاویدانە
لەناوەوە دەسووتێ و سوور پێشانیان دەدا
وەکو خۆت لەم دۆزەخەی خوارەوەدا دەیبینی.)[١٦]  (٧٥)
ئاخیری گەیشتینە هەندێ خەندەکی کوور
دەوری ئەو شارە ماتەمزەدەیەیان دابوو.
کە هەموو شوورەکانی لە بەرچاوم وەکو ئاسن وا بوون[١٧].  (٧٨)
یەکەم جار، پێچێکی گەورەمان دا،
گەیشتینە شوێنێ بەلەموانەکە بە قایم قیڕاندی:
(وەرنە خوارێ، ئەمەیە دەروازەکە!)  (٨١)
هەزار شەیتانم[١٨] زیاتر لەسەر دەرگاکە بینی،
لە ئاسمان داباریبوونە خوارێ. بە ڕقەستووری گوتیان:
(ئەوە کێیە پێش ئەوەی بمرێ (٨٤)

هاتووه بەناو وڵاتی ڕۆحی مردواندا دەگەڕێ؟)[19]
مامۆستای هۆزانم ئاماژەیەکی بۆ کردن
تێیگەیاندن دەیەوێ بە نهێنی قسەیان لەگەڵ بکا. (٨٧)
نەختێ ڕقی هەڵچووی خۆیان دامرکاندەوە و
گوتیان: تۆ بە تەنیا وەرە، با ئەمە بۆ خۆی بڕوا
کە بە ڕووقایمیی خۆی، هاتووەتە ئەم وڵاتە. (٩٠)
با بە ڕێی شێتانەی خۆیدا بگەڕێتەوە:
ئەگەر زات دەکا، با هەوڵ بدا، بەڵام تۆ لێرە دەمێنیتەوە،
تۆ کە ئەمەت هێناوەتە ناو ئەم تاریکستانە). (٩٣)
کاکی خوێنەر، بیربکەوە، تووشی چ ڕووخانێک هاتم
کە گوێم لەم قسە هەناوپسێنانە بوو
وامزانی تازە جارێکی تر نایەمەوە سەر دونیا (٩٦)
ئەی ڕابەری خۆشەویستم، تۆ حەفت کەڕەت زیاتر[20]
چەپاڵەت دام و لە هەڕەشەی
مەترسیی کوشندە نەجاتت دام. (٩٩)
پێم گوت: (وەها دەستەپاچە جێم مەهێڵە
ئەگەر قەدەغەیە زیاتر بڕۆین،
با بەیەکەوە، ڕێ و ڕێ، بزوورینەوە. (١٠٢)
ئەو سەروەرەی تا ئێرەی هێنابووم پێی گوتم:
(مەترسە! کەس ناتوانێ ڕێمان لێ بگرێ.
هێزی هەرە باڵا ڕێی پێداوین[21] (١٠٥)
تۆ لێرە چاوەڕێم بکە: ڕۆحی هەراسانی خۆت ببووژێنەوە و
ورەت بەرز بکەوە.[22]
من قەت لەم دونیایەی ژێرەوە، جێت ناهێڵم.) (١٠٨)
ئەگەر باوکی میهرەبانم بڕوا
بە تەنیا جێدەمێنم
(ئا)و (نا) لەناو سەرم دەکەونە ململانە.[23] (١١١)
نەمبیست چیی پێ گوتن،

بەڵام ماوەیەکی کەم لەکنیان مایەوە،
ئیتر گشتیان بە پەلەپڕوزێ و پێشبڕکی گەڕانەوە. (١١٤)
دوژمنان دەرگایان لە ڕووی سەروەرەکەم داخست،
بە تەنیا لە دەرەوە مایەوە و
بە شەقاوی شێنەیی بەرەو لای من هاتەوە. (١١٧)
چاوی بڕیبووە سەر زەوی، دڵنیایی بە تەوێڵەوە نەمابوو.
بەدەم ئاخینک و هەنسکەوە دەیچرپاند:
(کێ ڕێی ماتەمخانەی لە من قەدەغە کردووە) (١٢٠)
پێی گوتم: (پەست و نیگەران مەبە کە قینم هەستاوە[٢٤].
هەرچی لەناوەوە بۆ بەرگریی خۆیان تەیاری بکەن،
من لەم تاقیکردنەوەیەدا هەر دەردەچم. (١٢٣)
ئەم فیزەی ئەوانە شتێکی تازە نییە.
کاتی خۆی، لە بەردەرگایەکی تردا، پێشانیان دا.
دەرگاکە تا ئەمڕۆش بێ قوفڵ و شمشیرەیە[٢٥]. (١٢٦)
ئەوەتا وشەی مەرگ لەسەر دەرگاکە٢٦ دەبینی،
نەختێ لە خوارتر، لێژاییە و ژێردا دەچێ،
بەبێ یاوەر ئەڵقەکان دەبڕێ (١٢٩)
ئەو کەسەی دەرگای شارەکە دەکاتەوە. (١٣٠)

## پەراوێزەکانی سروودی هەشتەم

١. ئەم سرووده سروودی تووڕە و خاوخلیچکەکانە، سروودی (فلیپپۆ ئارجێنتی)یە.

٢. لەسەر قسەکەم دەڕۆم: ئەم ڕستەیە سنووری نێوان دوو بەشی گەورەی دۆزەخی دانتییە: بەشی سەرەوە و بەشی ناوەڕاست. بەشی سەرەوە چوار ئەڵقەیە و بە حەفت سروود باسی کراوە. بە شێوەیەکی سادەتر و گشتیتر نووسراوە لە سروودی بەشەکانی خوارەوە. تا ئێرە هەر ئەڵقەیەک سروودێکی بۆ تەرخان کراوە، ئەگەر هەمووی بەو جۆرە بڕۆیشتایە، دۆزەخ دەبوو بە دوازده سروود. کەچی ئێستا سیوچوار سرووده. ئەڵقەکانی لەمە خوارتر هەریەکە چەند سروودێکی بۆ داندراوە، تەنانەت ئەڵقەی هەشتەم سێزده سرووده.

هەندێ لە دانتیناس و کۆمیدیاناسان ڕایان وایە دانتی حەوت سروودی یەکەمی پێش دوورخرانەوەی لە فلۆرەنسا نووسیوە و دەستنووسەکەی لە ماڵەوە بەجێ ماوە، پاشان بە ڕێکەوت، دوای پێنج ساڵ، ژنەکەی دۆزیویەتییەوە و بێ ئەوەی بەو گەنجینە بەنرخەی بزانێ، لەگەڵ نامە و کەلوپەلەکانی تر بۆ دانتیی ناردووە کە ئەوسا لە تاراوگە دەژیا. دانتی کە دەستنووسی ئەو چەند سروودەی پێ گەیشت، بڕیاری دا تێهەڵبچێتەوە، ئەوە بوو دەستی پێکرد بەشەکانی تری دۆزەخ و بەرزەک و بەهەشتیشی هەر لە تاراوگەدا نووسی.

٣. دوو مەشخەڵی سەر قەڵاکە (شاری دیتی) نیشانەیە بۆ ئەوە کە دوو کەس لە قەڵا نزیکبوونەتەوە (دانتی و ڤیرجیلیۆ).

٤. بڵێسەکەی تریش کە لە دوورەوە بریسکایەوە، نیشانەی ئەوەیە شاری دیتی پەیامەکەی وەرگرت. ئەمە دەستوور و شەفرەی ڕاگەیاندن بوو لە سەردەمی دانتیدا.

٥. دەریای هەموو زانستێک، واتە: (بحر العلوم)، مەبەست ڤیرجیلیۆیە.

٦. خۆی هەڵدەکوتا بۆ ئەوەی ئازاری دانتی بدا، چونکە بە تاوانباری دەزانی.

٧. فلیجیاس Flegias (بە یۆنانی: فلیگواس): یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی. بەگوێرەی ئەفسانەی یۆنانی، لە جووتبوونی (مەریخ-مارس)ی خودانی جەنگ و ژنێکی جوانی سەر زەوی کەوتبووەوە. ئەم کوڕە بوو بە پاشا لە وڵاتی بیۆشیا (Beotia)ی یۆنان کە پایەختەکەی شاری (تیبە) بوو. ڕۆژێ ئاپۆڵۆنی خودانی هونەر و مۆسیقا و غەیبگۆیی، ئەشقی کچی ئەو فلیگواسە بوو. ئەم ئەشقە (ئەسکۆلاپەس)ی خودانی پزیشکی لێ کەوتەوە. فلیگواس قینی لەم کارە نالەبارەی پاپۆڵۆن هەستا. لە تۆڵەی ئەم کارەدا، پەرستگەی ناوداری دەلفی (Delphi)ی

سووتاند که بۆ پەرستنی ئەم خودانە دروست کرابوو. ئاپۆلۆن لە تۆڵەی ئەم کارەدا، فلیگواسی کوشت و ڕۆحی ڕەوانەی لای هادیسی خودانی دۆزەخ کرد بۆ ئەوەی تا خودانەکان حوکمی کۆتایی بۆ دەردەکەن، لەوێ بمێنێتەوە. ڕەنگە دانتی بۆیە فلیجیاسی کردبێ بە بەلەموانی ئەڵقەی پێنجەمی دۆزەخ، چونکە ئەو کوڕی مەریخە، لە لایەکەوە ڕەمزی ڕق و قینە و لە لایەکی تریشەوە ڕەمزی یاخیبوونە لە خودا. لێرەدا دانتی کردوویەتی بە شەیتان و پاسەوانی ئەڵقەی پێنجەمی دۆزەخ.

٨. واتە: فلیگیاس ڕقی خۆی خواردەوە.

٩. واتە: تەنیا دانتی قورسایی هەبوو، چونکە لە جەستەی خۆیدا بوو، هێشتا زیندوو بوو، ڕۆحی لە جەستەی جوودا نەبووبووەوە، کەچی ڤیرجیلیۆ تەنیا ڕۆح و تارمایی بوو و بەس.

١٠. مەبەستی لە ئاوی گەنی، زۆنگاوی ستیجییە.

١١. دۆزەخییەکە، کە دیتی بەلەمەکە بە شێوەیەکی نائاسایی داکەوت، زانیی دانتی هێشتا نەمردووە، بە جەستەوە هاتووە بۆیە وا قورسە.

١٢. ئەم دۆزەخییە، وەکو لە دێڕەکانی دواوە دەردەکەوێ، کابرایەکە بە ناوی فلیپپۆ ئارجێنتی Phlippo Argenti و یەکێکە لە بنەماڵەی (ئادیماری Adimari)ی فلۆرەنسایی. ئەم بنەماڵەیە گەورەترین دوژمنی سیاسیی دانتی بوون. دانتی جارێکی تریش لە (بەهەشت) پلار لەم دۆزەخییە و لە بنەماڵەکەی دەدا.

١٣. شاری دیتی Dite (بە یۆنانی: دیس Dis و لە یۆنانی کۆندا بۆ هادیسی خودانی دۆزەخ و دۆزەخییان بەکار دەهات)، دانتی ئەم شارەی کردووە بە قەڵای پتەوی شەیتانەکان و دۆزەخ لە ئەڵقەی پێنجەم بەدواوە لەناو شوورا و قۆنگرەکانی ئەم شار و قەڵایەدایە. دانتی لێرەدا نازناوی (دیتی) بۆ ئەم شەیتانە گەورەیە بەکار هێناوە کە فەرمانڕەوای سەرەکیی هەموو ئەڵقەکانی ناو ئەم شوورانەیە، شارەکەیشی هەر بەو ناوە، ناوناوە. لەم ئەڵقەیە بە دواوە، دۆزەخییەکان بە شێوەیەکی گشتی بە ئاگر سزا دەدرێن.

١٤. خەڵکە پەرێشانەکە: ئەوانەی گوناهی گەورەیان کردووە.

١٥. مەبەست ئەو تاقمە شەیتانەیە کە دانتی لە بەردەرگای شاری (دیتی) تووشیان دەبێ.

١٦. دۆزەخی خوارەوە Basso inferno: مەبەست لە ئەڵقەی پێنجەم بەرەو خوارەوەیە. لە قورئاندا بە (الدرک الاسفل من النار) باسی کراوە.

١٧. دۆزەخ دوو بەشی سەرەکییە: بەشی یەکەم دۆزەخی گشتی لە ئەڵقەی دووەمەوە تا ئەڵقەی پێنجەم. بە لای دانتییەوە ئەم بەشە شوێنی ئەوانەیە کە

گوناهیان سووکە. بەشی دووەم دۆزەخی داخراوە. ئەمە دەکەویتە ناو شووراکانی شاری (دیتی). لە ئەڵقەی شەشەمەوە تا ئەڵقەی نۆیەم دەگریتەوە. ئەم بەشە شوینی ئەو کەسانەیە کە گوناهیان گەورەیە.

١٨. واتە هەزار شەیتان لەگەڵ شەیتانی گەورە لە خوا یاخیبوون و لە ئاسمان فڕیدرانە دەرەوە.

١٩. مەبەست ئەوەیە شەیتانەکان بە هۆی کێش و سەنگی نائاسایی بەلەمی فلیگیاس زانیویانە ئەو بەلەمە مرۆڤێکی زیندووی تێدایە.

٢٠. ژمارەی حەفت لێرەدا بۆ حەفت نییە، بەڵکو بۆ (زۆر) بەکار هاتووە. لە ئیتالیدا ئەگەر شتێ (زۆر) ڕوو بدا، دەڵێن: (فلانە شت حەفت جار ڕوویداوە)، واتە زۆر جار ڕوویداوە.

٢١. ئەم دەستەواژەیە: خوا وای خواستووە Do tal r" e' dato: زۆر جار لە دۆزەخدا دووبارە دەبێتەوە.

٢٢. مەبەست ئەوەیە: ڕۆحی مرۆڤ بۆ بەرەوڕووبوونەوەی گیروگرفتی سەرەکی، هەمیشە پێویستی بە ئەقڵ و مەنتیق هەیە. دانتی لە کۆمیدیادا ڤیرجیلیۆی بە ڕەمزی ئەقڵ و مەنتیق داناوە.

٢٣. (ئا) و (نا) لەناو سەرم کەوتنە ململانە. ئەم ڕستە ئیتالییە بووەتە پەند و بۆ کەسێ بەکار دێ کە لەنێو خەوف (ترس) و ڕجا (ئومێد) گیری خواردبێ.

٢٤. ڤیرجیلیۆ بەمە دڵی دانتی دەداتەوە و ورەی بەرز دەکاتەوە و زاتی دەخاتە بەر.

٢٥. بەپێی چیرۆکە ئایینییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، کاتێ مەسیح ویستی بۆ ڕزگارکردنی هەندێ ڕۆحی گەورەی مردوان بچێتە ناو ئەڵقەی یەکەمی دۆزەخ (لیمبۆ)، شەیتانەکان دەروازەی سەرەکیی دۆزەخییان لەسەر داخست، بەڵام مەسیح بە یەک ڕبکی قامک دەروازەکەی شکاند.

ئەم دەرگایە لە کاتی هاتنی مەسیحەوە، هەر بە کراوەیی ماوەتەوە، ئێستایش ئەمە دوعای ڕۆژی شەممەی پیرۆزی کاتۆلیکەکانە، بە زمانی لاتینی، کە دەڵێ:

(... لەو ڕۆژەدا، ڕزگارکەرەکەمان دەرگای مەرگی کردەوە و قوفڵ و تۆپەکانی شکاند.)

٢٦. نووسراوی مەرگ Scrita Morta: ئەو نووسراوەی باسی سزا و فەنای هەمیشەیی ڕۆحەکانی دۆزەخ دەکا.

****

# سروودی نۆیەم١
## ئەڵقەی شەشەمی دۆزەخ
## بێبڕواکان

دانتی کە دیتی ڤیرجیلیۆ نەیتوانی بچێتە ناو شاری دیتی ڕەنگی گۆڕا، ئەویش ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. ڤیرجیلیۆ ویستی نارەحەتیی خۆی بشارێتەوە و ورەی دانتی بەرز بکاتەوە، بەڵام ڤیرجیلیۆ دووبارە تووشی دڵەراوکە هات و دانتی زیاتر ترسا. دانتی لە ڤیرجیلیۆی پرسی داخۆ پێشتر چووەتە ناو قووڵایی دۆزەخ؟ ڤیرجیلیۆ وەڵامی دایەوە چووە. دانتی سێ جنۆکەی دۆزەخیی لەسەر بورجی بڵند بینی، سیفەتی تەیر و ژنیان هەبوو. مار بە لەشیانەوە هەڵدەگەڕا. بە نینۆک سنگی خۆیان دەڕنییەوە و بە شەپ لە خۆیان دەدا. بانگی میدۆسایان دەکرد بۆ ئەوەی دانتی بکا بە بەرد، بەڵام ڤیرجیلیۆ دانتیی وەرسووڕاند و چاوی نووقاند و لەو مەترسییە ڕزگاری کرد. دانتی گوێی لە دەنگی شکانی شتێ بوو، هەردوو کەناری گۆلەکەی لەگەڵ هەژایەوە. وەکو ڕەشەبایەک وا بوو دار و درەخت بشکێنێ و دڕندە و جانەوەر هەڵببڕێ. قاسیدێک لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ. بۆق چۆن لە بەردەم مار هەڵدێن و خۆیان دەخزێننە بنی گۆم، شەیتانەکان ئاوها لەبەری هەڵاتن. قاسیدی ئاسمان بە زەبرێکی داردەستەکەی دەرگای دیتی کردەوە و لە شەیتانەکانی خوڕییەوە و گەڕایەوە. دانتی ترسی نەما و شاعیرەکان بە سەلامەتی چوونە ناو شاری دیتی. دانتی دەشتێکی هەراوی لە بەردەم خۆیدا بینی، پڕبوو لە گۆڕ. ئەمانە گۆڕی بێباوەڕان بوون. ئاگریان لێ هەڵدەستا. ڕۆحەکان هاتوهاواریان دەکرد. شاعیرەکان بە بەینی گۆڕەکان و شوورەی شاردا تێپەڕین.



ئەو ڕەنگەی ترس لە دەموچاوی نەخش کردم
کە ڕابەرەکەم چاوی پێکەوت
هەر زوو ڕەنگی بزرکاوی خۆی شاردەوە[2] (٣)
بە وشتی ڕاوەستا، وەکو یەکێ گوێقوڵاغ بکا
لەبەر دونیای تاریک و تەمی چڕ.
سەرنجی دوور نەڕۆیشت (٦)
دەستی پێکرد: (هەرچی بێ، دەبێ ئەم شەڕە ببەینەوە[3]
یەکێ بەڵێنی کۆمەکی پێ داوین،[4]
ئای چەند بەلەزم زوو بگاتە جێ.) (٩)
چاک بینیم، سەرەتای قسەکانی
بە وشەی دواوە داپۆشی،
چونکە قسەکانی لەگەڵ جاری یەکەم جیابوو. (١٢)
لە قسەکانی هەراسان بووم
لێکدانەوەی خراپترم
بۆ وتە پچڕپچڕەکانی کرد. (١٥)
ئایا هەرگیز کەسێ[5] لە ئەڵقەی یەکەمەوە
کە تاکە سزای تەنیا بێهیوا بوونە
بۆ ناو ئەم دۆڵە قووڵە هاتووەتە خوارێ؟[6] (١٨)
لێم پرسی و ئەویش وەڵامی دامەوە، گوتی:
(زۆر بە دەگمەن وا ڕوو دەدا
یەکێ لە ئێمە ئەو ڕێیە ببڕێ کە من گرتوومەتە بەر. (٢١)
ڕاستە، من جەلێکی تر هاتوومەتە ئێرە[7]
ئەویش لەسەر داوای (ئێریتۆن)ی[8] دڵڕەق
کە ڕۆحەکانی دەگێڕایەوە ناو قاڵبی خۆیان. (٢٤)
تازە لە قاڵبی ئێسک و پێستی خۆم هاتبوومە دەرێ
کە منی خستە ناو ئەو شوورانە[9]
تا لە ئەڵقەی یەهوودا[10] بێمە دەرێ. (٢٧)
ئەمە نزمترین و تاریکترین شوێنە

دوورترین جێیە لە ئاسمان کە هەموو شتێکی تەوق کردووە.
ڕێگەکە باش شارەزام. خاترجەم بە! (٣٠)
ئەم زۆنگاوە، کە بۆن بۆگەنی بەم ناوەدا بڵاو دەکاتەوە،
دەوراندەوری شاری ماتەمزەدەی گرتووە،
بە زەبری زۆر نەبێ ناتوانین زیاتر بچینە ناوی. (٣٣)
شتێکی تریشی گوت، بەڵام لە بیرم کردووە،
هەموو گیانم لای چاوەکانم بوو[١١]
نیگایان کەوتبووە سەر ترۆپکی داگیرساوی بورجەکە.[١٢] (٣٦)
لەپڕ سێ جنۆکەی[١٣] دۆزەخیی خەڵتانی خوێن
لە کەرخێکی بورجەکە قیتبوونەوە.
شێوە و ئەدگاری ژنانیان پێوە بوو. (٣٩)
کەمەربەندیان ئەژدەهای سەوزی حەفتسەر[١٤] و
قژیان عەزیا و تیرەمار بوو،
بە تەویلی دزێویانەوە لوولیان خواردبوو. (٤٢)
ئەوەیش[١٥] کە مسکێنەکانی[١٦]
شاژنی گریانی[١٧] جاویدانی باش ناسییەوە،
پێی گوتم: ئەم (ئیرینی)یە[١٨] دڕندانە سەح بکە! (٤٥)
یەکەم (میگیرا)یە[١٩] لە دەستەچەپ،
ئەوەی لە دەستەڕاست دەگری، (ئالێتتۆ)یە[٢٠].
ئەوەی ناوەڕاست (تێزیفۆن)ە. ئینجا بێدەنگ بوو. (٤٨)
هەموو بە ڕنۆک سنگی خۆیان دەڕنییەوە،
بە شەپ لە خۆیان دەدا و ئەوەندە قایم دەیانقیژاند
من لە ترسان خۆم بە ڕابەرەکەمەوە نووساند. (٥١)
دەیاننواڕیە خوارێ و دەیانگوت:
(خۆزگە (میدوزا)[٢٢] بهاتایە: (تیزیۆ)مان[٢٣] دەکرد بە بەرد،
تۆڵەی پەلامارەکەمان لێ نەکردووەتەوە.) (٥٤)
(بگەڕێوە دواوە و چاو بنووقێنە،
ئەگەر (گۆرگۆن)[٢٤] خۆی بنوێنێ و تۆ بیبینی،

قەت ناتوانی بگەڕێیتەوە ئەولا).[٢٥] (٥٧)
مامۆستام وای گوت و ئینجا خۆی
منی وەرسووڕاند. متمانەی بە دەستی من نەکرد،
بە دەستی خۆی چاوی گرتم.[٢٦] (٦٠)
ئێوەش کە زەین و ئاوەزێکی دروستتان هەیە
ئەو مەزەبە ببینن[٢٧]
کە خۆی لەژێر ئەم شیعرە سەیرانەدا شاردووەتەوە.[٢٨] (٦٣)
ئێستا لەسەر ئەو ئاوە لیخن و لێڵەوە[٢٩]
شرقژنێکی[٣٠] ئەوەندە سامناک هات
هەردوو کەناری بەیەکەوە هەژاند (٦٦)
لە شریقژنی (با)یەکی توندی دەکرد
لە گەرمای دژ و پێچەوانەوە پەیدا ببێ و
لە پەستا جەنگەڵ بکوتێتەوە.[٣١] (٦٩)
گەلاو گردل بشکێنێ و بیپچڕێنێ و بیبا،
بەدەم گەردەلوولەوە بە شکۆداریی بڕوا و
شوان و جانەوەر و دڕندەی لەبەر ڕابکا. (٧٢)
مامۆستا دەستی لە سەرچاوم لابرد و گوتی:
(ئێستا سەرنج لەو کەفە دێرینە بدە،
دووکەڵەکەی لە هەموو شوێنێ ڕەشترە!) (٧٥)
چۆن بۆق لە ترسی ماری دوژمن
ڕادەکەن و بەناو ئاودا بڵاودەبنەوە و[٣٢]
خۆیان لە زەوی دەچەسپێنن، (٧٨)
هەزار ڕۆحی پەرێشانم زیاتر بینی
ئاوها لە بەرامبەر کەسێ هەڵدەهاتن
کە بێ ئەوەی پێی تەڕ ببێ، بەسەر (ستیجی)دا پەڕییەوە. (٨١)
دەستی چەپی لە پێش خۆی دەجووڵاندەوە
هەوای چڕی لەسەر دەموچاوی خۆی لادەدا،
هەر ئەوە بوو نیگەرانی دەکرد (٨٤)

زانیم ئەمە پەیکێکی ئاسمانییە.
ئاورِم لە مامۆستاکەم دایەوە، ئەویش ئاماژەی بۆ کردم
بێدەنگ بم و لە بەردەمیدا بچەمێمەوە.[33]
ئای چەند بە لامەوە رِسوایی بوو.
چووە لای دەرگاکە[34] و بە یەک زەبری داردەست[35]
بێ هیچ بەرگرییەک، کردییەوە.
لەسەر کۆسپەی ترسناکدا، دەستی پێکرد:
(هۆ، لە ئاسمان دەرکراوینە، هۆ! هۆ بەدتوخمینە، هۆ!
ئەم فیز و غرووره چییە تێتاندایە؟
بۆچی سەرپێچی لە ویستی بالا[36] دەکەن
کە هیچ شتێ ناتوانێ بەری بگرێ و
زۆر جار ئەشکەنجەی سەختتر کردوون.
ئەنکەبەری دژی چارەنووس بەچی دەچێ؟
ئەگەر لە یادتان بێ، (چێربێرۆ)تان[37]
ئێستایش قەپۆز و گەرووی دەکەتەلۆ هاتووە.)
ئەوسا بە رِێگە قورەکەدا گەرِایەوە[38]
هیچ خۆی لە ئێمە نەگەیاند، سیمای لە یەکێکی دەکرد،
لەبەر نیگەرانی داهێزرابێ!
وەک یەکێ ملی رِێی خۆی گرتبێ
بەم گوتارە پیرۆزە زۆر دڵنیابووین و
بەرەو شارەکە هەنگاومان نا.[39]
بەبێ شەرِ چووینە ناوی
من، زۆر بە پەرۆشەوە بووم
بزانم ئەوانە چۆنن قەڵاکە[40] گرتوونیەتە خۆی،
یەکسەر، کە گەیشتمە ئەوێ، چاوم بەو ناوەدا گێرِا
لە هەموو شوێنێ دەشتێکی هەراوم بینی،
پرِبوو لە گریان و ئازاری بە سفتوسۆ.
رِێک وەک لە (ئارلی)[41] کە ئاوی (رِۆدانۆ)مەند[42] دەبێ،

یان لە (پۆلا)، لای (کارنارۆ)
کە ئیتالیا دادەخاو سنوورەکانی ڕەباس دەکا[٤٣]
شوێنەکە بە گۆڕ و گڵکۆ بەرزونزم بووە
لێرەش هەموو لایەک ئاوها بوو،
دۆخەکە زۆر سەخت و دژوارتریش بوو[٤٤]
بڵێسەی ئاگر بەناو گۆڕەکاندا دەڕۆیشت
ئەوەندە بە توندی گرتبوونیە باوەش،[٤٥]
هیچ ئاسنگرێ ئاسنی وا گەرمی نەدیوە.
گۆڕەکان سەریان هەڵگیرابوو،[٤٦]
ناڵەی بەکوڵ و ناخۆشیان لێ دەهاتە دەرێ
ئەمە ناڵەی ڕۆحی زەلیل و کڵۆڵان بوو.[٤٧]
گوتم: (مامۆستا، ئەم خەڵکانە کێن
لەناو ئەم گۆڕانە نێژراون و
ئەم هەنسکە ئاگرینەیان لێوە دێ؟).
ئەویش پێی گوتم: (ئەمانە بێبڕواکانن
لەگەڵ پێڕەوکەری هەموو مەزەبێکیان،
گۆڕەکانیان ئەوەندە پڕە، قەت بە خەیاڵتدا نایە!
لێرەدا ئاوکووف لەگەڵ ئاوکووف نێژراوە و
گۆڕەکان داگیرساون.)[٤٨]
ئەوسا بە لای دەستە ڕاستدا وەرچەرخا.[٤٩]
بەناو جەفاکێشان و شوورەی بڵنددا تێپەڕین

## پەراوێزەکانی سروودی نۆیەم

١. ئەمە سروودی پەیکی ئاسمانییە کە دابەزی بۆ ئەوەی دەروازەی شاری (دیتی) بۆ دوو شاعیرەکە بکاتەوە.

٢. ڤرجیلیۆ لە ترسی شەیتانەکان ڕەنگی پەڕی، بەڵام کە دیتی (دانتی)یش بە هۆی ترسی ئەوەوە ڕەنگی گۆڕا، نیگەرانیی خۆی شاردەوە بۆ ئەوەی دانتی ورەی نەڕووخێ. گومانی تێدا نییە ئەم ترسەی ڤرجیلیۆ چاوەڕێکردنی بۆ فریاگوزارێک مانای ڕەمزیی خۆی هەیە. نیشانەی ئەوەیە ئاوەز و مەنتیقی مرۆڤ سنووریکی دیاریکراوی هەیە. زۆر جار پەکی دەکەوێ و تەنیا چاوی لە قاپیی خودایە و هەر تەنیا خودا دەتوانێ نەجاتی بدا، واتە شڵەژانی مرۆڤ نیشانەی دەستەپاچەیی ئەقڵ و توانای مرۆڤە کە هەستی بە بێتوانایی خۆی کردووە و چاوەڕێیە لە غەیبەوە دەستێکی بۆ بێ و لەو تەنگانەیە دەری بێنێ.

٣. ئاماژەیە بۆ ورەبەرزیی ڤرجیلیۆ.

٤. ڤرجیلیۆ دەیەوێ ترسی دانتی بڕەوێنێتەوە کە دەڵێ یەکێ بەڵێنی یارمەتیی پێداوین، مەبەستی بیاتریچییە.

٥. نیشانەیە بۆ هاتنی بیاتریچی.

٦. واتە: جەفاکێشانی (لیمبۆ)

٧. مەبەست ئەوەیە ئەمە دووەم جارە دێتە ناو دۆزەخ.

٨. ئێریتۆنی Eritone (بە لاتینی: ئێریکیتۆ Ericheto): ژنێکی جادووکەری خەڵکی (تسالیا)بوو. ئەم جادووکەرە گوایە ڕۆحی بەبەر مردوو دەخستەوە. (لوکافوس)ی شاعیری ڕۆمانی لە کتێبی فارسالیا (کە دانتی خوێندبوویەوە) دەڵێ ئەم جادووکەرە مردوویەکی زیندووکردەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی (پمپیوس)ی لێ بپرسێ لە جەنگی ناسراوی فارسال لەگەڵ یولیۆسی قراڵدا.

٩. واتە لە شوورای شاری (دیتی) چووە ژوورەوە.

١٠. ئەڵقەی یەهوودا، ئەڵقەی نۆیەمی دۆزەخە، کەوتووەتە بنی بنەوەی دۆزەخ. هەندێ دەڵێن ئەو ڕۆحەی ڤرجیلیۆ ڕزگاری کرد، ڕۆحی (پالامیدیس)ە کە یەکێ بوو لە پاڵەوانەکانی تەڕوادە.

جێگەی بیرهێنانەوەیە: جەنگی (فارسال)ی نێوان یۆلیوسی قراڵ و پومبی ساڵی ٤٨پ.ز ڕووی داوە. ئەو کاتە ڤرجیلیۆ هێشتا مابوو.

١١. ڤرجیلیۆ دانتی خاترجەم دەکا و ترس و نیگەرانیی دەڕەوێنێتەوە.

١٢. ترۆپکی بورجەکە ڕووناک بووەتەوە، چونکە دوو ئاگری لەسەر کراوەتەوە، وەکو نیشانەی نزیککەوتنەوەی دوو بیانی.

١٣. (فوری-Furi) خێوی بەد، یان شەیتان بوون. لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا، ئەمانە خێو و درنجی بەدکار و کینەلەدڵ بوون. سێ دەڵەشەیتان بوون لە شێوەی سێ ژنی دڵڕەق و خوێنخۆر، گوناهکارە گەورەکانیان بە جۆرەها سزا و ئازار ئەشکەنجە دەدا. دیارە دانتی ئەم خێوانەی لە ئەنیادەی ڤرجیلیۆ وەرگرتووە کە لەوێ ڤرجیلیۆ ئەرکێکی گەورەی خستووەتە ئەستۆیان. لە ڕووی ڕەمزییەوە، ئەم سێ خێوە نیشانەی ویجدانی بەئازاری گوناهکارانن.

١٤. ماری حەفتسەر idra (بە لاتینی هیدرا Hydra). ئەو ئەژدەرە حەفت سەرەیە کە بە دەستی هەرقەل کوژرا. بە شێوەیەکی گشتی بە ماری دەریایی دەگوترێ.

١٥. مەبەست ڤیرجیلیۆیە.

١٦. مسکێن Le Meschine: واتە نۆکەر. وشەکە بەم جۆرە لە ئیتالیدا هاتووە. ئەمە لە زمانی ئاشووریشدا هاتووە (مشکێن). مشکێن ئەو کەسە بووە کە زەوی خاوەن مۆلک (ئاغا)ی بە کرێیەکی تایبەتی دەناو هێناوە. ئەم وشەیە لە کوردیدا، لە زۆر ناوچەدا بەرامبەر بە (کرمانج)ی ناوچەکانی تر بەکاردێ. کرمانج نەک بە مانای کورد، بەڵکو بە مانای ئەو کەسە کە زەویی ئاغا بەرامبەر بە کرێیەکی تایبەتی دادەچێنێ.

(١٧) مەبەست هیکاتای Hecataeیە (بە لاتینی: پرۆسپیرینا). لە ئەفسانەی کۆندا، کچی جوپیتەر و خودانی دۆزەخە. کاتێ لە سەقلیە گوڵی کۆ دەکردەوە، (پلوتۆس)ی شەیتان ڕفاندی.

١٨. ئیرینێی Erinyes: وشەیەکی یۆنانییە بە مانای شەیتان، یان جن و خێو.

١٩. میگایرا Megaera: واتە دوژمنی کەللەڕەق و سەرسەخت.

٢٠. ئالیتتۆ Alitto (ئالیکتۆ Alicto).

٢١. تیزیفۆنی Tisiphone: سزادەری بکوژان. ئەم شەیتانانە لە خزمەتی پرۆزیرپینای شاژنی دۆزەخدا بوون.

٢٢. میدوزا Medusa: لە ئەفسانەی یۆنانیدا ناوی یەکێکە لە سێ خوشکی (گۆرگۆن). هەر کەسێ تەماشای بکردایە دەبوو بە بەرد. پۆزیدون تاڵەقژەکانی کرد بە مار. ئاخیری (پیرسیوس)ی نیمچەخودان کوشتی و سەری بردە ئولیمپیا.

٢٣. تێزیۆ Teseo (بە یۆنانی: تیزیۆس Teseos): پاڵەوانێکی ئەفسانەیی و نیمچەخودانێکی یۆنانییە. لەگەڵ (پیرتیویوس) چووە ناو دۆزەخ بۆ ڕفاندنی (هیکاتە)ی

شاژنی جوانی دۆزەخ و ژنی (هادیس)ی خودانی دۆزەخ، بەڵام پیاوەکانی هادیس لە ڕێگەدا (پیرتیویوس)یان کوشت و (تیزیۆس)یان بە دیل گرت و خودانەکان حوکمیان دا هەتا هەتایە بە زنجیر لە گاشەبەردێکی گەورە ببەسرێتەوە. ئەوە بوو ئاخیری هەرقەل زنجیرەکەی پچڕاند و ئازادی کرد. لێرەدا سێ دەڵەخێوەکەی پاسەوانی شوورای دۆزەخ بیریان دەکەوێتەوە کاتی خۆی کە (تیزیۆس) هاتە دۆزەخ بۆ ئەوەی شاژنی دۆزەخ بڕفێنێ، بە دیلیان گرت، بەڵام نەیانکوشت. ئیتر کە (دانتی)یان دی بە زیندوویی هاتووەتە ناو دۆزەخ، وایان زانی (تزیۆس)ە دووبارە هاتووەتەوە، بۆیە کە چاویان پێکەوت، هاواریان کرد: خۆزگە میدوزا بهاتایە و سەیری تیزیۆسی بکردایە بۆ ئەوەی بیکا بە بەرد و جارێکی تر بەو ناوەدا نەیەتەوە. ئەمە لە ڕووی ڕەمزییەوە ئەوە دەگەیەنێ کە چیتر ئومێدی بە بەخشندەیی خوا نەبێ.

٢٤. گۆرگۆن Gorgon ئەو ژنەیە کە تاڵەقژەکانی مار بوو. لە ئەفسانەی کۆندا سێ گۆرگۆن ناویان هاتووە: میدوزا و ستێنۆ و ئیریالی. لێرەدا مەبەست میدوزایە.

٢٥. واتە بە سەیرکردنی میدوزا دەبێ بە بەرد و هەتاهەتایە لەناو دۆزەخ دەمێنێتەوە.

٢٦. ڤرجیلیۆ زۆر خەمی دانتیی لەبەر بوو، بۆیە سووربوو چاوی بە میدوزا نەکەوێ،نەوەک ببێ بە بەرد.

٢٧. دانتی لەم شیعرەدا باس دەکا کە مانایەکی گەورە لەژێر پەردەی ئەم وشانەدا هەیە. پاڵەوانەکانی ئەم دیمەنەی دۆزەخ هەریەکە مانای ڕەمزیی خۆی هەیە:

دانتی خۆی نیشانەی ڕەگەزی گشتیی مرۆڤە، لە دۆڵ و نیهالی گوناهەوە بەرەو بەرزایی بەخشین و لێبووردەیی خوا دەچێ.

ڤرجیلیۆ نیشانەی ئاوەز و مەنتیقی مرۆڤە کە لەگەڵ هەموو توانا و زانایی خۆی دەستەپاچە بووە و چاوەڕێی یارمەتییەک دەکا لە ئەقڵی مرۆڤ بەدەرە. سێ دەڵەشەیتانەکە ڕەمزی ویجدانی گوناهکارانن.

میدوزا ڕەمزی چێژ و لەززەتی دونیایە کە دڵی مرۆڤ بەرامبەر بە ئاسمان ڕەق و بێهەست دەکا، واتە دەیکا بە بەرد.

ئەو فریاگوزارەی ڤیرجیلیۆ و دانتی چاوەڕێی دەکەن، لوتف و کەرەمی خودایە کە دێ لەو تەنگانەیە ڕزگاریان دەکا بۆ ئەوەی دانتی لە گەڕانی ناو دۆزەخدا بەردەوام بێ و بە دیتنی گوناه و سزای جیاجیا، ڕۆحی گوناهکاریی خۆی پاک بکاتەوە.

٢٨. هەندێ ڕەخنەگر وای بۆ دەچن میدوزا لای دانتی ڕەمزی ئافرەتی گەرم و بەئاڵۆش و هەوەسبازە کە پیاو دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، یان ڕەمزی ڕقبوونەوەی ژنە لە پیاو. هەندێکی تر ڕایان وایە میدوزا دڵی مرۆڤی ئیماندار کرمێ دەکا و بڕوای

پەوی دەلەقێنێ، ڤرجیلیۆ بۆیە لێناگەڕێ دانتی تەماشای بکا تا بیروڕای بە پاک و چاکی بمێنێتەوە.

٢٩. مەبەست ئاوی گۆلی (ستیجی)یە.

٣٠. ئەو شرقژنە نیشانەی گەیشتنی پەیکی ئاسمانییە کە هێز نییە خۆی لەبەر رابگرێ.

٣١. ئەمە ئەو فریشتەیەیە کە وەکو پەیکێکی ئاسمانی دابەزییە خوارێ بۆ ئەوەی دەروازەی (دیتی) بکاتەوە کە شەیتانەکان لە رووی ڤرجیلیۆ و دانتیدا دایانخستبوو. ئەم فریشتەیە رەمزی هێزێکی بالآی بێوێنەیە.

٣٢. دانتی ڕاکردنی شەیتانەکان لە بەردەم پەیکی ئاسمانی بەو بۆقانە دەچوێنێ کە لە ترسی مار خۆیان دەشارنەوە.

٣٣. ڤرجیلیۆ داوای لە دانتی کرد دابێتەوە بۆ ڕێزگرتنی پەیکی ئاسمان.

٣٤. واتە دەروازەی شاری (دیتی).

٣٥. داردەست، رەمزی ئەو هێز و توانایەیە کە خوا پێی بەخشیوە.

٣٦. واتە: خواستی خوا.

٣٧.چێربیرۆ Cerbero: پاسەوانی ئەڵقەی چوارەمی دۆزەخە. پێشتر باسی کراوە. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: کە هەرقەل ویستی بچێتە ناو دۆزەخ، چێربیرۆ رێی لێ گرت، هەرقەلیش لەسەر ئەم بێئەدەبییەی زنجیری لە مل کرد و ڕایکێشا و بردی. لەبەر زنجیری ملی، چێربیرۆ هەموو پێستەی قەپۆز و ملی دەکەتەلۆ هات و ئەمەی لێ بوو بە نیشانە. فریشتەکە بەم باسە شەیتانەکان ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەر لەسەر یاخی بوون بەردەوام بن، ئەم چارەنووسەیان لەپێشە.

٣٨. واتە دوای تەواوکردنی ئەرکی خۆی، یەکسەر گەڕایەوە ئاسمان، چونکە بیاتریچی دەیەویست زوو بگەڕێتەوە.

٣٩. دانتی بێباوەڕەکانی لە سەرەتای شاری دیتی داناوە، لە نزیک شوورەکان، واتە لە تاوانبارەکانی تری جیاکردوونەتەوە. دیارە دانتی مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ بێباوەڕەکان کردووە، وەک چۆن مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ دانیشتوانی (لیمبو)ی سەرەتای دۆزەخ کردووە. ئەمە ڕێزگرتنە لە ئازادیی بیروڕای بێباوەڕەکان.

٤٠. مەبەست شاری (دیتی)یە.

٤١. ئارلی Arli: شاری ئارلیس لە هەرێمی پرۆڤانسی فرەنسایە. گۆڕستانی رۆمانەکانی لێیە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر چیرۆک و ئەفسانەی لەبارەوە کەوتبووە ناوەوە، ڕەنگە ئەوسا گەورەترین گۆڕستانی ئەورووپا بووبێ.

٤٢. رۆنی Rhone ڕووباری ناوداری فرەنسایە، بە تایبەتی پێی دەڵێن ڕۆدانۆ.

٤٣. نیشتمانپەروەرانی ئیتالیا ئەم قسەیەیان کرد. ئەمە بەڵگەیەکە کە ئیتالیا داوای لە نەمسا کردووە ڕازی بێ ئیستیریا بخاتە سەر ئیتالیا.

٤٤. دۆخەکە لەبەر باری دەروونی خراپتر بوو.

٤٥. پیشەوەر (خاوەن پیشە)، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە گشتی بە ئاسنگران دەگوترا.

٤٦. دانتی لەناو هەر تابووتێکدا، سەرکردەیەکی بیروای داناوە کە دەستوپێوەندەکانی لەگەڵدایە.

٤٧. واتە: ژمارەی بیروواکان لەوە زیاترە کە دەکەوێتە بەرچاو، چونکە زۆریان ئەدگاریان شێواوە و ناناسرێنەوە. پێویستە ئەوەیش بڵێین:

بە بۆچوونی دانتی، بنچینەی بێباوەڕی Eresia بریتییە لە نکوڵیکردنی جاویدانیی ڕۆح، چونکە نکوڵیکردنی جاویدانی و نەمریی ڕۆح وەکو نکوڵیکردنی خوا وایە. ئیتر دانتی بە کافری داناون.

٤٨. جیاوازیی ئاگری گۆڕەکان بە پێی دوورو نزیکیی مەزهەبییانە لە کرۆکی مەسیحییەت.

٤٩. لە سەرانسەری دۆزەخدا ڤیرجیلیۆ و دانتی کە لە ئەڵقەیەکەوە دەچنە ئەڵقەیەکی تر، هەمیشە بە لای چەپدا وەردەچەرخێن (کە ڕێگەی گوناه و خراپەیە)، ئەم دەستوورە تەنیا لە دوو جێگەدا پەیڕەو نەکراوە، یەکێ لێرەیە کە دانتی دەڵێ:

بە لای دەستەڕاستدا وەرچەرخا، ئەوەی تریش لە سروودی حەفتەمی دۆزەخدا کە سواری کۆڵی (جێریو) دەبن بۆ ئەوەی بچنە ئەڵقەی هەشتەم.

****

# سروودی دەیەم[1]
## ئەڵقەی شەشەمی دۆزەخ
## بێبڕوایان

شاعیرەکان بە بەینی شوورەی شاری دیتی و گۆڕەکاندا ڕۆیشتن. دانتی زانیی ئەمانە گۆڕی پەیڕەوکەرانی ئەبیکۆرن. لەپڕ گوێی لە دەنگی بوو بە توسکانییەکی ڕێک و ڕەوان بانگی کرد. دانتی ترسا. ڤیرجیلیۆ بۆی ڕوونکردەوە ئەمە (فاریناتا)یە، لە پشدێن بە سەرەوەی دیارە. (فاریناتا) لە دانتیی پرسی لە چ ڕەچەڵەکێکە و سەر بە چ لایەنێکە؟ کە زانیی سەر بە پارتی گەلفە، لێیان بوو بە مشتومڕ. مشتومڕەکەیان لەسەر کێشە و دووبەرەکیی نێوان گەلف و گیبیللینییەکان بوو. چۆن گەلفەکان گەڕانەوە شار، چونکە هونەری گەڕانەوە بۆ نیشتمانیان دەزانی.

(کافالکانتی)ی گەلفی دەرکەوت. لەناو گۆڕ هاتە دەرەوە. پرسیاری (گویدۆ)ی کوڕی خۆی لە دانتی کرد کە برادەری بوو. کە کوڕەکەی نەبینی و دانتی زوو وەڵامی نەدایەوە، وایزانی مردووە. گەڕایەوە ناو گۆڕەکەی و بزر بوو.

دانتی و (فاریناتا) دەستیان بە مشتومڕ کردەوە، پاشان هێوربوونەوە. (فاریناتا) باسی کرد هەرچەندە لە دژی گەلفەکان جەنگا، بەڵام کاتێ گیبیللینییەکان ویستیان فلۆرەنسا تەخت بکەن و لەسەر زەوی بیسڕنەوە، بە تەنیا بەرگریی لە شار کرد و لێنەگەڕا کاول بکرێ.

دانتی دوعای خێری بۆ بەرەبابی (فاریناتا) کرد. لێی پرسی داخۆ مردوو ئایندە دەبینن؟ (فاریناتا) گوتی مردوو ئێستا نابینن، بەڵام ڕابردوو و ئایندە دەبینن. ئینجا دانتی بە (کافالکانتی) ڕاگەیاند کە کوڕەکەی هێشتا زیندووە و نەمردووە.

شاعیرەکان کەوتنەوە ڕێ. دانتی بیری لە پێشبینیی (فاریتانا) کردەوە. ڤیرجیلیۆ پێی گوت بیاتریچی هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکاتەوە. بەم جۆە دوو شاعیرەکە ڕوویان کردە ئەڵقەی حەوتەم.



مامۆستاکەم بە ڕێگەیەکی نهێنیدا،
لە نێوان شوورەکانی[٢] شار و جەفاکێشەکاندا
ڕۆیشت و منیش کەوتمە شوێنییەوە. (٣)
گوتم: (ئەی ئاوەزی هەرەبالا[٣]
تۆ بە کەیفی خۆت بەناو ئەم ئەڵقەی بێبڕواییاندا
دەمگێڕی. بۆم باخڤە و مەراقم دابمرکێنەوە[٤]. (٦)
ئەو کەسانەی لەناو ئەم گۆڕانەدان،
ئایا دەشێ بیانبینین؟[٥]
کە گۆڕەکان سەریان والایە و بێ پاسەوانن.) (٩)
وەلامی دامەوە: (کاتێ بەو جەستانەی لەسەر زەوی جێیان هێشتووە،
لە یوسافات[٦] دێنەوە،
ئەم هەموو گۆڕانە دادەخرێن. (١٢)
(ئیپیکورۆ)[٧] و گشت پیرەوکەرانی[٨]
کە دەڵێن ڕۆح لەگەڵ جەستەدا دەمرێ
گۆڕیان لەم ناوەیە. (١٥)
ئەو پرسیارەی تۆ لێم دەکەی
بەم زووانە وەلامی دەبێ،
لەگەڵ وەلامی ئەو ئارەزووانەی لێم دەشاریتەوە.) (١٨)
منیش گوتم: (ئەی ڕابەری خاسم،
سەبارەت بە کەمدوویی نەبێ کە خۆت وات ڕاسپاردووم
قسەی دڵی خۆمت لێ ناشارمەوە.) (٢١)
(ئەی توسکانی،[٩] تۆ بە زیندوویی بەناو شاری ئاگردا
دەڕۆی و بە ڕێز و شایستەوە دەدوێی،
ئەگەر حەز دەکەی لێرە بسەنگرێوە! (٢٤)
ئاشکرا بە زمانتەوە دیارە
تۆ لەو شارە لەدایکبووی
کە ڕەنگە من زۆر توندوتیژیم دەرهەق کردبێ.) (٢٧)
ئەم دەنگە، ژنشکەوە، لە یەکێ لە گۆڕەکان[١٠]

هاته دەرێ. من زۆر ترسام و
زیاتر خۆم لە ڕابەرەکەم نزیککردەوە. (٣٠)
پێی گوتم: (وەرسووڕێوە! ئەوە تۆ چ دەکەی؟
(فاریناتا)[١١] بدینە کە قیت بووەتەوە و
لەناو قەدەوە تا تەوقی سەری دیارە.) (٣٣)
چاوم لە دووڕ چاوی بڕی
سینگ و هەنیەی دەرپەڕاند بوو،
وەک ئەوەی بە چاوی سووک بڕوانێتە دۆزەخ.[١٢] (٣٦)
مامۆستا بە دەستە چوست و بەهێزەکانی
پاڵی دامە ناو گۆڕەکان بۆ لای و
پێی گوتم: (بە تەرازوو قسە بکە.) (٣٩)
کە گەیشتمە تەک گۆڕەکەی
تێم ڕاما، ئینجا وەک سووکایەتی
لێی پرسیم: (تۆ لە چ بەرەبابێکیت؟[١٣]) (٤٢)
حەزم لێ بوو گوێڕایەڵی بم،
هیچم لێ نەشاردەوە. هەموو شتێکم پێ گوت.
ئەویش نەختی برۆکانی هەڵتەکاند و (٤٥)
گوتی: (ئەمانە، ئەوەندە دوژمنی سەرسەختی
من و خزمەکان و پارتەکەم بوون،
ناچاربووم دوو جار پەرتەوازەم کردن[١٤]) (٤٨)
وەڵامم دایەوە: (ڕاستە، ئەوان دەرکران،
بەڵام لە هەموو لایەکەوە هاتنەوە،
کەچی کەسوکاری تۆ باش فێری ئەم هونەرە نەبوون.[١٥] (٥١)
ئینجا ڕۆحێ لە تەکییەوە بەرزبووەوە،
تا کەرخی چەناگەی دیاربوو.
وا بزانم هەستابووەوە سەر چۆکان. (٥٦)
سەیرێکی دەوروبەری منی کرد، وەک یەکێ بیەوێ بزانێ
داخۆ کەسی ترم لەگەڵدایە[١٦].

که گومان و دوودڵیی ڕەوییەوە، (٥٧)
بەدەم گریانەوە گوتی: (تۆ کە بە بلیمەتیی خۆتەوە
هاتوویتە ناو ئەم زیندانە تاریکە،[١٧]
ئەی کوڕەکەم؟ بۆچی کوڕەکەمت لەگەڵدا نییە؟) (٦٠)
منیش گوتم: (من لە خۆمەوە نەهاتووم:
ئەوەی لەوێ وەستاوە، بێرەمدا دەگێڕێ،
(گویدۆ)ی[١٨] تۆ سەیر بوو. (٦٣)
بە قسەکان و بە جۆری ئەشکەنجەیەوە
بۆی دەرکەوت کێیە[١٩]
ئەوسا بە تەواوی وەڵامم دایەوە[٢٠] (٦٦)
یەکسەر هەستایەوە و هاواری کرد: چۆن؟
گوتت: (سەیر بوو) واتە لە ژیاندا نەماوە![٢١]
یانی چیدی ڕووناکیی ناسک[٢٢] بە چاو نابینێ. (٦٩)
کە دیتی من لە وەڵامدانەوە نەختێ تاخیر بووم[٢٣]
بەربووەوە ناو گۆڕەکەی و[٢٤]
جارێکی تر دەرنەکەوتەوە،[٢٥] (٧٢)
بەڵام ڕۆحە گەورەکەی تر[٢٦]، کە بۆ خاتری ئەو ڕاوەستام،
ئەدگار و سیمای هیچ نەگۆڕا.
نە ئەسکوردی وەرسووڕاند و نە تەرۆکی چەماندەوە.[٢٧] (٧٥)
لەسەر قسەی پێشووی ڕۆیشت و گوتی:
(ئەگەر خزمەکانم باش فێری ئەم هونەرە نەبووبن،
ئەمە لەم پێخەفە ئاگرینەدا زیاتر ئازارم دەدا.) (٧٨)
بەڵام ڕوخساری خاتوونی فەرمانڕەوای ئێرە
پەنجا جار دەدرەوشێتەوە،[٢٨]
تا تۆ لەم هونەرە[٢٩] دژوارە حاڵی دەبی. (٨١)
کاشکێ جارێکی تر چاوت بە دونیای خۆش بکەوێ[٣٠]
لێ بەڵێ، پێم بێژە: (بۆچی ئەم گەلە[٣١] هەر یاسایەکی دایدەنێن،[٣٢]
بەرامبەر کەسوکاری من ئەوەندە دڵڕەقن؟) (٨٤)

وەڵامم دایەوە: (ئەو کوشتار و قەتلوعامەی[٣٣]
ڕەنگی (ئاربیا)ی[٣٤] سوور هەڵگەڕاند،
بوو بە مایەی نزا لە پەرستگەکەمان.[٣٥] (٨٧)
ئینجا بەدەم ئاخنکێکەوە، سەری بادا و گوتی:
(ئەو ڕۆژە، من بە تەنیا
لە دژی ئەوانی دی نەجەنگام. (٩٠)
من تەنیا بووم، کاتێ کە هەموو کەس
لایەنگری کاولکردنی فیۆرێنتزا[٣٦] بوون،
من بە تەنیا و بەبێ پەردە بەرگریم لێکرد.)[٣٧] (٩٣)
بە پاڕانەوەوە پێم گوت:
(یاخوا ڕۆژێ بێ و نەوەکانت بکەونە ئاشتی و ئارامی،
بەڵام ئەو گرێیەم بۆ بکەنەوە کە خەیاڵی پەرێشان کردووم. (٩٦)
ئەگەر باش پێکابم، دیارە ئێوە
پێشوەخت دەزانن ئاییندە چیی بەدەمەوەیە،
بەڵام زانینیی ئێستا شتێکی ترە.[٣٨]) (٩٩)
گوتی: (ئێمە وەکو ئەو کتوکوێرانە واین
کە لە دوورەوە شت دەبینن [٣٩]
هێزی باڵا[٤٠] بەم جۆرە ڕووناکیمان پێ کەرەم دەکا. (١٠٢)
بۆ ئێستا و شتی نزیک، زەینمان کوێرە
ئەگەر کەس قسەمان بۆ نەکا،
هەرگیز لەم بارودۆخەی مرۆڤ ناگەین. (١٠٥)
جا بزانە، هەموو زانیاریمان
ئەو ساتە دەمرێ،
کە دەرگای ئاییندە[٤١] پێوەدەدرێ.) (١٠٨)
من وەک لە هەڵەی خۆم پەشیمان بووبمەوە،
گوتم: (کەواتە بەو پیاوە بڵێ کە تازە بەربووەوە،
کوڕەکەی هێشتا هەر ماوە و نەمردووە.[٤٢]) (١١١)
پێی بڵێ نەختێ لە وەڵامدانەوەی سست بووم،

چونکه مێشکم بەو کێشەیەوە خەریکبوو
کە تۆ ئێستا بۆت چارەسەر کردم.)
ئینجا مامۆستاکەم گازی کردم
تکام لە ڕۆحەکە کرد، زوو
ناوی ئەوانەم پێ بڵێ کە لەگەڵیدان.
گوتی: (لەگەڵ هەزار کەس زیاتر لێرە ڕاکشاوم:
فیدیریکۆی دووەم[٤٣] و کاردینال[٤٤] لێرەن.
لەبارەی ئەوانی تریش هیچ ناڵێم.)
ئەمەی گوت و بزر بوو.
منیش هەنگاوم بۆ لای شاعیری دێرین وەرگێڕا و
بیرم لەم قسانە کردەوە کە ڕەنگە ناحەزانە بن.
ڕۆیشت و بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی:
(بۆچی وا پەشۆکاوی؟)
منیش وەڵامی پرسیارەکەم دایەوە.
ئینجا دانا فەرمانی پێکردم:
(ئەوەی لە دژی خۆتدا بیستت، بە زەینی خۆتی بسپێرە و
وریا بە!). ئەوسا پەنجەی ڕاداشت:
(کە چوویتە بەردەم نیگای ناسکی ئەو خانمەی[٤٥]
چاوی هەموو شت دەبینێ،
سەراپای گەشتی ژیانی خۆتی لێ دەزانی[٤٦]
ئینجا هەنگاوی بۆ لای چەپ وەرسوڕاند،
شوورەکانمان[٤٧] جێهێشت و گەڕاینەوە ناوەڕاست.
ڕێچکەیەکمان گرتە بەر، دەچووە ناو دۆڵێک،
بۆنی ناخۆشی[٤٨] تا سەرەوە دەهات.

## پەراوێزەکانی سروودی دەیەم

١. ئەم سرووودە سرووودی بێباوەڕانە، یان سرووودی (فاریناتا دیلی ئوبێرتی)یە، لە هەموو بەشەکانی کۆمیدیادا زیاتر پەیوەندیی بە ژیانی فلۆرەنساوە هەیە.

٢. دانتی نەخشەی شاری دیتی بە هەموو شوورا و قۆنگرە و ئاگر و شەیتانەکانەوە لە ڤیرجیلیۆ وەرگرتووە. (ئەنیادە: بەشی شەشەم).

٣. مەبەستی ڤیرجیلیۆیە.

٤. واتە: دەرفەتێکی لەبارە بۆ ئەوەی ناو گۆڕەکان ببینی.

٥. لە سەراپای دۆزەخدا، بێ ئەوەی دانتی قسە بکا، ڤیرجیلیۆ بەپێی هەڵوێست و ئەدگارەوە دەزانێ دانتی چیی لە دڵدایە، لێرەشدا ڤیرجیلیۆ دەزانێ دانتی لە دڵی خۆیدا دەیەوێ چاوی بە دۆزەخییەکی خەڵکی فلۆرەنسا بکەوێ بۆ ئەوەی هەندێ زانیاری لەبارەی ئێستاو دواڕۆژی فلۆرەنسا وەربگرێ. ئەم مەبەستە دوای بینینی (فاریناتا) دێتە دی.

٦. یۆسافات Josafat: دۆڵی یەهووشافات، کەوتووەتە نزیک بەیتولموقەددەس. بە قسەی تەورات، ڕۆژی پەسڵان، دادگای خودا لەوێ دادەمەزرێ و خەڵک لەوێ کۆدەکرێتەوە بۆ دادگاییکردنی کردەوەی سەر دونیایان، واتە (سارای مەحشەرە).

٧. ئێپیکورۆ Epicuro (بە لاتینی: ئێپیکوروس): فەیلەسووفی گەورەی یۆنانی (٣٤١-٢٧٠پ.ز). یەکێکە لە بیریارە گەورەکانی مێژووی بیری مرۆڤایەتی. دامەزرێنەری ڕێبازی ئێبیکورییە. لای وایە ڕۆح لەگەڵ جەستەدا دەمرێ، بۆیە داوای دەکرد مرۆڤ تا پێی دەکرێ چێژ لە خۆشیی ئەم دونیایە وەربگرێ.

٨. ئەم ڕێبازە دراوەتە پاڵ گیبیللینییەکانی دوژمنی پاپا. هەندێ لە گەلفەکان باوەڕیان بەم ڕێبازە هەبوو. زۆر جار بۆ شکاندن و ناوزڕاندن دەدرایە پاڵ هەندێ کەس کە ڕقیان لێی دەبوونەوە.

٩. تۆسکۆ Tosco (تۆسکانا): هەرێمێکی ناسراوی ئیتالییە، فلۆرەنسا سەر بەو هەرێمەیە، بۆیە ئەم دۆزەخییە بە تۆسکانی قسە لەگەڵ دانتی دەکا، چونکە زاری تۆسکانی وەک لای خۆیان وا بوو، زمانی خودایە. ئەگەر بیانەوێ باسی ڕاییکردنی کارێک بکەن کە بە ڕێکوپێکی و بە تەواوی بەڕێوە بچێ دەڵێن:

(زمانی تۆسکانی بێ و ڕۆمانی قسەی پێ بکا!) وەکو کورد دەڵێ (دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا). ئەم دۆزەخییەی ئێرە کە گوێی لە زاری پاک و پاراوی دانتی دەبێ، یەکسەر دەزانی ئەمە خەڵکی هەرێمی تۆسکانایە.

١٠. دانتی لەپڕ گوێی لەم دەنگە زلە بوو لە گۆڕێک دەهات. ئەمە دەنگی فاریناتا بوو.

١١. فاریناتا دیلی ئوبێرتی (Farinat degli Uberti) بە ڕەچەڵەک لە بنەماڵەیەکی جەرمانی بوو. ئەو بنەماڵەیە لە سەدەی دوازدەمەوە دەوری دیاریان لە دەسەڵاتدارێتیی فلۆرەنسادا هەبوو، زۆر بە توندی دژی شۆڕشی گەلی فلۆرەنسا وەستان بۆ لادانی خانەدانەکان لە دەسەڵات. فاریناتا لە سەرەتای سەدەی دوازدەدا لە فلۆرەنسا هاتووەتە دونیا. لەو سەردەمەدا پێگەیشت کە ساڵی ١٢١٥ فلۆرەنسا بوو بە دوو پارت و بەشی دژ و ناکۆکی گەلف و گیبیللینی. بوو بە سەرکردەی گیبیللنییەکان و توانیی ساڵی ١٢٤٨ گەلفەکان شاربەدەر بکا، بەڵام گەلفەکان ساڵی ١٢٥٨ هاتنەوە شار و گیبیللینییەکانیان وەدەرنا. گیبیللینییەکان پەنایان بۆ سیینا برد. هێزی خۆیان ڕێک خستەوە و بە یارمەتیی مانفریدی کوڕی بێژیی فدریکۆ، ساڵی ١٢٦٠ لە شەڕی خوێناوی مۆنتا پێرتی، بەسەر هێزی فلۆرەنسادا زاڵبوون. گیبیللینییە زاڵەکان ویستیان فلۆرەنسا خاپوور بکەن بۆ ئەوەی جارێکی دی گەلفە فلۆرەنساییەکان سەر قیت نەکەنەوە، بەڵام فاریناتا بەرگریی لە فلۆرەنسا کرد و بەرژەوەندیی نیشتمانیی پێ لە بەرژەوەندیی تەسکی کەسێتی و پارتایەتی گەورەتر بوو.

فاریناتا گەڕایەوە فلۆرەنسا و ساڵی ١٢٦٤ لەوێ کۆچی دوایی کرد. بەوە تاوانباریان کرد گوایە یەکێکە لە پێڕەوانی ئێپیکۆر، بۆیە دانتی لە ناوچەی بێباوەڕەکانی سەرەتای شاری دیتی داناوە. ساڵی ١٢٨٣، واتە نۆزدە ساڵ دوای مردنی فاریناتا، کەنیسە فتوای دەکرد، گوایە زیندیق و بێباوەڕ بووە.

١٢. گوایە فاریناتا لەسەر دونیادا، پیاوێکی زۆر کەللەڕەق و سەرسەخت و بوغرا و سەرکەش بووە. ئەو سەرسەختییەی لە دۆزەخیشدا پێوە دیارە.

١٣. کە فاریناتا ویستی دانتی بناسێ، نەیپرسی خۆی کێیە، بەڵکو پرسیی باوک و باپیرانی کێن، چونکە فاریناتا ڕەچەڵەکی مرۆڤی بە لاوە لە مرۆڤەکە خۆی گرنگتر بوو. ڕەچەڵەک و ڕەچەڵەکناسی دەوری سەرەکیی لای خانەدانەکانی ئەوسا هەبوو. گەورەیی مرۆڤ بە ڕەچەڵەک بوو، نەک بە توانا و لێهاتوویی مرۆڤ خۆی.

١٤. وەکو گوترا فاریناتا دوو جار (ساڵی ١٢٤٨ و ساڵی ١٢٦٠) دوژمنەکانی خۆی لە فلۆرەنسا دەپەڕاند و ئەوان دووبارە (ساڵی ١٢٥١ و ساڵی ١٢٦٦) گەڕانەوە شار و دەسەڵاتیان گرتەوە دەست. بنەماڵەی فاریناتا، کە ساڵی ١٢٨٠ لە فلۆرەنسا دوورخرابوونەوە، ساڵی ١٣٠٠ کە دانتی گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆحی فاریناتا دەکا، ئەوان لە ئاوارەییدا دەژیان.

١٥. كە دەڵێ: (کەسوکاری تۆ فێری ئەم هونەرە نەبوونە) مەبەستی هونەری گەڕانەوەی نیشتمانە.

واتە بەرەبای ئوبێرتی لە هونەری گەڕانەوە نیشتمانیان نەدەزانی. کە لێبووردنی گشتی بۆ گیبیللینییەکان دەرچوو، لێبووردنەکە نزیکەی (٦٠) بنەماڵەی نەگرتەوە، بنەماڵەی ئوبێرتی یەکێ بوو لەو بنەماڵانە.

دانتی زۆر بە توندی بەرپەرچی فاریناتای دایەوە، توندی بە توندی.

١٦. ئەمە ڕۆحی کاڤالکانتی دی کاڤالکانتییە. لە کاتی گفتوگۆی نێوان دانتی و فاریناتادا، دانتیی ناسیوە و زانیویەتی ئەمە برادەرە دڵسۆزەکەی کوڕی خۆیەتی، ئیتر ئومێدی پەیدا کردووە کوڕەکەی لەگەڵ دانتی ببینێ و بە دیداری شاد ببێ.

١٧. واتە: ئەگەر تۆ بە هۆی بلیمەتیی خۆتەوە، ئەوەت پێ ڕەوا دیترابێ بێیتە ئەم گەشتە، ئەی بۆچی کوڕەکەی من ئەمەی پێ ڕەوا نەدیتراوە، خۆ ئەویش وەکو تۆ شاعیرە و بلیمەتیی لە تۆ کەمتر نییە؟

١٨. گویدۆ Guido: دانتی بە ناوبردنی گویدۆ پێشان دەدا ئەو ڕۆحەی ناسیوە کە قسەی لەگەڵ کردووە.

گویدۆ کاڤالکانتی: شاعیرێکی ناسراوی فلۆرەنسا و هاوچەرخی دانتی بوو، لەگەڵ دانتیدا ڕێبازی ئەدەبی (Dolce stil nuovo)یان دامەزراند. دانتی لە کتێبی (ژیانی نوێ)دا، گویدۆی بە باشترین برادەری خۆی داناوە. ئەوەی لێرە قسە لەگەڵ دانتی دەکا کاڤالکانتی دی کاڤالکانتی باوکی گویدۆیە کە ساڵی ١٢٨٠ کۆچی دوایی کرد.

١٩. لێکدانەوەی جیاجیا بۆ ناکۆکیی نێوان گویدۆ و ڤیرجیلیۆ کراوە، ڕەنگە گویدۆ بۆیە حەزی لە ڤیرجیلیۆ نەبێ،چونکە خۆی حەزی لە فەلسەفە نەبوو، شیعری پێ خۆش بوو. یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ ڤیرجیلیۆلای دانتی، ڕەمزی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتە، کەچی گویدۆ لە پارتی گەلف بوو.

٢٠. مەبەست ئەوەیە کاڤالکانتی لە ئەڵقەی ئەو دۆزەخییانەدایە کە بە گوناهی ئێبیکوری چوونەتە دۆزەخ و دانتی ئاگادار بووە کاڤالکانتی یەکێ بووە لە ئێبیکورییە ناودارەکانی شاری فلۆرەنسا.

٢١. لەبەر ئەوەی دانتی بە فەرمانی ڕابردوو باسی کوڕی کابرای کردووە، کابرا وای بۆ چووە کوڕەکەی ئێستا نەماوە، ئەگەرنا دانتی بە فەرمانی ڕابردوو باسی نەدەکرد، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، کوڕی کابرا تا چوار مانگیش دوای ئەمە، هەر زیندوو بووە.

٢٢. ڕووناکیی ناسک: مەبەست ڕووناکیی خۆرە.

٢٣. ئەم دامانەی دانتی و وەڵامدانەوەی درەنگی، وا دەکا باوکی گویدۆ قەناعەت بێنێ کە کوڕەکەی مردووە (هەرچەندە وایش نییە)، ئیتر لە داخ و خەفەتان ڕادەکات.

٢٤. کاڤالکانتی کە وای زانی کوڕەکەی مردووە، بە بێدەنگی شۆڕبووەوە ناو گۆڕەکە. ئەمە گەورەترین گوزارشتە لەو ئازارەی جەرگی سووتاند. دانتی بەم هەستە باوکانەی کاڤالکانتی زۆر لایەنی وردی دڵی مرۆڤی نیشان داوە. دانتی کەسێتیی کاڤالکانتی باوکی لە پەیوەندیی خۆیەوە بە گویدۆی کوڕی، بۆ دەرکەوتووە. دانتی وێنەی گویدۆی پێشان نەداوە، لەوانەیە دەستی نەیگرتبێ باسی بکا، چونکە ئەویش دەستی لە دوورخرانەوەی ئەمدا هەبوو. زۆربەی ڕەخنەگران وای بۆ دەچن ئەو وەسفەی دانتی بۆ کاڤالکانتی دەیکا ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی خۆیەتی. دانتی هەر لە منداڵییەوە لە هەست و سۆزی دایبابی بێ بەش بوو! پاشان کە ژنی هێنا و منداڵی بوو، لە مانای باوکایەتی گەیشت و پاشان کە دوورخرایەوە زانیی بێبەشبوونی منداڵەکانی لە هەست و سۆزی باوکایەتی چ کاریگەرییەکی خراپ و ناخۆشی هەیە. دانتی کاڤالکانتی وا پێشان داوە کە مرۆڤێکی هێمن و نەرم و حەلیمە، باوکێکی بەسۆز و میهرەبانە. سیاسەت و پارتایەتی و نیشتمانی بە لاوە گرنگ نییە، چارەنووسی کوڕەکەی خۆی لە هەموو شتێ بە لاوە گرنگ و بایەخدارترە. بە قسە و هەڵسوکەوت هەستی باوکایەتیی، دڵسۆزیی خۆی بەرامبەر کوڕەکەی دەردەبڕێ. ئاگری تێ بەربووە بۆ دیتنی کوڕەکەی. هیوا و ئومێدی تێکەڵ بە نائومێدی و هەناسەساردی بووە.

٢٥. بە لای فاریناتاوە، گیبیللینییەکان کە ناتوانن بگەڕێنەوە نیشتمان، ئەمە دۆزەخێکە لە دۆزەخی ڕاستەقینە خراپترە. بە لای ڤاریناتاوە دۆزەخی ڕۆح و دەروون زۆر لە دۆزەخی جەستە و قیامەت سەختترە. دانتی فاریناتای وا پێشانداوە کە یاخییە لە خودا و لە ڕێوڕەسمی سەدەکانی ناوەڕاست. فاریناتا بە لای دانتییەوە پاڵەوانێکی تووڕە و یاخی و شۆڕشگێڕە، بە هیچ جۆرێ دەستبەرداری نیشتمان و بیروباوەڕی خۆی نابێ.

٢٦. مەبەست فاریناتایە.

٢٧. گویدۆ کاڤالکانتی. دانتی باسی ئەمی بۆ باوکی کردووە و باوکی وای زانیوە کوڕەکەی مردووە، زاوای فاریناتا بوو. لەوانەبوو فاریناتا بە مردنی گویدۆ ناڕەحەت بێ،چونکە کچەکەی بە بێوەژنی دەمێنێتەوە، بەڵام وا نییە، چونکە فاریناتا تەنیا خەمی پارتەکەی و فلۆرەنسای لەبەر بوو، وەک پێشتر لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ دانتی کردووە.

٢٨. مەبەست پەنجا مانگی قەمەرییە. کە دەڵێ مانگ پەنجا جار پڕبووە، واتە بە (١٤) گەیشتووە.

٢٩. مەبەست لە هونەرەکە، هونەری گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان.

هیکاتای (کە ڕۆمانەکان پێی دەڵێن: پرۆزیرپینا) لە ئەفسانەی یۆنانیدا شاژنی دۆزەخ بوو، ژنێکی زۆر جوان بوو. بە نیشانەی مانگ دادەنرا. هەروەکو خودانی خودانان نیشانەی مشتەری و خودانی عیشق نیشانەی نیوەڕۆ و خودانی دەریا نیشانەی زوحەل و ڤینۆس نیشانەی خۆر و مەریخ نیشانەی جەنگ بوو.

٣٠. واتە: تۆ لە فلۆرەنسا دووردەخرێیتەوە و هەموو هەوڵ و کۆششێکت بۆ گەڕانەوە فلۆرەنسا بەفیڕۆ دەچێ.

٣١. مەبەست: گەلی فلۆرەنسایە کە فاریناتا بۆ سووکایەتی ناویان ناهێنێ.

٣٢. ئەو یاسایەی ساڵی ١٢٨٦ دەرچووبوو، دەیگوت: هەر یاسایەک لە ئایندەدا بۆ بەرژەوەندیی دوورخراوەکان دەربچێ، هەرگیز بنەماڵەی (ئوبێرتی) ناگرێتەوە.

٣٣. کوشتن و قەتلوعام: مەبەست شەڕی مونتاپێرتییە کە فاریناتای تێدا سەرکەوت و بوو بە دەسەڵاتداری فلۆرەنسا.

٣٤. ئاربیا Arbia: ڕووبارێکە بە نزیک سییێنادا دەڕوا، شەڕی مۆنتاپێرتی دە کیلۆمەتر دوور لەو ڕووبارە قەوما. لەم شەڕەدا گیبیللینییەکان بەسەر گەلفەکاندا زاڵبوون.

٣٥. ئەم ڕستە گاڵتەئامێزە بە چەند جۆرێکی جیاجیا لێکدراوەتەوە: هەندی کەس ئەمە بۆ ئەوە دەبەنەوە کە لە کۆتایی دوعای ڕۆژی یەکشەممەی کلێساکانی شار زیادکراوە و نەفرەتە بۆ بنەماڵەی (ئوبێرتی)، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، نەفرەت لە ئایینی مەسیحیدا ڕێگەی نەدراوە. هەندێکی تریش دەڵێن لە فلۆرەنسادا، بڕیاری ڕەسمیی حکومەت هەمیشە لە کلێسای سان جوڤانی دەردەچوو، دانتی ئەو بڕیارە توندەی دژی بنەماڵەی ئوبێرتی دراوە، لەم ڕستەیەدا دەبینێتەوە.

٣٦. دانتی ناوی فلۆرەنسای بە (فیۆرێنتزا Fiorenza) هێناوە کە ئەو کاتە وای پێ دەگوترا. ئیتالییەکان پێی دەڵێن (فیرێنتزە Firenze). مەبەست ئەوەیە تەنیا ئەم ڕای جیابوو، کاتێ گیبیللینییەکان بڕیاریان دا فلۆرەنسا کاول بکەن.

٣٧. وەکو پێشتر باسکرا، فاریناتا کاتی خۆی بە ئاشکرا و بە نەبەردی بەرگریی لە شاری فلۆرەنسا کرد. کە گیبیللینییەکان لە شەڕی مۆنتاپێرتی ١٢٦٠ سەرکەوتن، فاریناتا ئەمری بە سەربازە گیبیللینییەکان کرد چیدی سەربازی فلۆرەنسایی نەکوژن. ئەو گیبیللینییانەی لە (ئیمپولی) کۆبووبوونەوە، بڕیاریان دا فلۆرەنسا تێکوپێک بدەن و داری بەسەر بەردییەوە نەیەڵن، بەڵام فاریناتا زۆر بە توندی دژی ئەم بڕیارە

ڕاوەستا. بە سەرکردەکانی گیبیللینییەکانی گوت، کە هەرە گەورەکەیان کۆنت جۆردانۆ بوو، گوتی من بۆ ئەوە شەڕم کردووە نیشتمانەکەم وەربگرمەوە، نەک لە دەستی بدەم، گوتیشی هەر کەسێ بیەوێ فلۆرەنسا تێکوپێک بدا، تا دوا دڵۆپە خوێن لە ڕووی دەوەستم. شمشێری ڕووتی بە دەستەوە بوو، گوتی: هەر کەسێ دەستی خراپەکاری بۆ فلۆرەنسا درێژ بکا، بەم شمشێرە سەری دەبڕم. بەم جۆرە ئەم پیاوە ئازا و دلێرە شاری خۆی لە کاولبوون پاراست و پەندێکی نیشتمانپەروەریی گەورەی دایە هەموو فلۆرەنسایەکان و هەموو نیشتمانپەروەرانی دونیا.

٣٨. دانتی زۆری بە لاوە سەیرە کە فاریناتا توانیی پێشبینیی چەند ساڵ دواتری بۆ بکا، کەچی نەیزانی داخۆ کوڕەکەی مردووە، یان ماوە؟ ئەمە دانتیی خستە دوودڵی و بۆ نەهێشتنی ئەم دوودڵییە پەنای بردە بەر ڤیرجیلیۆ.

٣٩. واتە ئەوەی چاوی شتی دوور لە شتی نزیک باشتر دەبینێ. ئەمە جۆرە نەخۆشییەکی چاوە. مەبەست ئەوەیە ئەمانە دوارۆژ لە ئێستا باشتر دەبینن. دانتی لێرەدا لە ژێر کاریگەریی تۆمای ئەکوینیدایە کە دەڵێ ڕۆح لە ڕابردوو و ئایندە دەگا، بەڵام هەست بە شتی بەرهەست ناکا، هەروەها کاریگەریی لاتینە پێشینەکانیشی بەسەرەوەیە کە ئەوانیش بڕوایان هەر بەم جۆرە بوو، بۆیە ئەو جەفاکێشانەی وا پێشان داوە کە توانای دیتنی ئایندەیان هەیە، بەڵام چاویان ئێستا نابینێ.

٤٠. مەبەست: خودایە.

٤١. (دەرگای ئایندە پێوەدەدرێ) مەبەست هاتنی ڕۆژی پەسلانە کە دوای ئەوە ئیتر هیچ ئایندەیەک نامێنێ و زانستی غەیبگۆیی دۆزەخییانیش بێسوود دەمێنێتەوە.

٤٢. ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵەی نەختێ پێشتر کردی: یەکسەر خەبەری سەلامەتیی کوڕەکەی کاڤالکانتی بە باوکی نەگەیاند و باوکە سەبارەت بەم دۆخە تووشی پەرێشانی و نیگەرانی هات.

٤٣. فیدیریکۆی دووەم: قراڵی ئەڵمانیا و ڕۆمانیا بوو (١١٩٤- ١٢٥٠- ساڵی ١١٩٤) (بۆ دوو ساڵ) بوو بە فەرمانڕەوای ڕۆمانیا و ساڵی ١١٩٧ (بۆ سێ ساڵ) بوو بە فەرمانڕەوای سەقلیە و ساڵی ١٢١٦ (بۆ بیست ساڵ) بوو بە فەرمانڕەوای ئەڵمانیا. فریدیریکۆ بە درێژایی فەرمانڕەوایی خۆی لەگەڵ پاپا و دەسەلاتەکەی لە شەڕدا بوو. ئاخیری پاپا بە کافری دانا. فریدیریکۆی دووەم پیاوێکی ئێبیکوری بوو. لە ڕووی بیروبۆچوونەوە زۆر لە پێش سەردەمی خۆی بوو. لایەنگری ئازادیی بیروباوەڕی ئایینی بوو کە دوای چەند ساڵێک ئینجا ئەم ئازادییە هاتە دی. فریدیریکۆی دووەم دەستووری دا کۆمەڵێ زانا بە وردی لە کتێبی پیرۆز (تەورات و ئینجیل) بکۆڵنەوە و بەڵگەی لێ بدۆزنەوە کە ڕۆحی بنیادەم لەگەڵ مردنی جەستەیدا دەمرێ و بە

زیندوویی نامێنێتەوە. دانتی بۆیە لەم ئەڵقەیە دایناوە، چونکە بیروباوەڕێکی ئازادیخوازیی هەبوو. بە گوناهی لادەری دین تاوانباری کردبوو.

٤٤. کاردیناڵ: مەبەست کاردیناڵ (ئوتاڤیانۆ دیلی ئوبالدینی)یە، پاپا ئینوچنتۆی چوارەم ساڵی ١٢٤٤، لێرەی دانا و ساڵی ١٢٧٣ کۆچی دوایی کرد. لە بنەماڵەیەکی گیبیللینی بوو. یەکەم جار بوو بە ئوسکوفی بۆلۆنیا و ئینجا کاردیناڵ.

٤٥. مەبەست بیاتریچییە.

٤٦. لە سروودی حەوتەمی بەهەشتدا، لەباتی بیاتریچی، یەکێ لە باپیرە گەورەکانی دانتی ڕووداوی داهاتووی ژیانی پێ دەڵێ.

٤٧. شوورەکانی جێهێشت: مەبەست ئەوەیە تا ئەوسا بەتەک ئەو شوورانەدا دەڕۆیشتن کە لە دەورەی شاری (دیتی) کراون و لەبن ئەو شوورانەوە قسەی لەگەڵ دۆزەخییان دەکرد.

٤٨. ئەو بۆنە ناخۆشە لە ئەڵقەی حەفتەمەوە دەهات، دەگەیشتە ئەڵقەی شەشەم کە دانتی و ڤیرجیلیۆی لێ بوو.

***

# سروودی یازدەم [1]

## ئەڵقەی شەشەم (پاشماوە)

## بێباوەڕان

شاعیرەکان گەیشتنە شاخی نێوان ئەڵقەی شەشەم و ئەڵقەی حەفتەم. بۆنێکی ناخۆشیان لە بنی دۆزەخەوە بۆ هات. ناچاربوون خۆیان دایە پەنا گۆڕێکی گەورەی بێباوەڕان. شاعیرەکان نەختێ چاوەڕێیان کرد تا لە بۆنەکە ڕادێن. لەو ماوەیەدا ڤیرجیلیۆ بۆ دانتێی باس کرد ناخی دۆزەخ چیی تێدایە. باسی ئەوانەی کرد کە تاوانی توندوتیژییان کردووە. چۆن دژی خودا و دژی مرۆڤ و دژی خۆیان وەستاون.

باسی ڕێگر و خاین و دووفاق و بەرتیلخۆرانی کرد. باسی کرد بۆچی ئەوانەی سۆزیان بەسەر ئاوەزدا زاڵبووە لە دەرەوەی شاری دیتین؟ ڤیرجیلیۆ بەپێی کتێبی ڕەوشتناسیی ئەرەستۆ باسی کرد کە تاوانەکان جیاوازن. خیانەت و توندوتیژی لە هەموو تاوانەکانی دی گەورەترن، بۆیە ئەوانە شوێنیان ناخی دۆزەخە. ڤیرجیلیۆ باسی قسەی ئەرەستۆی بۆ دانتێ کرد لەبارەی سروشتەوە. چۆن هونەر شوێن سروشت دەکەوێ و وەکو نەوەی خودای لێ دێ.

بەرەبەری بەیانی دوو شاعیرەکە بەرەو ئەڵقەی حەفتەم کەوتنە ڕێ.



له لێواری هەڵدێرێکی بەرز[٢]
کە بە شێوەی ئەڵقەیی لە شاخێکی گەورەوە داشکابوو[٣]
گەیشتینە لای تاقمێ، ئەشکەنجەیان لەوانی دی سەختتر بوو. (٣)
لەوێ لە بەردەم بۆنێکی ترسناکدا
کە لە بیرازەرەکەوە دەهات[٤]
خۆمان لە پەنا بەردەکێلێک نا (٦)
بەردەکێلی گۆڕێکی گەورە، لەسەری نووسرابوو:
(من پاپا (ئاناستازیۆ)م[٥] لەخۆ گرتووە.
کە (فۆتین)[٦] لە ڕاستەڕێ گومڕای کرد.) (٩)
(دەبێ لە چوونە خوارەوە، خۆمان نەختێ دوابخەین
بۆ ئەوەی هەستمان لەو بۆنە ناخۆشە ڕابێ
ئەوسا هیچ گوێی پێ نادەین.) (١٢)
مامۆستاکەم وای گوت و منیش گوتم:
(کەواتە شۆلێ بدۆزەرەوە پێی خەریک بین و کاتمان بەفیرۆ نەچێ.)
ئەویش گوتی: (خۆت دەبینی، منیش بیر لە شتێکی وا دەکەمەوە.) (١٥)
مامۆستا هەڵیدایێ: (کوڕم. سێ پشتێنەی[٧] بچووک
لەناو ئەم شاخانە هەن، تا دێ تەسک دەبنەوە.
وەکو ئەوانەی پێیاندا هاتین (١٨)
هەموو پڕن لە ڕۆحی نەفرەتلێکراو
هەر هێندە لە خوارێ بیانبینی،
دەزانی چۆن و بۆچی شەتاونەتە سەریەک. (٢١)
هەر خراپە و بەدکارییەکی ئاسمان ڕقی لێ بێ
کارێکە سەر بۆ بێدادی دەکێشێ و ئەمەیش هەمیشە
یان بە دەستدرێژی یان بە فرتوفێڵ زیان بە خەڵک دەگەیەنێ.[٨] (٢٤)
لەبەر ئەوەی فرتوفێڵ خراپەیەکە تایبەت بە مرۆڤ
خوا زیاتری ڕق لێیە: فێڵبازەکانیش لە تەپانی بنین و
لە هەموویان زیاتر ئازار دەدرێن. (٢٧)
ئەڵقەی یەکەم[٩] هی توندوتیژانە
لەبەر ئەوەی توندوتیژی دەرهەق زۆر کەس دەکرێ،

ئەم ئەڵقەیە دابەش سێ پشتێنە[10] کراوە و وایش چێ کراون: (٣٠)
دەستدرێژیی دژی خوا و دژی خود و[11] دژی خزم،
واتە دژی خۆیان و ماڵ و سامانیان[12]
وەک بە لێکدانەوەیەکی سادە بۆت دەردەکەوێ. (٣٣)
مرۆڤ دەتوانێ بە زەبری هێز، یان بە زامی غەدار
خزمی خۆی بکوژێ و سامانی لەناوبەرێ.
دەبێ بە مایەی کاولکاری و سووتاندن و تالانکردن. (٣٦)
زەلامکوژ و ئەوانەی بە بێدادی خەڵک زامدار دەکەن،
ڕێگر و تالانچییەکان نێچیری ژێر چەپۆکی ئەشکەنجەن.
بە تاقمی جیاجیا، لە پشتێنەی یەکەمدان. ٣٩
ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر خۆیان و[13]
سەروسامانی خۆیان، لە پشتێنەی دووەمدان و[14]
بێهوودە پەشیمانی دەردەبڕن. (٤٢)
هەر کەسێ بە دەستی خۆی، خۆی لە دونیا بێبەش بکا،
هەر کەسێ ماڵی خۆی بەهەدەر بدا، بە قومار قەلۆش ببێ،
هەر کەسێ لە کاتی شادیدا[15] بگری. (٤٥)
مرۆڤ دەشێ دەستدرێژیی بکاتە سەر خوا[16]
کە لە دڵەوە نکووڵیی لێ بکا و بە زمان کفر بکا.
کە سووکایەتی بە سرووشت و خێروبێری بکا. (٤٨)
پشتێنەی هەرەتەنگیش
مۆری خۆی لە (سۆدۆما)[17] و (کاوۆرسا) و[18]
هەر کەسێ دەدا کە لە دڵەوە قسەی سووک بە خوا دەڵێ.[19] (٥١)
فرتوفێڵ، کە ویژدان بریندار دەکا[20]
دەشێ بەرامبەر بەو کەسە بەکار بێ
کە متمانەی هەیە، یان لەگەڵی ناگونجێ. (٥٤)
ئەم جۆرەیان پەیوەندیی سروشتیی خۆشەویستی دەبڕێ
کە سروشت دروستی کردووە،
ئەمانە شوێنیان دوا پشتێنە[21]. (٥٧)
هەروەها دووفاق و جادووکەر و مەراییکەر،

ساختەچی و دز و بەرتیلخۆر
گەواد و ناپاک و پیس و گڵاوی تری وا. (٦٠)
جۆرێکی کەی فرتوفێڵ، ئەو خۆشەویستییە لەناو دەبا
کە سروشت دروستی کردووە، ئەو کەسە لەناو دەبا
کە گیرۆدەی خۆشەویستییە و متمانەی پێ هەیە، (٦٣)
هەروەهایش پشتێنەی هەرەبچووک
کە چەقی گەردوونە و (دیتی) تێدایە،[٢٢]
جێی ئەو خاینانەیە کە هەتاهەتایە لەوێ دەقنێنەوە.) (٦٦)
منیش گوتم: (مامۆستا، قسەکەت ڕێک و ڕۆشن و ڕەوانە،
زۆر بە ڕوونی، ئەم بیرازە و خەڵکەکەی ناوی
دێنێتە بەرچاوم، (٦٩)
بەڵام بێژە من ئەو کەسانەی لەناو ئەم قوڕولیتەیەدا
با ڕایاندەپێچێ و باران دەیانکوتێتەوە و
قسەی زۆر ناخۆشیان پێ دەگوترێ، (٧٢)
ئەمانە ئەگەر بەر غەزەبی خوا کەوتوون،
بۆچی لەناو شاری گڕ و بڵێسەدا[٢٣] سزا نادرێن؟
ئەگەر خوایش غەزەبی لێ نەگرتوون، بۆچی ئەشکەنجە دەدرێن؟) (٧٥)
گوتی: (تۆ بۆچی ئەقڵت گومڕا بووە
ئەوەندە لە ڕێی ئاسایی دوور کەوتووەتەوە؟
یان بیرت بە شتێکی ترەوە خەریکە؟ (٧٨)
ئەو بڕگەیەت لەبیر نەماوە،
کە لە (ڕەوشتناسی)تدا[٢٤] هاتووە و
لەو سێ خراپەیە دەدوێ کە خوا حەزیان لێ ناکا: (٨١)
چاوچنۆکی و دڵڕەشی و دڕندەیی.
لەبەر ئەوەی خوا کەمتر ڕقی لە چاوچنۆکییە،
ئەمە لۆمەی کەمتر دێتە سەر. (٨٤)
باش بیر لەم حوکمە بکەرەوە
لە بیرت بێ کێن ئەوانەی
لە دەرەوەی شار پەشیمانی دەردەبڕن؟ (٨٧)

تێدەگەی بۆچی لەم چەتوون و چرووکانە
جیاکراونەتەوە و تۆڵەی یەزدانی
بە ڕقی کەمتر سەرکوتیان دەکاتەوە؟ (٩٠)
ئەی خۆر، کە بینایی لێڵ ڕوون دەکەیتەوە،
زۆر خۆشنوودم کە خڕ گومانەکانم دەڕەوێنیتەوە.[٢٥]
لای من، گومان بەقەد یەقین خۆشە.) (٩٣)
پێم گوت: (نەختێ بگەڕێوە دواوە،
بۆ ئەوەی کە پێت گوتم:
ڕیبا قینی خوا دەجوشێنێ، ئەم گرییەم بۆ خاوکەوە.) (٩٦)
گوتی: (ئەوەی گوێ لە فەلسەفە بگرێ
لە زۆر لاوە بۆی دەردەکەوێ
چۆن سروشت (٩٩)
لە ئاوەزی یەزدانی و لە هونەرەکەیەوە سەری هەڵداوە[٢٦].
تۆ ئەگەر (فیزیک)ی[٢٧] خۆت بە وردی بخوێنیتەوە،
لە لاپەڕەکانی بەراییدا دەبینی (١٠٢)
هونەری مرۆڤ، شوێن سروشت دەکەوێ
وەکو چۆن شاگرد شوێن مامۆستای دەکەوێ.
کەواتە هونەر وەکو نەوەی خودا وایە. (١٠٥)
تۆ ئەگەر ڕستەکانی پێشەوەی
(گرواندن)ت[٢٨] لە بیر بێ، مرۆڤ ژیانی خۆی
لە هونەر و سروشت وەردەگرێ و دەیبووژێنێتەوە. (١٠٨)
سووخۆر،[٢٩] چونکە ڕێگەی تر دەگرێتە بەر
هەم سروشت خۆی و هەم هونەرەکەیشی ڕسوا دەکا،
چونکە هیوای بە شتێکی تر هەیە. (١١١)
ئێستا شوێنم بکەوە، حەز دەکەم بڕۆین.
(ماسی)[٣٠] لە ئاسۆدا دەدرەوشێتەوە و
(گالیسکە)[٣١] لەسەر (کۆرۆ)[٣٢] ڕاکشاوە. (١١٤)
نەختێ لەولاتر، کەنار دادەکشێتە خوارێ. (١١٥)

## پەراوێزەکانی سروودی یازدەم

١. ئەم سرووده سروودی دابەشکردنی ڕەوشتپەروەریی دۆزەخە، چونکە ڤیرجیلیۆ لەم سروودەدا ئەم لایەنە بۆ دانتێی ڕوون دەکاتەوە.

٢. ئەمە سنووری ئەڵقەی شەشەم و حەوتەمە.

٣. ئاماژەیە بۆ ئەو بوومەلەرزەیەی لە ئەنجامی لەخاچدرانی عیسا سەرانسەری دۆزەخی هەژاند و زیانی بە هەندێ ئەڵقەی دۆزەخ گەیاند.

٤. ئەم بۆنە گەنییە، کە زۆر جار لە دۆزەخ ناوی دێ، ڕەمزی ناپاکیی دۆزەخ و گوناهەکانی ناو دۆزەخە.

٥. ئاناستازیۆ Anastasio: پاپا ئاناستازیۆی دووەم، لە ٤٩٦ تا ٤٩٨ لەو پایەیەدا بوو. لەو دوو ساڵەدا بوو کە ناکۆکی کەوتە نێو هەردوو کڵێسەی یۆنانی و ڕۆمانی. خاڵی سەرەکیی ئەم ناکۆکییە ئەوە بوو تاقمێکی ئایینیی ناسراو لە یۆنان دەرکەوتن، نکووڵیان دەکرد عیسا کوڕی خودا بێ، بڕوایان وا بوو عیسایش وەکو هەموو خەڵکی تر هاتووەتە دونیا. کڵێسەی کاتۆلیک ئەمەی بە خەتایەکی گەورە دادەنا.

هەندێ ڕەخنەگر دەڵێن دانتێ دوو کەسی بەم ناوە لێ تێکەڵ بووە: ئاناستازیۆی دووەم و ئیمپراتۆری بیزنتی ئاناسیازیۆی یەکەم (٤٩١-٥١٨) کە پەیڕەوکەری فۆتینۆی تسالی بوو.

٦. فۆتین. فۆتینۆ Fotino: یەکێ بوو لە لایەنگرە بەرز و دیارەکانی ئەو ڕایەی دەیگوت عیسا کوڕی خودا نییە، ئوسکوفی کلیسەی هەرێمی (تیسالۆنیکا) بوو، پاپا ئاناستازیۆ، بەپێی زانیاریی دانتێ، پشتی فۆتینۆی گرت، بۆیە بە هەڵگەڕانەوە تاوانباریان کرد. لە ڕاستیدا ئاناستازیۆسی یەکەمی (٤٩١-٥١٨) ئیمپراتۆری بیزنتە بوو کە پشتگیریی فۆتینۆسی دەکرد.

٧. سێ ئەڵقەی بچووک: مەبەستی سێ ئەڵقەی هەرە خوارەوەی دۆزەخە (٧، ٨، ٩). ئەم ئەڵقانە لەبەر ئەوەی کەوتوونەتە لای خوارەوە، لە ئەڵقەکانی سەرەوە تەسکترن، چونکە دۆزەخ تا دەچێتە خواری، ئەڵقە بە ئەڵقە تەسکتر دەبێتەوە، بەڵام دابەشبوونی ناوەوەیان لە شەش ئەڵقەکەی سەرەوە ئاڵۆزترە.

٨. دانتێ فێڵ و ڕیای بە لاوە لە هەڵەوەڕی و توندوتیژی خراپترە. ئەم بیرە لە چیچیرون Ciceronی گوتاربێژی ناسراوی ڕۆمی وەرگیراوە:

(بێدادی له دوو ڕێگەوه پەیدا دەبێ: یان له ڕێگەی هەڵەوەڕی، یان له ڕێگەی فرتوفێڵ. یەکەمیان ئیشی شێر و دووەمیان پیشەی ڕێوییه. هیچێکیان کاری بنیادەم نین. فێڵ و ساخته دزێو و ناشیرینه!)

٩. خەندەکی یەکەم له ئەڵقەی حەفتەمدا تایبەته به توندوتیژ و هەڵەوەڕەکان که له ڕێگەی ستەمکارییەوه بێدادییان کردووه. ئەم ئەڵقەیه سێ خەندەکی تێدایه و دەستەی جۆراوجۆری هەڵەوەڕانیان تێدایه:

دەستدرێژیکەران بۆ سەر خەڵک، بۆ سەر خودا، بۆ سەر خۆیان.

هەر یەکه لەم سێ جۆره گوناهەیش دوو لقی لێ دەبێتەوه:

دەستدرێژی بۆ سەر گیان، دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و سامان.

ئەم ئەڵقەیه حەفت بەشه. دوو ئەڵقەیان هەریەکه دوو بەشه و ئەڵقەی دەستدرێژیکەران بۆ سەر خودا سێ بەشه، بەمەوه ئەم ئەڵقەیه دەبێ به سێ ئەڵقه و حەفت بەش.

١٠. باسی ئەو سێ ئەڵقەیه به شەش سروود، ئینجا تەواو بووه. ئەڵقەی یەکەم له سروودی (١٢) و ئەڵقەی دووەم له سروودی (١٣) و ئەڵقەی سێیەم له سروودەکانی (١٤-١٧)دا باسکراوه.

١١. له سەردەمی دانتیدا، ئەگەر یەکێ خۆی بکوشتایه، سزای وەکو ئەو کەسه وا بوو که یەکێکی بکوشتایه. دەست بەسەر هەموو ماڵ و موڵکیدا دەگیرا.

١٢. تاوانبارەکانی خەندەکی یەکەمی ئەڵقەی حەفتەم ئەوانەن که دەستدرێژییان کردووەته سەر گیان و ماڵ و سامانی خەڵک.

١٣. دەشێ مرۆڤ زیان به ژیان و دوارۆژی خۆی بگەیەنێ، تەنانەت دەشێ خۆیشی بکوژێ. بەمەوه دژی خۆی دەوەستێ.

١٤. ئەمانه تاوانبارەکانی بەشی دووەمی ئەڵقەی حەفتەمن. ئەوانەن که دەستدرێژییان کردووەته سەر خۆیان (خۆیان کوشتووه) و ماڵ و سامانی خۆیان (به دەستبڵاوی یان قرچۆکی).

١٥. چونکه خۆی تووشی دەستکورتی و نەبوونی کردووه.

١٦. تاوانبارەکانی بەشی سێیەمی ئەڵقەی حەفتەم ئەوانەن که دەستدرێژییان کردووەته سەر خودا:

- ئەوانەی نکووڵیی خوایان کردووه.
- ئەوانەی دەستدرێژییان کردووەته سەر ماڵی خودا.
- ئەوانەی دژی سروشت دەجووڵێنەوه (نێربازەکان).
- ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنه سەر هونەرەکانی خودا: (ڕبێدەخۆرەکان).

١٧. سۆدۆما Sodoma: سەدووم: شارێکی کۆنە لە فەلەستین، ناوی لە تەوراتدا هاتووە. بە سەرچاوەی گەندەڵی داندراوە. لووت پێغەمبەر خەڵکی ئەم شارە بوو. پیاوەکانی ئەم شارە هەموو نێرباز بوون. خودا غەزەبی لێ گرتن. دوو فریشتەی ناردە لای لووت بۆ ئەوەی خۆی و ژن و کچەکەی لە شار بچنە دەرەوە، ئەوسا بارانی ئاگر و گۆگردی بەسەر شاردا باراند. لە ئەدەبیاتی ئەورووپیدا (سەدوومی) بە مانای نێرباز دێ.

١٨. کاوۆرسا Caorsa (کاهور) نیشانەی دوو جۆرە دەستدرێژین دەرهەق بە بنەمای سروشت کە دانتی بە (نێربازی) و (ڕبێدەخۆری) ناویان دەبا.

١٩. لە سەردەمی دانتیدا، ئەوەی بە زمان کفری کردبا، زمانیان دەبڕی.

٢٠. واتە: غەدر و فرتوفێڵ هەمیشە ویژدان بریندار دەکا، کەچی توندوتیژی هەندێ جار ڕەوای هەقە!

٢١. ئەم پۆلێنکردنە بنچینەی دابەشکردنی ئەڵقەی هەشتەم و نۆیەمە.

٢٢. بەپێی بۆچوونی بتلیموس زەوی چەق و ناوەندی گەردوونە و هەسارەکان بە دەوری ئەودا دەسووڕێنەوە. لە دۆزەخی دانتیدا شەیتان لە چەقی ناوەندی زەوی وەستاوە. شاری دیتی لەسەر ئەو چەقە دروستکراوە.

٢٣. شاری گڕ و بڵێسە: مەبەستی شاری دیتییە کە گوناهبارەکانی ناو ئەو شارە بە گڕ و بڵێسەی ئاگر ئەشکەنجە دەدرێن.

٢٤. ڕەوشتناسی Ethica: مەبەستی کتێبی (ئیتیکای نیکۆماکۆس)ی ئەرەستۆیە. دانتی لە زۆر شوێنی کۆمیدیا و بەرهەمەکانی تریدا ئاماژەی بۆ دەکا. کە دەڵێ (ڕەوشتناسیی تۆ) مەبەست ئەوەیە بڵێ کتێبی ڕەوشتناسی کە تۆ ئاشنایەتیت لەگەڵدا هەیە و باوەڕت پێ هەیە.

٢٥. واتە: چەند عەودالی یەقینم، ئەوەندەیش گومانم پێ خۆشە و بۆ نەهێشتنی ئەو گومانە گوێ لە قسەکانی تۆ دەگرم.

٢٦. دانتی ئەو ڕایەی ئەرەستۆ پەسند دەکا و وەریدەگرێ کە ئاماژەیە بە پەیوەندیی نێوان هونەر و سروشت. ئەرەستۆ دەڵێ: سروشت هێزی جووڵەی خۆی لە ئاوەزی یەزدانەوە وەردەگرێ.

٢٧. فیزیک Fisica: بەرهەمێکی ناسراوی ئەرەستۆیە. ئەو مەسەلەیەی تێدا بە دوورودرێژی باسکراوە کە دانتی لەسەر زاری ڤیرجیلیۆ هێناویەتی.

٢٨. ئاماژەیە بۆ کتێبی گرواندن (بەشی ٢، ٣) کە خودا ئادەمی خستە ناو بەهەشت بۆ ئەوەی لەوێ ئیش بکا و چاودێریی بکا..

٢٩. واتە سووخۆر (ڕبێدەخۆر) ئیش بە پارە دەکا و بە قەرزێکی زیاد دەیداتە خەڵک، بەمەوەش زەرەر لە سروشت دەدا، چونکە دڵی بە قازانجی سروشتی داناکەوێ، لە ڕادەی خۆی زیاد قازانج دەسەنێ و لەو پەیڕەوەدا، واتە لە هونەردا، زیان بە سروشت دەگەیەنێ، چونکە ئیش ناکا و تەقەللا نادا. دانیشتووە و پارە قازانجی لە ڕادەی خۆی زیاتری بۆ ڕادەکێشێ.

٣٠. ماسی. نەهەنگ: مەبەست بورجی نەهەنگە. کۆمەڵەی بورجی نەهەنگ ڕاستەوخۆ لە پێش کۆمەڵەی (کاوڕ) هاتووە. لە سەرەتای گەشتەکەی دانتیدا بۆ دۆزەخ، کە شەوی هەینیی پیرۆزە، واتە کۆتایی مانگی یەکەمی بەهارە، خۆر کەوتووەتە ئەو بورجە. لەم وەرزەدا، کۆمەڵەی بورجی نەهەنگ لە کۆتایی شەو، نەختێ پێش ڕۆژهەڵات، لە ئاسۆوە دەردەکەوێ.

٣١. گالیسکە: ناوی باوی ناو خەڵکە بۆ کۆمەڵە ئەستێرەی (ورچی گەورە - حەوتەوانە) کە لە شێوەی گالیسکەیەکدایە سێ ئەسپ ڕایبکێشن.

٣٢. کۆرۆ Coro (کاورۆس): خودانی بای باکووری ڕۆژاوای ئیتالیایە.

***

# سروودی دوازدەم[1]

## ئەڵقەی حەفتەمی دۆزەخ

## دەستدرێژیکەران

## ناوچەی یەکەم

## دەستدرێژیکەران بۆ سەر خەڵک

دوو شاعیرەکە گەیشتنە شوێنێکی سەخت بۆ ئەوەی لەوێوە شۆڕببنەوە بۆ ناو ئەڵقەی حەفتەم. مینۆتارۆس لە بەردەرگا بوو. دوو شاعیرەکە بەسەر کەوڕ و بەردا شۆڕبوونەوە خوارێ. ڤیرجیلیۆ باسی کرد جارێکی تر هاتووەتە ئەو شوێنە. ئەوسا کەوڕ و بەردەکان بەم جۆرە نەبوون. گەیشتنە ڕووبارێک خوێنی تێدا دەجۆشا. ئەوانەی تێدا ئەشکەنجە دەدرا کە گوناهی توندوتیژییان هەبوو. دانتی کۆمەڵێ کۆنتۆسی دەست بە تیروکەوانی بینی. یەکێکیان هاواری کرد شاعیرەکان بوەستن نەوەک تیربارانیان دەکا. ڤیرجیلیۆ گوتی ئێمە قسە لەگەڵ کیرۆن دەکەین. ئەو کۆنتۆسانە بە هەزاران بە دەوری ڕووباری خوێندا دەسووڕانەوە و هەر جەفاکێشێ لە ڕادەی خۆی زیاتر لە ناو ڕووباری خوێن سەری دەربهێنایە، تیربارانیان دەکرد. هەنگاونانی دانتی لەسەر کەوڕەکان سەرنجی کیرۆنی ڕاکێشا و ئەویش سەرنجی هاوڕێکانی بۆ ئەو دیاردەیە ڕاکێشا. ڤیرجیلیۆ بۆی ڕوون کردەوە کە دانتی مرۆڤێکی زیندووە و بە ئیش هاتووەتە ئێرە، نەک بۆ ڕابواردن، دانتی دز و تاوانبار نییە. کیرۆن فەرمانی بە نیسۆس کرد لە ڕووباری خوێن بیانپەڕێنێتەوە. دانتی ستەمکارەکانی بینی تا چاویان نقووم بووبوون و زەلامکوژەکانی بینی تا گەردن نقووم بووبوون. وردەوردە هەندێ جەفاکێش تا سنگیان دەرکەوتن، چونکە تاوانیان سووک بوو. نیسۆس دوو شاعیرەکەی لە بوارێکی تەنکاو پەڕاندەوە و گەڕایەوە لای برادەرەکانی.



ئەو شوێنەی هاتین لە هەڵەمووتەکە ژێردا بچین،
هەڵدێر بوو،[2] جانەوەرێکی لێبوو،[3]
ئەوەی چاوی پێ بکەوتایە، چاوی لەسەر لادەبرد[4] (۳)
وەک لە خوار (ترێنتۆ)، ئەو شوێنەی (ئادیچی)ی پێدا دەڕوا[5]
لایەکی شاخەکە بە هۆی بوومەلەرزە،
یان ڕووچوونە ژێر زەوی شەقی بردووە.[6] (٦)
شاخەکە لەگەڵ ڕفینی خۆیەوە،
کە گلۆربووەتەوە تا پێدەشت
ڕێچکەیەکی بۆ ئەوانەی سەرەوە، هەڵدڕیوە. (۹)
دۆڵ و نیهالێکی لێژ بوو.
دڕندەی بەدفەسالی (کریتی)،[7]
لەسەر لێوی شاخە داڕماوەکە، ڕاکشابوو. (۱۲)
ئەمە، لەسکی مانگایەکی ساختە لەدایک بووبوو.
کە چاوی بە ئێمە کەوت، وەکو یەکێ
ڕق لە ناوەوە دایبپچڕێ، کەوتە قەپ لە خۆدان (۱٥)
داناکەم هاواری لەسەر کرد: (ڕەنگە وا تێبگەی
ئەمە پاشای (ئاتینی)یە[8] لە بەردەمتدا
کە لەسەر دونیا بە دەستی مەرگی سپاردی! (۱۸)
جانەوەری دڕندە، بڕۆ بەولاوە،
ئەم پیاوە لەسەر ڕاسپاردەی خوشکی تۆ[9] نەهاتووە،
هاتووە ئازار و ئەشکەنجەی ئێوە ببینێ!) (۲۱)
وەکو (گا) کە زەبرێکی کوشندەی پێ دەکەوێ
پەت دەپسێنێ، بەڵام ناتوانێ دوور بڕوا
هەر بەملا و بەولادا تێهەڵدەتیزێنێ.[10] (۲٤)
دیم (مینۆتاورۆ) ئاوها تێی هەڵتیزاند.
مامۆستای وریام هاواری کرد: (ڕاکە بۆ سەر ڕێ،
تا ئەو ورووژاوە، با ئێمە بچینە خوارێ.)[11] (۲۷)
بەناو بەردەکاندا چوویتە خوارێ

بەردەکان، بە هۆی باری نائاساییانەوە[١٢]
لە ژێر پێم دەخزین (٣٠)
من بە داڵغەلێدان دەڕۆیشتم، ئەویش گوتی:
(ڕەنگە بیرت لای ئەو بەردانە بێ
ئەو جانەوەرە دەیانپارێزێ کە دامرکاندەوە. (٣٣)
حەز دەکەم بزانی، کە جاری یەکەم
داکشامە خوارێ بۆ ناو دۆزەخ
ئەم شاخە هێشتا دانەڕووخابوو.[١٣] (٣٦)
مسۆگەر، ئەگەر باشی بۆ چووبم،
بەر لە هاتنی ئەو کەسەی[١٤]
نێچیری زلی[١٥] ئەڵقەی[١٦] هەرە باڵای (دیتی)[١٧] برد، ٣٩
دۆڵی قووڵ و گەورەی کرێت لە هەموو لاوە
ئەوەندە بە توندی لەرزی،
وامزانی گەردوون گرفتاری عیشق بووە، (٤٢)
دونیا زۆر جار تووشی باژەل و لێکترازان بووە.[١٨]
ئەو کاتە بوو ئەم شاخە دێرینە
لێرە و لە شوێنی دوورتردا، بەم جۆرە هەڕفی.[١٩] (٤٥)
تۆ چاو بدە ئەم خوارە، ئەوەتا
لە ڕووباری خوێن نزیک دەکەوینەوە،
ئەو کەسانەی تێدا دەکوڵێ کە دەستدرێژییان کردووەتە سەر خەڵک. (٤٨)
ئای تەماحی کوێر و ڕقی سەرشێت
ئێوەن لە ژیانی کورتماندا دنەمان دەدەن،
ئینجا هەتاهەتایە نوقمی ئەم ڕەزالەتەمان دەکەن. (٥١)
خەندەکێکی گەورەم بینی وەک کەوانە چەمابووەوە
وەک یاوەرەکەم باسی کرد
هەموو دەشتەکەی گرتبووە باوەش. (٥٤)
لە بەینی ڕووبارەکە[٢٠] و خەندەکەکەدا[٢١]
(چێنتاور)ەکان[٢٢]، دەست بە تیروکەوان، خیزەریان بەستبوو

دەق وەک ئەوەی لەسەر دونیا دەچوونە ڕاو. (٥٧)
کە دیتیان ئێمە هاتین، ڕاوەستان.
سێیان[٢٣]، دەست بە کەوان و تیری تەیار،
لە تاقمەکە دابڕان (٦٠)
یەکێکیان لە دوور ڕا قیژاندی:
ئێوە کە دادەبەزنە کەنار، بۆ چ ئەشکەنجەیەک دێن.
هەر لەوێ وەڵامم بدەنەوە. نەوەک کەوانتان لێ ڕادەکێشم. (٦٣)
مامۆستام گوتی: (ئێمە وەڵامی خۆمان
لە نزیکەوە بە (کیرۆن)[٢٤] دەڵێین،
ئارەزوو و هەڵەشەت خراپت دەکا). (٦٦)
ئینجا دەستی لێدام و گوتی: (ئەمە (نیسسۆ)یە[٢٥]
کە لە پێناوی (دیانیرا)ی[٢٦] نازدار مرد و
خۆی تۆڵەی مردنی خۆی کردەوە. (٦٩)
ئەوەی ناوین، کە چاوی بەرداوەتەوە
(کیرۆن)ی گەورەیە، کە خۆراکی دەرخوارد (ئاکیلی) دەدا
ئەوەی تریش (فۆلۆ)یە[٢٧]، کە یەک پارچە ڕق بوو. (٧٢)
ئەمانە بە هەزاران، بە دەوری خەندەکەکەدا خول دەخۆنەوە،
هەر ڕۆحی زیاد لە ڕادەی گوناهی خۆی
سەر لەناو خوێن دەربێنێ، بە تیر دایدەبێژن[٢٨] (٧٥)
لەو جانەوەرە سرکانە نزیک کەوتینەوە.
(کیرۆن) دەستی دایە تیرۆک و بە دارنیشانەکەی
ڕیشی خۆی هەڵدایەوە پشت کارێژەکانی.[٢٩] (٧٨)
زاری زل و گەورەی پێشان دا،
بە هاوڕێکانی گوت: (هەستتان کردووە،
ئەوەی دواوە[٣٠] لەشی بە هەرچی بکەوێ، دەیجووڵێنێ؟ (٨١)
قاچی مردوان وا نییە.)
ڕابەری خاسم گەیشتبووە نزیک سنگی،
ئەو شوێنەی دوو سروشتی جیای تیا کۆبووبووەوە.[٣١] (٨٤)

وەڵامی دایەوە: (ئەمە زیندووە، تەنیایە![32]
دەبێ دۆڵ و نیهالی تاریکی پێشان بدەم.
بە ئیش هاتووین نەک بۆ خۆشی. (٨٧)
یەکێ، بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە تازەیەم پێ بسپێرێ،
دەستی لە سروودی (هەلیلوویا)[33] هەڵگرت
نە ئەمە دزە و نە منیش ڕۆحێکی دزێوم. (٩٠)
بۆ خاتری ئەو چاکەیەی بۆ بڕینی ئەم ڕێگە سەختە
گوڕوتین بە لنگمان دەبەخشێ
یەکێ لە هاوڕێکانی خۆتم بدەرێ، ببێ بە یاوەرمان. (٩٣)
بۆ ئەوەی بوارمان پێشان بدا
ئەمەش لە پشتی خۆی بکا،[34]
ئەمە ڕۆح نییە بە هەوادا بڕوا. (٩٦)
(کیرۆن) ئاوڕی لە دەستەڕاستی خۆی دایەوە،
بە (نێسسۆ)ی گوت: (تۆ بگەڕێوە و ڕێنوێنیان بکە،
ئەگەر تووشی تاقمێکی تر هاتن، هەڵیانبڕە.) (٩٩)
لەگەڵ ئەو هەڤاڵە دڵسۆزەدا
بە کەناری ڕووباری سووری لەجۆش و کوڵدا ڕۆیشتین،
خەڵکانێکی تێدا دەکوڵا، هاتوهاواریان لێ هەڵدەستا. (١٠٢)
ئەو خەڵکە تا برژانگی چاو نقووم بووبوون.
چێنتاوری مەزن گوتی: (ئەمانە ئەو ستەمکارانەن
کە خوێنی خەڵکیان ڕشتووە و ماڵیان تاڵان کردووە. (١٠٥)
لێرەدا، بۆ تاوانەکانیان، دەگرین و دەکڕووزێنەوە.
ئەوەتا (ئەلێسساندرۆ)[35] و (دیۆنیزیۆ)ی[36] دڕندە
کە ماوەیەکی زۆر سەقلیەی ئازار دا. (١٠٨)
ئەوەی قژی ڕەشی هاتووەتەوە سەر هەنیە
(ئاتزۆلینۆ)یە[37]. ئەوەی دیش کە تەواو سیسە
(ئوپتزۆ)ی[38] (ئێستی)یە، (١١١)
کە لەسەر دونیا بە دەستی کوڕە زۆڵەکەی[39] کوژرا.[40])

ئاورم لە شاعیر دایەوە و ئەویش گوتی:
با ئەمە ڕابەری یەکەمت بێ و من دووەم.[41] (١١٤)
چیێنتارۆ، کەمێ دوورتر،
لە بەردەم تاقمێکدا وەستا،
تا گەردەن سەریان لەم ڕووبارە جۆشاوە دەرهاتبوو. (١١٧)
ڕۆحێکی نیشان داین، بەتەنێ لە کوژییەک کزۆڵەی کردبوو،
گوتی: (ئەمە لە کۆشی خوادا دڵێکی شەق کرد،
ئێستایش، لەسەر (تامیزی) خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە. (١٢٠)
هەندێ کەسم بینی، سەر و هەموو سنگیان
لە ڕووبارەکە بە دەرەوە بوو.
زۆرم لێ ناسین. (١٢٣)
خوێنەکە، وردەوردە کەمی دەکرد
تا وای لێهات تەنیا دەگەیشتە قولەپێ.
لەوێ، لە خەندەکەکە پەڕیینەوە. (١٢٦)
چیێنتارۆ گوتی: (وەک لەم کەنارەوە دەبینن
ئاوی کولاو هەمیشە لە کورتی دەدا.
دەبێ ئەوەیش بزانن (١٢٩)
ئەم ڕووبارە تا دێ زیاتر دادەگیرسێ
تا دەگاتە ئەو شوێنەی
ستەمکارەکانی تێدا دەناڵێنێ. (١٣٢)
ئا لێرەدا، دادپەروەریی یەزدانی
(ئاتتیلا)ی[42] بەلای سەر دونیاو
(پیرڕۆ)[43] و (سێستۆ)[44] سزا دەدا و هەتاهەتایە (١٣٥)
ئەو فرمێسکە دادەدۆشێ کە بە گڕ و بڵێسە
لە چاوی (ڕینیێر)ی[45] (کۆرنێتۆ) و (ڕینیێر)ی (پاتزۆ)[46] دێ
کە شەڕی گەورە و گرانیان لەسەر ڕێگەکان دامەزراند.) (١٣٨)
ئینجا گەڕایەوە دواوە و لە ڕووبارەکە پەڕییەوە. (١٣٩)

## پەراوێزەکانی سروودی دوازدەم

١. ئەم سرووده، سروودی توندوتیژانە بەرامبەر بە خەڵک. سروودی چێتاورەکانە.

٢. سنووری نێوان ئەڵقەی شەشەم و حەوتەم.

٣. ئاماژەیە بۆ مینۆتاورۆ Minotauro: شەیتانی دوورگەی کریت کە پاشان باسی دێ.

٤. واتە: لە ترسی ئەو شەیتانە کەس توانای وەستان و ڕۆیشتنی نەبوو.

٥. تۆژەرەوەکان ڕای جیاجیایان هەیە لەبارەی دیاریکردنی ئەو شوێنە. لەوانەیە ئەمە ئەو تەلانە شاخاوییە بێ کە پێی دەگوترێ (سالڤینی دی مارکۆ) و دەکەوێتە سەر کەناری دەستەچەپی ڕووباری (ئادیجی) و نزیک ڕۆڤیریتۆ، لە نێوان ڤیرۆنا و ترنتۆ، لە باکووری ئیتالیا.

٦. ئاماژەیە بۆ ڕفینی شاخی ناسراوی (سالڤینی دی مارکۆ)، کە دەکەوێتە نێوان شاری ڤیرۆناو ترنتۆ، لە باکووری ئیتالیا.

٧. فەسادی کریتی: ئاماژەیە بۆ میناتۆرۆ کە پاڵەوانێکی ئەفسانەی یۆنانییە. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی:

مینۆسی پاشای دوورگەی کریت ژنێکی هەبوو بە ناوی (پازیفای). ئەم ژنە ئەشقی (گا)یەک بوو. لەناو پەیکەری گوێرەکەیەکی داریندا لەگەڵ (گا)کە نووست و لەم نووستنەدا منداڵێکی بوو بە ناوی (میناتاورۆس). ئەمە نیوەی لەشی مرۆڤ و نیوەی (گا) بوو. بۆ ئەوەی خەڵک ئەم بوونەوەرە ناجۆرە نەبینن، لەناو ونگەیەک دایان نا بۆ ئەوەی ڕانەکات. دوای ماوەیەک، خەڵکی ئاتین، کە لە ژێر دەستی پاشای دوورگەی کریتدا بوون، ڕاپەڕین و کوڕی پاشایان کوشت. لە سزای ئەم تاوانەدا، مینۆس فەرمانی دا ئاتینییەکان هەموو ساڵێ حەفت کچی جوان و حەفت کوڕی گەنج بۆ کریت بنێرن بۆ ئەوەی دەرخوادی (میناتاورۆس)یان بدەن. ئاخیری (تیزیۆس)ی پاڵەوانی ئەفسانەیی ئاتین بە هاوکاریی (ئاریانای)ی کچی پاشای کریت، کە ئەشقی بووبوو، ئەم جانەوەرەی کوشت. هاوکارییەکەی ئاریانای ئەوە بوو پەتێکی دایە تیزیوس بۆ ئەوەی کە چووە ناو ونگەکە لە دوای خۆیەوە لەسەر زەوی درێژی بکاتەوە بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەدا ڕێگەی لێ بزر نەبێ. لەوساوە پەتی ئاریانای بووە بە پەند بۆ چارەسەری گیروگرفت.

ئەم دڕندەیە (میناتاورۆس) لایەنی ئاژەڵی و دڕندەیی لە لایەنی مرۆڤایەتیی زیاترە، ناوبانگیشی هەر لەو دڕندەییەدایە. دیارە هەر لەبەر ئەوەیشە لە دۆزەخدا کراوە بە پاسەوانی ئەو بەشەی گوناهباری دڕندەخووی تێدایە.

٨. پاشای ئاتین: مەبەست تیزیۆسە کە جانەوەرەکەی کوشت و ئاتینی لەو ڕسوایی و شەرمەزارییە ڕزگار کرد.

٩. خوشکی جانەوەرەکە، مەبەست (ئاریانای)یە کە تیزی وس ئەشقی بوو و هەر بە هاوکاریی ئەویشەوە توانیی بگاتە شوێنی جانەوەرەکە و بیکوژێ.

١٠. میناتاورۆس بۆیە وای کرد، چونکە کوژرانی خۆی بیرکەوتەوە و قینی جۆشا.

١١. ڤیرجیلیۆ داوا لە دانتی دەکا تووڕەیی میناتاورۆس بە هەل وەربگرێ و خێرا شۆڕبێتەوە خوارێ.

١٢. باری نوێ: مەبەستی ئەوەیە ئەمە یەکەم جارە مرۆڤێکی زیندوو کە قورسایی لەشی لەگەڵدایە و هەر تەنیا ڕۆح نییە، بێرەدا دەڕوا.

١٣. ئەم شاخە وەکو باس کرا لە هەژمەتی لەخاچدرانی عیسا و ئەو بوومەلەرزەی لە سۆنگەی ئەو تاوانەوە سەراسەری دۆزەخی هەژاند، ڕفتووە. دیارە ئەم داڕووخانە لە گەشتی یەکەمی ڤیرجیلۆدا بۆ دۆزەخ، نەبووە، چونکە ئەوسا عیسا هێشتا لە خاچ نەدرابوو.

١٤. واتە: مەسیح.

١٥. واتە: کاتی خۆی هەندێ کەسی ڕزگار کرد.

١٦. واتە: لیمبۆ.

١٧. دیتی، لێرە مەبەست لوچیفیرۆیە (شەیتان).

١٨. ئاماژەیە بۆ ئەو بوومەلەرزەی لە کاتی لەخاچدرانی عیسادا دونیای هەژاند.

١٩. ئاماژەیە بۆ گریمانەی فەلسەفیی (ئیمپۆدیکلیس)ی فەیلەسووفی ناسراوی یۆنانی کە بڕوای وا بوو چوار ڕەگەزە بنچینەییەکەی دونیا (ئاو و ئاگر و با و خاک) بە هۆی لێک جیابوونەوەی گەردیلەکانیان و دوورکەوتنەوەی ئەو گەردیلانە لە یەکتر، بە شێوەی ئێستایان لێ هاتووە و ئەم شکڵەیان گرتووە. ئەگەر ڕۆژێ بێ و ئەم گەردیلانە بۆ یەکتر بێنەوە و یەکتر بگرنەوە، واتە عیشق و جازیبە تێکەڵیان بکاتەوە، دونیا سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر بێشکڵیی جارانی. ڤیرجیلیۆ وا زەن دەبا کە شتێکی لەو بابەتە ڕووی دابێ و دۆزەخی ڕاتەکاندبێ.

٢٠. مەبەست ڕووباری خوێنی فلیجینتۆنتییە، لە سروودی (١٤)دا بە درێژی باسی کراوە.

٢١. بەشی یەکەمی ئەلقەی حەوتەمە.
٢٢. چینتاور Centauri (بە لاتینی: کینتۆروس): لە ئەفسانەی یۆنانیدا جۆرە بوونەوەرێکە لە سەرەوە تا کەمەری مرۆڤە، لە پشتێن بەرەو ژێر ئەسپە. خەسیەتی توندوتیژی هەیە و هەواوهەوەس و ئارەزووی بەسەردا زاڵە. لێرەدا پاسەوانی ئەو گوناهبارانەیە کە بە هۆی ئەو جۆرە گوناهانەوە کەوتوونەتە دۆزەخ.
٢٣. ئەم سیانە بریتین لە: نیسۆس و کیرۆن و فۆلۆس. ئەمانە کوڕانی (ئاکسیۆن)ی پاشای (لاپینی)ن، ڕەمزی ڕق و چێژی جەستەیی و توندوتیژین.
٢٤. کیرۆنی Chirone: لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ژیرترین و سەرڕاسترین کینتۆر بووە. پاڵەوانەکانی یۆنانی دەرس دەدا. مەشوور بوو بە ڕاوچیی لێزان. لە زانستی پزیشک و مۆسیقا و غەیبگۆییدا باڵادەست بوو. لە عەشق و جووتبوونی زوحەل لەگەڵ یەکێ لە پەرییەکانی خۆیدا لەدایک بووبوو. یۆنانییەکان باوەڕیان وایە ئەمە مامۆستای ئەخیلی پاڵەوانی یۆنانی و زۆر پاڵەوانی تر بووە. هونەری تیراوێژی و ڕاو و پزیشکی و ئەستێرەناسی و مۆسیقا و فالگرتنەوەی فێرکردوون.
٢٥. نێسسۆ Nesso (بە لاتینی: نیسۆس): یەکێ بوو لە کنتۆرە ناسراوەکانی ئەفسانەی یۆنانی. بە هۆی تاوان و گوناهی جیاجیاوە سزای ئەوە بوو بەردەوام خەڵکی لە کۆڵ دەکرد و لە ڕووباری بەرینی (ئونۆس) دەیپەڕاندنەوە. ویستی دەست بۆ نامووسی (دیانیرا)ی ژنی هەرقەل بەرێ، هەرقەل تیرێکی لێدا و کوشتی.
٢٦. دیانیرا Diyanira: ژنی هەرقەلی پاڵەوانی ناوداری یۆنانی بوو. لە ئەفسانەدا هاتووە:

ڕۆژێ نیسۆس (دیانیرا)ی ژنی هەرقەلی لە کۆڵ کردبوو بۆ ئەوەی لە ڕووباری (ئونۆس) بیپەڕێنێتەوە، بەڵام کە گەیشتە دوورگەیەکی بچووکی ناو ڕووبارەکە، دڵی لە دیانیرا پیس کرد. قاچی سست بوو، ویستی دەست بۆ نامووسی بەرێ. هەرقەل، لەسەر کەناری ڕووبارەکە چاوی لێ بوو، نیشانەی لێ گرت، تیرێکی ژەهراویی لێدا و کوشتی. نیسۆس لە سەرەمەرگدا مستەخوێنێکی خۆی لە جلی خۆی دا و دایە دیانیرا و پێی گوت: ئەم جلە خوێناویەی من بدە بە هەرقەلی مێردت لە بەری بکا. ئەگەر لە بەری بکا قەت خیانەتت لێ ناکا، چونکە خوێنی کنتۆر ئیکسیری عیشقە. پاش ماوەیەک، دیانیرا هەستی کرد هەرقەلی مێردی حەز لە (یولای) دەکا، لە دەرفەتێک دەگەڕا جلە خوێناوییەکەی نیسۆسی بداتێ لە بەری بکا بۆ ئەوەی دڵی لەسەر (یولای) ڕەش بێ و خیانەتی لەگەڵ نەکا. وا ڕێکەوت، ڕۆژێ هەرقەل ویستی بچێتە شەڕ و یەکێکی ڕەوانەی لای دیانیرای ژنی کرد و داوای لێ کرد جل و زرێکەی بۆ بنێرێ. دیانیرا جلە خوێناوییەکەی نیسۆسی بۆ نارد. هەرقەل جلەکەی کردە بەر. هەر

هێند خوێنی نیسۆس بە لەشی هەرقەل کەوت، یەکسەر ئاگری لە هەناوی بەردا. ئەوەندە ئازاری دا، نەیزانی چ بکا و چۆن ئەو ئاگرەی دەروونی بکوژێنێتەوە، بە نەعرەتەلێدان خۆی بەناو لێڕ و جەنگەڵدا دا، ئاگری لە جەنگەڵەکە بەردا و خۆیشی تێیدا سووتا. ڤیرجیلیۆ کە دەڵێ: ((نیسسۆ تۆڵەی خۆی کردەوە)) مەبەستی ئەم مەسەلەیەیە.

٢٧. فۆلۆ Folo (بە لاتینی: فۆلۆس): ئەمەیش کینتۆرێکی ترە لە ئەفسانەی یۆنانیدا. جارێکیان لەگەڵ هاورێکانی ژنە جوانەکانی (لاپیت)ەکانیان ڕفاند لە ئاهەنگی زەماوەندی (پیرتۆیۆس) و (ئیپۆدامیا)ی شا و شاژنی هەرێمێکی یۆنان. یەکێ لە پیاوەکانی هەرقەل کوشتی.

٢٨. ئەم تیربارانە بەردەوامە بۆ ئەوەیە دۆزەخییەکان سەر لەناو ڕووبارەکە دەرنەهێنن.

٢٩. بۆ ئەوەی ڕدێنی بۆر و پڕی ڕێگەی قسەکردنی لێ نەگرێ.

٣٠. واتە: زانیی ئەوەی لە دواوە دێ مرۆڤێکی زیندووە.

٣١. واتە شوێنی بەیەککەیشتنی نیوە مرۆڤەک و نیوە ئەسپەکە.

٣٢. مەبەست بیاتریچییە.

٣٣. ئەلیلوویا Alleluia: وشەیەکی عیبرییە واتە: ستایشی خوا بکەن. لە تەوراتدا زۆر بەکارهاتووە. زۆر سروودی ئایینی جوولەکە و مەسیحی بەم وشەیە دەست پێدەکا.

٣٤. واتە: ئەو ناتوانێ وەکو من بفڕێ، ئەگەر بە پێش بڕوا، پێی لەناو ئاوی کوڵاودا دەسووتێ.

٣٥. ڕای جیاواز لەبارەی ئەو ئەسکەندەرەوە هەیە. ئاخۆ مەبەست ئەسکەندەری مەکدۆنییە؟ یان ئەسکەندەری فیرۆسی پاشای تسالونیای یۆنانە کە لە سەدەی چوارەمی پێش زاییندا هاتووە و بە دڵڕەقی و خوێنڕشتن ناسراوە. دوژمنەکانی خۆی بە زیندووی چاوان لەناو خاک ڕادەکرد، یان پێستی گیاندارانی لە بەر دەکردن و فڕێی دەدانە ناو شێران.

٣٦. دیۆنیزیۆ Dionisio (دیۆنیزیۆس)ی یەکەمی پاشای سیراکوز. ساڵی ٣٦٧ لە دوورگە سەقلیە کۆچی دوایی کرد. زۆر ستەمکار و زۆردار بوو. ئەم پاشایە بە خۆی و بە دیۆنیزیۆسی دووەمی کوڕی ڕەمزی ستەمکاری و زۆرداری و خوێنڕێژی بوون.

٣٧. ئاتزۆلینۆ دا ڕۆمانۆ (Azzolino da Romano (1192-1259: سەرکردەی گیبیللینییەکان بوو لە باکووری ئیتالیا. چەند شارێکی لە لۆمباردیا و

ئیمیلیا و ئالفنتۆ داگیرکرد. دەسەڵاتدارێکی توندوتیژ بوو. فریدریکی دووەم لە دژی پاپا هانی دا و یارمەتیی دا. ئەسکەندەری چوارەم شەڕی چەلیپایی لە دژ ڕاگەیاند و ئەو شارانەی داگیری کردبوون لە دژی هەستان. لەو شەڕەدا بە دیل گیرا و لە بەندیخانەدا مرد.

٣٨. ئۆبیتزۆ دێ ئێستی Obizzo de Esti: مارکیزی (فرارا) بوو. لە سەدەی سێزدەمدا یەکێ بوو لە خانەدانەکانی ئیتالیا. بە ستەم و خوێنڕێژی ناسرابوو. لە تەمەنی بیستونۆ ساڵیدا مرد. دانتی دەڵێ ئەمە بە دەستی کوڕی زۆڵی خۆی کوژراوە.

٣٩. کوڕە زۆڵەکەی: لەوانەیە کوڕەکەی زۆڵ بێ، لەوانەیشە کوڕێکی خراپ و بەدکار و چەتوون بێ، بۆیە وای پێ گوترابێ، ئەی ئەوە نییە باوکی خۆی کوشت.

٤٠. واتە گوناهی ئەوەندە گەورە بوو، تەنانەت دۆزەخییەکانیش خۆیان لێ دوورخستبووەوە و بە تەنیا جێیان هێشتبوو.

٤١. مەبەست گویدۆ دی مۆنفۆرتی Guido di Mon fortiیە. کوڕی (سیمۆن دی مۆنتفۆرتی)ی میری لیستەر بوو. فەرمانڕەوای فرەنسایی هەرێمی توسکانای ئیتالیا بوو. کاتی خۆی شارل دانژوو (شارلی یەکەم) لەو هەرێمە دایناوبوو. ساڵی ١٢٧٢ لە کاتی جێبەجێکردنی دابی ئایینی تایبەتی یەکشەممەدا لە کڵێسە، لە تۆڵەی خوێنی برای خۆی، هێنری کوڕی ڕیچاردی پاشای ئینگلتەرەی کوشت. ئەدواردی یەکەمی برای هێنری دڵی برای دەرهێنا، لەناو سندووقێکی نا و ڕەوانەی لەندەنی کردەوە. لەوێ دڵەکەیان لەناو ستوونێک، یان دەستی پەیکەرێک نا و لەسەر یەکێ لە پردەکانی سەر ڕووباری تایمز دایان نا و بە ڕەسمی ڕێزێکی زۆریان بۆ دانا.

٤٢. ئاتتیلا Attila: پاشای ناسراوی (هون)ەکانی سەدەی پێنجەمی زایینی بوو. لە ئاسیاوە چوو، بەشی زۆری ئەورووپای وێران و تالان کرد و خەڵکێکی زۆری لێ کوشتن. ناویان نابوو (قامچیی خودا). ڕەمزی کاولکاری و کوشتن و ترس و تۆقان بوو. دەڵێن گوایە گوتوویەتی: (ئەسپی من پێ لە هەر کوێ دابنێ، ئەو شوێنە نابێ گیای لێ بڕوێ!).

٤٣. پیرۆ Pirro (پیرۆس): یەکێکە لە دوو پیرۆسی ناوداری مێژوو: یەکەمیان کوڕی ئەخیلی پاڵەوانی یۆنانی شەڕی تەڕوادە بوو. لە پاش داگیرکرانی تەڕوادە زۆر بێمرووەتیی کرد، پریامی پیرەمێرد و پۆیتسی کوڕی پریامی کوشت. دووەمیان پاشایەکی ناوداری یۆنانی بوو (٣١٨-٢٧٢پ.ز)، ماوەیەکی زۆر دژی ڕۆمانییەکان جەنگا بۆ بەرگریکردن لە وڵاتی خۆیدا. زۆر بە توندوتیژی لەگەڵ ڕۆمانەکان دەجووڵایەوە.

٤٤. سێستو Sesto (بە لاتینی سکتوس پۆمپیوس): کوڕی سەردار و کونسوڵی ناسراوی ڕۆمانیا (پۆمپی گەورە) بوو. ناحەزی قراڵ بوو. هەندێ دەڵێن دانتی مەبەستی (سکتوس)ی کوڕی (تارکینۆس)ی دوا پاشای ڕۆمانیایە. قراڵ لە ٤٥ پ.ز لە شەڕدا بەزاندی، بەڵام پاش مردنی قراڵ سەقڵیەی داگیرکرد و کەشتیگەلی ئوگستۆسی بەزاند و ساڵی ٣٥ پ.ز بە کوشتن چوو.

٤٥. ڕینییردا کۆنیتا Rinierda coneta: ڕێگر و جەردەیەکی بەناوبانگی هەرێمی (ماریما)ی ئیتالیا بوو. ڕێگرییەکەی تا ڕۆمانیا دەچوو.

٤٦. ڕینییێر دی پاتزۆ Rinier di Pazzo: ڕێگر و جەردەیەکی ناوداری ئیتالی بوو لە ناوچەی (ڤال دارنۆ). ساڵی ١٢٦٨ بە فەرمانی پاپا کلیمنتۆی چوارەم بە تاوانی کوشتن و دزی، گیرا و داداگایی کرا.

***

# سروودی سێزدەم[1]

## ئەڵقەی حەفتەمی دۆزەخ
## دەستدرێژکەران
## ناوچەی دووەم
## دەستدرێژکەران بۆ سەر خۆیان

دوو شاعیرەکە گەیشتنە بازنەی دووەمی ئەڵقەی حەوتەم. لێرەوارێک بوو درەختەکانی وشک بووبوون. هێلانەی هەرپۆسەکانی تێدا بوو. دەموچاویان ژن و لەشیان باڵندە بوو. دانتی لە هەموو لایەکەوە دەنگی شیوەن و گریانی کەوتە بەرگوێ. تووشی ترس و شڵەژان هات. ڤیرجیلیۆ پێی گوت لقەدارێک بشکێنێ بۆ ئەوەی نهێنییەکەی بۆ دەربکەوێ. دانتی لقی لە دارێک بڕییەوە، دارەکە خوێنی لێ هات و هاواری کرد. دانتی زیاتر ترسا. ڤیرجیلیۆ تەوازۆی بۆ ڕۆحی ناو درەختەکە هێنایەوە. ڕۆحی پییرۆ دێللا ڤینیا بوو. کە زانیی دانتی بچێتەوە سەر دونیا یادی دەکاتەوە، ئازاری سووکتر بوو. باسی کرد کاتی خۆی بڕواپێکراوی فریدریکی دووەم بوو. پایەکەی لە دەست دا و خۆی کوشت. بەمەوە تاوانی دەرهەق خۆی کرد. ڤیرجیلیۆ لێی پرسی ڕۆحی خۆکوژ چۆن تێکەڵ ئەو درەختانە دەبێ؟ وەڵامی دایەوە مینۆسی پاسەوانی دۆزەخ ڕەوانەی ئەو لێرەیان دەکا کە هەموو درەختەکانی وشکن، ئینجا هەرپۆسەکان پەلاماریان دەدەن و دەیانخۆن.

دوو شاعیرەکە لەپڕ گوێیان لە دەنگی جانەوەر و دڕندان بوو دەهاتنە لایانەوە. دوو ڕۆحیان دی سەگ ڕاویان دەنان: یەکێکیان خەڵکی سیێنا و ئەوەی تر خەڵکی پادوا بوو. ماڵی خۆیان و خەڵکیان بەهەدەر دابوو. یەکێ خۆی لە پەنا هەندێ گیای چڕ نا. سەگەکان پارچەپارچەیان کرد.



(نێسسۆ) هێشتا نەگەیشتبووە کەناری ئەوبەر
ئێمە گەیشتینە ناو لێڕێک
هیچ کوێرەڕێی تێدا نەبوو. (٣)
گەڵاکانی سەوز نەبوون، ڕەش بوون.
لقی دارەکانی ڕاست و لووس نەبوون، خوار و گرێچن بوون.
هیچ سێو[٢]ی تێدانە بوو، هەمووی دڕووی ژەهراوی بوو.[٣] (٦)
لە نێوان (چیچینا)[٤] و (کۆرنیتۆ)[٥]
کە جانەوەری دڕندە بەناو سەوزەڵاندا ڕادەکەن
شوێنیان وا سەخت و دڕکاوی نییە. (٩)
(ئارپیی)ی[٦] ترسناک لانەیان تێدا کردووە.
بە پێشبینیی شوومی ئایندە
خەڵکی (ترۆیانی)یان لە (ستروفادی)[٧] وەدەر نا. (١٢)
ئەمانە باڵیان پانوپۆڕ و ڕوخساریان وەکو مرۆڤە
پێیان بە چڕنۆکە و ورگیان زل و کورکنە
لەسەر درەختی سەیروسەمەرە هاتوهاواریانە. (١٥)
مامۆستای خاس گوتی: (بەر لەوەی زیاتر بڕۆی
بزانە تۆ لەناو پشتێنەی دووەمدایت،
هەر لەوێش دەبی تا ئەو ساتەی (١٨)
دەگەیتە زیخمەڵانێکی[٨] ترسناک
باش سەیر کە، لەوێ هەندێ شت دەبینی
بۆی هەیە بڕوات بە قسەی من بلەقێنێ.) (٢١)
لە هەموو لایەکەوە گوێم لە قیژە و زریکە و هاوار بوو
کەسم نەدەدی هاوار بکا.
بەوپەڕی پەشۆکاوی ڕاوەستام. (٢٤)
وا بزانم، ئەو وای دەزانی من دەزانم[٩]
ئەو هەموو دەنگە، لەناو ئەو لقەدارانە و
لەو کەسانەوە دەهات کە خۆیان لە ئێمە شاردبووەوە. (٢٧)
مامۆستا گوتی: (وریا بە، ئەگەر یەک چڵی بچووک

له هەر داریٚ لەو دارانە بشكێنی،
هەموو هزر و بیرت دەپچڕیٚ.)[10] (٣٠)
دەستم درێژكرد
لقێكم لە باداكێكی گەورە كردەوە.
قەدەكەی لە زریكژنی دا: (بۆ دەمبڕیتەوە؟)[11] (٣٣)
كە خەڵتانی خوێنی ڕەش بوو،
دەستی بە قسە كردەوە: (بۆ دەمپچڕێنی؟
قەت مروەت و بەزەییت تێدا نییە؟) (٣٦)
ئێمەیش مرۆڤ بووین، كەچی ئێستا دار و درەختین
ئەگەر ڕۆحی ماریش بین
دەبیٚ زیاتر بەزەییت پێماندا بێتەوە.) (٣٩)
وەك ئەو چڵەی سەرێكی سووچە و
سەرێكی خوناوەریچە و[12]
هەوایەكی توندی لیٚ دەفیشكیٚ (٤٢)
بەم جۆرە وشە و خوێن بەیەكەوە
لە چڵە شكاوەكە دەهاتنە دەریٚ[13].
چڵەكەم بەردا و لە ترسان ڕەق ڕاوەستام. (٤٥)
داناكەم وەڵامی دایەوە: (ئەی ڕۆحی بریندار،
ئەمە، ئەگەر پێشتر بڕوای بەو شتە كردبا
كە تەنیا لە شیعرەكانی مندا دیبووی، (٤٨)
قەت دەستی خراپەی بۆ تۆ درێژ نەدەكرد.
شتێكی باوەڕنەكردەنی، ئەمەی پێكردم
ئێستا ئازاری خۆم دەدا (٥١)
پێی بڵیٚ تۆ كیٚ بووی
بۆ ئەوەی كە گەڕایەوە سەر دونیا، یادت زیندوو بكاتەوە
ئەو هەقی گەڕانەوەی هەیە.) (٥٤)
قەدی درەختەكە گوتی: (بە قسەی خۆش فریوم دەدەی،
ناتوانم بێدەنگ بم. نەبێتە بارگرانی بەسەرتەوە،

نەختێ لە قسەکەمدا درێژەی دەدەمێ. (٥٧)
من ئەو کەسەم کە هەردوو کلیلی[١٤]
دڵی (فیدیریگۆ)م[١٥] لە دەستدا بوو[١٦]
هێدی بامدان و توند شلم کردنەوە (٦٠)
هەموو خەڵکم لە نهێنییەکان دوورخستەوە،
ئەوەندە دڵسۆز و وەفادار بووم بۆ ئەم پایە پیرۆزە
خەو و هێزی دڵی خۆم لەسەر دانا. (٦٣)
ئەو سۆزانییەی هەرگیز
چاوی بێئابڕووی لەسەر کۆشکی (سێزاری)[١٧] لانەدەبرد،
مایەی مەرگی گشتی و گەندەڵیی دەربارەکان بوو، (٦٦)
هەموو خەڵکی لە دژی من بە گڕ خست و
گڕگرتووەکانیش (ئاوگستۆ)یان لە من ئاگردا،
شکۆمەندیی ئاسوودەم گەڕا بە ماتەمی غەموونی. (٦٩)
ڕۆحم، بە خەسیەتی ڕسوایی خۆی،
وای زەن برد، دەتوانێ بە مردن لە ڕسوایی ڕا بکا.[١٨]
منی دادپەروەری، بەرامبەر بە خۆم، کرد بە نادادپەروەر. (٧٢)
سوێندم بە ڕەگی تازەی[١٩] ئەم درەختە
هەرگیز پەیمانم لەگەڵ سەروەری خۆم نەشکاندووە
کە شایەنی هەموو ڕێز و سەرفیرازییەک بوو! (٧٥)
ئەگەر یەکێکتان گەڕانەوە سەر دونیا،
یادم بکەنەوە
کە ئێستایش لەژێر باری گراندا قیت نەبووەتەوە). (٧٨)
شاعیر، قەیرێ وەستا، ئینجا گوتی:
(مادام ئەو بێدەنگ بوو، تۆ دەرفەت بەفیڕۆ مەدە،
قسە بکە و ئەگەر دەتەوێ پرسیاری لێ بکە.) (٨١)
منیش گوتم: (تۆ خۆت پرسیاری تری لێ بکە.)
لەبارەی هەرچییەکی پێت وایە من حەز دەکەم بیزانم
من ئەوەندە سکم پێ دەسووتێ، ناتوانم هیچ پرسیاری لێ بکەم.) (٨٤)

ئەویش دووبارە تێهەڵچووەوە: (ئەی ڕۆحی بەندکراو
هیوادارم چی داوا دەکەی، بە دڵی خۆت بێ.
ئەگەر پێت خۆشە (٨٧)
پێمان بڵێ: ڕۆح چۆن دەچێتە ناو ئەم قەدە گرێچنانە،
ئەگەر دەتوانی پێشمان بڵێ:
ئاخۆ قەت ڕۆحی لەم بەندەدا هاتووەتە دەرێ؟) (٩٠)
قەدی درەختەکە هەناسەیەکی توندی دا و
(با)کە بوو بە دەنگ و گوتی:
(بە کورتی وەڵامتان دەدەمەوە! (٩٣)
ڕۆحی تاوانبار کە لە تەن جیا دەبێتەوە،
ئەو تەنەی خۆی، خۆی لێ ڕاپسکاندووە.
(مینۆس)[٢٠] ڕەوانەی ئەڵقەی حەفتەمی دەکا (٩٦)
ئەو ڕۆحە دەکەوێتە ناو شوێنێکی لێڕ،[٢١]
بێ خواستی خۆی، کەوتە هەر کوێ،
وەک دەنکە گەنم ڕەگ دادەکوتێ و چووزەرە دەردەکا. (٩٩)
پنج و قەد دەکا و دەبێ بە ڕووەکێکی کێوی
(ئارپی)یەکان لەسەر گەڵاکانی دەلەوەڕێن.
ئازاری دەدەن و دەریچەی ئازاری لێ دەکەنەوە.[٢٢] (١٠٢)
وەکو ئەوانی تر دەکەوینە شوێن جەستەی خۆمانەوە[٢٣]
بەڵام کەس ناچێتەوە ناو جەستەی خۆی.
ڕەوا نییە، شتی فڕێدراو وەربگیرێتەوە.[٢٤] (١٠٥)
جەستەکانمان ڕادەکێشین بۆ ئێرە و
لێرە هەریەک، لەناو لێڕی ماتەمبار
بە درەختی ڕۆحی خۆیەوە هەڵدەواسرێ.)[٢٥] (١٠٨)
بە وردی گوێمان لە درەختەکە گرت.
وامان دەزانی شتی ترمان پێ دەڵێ
لەپڕ، گرمەیەکی گەورە ڕاپچڵەکاندین. (١١١)
وەکو چۆن بەرازێکی کێوی ڕاوکەری بەدواوە بێ و

به پرتاوی نزیک بکەوێتەوە و
دەنگی قرچەی شکانی لکەدار و دەنگی دڕندان بێ. (١١٤)
ئەوەتا دوو کەس لە لای دەستەچەپمانەوە
ڕووت و لەش ڕووشاو، ئەوەندە خێرا ڕادەکەن
چڵ و گەڵای چڕی لێڕ لەگەڵ خۆیان دەشکێنن. (١١٧)
ئەوەی پێشەوە گوتی :(ئەی مەرگ، ڕاکە، وەرە!)
ئەوەی دواوە وای دەزانی زۆر هێدی دەڕوا
هاواری دەکرد: ( (لانۆ)[٢٦]، تۆ ئەوەندە بەبەز نەبووی (١٢٠)
لە کاتی جەنگی (تۆپپۆ)دا[٢٧])
لەبەر ئەوەی هەناسەی بڕابوو،
خۆی لەگەڵ درەختێک لێکدا و بوون بە یەک. (١٢٣)
دوای ئەوان، لێڕ پڕ بوو
لە دێڵەسەگی ڕەشی[٢٨] برسی، کە وەک
تاژیی بەبەز لە ڕستە بەربێ، ڕایان دەکرد. (١٢٦
یەکێ لەسەر زەوی هەڵتووتا بوو، پەلاماریان دا،
قەپیان لێ گیرکرد و پارچەپارچەیان کرد.
پەلوپۆی جەفاکێشیان برد و ڕۆیشتن (١٢٩)
هاوڕێکەم دەستی گرتم و
بردمیە لای ئەو درەختەی
لە سوێی ئەو برینانەی بێهوودە خوێنیان لێ دەهات، دەگریا. (١٣٢)
گوتی: (ئەی (یاکۆپۆ)ی (سانتۆ ئاندرییا)[٢٩]
چ کەلکی تۆ دەدا پەنا بۆ من بێنی،
چ سووچێکی منە تۆ گوناهباری؟) (١٣٥)
مامۆستام چوو لە بەردەمی وەستا و گوتی:
(تۆ کێی؟ کە لە ڕێی ئەم هەموو لقە شکاوانە
بە خوێنی خۆت ئەم قسە جەرگبڕانە دەکەی؟ (١٣٨)
ئەویش[٣٠] پێی گوتین: (ئەی ئەو دوو ڕۆحەی، هاتوون
ئەم ئەشکەنجە دڕندە و ناشایستانە ببینن،

که منی ئاوها له گەلاکانم ڕووت کردووەتەوە، (١٤١)
گەلاکان لەژێر ئەم درەختە کلۆلە گردکەنەوە.
من خەڵکی ئەو شارەم کە ئاوەمۆرکەری[٣١]
بە سەروەری یەکەمی خۆی گۆڕییەوە، (١٤٤)
که بە هونەری خۆی هەمیشە شار شەقی دەکا.
ئەگەر سەبارەت بە پاشماوەی بەرهەمی ئەو نەبوایە
که ئێستایش لەسەر پردی (ئارنۆ)[٣٢] ماوە، (١٤٧)
هاوولاتیان، پاشان لەسەر ئەو خۆڵەمێشەی
(ئاتتیلا)[٣٣] جێی هێشتبوو، دووبارە دروستیان کردەوە،
هەوڵەکەیان بە فیرۆ دەچوو. (١٥٠)
من خانووی خۆم، بۆخۆم کرد بە سێدارە.[٣٤] (١٥١)

## پەراوێزەکانی سرودی سێزدەم

١. ئەم سروودە، سرودی خۆکوژانە، یان سروودی پێرۆ دێلا ڤینیایە.

٢. سێو مەبەست هەر میوەیەکە. خوازەیە پەیوەندیی تایبەتییە.

٣. ئەوە ئاماژەیە بۆ هەندێ ناوچەی ئیتالیا لە هەرێمی (ماریما)ی توسکانا.

٤. چیچینا Cecina: شارێکە لە باکووری ئیتالیا.

٥. کۆرنێتۆ Corneto: شارێکی بچووکە لە هەرێمی توسکانا. لێڕی چڕوپڕ دڕندەی تێدایە، شوێنێکی بە مەلاریایە. کە دەڵێ: لە بەینی چیچینا و کورنێتۆ، مەبەستی ئەو ناوچەیەیە لە هەرێمی (ماریما) کە دەکەوێتە هەرێمی توسکانا. لە باکوورەوە، لە چیچینا دەست پێدەکا و لە باشوورەوە لای ڕووباری ماریما کۆتایی دێ. ناوچەیەکی چەقێن و تەمتەمان و بە مەلاریایە.

٦. ئارپیا Arpia: (هارپی)یەکان لە ئەفسانەی یۆنانیدا، لەشیان باڵندە و سەریان ئافرەت بوو، پاشان وشەکە بۆ سێ شەیتان بەکار دەهات کە پێشتر باسیان کراوە و ئەرکی سەرەکییان ئەوە بوو بە فەرمانی خودا ڕۆحی خەڵکیان لە لەش جوودادەکردەوە و دەیانبرد. وردەوردە ئەرکیان گۆڕاوبوو بە گەنیکردنی هەر شتێ کە لەشیان بەر بکەوێ. لە ئەنیادەی ڤێرجیلیۆدا هاتووە: ئەنیۆس و هاوڕێکانی، کە لە تەڕوادە ڕۆیشتن، گەیشتنە دوورگەی ستڕۆفادی (ستڕۆفادیس)، کە لانەی ئەم پەڕندانە بوو، ئەو هارپییانە پەلاماری سفرەی خواردنیان دا و هەموو خواردنەکەیان پیس کرد. ئەنیۆس و هاوڕێکانی بە تووڕەیی هەڵیانبڕین، بەڵام سوودی نەبوو. لەو کاتەدایەکی لە باڵندەکان (چیلانیۆ) خەبەری پێدان کە بەم زوانە تووشی خەلا و گرانییەکی سەخت دەبن. ئەمە ئەو پێشبینییە شوومەیە کە دانتی باسی دەکا.

٧. ستڕۆفادی Strophade (ستڕۆفادیس): ئەو دوورگەیە بوو کە لانەی هارپییەکان بوو.

٨. زیخمەلانی داغ: سێیەم بەشی ئەڵقەی حەفتەمینە.

٩. وابزانم ئەو وای دەزانی من دەزانم. لە ئیتالییەکەدا بەم جۆرەیە:

Chei credette ch" io credesse. Credi" o

١٠. واتە ئەگەر چڵێک ببڕێ، ئەو بیرانەی لەبارەی ئەو دەنگانەوە بۆی هاتوون، هەموو دەپچڕێن.

١١. ئەمە ڕۆحی پیرۆ دێلا ڤینیایە Pier Della Vigna 1190-1249: لە (کاپوا) لەدایک بووە. یاسای لە بۆلۆنیا خوێندووە. بە خزمەت ئیمپراتۆر فریدریکی دووەم گەیشتووە. چەند پایەیەکی دیوە. نامەی بە لاتینی و شیعری بە زاری

ڕەشۆکیی خەڵک نووسیوە. لای فریدریکی گرت دژی پاپا. پاش ماوەیەک فریدریک متمانەی پێ نەما. هەندێ دەڵێن هۆی ئەو بێمتمانەییە ئەوە بوو کە پیرۆ مەیلی پاپای دەکرد، هەندێکیش دەڵێن هۆی ئەوە بوو حەزی لە قراڵیچە دەکرد. ئاخری فریدریک گرتی و چاوی دەرهێنا، ئەویش لە بەندیخانەی پیزادا خۆی کوشت.

١٢. باباتاهیری هەمەدانی پێش دانتی ئەم وێنەیەی بەکارهێناوە:

دڵم ئەز دەستی خوبان گریج و ویجە

موژە بەهەم زەنەم خونا بەریجە

دڵی عاشق میسالی چوبی تەڕبی

سەرێ سوچە سەرێ خونا بەریجە

مەبەستی لقەداری تەڕە کە دەیخەنە ناو ئاگر، سەرێکی دەسووتێ و سەرێکی ئاوی لێ دێ.

١٣. ڤیرجیلیۆ لە سەرەتای بەشی (٣)ی ئەنیادەدا دەگێڕێتەوە کاتێ ئەنیۆس بۆ تەڕوادە چوو، نەمامێکی شکاند بۆ ئەوەی پەرستگەیەک بە چڵ و گەڵاکانی برازێنێتەوە، بەڵام هەر واقی وڕما کە دیتی خوێنێکی ڕەش لە جێگەی شکانی چڵەکان فیچقەی کرد. ئەوەی دووبارە و سێبارە کردەوە. جاری سێیەم گوێی لە (پۆلیدۆرۆس)ی کوڕی کوژراوی (پریام)ی پاشای تەڕوادە بوو، کە برادەرێکی نزیکی خۆی بوو، گازاندەی لێ کرد بۆچی ئەندامەکانی لەشی دەشکێنێ.

١٤. کلیل: واتە کلیلی بەهەشت و کلیلدار، واتە پاپا کە بە نوێنەرایەتیی عیسا، کلیلداری بەهەشتە لەسەر ڕووی زەوی. مەبەستی ئەوەیە بڵێ: پاپا چۆنە بەرامبەر بە خودا، منیش ئاوهام بەرامبەر بە فریدریک.

١٥. فریدریکی دووەم کە فەرمانڕەوای ناپولی و سەقلیە بوو.

١٦. واتە: پیر دێللا ڤینیا بە جۆرێ دڵی لە فریدریک سەندبوو، فریدریک بەبێ پرس و ڕاوێژی ئەو هیچی وەرنەدەگرت و هیچ ڕەت نەدەکردەوە.

١٧. قراڵ: مەبەست فریدریکی دووەمە کە بە ڕەسمی نازناوی قراڵی پیرۆزی جەرمانی هەبوو.

١٨. واتە: وای کرد من خۆم بکوژم، چونکە بڕوای وا بوو خۆکوشتن شوورەییە. دەڵێن خۆکوشتنەکەی بەو جۆرە بوو کە لە بەندیخانەدا، سەری خۆی لە دیوار دا و مرد.

١٩. ڕەگی تازە: مەبەست ئەوەیە ماوەیەکی زۆر نییە چەکەرەی کردووە، چونکە لەو مێژووەدا تەنیا پەنجاویەک ساڵ بەسەر مەرگی پیر دێللا ڤینیادا تێپەڕی بوو.

هەروەکو دەشێ (ڕەگی تازە) بەوە لێک بدرێتەوە ئەم ڕەگانە شتی تازەن و لە لێرەکانی دی شتی وا ناکەوێتە بەرچاو.

٢٠. مینۆس: پاسەوان و دادوەری دۆزەخە. پێشتر باسکراوە.

٢١. واتە: لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆحە لەسەر دونیادا خۆی کوشتووە و سەرپێچیی لە ئیشی خوا کردووە و بێپاسایی کردووە، لێرە بەوە سزا دەدرێ کە هیچ پاسایەک پارێزگاریی لێ ناکا و چارەنووسی کەوتووەتە دەست ڕێکەوت.

٢٢. واتە: ڕۆحەکە لە ڕێی ئەو برینەوە کە ئازاری پێ دەگەیەنێ، دەم دەکاتەوە و هاوار دەکا. هاوارەکە لە برینەکەوە دێ. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خۆکوشتن هەم ئازاری تێدایە و هەم ڕێگەیەکە بۆ کۆتاییهێنان بە ئازار.

٢٣. واتە ڕۆژی پەسڵان وەکو تاوانبارەکانی دی دەچنە دۆڵی (یۆسافات- سارای مەحشەر) و بەدوای جەستەی خۆیاندا دەگەڕێن.

٢٤. واتە ئەو شتەی مرۆڤ نەتوانێ بیبەخشێ، نابێ لەناوی بەرێ. دەبێ هەڵیبگرێ و بیپارێزێ تا ئەو کاتەی ئەوەی پێی دابوو داوای دەکاتەوە، واتە تا خوا خۆی داوای دەکاتەوە و ئەگەر مرۆڤ بە ئەنقەس لەناوی ببا نابێ جارێکی تر پێی بدرێتەوە.

٢٥. واتە: ڕۆژی پەسڵان، هەموو ڕۆحەکان دەچنەوە ناو لاشەی خۆیان، تەنیا ڕۆحی خۆکوژەکان نەبێ، لاشەکانیان بێڕۆح دەمێنێتەوە و بە لقی درەختەکانی ئەو جەنگەڵەوە هەڵدەواسرێن.

ڕۆحی دوژمن: ئەو ڕۆحەی دوژمنی جەستەی خۆی بووە و خۆی کوشتووە.

٢٦. لانۆ Lano (لانۆ داسیێنا): زۆر دەستبڵاو بوو، ماڵی خۆی و خەڵکی بە با دەدا. ساڵی ١٢٨٨ لە شەڕی تۆپپۆ (Toppo)ی نێوان سەربازەکانی سیێنا و سەربازەکانی ئارێزۆ، کوژرا.

هەندێ ئەم دێرە شیعرە وا لێکدەدەنەوە: ئەی بۆچی لە شەرگەی تۆپپۆ ڕات نەکرد؟ کەچی هەندێکی تر بە پێچەوانەوە ڕایان وایە لە شەڕگە هەڵاتووە، بەڵام یەکەمیان لە ڕاستییەوە نزیکترە.

٢٧. تۆپپۆ دەکەوێتە نزیک ئاوێتزۆ.

٢٨. دێڵەسەگی ڕەش: ئاماژەیە بۆ خاوەن قەرز کە هەمیشە بەدوای قەرزاران ڕادەکا، یان لەبەر ئەوەی لە دونیادا وەکو سەگ بەدوای قەرزاران ڕای کردووە، لێرە سەگی ڕەش ڕاوی دەنێ. ئەم سەگانە بۆ قەرزارەکان وەکو هارپییەکانن بۆ خۆکوژەکان.

٢٩. مەبەست جاکامۆیە. جاکامۆ دا سانت ئاندرییا Giacomo da sant' Andrea: هاوولاتییەکی خەڵکی (پادوا) بوو، بە دەستبلاوی ماڵی خۆی و ماڵی خەڵک بەناوبانگ بوو. یەکێ بوو لە پیاوەکانی فریدریکی دووەم. دەڵێن: جارێکیان کۆمەڵە میوانێکی گەورەی شار، لە خانووە لادێیەکەی بوون بە میوانی، شەو فەرمانی دا ئاگر لە کووخ و کەوڵی هەموو وەرزێر و کرێکارەکان بەربدەن بۆ ئەوەی شەوەکە بۆ میوانەکان رووناک بکاتەوە. ساڵی ١٢٣٩ بە دەستی ئاتزیلینۆ دا رۆمانۆ کوژرا. دانتی ئەم دەستبلاوانەی (لانۆ و جاکامۆ) لەگەڵ خۆکوژەکان داناوە، چونکە لەوە بە یەک دەچن کە هەردوولایان زیان بە خۆیان دەگەیەنن. هەرچەندە لە شوێنێکی تردا دەستبلاوەکان بە جۆرێکی تر ئەشکەنجە دەدا.

٣٠. ئەم رۆحە بە وردی دیاری نەکراوە داخۆ کێیە بە گوناهی خۆکوشتن کەوتووەتە ئێرە، بەلای زۆربەی تۆژەرەوەکانەوە ئەمە دادوەرێکی ناسراوە بە ناوی (لۆتتۆ دیلیی ئالیی: Lotto Degli Agli)، کە دادوەری فلۆرەنسا بوو و لەبەر ئەوەی یەک جار حوکمێکی هەڵەی دەرکرد، خۆی کوشت. دیارە ئەم خۆکوژە لەمێژ نییە مردووە، چونکە وەکو پیرۆ دیڵلا ڤینا (لە ساڵی ١٢٤٩دا مردبوو)، نەبووە بە درەختێکی زل، بەڵکو هێشتا هەر دەوەنە.

٣١. ئاماژەیە بۆ شاری فلۆرەنسا، چونکە لە سەردەمی وەسەنیدا، مارسی خودانی شەڕ، سەرپەشتیاری شاری فلۆرەنسا بوو. شارەکانی ئەورووپا، بە گشتی هەر یەکە پارێزەر و سەرپەرشتیکەرێکی رۆحیی خۆی هەبوو. پێش مەسیحییەت، مارس سەرپەرشتیاری شاری فلۆرەنسا بوو، بەڵام دوای چەسپانی ئایینی مەسیحی، شاری فلۆرەنسا خۆی خستە ژێر باڵ و پارێزگاریی یوحەننای ئاوەمۆرکار. یوحەننا جیۆڤانی باتیستا ئەو پێشەوایە بوو کە خەڵکی لە رووباری (ئارن) ئاوەمۆر کردو پێی راگەیاندن مەسیح بەم زووانە دەردەکەوێ. یوحەننا پێغەمبەری سابیئەکانە کە لەناو زێیان (میزۆپۆتامیا) و باشووری ئێران دەژین.

٣٢. ئەمە ئاماژەیە بۆ پەیکەری مارسی خودان لە فلۆرەنسا، ئەم پەیکەرە لە زەمانی رۆمانەکانەوە لەسەر پردەکە بوو. دەڵێن: کە خەڵکی فلۆرەنسا بوون بە مەسیحی، پەیکەرەکەی مارسیان، لە نزیک رووباری ئارنۆ، لەسەر قونگرەیەک دانا. کە (هون)ەکان پەلاماری فلۆرەنسایان دا، پەیکەرەکەیان فڕێ دایە ناو رووباری ئارنۆ. لە سەردەمی شارلەماندا، پەیکەرەکەیان لەناو رووبارەکە دەرهێنا و لە سەرەتای پردە کۆنەکە چەقاندیان، چونکە غەیبگۆیان گوتبوویان: تا پەیکەری مارس لە شوێنی خۆی نەچەقێنرێتەوە، فلۆرەنسا ئاوەدان نابێتەوە. پەیکەرەکە تا ساڵی ١٣٣٣ لەوێ مایەوە، ئەوسا ئەگەر بە لافاو بوو، ئەگەر لە ئەنجامی شەڕی ناوەخۆی فلۆرەنسا

بوو، شکا و تەنیا پارچە بەردێکی لێ مایەوە. ئەمە کوژرانی حاجی لەقلەقە مێژووییەکەی سەر منارەی شێخەڵلای هەولێرمان بیر دەخاتەوە. کە ساڵەهای ساڵ بوو بە ئاسوودەیی دەهات و لەسەر ئەو منارەیە هێلانەی نوێ دەکردەوە و هێلکەی دەکرد و بێچووی تازەی پێدەگەیاند، کەچی ڕۆژێکیان وەکو ئەو حەفت هەزار گەنجەی خوێنیان لە شەڕی نگریس و نەفرەتلێکراو و دروستکراوی ناوخۆدا ڕژا، ئەویش بوو بە قوربانیی ئەو بارە نالەبارە و بە گوللەی چەکهەڵگرێکی ئەو شەڕە پیسە ساردکرایەوە و لەوساوە (تا ئێستایش ٢٠١٤) ئەو هێلانە بێنازە هەموو ساڵێ چاوەڕێی هاتنەوەی خاوەنەکەی دەکات و دیار نییە، وەکو چۆن دایک و خوشک و ماڵی گەنجە کوژراوەکان چاوەڕێی کوڕەکانیان دەکەن و دیار نین. تف لە خوێنڕێژ و دڕندە و کورسیپەرست و پارەپەرستان، تف!

٣٣. دیارە دانتی (ئاتتیلا)ی سەرکردە و پاشای ناسراوی (هون)ەکانی بە تۆتیلا Totila وەرگرتووە کە سەرکردەی (سترۆگت)ەکان بوو.

ئەمانە هۆزێکی ئاری بوون لە ئەسکەندیناڤیاوە شۆڕبوونەوە بۆ قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیا. شاری ڕۆما بەدەستی (تۆتیلا) ویران بوو، نەک (ئاتتیلا). بیروباوەڕی ئەفسانەیی ناو خەڵکەکە وا بوو گوایە لەبەر ئەوەی خەڵکی فلۆرەنسا مارسیان لە سەرپەرشتیکردنی شار لادا، مارس بەوە تۆڵەی لێ کردنەوە بۆ هەتاهەتایە تووشی شەڕی ناوەخۆ و دەرەوەی کردن و ئەم نەهامەتی و کاولکارییەی بەسەرهێنان.

٣٤. واتە: لە ماڵی خۆم، خۆمم بە دارەوە هەڵواسی. دانتی لێرەدا ئاماژە بۆ ناکۆکیی ناوەوەی پارت و دەستەوتاقمە سیاسییەکانی فلۆرەنسای نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەم دەکا.

***

# سروودی چواردەم[1]

## ئەڵقەی حەفتەمی دۆزەخ

## دەستدرێژیکەران

## ناوچەی سێیەم

## دەستدرێژیکەران بۆ سەر خودا

## دەستەی یەکەم کفرکەران

لە سروودی پێشوودا، دانتی لەژێر کاریگەریی قسەی کابرای فلۆرەنسیی نەناسراودا خۆشەویستیی نیشتمانەکەی وای لێ کرد گەڵا پەرت و بڵاوەکان بۆ ڕۆحەکە کۆ بکاتەوە. دوو شاعیرەکە گەیشتنە بازنەی سێیەمی ئەڵقەی حەفتەم. دەشتێکی قومەری وەکو دەشتی قومەری لیبیا وا بوو. ئەو دەشتە قومەرییە دەوراندەوری لێڕی خۆکوژانی دابوو. دانتی زۆر کۆمەڵە جەفاکێشی بینی. بە کڵۆڵی دەگریان و بەپێی گوناهی توندوتیژیان بەرامبەر خودا و هونەر و سروشت شێوەی جیاجیایان لەسەر قومەکە وەرگرتبوو و لە پەستا گڕ و بڵێسەیان لە ئاسماندا بە سەردا دەباری. دانتی کاپانیۆی بینی کە لەسەر زەوی و لەناو دۆزەخیش سووکایەتیی بە خودانەکان دەکرد. ڤیرجیلیۆ تێی ڕاخوڕی و گوناهەکانی بە چاویدا دایەوە.

دوو شاعیرەکە بە باریکەڕێیەکدا ڕۆیشتن، کەوتبووە نێوان دەشتی قومەری و لێڕی خۆکوژان. ڕووبارێکی سووریان بینی. ڕووباری فلیجیتونتی بوو. ڤیرجیلیۆ باسی سەرچاوەی ڕووبارەکانی دۆزەخی بۆ دانتی کرد. هەروەکو ئاماژەی بۆ ڕووباری لیتی کرد لە بەرزەکدا.

ئینجا دوو شاعیرەکە بە باریکەڕێیەکی نێوان ڕووبارەکە و قومی گڕگرتوودا ڕۆیشتن.



خۆشەویستیی زێدەکەم  وررووژاندمی.[2]
گەڵای پەرت و بڵاوم کۆکردەوە و[3]
دامێ. کە بێدەنگ بووبوو. (٣)
گەیشتینە ئەو سنوورەی
ئەڵقەی دووەم و ئەڵقەی سێیەم لێک جیادەبنەوە[4]
سزا و دادپەروەریی تێدا ترسناک بوو. (٦)
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شتە سەیرانە
دەڵێم: گەیشتینە سەر زەوییەکی قاقڕ
هیچ جۆرە ڕووەکێکی  تێدا نەبوو. (٩)
لێڕی مەینەتبار، وەک تاج، گرتبوویە ناوەخۆی
خەندەکێکی خەمناک لێڕەکەی گرتبووە باوەش.[5]
زۆر لە نزیک لێوارەکە ڕاوەستاین. (١٢)
زەوییەکە قومێکی وشک و ئەستوور بوو
تەواو لەو قومەی دەکرد
کە کاتی خۆی (کاتۆن)[6] پێی لەسەر دانابوو. (١٥)
ئەی تۆڵەی یەزدانی، داخۆ چ ترسێک
دەخەیتە دڵی ئەو کەسانەی
دیمەنی بەرچاوم دروست دەکەن. (١٨)
چەندین ڕەوە ڕۆحی ڕووتم بینی.[7]
لەژێر یاسای جیاجیادا
بە کوڵ و کۆڤان دەگریان. (٢١)
هەندێ لەسەر پشت، لەسەر زەوی ڕاکشابوون[8]
چەندێ دانیشتبوون و خۆیان گرمۆڵە کردبوو،
برێ بەردەوام لە ڕۆیشتندا بوون[9] (٢٤)
جەفاکێشی چەرخەدەر لە هەموویان زیاتر بوون.[10]

ئەشکەنجەکێشی ڕاکشاو ژمارەیان کەمتر بوو،
لەبەر ئازار بە دەنگێکی بەرزتر هاواریان دەکرد.[11] (۲۷)
پەنگرە ئاگری گەورە، بە ئارامی
بەسەر ئەو قومەدا دەباری[12]
وەک کڵۆی بەفر کە بێ (با)، بەسەر (ئەلپ)دا[13] دەبارێ. (۳۰)
چۆن (ئەسکەندەر)، لە گەرمەسێری هینددا[14]
پشکۆی ئاگری دی بەسەر سەربازەکانیدا دەهاتە خوارێ و
تا دەگەیشتە سەر زەوی هەر دەگڕگرا. (۳۳)
ئەوەبوو فەرمانی بە سەربازەکانی کرد
توند پێ لە زەوی بکوتن بۆ ئەوەی
پشکۆکان پەرت بن و زووتر دابمرێنەوە. (۳٦)
ئەم گڕە جاویدانەش، ئاوها دەهاتە خوارێ
وەک قاوەی بەینی ئەستێ و بەردەستێ
قومەکەی دەسووتاند و ئێش و ئازاری زیاد دەکردن (۳۹)
هەموویان، بەبێ وەستان،
دەستیان دەجووڵاندەوە
بۆ ئەوەی گڕی تازە لە خۆیان دوور بخەنەوە. (٤۲)
گوتم: (مامۆستا، تۆ، کە بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵ دەبی
تەنیا ئەو شەیتانە سەرسەختانە نەبێ
کە لەسەر کۆسپەی دەرگا لێمان هاتنە دەرێ. (٤٥)
پێم بڵێ: ئەم لەندەهۆرە کێیە هیچ گوێ بە ئاگر نادا،
بە سەرکێشی و بێباکی ڕاکشاوە
دەڵێی ئەو ئاگربارانە هیچ ئازاری پێ ناگەیەنێ.) (٤۸)
لەندەهۆرەکە[15] کە زانیی
باسی ئەو لە ڕابەرەکەم دەپرسم،

هاواری کرد: (من بە زیندوویی وا بووم و بە مردوووییش هەروام.(٥١)
کە (جیۆڤێ)[١٦] چەخماخەیەکی لە کاپانێۆ[١٧] گرت،
نەکەوت و بە پێوە مرد.
لە دوامینی ڕۆژی ژیانمدا، بەسەر سەری منی دارِشت. (٥٤)
ئەوانەی تریشی یەک یەک بێزار کرد
لە کوورەی ڕەشی چیای (مۆنجیبێللۆ)،[١٨] هاواری کرد:
(هاوارە، هاوارە! (ڤولکانۆ)ی[١٩] خاس، هاوارە!) ٥٧
لە شەڕی (فلێگرا)[٢٠]
تا هێزی تێدابوو تیرەبارانی کردم.
نەیتوانی تامی تۆڵەسەندنەوە بچێژێ. (٦٠)
ئەوسا ڕابەرەکەم زۆر بە توندی قسەی کرد[٢١]
قەت بەو جۆرە نەمدیبوو:
(ئەی (کاپانیو)، لەبەر ئەوەی بەفیز و لووتبەرزیت و (٦٣)
دانامرکێیتەوە، تا دێ سزات زیاد دەبێ
جگە لە ڕقی خۆت، هیچ ئەشکەنجەیەک،
ناگاتە ئەم سەرسەختییەت.) (٦٦)
ئینجا بە ناسکی ئاوڕی لە من دایەوە و گوتی:
(ئەمە یەکێ بوو لەو حەفت پاشایەی
(تیبی)یان ئابلووقەدا.[٢٢] (٦٩)
ئەوسا و ئێستایش سووکایەتی بە خوا دەکا
ئەو ڕقەی، وەک بە خۆیم گوت
خشڵێکە هەر لە بەرۆکی خۆی دێ. (٧٢)
نووکە، شوێنم بکەوە! وریای خۆت بە!
پێ لەناو قومی گڕگرتوودا دامەنێ!
هەمیشە هەنگاو بۆ لای جەنگەڵ هەڵێنە. (٧٥)

بە کپ و بێدەنگی گەیشتینە شوێنێ
جۆگەیەکی[٢٣] بچووک لەناو جەنگەڵ هەڵدەقولا،
ئەوەندە سوور بوو، ئێستایش موچڕکم پێدا دێ (٧٨)
وەک ئەو جۆگەیەی لە (بولیکامی)[٢٤] هەڵدەقوڵێ و
سۆزانییەکان لە بەینی خۆیاندا دابەشی دەکەن،
ئاوها، شۆڕدەبووەوە ناو دەشتی قومەری. (٨١)
خوڕی جۆگاکە و هەردوو لێوار و
کەنارەکانیشی بەرد بوون.
زانیم ئێرە بڕوبوارە.[٢٥] (٨٤)
(لەوەتی لەو دەروازەیە[٢٦] ئاودیو بووین
کە بە ڕووی هیچ کەس داناخرێ،
لەو هەموو شتگەلەی نیشانم دای، (٨٧)
هەرگیز چاوت
بە شتێکی وەک ئەم جۆگەیە نەکەوتووە
کە هەموو گڕ و بڵێسەیەکی تێدا دەکوژێتەوە.) (٩٠)
ڕابەرەکەم وای پێ گوتم و منیش
تکام لێکرد ئەو خۆراکەم دەرخوارد بدا
کە ئیشتیای بۆ کردمەوە.[٢٧] (٩٣)
گوتی: (وڵاتێکی وێران لە ناوەڕاستی دەریادا[٢٨] هەیە
پێی دەڵێن (کریتا).[٢٩]
دونیا، بە ئارامی لە ژێر حوکمی پاشاکەیدا دەژیا. (٩٦)
چیایەکی تێدایە بە ناوی (ئیدا)[٣٠]
جاران، هەمووی ئاو و سەوزاتی بوو،
ئێستا وەکو بیابان، بێ ئاو و سەوزاتییە! (٩٩)
ئەوە بوو، (ڕێیا)[٣١] کردی بە ماتک بۆ کوڕەکەی.

بۆ ئەوەش کە کوڕەکەی باش بشاریتەوە،
کە کوڕەکەی دەگریا، هەموو دەیانکرد بە هەراوزەنا. (۱۰۲)
پیرەمێردێکی زەبەللاح،[٣٢] لەسەر ئەو چیایە وەستاوە
پشتی کردووەتە (دامیاتا)[٣٣] و
وەکو ئاوێنە، تەماشای (ڕۆما) دەکا. (۱۰۵)
سەری لە زێڕێکی خوڕ داڕژاوە
سینگ و باسکەکانی زیوی سافن
تا ناو گەلانی تووجە. (۱۰۸)
لەوێوە تا خواریێ ئاسنی جۆشدراوە
تەنیا پێی ڕاستەی نەبێ سواڵەتە و
قورسایی خۆی زیاتر دەخاتە سەر ئەمەیان تا ئەوەی تر. (۱۱۱)
زێڕەکە نەبێ، پارچەکانی دی هەموو شەقیان بردووە
فرمێسکیان لێ دێ. فرمێسکەکان یەکیان گرتووە و
ئەم ئەشکەفتەیان کون کردووە. (۱۱٤)
ئاوەکەی بەرداوبەرد قەڵبەزە دەکا و شۆڕ دەبێتەوە ناو دۆڵ،
ڕووباری (ئاکیرۆنتی)[٣٤] و (ستیجی)[٣٥] و (فلیجیتۆنتا)[٣٦] پێک دێنێ.
بە جۆگەیەکی باریکدا دەچێتە خوارێ. ۱۱۷
تا دەگاتە شوێنێکی تەخت و چیدی ژێردا ناچێ
لەوێ (چۆچیتو)[٣٧] پێک دێنێ! ئای چتۆ زۆنگاوە!
پاشان خۆت دەیبینی. چیدی باسی ناکەین! (۱۲۰)
پێم گوت: (ئەگەر ئەم جۆگەیە
ئاوها لە دونیای ئێمەدا هەڵدەقوڵێ،
بۆچی تەنیا لەم لێرەدا دەردەکەوێ؟ (۱۲۳)
پێی گوتم: (تۆ خۆت دەزانی ئەم شوێنە خڕە و
هەرچەندە تۆ ڕێگەیەکی دوورت بڕیوە و

لە چوونە خوارەوەدا، هەمیشە لای چەپت گرتووە، (١٢٦)

هێشتا چێوەی ئەڵقەکەت تەواو نەبڕیوە.

ئەگەر شتێکی نوێمان لێ دەرکەوێ،

نابێ لە سەرسامییان، چاو زەق بکەیتەوە.) (١٢٩)

دیسان گوتم: (مامۆستا، ئەدی

(فلیجیتۆنتا) و (لیتێ)[38] لە کوێن؟ باسی یەکێکیان ناکەیت و

دەرهەق بەوەی تریش دەڵێی: لەم بارانە دروست دەبێ؟) (١٣٢)

وەڵامی دایەوە: (بەم پرسیارانە دڵم خۆش دەکەی،

بەڵام جۆشانی ئاوی سوور

وەڵامی یەکێکە لە دوو پرسیارەکانت. (١٣٥)

تۆ (لیتێ) دەبینی، لە دەورەی ئەم خەندەکەدا،

کە ڕۆحەکان گوناهیان بە تۆبە دەسڕێتەوە،

دەچن خۆیان لەوێ دەشۆن.) (١٣٨)

ئەوسا گوتی: (ئێستا کاتی ئەوە هاتووە

لەم لێڕەوارە دوور بکەوینەوە.

وەرە دووم، ڕێگەمان ئەو کەنارانەیە کە نەسووتاون و (١٤١)

بڵیسەکانیان لەسەر دەکوژێتەوە). (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سرووودی چواردەم

١. ئەم سرووودە، سرووودی ئەو کەسانەیە کە جوێنیان بە خودا داوە، یان سرووودی (کاپانۆ)یە.

٢. ڕۆحی ئەو دۆزەخییەی ئێرە، ڕۆحی فلۆرەنسایییەک بووە.

٣. ئەمە گەڕانەوەیە بۆ سرووودی پێشوو کاتێ سەگەکان ئەو دار و درەختە وشکانەیان و نجڕونجڕ کرد کە یاکومودا سانتۆ ئاندریا خۆی لە پەنا نابوو.

٤. واتە: بە گشتی، نە لەناو لێڕ بووین و نە لەناو زیخمەڵان.

٥. چۆن جەنگەڵ دەوری ئەو دەشتە زیخمەڵانە ڕووتەی داوە، گۆلی خوێنیش ئاوها دەوری جەنگەڵی خۆکوژانی داوە.

٦. مارکوس پۆرچیوس کاتۆ Marcus porcius cato 95-46 پ.ز: سیاسییەکی ڕۆمانی و لایەنگری کۆمار و قوتابییەکی قوتابخانەی ڕواقی بوو. دژی قراڵ و پۆمپی، هەردووکیان بوو، بەڵام کە قراڵ و پۆمپی کەوتنە شەڕ، کاتۆ بووە لای پۆمپی. ساڵی ٤٧پ.ز، دوای شەڕی (فارسالیا) و سەرکەوتنی قراڵ و شکانی پۆمپی، ڕایکرد بۆ ئەفریقیا و دوای بڕینی ڕێگەیەکی سەخت و ناخۆش لەناو قوم و زیخی بیابانی لیبیا گەیشتەوە لەشکری پۆمپی و ڕۆیشت تا وڵاتی نومیدیا (مەراکش) کە ئەوسا لەژێر دەسەڵاتی (یوبا)دا بوو. قراڵ ئەم لەشکرەیشی بەزاند، بەڵام کاتۆ ڕازی نەبوو بچێتە پاڵ قراڵ، ئەوە بوو خۆی کوشت. دانتی کردوویەتی بە پاسەوانی ڕێگەی چوونە سەرچیای بەرزەک.

دانتی، زیخ و قومی داغی ئەم بەشەی دۆزەخ بە زیخ و قومی گەرم و ناخۆشی باکووری ئەفریقیا دەچوێنێ.

٧. ڕۆحەکان هەموویان ڕووتوقووتن بۆ ئەوەی گوناهەکانیان وەکو خۆی دەربکەوێ. ئەمە پێشەکییەکی باش بوو بۆ هونەر و نیگارکێشانی سەردەمی ژیانەوە کە بایەخیان بە لەشی مرۆڤ و زانستی توێکاری دەدا بۆ ئەوەی بتوانن بە وردی لایەنی مرۆڤایەتی کەسەکان دەرببڕن و بە دروستی هەموو جوانییەکی لەش پێشان بدەن. ئەمە زۆر چاک بە بەرهەمی نیگارکێش و پەیکەرتاشەکانەوە دیارە، بە تایبەتی میکیلا ئەنجیلۆ.

٨. ئاماژەیە بۆ (کاپانیۆ) کە دواتر باسی دەکرێ.

٩. ئەمانە ڕبێدەخۆر بوون، دەستدرێژییان کردبووە سەر هونەر و سرووشت، بۆیە وایان دەکرد تا خۆیان لە ئاگرباران بپارێزن.

١٠. ئەمانە نێربازەکانن کە سەرپێچیی یاساکانی سرووشتیان کردووە.

١١. واته ئەو ئازارە وای دەکرد زیاتر جوێن بە دۆزەخ بدەن و نەفرەتی لێ بکەن، وەکو چۆن لەسەر دونیا قسەی ناماقووڵیان بە خوا دەگوت.

١٢. ئەمە وەکو ئەو ئاگربارانە وایە کە بەسەر نەتەوەی لووتدا باری.

١٣. ئالپ، ئەلپ: لێرەدا مەبەست چیای تایبەتی ئەلپ نییە، بەڵکو مەبەست هەر چیایەکە.

١٤. ئەسکەندەر لە هەڵمەتەکەیدا گەیشتە هیند. دەڵێن لەوێ لەبارەی شتە سەیروسەمەرەکانی هیند بۆ ئەرەستۆی مامۆستای خۆی نووسیوە. باسی کردووە کە کڵۆی بەفر وەکو پشکۆی ئاگر بەسەر سەربازەکانیدا باریوە.

١٥. مەبەستی ئەو شەیتانانەیە کە ویستیان ڕێی دانتی و ڤیرجیلیۆ نەدەن بچنە ناو شاری دیتی (دیس).

١٦. جیۆڤی: Jiove (بە یۆنانی: زیۆس و بە ڕومانی جوپیتەر): خودای خودانانی یۆنان بوو. کاپانیۆ بڕوای وا بوو تۆڵەسەندنەوە لای خودا بۆ چێژ و خۆشییە نەک بۆ دادپەروەری. کاپانیۆ ڕەمزی هێزی ستەم و فیز و لووتبەرزیی بۆش و بەتاڵە. هێزی کاپانیۆ هێزێکی جەستەیی و دەرەکییە، بەرامبەر ڕۆح ڕاناوەستێ. باوەڕی بەوە نەبوو کە هێزی خودا لە سەرووی هەموو هێزێکی ماکییە. لە دونیادا سووکایەتیی بە خودا دەکرد و لە دۆزەخیشدا هەر بەردەوام بوو. ئەو هێزە دڕندانە لە ڕادەبەدەرەی وای لێ کردبوو هەست بە ئاگری دۆزەخ نەکا. لە خودا یاخییە، ددان بە شکستی خۆیدا نانێ بەرامبەر بە خودا. ئەمە وێنەیەکە دانتی بۆ هێزی جەستە کێشاویەتی کە هێزی ڕۆحی لەگەڵدا نییە. کاپانیۆ پێچەوانەی (فاریناتا)یە. فاریناتا ڕەمزی هێزی ڕۆحە کە لە ئامانجی پیرۆزەوە هاتووە.

١٧. کاپانیۆ Capaneo (کاپانیۆس): کوڕی هیپۆنوسە کە یەکێ بوو لەو حەفت پاشایەی ئابڵووقەی شاری تیبەیان دا، بە توندوتیژی و هێزی بازوو و سووکایەتیکردنی بە خودانەکانی یۆنان، ناسرابوو. چووە سەر شوورەی شاری تیبە و نەفرەتی لە خودانەکان کرد. جوپیتەر چەخماخەیەکی تێ گرت و کوشتی. کە کوشتی کاپانیۆ بەرنەبووەوە. بە پێوە مرد.

١٨. مونجیبێلۆ Mongibilo: ناوی گڕکانی ئێتنا بوو. پێیان دەگوت چیای ئاگری.

١٩. لە ئەفسانەدا هاتووە: جوپیتەر، ڤولکانۆی کوڕی خۆی، ئاسنگری بوو. بە گوێرەی ئەفسانەی یۆنانی هفاییستوس (ڤولکانۆ Vulcano) خودانی پیشە و ئاسنگری بوو. کارگە و کارخانەی خۆی لە چیای ئێتنا (Etna)، لە دوورگەی سەقلیە، دامەزراندبوو. ژمارەیەکی زۆر کرێکاری لە بەردەستدا بوو، پێیان دەگوترا کوکلوپ. ئەو کرێکارانە لەو چیایەدا جێگەیەکیان هەبوو پێی دەگوترا (مۆنجیبێلۆ

Mongibello). پاشان ئەم وشەیە کرا بە ناوی چیاکە خۆی. وشەکە خۆی لە خۆیەوە لە وشەی (جەبەل)ی عەرەبییەوە نزیکە. خودانی خودانان (جوپیتەر)، هەر کاتێ بیویستایە مرۆڤێ یان خودانێ یان دێوێکی یاخی و سەرکەش سزا بدا و لەناو ئاگری ڕقی خۆی بیسووتێنێ، چەخماخەیەکی لە خودانی پیشە و ئاسنگری وەردەگرت، تێی دەگرت و دەیسووتاند.

٢٠. فلێگرا Flegra (بە یۆنانی: فلیگراس): گەلییەک بوو لە تێسسالۆنی Tessalonie، لە یۆنان. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە:

کاتێ خۆی شەیتان و دێوەکان فەرمانڕەوایی دونیایان بە دەستەوە بوو. پێ درێژییان کرد و (زیۆس)ی خودای خودانان سەرکوتی کردنەوە. هاتن لەم گەلییەدا کۆبوونەوە و لەوێوە هێرشیان بۆ سەر چیای ئۆلمپ برد کە بارەگای فەرمانڕەوایی زیۆس و دوازدە خودانی یاریدەری لێ بوو. لەم شەڕەدا زیۆس چەخماخەیەکی زۆری لە خودانی پیشە و ئاسنگەری وەرگرت و بەسەریدا باراندن و هەمووی تارومار کردن.

دانتێ لە دۆزەخدا یاخیبوونی شەیتانی گەورە لە خوا و دەرکرانی لە ئاسمان بەم ڕووداوە ئەفسانەییە دەبەستێتەوە. هەردووکیان ڕەمزی گوناه و شکستن خواردنی شەیتانن.

٢١. ڤیرجیلیۆ سەبر و حەوسەڵەی نەما، جڵەوی لەدەست بەربوو، زۆر بە توندی قسەی لەگەڵ کاپانیۆ کرد.

٢٢. ئابڵووقەی تیبی: (پۆلونیکس و ئاینۆکلیس دوو برا بوون، پاش مردنی باوکیان بڕیاریان دا، بە نۆرە هەریەکە و ساڵێک فەرمانڕەوایی شاری تیبە بکا. نۆرەی یەکەم بۆ پۆلۆنیکس بوو، بەڵام کە ساڵەکە تەواو بوو، پۆلۆنیکس ئامادە نەبوو ساڵی دووەم فەرمانڕەوایی شار بدا بە برای. دوو برای لە یەک دایک و باوک لەسەر فەرمانڕەوایی شاری تیبە لێیان بوو بە ناخۆشی و شەڕ، ئاینۆکلیس پاشای حەفت شاری لەسەر برای داگیرکەری کۆکردەوە.

ئای لە مێژوو چۆن لە هەموو کات و شوێنێ دووبارە دەبێتەوە! ئەوەتا پاشاکانی بابان برایەک دەستی لەشکری سەفەویی دەگرت و دەیهێنایە سەر شاری سلێمانی و ئەوەی تر دەستی والیی بەغدای عوسمانیی دەگرت و دەیهێنایە سەر برای. بۆچی دوور بڕۆین، هەر لە مێژووی ئێستاماندا، ئەو پارتە ناحەزانە چەند جار هێزی ئێران و تورکیا و عیراقیان لە ڕقی یەکتر هێنایە سەر شارەکانی کوردستان و گەنجی کوردیان بە کوشتن داو خاکی کوردیان خستە ژێر پۆستاڵی دوژمنەوە. ئەمە مۆدێلی

کوردایەتی ئاخروئۆخری سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەمە. نە خۆمان کا و نە ئەو کوردایەتییەی دوژمن بۆمان بەڕێوە دەبا.

٢٣ ئەمە بەردەوامیی ڕووباری خوێنە (فیلیجیتونتی) لە ئەڵقەی حەفتەمدا، بە دەوری خەندەکی یەکەم و دووەمدا دەسووڕێتەوەو دەگاتە خەندەکی سێیەم.

٢٤. بولیکامی Bulicame: گراوێکە لە نزیک ڤیتێربۆ Viterbo لە ئیتالیا، ئاوەکەی گەرم و سوورە. دەڵێن لە ڕۆمای کۆن، بەپێی یاسا، چارەکێکی ئەم ئاوە بۆ سۆزانییەکان بوو، خۆیان تێدا دەشووشت، چونکە ڕێیان نەدەدرا خۆیان لە گەرماوی گشتیدا بشۆن. پەیکەری ڤتێربۆ، کە ساڵی ١٤٦٩ دروستکراوە لەبارەی ئەم دابە دێرینەیەیە. دانتی ئەم جۆگایەی ناو دۆزەخ بەو زێیە دەچوێنێ.

٢٥. ئەم لێوارە تاکە جێگەی پەڕینەوەیە. دەکەوێتە نێوان زیخی داغ و ڕووباری خوێن.

٢٦. مەبەست دەروازەی دۆزەخە.

٢٧. واتە ئەو گیروگرفتەم بۆ چارەسەر بکا کە خۆی دروستی کردبوو.

٢٨. دەریا: دەریای سپیی ناوەڕاست.

٢٩. کریتا Creta: دوورگەی کریتی ناو دەریای سپیی ناوەڕاست. دەکەوێتە خوارووی یۆنان. لێرەدا مەبەست چاخی زێڕینی دوورگەی کریتە لە سەردەمی (ساتۆرن) پاشادا.

٣٠. ئیدا Ida: چیایەکی بەرزە لە ناوەڕاستی دوورگەی کریت. بارەگای زیۆسە. کانی و سەرچاوەی زۆرە.

٣١. ڕێیا Rhe´a: ژنی ساتۆرن و دایکی زیۆس (جوپیتەر) بوو، ساتۆرن زانیبووی یەکێ لە کوڕەکانی خۆی لێی یاخی دەبێ و لەناوی دەبا و جێی ئەو دەگرێتەوە. ئیتر هەر کوڕێکی دەبوو لەتلەتی دەکرد و دەیخوارد. کاتێ کە زیۆس لەدایک بوو، (ڕێیا)ی دایکی بەردێکی قونداغە کرد، ساتۆرن وایزانی ئەمە کوڕەکەیەو بەردەکەی خوارد. ئەوسا ڕێیا کۆرپەکەی لە چیای ئیدا شاردەوە. هەندێ قەرەواشی هەبوو پێیان دەگوترا (کۆربانتیس)، کۆرپەکەی بەو قەرەواشانە سپارد و تێی گەیاندن هەر کاتێ کۆرپەکە گریا بیکەن بە سەما و سوڕدان و هاواروزەنا بۆ ئەوەی ساتۆرن گوێی لە دەنگی گریەی کۆرپەکە نەبێ. بەم جۆرە (زیۆس) بە دزیی باوکی گەورە کرا. کە پێراگەیشت، باوکی لەسەر تەخت لادا و خۆی بوو بە خودانی خودانەکان. لە یۆنانی کۆندا جۆرە سەمایەک هەبوو پێی دەگوترا سەمای (کۆربانتاکان). بریتی بوو لە لاساییکردنەوەی جووڵە و دەنگی ئەم قەرەواشانە.

٣٢. مەبەست پەیکەری ئەو پیرەمێردەیە کە لە چوار کانزا دروستکرابوو. کانزاکان ئاماژەن بۆ ئەو چاخانای مرۆڤایەتی پێدا تێپەڕیوە.

ئەم پیرەمێردە ڕەمزی گشتیی مرۆڤایەتییە. ئەم بیرە لە تەورات وەرگیراوە (کتێبی دانیال: بەشی ٢): نەبوخودنەسەری پاشای ئاشوور خەونێکی سەیری دی، داوای لە خەونزانەکان کرد مانای خەونەکەی بۆ لێک بدەنەوە، دانیال پێغەمبەر خەونەکەی بۆ لێکدایەوە:

- ئەی پاشا، تۆ لە خەودا پەیکەرێکی گەورەت بینی، ئەم پەیکەرە تا بڵێی زرقی و بە بریق و باق بوو لە بەردەمت قیت بووەوە. ئەو پەیکەرە، سەری زێڕی خوڕ و سینگ و بازووی زیو و ورگ و ڕانی تووج بوو. لاقی ئاسن و پێی ئاسن و قوڕ بوو.

دانتی ئەم وێنەیەی تەوراتی وەرگرتووە، نەختێ دەستکاریی کردووە و مانایەکی تری پێداوە. ئەو جەستەیەی دانتی دروستی کردووە هەر پەل و پارچەیەکی ڕەمزی چاخێکی مێژووی دونیایە:

- سەرەکەی کە زێڕە ڕەمزی چاخی زێڕینی یەکەمە، کە مرۆڤ هێشتا هیچ گوناهی نەکردووە و بە چاخی (بێگوناهی) دادەنرێ.

- سینگ و بازووی کە زیوە، ڕەمزی چاخی دووەمە.

- ورگ و ڕانی کە تووجە، ڕەمزی چاخی سێیەمە.

- لاقی کە ئاسنە، ڕەمزی چاخی چوارەمە.

- پێی کە قوڕ و ئاسنە: قوڕەکە ڕەمزی دەسەڵاتی ئایینی و پێی چەپە کە ئاسنە، ڕەمزی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرە.

- فرمێسکی پیرەمێرد ڕەمزی گوناه و تاوانی مرۆڤە، بۆیە فرمێسکی لە هەموو بەشەکانی لەشییەوە دێ،تەنیا سەری نەبێ کە ڕەمزی چاخی زێڕی بێتاوانییە. ئەو فرمێسکانە لە چیاوە دێنە خوارێ. ئەمەش ڕەمزی ڕووخان و تێکچوونە، پاشان دەبێ بە ڕووبار و ڕووبارەکانی دۆزەخ (ڕووباری گوناه) پێکدێنێ. شوێن و چۆنیەتیی وەستانی پەیکەری پیرەمێردەکە چەمکێکی ڕەمزیی هەیە: لە دوورگەی کریتدایە، ئەو شوێنەی نزیکەی خاڵی پێکگەیشتنی هەرسێ کیشوەری ناسراوی ئەوسایە: ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا. پەیکەرەکە پشتی لە ڕۆژهەڵاتە (کە نیشانەی (ڕابردوو)ە لەبارەی کات و نیشانەی زێدی یەکەمی ئایینە لە ڕووی شوێنەوە). ڕووی کردووەتە ڕۆژئاوا (کە نیشانەی (ئایندە)یە لە ڕووی کات و نیشانەی کڵێسەی کاتۆلیکە لە ڕووی شوێنەوە). ئەو پێیەی ڕەمزی دەسەڵاتە لە قوڕ دروست کراوە، مەبەست

ئەوەیە بە لای دانتییەوە دامودەزگای پاپا توانای تەواوی فەرمانڕەواییکردنی دونیای نییە.

٣٣. دامیاتا Dammiata: بەندەری دامیات دەکەوێتە باکووری میسر، نزیک ئەسکەندەروونە، لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دوورگەی کریت. ئەو پەیکەرەی باسی دەکا پشتی کردووەتە ڕۆژهەڵات کە لانکەی شارستانێتیی کۆنە و ڕەمزی شاری دامیاتە کە لە کاتی شەڕی خاچپەرەوەراندا، ناوبانگی گەیشتبووە ئەورووپا. پەیکەرەکە ڕووی لە ڕۆمایە کە لانکەی شارستانێتیی نوێیە (بۆ ئەوسا).

٣٤. ئاکیرۆنتی ڕووبارێکە لە دۆزەخ.

٣٥. ستیجی گۆلێکە لە دۆزەخ.

٣٦. ڕووباری فلیجیتۆنتا، یان ڕووباری خوێن. وشەکە بە مانای ڕووباری لە جۆش و کوڵ، یان جۆشانی ئاوی سوور دێ. ئەم ڕووبارە یەکێکە لە چوار ڕووباری ناو دۆزەخ. ناوەکە لە وشەی (فیلگۆس)ی یۆنانی وەرگیراوە.

٣٧. کۆچیتو Cocito (بە لاتینی: کۆسیتۆس): نزمترین گۆم و ڕووباری دۆزەخە. شەیتانی گەورە لە ناوەڕاستی ئەم گۆمە بەستەڵەکەدا وەستاوە.

٣٨. ڕووباری لیتی لە بەهەشتی زەمینی سەر بەرزەکدایە.

***

# سروودی پازدەم[1]

## ئەڵقەی حەفتەمی دۆزەخ

## دەستدرێژیکەران

## ناوچەی سێیەم

## دەستدرێژیکەران بۆ سەر خودا

## دەستەی دووەم

## نێربازان

دوو شاعیرەکە بەسەر کەناری (فلیجیتۆنتی)دا ڕۆیشتن. (فلیجیتۆنتی) هەڵمی لێ هەڵدەستا و لە پشکۆبارانی ئاسمان دەیپاراست. کە لە لێڕی خۆکوژان دوورکەوتنەوە، دانتی کۆمەڵە جەفاکێشێکی بینی، مێزەیان دەکرد. دانتی یەکێکی لێ ناسین. برۆنێتۆ لاتینی بوو. بە دۆستایەتی لەگەڵ یەکتر دوان. لاتینی حەزی کرد ماوەیەک بەدەم ڕۆیشتنەوە قسە بۆ دانتی بکا. دانتی قبووڵی کرد. دانتی ئامادەبوو لەگەڵ لاتینی لە ناو دۆزەخدا بمێنێتەوە، ئەگەر ڤیرجیلیۆ ڕێ بدا. برۆنێتۆ گوتی هەر دەبێ بە ڕۆیشتنەوە قسە بکەم بۆ ئەوەی ئەشکەنجەم زیاد نەبێ. دانتی و برۆنێتۆ ڕۆیشتن و باسی ڕابردوو و ئایندەیان کرد. لاتینی پێشبینیی دواڕۆژێکی پڕشنگداری بۆ دانتی کرد و پێی ڕاگەیاند گەلی پیس و قینەدڵی فلۆرەنسا دوژمنداریی دەکەن. دانتی ددانی بە چاکەی لاتینی نا. ئامادەیی پێشان دا بەرگەی هەموو بەدبەختی و چارەنووسێک بگرێ. لاتینی ناوی هەندێ کەسی بۆ دانتی هێنا کە لەگەڵ ئەو لە ئەشکەنجەدا بوون. حەزی دەکرد زیاتر لەگەڵ دانتیدا بێ، بەڵام کۆمەڵە جەفاکێشێکی بینی لەسەر قوم و زیخدا تۆزیان دەکرد. دانتیی جێهێشت و ڕایسپارد ئاگای لە کتێبەکەی (گەنجینە) بێ کە لە دونیادا یادی نەمر دەکا. ئیتر ڕایکردەوە بۆ لای هاوڕێکانی.



ئێستا لەسەر یەکێ لە کەنارە ڕەقەکانین
هەڵم جۆگای داپۆشیوە
ئاوەکە و کەنارەکانی لە ئاگر دەپارێزێ  (٣)
وەک چۆن (فیامینگ)[٢]ەکان، لە ترسی پیل و لەهی
سکری لە نێوان (گیتسانتی)[٣] و (بروجیا)[٤] دروست دەکەن
تا ئاوی دەریا بگێڕێتەوە. (٦)
وەک چۆن خەڵکی (پادوا)[٥]، بۆ ئەوەی بەرگری
لە گوند و قەڵاکانی خۆیان بکەن، بەر لەوەی گەرما بگاتە (کارینتانا)[٦]
بە درێژایی ڕووباری (برێنتا)، بەربەست هەڵدەنێن، (٩)
لێرەش، بە هەمان شێوە بەربەست کراون،
ئەوە نەبێ، بیناسازەکە، هەر کەسێ بووبێ،[٧]
بەربەستەکەی ئەوەندە بەرز و ئەوەندە گەورە نەکردووە.  (١٢)
ئەوەندە لە جەنگەڵ[٨] دوورکەوتبووینەوە،
ئاوڕم لە دواوە دایەوە،
نەمدی کەوتووەتە کوێ.   (١٥)
لە کۆمەڵە ڕۆحێک ڕاست هاتین
بە تەک لێواری ڕووبارەکەدا دەهاتن
وەک ئەوانە تەماشایان دەکردین، (١٨)
کە ئێوارە لەبەر تریفەی مانگی تازەدا
بەرەو ڕووی یەک دەبنەوە و تێک نز دەبنەوە،[٩]
یان وەک بەرگدروویەکی پیر[١٠] کە چاو لە کونی دەرزی دەبڕێ. (٢١)
وەکو خۆیی سەیریان کردم
یەکێکیان منی ناسییەوە و داوێنی جوببەی
گرتم و هاواری کرد: (ئای لەو عاجباتییە!) (٢٤)
کە ئەو دەستی درێژ کرد،
من ئەوەندە بە وردی چاوم بڕییە سیمای برژاوی،
دەموچاوی سووتاوی (٢٧)
ڕێی ناسینەوەی نەگرتم.

دەستم بۆ ڕووی درێژ کرد و وەڵامم دایەوە:
( (سێر برونێتتۆ)،[11] ئەوە تۆ لێرەی؟! (٣٠)
ئەویش گوتی: (کوڕم،[12] هیوادارم پێت ناخۆش نەبێ
ئەگەر (برونێتتۆ لاتینۆ) لەو حەشیمەتە گەڕێ بڕوا و
لەگەڵ تۆدا نەختێ دوابکەوێ.)  (٣٣)
پێم گوت:  (منیش هەر ئەو تکایەم لە تۆ هەیە.
ئەگەر دەتەوێ لات بمێنمەوە، دەمێنمەوە،
بە مەرجێ هاوڕێکەم پێی خۆش بێ.) (٣٦)
ئەویش گوتی: (کوڕم، ئەوەی کەمێ
لەم کۆمەڵەیەمان دوابکەوێ، دەبێ سەد ساڵ ڕابکێشێ و
بێ چەتر و چەپاڵە ئەو ئاگربارانەی لێ بدا. (٣٩)
تۆ بڕۆ و من بە دواتەوەم،
پاشان دەگەڕێمەوە ناو هاوڕێکانم
کە بۆ ئەشکەنجەی جاویدانیی خۆیان دەگرین.)  (٤٢)
زاتم نەدەکرد لەسەر لێوارەکە بێمە خوارێ،
بۆ ئەوەی لێی نزیک ببمەوە.
وەک یەکێ بە ڕێزەوە بڕوا، سەرم دانەواند. (٤٥)
هەڵیدایێ: (ئایا چ بەختێ، یان چارەنووسێ
بەر لە ڕۆژی کۆتاییت، تۆی هێناوەتە ئێرە؟
ئەی ئەوە کێیە، لەم خوارەدا ڕابەریت دەکا؟)  (٤٨)
وەڵامم دایەوە: (لە دونیا و ژیانی ڕوون و خۆشدا،
بەرلەوەی تەمەنم بە کۆتایی بگا،[13]
لەناو دۆڵێکدا وێڵ بووم. (٥١)
دوێنێ سبەینێ، پشتم لەوێ کرد،
لەوێ، ئەمەم لێ پەیدابوو،
ئەوەتا بەم ڕێگەیەدا بەرەو ماڵ دەمباتەوە[14]).  (٥٤)
گوتی: (ئەگەر پێشبینیی سەر دونیای ڕوونم ڕاست بێ،
ئەگەر تۆ شوێن ئەستێرەی خۆت بکەوی،

به ئاسانی دەگەیتەوە بەندەری شکۆمەند. (٥٧)
ئەگەر من زوو نەمردبام،
بمدیبایە ئاسمان ئاوا لەگەڵتدا میهرەبانە،
لەم ئەرکەتدا یارمەتیم دەدای، (٦٠)
بەڵام ئەم گەلە دڵپیس و بێوەفایە
کە لە دێر زەمانەوە، لە (فییزولی)[15] کەوتوونەتەوە و
ئێستاش هۆگری شاخ و چیان. (٦٣)
چاویان بە کردەوە باشەکانت هەڵنایە و دوژمنداریت دەکەن،[16]
دەبێ هەر وایش بێ، هەنجیری شیرین
قەت لەناو دارسنجوی تفت و تیژدا، بەر نادا. (٦٦)
ئەم گەلە پیسکە و حەسوودو قەپۆزبڵندە
لە کۆنەوە، ناویان بە کوێر[17] ڕۆیشتووە.
وریا بە، پەتای ڕەوشتەکانیان نەتگرێتەوە. (٦٩)
بەختت شەرەفێکی زۆری پێداوی
هەردوو پارت تامەزرۆی تۆن،[18]
بەڵام ترشە و دەمیان ناگاتێ.[19] (٧٢)
درندەکانی (فییزولی)[20] با بە کەڵبە
یەکتر هەڵبدڕن، بەڵام دەست بۆ هیچ ڕووەکێ نەبەن
کە لەناویانەوە دەڕوێ. (٧٥)
ئەو ڕووەکانە تووی پیرۆزیان تێدایە،[21]
تووی ئەو (ڕۆمانانە)ی لەوێ ماون
کە ئەم هەموو دڵپیسییە لانەی لێ چێ کردووە.) (٧٨)
وەڵامم دایەوە: (ئەگەر دوعای من گیرابوایە،
تۆ ئێستایش لە ژیانی مرۆڤانەی ئێمەدا،
مابوویت و دەرنەکرابوویت.[22] (٨١)
وێنەی هێژا و ئازیزی باوکانەی تۆ
لە یادم نەخش بووە و ئێستایش ئازارم دەدا،
تۆ لەسەر دونیادا، سەعات بە سەعات فێرت کردم (٨٤)

ئەوەی، چۆن خۆی جاویدان بکا.
تا ماوم ئەم چاکەیەم لەبیر ناچێ،
دەبێ بە زمانی خۆیشم باسی بکەم. (٨٧)
چی دەرهەق بە من دەیڵێ، دەینووسم و
لەگەڵ نووسینی تردا، دەیدەم بەو (خانم)ەی[٢٣]
کە تێی دەگا، ئەگەر بتوانم بیگەمێ. (٩٠)
تەنیا ئەوەندەم گەرەکە، تۆ لات ڕوون بێ،
بۆ ئەوەی ویژدانم ئازارم نەدا.[٢٤]
چارەنووس چۆنی بوێ، من ئامادەم.[٢٥] (٩٣)
من ئەم پێشبینییەم لا تازە نەبوو،
با بەخت چەرخی خۆی بسووڕێنێ و
وەرزێریش بێڵی خۆی بخاتە کار.) (٩٦)
مامۆستام بەسەر ملی ڕاستەدا ئاوڕی دایەوە،
تەماشای کردم و گوتی:
(ئەوەی باش گوێ بگرێ، باش تێدەگا.) [٢٦] (٩٩)
من دەڕۆیشتم و بەدەم ڕۆیشتنەوە
قسەم لەگەڵ (سێر برونێتتۆ) دەکرد، لێم پرسی:
(هاوڕێ هەرە ناسراو و هەرە گەورەکانی تۆ کێن؟) (١٠٢)
وەڵامی دامەوە: (شتی چاکە هەندێکیان لێ بناسی،
ئەوانەی تریش، وا چاکە خۆیان لێ بێدەنگ بکەی.
وەختەکە زۆر کورتە، بایی ئەم هەموانە ناکا. (١٠٥)
بە یەک وشە بزانە، هەموویان قەشە و
نووسەری گەورە و ناوداری زل بوون
هەموویان لە دونیادا بە یەک گوناه پیس بووبوون:[٢٧] (١٠٨)
(پریشیان)[٢٨] لەگەڵ ئەم تاقمە کلۆڵەدایە
هەروەسا (فرانچیسکۆ داکورسۆ)یش،[٢٩]
ئەگەر دەتەوێ کەچەڵ و جەفاکێشی ئاوها ببینی، (١١١)
دەتوانی ئەو کەسە ببینی کە بە دەستی خزمەتکاری خزمەتکاران[٣٠]

له (ئارنۆ)[31] گوازرایەوە بۆ (باکیلیۆنی)[32] و
ڕەگ و دەماری خۆی لەوێ جێهێشت (١١٤)
دەمەویست زیاتر قسە بکەم، بەڵام ناتوانم
زیاتر بڕۆم و پتر بدوێم. ئەوەتە لەولاوە،
هەڵمێکی نوێ دەبینم لەناو قوم هەڵدەستێ. (١١٧)
ئەوانە هاتن. من نابێ تێکەڵیان بم.
(گەنجینە)ی خۆمت پێ دەسپێرم کە ئێستاش بەوە دەژیم.
لەوە زیاتر هیچ داوام نییە.) (١٢٠)
ئینجا گەڕایەوە. دەتگوت یەکێکە لەوانەی
لە پێدەشتی (ڤیرۆنا)دا، بۆ ئاڵای سەوز پێشبڕکێ دەکەن.
وای دەنواند کە (١٢٣)
ئەو کەسەیە دەباتەوە، نەک ئەو کەسەی دەدۆڕێنێ. (١٢٤)

## پەراوێزەکانی سروودی پازدەم

١. ئەم سرووده، سروودی ئەو کەسانەیە کە توندتیژ بوون بەرامبەر بە سروشت، یان سروودی (برۆنێتتو لاتینی)یە.

٢. فلامینگی Flamminghi (فلاماند)ەکان: خەڵکی ناوچەی فلاندەر (نیوەی باکووری بەلچیکا)ن کە بە خۆیان دەڵێن (فلیمینگ).

٣. گویتسانتی Guizante (ویسانت) بەندەرێکی بچووکی ناوداری کەناری باکوورە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای فلاندەر، نزیک بەندەری (کالی)ی فڕەنسی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەندەرێکی زۆر قەوغا و پڕ هاتوچۆ بوو.

٤. بروجیا Bruggia (بروجیس): شارێکی بەناوبانگە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی فلاندەر. نێوان گویتسانتی و بروجیا، واتە ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان دوو سنووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای فلاندەر.

٥. پادوا Padova: شارێکی ناسراوی ئیتالیایە لە هەرێمی ڤنیز.

٦. کیارێنتانا Chiarentana (بە لاتینی: کلارنتانا). میرنشینێکی ناسراوی ئیتالیا بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ڕووباری برێنتای باکووری ئیتالیا، کە بە پادوادا دەڕوا و لە ئەدریاتیک دەکاتەوە، سەرچاوەکەی لەوێوە هەڵدەستێ. ئەمڕۆ بەو شارە دەڵێن (کارێنتیسیا).

(بەر لەوەی گەرما بگاتە کیارینتا): واتە بەر لەوەی بەفری چیاکانی ئەم ناوچەیە گەرمای بگاتێ و بتوێتەوە و ڕووباری برینتا هەڵسێ. کاتی خۆی خەڵکی پادوا بەربەستیان لە لێواری ئەو ڕووبارە دروست دەکرد بۆ ئەوەی تووشی لافاو نەبن.

٧. خودا، یان شەیتان.

٨. جەنگەڵی خۆکوژان.

٩. مەبەست ئەوەیە کە مانگ تازە نوێ دەبێتەوە، شەو تاریکە و خەڵک ناچارن لە یەک نزیک ببنەوە و وردتر تەماشای یەک بکەن، بۆ ئەوەی باش یەکتر ببینن و یەک و دوو بناسنەوە.

١٠. ئەمە وێنەی بەرگدروویەکی پیری چاوکزە دەیەوێ داو بە دەرزییەوە بکا، برۆی وێک دێنێتەوە و دەوری چاوی گرژ دەکا، بۆ ئەوەی کونی دەرزییەکە ببینێ و بتوانێ داوەکەی پێوە بکا. ئەم وێنەیە لە ژیانی مرۆڤ و پیشەکانەوە وەرگیراوە.

١١. سێر برۆنێتتو لاتینی Ser Bronetto Latini 1210-1294:

هاوولاتییەکی فلۆرەنسایی بوو، لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و لە مەیدانی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیدا بەناوبانگ بوو. چەند جارێک بوو بە باڵوێزی دەرەوە.

سەردانی ئەلفۆنسۆی دەیەمی پاشای قشتالەی کردووە. خۆی یەکێ بوو لە گەلفەکان. ساڵی ١٢٦٠ بە هۆی سەرکەوتنی گیبیللینییەکانی ناحەزی ناچار بوو لە فلۆرەنسا رابکا، بەڵام ساڵی ١٢٦٦ دوای سەرکەوتنی گەلفەکان، گەڕایەوە شاری خۆی و پایەی بەرزی وەرگرت. کتێبی گەنجینە (Tresor)ی داناوە کە زانیاریستانێکە بە زاری توسکانی و بە شیعر نووسیویەتی. ئەمە بە ڕێخۆشکەری نووسینی کۆمیدیا دادەنرێ. (لاتینی) برادەری دانتی بوو! ئەو بوو دەرگای زانیاریی بۆ کردەوە و هەر ئەویش بوو خۆشەویستیی نیشتمانی لە دڵدا چەسپاند. کە مرد دانتی هێشتا لە سی ساڵی نەبواردبوو. لەبەر ئەوەی دانتی بە مامۆستا قسەی لەگەڵ دەکا، زۆر کەس بە مامۆستای دانتییان داناوە. لە سەرانسەری دۆزەخدا، دانتی کە قسەی لەگەڵ دۆزەخییەکان کردووە هەمیشە بە (تۆ) قسەی لەگەڵ کردوون، تەنیا لە دوو جێگە بۆ ڕێز و گەورەیی بە (ئێوە) قسەی لەگەڵ دوو کەس کردووە: یەکێکیان ئەم سێر برۆنێتتۆ لاتینییەیە، ئەوەی تریش فاریناتایە.

١٢. بە وشەی (کورم) دەیدوێنێ کە دانتی حەزی دەکرد وای پێ بڵێ. ئەمە نیشانەی پەیوەندیی پتەوی نێوانیانە لەسەر دونیادا.

١٣. بە ڕای دانتی مرۆڤ لە نیوەی تەمەنیدا دەگاتە ڕادەی کامڵبوون (تەمەنی سیوپێنج ساڵی) (سەرەتای سروودی یەکەم).

١٤. لە دەقەکەدا هاتووە (riducemiaca). لێرەدا وشەی (casa-ماڵ) سووککراوە و بووە بە (ca). ئەمە نیشانەی خۆشی و دڵنیاییە. مەبەست لە ماڵ، ماڵی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو مەبەست بەهەشتە کە مرۆڤ هەست بە ئارامی و بەختەوەریی ڕاستەقینە دەکا.

١٥. ڕۆمانەکان فیزۆلییان داگیرکرد و فلۆرەنسایان لە بەرامبەر دروستکرد. دەڵێن ئەمە لە سەردەمی یۆلیۆسی قراڵدا بووە. گەلی فلۆرەنسا لە پاشماوەی گەلی فیزۆلی و پاشماوەی سەربازەکانی ڕۆمانیا کەوتوونەتەوە.

ڕۆمانەکان چینی خانەدان بوون، بەڵام فیزۆلییەکان ژمارەیان زۆرتر بوو. هەر لەبەر ئەمەشە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی شاری فلۆرەنسا هەمیشە دووچاری دووبەرەکی و ناکۆکی و شەڕوشۆڕی ناوخۆ هاتووە. دانتی خۆی بە نەوەی ڕۆمانەکانی ئاکنجی ئەو شارە دەزانی.

١٦. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دانتی دوارۆژ، لەسەر دەستی خەڵکی فلۆرەنسا چیی بەسەر دێ، هەر لەبەر ئەوەی کردەوەی چاکی کردووە، پێشتریش چیکۆ و فاریناتا پێشبینیی دوورخرانەوەی دانتییان کردووە.

١٧. له ئیتالیادا پەندە و دەڵێن: کوێرە، دەڵێی فلۆرەنسایییە! واتە چاوی دوور نابینێ و زوو تەفرە دەخوا. ئەمە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

خەڵکی شاری پیزا دوو ستوونی داخوراوی بەردەسماقیان بە دیاری بۆ خەڵکی فلۆرەنسا نارد، بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشی دوورگەی (بلیار) یارمەتییان بدەن. خەڵکی فلۆرەنسا نەیاندەزانی ستوونەکان داخوراون و دیارییەکەیان قبووڵ کرد، بۆیە خەڵکەکەیان بە کوێر ناو نا.

١٨. واتە: ڕەشەکان، دوژمنی تۆن، حوکمی دوورخستنەوە و مردنت بەسەردا دەدەن و سپییەکانیش، کە پارتی خۆتن، گوێ بە پەند و ئامۆژگارییەکانت نادەن، واتە هەردوو پارتی ڕەش و سپی دەیانەوێ زەرەرت لێ بدەن.

١٩. له ئیتالیدا پەندەکە بەم جۆرەیە:

" .Malungifia dal becco l´erba "

واتە: دەنووک و گیا بەینیان دوورە! لە کوردیدا دەڵێ: ترشە و دەمی ناگاتێ.

٢٠. دڕندەکانی فیزۆلی: مەبەست خەڵکی شاری فیزۆلییە کە دوای ڕووخانی شارەکەیان، هاتنە فلۆرەنسا و دانتی بە سووکی ناویان دەبا، چونکە وەکو گوترا دانتی خۆی بە نەوەی ڕۆمانەکان دەزانی.

٢١. مەبەست دانتییە.

٢٢. ئاماژەیە بۆ قسەی فاریناتا کە پێشبینیی دوورخرانەوەی دانتیی کردبوو.

٢٣. مەبەست بیاتریچییە.

٢٤. مەبەست پێشبینییەکانی (چیاکۆ)یە، (سروودی ٦) و پێشبینییەکانی (فاریناتا)یە (سروودی ١٠).

٢٥. ئەمە پەندێکی ئیتالییە.

(با بەخت چەرخی خۆی بسووڕێنێ و وەرزێریش بێلی خۆی!)

٢٦. ئەمە قسەیەکی نەستەقی ئیتالییە:

ئەوەی باش گوێ بگرێ، باش تێدەگا

٢٧. واتە هەموویان نێرباز بوون.

٢٨. پریشیان دا چیزاریا Prescian da cesarea : لە سەرەتای سەدەی شەشەمدا، مامۆستای زمانی لاتینی بوو لە قوستەنتینە. کتێبێکی گەورەی لەبارەی ڕێزمانی لاتینی داناوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر بەناوبانگ بوو.

٢٩. فرانچیسکۆ داکورسۆ (Francesco d´Accorso (1225-1292: بە ڕەچەڵەک فلۆرەنسی بوو. لە بۆلۆنیا هاتبووە دونیا و بوو بە مامۆستای یاسا لە زانکۆی بۆلۆنیا و لە ماوەی ١٢٨٠-١٢٨٣ لە ئۆکسفۆرد یاساناسیی دەگوتەوە. لە

ئینگلتەرە سامانێکی زۆری پێکەوە نا و گەڕایەوە بۆلۆنیا. بە بەرهەمی یاسایی و سووخۆری بەناوبانگ بوو. ساڵی ١٢٩٤ لە بۆلۆنیا کۆچی دوایی کرد.

٣٠. خزمەتکاری خزمەتکاران: ئەمە نازناوی ڕەسمیی پاپا بوو، هەمیشە هەر بە لاتینیش دەگوترا: Servus Servorum. دانتی لێرەدا بە گاڵتە بۆ پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم بەکاری هێناوە.

٣١. ئارنۆ Arno: ڕووبارێکە بەناو فلۆرەنسادا دەڕوا.

٣٢. باکیلیۆنی Bacchiglione: ڕووبارێکە لە باکووری ئیتالیا، بە تەک شاری ڤیچێنتسادا Vicenzaدا دەڕوا و لە دەریای ئەدریاتیک دەکاتەوە. لێرەدا دانتی مەبەستی یەکێکە بەو ناوەوە.

***

# سروودی شازدەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی یەکەم

## گەواد و بێناموسان

## دەستەی دووەم: مەراییکەران

شاعیرەکان لە ڕۆیشتندا، گوێیان لە هاژەی ئاو بوو، دەڕژایە ناو ئەڵقەی هەشتەم. تارمایی سێ جەفاکێشیان بینی. جەفاکێشەکان کە زانییان دانتی فلۆرەنسییە، لە دەستەی خۆیان دابڕان و داوایان لە دانتی کرد نەختێ بوەستێ. فیرجیلیۆ داوای لە دانتی کرد بسەنگرێتەوە، چونکە ئەوانە شایانی ئەوەن بە چاکی مامەڵەیان لە تەکدا بکرێ. سێ تارماییەکە هاتنە لای دانتی و ئەڵقەیەکیان پێکهێنا بەردەوام دەسووڕایەوە. بە سووڕانەوە قسەیان دەکرد. ئەمە بوو سزایان. ئەمانە گویدۆ گویرا و تیگیایۆ ئالدوبراندی و یاکۆپۆ ڕوستیکوچی بوون. شۆڕەسواری فلۆرەنسیی ئازا و بەناوبانگ بوون، گوناهی ئەوانیش وەکو برۆنێتۆ لاتینیی سروودی پێشوو، نێربازی بوو. دانتی پێی گوتن ئەویش هاوشاری خۆیانە و هەمیشە ناوی هێناون و بە شانازییەوە باسی کردەوەکانی کردوون. ڕوستیکوچی لێی پرسی ئاخۆ فلۆرەنسا ئێستایش شوێنی ئازایەتی و پاڵەوانێتییە؟ هەرسێکیان داوایان لە دانتی کرد کە گەڕایەوە لە دونیادا یادیان بکاتەوە، ئینجا وەک با ڕایانکرد بۆ ناو دەستەکەیان.

دوو شاعیرەکە لە ڕێی خۆیان بەردەوام بوون. گەیشتنە تاقگەیەک هاڕەی دەهات.

دانتی پەتێکی لە پشت بەستبوو، لە پشتی کردەوە و دایە ڤیرجیلیۆ، ئەویش فڕێی دایە ناو بیرازەکە. دانتی سوێندی بە کۆمیدیا خوارد بوونەوەرێکی سەیری بینی لە تاریکیدا بەرزبووەوە و لێیان نزیککەوتەوە. قاچەکانی بەیەکەوە نووساندبوو و بازووی بۆ سەرەوە درێژ کردبوو.



لە شوێنێ بووم، ئاو خوڕە و هاژەی دەهات و
دەڕژایە ناو ئەڵقەکەی تر،
دەتگوت هاشەی شەرخە مێشە.
سێ ڕۆح بەیەکەوە غاریان دەدا،
لە کۆمەڵێک دابڕان[2]
لە بەربارانی ئەشکەنجەیەکی سەختدا[3] ڕایان دەکرد.
بەرەو ڕوومان هاتن، هاواریان دەکرد:
(بوەستە، تۆ بە جلوبەرگتەوە دیارە[4]
یەکێکی لە خەڵکی خاکی گەندەڵ)
ئای چەند برینم لەسەر لەشیان بینی،
برینی کۆن و نوێ، برینی گڕ و بڵێسە،
ئێستایش کە بە بیرم دێتەوە، چزەم لە جەرگەوە دێ.
دکتۆرەکەم، کە گوێی لە دەنگیان بوو، ڕاوەستا.
ڕووی وەرگێڕا و گوتی: (نەختێ بوەستە،[5]
پیاو دەبێ لەگەڵ ئەمانە بە نەزاکەت بێ.
ئەگەر ئەم ئاگرەی ئێرە نەبوایە، پێم دەگوتی:
گفتوگۆ لەگەڵ ئەمانە، سوودی بۆ تۆ زیاترە تا ئەوان.)
ئێمە ڕاوەستاین و ئەوان دەستیان بە هاتوهاوار کرد.
کە گەیشتنە لای ئێمە،
ئەڵقەیەکیان دروست کرد.[6]
وەک چۆن زۆرانبازی ڕووت و لەشچەور،
بەر لەوەی ئاوقای یەکتر بن و یەکدی زامدار بکەن،
خۆیان بۆ وەرگرتنی دەرفەت و گرتن دادەنووسێنن.[7]
بەم جۆرە، هەموو بەدەم سووڕانەوە
ڕوویان بۆ لای من وەردەچەرخاند.
ملیان بە پێچەوانەی قاچیان دەسووڕا.
یەکێکیان گوتی: (ئەگەر ئەم جێگە سەخت و قومەرییە
تۆ سووک بکا و ئێمە و دوعاکان و

سەر و ڕوومان ڕەش و بریندار بکا، (٣٠)
هیوادارین بە هۆی ناوبانگمانەوە، ڕۆحی تۆ
پێمان بڵێ: تۆ کێیت کە ئاوها بە هێمنی
قاچی زیندووت دەخەیتە سەر خاکی دۆزەخ![٨] (٣٣)
ئەوەی من لەدووی دەڕۆم،
هەرچەندە هەموو گیانی ڕووت و داڕووشاوە،
لە دونیادا پایەی ئەوەندە بەرزبوو، بە خەیاڵتدا نایە. (٣٦)
ئەمە لە ژیاندا، ناوی (گویدۆ گویرڕا)[٩] بوو،
نەوەی (گوالدرادا)ی[١٠] مێرخاس بوو،
بە ئەقڵ و شمشێر زۆر کردەوەی گەورەی کرد. (٣٩)
ئەوەی تر کە لە دوای من پێ دەخاتە سەر قوم
(تیگیایۆ ئالدۆبراندی)یە[١١].
لەسەر دونیادا گوێ لە قسەی دەگیرا! (٤٢)
منیش، کە لەگەڵ ئەواندا لە ئازار و ئەشکەنجەدام
(یاکۆپۆ ڕوستیکوچی)م،[١٢] بێ هیچ گومانێک
ژنە ئارچاغەکەم بوو، بە فەتارەتی دام)[١٣] (٤٥)
ئەگەر ئاگر ئامانی بدامایە
خۆم فڕێدەدایە خوارێ بۆ ناویان،
وا بزانم دکتۆرەکەم ڕێی پێ دەدام، (٤٨)
بەڵام لەبەر ئەوەی لەژێر ئاگردا دەسووتام و دەبرژام،
ترس بەسەر ئەو خواستە چاکەمدا زاڵبوو
کە هانی دەدام خۆیان بە باوەشدا بدەم. (٥١)
پێم گوت: (ئەمە ڕسوایی نییە، ژان و ئازارە!
دۆخی ئێوە ئاگرێکی لە دڵ و هەناو بەردەوام،
تا ماوەیەکی زۆر دانامرکێتەوە. (٥٤)
ئەو کاتە ئەو ژان و ئازارەم بۆ پەیدابوو
کە مامۆستاکەم گوتی
ئەوانەی هاتوون، وەکو خۆتان وان. (٥٧)

من خەڵکی شاری ئێوەم و هەمیشە
بە خۆشییەوە گوێم داوەتە
کردەوە و ناوە بەرزەکانتان و دووبارەم کردووەتەوە. (٦٠)
زەرەندم[١٤] فڕێداوە و لە دوای سێوی[١٥] بەتام دەگەڕێم
ڕابەری ڕاستگۆم بەڵێنی پەیداکردنی پێ داوم،
بەڵام دەبێ یەکەم جار تا بنی بنەوە شۆڕببمەوە.)[١٦] (٦٣)
وەڵامی دایەوە: (یاخوا ڕۆحت
تا ماوەیەکی زۆر ڕێنوێنیی جەستەت بکا و
دوای خۆت ناوبانگت بدرەوشێتەوە. (٦٦)
بێژەمە: ئاخۆ نەزاکەت و ئازایی
ئێستایش وەکو جاران، لە شارەکەماندا ماوە؟
یان بۆ هەتاهەتایە باریان کردووە؟ (٦٩)
(گویلیلمۆ بۆرسیییری)،[١٧] زۆر نییە
لەگەڵ ئێمەدا دادوفیغان دەکا،
بە قسە شڕ و پەرێشانمان دەکا.) (٧٢)
(ئەی فیۆرینتزا، خەڵکی تازەپێگەیشتوو و[١٨] دەستکەوتی کتوپڕ،
فیز و زێدە ئیسرافیان تێدا دروستکردووی،
ئەوەتا لە دەستیان دەگری.) (٧٥)
سەرم بڵند کرد و ئاوها هاوارم کرد،
سێ کەسەکەی گوێیان لە قسەکەم بوو
بە وردی سەیری یەکتریان کرد. (٧٨)
هاتنە وەڵام: (ئەگەر هەموو جارێ
وا بە ئاسانی بتوانی خەڵک ڕازی بکەی[١٩]
بەختەوەری کە قسە و بیرت یەکە. (٨١)
ئەگەر ڕۆژێ لەم تاریکستانە[٢٠] چوویتە دەرەوە و
گەڕایتەوە بۆ بینینی ئەستێرە جوانەکان و
پێت خۆش بوو بڵێی: (لەوێ بووم! (٨٤)
ئێمە بە بیر زیندووەکان بهێنەوە.)

ئەڵقەکەیان شکاند و وا بەگوڕ هەڵاتن
دەتگوت لاقی چوستیان بووەتە باڵ. (٨٧)
ئەوەندە خێرا ون بوون
دەرفەتی گوتنی (ئامین)ێک نەبوو!
ئیتر مامۆستا حەزی کرد بڕۆین. (٩٠)
شوێنی کەوتم. تازە چەند هەنگاوێک ڕۆیشتبووین،
لە نزیکەوە بوو بە خوڕەخوڕی ئاو[٢١]
بە حاستەم گوێمان لە دەنگی یەکتر دەبوو. (٩٣)
وەک ئەو ڕووبارەی[٢٢] یەکەم جار
لە چیای (فیزۆ)[٢٣] ڕێچکەی خۆی، لە کەناری
دەستەچەپی (ئاپێننینۆ)،[٢٤] بەرەو ڕۆژهەڵات دەگرێ. (٩٦)
کە لای سەرەوە، بەر لەوەی بڕژێتە خوارەوە
پێی دەگوترێ (ئاکواکیتا)،[٢٥]
بەڵام لە (فۆرلی)[٢٦] ئەو ناوەی نامێنێ. (٩٩)
لەوێوە، بەرەو (سان بینیدێتتۆ)[٢٧] هاژەی دێ و
بە تاڤگە لە (ئالپی)دا[٢٨] دادەڕژێتە خوارێ،
بۆ شوێنێ، جێی هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە. (١٠٢)
ئاوێکی ڕەشمان بینی[٢٩] لە شاخێکی ڕک
هاشە و لرمەی دەهات و
گوێی کەڕوکاس دەکرد. (١٠٥)
پەتێکم[٣٠] لە کەمەرم بەستبوو
جارێکیان ویستم
پڵنگێکی خاڵخاڵی[٣١] پێ بگرم. (١٠٨)
بەپێی فەرمانی ڕابەرەکەم
پەتەکەم لە پشت کردەوە،
هەڵمویزنی و لوولم دا و دامە دەستی. (١١١)
ڕابەرەکەم ڕووی کردە لای دەستەڕاست،
هێشتا نەختێ لە لێوارەکە دووربوو،

پەتەکەی توورڕ هەڵدایە ناو ئەم هەڵدێرە کوورە. (١١٤)
لە دڵی خۆمدا گوتم: بێشک
ئەم کارە سەیر و تازەیە ئەنجامێکی سەیر و تازەی دەبێ،
کە مامۆستا ئاوها چاوی تێبڕیوە. (١١٧)
ئای، مرۆڤ دەبێ چەند وریا و ئاگاداربێ
لەو کەسانەی شت زیاتر دەبینن لەوەی دەیکەن
بە زیرەکیی خۆیان بیری مرۆڤ دەخوێننەوە.[32] (١٢٠)
گوتی: (ئەوەی من چاوەڕێی دەکەم و
تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، ئێستا دەردەکەوێ
زوو سەردەکەوێ و خۆیت پیشان دەدا.) (١٢٣)
لە بەردەم ڕاستییەکدا پەردەی درۆی بەسەردا هاتبێ
مرۆڤ، تا بۆی دەکرێ، دەبێ دەمی خۆی بگرێ،
نەوەک بێ سەدەم، خۆی تووشی شەرمەزاری دەکا. (١٢٦)
بەڵام کاکی خوێنەر، من ناتوانم لێرە بێدەنگ بم،
سوێند بە شیعرەکانی ئەم (کۆمیدیا)یە[33] دەخۆم،
-کە هیوادارم تا ماوەیەکی زۆر جێی پەسند بێ (١٢٩)
لەم هەوا چڕ و تاریکەدا، یەکێکم بینی
بە مەلە بەرەو لامان هەڵدەکشا،[34]
دیمەنەکەی ترسی دەخستە ناو دڵی ئازا. (١٣٢)
وەک یەکێ خۆی نقووم بکا و سەرکەوێتەوە،
بەدوای ڕەهاکردنی لەنگەرێ بگەڕێ
کە لە بەردێ یان شتێکی ناو دەریا جەڕابێ (١٣٥)
قاچەکانی لێکدەدا و بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا. (١٣٦)

## پەراوێزەکانی سروودی شازدەم

١. ئاماژەیە بۆ ئەڵقەی هەشتەم کە لێی نزیک دەبنەوە. دەشێ پێی بڵێین سروودی فلۆرەنساییەکان.

٢. کۆمەڵی بوون، کاتی خۆی پلەوپایەی سەربازی و مەدەنیی بەرزیان هەبوو.

٣. مەبەست ئاگربارانە.

٤. دانتی وەکو لە وێنەکەیدا دیارە، جوببەیەکی ئاودامان و سەرکڵاوێکی فلۆرەنسایی لەسەر بووە. ڕۆحەکە بەم بەرگە زانیویەتی دانتی خەڵکی فلۆرەنسایە.

٥. ڤیرجیلیۆ داوا لە دانتی دەکا بوەستێ و گوێ لەم هاونیشمانییە فلۆرەنساییانە بگرێ و زۆر بە نەرم و میهرەبانییەوە لەگەڵیان بجووڵێتەوە، بە پێچەوانەی ڕسواکردنی فلۆرەنساییەکانی دی، چونکە ئەمانە مرۆی زیخ و قەدرگرانن.

٦. لە سروودی پێشوودا هاتبوو: دۆزەخییەکانی ئەم ئەڵقەیە هەقیان نییە یەک چرکە بوەستن. ئەگەر بوەستن دەبێ بەرامبەر هەر چرکەیەک وەستان، سەد ساڵی تەواو لەسەر زەویی داغ ڕابکێشن. مەبەست لەم چەند سێینەیە ئەمەیە:

ئەم سێ ڕۆحە ناچارن لە کاتی قسەکردن لەگەڵ دانتیدا بڕۆن و بە دەوری خۆیاندا بخولێنەوە، چاویشیان هەر لای دانتی بێ.

٧. ئەم جۆرە زۆرانبازییانە لای یۆنان و ڕۆمانەکان باوبوون، لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا مابوون.

٨. واتە: دانتی بێ ئەوەی لە ئاگر بترسێ، بەناو دۆزەخدا دەڕۆیشت.

٩. گویدۆ گوێرا 1276-1220 Guido Guera: گویدۆی شەشەم. یەکێ بوو لەو کۆنتانەی لە ناوچەی مۆجیلیانۆ، لە بنەماڵەی گوالدرادا سەریان هەڵدابوو. ئەم پیاوە سەرکردەیەکی بەناوبانگ بوو. فەرماندەی گەلفەکانی فلۆرەنسا بوو. لەبەر ئازایەتی و چاونەترسیی ناویان نابوو (گویدۆی جەنگاوەر!). ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی فلۆرەنسا ژیا، دوای شەڕی مۆنتاپێرتی، گەڕایەوە فلۆرەنسا و لەوێ کۆچی دوایی کرد.

١٠. گوالدرادا Gualdrada: کچی خانەدانێکی ئیتالی و خەڵکی (ڕاونا)بوو. ژنی گویدو گویرای چوارەم بوو کە یەکێ بوو لە سەرکردەی گیبیللینییەکان. سەربردەکەی بەم جۆرەیە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەکو ئەفسانە لەبارەی ئەم ژنە جوانە بڵاوبووبووەوە و ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیدا کردبوو:

(ئۆتتۆن Otton)ی ئیمپراتۆری چوارەمی ئەڵمانیا و ئیتالیا، ڕۆژێ، لە کاتی بەجێگەیاندنی دابی ئاییندا، ئەم کچەی لە کەنیسەدا دی. باوکی کچەیشی لە تەنیشت بوو. نەیزانی ئەمە باوکی کچەکەیە، لێی پرسی: ئەم کچە جوانە کێیە؟

باوکی کچەکە گوتی: کچی پیاوێکە شانازیی دەکا ئەگەر ئیمپراتۆ کوڵمەی کچی ماچ بکا. گوالدرادا گوێی لەم قسەیە بوو، هەڵیدایێ: هیچ کەس، تەنانەت ئیمپراتۆریش هەقی نییە من ماچ بکا، مەگەر مێردی ڕەسمیی خۆم بێ. (ئۆتتۆن) ئەم قسەیەی بەگەن کرد. کچەی دایە یەکێ لە خانەدانە گەورەکانی وڵاتەکەی و ناوچەیەکی پێ بەخشی، گوایە کۆنتە گویدۆییەکانی ناوچەی مۆدیلیانۆ لەم ژنە بە پاش کەوتوون.

١١. تیگیایۆ ئالدۆبراندی Tegghiaio Aldobrandi: شۆڕەسوارێکی شۆخوشەنگی ئازای بنەماڵەی خانەدانی (ئادیماری) بوو لە فلۆرەنسا. دەوری ساڵی ١٢٦٦ کۆچی دوایی کرد. پاش نیوەی سەدەی سێزدەم، بوو بە سەرۆک شارەوانیی پارێزۆ. ئەم پیاوە هەم ئازا و هەم ژیر و ئاقڵ بوو. بەر لە شەڕی ناوداری مونتاپێرتیی نێوان فلۆرەنساییەکان و سییێناییەکان، ئامۆژگاریی خەڵکی فلۆرەنسای کرد، خۆیان نەخەنە گێژاوی ئەم شەڕەوە، بەڵام فلۆرەنساییەکان گوێیان بە قسە و ئامۆژگارییەکانی نەدا، ئەوەبوو تووشی شکستێکی خوێناوی هاتن. دانتی کە دەڵێ: (هەقبوو گوێ لە قسەکانی بگرن). مەبەستی ئەم ئامۆژگارییە.

١٢. یاکۆپۆ ڕوستیکوچی Iacopo Rusticucci: شۆڕەسوار و خانەدانێکی فلۆرەنسایی بوو. لە سەدەی سێزدەدا ژیاوە و ساڵی ١٢٥٤ کۆچی دوایی کردووە. لەگەڵ گەلفەکان و دژی گیبیللینییەکان بوو. چەند جارێ بوو بە نوێنەری شاری فلۆرەنسا بۆ دانوستاندن لەگەڵ شارەکانی تری هەرێمی توسکانیا. دوای ساڵی ١٢٦٦ کۆچی دوایی کرد، ژنەکەی ژنێکی زۆر مرومۆچ و شەڕانی و بەدرەوشت بوو. حەجمانی لە مێردەکەی بڕیبوو. ئەمە وای کرد مێردەکەی لێی بێزار بێ و ڕوو بکاتە مندالی لووسکە.

١٣. ژنەکەی لەگەڵیدا خراپ بوو، بۆیە لە ژنان دوورکەوتەوە و دەستی بە نێربازی کرد.

١٤. زەرمند (گوژاڵک) ڕەمزی گوناه و بەرهەمی بەتام، ڕەمزی ڕزگاری و خەڵاتی خودایە.

١٥. سێوی بەتام: بەرهەمی بەتام: (پەیوەندیی تایبەتی و گشتییە).

١٦ واتە: دەبێ یەکەم جار تا ئاخیری دۆزەخ بڕۆم کە چغزی ناوەندی زەوییە، دوای ئەوە ڕێگەی ڕزگاری دەگرمە بەر.

١٧گویلیلمۆ بۆرسییری Guilielmo Borsiere: شۆرەسوارێکی فلۆرەنسایی سەدەی سێزدەم بوو. مرۆیەکی نەرم و حەلیم بوو. پیاوی مەسڵەت و ئاشتیخواز بوو. خانەدانە ناحەزەکانی پێکدەهێنایەوە. هەرچەندە زانیاریی زۆرمان لەبارەی ژیان و کارەکانی بەدەستەوە نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوەکەی مانای (سککەساز) دەدا، وێدەچێ کاری پارەلێدان و پارەگۆڕینەوە بووبێ. بە قسەی دانتی بەر لە ١٣٠٠ کۆچی دوایی کردووە. لە کتێبی دیکامیرۆنی بۆکاچیۆ (ڕۆژی یەکەم، چیرۆکی هەشتەم) زۆر بە ڕێزەوە ناوی هاتووە. دیارە پیاوێکی بێزەر و بێوەی بووە.

١٨. ئەو خەڵکە تازە la gente nuova: دانتیناسەکان وای بۆ دەچن ئەمە ئاماژەیە بۆ خەڵکی لادێکانی دەوروبەری شاری فلۆرەنسا کە لە ئاخروئۆخری سەدەی سێزدەمدا، ڕوویان کردە شار و لەوێ گیرسانەوە. دانتی لە سروودی (١٥) و (١٦)ی بەهەشتدا، ئەم کۆچەی لادێکان بە هۆیەکی داتەپینی فلۆرەنسا داناوە.

١٩. واتە: ئەگەر بتوانی ئاوا بە ئاسانی گیروگرفتی خەڵک چارەسەر بکەی.

٢٠. واتە: لە دۆزەخ بوو.

٢١. ئەمە خوڕەی ڕووباری (فلیجیتونتی)یە

٢٢. مەبەست ڕووباری مۆنتۆنییە.

٢٣. چیای ڤیزۆ Viso: بەشێکە لە چیای ئالپ.

٢٤. ئەمە چیایەکە.

٢٥. ئاکواکیتا Acquacheta: ڕووبارێکە لە باکووری ئیتالیاوە دێ و لە ئەدریاتیک دەکاتەوە. ئەو ڕووبارە لەو شوێنەوە کە پێکدێ تا شاری فۆرلی پێی دەگوترێ ئاکواکیتا و لە شاری فۆرلییەوە تا لە ئەدریاتیک دەکاتەوە، پێی دەگوترێ مۆنتۆنی.

٢٦. فۆرلی: شارێکی بەناوبانگی ئیتالیایە.

٢٧. سان بینیدێتۆ San Benedetto: دێرێکی بەناوبانگی تاقمی ئایینی بینیدیتۆ (بینیدیکتن)ە. دەکەوێتە باکووری شاری فۆرلی و دامێنی چیای ئاپیننینۆ.

٢٨. ئاڵپی Alpe: زنجیرەچیای گەورە و بەناوبانگی ئەڵپە. دەکەوێتە باکووری ئیتالیا. لە ئەدەبی ئیتالیدا، ئەڵپ بە واتای چیا، بە گشتی، بەکار هاتووە.

٢٩. ئاماژەیە بۆ ڕووباری مۆنتۆنی کە ئاوەکەی لە چیاکانی ڤیزۆ، کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ مۆنڤیزۆ، لە باکووری ئیتالیادا کۆ دەکاتەوە

٣٠. ئەم پەتە، کە لێرەدا، لەپڕ ناوی دێ و دانتی بۆ یەکەم جار باسی دەکا گوایە لەناو جەنگەڵی تاریکدا ویستوویەتی پڵنگی پێ دیل بکا و نەیتوانیوە، تا ئێستا زۆر لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە. ئەم پەتە مانایەکی ڕەمزیی هەیە. ئەم پەتە دەشێ

ڕەمزی نەفسکوشتن و لەخۆبوردەیی بێ کە بنچینەی بیروباوەڕی فرانچیسکەکانە. دانتی بە گەنجی ئەندامی ئەم تاقمە ناسراوەی فرانچیسکەکان بوو. ئەمانە دروشمیان پەتێ بوو، لە باتی زوننار لە پشتیان دەبەست.

٣١. ئاماژەیە بۆ ئەو پڵنگەی لە سەرەتای دۆزەخدا، لەگەڵ شێر و دەڵەگورگ ڕێیان لە دانتی گرت بچێتە سەر تەپۆڵکەکە.

٣٢. مەبەست ئەوەیە ڤیرجیلیۆ یەکسەر لەم بیرە نهێنییەی ئەو گەیشتووە.

٣٣. ئەمە یەکەمین جارە دانتی لە بەرهەمەکەیدا ناوی (کۆمیدیا) دێنێ. لە جێگەیەکی تردا (بەهەشت، سروودی ٢٥) ناوی کتێبەکەی بە شیعر یان بەیتی پیرۆز Il poema sacro هێناوە.

٣٤. ئەمە (چیریۆن)ی ئەفسانەییە.

***

# سروودی حەڤدەم[1]

## ئەڵقەی حەوتەمی دۆزەخ
## دەستدرێژیکەران
## ناوچەی سێیەم
## دەستدرێژیکەران بۆ سەر خودا
## دەستەی سێیەم
## سووخۆرەکان.

ڤیرجیلیۆ ئاماژەی بۆ (جیریۆن)ی جانەوەر کرد بێتە سەر کەنار. جیریۆن دەموچاوی پیاو و لەشی خشۆک بوو. کلکێکی وەکو چزووی دووپشکی هەبوو. ڕەمزی خیانەت و پاسەوانی ئەڵقەی هەشتەم بوو. جیریۆن هاتە لایانەوە لەسەر کەنار ڕاوەستا. ڤیرجیلیۆ لەگەڵ جیریۆن کەوتە قسە و داوای لە دانتی کرد بچێ قسە لەگەڵ جەفاکێشەکان بکا. دانتی چووە لای سووخۆرەکان کە دژی هونەر و سروشت جوولابوونەوە. بە کوڵ و جۆش دەگریان. سەگ چۆن مێش لە خۆی پاس دەکا، ئاوها ئاگریان لە خۆیان دوور دەخستەوە. هەریەکە کیسەی پارەی خۆی پێ بوو و کیسەکان دروشمی خۆیانیان لەسەر بوو. هەندێکیان خەڵکی فلۆرەنسا و بڕێکیان خەڵکی پادوا بوون. هەندێکیان قسەیان بۆ دانتی کرد، بەڵام دانتی نە قسەی کرد و نە ناوی کەسی هێنا. گەڕایەوە لای ڤیرجیلیۆ. شاعیرەکان سواری پشتی جیریۆن بوون. دانتی ترسا، بەڵام ڤیرجیلیۆ باوەشی پێدا کرد و ترسی ڕەواندەوە. جیریۆن شۆڕبووەوە خوارێ. دانتی گوێی لە هاششەی ئاو و لرفەی ئاگر و گریانی جەفاکێشان بوو. زیاتر ترسا. جیریۆن گەیاندنیە بنەوە. کە بارەکەی دانا، وەک تیر تێیتەقاند و ڕۆیشت.



(ئەوەتا دڕندەی کلکتیژ[٢] هات
چیا دەبڕێ و چەک و شوورا تێکدەشکێنێ.
ئەوەتا ئەوەی هەموو دونیا دەلەوتێنێ)[٣] (٣)
ڕابەرەکەم، بەم شێوەیە قسەی بۆ کردم.
ئینجا ئاماژەی بۆ دڕندەکە کرد بێتە سەر کەنار،[٤]
نزیک ئەو شاخانەی بەسەریاندا دەڕۆیشتین. (٦)
ئەو نموونە پیسەی فێڵ و ناپاکی
هات و سەر و سینگی قیتکردەوە،
بەڵام کلکی تا سەر لێوارەکە، لە دوای خۆی نەهێنا[٥]. (٩)
ڕوخساری، ڕوخساری مرۆڤێکی دادپەروەر بوو،
سیما و ئەدگاری نەرم و حەلیم بوو،
ئەوەی تری هەمووی جەستەی مار بوو. (١٢)
هەردوو چڕنووکی تا بنهەنگڵ هەمووی تووکن بوو
پشت و سینە و تەرۆکەکانی
پوولەکە و ئەڵقەی نەخشابوو.[٦] (١٥)
(تورک) و (تەتەر) هەرگیز قوماشی وا زرقییان[٧]
دروست نەکردووە و نەچنیوە و نەنەخشاندووە،
(ئاراگنی)ش[٨] قەت شتی وای بە تەونی خۆیەوە نەدیوە. (١٨)
وەک چۆن جاران بەلەم کە دەبەسرایەوە،
نیوەی لەناو ئاو و نیوەی لەسەر بەژ بوو،
چۆن لای ئەڵمانە چڵێسەکان[٩] (٢١)
سەگلاو[١٠] بۆ شەڕ تەیار دەکەن،
دڕندەی ناپەسەندیش ئاوها وەستابوو
لەو کەنارە بەردینەی زەوی قومەری ئەڵقەدا بوو. (٢٤)
کلکی لە هەوادا دەجووڵایەوە،
چزووی ژەهراویی سەری کلکی
وەک کلکی دووپشک قیت کردبووەوە. (٢٧)
ڕابەرەکەم گوتی: (ئێستا دەبێ ڕێگەکەمان

نەختێ بۆ لای ئەو دڕندە بەدکارە لارکەینەوە.
کە ها لەوێ هەڵتووتاوە.)  (٣٠)
بە لای ڕاستەدا[١١] شۆڕبووینەوە
دە شەقاو بەسەر لێواری سەختدا ڕۆیشتین[١٢]
بۆ ئەوەی خۆمان لە قوم و بڵێسەیە لابدەین.  (٣٣)
کە گەیشتینە لایەوە،
نەختێ لەولاتر، لەسەر قومەکە،
خەڵکانێکم بینی لەسەر لێوی هەڵدێرەکە دانیشتبوون  (٣٦)
مامۆستاکەم گوتی:
(بۆ ئەوەی زانیاریی تەواو لەبارەی ئەم ئەڵقەیە کۆکەیتەوە
بڕۆ سەیری ئەشکەنجەی ئەوانە بکە.  (٣٩)
کەم قسەیان لەگەڵ بکە و زوو بیبڕێنەوە.
تا تۆ دێیتەوە، من لەگەڵ ئەم دڕندەیە[١٣] دەدوێم،
بۆ ئەوەی سواری پشتی پتەوی خۆیمان بکا.)  (٤٢)
بە تەنیا بەسەر لێواری سەختی ئەڵقەی حەوتەمدا
ڕۆیشتم، بۆ ئەو شوێنەی
جەفاکێشەکان دانیشتبوون.  (٤٥)
ژان و ئازار فیچقەی دەکرد لە چاویان
بە دەست، گڕی ئاگر و
خاکی سووتاویان لە خۆیان دووردەخستەوە  (٤٨)
سەگیش، هاوین، ناتوانێ ئاوها
بە لمووز و چوار پەل،
کێچ و پێشکە و مێش لە خۆی پاس بکا.  (٥١)
کە چاوم بڕییە دەموچاوی
ئەوانەی ئەم ئاگرە بەسۆیەیان بەسەردا دەڕژا
کەسم نەناسییەوە، بەڵام دیم  (٥٤)
هەریەکە و کیسەیەکی[١٤] بە ملدا شۆڕبووبووەوە.
ڕەنگ و دروشمی تایبەتی خۆی لەسەربوو.[١٥]

سەریان دانەواندبوو، تامەزرۆیی خۆیان پێ دەشکاند.[16] (٥٧)
کە بەناویاندا سووڕامەوە و سەیرم کردن
دروشمێکی شینی ئاسمانیم لەسەر کیسەیەکی زەرد[17] بینی
وێنەی شێرێکی لەسەر بوو (٦٠)
زیاتر چاوم گێڕا
کیسەیەکی سووری وەک خوێنم بینی
وێنەی قازێکی لەسەر بوو، لە نویشک سپیتر.[18] (٦٣)
جەفاکێشێکی دی، کیسەیەکی سپیی لە مل بوو،
وێنەی بەرازێکی شینی قەڵەوی لەسەر بوو[19]،
پێی گوتم: (ئەوە هاتووی لەناو ئەم خەندەکە چ دەکەی؟ (٦٦)
مادام هێشتا زیندووی، بۆ خۆت بڕۆ
ئاگاداربە، (ڤیتالیانۆ)ی[20] هاوسێم
ئێستا دێ و لای دەستەچەپم دادەنیشێ. (٦٩)
من خۆم (پادوا)یم، لە ناو ئەم (فلورەنسا)بیانەدام
گوێیان بە هاوار کەڕوکاس کردووم:[21]
(یاخوا شای شۆڕەسواران زووبێ (٧٢)
کە کیسەیەکی لە ملە وێنەی سێ بزنی[22] لەسەرە.)
دەمی خوارکردەوە و زمانی دەرهێنا
وەک (گا)یەک لمووزی خۆی بلێسێتەوە. (٧٥)
ترسام زیاتر بمێنمەوە، نەوەک
ئەوەی ڕایسپاردم تاخیر نەبم، لێم زویر ببێ.
گەڕامەوە و لەو ڕۆحە کڵۆڵانە دوورکەوتمەوە. (٧٨)
دیم ڕابەرەکەم خۆی چووبووە سەر پشتی
دڕندەی بەسام و بە منیشی گوت: (خۆت توند بکە و ئازا بە! (٨١)
بەم پلیکانەیەدا دەچینە خوارێ.
تۆ لە پێشەوە سوار بە، من لە ناوەڕاست دەبم
بۆ ئەوەی کلکی ئەم دڕندەیە ئازارت نەدا. (٨٤)
چۆن یەکێ کە هەست بە یەکەم لەرزی چوارتا[23] دەکا

نینۆکەکانی سپی هەڵدەگەڕێن و
کە سەیری سێبەر دەکا، هەموو گیانی دەلەرزێ،[٢٤] (٨٧)
منیش بە بیستنی ئەم قسەیە، ئاوهام لێهات،
بەڵام شەرم هەڕەشەی لێ کردم
ئەو شەرمەی زات دەخاتە بەر خزمەتکار بەرامبەر ئاغا. (٩٠)
لەسەر گازەرای پشتی دڕندەکە دانیشتم،
ویستم بە ڕابەرەکەم بڵێم: (توند بمگرە باوەش![٢٥]
بەڵام قسەم بۆ نەکرا. (٩٣)
لێ، هەر هێندە سواربووم،
ئەوەی پێشتر چەند جار لە مەترسی
دەری هێنابووم،
یەکسەر هامێزی تێ وەرهێنام و توند گرتمی. (٩٦)
گوتی: (ئێستا، ئەی (جیریۆن) بڕۆ!
بە ئەڵقەی گەورە و لێژایی کەم بڕۆ خوارێ
بیرت لای باری تازەی سەر پشتت بێ) (٩٩)
بەلەمی بچووک چۆن پاشەوپاش
لە بەندەر دەردەچێ و دەڕوا،
دڕندەکەش، کە هەستی کرد ئازادە، ئاوها (١٠٢)
کلکی بۆ لای سینگی وەرسووڕاند
ڕایداشت و وەکو مارماسی جووڵاندیەوە و
بە چرنۆکەکانی هەوای بۆ لای خۆی ڕاکێشا. (١٠٥)
باوەڕ ناکەم، (فیتۆنتی)[٢٦] کە جڵەوی ئەسپەکانی بەردا و
ئاسمان هەمووی بوو بە ئاگر کە ئێستایش جێی دیارە
لە من زیاتر ترسابێ. (١٠٨)
یان (ئیکارۆ)ی[٢٧] کلۆل کە هەستی کرد
باڵەکانی لەبەر گەرمیی مۆمدا ڕووت دەبێتەوە و
باوکی قیڕاندی: (کوڕم، ڕێگەیەکی خراپت گرتووە!) (١١١)
باوەڕ ناکەم بەقەد من ترسابێ،[٢٨]

کاتێ دیم دەورم هەوایەکی چڕ و خەستە و
لە دڕندەکە زیاتر هیچ نابینم. (١١٤)
دڕندەکە هێدی هێدی، وەک مەلە بکا، دەڕۆیشت
خولی دەخواردەوە و شۆڕدەبووەوە. هەستم بە (با)یەک دەکرد
لە خوارەوە دەهات و لە ڕووی دەدام. (١١٧)
لە لای ڕاستەوە گوێم لە دەنگی تاڤگەیەک[٢٩] بوو
لە ژێرەوە هاشەیەکی زراوتەقێنی لێوە دەهات
سەرم دانەواند و چاوم بڕییە خوارەوە. (١٢٠)
هەترەشم لەبەر بوونەوە چوو
هەر ئاگر بوو دەمدی و هەر قیژە و ناڵە بوو دەمبیست.
بە لەرزەلەرز توند قاچەکانم بە یەکەوە نووساند. (١٢٣)
شتی وام بینی، پێشتر نەمدیبوو
لە هەموو لایەکەوە هاوار و زەنا نزیکدەکەوتەوە و
بە خول و دەور ژێردا دەچووین. (١٢٦)
وەک بازێک ماوەیەکی زۆر لەسەر باڵ بێ و
نە نێچیرێک و نە سەرخۆرکەیەک[٣٠] ببینێ،
کە بازەوان پێی بڵێ: (ئاخ، ئەوە کووزە دەکەی!) (١٢٩)
ئینجا بە هەراسانی بێتەوە و شوێنی خۆی و
دوای سەد خول، بە پەست و نائومێدی
لە دوور ئاغاکەی هەڵبنیشێ. (١٣٢)
(جیریۆن) بەم شێوەیە ئێمەی لە خوارەوە،
لە پاییبنی شاخی ڕک دانا و
کە هەستی کرد باری ئێمەی لەسەر پشت نەما (١٣٥)
وەک تیرێ لە کەوان دەرچووبێ، بزر بوو! (١٣٦)

## پەراوێزەکانی سروودی حەڤدەم

١. ئەم سرووده، سروودی ناحەزانی هونەره، سروودی سووخۆرانە، سروودی (جیریۆن)ە.

٢. مەبەست (جیریۆن)ە. جیریۆن بەرەچەڵەک یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ئەفسانەی یۆنانی. پاشای ئیبیریا Iberia (ئەسپانیا و پورتوگال) بوو. خاوەن چەند مانگایەکی سوور بوو. هەرکەسێ پێی بنایەتە وڵاتەکەی، بە ناوی میوانداریيەوە دەیبردە کۆشکی خۆی و فڕێیدەدایە بەر گا کێوییەکانی خۆی. هەرقەل ویستی گاکانی جیریۆنی بە دەست بێنێ. ڕووەو ڕۆژاوا ملی بە دەشت و بیابانەوە نا، تا گەیشتە سەر دەریا. لەوێ جیریۆنی دۆزییەوە و کوشتی.

دانتی شکڵێکی تایبەتی بە جیریۆن داوه، لە داهێنانی خۆیەتی. جیریۆن لای دانتی سەری مرۆڤێکی قۆزه، لەشی خشۆکە، کلکی دووپشکە. ڕەمزی ناپاکییە، هەر بۆیەش دانتی کردوویەتی بە پاسەوانی ئەڵقەی هەشتەم. کە جێگەی ناپاک و خیانەتکارانە.

٣. هەموو دونیا دەلەوتێنێ، چونکە ڕەمزی خراپەیە.

٤. واتە لە نزیک کەناری فلیجیتونتی.

٥. واتە فێڵباز هەمیشە فێڵێک یان چەند فێڵێک بۆ کاتی پێویست دەشارێتەوە و ئاشکرای ناکا.

٦. ئەم نیگار و پوولەکانە، ڕەمزی فێڵ و ساختەبازین، پیاوی ناپاک بۆ تەفرەدانی خەڵک بەکاریان دێنێ.

٧. تورک و تەتەر بە قوماشی زرقی و بە بریقوباق بەناوبانگن.

٨. ئاراگنی Aragne (ئاراکنای Aracnae): کچێ بوو، بە گوێرەی ئەفسانەی یۆنانی دەستێکی باڵای لە فێڵ و ساختەکاریدا هەبوو. خۆی بە ئاوقەرانی ئاتینا Athena (منێرڤا)ی خودانی ئەقڵ و فێڵبازی دەزانی. ئاتینا ڕقی لێ هەستا و داوای پێشبڕکێی لێ کرد و کردی بە داپیرۆچکە. (ئاراکنای بە یۆنانی یانی داپیرۆچکە) بۆ ئەوەی هەتا هەتا هەر خەریکی تەونکاری بێ.

٩. ئەڵمانییە زگۆنی و چڵێسەکان. زگۆنی و مەیخۆریی ئەڵمانەکان لە کۆنەوە باو بوو.

١٠. سەگڵاو: گیاندارێکی ئاوییە. نیوەی لەشی لە ئاو دێنێتە دەرەوە و نیوەکەی تری هەر لەناو ئاوە. بە ڕاوە ماسی دەژی.

١١. ئەمە دووەمین جارە دانتی و ڤیرجیلیۆ، لەناو دۆزەخدا، بەرەو لای ڕاستە وەردەسووڕێن. ئەم وەرچەرخانە بەرەو لای ڕاستە، کە بێشک دانتی بە ئەنقەس

هێناویەتی، جێگەی گفتوگۆی زۆرە لەناو کۆمیدیاناساندا. هەندێ بڕوایان وایە دانتی مەبەستی ئەوەیە باشترین ڕێگە بۆ دژایەتیکردنی زۆرداری و فێڵبازی، ڕێگەی ڕاستییە (ڕێی ڕاست- الصراط المستقیم). هەندێکی تر دەڵێن دانتی دەیەوێ بڵێ فرتوفێڵ هەمیشە ئەدگاری خۆی بە پێچەوانەوە پێشان دەدا، تا ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە. جا لەبەر ئەوەی ئەم جانەوەرە هەمیشە ڕوو لە لای چەپەیە (خراپە و تاوان)، بۆ شاردنەوەی ئەم سروشتەی خۆی، ڕووی کردووەتە لای ڕاستە بۆ ئەوەی خەڵک تەفرەبدا.

١٢. مەبەست بەشی کۆتایی ئەڵقەی حەفتەمە. لە لێواری هەڵدێرەکەوە بەرەو ئەڵقەی هەشتەم دەچن.

١٣. کە گەیشتنە بەردەرگای شاری (دیتی)، ڤیرجیلیۆ بە تەنیا چووە لای شەیتانەکان، بۆیە دانتی گوێی لێ نەبوو چیی پێ گوتن. دانتی بە تەنیا چووە لایەکی دی، تا قسە لەگەڵ هەندێ لە جەفاکێشەکان بکا.

١٤. کیسە: ڕەمزی پارە و قرچۆکییە، سووخۆرەکان هەمیشە کیسەی پارەیان پێیە.

١٥. دانتی لێرەدا لە تاقمی ڕبیدەخۆر و پارەگۆڕەوان ڕاست هاتووە. ئەمانە یەکەو کیسەیان بە ملەوەیە. هەر کیسەیەک دروشمی تایبەتی بە خاوەنەکەی لەسەرە، چونکە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەر بنەماڵەیەک دروشمێکی تایبەتی خۆی هەبوو، پێی لە بنەماڵەکانی دی جوودا دەکرایەوە.

١٦. بە تەماشاکردنی کیسە پارەی ملیان، ئازار دەخۆن: ئەمە جۆرە ئەشکەنجەدانێکی دەروونییە.

١٧. وێنەی شێری شینی ئاسمانی لەسەر زەمینەیەکی زەردی زێڕین، دروشمی بنەماڵەی (جیانفیلیاتسی Gianfigliazzi)ی ناسراوی فلۆرەنسایی بوو کە زۆربەیان پارەگۆڕەوەی ناسراو بوون. هەرە بەناوبانگەکەیان کاتیلۆ دی ڕوسۆ جیانفیلیاتسی بوو کە دەزگایەکی پارەگۆڕینەوەی لە فەڕەنسا دانابوو. لەوە دەکا ئەو ڕۆحە دۆزەخییەی دانتی تووشی هاتووە، ئەم کاتیلۆیە بێ. جێی سەرنجە ئەم بنەماڵەیە ساڵی ١٢١٥ گەلف بوون، پاشان بوون بە پاپایی و ئینجا گەلفی ڕەش.

١٨. وێنەی قازی سپی لەسەر زەمینەی سوور، دروشمی بنەماڵەی ئوبریاکی Ubriachi بوو لە فلۆرەنسا. ئەمانە لە سەرکردە سیاسییەکانی گیبیللینییەکان و لە پارەگۆڕەوە ناودارەکان بوون. ئەوەی دانتی دیویەتی، ڕەنگە (چاپۆ ئوبریاکی)ی سەرۆکی بنەماڵەکە بێ.

١٩. وێنەی مالۆسی شینی قەڵەو لەسەر زەمینەی سپی، دروشمی بنەماڵەی (سکرۆڤینی Scrovigni)ی بوو لە پادوا. ئەوەی دانتی دیویەتی، ڕەنگە (ڕیجینالدۆ سکرۆڤینی)ی پارەگۆڕەوەی ناودار بێ. (جیوتۆبانی) کوڕی بوو بە نیگارکێشێکی بەرز و بەناوبانگ.

٢٠. ڤیتالیانۆ Vitaliano: ڕەخنەگر و کۆمیدیاناسەکان ڕایان لەبارەی دەستنیشانکردنی ئەم کەسێتییە جیایە. ئایا دانتی مەبەستی (ڤیتالیانۆ دیل دینی)یە، یان (ڤیتالیانۆ دی یاکۆپۆ ڤیتالیانی)ی پارەگۆڕەوەی گەورە و ناوداری پادوایە! زانیاریی زۆری لەبارەوە نییە. دانتی دەڵێ (هاوسێکەم) مانای وایە هەردووکیان خەڵکی یەک شارن. ئەم پیاوە لە سەرەتای سەدەی چوارەمدا لە ژیاندا بووە.

٢١. واتە لە هاوشاریی ئەوانە بێزارم.

٢٢بیکی Bechi: واتە بزن. بنەماڵەیەکی ناسراو بوون، دروشمیان سێ بزنی ڕەش بوو لەسەر زەمینەیەکی زەردی زێڕین. (بیکی) بە ئیتالی واتە (بزن). ئەم نازناوە بۆ (جیۆڤانی دی بویا مۆنتی) بەکار هاتووە کە لە فلۆرەنسا، بە گەورەی ڕبێدەخۆر و پارەگۆڕەوەکان دادەنرا.

٢٣. چوارتا quartana: جۆرە (تا)یەکی دەورییە. هەر چوار ڕۆژ جارێک دەیگرێ و لەرزی لەگەڵدایە. ئاخۆ دەبێ ناوی شاری چوارتای خۆمان لەوەوە نەهاتبێ!

٢٤. ئەوەی نەخۆشیی چوارتای لێ بێ، کە هەست بە سەرما دەکا، لەرزی دێتێ، بۆیە لە سێبەر دەترسێ، چونکە سێبەر ساردترە لەبەر هەتاو.

٢٥. دانتی دەترسا لە سەر پشتی جانەوەرەکە بەربێتەوە.

٢٦. فیتۆنی Fitone (بە یۆنانی: فایتۆن Phaeton): لە ئەفسانەی یۆنانیدا فایتۆن کوڕی (فۆیبوس phoebus)ی خودانی خۆرە. داوای لە باوکی کرد ڕێی بدا ڕۆژێ لەباتی ئەم ببێ بە عارەبانچیی خۆر لە ئاسمان. باوکی ئیزنی دا، بەڵام فایتۆن دەرەقەتی بەرزەفتکردنی ئەسپە سەرکێشەکانی ئەم عارەبانەیە نەهات. ئەسپەکان کەوتنە چەمووشی و فایتۆنیان لەسەر ڕا بەردایەوە، ئینجا ئەسپەکان کە ئازادبوون، تێیانتەقاند و زیاد لە ڕادەی خۆیان لە ئاسمان نزیککەوتنەوە و خۆرەکە چەند لایەکی ئاسمانی سووتاند، خودای خودانان لێیان ڕاپەڕی و گرتنیە بەر چەخماخە و هەمووی سووتاندن. گوایە ڕێی سپیی کاکێشان لە ئاسماندا، شوێنی ڕۆیشتنی ئەو عارەبانەیەیە.

٢٧. ئیکارۆ Icaro (بە لاتینی: ئیکارۆس Icaros) کوڕی دیدالوس بوو، لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە:

دیدالۆسی باوکی ئیکارۆس پەڕوباڵی بۆ خۆی و بۆ کوڕەکەی دروستکرد و بە شەمیّ لە لەشی خۆیان قایمکرد، بۆ ئەوەی پێی بفڕن و لە دوورگەی کریت ڕابکەن. دیدالۆس بە ئیکارۆسی کوڕی گوت، زۆر بەرزنەبێتەوە و لە خۆر نزیک نەکەوێتەوە، نەوەک شەمێکە دەتوێتەوە و پەڕوباڵی هەڵدەوەریّ و بەردەبێتەوە. ئیکارۆس بەگوێی باوکی نەکرد. زۆر بەرزبووەوە. گەرمای خۆر مۆمەکەی تواندەوە و پەڕوباڵی لێبووەوە و کەوتە ناو دەریای ئیجە. ئۆڤید لە (داگەڕان)دا، چەند دێڕێکی لەسەر زاری دیدالۆس نووسیوە، جەرگ و دڵ دەتوێنێتەوە:

(ئیکارۆس، ئیکارۆس، چیت لیّ هات؟ لە کویّ بەدووتدا بگەڕێم، هۆ ئیکارۆس!)

٢٨. دانتی لێرەدا، لە فایتۆن و ئیکارۆسیش زیاتر ترساوە.

٢٩. ئەمە ڕووباری فلیجیتۆنتییە کە لە ئەڵقەی حەفتەمەوە دادەڕژێتە ناو ئەڵقەی هەشتەم.

٣٠. سەرخۆرکە: پارچە داریّ بوو لە شێوەی باڵندەیەک دروست دەکرا، پەڕی باڵندەی لیّ دەدرا. بازەوان بۆ ڕاکێشانی بازەکانی ئاسمان بەکاری دەهێنا. کە بازەکان نزیک دەکەوتنەوە، ڕاوی دەکردن. وەکو کەوی ڕەبادی لای خۆمان.

***

# سروودی هەژدەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی یەکەم

## گەواد و بێناموسان

## دەستەی دووەم: مەراییکەران

کە دوو شاعیرەکە لەسەر پشتی جیریۆن هاتنە خوارەوە، خۆیان لە مالیبۆلجی، واتە لە دۆڵی بەڵا و نەهامەت، لە ئەڵقەی هەشتەمدا دۆزییەوە. مالیبۆلجی دابەش چەند دۆڵێک کرابووو وەکو خەندەکی قەڵای سەدەکانی ناوەڕاست وا بوون. شوێنەکە شوێنی خیانەتکاران بوو. هەر خەندەکەو جۆرە خاینێکی تێدا بوو. هەریەکە بە گوێرەی گوناهی خۆی ئازاری دەدرا. دانتی لە خەندەکی یەکەمدا، گەوادەکانی بینی کە ژنیان بۆ خەڵک دەبرد. شەیتانی شاخدار بە قامچی لێیاندەدان. دانتی یەکێ لە جەفاکێشەکانی ناسییەوە. ڤینیدیکۆ کاچانیمیکۆ بوو. کە خوشکی خۆی هان دا بۆ مارکێز فەرارا خیانەت لەگەڵ مێردی خۆی بکا. شاعیرەکان چوونە سەر پردێک، جەفاکێش بە بنیدا دەڕۆیشتن. دانتی هەندێ کەسی بینی ژنیان بۆ هەواوهەوەسی خۆیان تەفرەدابوو. وەکو جاسۆن کە بە قسەی شیرین هیپسیلی تەفرە دا و پاشان پشتی کرد. شاعیرەکان لە خەندەکەکەی تر گوێیان لە گریان و ناورانەوە بوو. چوونە سەر پردەکە، خەڵکانێکیان بینی لە پیسایدا نقووم بووبوون. دانتی ئەلیسیۆ ئیلترمینی خەڵکی لوکای ناسییەوە. تاییسی سۆزانیشیان بینی ڕنۆکی لە خۆی دەدا.



لەناو دۆزەخدا، شوێنێ هەیە (مالیبۆلجی)ی[2] پێ دەڵێن
هەمووی بەردە، ڕەنگی وەکو ئاسنە.[3]
وەک ئەو شاخە خڕەی٤ دەوری داوە. (٣)
لە ناوەڕاستی ئەم وارشە نگریسەدا،
بیرێکی٥ قووڵ و بەرین دەمی کردووەتەوە،
لە شوێنی خۆیدا باسی شێوەکەی دەکەم (٦)
لێوارێکی خڕ کەوتووەتە نێوان
بیرەکە و بنەوەی لێواری[7] بەردینی بەرز،
بنەوەی دابەشی دە [8] دۆڵ کردووە (٩)
وەک دەبینین، بۆ پارێزگاریی شوورە
ژمارەیەک خەندەک لە دەورەی قەلاکە دەکرێ،
بەسەر یەکەوە شکڵێکی تایبەتی وەردەگرن. (١٢)
هەموو خەندەکەکان ئەو شکڵەیان هەیە.
لە کۆسپەی قەلاکەشەوە، چەند پردێکی بچووک
دەپەڕنەوە ئەوبەری خەندەکەکان (١٥)
بەردی دەرزۆپیوی خەندەکەکە
تا سەر بیری ناوەڕاست دەچی
کە ڕایاندەگرێ و دەیانگرێتە خۆی. (١٨)
کە لەسەر پشتی (جیریۆن) دابەزیین،
خۆمان لەم شوێنەدا دۆزییەوە.
شاعیر ڕووی کردە لای چەپ و منیش شوێنی کەوتم (٢١)
لە لای ڕاستەوە، دیمەنی غەمگینی نوێ و
ئەشکەنجەی نوێ و ئەشکەنجەدەری نوێم بینی.
خەندەکی یەکەم پڕ بوو لەمانە.[9] (٢٤)
لە بنەوە، گوناهکارەکان ڕووتوقووت بوون
ئەوانەی ناوەڕاست ڕووبەڕووی ئێمە دەهاتن،
ئەوانەی تر، شانبەشانی ئێمە، بەڵام خێراتر دەڕۆیشتن. (٢٧)
ڕۆمانەکان، لە ساڵی یۆبیلەکەدا

ئەم ڕێگەیەیان، بۆ ئاپۆرە و شەماتەی زۆر دۆزییەوە.
بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لە پردەکە[10] بپەڕنەوە.
لە لایەکەوە، هەموو ڕوو بەرەو قەڵا[11] وەردەگێڕن
بۆ ئەوەی بچنە (سانتۆ پییترۆ)[12]
لە لاکەی ترەوە بەرەو چیا دەڕۆن[13]
لەسەر شاخی ڕەشباو، شەیتانی شاخدارم بینین
قامچی بە دەست.
بەبێ بەزەیی لە دواوە لێیان دەدان.
لەگەڵ زەبری یەکەمدا
قاچیان پێ هەڵدەبڕین! و قەت کەس
چاوەڕێی زەبری دووەم، یان سێیەمی نەدەکرد.[14]
کە دەڕۆیشتم، یەکێکم بینی، گوتم:
(یەکەم جار نییە ئەم پیاوە دەبینم!)
وەستام بۆ ئەوەی لە دەموچاوی وردببمەوە،
ڕابەری میهرەبانیشم لەگەڵ وەستا،
ڕێی دام چەند هەنگاوێک بکشێمەوە دواوە.
قامچیخۆرەکە سەری دانەواند، وایزانی
بەمە دەتوانێ خۆی بشارێتەوە، بەڵام بێهوودە بوو.
من گوتم: (هێ، کابرا! تۆ کە چاوت بڕیوەتە زەوی
ئەگەر سیمای دەموچاوت تەفرەم نەدا،
تۆ (ڤینیدیکۆ کاچیانمیکۆ)ی،[15]
لەسەر چی کەوتوویتە ناو ئەم سالسییە[16] بە سفتوسۆیە؟)
گوتی: (حەزم نەدەکرد پێت بڵێم،
بەڵام کە بەو زمانە ڕوونوڕەوانە دنەم دەدەی
دونیای کۆنم بیر دەکەوێتەوە.
من ئەو کەسەم کە (گیزۆ لابێللا)م[17] ناچار کرد
ڕادەستی ئارەزووی مارکێز[18] بێ.
ئەم شوورەییە هەرچی بێ!

لێرە هەر تەنیا من نیم بە (بۆلونی) دەدوێم.
ئەم شوێنە ئەوەندەی هی وەکو من تێدایە
لە نێوان (ڕینۆ) و (سێڤینا)دا،[19]
ئەوەندە (سیپا)[20] گۆیەنین.
ئەگەر بەڵگە، یان شایەتت دەوێ
ئیشتیای دڵی ئێمە بێنەوە بیر خۆت).
کە خەریک بوو ئەم قسانەی دەکرد، شەیتانێک
قامچییەکی خێواندێ و گوتی: (بڕۆ، گەواد،
ئێرە مەیدانی لەشفرۆشان نییە.[21])
چوومە لای ئەوەی یاوەریی دەکردم.
چەند هەنگاوێ لەولاتر، گەیشتینە
ملەشاخێک لە لێوارەکە دەرزۆپی بوو.
بە سووکی سەرکەوتینە سەر شاخەکە،
لەسەر ترۆپکەکەی، بەرەو لای ڕاست سووڕاینەوە
ئەم ئەڵقە جاویدانەمان جێهێشت.
کە گەیشتینە شوێنی چەماوەی پردەکە
قامچیخۆر بەژێریدا تێدەپەڕین،
ڕابەرەکەم پێی گوتم: (بوەستە با
چاوت بەم بەدتوخمانە بکەوێ
تۆ هێشتا چرۆچاوت نەدیون،
چونکە شانبەشانی ئێمە دەهاتن.)
لەسەر پردە کۆنەکە، سەیری ئەو ڕیزە کەسانەمان کرد
کە لە لای ترەوە بەرەو ڕووی ئێمە دەهاتن،
ئەوانیشیان داگرتبووە بەر قامچییان.
مامۆستای خاس، بێ ئەوەی لێی بپرسم،
خۆی پێی گوتم: (سەیری ئەو ڕۆحە گەورەیە بکە، وا دێ!
لەگەڵ ئەم ئازارە سەختەدا، فرمێسکی لە چاو نایە.
هێشتا سیمای شاهانەی پێوە ماوە!

ئەمە (یازۆن)ە[22] کە بە ئەقڵ و ئازایی
خوری زێڕینی[23] لە دەست (کۆلکی)یەکان[24] فڕاند. (٨٧)
بە دوورگەی (لێننو)دا[25] تێپەڕی،
تا ئەوسا، ژنە بوێر و دڵڕەقەکانی ئەوێ
هەموو پیاوەکانی خۆیان لەناو بردبوو.[26] (٩٠)
لەوێ بە ئاینوئۆین و بە قسەی لووس،
(ئیزیفیلی)ی کچە گەنجی لەخشتە برد،
ئەویش پێشتر ژنەکانی تری خاپاندبوو. (٩٣)
بە سکپڕی و تەنیایی، لەوێ جێی هێشت.
بەم گوناهە تووشی ئەم ئازار و ئەشکەنجەیە بوو،
تۆڵەی (میدیا)یشی لێ دەبێتەوە. (٩٦)
هەموو خاپینۆک و تەفرەدەرەکانی لەگەڵدایە.
ئەوەندە زانیاریی بەسە لەبارەی دۆڵی یەکەم و
ئەوانەی تیا هەلاهەلا دەبن و لێک دەپچڕێنەوە. (٩٩)
گەیشتینە ئەو ڕێچکۆڵە باریکەی
لەگەڵ بەربەستی دووەم یەکدی دەبڕن و
شوێنەکە دەبێ بە دینگەی تاقێکی تر. (١٠٢)
خەڵکانێکمان لە کەنارەکەی تر دی،
بە لووت دەیانپڕماند و دەیانشماند و
بە ناولەپ شەپیان لە خۆیان دەدا. (١٠٥)
کەوز و کەڕوو لێوەکانی داپۆشی بوو،
هەڵم و بوغی خوارەوە دەهات و وەکو هەویراو دەنیشت
چاو و لووتی بەیەکەوە دەتووزاندەوە. (١٠٨)
ئەوەندە قووڵ بوو، مرۆڤ لە هیچ شوێنێ بنی نەدەدی
تەنیا ئەگەر بچێتە سەر ترۆپکی پردەکە
کە بەسەر هەڵدێرەکەدا دەڕوانێ. (١١١)
هاتینە ئەوێ، سەیرم کرد، لەناو خەندەکەکەدا
خەڵکانێکم بینی لەناو گواو نقووم بووبوون،

گواوەکە لە ئاودەستی بنیادەمەوە دەهات!  (١١٤)
کە چاوم بە بنەوەدا گێڕا،
یەکێکم بینی سەری لەناو گوو بزر بووبوو،
نەتدەزانی، داخۆ قەشەیە[٢٧] یان ڕەشەوەند! (١١٧)
بەسەریدا قیژاندم: (تۆ بۆچی ، لەم هەموو دزێوانە
وردتر سەیری من دەکەی؟)
منیش پێم گوت:  (چونکە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم  (١٢٠)
پێشتر تۆم بە قژی وشکەوە دیوە.[٢٨]
تۆ (ئالێسیۆ ئینتێرمینێی)ی[٢٩] (لوککا)ییت،
بۆیە لەوانی دی وردتر، سەیرت دەکەم.)  (١٢٣)
بە هەردوو دەست لە تەپڵی سەری[٣٠] خۆی دا:
(لەبەر مەرایی زمانم نەدەچووە کالان،
ئەو مەراییە بوو نوقمی ئەم قوولاییەی کردم.)  (١٢٦)
ڕابەرەکەم پێی گوتم: (هەوڵ بدە، بڕەک سەرت ببەیتە پێشەوە
بۆ ئەوەی چاوت چاک بکەوێتە سەر ڕووی  (١٢٩)
ئەو ژنە قژن و پیسوپلۆخە
کە بە ڕنۆکی گواوی لەشی خۆی دەڕنێتەوە و
گاوێ هەڵدەترووشکێ و تاوێ هەڵدەستێتەوە.  (١٣٢)
ئەمە (تاییدە)ی[٣١] سۆزانییە، کە دۆستەکەی لێی پرسی:
(ها، چۆنم بۆت؟ ڕات لێمە؟)
وەڵامی دایەوە: (تۆ موعجیزەی، موعجیزە!)[٣٢]  (١٣٥)
ئیدی ئەوەندەی لێرە دیمان، بەسە!  (١٣٦)

## پەراوێزەکانی سروودی هەژدەم

١. ئەم سرووده، سروودی ئەو کەسانەیە ژنیان تەفرەداون.

٢. مالیبۆلجی Malebolge: ئەم وشەیە لە داڕشتنی دانتی خۆیەتی. وشەکە لێکدراوە، لە دوو وشەی سادە پێکهاتووە: (مالا mala) واتە خراپ و (بۆلجیا Bolgia) واتە (خەندەک یان قورت)، واتە خەندەکی خراپە، یان دۆڵی خراپە. ئێرە شوێنی ئازاردانی خاین و ناپاکانە.

٣. خاین و ناپاکەکان دڵیان ڕەقە، بە هەموو جۆرێ خەڵک تەفرەدەدەن، بۆیە ئەم ناوچەیەی تێیدان هەمووی بەردە. دڵڕەقیی خۆیان و بەردەڵانی ناوچەکەیان لەگەڵ یەک دەگونجێن.

٤. ئەمە ئەڵقەی هەشتەمە.

٥. بیر: مەبەست ئەڵقەی نۆیەمە کە دوائەڵقەی دۆزەخە.

٦. ئەڵقەی حەفتەم.

٧. ئەم ئەڵقەی هەشتەمینە دابەشی دە خەندەک، یان دە دۆڵ بووە. هەریەکە تاقمە خاینێکی تێدایە کە جۆری ناپاکییەکەیان جیایان دەکاتەوە.

٨. دانتی ئەم وێنەیەی لە خەندەکی ئاوی دەوری قەڵاکان وەرگرتووە کە کاتی خۆی ئەم جۆرە خەندەکەیان لێ دەدا و ئەو جۆگەیەیان هەڵدەبەست تا ببێتە بەربەست لە بەردەم دوژمن لە کاتی هێرش کردنە سەر قەڵادا.

٩. ئەمانە ئافرەتیان هەڵخەڵەتاندوون، چ بۆ خۆیان و چ بۆ خەڵکی تر.

١٠. پردەکەیان کردبوو بە دوو لا: لایەک بۆ چوون، لایەک بۆ هاتن، بۆ ئەوەی پەڕینەوە ئاسان بێ.

١١. قەڵا Castello: ئاماژەیە بۆ قەڵای بەناوبانگی (سانت ئانجیلۆ Sant Angelo) کە دەکەوێتە سەر کەناری ڕووباری بەناوبانگی (تیڤیری Tevere) لە ڕۆما.

١٢. سانتۆ پییترۆ Santo Pietro: ئێستا پێی دەگوترێ (سان پییترۆ). سان پییترۆ (القدیس بطرس) مەبەست کڵێسەی گەورەی ڕۆمایە. پاپا دابی ئایینیی تێدا جێبەجێ دەکا. ئەم کڵێسەیە لە جێگەی یاریگەی نیرۆن دروستکراوە. دەڵێن: پیر پترۆس ساڵی ٦٧ز لە شوێنی ئەو بەردەنووسانەی ئێستا لە گۆڕەپانەکەدان، شەهیدکراوە. قوستەنتینی گەورە، لە لایەکی یاریگا کۆنەکە، کڵێسەیەکی بۆ پیر پترۆس دروستکرد، نیو هێندەی کڵێسەی ئێستا نەدەبوو. دەوری یازدە سەدە مایەوە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی (١٦)دا شەقی برد و نیکۆلای پێنجەم ساڵی ١٤٥٠ بڕیاری دا نووژەن و گەورەتری بکاتەوە.

پاپا پۆلسی دووەم کڵێسە کۆنەکەی ڕووخاند و ساڵی ١٥٠٦ بناغەی کڵێسەی ئێستای دارشت. هەریەکە لە لویسی دەیەم و پۆلسی سێیەم هەوڵیان دا تەواوی بکەن. زۆر ئەندازیار و هونەرمەند بەشدارییان تێدا کرد. دروستکردنی کڵێسەکە (١٧٢) ساڵی خایاند. جێگەی شەست هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.

١٣. چیا: مەبەست چیای جۆردانۆ (Giordano)یە. بە گوێرەی پردی سانت ئانجیلۆ، دەکەوێتە بەرامبەر ڤاتیکان و کڵێسەی سان پیترۆ.

ئیمپراتۆر هادویان ساڵی ١٢٦ پ.ز کۆشکێکی بۆ بنەماڵەی خۆی، لە شوێنی قەڵای سان ئانجیلۆ دروستکرد، پاشان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا قەڵاکە بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلاماری داگیرکەران دروستکرا. پاپاکان زۆر دەستکارییان تێدا کرد، بە تایبەتی ئەسکەندەری شەشەم. پاپاکان لە کاتی مەترسیدا خۆیان تێدا دەشاردەوە. ئێستا کراوە بە مۆزەخانە.

١٤. واتە: لەگەڵ زەبری یەکەم لەناوی دەبردن.

١٥. ڤینیدیکۆ کاچیانیمیکۆ Venedico Caccianimico: یەکێ بوو لە خانەدانەکانی شاری بۆلۆنیا، لە ئیتالیا. سەرکردەی گەلفەکانی ئەو ناوچەیە بوو. لە ماوەی ساڵانی ١٢٧٣- ١٢٨٣دا زۆر ئەرکی سیاسیی گەورەی گرتە ئەستۆ، بەڵام کابرایەکی پلەوپایەخواز بوو. بۆ پێشکەوتن و پایەوەرگرتن سڵی لە هیچ نەدەکردەوە. تەنانەت ئەوەشی کرد کە خوشکە نازدارەکەی خۆی خستە باخەڵی مارکێز دی فیرارا، ڕەنگە دانتی ئەو کاتەی لە بۆلۆنیا دەیخوێند، ناسیبێتی.

١٦. سالسی Salse: خەندەکێکی وێرانەبوو لە نزیک بۆلۆنیا، بە زۆری جەنازەی ئیعدامکراوەکانیان فڕێدەدایە ناوی، بۆیە شوێنێکی شووم بوو. سالسی لێرەدا ڕەمزی مەرگ و ئەشکەنجەیە.

١٧. گیزۆلابێلا Ghisolabella: خوشکی ڤینیدیکۆ کاچیانیمیکۆ بوو. وشەکە لە دوو پارچە پێکهاتووە: گیزۆ ghiso ناوی کچەکەیە، (لابێلا la bella) واتە جوان. وشەکە دەبێ بە گیزۆی جوان. ژنی نیکۆلا دافونتانا بوو.

١٨. مارکی Marche یان مارکێز، زۆر لە گوینە مەبەستی دانتی مارکێز ئۆبیتسۆ دیستی Obitzzo d'Este بێ کە یەکێ بوو لە خانەدانەکانی ناوچەی فیرارا. باو بوو، گوایە ڤینیدیکۆ، بۆ ئەوەی دڵی ڕازی بکا و بۆ لای خۆی ڕایبکێشێ، خوشکە جوانەکەی خۆی خستە باوەشی.

١٩ساڤینا Savena و ڕینۆ Reno دوو ڕووبارن له ئیتالیا. له چیای (ئاپنین) ئاویان کۆ دەکەنەوە، یەکەم بەرەو ڕۆژهەلات و دووەم بەرەو ڕۆژاوای بۆلۆنیا دەڕوا.

٢٠.سیپا Sipa: وشەیەکە خەڵکی بۆلۆنیا، بە زاری ناوچەیی خۆیان لەباتی وشەی (Si-بەڵی) بەکاری دێنن. مەبەستی دانتی لە (سیپاگۆ) ئەو کەسانەن کە لە قسەکردندا (سیپا) بەکاردێنن و ئاماژەیە بۆ خەڵکی بۆلۆنیا. مەبەستی ئەو ڕۆحە دۆزەخییە ئەوەیە ژمارەی ئەو بۆلۆنیاییانەی بە تاوانی گەوادی خراونەتە ئەم ئەڵقەیەی دۆزەخ، لە ژمارەی سەراپای خەڵکە زیندووەکەی ئەو شارە زیاترن. گوایە خەڵکی بۆلۆنیا، هەر لە کۆنەوە، ئەم ڕەوشتەیان هەبووە، دەڵێن ئێستایش هەر وان.

٢١. ئاماژەیە بۆ گەواد و بێناموس و داوێنپیسان کە هەتاهەتایە لەناو ئەو حەڵقەیەدا، بە شێوەی ئەڵقەیی لە خولانەوەدان.

٢٢. جازۆن: Giazone (یاسۆن) بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، یاسۆنی کوڕی پاشای هەرێمی (تسالیا)ی ئیتالیا بوو. دەیەویست بە هەر جۆرێ بێ خوریی زێڕ بەدەست بێنێ کە لە وڵاتی (کۆلکی)یەکاندا بوو. پاسەوانی مێگەڵە مەڕە خوڕی زێڕەکە، ئەژدیهایەک بوو قەت چاوی نەدەچووە خەو. (میدیا Medea)ی کچی پاشای ئەو وڵاتە، کە چاوی بە (یاسۆن) کەوت، ئەشقی بوو و فێری کرد چۆن ئەژدیهاکە بخاتە خەوەوە و مەڕەکان بدزێ. (یاسۆن) بەم یارمەتییەی میدیا توانیی مەڕەکان بدزێ، بەڵام هەر زوو وازی لە میدیا هێنا و پەیوەندیی دڵداریی لەگەڵ کچێکی تر دامەزراند بە ناوی کریوزا Creusa و گەڕایەوە وڵاتی خۆی.

یاسۆن لە گەڕانەوەدا ڕێی کەوتە دوورگەی لینۆ (لیمنۆس). ئەو دوورگەیە، ئەو کاتە لە ئاژاوە و پشێویدا دەژیا، چونکە ماوەیەک پێشتر (زوهرە)ی خودانی عیشق ڕقی لە ژنەکانی ئەو دوورگەیە هەستا، پیاوەکانی بێتاقەت کرد لە چوونە لای ژنەکانیان. ژنەکان لە ساردی و کەمتەرخەمیی درێژخایەنی مێرد و دۆستەکانیان، لێیان بەقینا چوون و قڕە و ناکۆکییان کەوتە بەین. هەموو ژەهریان بۆ مێردەکانیان لە خواردن کرد و هەموویان کوشتن.

لەم ناوەدا تەنیا ئیزیفیلی (Isifile)ی (بە یۆنانی: Hypsipylae) کچی توانتی (تۆواس)ی پاشای ئەم دوورگەیە بە درۆ خەبەری بە ژنەکانی دوورگەکە دا کە باوکی کوژراوە، بەمەوە باوکی خۆی لە مردن ڕزگار کرد. یاسۆن کە ڕێی کەوتە دوورگەکە، مردن نەیگرتەوە، چونکە خەڵکی دوورگەکە نەبوو، ڕێبوار بوو. دڵی کچی پاشای بۆ خۆی ڕاکێشا. دەستیان تێکەڵ کرد و لە جووتبوون نەپرینگانەوە. ئاخیری

کچی پاشا، سکی له یاسۆن بوو، بەڵام یاسۆن دوای ماوەیەکی کەم، وازی لەم کچەیش هێنا و بەجێی هێشت.

٢٣. واته به فێڵ و ئازایی بەرانی زێڕینی له دەست دەرهێنان.

٢٤. (کۆلکی)یەکان Colchi: گەلێکی کۆن و دێرین بوون له باشووری قەوقاز و کەناری دەریای ڕەش دەژیان.

٢٥. دوورگەی لینۆ (لیمنۆس) یەکێکه له دوورگەکانی یۆنان. یاسۆن له چوونه لای (کۆلکی)یەکان، بەو دوورگەیەدا تێپەڕی.

٢٦. ژنەکان هەموو نێرینەکانیان کوشت، چونکه پیاوەکان پشتیان تێ کردبوون و نەدەچوونه لایان، ژنیان له (تتسالیا) هێنابوو بۆ بەزم و ڕابواردن.

٢٧. قەشه مەسیحییەکان به زۆری تۆقەڵەی سەری خۆیان دەتاشی. ئەمه نیشانەی تایبەتی خۆیان بوو. دانتی مەبەستی ئەوەیه بڵێ: ئەم دۆزەخییانه لەبەر ئەوەی سەروسەکوتیان پیسه، دیار نییه داخۆ موویان به سەرەوه هەیه، یان نا؟ واته نازانرێ داخۆ قەشەن، یان خەڵکی ئاسایی؟

٢٨. واته: کاتێ که تۆ لەسەر دونیا بووی، قژت ئاوها پیس نەبوو.

٢٩. ئالیسسیۆ ئینتێرمینی Alessio Interminei ئەم پیاوه ناوی ڕاستەقینەی خۆی ئینتێرمینی بوو. شۆڕەسوار و خانەدانێکی شاری (لوککا) بوو. ساڵی ١٢٩٥ له ژیاندا بوو، واته هاوچەرخی دانتی بوو.

زانیاری زۆری لەبارەوه له بەردەستدا نییه. ئەوه نەبێ گوایه به هەڵخەڵەتاندنی ژنان بەناوبانگ بوو.

٣٠. له دەقی ئیتالیدا وشەی (کودوو) بۆ (سەر) بەکارهاتووه، له کوردیشدا هەندێ جار سەری کودوو بۆ سەرێ بەکار دێ که به گوێزان لووس تاشرابێ. له ئیتالیدا سەری کودوو مانای سەری پووک و بێمێشک دەدا، واته (کەللەی پووک).

٣١. تاییدی Taide (به لاتینی تایس): یەکێ له جنده و حەشەرییه ناودارەکانی ئاتین بوو. ئەم تایسه جیایه لەو تایسەی به دەستی ئەسکەندەر ئاگری له تەختی جەمشید بەردا. ئەم جنده ئاتینییه پاڵەوانی سەرەکیی کۆمیدیای (خەساو-Eunuchus)ی (تیرینتیوس)ی شاعیری ڕۆمانیی سەدەی دووەمی پێش زایینییه.

٣٢. واته به زار قسەیەک دەکا، کەچی به دڵ جۆرێکی تره، خیانەت لەگەڵ عاشقەکەی دەکا.

***

# سروودی نۆزدەم [1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی سێیەم

## فرۆشیارانی ماڵ و پایەی ئایینی

شاعیرەکان گەیشتنە دۆڵی سێیەم کە شەمعوونییەکانی تێدا ئەشکەنجە دەدرێ. دانتی لە بنی ئەم دۆڵەدا، هەندێ کونی وەکو یەکی بینی لە جۆرنی ئاوەمۆری سان جیۆفانییان دەکرد لە فلۆرەنسا. دانتی کاتی خۆی جۆرنێکی وای شکاند بۆ ئەوەی منداڵێک لە مردن ڕزگار بکا. هەر کونێک و دوو قاچی جەفاکێشێکی لێ هاتبووە دەرێ کە بە هۆی تاوانەکەیانەوە لنگەوقووچ بووبوون. بنی پێیان ئاگری لێ هەڵدەستا. دانتی پرسیاری لە جەفاکێشێک کرد. ئەو شوێنە پاپا نیکۆلای سێیەمی لێ بوو کە بە خۆشەویستیی ماڵ و سامان بەناوبانگ بوو. نیکۆلا وای زانی دانتی بۆنیفاچۆی هەشتەمە پێش وادەی خۆی هاتووەتە دۆزەخ. هەڕەشەی لێ کرد کە چاوچنۆکە و کڵێسەی عەیبدار کردووە، بەڵام دانتی مەسەلەکەی بۆ ڕوون کردەوە. سەرکۆنەی کرد لەسەر گوناهەکانی و گوتی پیر پترۆس بە ماڵ و سامان دوو کلیلەکەی لە مەسیح وەرنەگرتووە. زێڕ و زیوپەرست لە بتپەرست خراپترن. دانتی ئیمپراتۆر قوستەنتینی بە لێپرسراوی ئەو خراپانە دانا، چونکە پارەی بە پاپا سلڤیسترۆ دا و بەمەوە کڵێسەی تووشی گەندەڵی کرد. ڤیرجیلیۆ پێی خۆش بوو گوێی لە قسەی دروستی دانتی بوو. دانتیی هەڵگرت و بردییە پێبازۆکی نێوان کەناری چوارەم و کەناری پێنجەم و بە نەرمی لەسەر ڕێگەی دانا. لێرەدا دانتی دۆڵەکەی دواتری لێ دەرکەوت.



ئەی شەمعوونی جادووکەر،[٢] ئەی پەیڕەوکەرە بەدبەختەکان،
ئەی چاوچنۆکەکان، کە شتەکانی خوا
بۆ زێڕ و زیو دەکەن بە زناعکار![٣] (٣)
کە دەبێ تەنیا لە خزمەتی چاکەدا بێ،[٤]
پێویستە کەڕەناتان بۆ لێبدرێ،
کە لەناو خەندەکی سێیەمدان. (٦)
چووینە سەر گلکۆکەی[٥] دواتر
بۆ سەر ترۆپکی شاخەکەی ئەملا
کە بەسەر ناوەندی بیرازەکەدا دەیڕوانی. (٩)
ئەی (دانایی) هەرەبالا، تۆ چ هونەرێک دەنوێنی!
لە ئاسمان و لەسەر زەوی و لە دونیای شووم،[٦]
چاکە و نیعمەتی خۆت بە دادوەری دابەش دەکەی! (١٢)
لە بنی بنەوە و لە لاتەنیشتەکانەوە
بەردی شینباوی کونکونم بینی
کونەکان خڕ و وەک یەک بوون. (١٥)
نە بچووکتر و نە گەورەتر
لەو جورنانەی لە (سان جیۆڤانی)ی[٧] نازارداری من،
بۆ ئاوەمۆرکردن دروستکراون. (١٨)
من بووم پێش سالێ، یەکێکم لەو جورنانە شکاند،[٨]
بۆ ئەوەی منداڵێکی لێ دەربێنم کە وەخت بوو بخنکێ،
با ئەم قسەیە بەڵگە بێ و گومان لەسەر کەس نەهێڵێ (٢١)
قاچی هەر گوناهکارێک، تا قولەپێ
لە زارکی کونێک هاتبووە دەرێ و دەجوولایەوە
هەموو لەشیشی لەژێرەوە بوو.[٩] (٢٤)
گڕ و بڵێسە لە بنی هەردوو پێیانەوە هەڵدەستا
گۆزینگیان ئەوەندە بە توندی ڕادەتەکاند
کندڕ و پەتی مووی دەپچڕاند. (٢٧)
چۆن کاتێ ئاگر لە شتێکی چەور بەردەبێ،

بەسەریدا دەڕوا و بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ
ئاگرەکەی ئەوانیش، لە پاژنەوە بۆ سەر پەنجەکان دەڕۆیشت. (٣٠)
گوتم: (مامۆستا، ئەوە کێیە،
لەناو بڵێسەیەکی سووردا دەسووتێ و لەبەر قینی خۆی
لە هاودەردەکانی زیاتر پێچ دەخواتەوە.) (٣٣)
گوتی: (ئەگەر دەتەوێ بەو قەدپاڵە ماتەدا دەتبەمە ئەوێ
لە زمانی خۆی ببیسە: کێیە و گوناهی چییە؟) (٣٦)
گوتم: (چی تۆ حەز بکەی، من دڵم پێ خۆشە.
تۆ مامۆستای منی، لە دەستووری تۆ لانادەم.
قسەیش نەکەم، تۆ دەزانی چم لە دڵدایە). (٣٩)
بەسەر لێواری چوارەمدا تێپەڕین،
سووڕاینەوە و بە لای دەستەچەپدا شۆڕبووینەوە،
ڕوومان کردە بنەوە. تەسکوتریسک و کونکون بوو. (٤٢)
مامۆستای خاس لەسەر نێکی خۆی دایگرتمە خوارێ
بردمییە لای یەکێ
زۆر بە کوڵ و کۆ بە قاچەکانی دەگریا[١٠] (٤٥)
هەڵمدایێ و گوتم: (تۆ هەرکێ هەیت! کە ئاوا لنگەوقووچی،[١١]
ڕۆحێکی جەفاکێشی و وەک بزمار داکوتراوی!
ئەگەر دەکاری قسەم بۆ بکە!) (٤٨)
وەک قەشەیێ بووم، گوێ بگرێ
ددانپیانان لە زەلامکوژێکی ناپاک وەربگرێ.[١٢]
لەناو قۆرتێکدا بێ، هەر قسە بکا تا مەرگی دوابکەوێ.[١٣] (٥١)
بەسەریدا قیژاندم:[١٤] (ئەوە تۆی، لەوێ؟
(بۆنیفاچۆ)، ئەوە تۆی؟
کتێبی چارەنووس[١٥] چەند ساڵێک تەفرەی دام. (٥٤)
تۆ ئاوها زوو لە زێڕ تێربووی،
کە بۆ خاتری ئەو زێڕە خیانەتت لەگەڵ
خاتوونی نازدار[١٦] کرد و تێکوپێکت دا.) (٥٧)

وەک ئەو کەسەم لێهات  هێدم بیگرێ و توون بێتەوە
نەزانێ چیی بیستووە و
نەزانێ چی وەڵامم بداتەوە. (٦٠)
ڤرجیلیۆ گوتی: (زوو پێی بڵێ!
بڵێ: (من ئەو کەسە نیم کە تۆ بۆی چووی!)
منیش بە قسەی مامۆستام کرد و ئەو وەڵامەم دایەوە. (٦٣)
قاچەکانی توند جووڵاندەوە،
بەدەم ئاخینک و بە دەنگێکی گرینۆک
گوتی: (ئەی چت لە من دەوێ؟   (٦٦)
مادام ئەوەندەت مەبەستە بزانی من کێم و
بۆ ئەم مەبەستە بەم قەدپاڵەدا هاتبێتە خوارێ،
من ئەوەم لە دونیادا (جوببەی مەزن)م[١٧] لە بەردا بوو.  (٦٩)
من ڕاستی کوڕی دەڵەورچ بووم[١٨]
ئەوقاس چاوتەنگ بووم بۆ پێگەیاندنی بێچووەکانم،
لەسەر دونیا زێڕ و لێرەش خۆمم لەناو کیسە نا،   (٧٢)
ئەوانەی دیش کە لە شەمعووناتی لە منیان تێپەڕاندبوو،
ئێستا لای من پاڵکەوتوون و[١٩]
لەناو کونەبەردان کزۆڵەیان کردووە.  (٧٥)
هەر هێندە، ئەو کەسە بێ[٢٠] و بگاتە جێ
کە تۆ بەو تێگەیشتم و بەلەز پرسیارم لێکردی،
یەکسەر بەردەبمەوە بنی بنەوە![٢١]  (٧٨)
من لەمێژە پێم دەسووتێ و
دەمێکە لنگەوقووچم
ئەو[٢٢] بەقەد من، بە پێ سووتاوی، لێرە نامێنێتەوە. (٨١)
شوانێکی خوانەناسی لە ئێمە گوناهبارتر[٢٣]
لە ڕۆژئاواوە دێ،
خۆیشی و منیش ڕووڕەش دەکا.[٢٤]  (٨٤)
ئەمە (یازۆن)ی تازەی[٢٥] (مەککابی)کانە

چۆن پاشای (یازۆن)ی یەکەم، لە بەردەم (یازۆن)دا ڕووخا،
فەرمانڕەوای فرانسایش بەرامبەر بەم (یازۆن)ە وای لێ دێ.[٢٦] (٨٧)
ڕەنگە نەختێ زیاد هەڵەشەییم کردبێ
کە بەم دەنگ و ئاوازە وەڵامم دایەوە:
(پێم بڵێ، سەروەر و گەورەمان یەکەم جار (٩٠)
داوای چ گەنجینەیەکی لە (سان پیێتر) کرد
بەر لەوەی کلیلەکانی دەسەڵاتی خۆی پێشکەش بکا؟[٢٧]
بێشک، تەنیا گوتوویەتی: (شوێنم بکەوە!). (٩٣)
کاتێ (ماتیا) لەو شوێنە دامەزرا،[٢٨] کە ڕۆحی بەدکار[٢٩]
خاپووری کردبوو. نە (پیێتر) و نە (ئەوانی تر)
نە زێڕیان لێ سەند و نە زیو.[٣٠] (٩٦)
ئاوا لێرە بە، تا باش بە سزای خۆت دەگەی،
ئەو پارەیە باش تەقەت کە، کە بە دەک و دەهۆ پەیدات کردووە و
ئاوا ئازا و بوێری کردووی بەرامبەر (کارلۆ)![٣١] (٩٩)
ئێستا، ئەگەر لەبەر خاتری
ڕێز و گەورەیی کلیلە پیرۆزەکان نەبێ
کە لە دونیای ڕوون و بەختەوەر هەڵتگرتبوو، (١٠٢)
زمانێکی تیژتر و سەختترم لێ دەخستیتە گەڕ
لەبەر چاوچنۆکیی تۆ، خەفەت دونیای داگرتووە،
تۆ کە چاکەکان دەچەوسێنیتەوە و چەتوونەکان بەرزدەکەیتەوە. (١٠٥)
یوحەننای ئینجیلی[٣٢] چاوی لە شوانێکی وەکو تۆ بوو
کاتێ ژنەی ئاونشینی بینی،
خۆی لەبەر پاشایان دەکرد. (١٠٨)
ئەو ژنە بە حەفتسەری لەدایک بووبوو،[٣٣]
دە قۆچی[٣٤] هەبوو، هێزی لەو دە قۆچەدا بوو.
مێردەکەی[٣٥] حەزی لە چاکە دەکرد. (١١١)
ئێوە خودانتان بۆ خۆتان لە زێڕ و زیو داڕشتووە
چ جیاوازیتان لەگەڵ بتپەرست هەیە،

ئەوەندەیە: (ئەو یەکێ دەپەرستێ و ئێوە سەد.) (١١٤)
ئەی (کۆستانتین)،[٣٦] ئیمانهێنانی تۆ نا،
بەڵکو ئەو قەڵەنەی یەکەم پاپای زەنگین لێی وەرگرتی،[٣٧]
چ قاس خراپە و بەدکاری لێکەوتەوە؟ (١١٧)
کە من ئەم ئاوازانەم بۆ دەچڕی،
چ لە تووڕەییان بێ و چ لە ئازاری ویژدان،
توندتوند قاچەکانی ڕادەوەشاند. (١٢٠)
ڕابەرەکەم ئەمەی زۆر بەدڵ بوو،
بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە، گوێی دابووە،
ئەو قسە ڕاستانەی من دەمکردن. (١٢٣)
بە هەردوو بازوو باوەشی پێدا کردم،
منی تەواو بە سنگی خۆیەوە نووساند و
بەو ڕێیەدا سەرکەوتەوە کە پێدا هاتبووە خوارێ. (١٢٦)
لە هەڵگرتنی من ماندوو نەبوو.
تا ترۆپکی تاقەکە بردمی،
کە کەناری چوارەم و پێنجەم بەیەکەوە دەبەستێتەوە. (١٢٩)
لەوێ، بە شێنەیی بارەکەی
لەسەر شاخێکی ڕک و ناهەموار دانا
بزنەڕێیەکی باریک و سەختی بۆ دەچوو. (١٣٢)
لەوێوە، دۆڵێکی ترم لێ دەرکەوت. (١٣٣)

## پەراوێزەکانی سروودی نۆزدەم

١. ئەمە سروودی شەمعوونییەکانە، واتە ئەوانەی ماڵی دەزگای ئایینی دەخۆن.

٢. شەمعوونی جادووکەر (Simone Mago). پێشنیاری پێشکەشکردنی پارەی بۆ یاوەرەکانی مەسیح کرد. ویستی ڕۆحی پیرۆز بە پارە لە پترۆس و یوحەننا بکڕێ، واتە ئەو ودمەیان لێ بکڕێ کە دەستی بە سەری هەر کەسێدا هێنا (ڕۆحی پیرۆز)ی بۆ بێتە خوارێ. وشەی (شەمعووناتی) کە مامەڵەکردنە بە ماڵ و پایەی ئایین و شەمعوونی کە ئەو کەسەیە ئەو جۆرە مامەڵەیە دەکا، لەناوی ئەم کابرایەوە هاتوون.

٣. واتە: دەبێ تەنیا لە بەردەستی کڵێسەدا بێ کە ماڵی خودایە، نەک وەکو ژنی جندە و سۆزانی بە پارە ئەمدەست و ئەودەستی پێ بکرێ.

٤. واتە: شتی ئایینی پیرۆز بە پارە ناکڕێ، بە چاکە و خواپەرستی دەست دەکەوێ.

٥. گڵکۆی دواتر: واتە بولجیای سێیەم کە لە دوای ئەوەوە دێ. گڵکۆ ڕەمز و نیشانەی مردووە، ئەم ئەڵقە و دۆڵەی دۆزەخیش ڕەمز و نیشانەی مەرگی ئەبەدییە.

٦. دونیای چەتوون: دۆزەخ.

٧. سان جیۆڤانی San Giovanni: کڵێسەیەکی گەورە و بەناوبانگ بوو لە فلۆرەنسا. لە سەدەی یازدەمینی مەسیحی دروستکراوە. بە ناوی شارداری شارەکەوە کراوە. لە سەردەمی دانتیدا، لە هەرەتی ناوبانگیدا بوو، ئێستایش یەکێکە لە کڵێسە گەورەکانی ئیتالیا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، تەنیا ڕۆژی شەممەی پیرۆز و جەژنی پاک، پیرۆزکردنی باوەڕداران دەکرا، ئیتر ژمارەی خەڵکەکە زۆر زۆر بوو.

ئەوەندەیان فشار دەهێنا قەشە پیرۆزکەرەکان گیانیان دەکەوتە مەترسی. لەم کڵێسەیەدا چەند قۆرتێکیان لە بەردی مەرمەڕ هەڵکەندبوو، قەشەکان لە کاتی پیرۆزکردندا دەچوونە ناویان. ئێستا ئەمە نەماوە، بەڵام نموونەی لە ئاوەمۆرگەی (پیزا)دا ماوە. کڵێسەی سان جیۆڤانی هەروەکو جاران جێگەی پیرۆزکردنە، بەڵام قۆرتەکان نەماون.

٨. دانتی لێرەدا وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە بەوە تاوانباریان کردبوو گوایە سووکایەتی بە شتی پیرۆزی ئایینی کردووە. دانتی، کاتێ ئەندامی سینۆریای

فلۆرەنسا بوو، سەردانی کڵێسەی سان جیۆڤانی دەکرد، ڕۆژێ دیتی منداڵێ لە کاتی ئاوەمۆرکراندا خەریکبوو لە جوڕنی ئاوەمۆردا بخنکێ، جوڕنەکەی شکاند و منداڵەکەی ڕزگار کرد. دەرکەوتووە منداڵەکە ناوی بالدیناچیو کاڤیچیولی Baldinaccio cavicciuli بووە. لێرەدا دانتی ددانی پێدا دەنێ کە ئەم بۆ ڕزگارکردنی ئەو منداڵە، ئەو بەردەی شکاندووە، بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خەڵکی تر بکا کە بەم کارە تاوانبار کرابوون و ئاگایشیان لە هیچ نەبوو.

٩. ئەم جەفاکێشانە بە لنگەوقووچی سزا دەدران، چونکە لە دونیادا ئیشوکاریان هەڵدەگێڕایەوە و سەراوبنیان دەکرد. هەر کونێ لەو کونانە، کۆمەڵە جەفاکێشێکی تێدا بوو، هەموو یەک لەسەر یەک بوون وەک ئەوەی ژێرەوەیان ژێرزەمین بێ، تەنیا ئەوەی سەرەوە دیاربوو. کە جەفاکێشێکی تازە دەهات، ئەوەی دیاربوو نقووم دەبوو و ئەوەی تازە جێی دەگرتەوە.

١٠. بە قاچەکانی دەگریا: واتە لەبەر ئازاری لەشی خۆی، توند قاچەکانی دەهەژاندەوە کە هەر ئەوەندەی بە دەرەوە بوو.

١١. ئەمە پاپا نیکۆلای سێیەمینە (١٢٧٧-١٢٨٠) کە دینی خۆی بە پارە فرۆشت و جێی بوو بە ئێرە.

١٢. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، سزای بکوژ ئەوە بوو بە زیندوویی سەراوژێر لەناو خاکیان دەناشت.

١٣. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەوانەی بە پارە زەلامیان بۆ خەڵک دەکوشت، یان ئەوانەی باوکی خۆیان دەکوشت، بەم جۆرە ئیعدام دەکران:

قۆرتێکیان لەزەوی لێ دەدا، تاوانبارەکەیان سەراوژێر لەناو قۆرتەکە دەنا و قۆرتەکەیان پڕ خۆڵ دەکردەوە. تاوانبارەکە تا ناوقەدی دەکەوتە ناو خۆڵ و لاقەکانی بە دەرەوە دەما. لەو حاڵەتانەدا، بە زۆری کابرای تاوانبار داوای دەکرد قەشەیەکی بۆ بێنن تا ددان بە گوناهەکانیدا بنێ، مەبەستیشی هەر ئەوە بوو ئیعدامکرانەکەی نەختێ دوابخا.

١٤. ئەوەی قسە دەکا پاپا نیکۆلای سێیەمینە (Niccolo): (جیۆڤانی گایتانۆ دیلی ئۆرسینی) کە لە ١٢٧٧ تا ١٢٨٠ پاپا بوو. ئەم پاپایە چاوەڕێ دەکا پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم بێتە دۆزەخ و جێی ئەو بگرێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە ئازار و ئەشکەنجە ڕزگاری ببێ. ئەو پاپا بۆنیفاچۆیەیش، کەمێ دوای هاتنی، دەبێ جێگەی خۆی بۆ

پاپای دوای خۆی چۆڵ بکا کە کلیمینتۆی پێنجەم بوو و لە بۆنیفاچۆیش گەندەڵتر بوو. دانتی بەبێ ترس و بێ سڵەمینەوە، ئەم سێ پاپایەی خستووەتە بنی دۆزەخ.

١٥. کتێبی چارەنووس: ئەو دۆزەخییەی قسە دەکا پاپا نیکۆلای سێیەمینە، لە کتێبی چارەنووس خوێندوویەتییەوە، بۆنیفاچۆی جێنشینی ساڵی ١٣٠٣ دێتە دۆزەخ. کە دانتی چووەتە دۆزەخ، ئەم وای زانیوە دانتی جێنشینەکەی ئەمە و پێش وادەی خۆی هاتووە. بەمەوە وای بۆ چووە کتێبی چارەنووس تەفرەیداوە.

١٦. خاتوونی نازدار la bells donna: مەبەست کڵێسەیە نەک ئافرەتێک، کڵێسە لە زمانی ئیتالیدا وشەیەکی مێیینەیە. ڕۆحەکە مەبەستی ئەوەیە بڵێ: بۆنیفاچۆی هەشتەم بە فرتوفێڵ چووە بن کڵێشەی (چیلیستینۆ)ی پێنجەم و وای لێکرد واز لە کورسیی پاپایەتی بێنێ. کە ئەو وازی هێنا بۆنیفاچۆی خۆی شوێنەکەی گرتەوە و بە بەرتیلخواردن و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی ئاینی، ڕەوتی کڵێسەی شێواند و ناوی زڕاند.

١٧. جوببەی مەزن: جوببەی پاپایی.

١٨. بنەماڵەی ئەم پاپایە (نیکۆلای سێیەمین) پێیان دەگوترا (ئۆرسینی). ئۆرسینی لە زمانی ئیتالیدا بە مانای (فەرخەورچ) دێ. دانتی باس دەکا کە ئەمە خووی ورچی لە ڕۆح و ڕەچەڵەکدایە، تێدەکۆشێ بە هەر جۆرێ بێ منداڵ و کەسوکاری خۆی دەوڵەمەند بکا. لە زمانی ئیتالیدا، خۆشەویستی ورچ بۆ بێچووەکەی بووەتە پەند.

دانتی لەم سێیینەدا، ناسکییەکی واژەیی بەکارهێناوە، لەسەر زمانی کابرادا دەڵێ: (بۆ پڕکردنی کیسەی خۆم و کەسوکارم، گوناهی وام کرد، سزای ئەوە بوو ئەوەتا خۆم خراومەتە ناو کیسە). مەبەستی ئەو قوڕتەیە لە دۆزەخدا تێیدا ترنجاوە.

١٩. هەندێ لەوانەی لەژێر ئەودان و بەر لەم ئەو گوناهەیان کردووە، ئەمانەن: ئینشنتۆی چوارەم (١٢٤٣-١٢٥٤)، ئەسکەندەری چوارەم (١٢٥٤-١٢٦١)، ئۆربانی چوارەم (١٢٦١-١٢٦٥)، کلیمینتۆی چوارەم (١٢٦٥- ١٢٦٨)..

٢٠. واتە: بۆنیفاچۆی هەشتەم.

٢١. واتە: کە پاپایەکی تر هاتە ناو دۆزەخ، ئەم شوێنێکی خوارتر وەردەگرێ لە ژێرەوە و بە تەواوی لە بەرچاو بزر دەبێ.

٢٢. مەبەستی کلیمینتۆی پێنجەمە (١٣٠٥-١٣١٤) کە پێشتر ئوسکوفی بوردۆ بوو. کورسیی پاپایی گواستەوە بۆ ئاڤینتۆن. بە پارەپەرست ناسرابوو.

٢٣. واتە: نە شارەزا و پەیڕەوکەری یاسای زەوی بوو، نە یاسای ئاسمانی.

٢٤. پاپا نیکۆلای سێیەمین تا ئەو مێژووە بیست ساڵی لەناو دۆزەخ بەسەر بردبوو. ساڵی ١٢٨٠ مردبوو، بەڵام جێنشینەکەی (پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم) تەنیا یازدە ساڵی لەم ئەڵقەیەی دۆزەخ بەسەر برد.

٢٥. جاسۆن، یان یاسۆن کوڕی ئۆسکوف شەمعوونی دووەم بوو.

سێسەد و شەست قەنتار زیوی لە ئانتیۆکوس پاشا وەرگرت. دانتی ڕەفتاری ئانتیۆکوس بەرامبەر یاسۆن، بە ڕەفتاری (فیلیب لوبێل)ی پاشای فڕەنسا دەچوێنێ کە ئەوە بوو پاپای بە پارە کڕی و وای لێکرد بارەگای خۆی بگوازێتەوە بۆ فڕەنسا و دەسەڵاتی ئایینیی خۆی بۆ هێنانە دیی ئامانجە سیاسییەکانی فیلیب بەکار بێنێ.

دوای مردنی پاپا بونیفاچۆی هەشتەم و پێش هاتنە سەرکاری پاپا کلیمینتۆی پێنجەم، پاپایەکی تر هات بە ناوی بینیدۆتۆی یازدەهەم، بەڵام لە ساڵێک (١٣٠٣-١٣٠٤) زیاتر لەو پایەیە نەمایەوە و لەبەر ئەوەی پاپایەکی ڕاست و بێفێڵ بوو، دانتی نەیخستووەتە ناو دۆزەخ. لە ماوەی نێوان مردنی پاپا نیکۆلای سێیەمین و گەشتەکەی دانتی بۆ ناو دۆزەخ، چوار پاپا هاتوونەتە سەر کار، هیچیان دۆزەخی نەبوون، بۆیە پاپا نیکۆلا هەر چاوەڕوانی بۆنیفاچۆی هەشتەم دەکا.

٢٦. ئانتیۆکوس پشتی یاسۆنی گرت و فیلیپ پشتی کلیمینتۆی پێنجەمی گرت.

٢٧. واتە: مەسیح.

٢٨. ئەمە لە ئینجیلی مەتتا وەرگیراوە

(مەسیح پێی گوت: وەرنە دووم بۆ ئەوەی بتانکەم بە ڕاوکەری خەڵک.)

٢٩. ڕۆحی بەدکار: مەبەست یەهوودای ئەسکریوتییە کە لە سەختترین شوێنی دۆزەخدایە، کە بنی هەر بنەوەیە.

٣٠. پاش ئەوەی یەهوودای ئەسکریوتی، بە خیانەت و ناپاکی عیسای بە دەستی دوژمنان سپارد لە ژیاندا، خۆیشی بەو گوناهە بە مردنێکی خراپ مرد. یاوەرەکان تیروپشکیان هاویشت و (میتاس) بە جێنشینی دەرچوو.

٣١. کارلۆ Carlo (شارل Charles): مەبەست (شارل دانژوو)ی کوڕی لویسی هەشتەمی پاشای فڕەنسایە کە فەرمانڕەوای سەقلیە بوو. پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ پاپا ئۆربینۆی چوارەم و کلیمینتۆی چوارەم هەبوو، بەڵام بەینی لەگەڵ پاپا نیکۆلای سێیەم ناخۆش بوو. ئەم ناخۆشییە بوو بە ناکۆکی و ناکۆکییەکەیان سەری

بۆ شەڕ و لێکدان کێشا و خوێنێکی زۆر لەم بەینەدا ڕژا. مەبەستی دانتی لە (دراوی ناڕەوا) ئەوەیە دژی شارل دانژوو بەکاری بێنێ. دەیەکی ماڵی کڵێسە و سامانەکانی تری، وایان کرد نیکولای سێیەم بتوانێ بەرهەڵستیی شارل دانژووی پاشای سەقڵیە بکا.

٣٢. ئینجیلی Vangehista: مەبەست یوحەننایە کە یەکێ بوو لە یاوەرەکانی مەسیح. یەکێ لە چوار ئینجیلەکان، ئینجیلی یوحەننایە.

٣٣. حەفت سەر: حەفت ویرد.

٣٤. دە قۆچ: دە ئامۆژگاری.

٣٥. مێردەکەی: مەبەست پاپایە. دە قۆچ: واتە دە تابلۆ (دە یاساکەی مووسا)

٣٦. کۆستانتین. کۆنستانتینۆ Constantino: قوسەنتینی گەورەی ئیمپراتۆری ڕۆما (٢٧٤-٣٣٧). ئەوە بوو ئایینی مەسیحیی کرد بە ئایینی ڕەسمیی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما و بیزنتەی کرد بە پایتەختی خۆی و بە ناوی ئەوەوە کرا (قوستەنتینییە).

٣٧. ئاماژەیە بۆ ئەو خەڵاتەی قوستەنتینی یەکەم دای بە پاپا سیلڤێسترۆی یەکەم (Silvestro I). ئەم خەڵاتە و هۆی بەخشین و ئەنجامەکانی جێی گفتوگۆی زۆرە لای مێژوونووسەکان، بەڵام دانتی ددانی بە یاسای ئەم خەڵاتەدا نەناوە، چونکە ئەو لای وا بوو هەردوو دەسەڵاتی دینی و دونیایی سەرچاوەیان خودایە، وەکو لە کتێبی (خاوەنداری)دا، باسی کردووە.

***

# سروودی بیستەم[1]
## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ
## فێڵبازان
## دەستەی چوارەم
## غەیبگۆیان

دانتی ئەشکەنجەکی تازەی بینی. خەندەکێکی پڕ گریانی بەکوڵی لێ دەرکەوت. خەڵکانێکی بینی بە شێنەیی لە بنەوەی دۆڵی چوارەمدا دەهاتنە پێش. ئەمانە جادووکەر و فاڵچی و ئەستێرەناس بوون. دانتی دیمەنێکی سەیری بینی. دیتی ئەو جەفاکێشانە سەریان بۆ دواوە وەرسووڕاوە و پاشەوپاش دەڕۆن. فرمێسکیان لەسەر سمت دەچۆڕێتەوە. دانتی زۆر بەم دیمەنە تێکچوو. زۆر بە کوڵ گریا. ڤیرجیلیۆ دڵی دایەوە. ڤیرجیلیۆ ئاماژەی بۆ هەندێ لەو جادووکەر و فاڵچییانە کرد. وەکو ئەمفیارۆس و تیریسیاسی یۆنانی و ئەرۆنسی ئەترسکی و مانتوای کچی تیریسیاس. ڤیرجیلیۆ ئاماژەی بۆ هەندێ ناوچەی باکووری ئیتالیا کرد کە دانتی شارەزایی لێ هەبوون. وەکو ئەپنینی لای گۆلی گاردا و قەڵای سەختی پسکییرا. باسی کرد مانتوا لە خاکێکی قاقڕ ئاکنجی بوو. دەستی بە جادوو کرد و هەر لەوێش مرد. شارێکیان لە شوێنی ئێسکوپرووسکەکەی دروستکرد و ناویان نا مانتوا. ڤیرجیلیۆ ئاماژەی بۆ ئورپیلۆس و کالکای جادووگەری یۆنانی کرد، هەروەها باسی میکیل سکۆتی جادووکەری سکۆتلەندی و بۆناتی ئەستێرەناسی فۆرلی کرد. ئاماژەی بۆ ئەسدینتی پارما کرد کە بە جادوو بەناوبانگ بوو.

مانگ چووە سەر ئاوابوون و ڕۆژ هەڵات. کاتی ئەوە هات شاعیرەکان بکەونەوە گەشت و گەڕان.



دەبێ ئازارێکی تازە بکەم بە شیعر و
کەرەستە بۆ ئەم سروودی بیستەمەی فیڵبازان،[٢]
گۆرانیی یەکەم، [٣] دابین بکەم.
زۆر بە وردی سەیری بنی ئەو قووڵاییەم کرد،
کە لێم دەرکەوت
ڕۆندکی ژان و پەرێشانی دەڕژایە سەر.
خەڵکانێکم بینی لەناو دۆڵی خڕەوە دەهاتن
بە کپی دەگریان و وەک ئەو کەسە هەنگاویان دەنا[٤]
کە لەسەر دونیا بە دوعاکردن دەڕوا.
کە سەرنجم زیاتر خزاندە خوارێ
دیم نێوان چەنەگە و چەڵەمەیان
زۆر سەیر چووەتە ناو یەک و شێواوە.
ڕوویان بەرەو لای گورجیلە وەرگەڕابوو،
پاشەوپاش دەڕۆیشتن،
چونکە پێشەوەی خۆیان نەدەدی.[٥]
دەشێ هەبێ، شەپڵەی لێ دابێ و
لەشی ئاوها لوولی خواردبێ،
بەڵام من خۆم نەمدیوە و باوەڕیش ناکەم هەبێ.
(کاکی) خوێنەر، لە خوام گەرەکە بتوانی
بەری ئەم خوێندنەوەیە بڕنی. ئەوسا باش حوکم بکە،
چۆن دەمتوانی فرمێسکم ڕابگرم.
کە وێنەی خۆمانم بینی،[٦]
ئاوا شێوابوو، فرمێسکی چاو
بەسەر سمت و کلێنجەدا دەچۆڕایەوە.
پاڵم بە بەردێکی ئەو لاپاڵە سەختە دا،
ئەوەندە گریام، یاوەرەکەم پێی گوتم:
(تۆش وەکو گەوجانت لێ هاتووە؟
بەزەیی، کە تەواو مردووە، لێرە هەر ماوە[٧]

کێ بەقەد ئەو کەسە تاوانبارە
کاتێ خوا حوکمێ دەردەکا، ئەم بەزەیی دەبزوێ؟ (٣٠)
سەر هەڵبڕە! سەر هەڵبڕە و سەیری ئەو کەسە بکە
کە زەوی، لە بەرچاوی تیبەییەکان، دەمی بۆ بەش کردەوە.
هەموو هاواریان کرد: (ئەوە بۆ کوێ بەردەبیتەوە؟ (٣٣)
(ئانفیاراۆو)،[8] بۆچی لە شەر رادەکەی؟)،
بەڵام ئەو بانگەرۆز بووەوە بنی هەڵدێرەکە،
بۆ لای (مینۆس)،[9] کە کەس لە دەستی رزگار نابێ. (٣٦)
سەیری کە چۆن پشتی بووە بە سینگ.[10]
دەیەویست پێش خۆی زۆر دوور ببینێ،
لێرە دەروانێتە دواوە و بەرەو پاش دەکشێتەوە. (٣٩)
چاو دە (تیریزیا)،[11] چۆن شێوە و ئەدگاری گۆڕاوە:
پیاو بوو، بووە بە ژن،
هەموو ئەندامەکانی لەشی گۆڕاون. ٤٢)
ناچاربوو سەرلەنوێ
شوارێک لە دوو ماری تێکئاڵا و بدا
بۆ ئەوەی تووکی نێرینەیی لێ بڕوێتەوە.[12] (٤٥)
(ئارۆنتا)[13] کە شوێنی کەوتووە و پشتی بە سکی داوە،
لە چیای (لونی)ی،[14] بژارگەی (کارارا)ییەکان[15]
نەختێ خوارتر، (٤٨)
لە ئەشکەوتێکی مەرمەڕی سپیدا دەژیا.
هیچ شتێ بەری دیتنی
دەریا و ئەستێرەکانی لێ نەدەگرت. (٥١)
ئەو ژنەیش کە بە کەزیی کراوەوە
مەمکەکانی داپۆشیوە و تۆ نایانبینی[16]
لاتەرۆکی مووی لێ ڕواوە، (٥٤)
ئەمە (مانتۆ)یە،[17] کە دونیا گەڕاو
دیماهی لە زادگای من گیرسایەوە.

حەز دەکەم کەمێ باسی بکەم: (٥٧)
کاتێ باوکی لە ژیان دەرچوو و
شاری (باکۆ)[١٨] دەستی بەسەردا گیرا
وێ، عەیامەکی زۆر بە دونیادا وێڵ و سەرگەردان بوو. (٦٠)
لە ژووررووی ئیتالیای نازدار و لە قونتاری چیای (ئالْپ)ی
سنووری ئەڵمانیا، گۆلێک لە هەوراز (تیرالی)[١٩] هەیە
پێی دەڵێن (بێناکۆ)[٢٠] (٦٣)
لە (گاردا)وە تا دۆڵی (کامۆنیکا)،[٢١]
هەزار ڕووبار و زیاتریش
(پێننینۆ)[٢٢] تێراو دەکەن و دەڕژێنە ناو ئەم گۆلە (٦٦)
شوێنێ لە ناوەڕاستەوە هەیە. ئەگەر شوانی (ترێنیتۆ)[٢٣] و
(برێشیا)[٢٤] و (فێرۆنی)،[٢٥] ڕێیان پێ بکەوێ
دەتوانن بەرەکەتی خۆیانی پێ ببەخشن. (٦٩)
لە شوێنی داکشانی لێوارەکە،
(پیسکێرا)[٢٦] قیت بووەتەوە. قەڵایەکی مکووم و جوانە! و
دەتوانێ بەر سینگی (بریشیا)یی و (بیرگاماکی)ییەکان[٢٧] بگرێ. (٧٢)
ئاوەکە، ناتوانێ لەناو (بێناکۆ) قەتیس بێ،
بێرەدا دەڕوا و ڕێچکەی خۆی
لەناو چەمەنزاری سەوزدا دەکاتەوە. (٧٥)
ئاوەکە لەوێ بە دواوە
پێی ناگوترێ (بێناکۆ)، ناوی دەبێ بە (مێنچیۆ)،[٢٨]
تا دەگاتە (گۆڤێرنۆل)[٢٩] و لە (پۆ)[٣٠] دەکاتەوە. (٧٨)
زۆر نابا دەگاتە دەشتاییەک،
پەل داوێ و زۆنگاوێک پێکدێنێ،
هەندێ جار هاوینان گەنی دەبێ. (٨١)
خاتوونی کیوی بەو ناوەدا تێپەڕی،
زەوییەکی لە ناوەندی زۆنگاوەکەدا بینی،
بوور بوو، ئاوەدانیی تێدا نەبوو. (٨٤)

لەویَ دامەزرا[٣١] تا لە هاوڕێتیی مرۆڤەوە دوور بیَ و
لەگەڵ یاوەرەکانی مەشقی هونەرەکەی بکا.[٣٢]
لەویَ ژیا و کە مردیش جەستەی لەویَ مایەوە. (٨٧)
خەڵکی دەوروبەرەکەی پەرتەوازە بوون
هاتن لەویَ یەکدیگر بوون.
کە زۆنگاوەکە دەورەی دابوو و دەیپارست. (٩٠)
شارێکیان لەسەر ئێسکوپروسکی خاتوون بنیاد نا
بیَ پرس و ڕا ناویان نا (مانتوا)
بەناوی ویَ ژنکیَ کە یەکەم جار ئەویَی هەڵبژارد. (٩٣)
جاران، خەڵکێکی زۆرتری تێدابوو
بەرلەوەی (کازالۆدی)[٣٣] شیتاتی بکا و
فریوی (پینامۆنتی)[٣٤] بخوا. (٩٦)
ئاگادار بە ئەگەر گوتیان
شاری من، بە جۆرێکی تر سەری هەڵداوە،
ڕیَ مەدە درۆ جێگەی ڕاستی بگرێتەوە. (٩٩)
گوتم: (مامۆستا، بەڵگەکانت ئەوەندە ڕاستن
من ئەوەندە بڕوام پیَ هەن،
هەموو شتێکی ترم لا وەکو پەڕەنگی کوژاوە وایە.[٣٥] (١٠٢)
بێژە من، لەوانەی وا بۆ لامان دێن
کەسی دەبینی شایەنی سەرنج بیَ؟
من هەمیشە بیر و هۆشم لای ئەو تاکە شتەیە). (١٠٥)
گوتی: ئەوەیان کە ڕیشی وەک شەپۆل
لە گۆناوە تا سەر شانی ئەسمەر داڕژاوە،
ئەمە غەیبگۆ[٣٦] بوو، کاتیَ یۆنان پیاوی تێدا قات بوو (١٠٨)
بە حاڵ نێرینەی ناو ماتکی مابوو
لەگەڵ (کالکانتا)[٣٧] ئاماژەی دا
بۆ یەکەم جار لە (ئاولیدی)[٣٨] لەنگەر هەڵگرن. (١١١)
ناوی (یوریپیلۆ)[٣٩] بوو. تراجیدیا باڵاکەم

له شوێنێکدا باسی دەکا.
تۆ باش دەزانی، شارەزای هەموویت! (١١٤)
ئەوەیش کە قەپرغەکانی لەڕ و پێکدا قۆپاون
(میکیلی سکۆتتۆ)یە![٤٠]
شارەزای هەموو حیلە و فەندوفێڵەکانی جادوو بوو. (١١٧)
(گویدۆ بۆناتی)[٤١] ببینە، (ئاسدێنتی)[٤٢] بدینە،
خۆزگە دەخوازێ لە چەرم و داو پێوە هیچی نەزانیایە!
پەشێمان بووەتەوە، بەڵام پەشیمانی دادی نادا. (١٢٠)
ئەو ژنە بەختڕەشانە ببینە
کە دەرزی و مێکوک و تەشییان فڕێ دا و بوون بە غەیبگۆ.[٤٣]
بە گیا و نەخشی جۆراوجۆر جادوویان دەکرد. (١٢٣)
ئێستا، ئەوەتا کاینۆ[٤٤] بە کۆڵە دڕک و خارەوە،
لەسەر سنووری هەردوو نیوە گۆی زەوی وەستاوە و
لە خوار (سۆبیلیا)[٤٥] گەیشتووەتە سەر دەریا. (١٢٦)
شەوێ دی[٤٦] مانگ پڕ بوو،
لە بیرت بێ، مانگ زیاد لە جارێ
لەناو لێڕی چڕ و تاریک یارمەتیی داوی.[٤٧]) (١٢٩)
دەڕۆیشتین و ئەویش ئاوها قسەی بۆ دەکردم. (١٣٠)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستەم

١. ئەم سرووودە، سرووودی غەیبگۆ و فاڵچییانە.

٢. فێڵبازان: ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی لە دەریای ڕەنج و تاریکیدا نقووم بوون.

٣. گۆرانی یەکەم: بەشی یەکەمی کۆمیدیا، مەبەستی دۆزەخە.

٤. ئاماژەیە بۆ ئەو تاقمە ڕۆمانییانەی بۆ خوێندنی سرووودی ئایینی کاتۆلیکی بە خێزەری دوورودرێژ دەڕۆن و وردەوردە هەنگاو دەنێن. ئەم دوعایە، دوعای لێخۆشبوون و هەڵگرتنی دەرد و بەڵا و مەترسییە لە کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی و کاتۆلیکی و پرۆتستانیدا .

٥. غەیبگۆکان لە دونیادا وایان پێشان دەدا، ئایندە دەبینن، کەچی لێرە بەر پێی خۆیان نابینن.

٦. واتە ئەو کەسانەی شکڵیان وەکو ئێمەی مرۆڤ وایە.

٧. ئەم لەتە دێڕە یەکێکە لە شیعرە بەناوبانگەکانی کۆمیدیا. باس لەوە دەکا بەزەیی ڕاستەقینە لە دۆزەخدا ئەوەیە کە بەزەیی نەبێ، چونکە گوناهکارەکان خوا غەزەبی لێ گرتوون، بەزەیی پێدا هاتنەوەیان ستەمکردنە لە چاکە و چاکەکاران.

ڤیرجیلیۆ لێرەدا زۆر بە توندی قسە لەگەڵ دانتی دەکا. تۆژەرەوان ئەمە بەوە لێکدەدەنەوە کە ڤیرجیلیۆ خۆی ڕەمزی ئەقڵ و مەنتیقە، بۆیە دژی ئەو دۆزەخییانەیە کە خۆیان بە غەیبگۆ دەزانن و دەیانەوێ بە ڕێگەیەکی جیا لە ئەقڵ و مەنتیق، ئایندە بزانن.

٨. ئانفیاراوۆ Anfiarao (بە یۆنانی: ئامفیراوس Amphiraus) یەکێکە لەو حەفت پاشایەی هێرشیان کردە سەر تیبە بۆ ئەوەی پاشای تیبە لەسەر تەخت لابەرن و بۆلینیسی برای لە جێگەی دابنێن. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە:

ئامفیراوس لە غەیبگۆکان بیستبووی لەم جەنگەدا دەمرێ، ئیتر ویستی خۆی لەبن شوورای شار بشارێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا کە خەریک بوو خۆی دەشاردەوە، خودای خوداکان (جوبیتەر) بوومەلەرزەیەکی دروستکرد، زەوی شەقیبرد و پاشای قووت دا. خەڵکی تیبە هاواریان کرد: (ئامفیراس، کەوتیتە کوێ؟ چت لێ هات؟)

٩. مینۆس دادوەری دۆزەخ.

١٠. واتە: ئەو شوێنەی دەبوایە شوێنی سنگی بێ، ئێستا شوێنی پشت و شانیەتی.

١١. تیریزیا Tiresia (بە یۆنانی: تیریسیاس Tiresias) غەیبگۆ و جادووکەرێکی شاری تیبە بوو لە سەردەمی شەڕی تەڕوادەدا. ئۆڤیدی شاعیری ڕۆمانی لە (داگۆڕان)دا بەم جۆرە باسی دەکا:

ڕۆژێ دوو مار بەیەکەوە خەوتبوون، تیریزیا شوارێکی لێدان و لێکی جیاکردنەوە. لە سزای ئەم تاوانە بوو بە ژن و بۆی برایەوە حەفت ساڵ بە ژنێتی بمێنێتەوە. پاش ئەو ماوەیە جارێکی تر شوارێکی لە دوو ماری جووت دا و گەڕایەوە سەر شکڵی جارانی.

١٢. مەبەست سەر و ڕیش و سیمای پیاوەتییە.

١٣. ئارۆنتا Aronta (بە لاتینی: ئارونس Aruns): غەیبگۆیەکی تروسکی بوو، لەناو ئەشکەوتێکی چیای (لونی)دا دەژیا. پێشبینیی شەڕی نێوان قراڵ و پۆمپی کرد و بە لاونیوی خەبەری سەرکەوتنی قراڵی دا.

١٤. لونی Luni: چیایەکە. لە زەمانی کۆندا، ناوی چیای (ئاپوا Apua) بوو. شاری دێرینی (لونی) کە یادگاری دەورانی دەسەڵاتی تروسکاییەکانە لە ئیتالیا، لە داوێنی چیایەک دروست کرابوو بە مەڕمەڕی سپی بەناوبانگ بوو. دانتی ساڵی ١٣٠٦ سەردانی ئەو ناوچانەی کردووە.

١٥. کارارایی: واتە خەڵکی کارارا Carrara. کارارا دۆڵێکی خۆشە لە داوێنی چیای لونی.

١٦. واتە: سینگ و مەمکی کەوتووەتە لاکەی تری جەستەی، لەم لایەوە دیار نییە.

١٧مانتۆ Manto: کچی تریزیاس بوو. دوای مردنی باوکی، لە ترسی ستەم و زۆرداریی (کریۆن)، لە شاری تیبە ڕۆیشت. چووە ئیتالیا و لەوێ شاری (مانتوا)ی دروستکرد.

١٨. شاری باکۆ Baco: شاری باکوس (باخوس). باکوس خودانی شەراب و مەینۆشی بوو لە ئەفسانەی یۆنانیدا. ئاماژەیە بۆ شاری تیبە لەژێر چاوەدێریی باکوسدا. کە دەڵێ: (دەستی بەسەردا گیرا) مەبەست ئەوەیە (کریۆنتۆس)ی دەسەڵاتداری ئەو شارە، ئازادیی لە خەڵکەکە زەوت کرد.

١٩. تیرالی Tiralli: ناوی قەڵایەک و زنجیرە چیایەکە لە نێوان دۆڵی کامونیکا و دۆڵی ئادیجی، لە کەناری ڕووباری ئادیجی باکووری ئیتالیا. ناوی ناوچەی تیرۆل Tyrol لەوەوە هاتووە.

٢٠. بیناکۆ binaco: بیناکۆس ناوی کۆنی دەریاچەی (گاردا)یە لە باکووری ئیتالیادا.

٢١. کامۆنیکا Camonica: دۆڵێکی گەورە و خۆشە لە ناوچەی لومباردیا، لە باکووری ئیتالیادا.

٢٢. ئاپێننینۆ Apennino: زنجیرەچیایەکە دەکەوێتە ڕۆژاوای دەریاچەی (گادا).

٢٣. ترێنتا Trenta: شارێکی بەناوبانگە لە هەرێمی ڤینیزی ئیتالیادا.

٢٤. بریشیا Briscia: شارێک و بنکەیەکی پیشەسازیی ئیتالیایە لە هەرێمی لۆمباردیادا.

٢٥. ڤیرۆنا Verona: شارێکی گەورە و ناوداری دێرینی ئیتالیایە، دەکەوێتە سەر ڕووباری ئادیجی.

هەریەکە لەم سێ شارە (ترێنتا و بریشیا و ڤیرۆنا) پێگەی ئوسکوفییەت بوو و ناوچەیەکی زۆری بەسەرەوە بوو. لێکدانەوەی ئەم شیعرە بەم جۆرەیە:

شوێنێک لە ناوەڕاستی ئەم دەریاچەیە هەیە. خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەم سێ ئوسکوفنشینەیە. ئوسکوفەکانی ئەم سێ هەرێمە دەتوانن بێ ئەوەی لە قەڵەمڕەوی خۆیان بچنە دەرەوە، لەو شوێنە کۆببنەوە و بەیەکەوە قداس بخوێنن. دیارە دانتی مەبەستی لەم شوێنە دوورگەی (فراتی)یە کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ (لێککی Lecchi).

٢٦. پیسکیێرا Peschiera: شارێکی قەڵابەندیی سەربازییە، دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی گۆلی (گاردا)، لە باکووری ئیتالیادا. خەڵکی ڤیرۆنا کردبوویان بە قەڵا بەرامبەر بە هێرشی خەڵکی بریشیا و بیرگامۆ.

٢٧. بێرگاماسکی Bergameschi: خەڵکی شاری بیرگاما لە ناوچەی لۆمباردیای باکووری ئیتالیا.

٢٨. مینچیۆ Mencio: ڕووبارێکە لە هەرێمی لۆمباردیا. بەناو سەوزەلانی ڤیرۆنادا دەڕوا و لە شاری گۆڤیرنۆ لە ڕووباری (پۆ) دەکاتەوە.

٢٩. گۆڤیرنۆ Governo: ناوی کۆن و دێرینی شارێکی بچووکە، ئەمڕۆ پێی دەگوترێ گۆڤیرنۆلۆ. دەکەوێتە کەناری دەستەڕاستی ڕووباری مینچیۆ لە لۆمباردیا.

٣٠. پۆ Po: بەناوبانگترین ڕووباری ئیتالیایە. دەکەوێتە دەشتی (پۆدا)ی باکووری ئەو وڵاتە. پێشتر ناوی (بێنکو Benco) بوو.

٣١. مەبەست (مانتوا)یە.

٣٢. ئەمە دەستوورێکی کۆنە. بەپێی ئەو دەستوورە، ناونانی هەر شارێ، یان شوێنێ بەپێی ڕێوڕەسمێکی ئایینی دەکرا.

٣٣. کازالۆدی Casalodi: کۆنت ئالبێرتۆ دا کازالۆدی: ساڵی ١٢٧٢ بوو بە فەرمانڕەوای شاری (مانتوا). سەرۆکی گەلفەکانی ئەو ناوچەیە بوو.

٣٤. پینامۆنتی Pinamonte: یەکێ بوو لە ڕاوێژکەرانی (کازالۆدی)ی سەرۆکی گەلفەکان. بە مخەننەتی ئامۆژگاریی سەرۆکی کرد، خانەدانەکان لە شاری مانتوا بکاتە دەرەوە بۆ ئەوەی نەبن بە جێگەی مەترسی. سەرۆک بە قسەی کرد و خانەدانەکانی لە شار دوورخستەوە، ئینجا پینامۆنتی، کە ترسی خانەدانەکانی نەما، خۆی بوو بە فەرمانڕەوا. دانتی کە دەڵێ (شێتاتی کازالۆدی) مەبەستی ئەوەیە گوێی دایە قسەی پینامۆنتیی ڕاوێژکاری و بەمەوە کورسیی دەسەڵاتی لەدەست دا.

٣٥. واتە: هیچ کارم لێ ناکا. ئەمە لە قسەیەکی نەستەقی ئیتالی وەرگیراوە.

٣٦. یۆنانی ڕەوشتیان وا بوو، ئەگەر بچووبانە سەفەر، بە تایبەتی ئەگەر بۆ شەڕ دەربچوونایە، پرسیان بە غەیبگۆیەک دەکرد داخۆ سەفەرەکەیان خێری تێدایە یان شەڕ، داوایان لێ دەکرد چ کاتێ گونجاوە بۆ ئەم سەفەرە. بە گوێرەی ئەفسانەی یۆنانی:

کاتێ خەڵکی یۆنان وڵاتیان جێهێشت و بۆ شەڕی تەڕوادە دەرچوون، دوو غەیبگۆی ناوداری یۆنانی هەبوون (یوریپیلۆس) و (کالکاس). ئاگامەمنوونی سوپاسالاری یۆنانی لەشکرەکەی ماوەیەکی زۆر لە بەندەری (داولیس) گیری خوارد، چونکە بای خێر نەدەهات بۆ هاژوانی کەشتییەکان. ئەگامەمنوون پرسی بەو دوو غەیبگۆیە کرد، ئەوانیش فاڵیان گرتەوە و ڕایانگەیاند بۆ ئەوەی بای خێر هەڵبکا، دەبێ کچێکی یۆنانی جوان لەبەر قاپیی خودانەکان بکەن بە قوربانی. ئەم چیرۆکە لە (ئەنیادە)ی ڤیرجیلیۆیش هاتووە.

٣٧. کالکانتا Calcanta (بە یۆنانی: کالکاس): یەکێ بوو لەو دوو غەیبگۆیەی ئاگامەمنوون پرسی پێ کردن.

٣٨. ئاولیدی. بە یۆنانی (ئاولیس): ئەو بەندەرە بوو کە لەشکری ئاگامەمنوون گیری تێدا خواردبوو.

٣٩. یوریپیلۆ Euripilo (بە لاتینی: یوریپیلۆس): غەیبگۆ و جادووکەرێکی یۆنانی بوو. یەکێ بوو لەو دوو غەیبگۆیەی ئاگامەمنوون لە کاتی گیرخواردنی لەشکرەکەی پرسی پێ کردن.

٤٠. میکیلی سکۆتتۆ Michele scotto 1190-1250 (میشێل سکوت): پزیشک و ئەستێرەناسێکی سکۆتلاندی بوو. لە سکۆتلاندە لەدایکبووە و لە ئۆکسفۆرد و پاریس و تولەیتەلە خوێندوویەتی. ماوەیەک لە بارەگای فریدریکی دووەم خزمەتی کردووە. شارەزاییەکی باشی لە فەلسەفە و ئەستێرەناسی هەبوو. چەند کتێبێکی ئەرەستۆی لە عەرەبییەوە کردووە بە لاتینی.

٤١. گویدۆ بۆناتتی Guido Bonatti: ئەستێرەناسێکی ئیتالی بوو. خەڵکی شاری فۆرلی بوو. لە سەدەی سێزدەمدا، لە بارەگای گویدۆ دامۆنتی فلترۆ خزمەتی کردووە. ساتی شووم و ساتی بەختەوەریی سەفەری جەنگی پێ دەگوت. کتێبێکی بەناوبانگی لە ئەستێرەناسیدا هەیە.

٤٢. ئاسدێنتی Asdente: پینەدۆزێکی خەڵکی پارما بوو. کەڵکەڵەی غەیبگۆیی و فاڵچێتیی لە سەری دا، دەستی لە پیشەی پینەدۆزی هەڵگرت و بوو بە غەیبگۆ. لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەمدا ژیاوە.

٤٣. دانتی هێرش دەکاتە سەر ئەو ژنانەی ئەرکی خۆیان تەرککردووە و دەستیان داوەتە تەلەسمکاری.

٤٤. کاینۆ Caino (قابیل) و پشتییە چقڵەکەی ئاماژەیە بۆ مانگ. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە زۆر شوێنی ئەورووپادا، بە تایبەتی لە باشوور، ئەو باوەڕە باو بوو کە لەکەی سەر ڕووی مانگ وێنەی قابیلی براکوژی کوڕی ئادەمە. لە سزای ئەو تاوانەی کردی، هەتاهەتایە پشتییە چقلێکی بە کۆڵەوەیە.

٤٥. سیبیلیا Sebilia (سیڤیلا، ئەشبیلییە): شارێکی ناسراوی ئەسپانیایە، لای دانتی بە مانای ئەسپانیا هاتووە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە سنووری ڕۆژاوای دونیا دادەنرا. بەپێی نەخشەی باوی ئەوسای زەوی، شاری قودس (ئۆرشەلیم) بە ناوەڕاستی دونیا دادەنرا، ڕووباری گەنج لە هیندستان بە سنووری ڕۆژهەڵات و شاری ئەشبیلییە بە سنووری ڕۆژئاوای دونیا دادەنرا.

٤٦. شەوێ دی: شەوی ڕابردوو، واتە هەشتی نیسانی ١٣٠٠.

٤٧. واتە تاریکایی جەنگەڵی ڕووناک کردووەتەوە.

***

# سروودی بیستویەکەم

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی پێنجەم

## مامەڵەچیی ناڕاست و دزی ماڵی میللەت

دوو شاعیرەکە گەیشتنە دۆڵی پێنجەم. ئەو بەرتیلخۆرانەی تێدا ئەشکەنجە دەدرا کە پایەی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی پارە بەکار دەهێنا. دانتی قەترانی بینی دەکولا. وەکو قەترانی کارگەی کەشتیسازیی ڤینیسیا وا بوو. جەفاکێشەکان لەناو قەتران نقووم بووبوون. دانتی شەیتانێکی تۆقێنەری بینی، جەفاکێشێکی لەسەر شان بوو. فڕێی دایە ناو دۆڵەکە و شەیتانەکانی دی چەنگاڵیان لێ ڕاگرت بۆ ئەوەی سەر لەناو قەتران دەرنەهێنێ. ڤیرجیلیۆ بە دانتیی گوت خۆی لە پەنا کەوڕێک بشارێتەوە بۆ ئەوەی شەیتانەکان لە خۆی نەورووژێنێ. شەیتانەکان ویستیان پەلاماری ڤیرجیلیۆ بدەن. ڤیرجیلیۆ قسەی لەگەڵ مالاکۆدای سەرکردەی شەیتانەکان کرد و تێی گەیاند بەپێی خواستی ئاسمان هاتووە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتیی دانتی بکا لەو گەشتەدا. ڤیرجیلیۆ داوای لە دانتی کرد هێوربێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دانتی ترسی شەیتانەکانی هەر لە دڵدا بوو. مالاکۆدا گوتی پردی شەشەم ڕووخاوە و بەربووەتەوە بنی دۆڵەکە. پێویستە بچن لە شوێنێکی تر بپەڕنەوە. هەندێ شەیتانی پێکەتی خۆی ڕاسپارد، هەم چاویان لە جەفاکێشەکانی ناو قەتران بێ سەر دەرنەهێنن و هەم ڕێزانییش بۆ شاعیرەکان بکەن. دانتی حەزی نەکرد لەگەڵیان بچێ، چونکە نیشانەی خراپەکارییان بە سیماوە دیار بوو. ویستی بە تەنیا لەگەڵ ڤیرجیلیۆ بچێ.



بەم جۆرە، بەدەم باسی شتی ترەوە
کە (کۆمیدیا)کەم[٢] بایەخ بە نووسینیان نادا،
پرد بە پرد ڕۆیشتین تا گەیشتینە سەر ترۆپکی شاخەکە. (٣)
وەستاین و سەیری خەندەکێکی تری (مالیبۆلچی)مان کرد،
ناڵە و هاواری بێهوودەی لێوە دەهات.[٣]
تاریکییەکی کلکەچەم و سەیر و ڕازناک بوو. (٦)
وەک (ڤینیسییەکان) کە زستان
قیرێکی خەست و پەیت لە کارگەی قیر دەکوڵێنن،[٤]
بۆ ئەوەی کەشتیی دارزاوی پێ هەڵسوون. (٩)
کە لە گەشتکردن کەوتووە.
یەکێ کەشتیی کۆنی خۆی تازە دەکاتەوە و
یەکێ درزەکانی کەچەکەشتییەکەی بە قیر دەگرێ. (١٢)
یەکێ بزمار لە لمووزی دەکوتێ و یەکێ چەکووش لە پاشەڵی دەدا.
یەکێ سەول دروستدەکا و یەکێ پەت دەهۆنێتەوە،
یەکێ چارۆکەی ناوەڕاست پینەدەکا و
یەکێ چارۆکەی سەرەکی دەچنێتەوە.[٥] (١٥)
لێرەدا، نەک بە ئاگر، بەڵکو بە کاری خوا،
قیرێکی خەست لەو بنەوە دەکولا و
لە هەموو لایەکەوە بەسەر لێوارەکەدا یەقی دەدایەوە. (١٨)
لەوە زیاتر هیچم تێدا نەدی،
تەنیا ئەو بڵقانە نەبێ کە لەبەر کوڵ و جۆش
سەردەکەوتن و دەئاوسان و دەتەقین و دادەپڵتان! (٢١)
بە وردی خوارەوەم مێزە کرد،
ڕابەرەکەم پێی گوتم: (ئاگادار بە! ئاگادار بە!)[٦]
بۆ لای خۆی ڕایکێشام. (٢٤)
بە وشتی گەڕامەوە، وەک یەکێ بە نیگەرانی
مەترسییەک ببینێ و بیەوێ خۆی لێ لابدا،
ترسێکی کتوپڕ دایبگرێ. (٢٧)

ئیستێک نەکا، تا سەیری بکا:
لە پشت خۆمانەوە شەیتانێکی[٧] ڕەشم بینی،
بە غار بەسەر شاخەکەدا دەهات.
ئای دیمەنێکی چەند کرێت و بزدۆنکی هەبوو!
ئای چەند مڕومۆچ و ڕووگرژ و دڵڕەق بوو!
چەند پێ سووک و باڵا فش بوو!
گوناهبارێکی لە قیلمقاس بوو،
سمتەکانی کەوتبووە سەر لاشانە زۆپ و تیژەکانی
ئەویش توند ڕەگ و دەماری پێیەکانی گرتبوو.
کە گەیشتە سەر پردەکە گوتی: (مالیبرانکی)نە![٨]
ئەمە یەکێکە لە پیرەکانی (سانتا تسیتا)[٩]
فڕێی دەنە بنەوە! تا من دەگەڕێمەوە.
بۆ ئەو شارەی پڕە لەم چەشنە کەسە[١٠]
(بۆنتورۆ)[١١] نەبێ، هەموو خەڵکەکەی بەرتیلخۆرن
بە پارە، (نا) دەکەن بە (ئا)![١٢]
ئەوەی سەرشانی فڕێی دایە بنەوە و بە غار
بەسەر ئەو شاخە سەختەدا گەڕایەوە،
هیچ سەگێ وا بە هەشتاوی ڕاوی دزی نەناوە.
گوناهکارەکە نقووم بوو و سەرکەوتەوە، هەموو گیانی قیر بوو!
شەیتانەکانی ژێر پردەکە هاواریان کرد:
(سانتۆ ڤۆڵتۆ)[١٣] لێرە شوێنی نییە.[١٤]
مەلەوانیی ئێرە، لە (سێرکیۆ)[١٥] جیایە.
ئەگەر دەتەوێ زەبری چڕنۆکی ئێمە نەچێژی،
سەر لەناو قیر دەرمەهێنە.
سەد چەنگاڵیان لێ دا و نوقمیان کردەوە.
گوتیان: (لێرە، بە ژێرەوە سەما بکە و
ئەگەر دەتوانی، خۆت دەرباز کە.
وەک چێشتکەر کە شاگردەکەی ڕادەسپێرێ

به چەنگاڵ گۆشت لەناو مەنجەڵ نقووم بکا و
لێنەگەڕێ سەرکەوێتەوە سەر ئاو.
ئەوسا مامۆستای خاس فەرمووی:
(بۆ ئەوەی نەتبینن لێرەی، لە پەنا بەردێک
خۆت گرمۆڵە بکە و بیکە بە حەشارگە.
هەرچی ئەزیەتێکی من بدەن،
تۆ مەترسە، من ئەو شتانە دەزانم و
پێشتر تووشی ئەم کێشمەکێشە هاتووم.)
ئینجا ڕۆیشت و لەوپەڕی پردەکە ڕەت بوو،
کە گەیشتە سەر لێواری شەشەم،
سیمایەکی دڵنیایی وەرگرت.
وەک سەگ چۆن بە ڕق و هەڵچوونەوە
پەلاماری دەرۆزەکەرێک دەدا
کە دەوەستێ و داوای خێر و سەدەقە دەکا،
شەیتانەکان ئاوها لەژێر پردەکە لێی دەرپەڕین و
چەنگاڵەکانیان لێ قیت کردەوە،
ئەم هاواری کرد: (کەس دەست نەوەشێنێ!
بەر لەوەی چەنگاڵم لێ بدەن،
با یەکێکتان بێ گوێ لە قسەم بگرێ.
ئەوسا فەرمانی چەنگاڵکاریم بدەن.)
هەموو قیژاندیان: (مالاکودا تۆ بڕۆ!)
یەکێکیان بزووت و ئەوانی تر وەستان.
ئەوەی جوولا، هات گوتی: (ها چیت دەوێ؟!)
مامۆستام پێی گوت: (مالاکۆدا،[١٦] ئایا لەو باوەڕەدای
من ئاوها بە ئارخەیانی و بێ ترس
لە پەلاماری ئێوە بێمە ئێرە،
ئەگەر خواستی چارەنووس نەبوایە؟
ڕێمان بدە بڕۆین. ئاسمان ئیرادەی وا لەسەرە

من ئەم ڕێگە سەختە پێشانی یەکێ بدەم.)
شەیتانەکە فیزی شکا و
چەنگاڵی دەستی بەردایەوە بەر پێی و
بەوانەی تری گوت: (کەس دەستی بۆ نەبا!)
مامۆستاکەم پێی گوتم: (تۆ، کە لەناو بەردەکانی
ئەم پردە هەڵکوڕماوی،
دڵنیا بە و وەرەوە لام.)
هەڵسام و خێرا چوومەوە لایەوە.
شەیتانەکان هەنگاوێ هاتنە پێش،
زۆر ترسام پەیمانشکێنی بکەن.
کاتی خۆی سەربازەکان ئاوها تۆقیبوون،
کە بەپێی بەڵێن لە (کاپرۆنا)[17] هاتنە دەرەوە و
دیتیان خێڵی دوژمن دەورەی داون.
بە توندی خۆم بە مامۆستاکەمەوە نووساند،
چاویشم هەر لەسەر ئەوان بوو،
کە بە هیچ جۆرێ چاکەیان تێدا نەبوو.
چەنگاڵەکانیان هێنایە خوارێ و بە یەکتریان گوت:
(دەتەوێ لە سمتی بدەم؟)
وەڵامیان دەدایەوە: (ئا، لە سمتی!)
ئەو شەیتانەی قسەی لەگەڵ مامۆستاکەم دەکرد،
ئاوڕێکی چوستی دایەوە و گوتی:
(بوەستە! بوەستە! سکارملیۆنی!)[18]
ئەنجا یەکێ پێی گوتین: (ناتوانن، لێرە زیاتر
بەسەر ئەم شاخەدا بڕۆن،
پردی شەشەم سەراپا ڕووخاوە و نغرۆ بووە.[19]
ئەگەر هەر سوورن، بڕۆن،
بە تەک ئەم لێوارەدا بڕۆن،
لەم نزیکانە، کۆمەڵەبەردێکی هەڕفتی بوونەتە بەردەباز

دوێنێ، پێنج سەعات[20] دوای ئێستا،
هەزار و دووسەد و شەستوشەش ساڵ تەواو بوو،
لەوەتی ئەم ڕێگەیە گیراوە. (١١٤)
هەندێ لە تاقمەکەی خۆم ڕەوانەی ئەولا دەکەم
بۆ ئەوەی هیچ گوناهکارێ سەر لەناو قیر دەرنەهێنێ،
لەگەڵ ئەوان بڕۆن، هیچتان لێ ناکەن!) (١١٧)
ئینجا گوتی: (ئالیکینۆ)[21] و (کالکابرینا)[22] ئێوە بڕۆن،
تۆیش (کانیاتسۆ).[23]
با (بارباریچیۆ)[24] سەرکردایەتیی ئەم دە کەسە بکا. (١٢٠)
با (لیبیبیککۆ)[25] و (دراگینیاتسۆ)[26] و
(چریاتتۆ)ی[27] چڕنۆکدار و (گریافیاکانی)[28] و
(فارفاریلۆ)[29] و (ڕوبیکانتی)ی[30] شێتیش، بێن![31] (١٢٣)
دەورانادەوری قیری تواوە باش بپشکنن،
ئەم دوانە دەبێ بە سەلامەتی بگەنە ئەو شاخەی
خەندەکەکانی داپۆشیوە. (١٢٦)
پێم گوت: (مامۆستا، ئەوە چییە بە چاوی خۆم دەبینم!؟
تۆ شارەزای. وەرە تەنیا و بێ یاوەر بڕۆین،
من بەرگەی هاوڕێتیی ئەمانە ناگرم. (١٢٩)
تۆ وریا و وردبینی،
نابینی ددانیان بە جیڕەوە دەبەن و
بە برۆ هەڕەشە دەکەن؟) (١٣٢)
ئەویش گوتی: (نامەوێ ترس لە خۆت بار بکەی،
وازیان لێ بێنە، بە کەیفی خۆیان ددان جیڕ بکەنەوە،
بۆ سووتاوە کڵۆڵەکانی خوارێ وا دەکەن.) (١٣٥)
شەیتانەکان ڕوویان کردە لای چەپی لێوارەکە،
هەموو زمانیان لە سەرۆکەکەیان دەرهێنا و
بە قەپگرتن ئاماژەیان بۆ سەرۆکەکەیان کرد. (١٣٨)
ئەویش پاشەڵی خۆی کرد بە کەڕەنا. (١٣٠)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستویەکەم

١. ئەم سرووده، سروودی بەرتیلخۆرانە کە پایەی خۆیان بۆ پارەکۆکردنەوە تەرخانکردووە.

٢. مەبەست کۆمیدیایە.

٣. واتە ئەڵقەی یان دۆڵی پێنجەم. ئێرە جێگەی سزادانی ئەوانەیە کە بەرتیلیان وەرگرتووە و خەڵکیان ئازارداوە.

٤. کارگەی کەشتی بەزۆری کارگەی قیری تێدابوو بۆ هەنوونی کەشتی بە قیر. پیشەسازیی دروستکردنی کەشتی لە ڤینیسیا زۆر بە هەرمێن بوو، چونکە فینیسییەکان دەورێکی باڵایان لە بازرگانیی دەریایی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەبوو تا پورتوگالەکان لە سەدەی (١٥)دا ڕێگەی بازرگانیی نوێیان دۆزییەوە کە بە خوارووی ئەفریقیا (رأس الرجاء الصالح)دا دەسووڕێتەوە.

٥. دانتی بە وردی باسی کارگەی چاککردنەوەی کەشتی دەکا لە ڤینیسیا، چونکە بۆ ئەوسا دەورێکی گەورەی لە ژیان و ئابووریی شار و وڵاتدا هەبوو.

٦. ڤیرجیلیۆ زۆر سوورە لەسەر پاراستنی دانتی لە هەر مەترسییەک کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە، چونکە هەست دەکا دانتی ئەمانەتێکە و بەو سپاردراوە.

٧. لە کۆنەوە وێنەی شەیتان وا کراوە، شانی دەرزۆپیوە، چونکە گۆشت و بەز و پیوی پێوە نییە.

٨. مالیبرانکی Malebranchi: وشەیەکی لێکدراوە. دانتی لە لێکدانی دوو وشەی (mala-خراپە بەد) و (branca-چەنگاڵ) دروستی کردووە، بەسەر یەکەوە دەبێ بە (چەنگاڵ بەد). ئەمە نازناوی شەیتانەکانی ئەم ئەڵقەیەی دۆزەخە.

٩. سانتا تسیتا Zita da Monsagranti: ئافرەتێکی داوێنپاک و خواپەرست بوو، پارێزەری ڕۆحی شاری (لوکا) بوو لە ئیتالیادا.

١٠. پیرەکان-Anziani، لە سەدەی سێزدەمدا، ناوی دەستەیەکی دە نەفەریی پیران بوو، پایەی سەنەتۆریان هەبوو. بە هاوکاریی نوێنەری پاپا و فەرماندەی سوپا، کاروباری شاریان بەڕێوە دەبرد. مەبەست لە (یەکێ لە پیرەکانی سانتاتسیتا) ئەوەیە، یەکێ لە دە سەنەتۆرەکەی شاری لوکا لە دۆزەخدایە، گوایە ئەمە ئاماژەیە بۆ

سەنەتۆرێ بە ناوی (مارتینۆ بوتایۆ) کە ڕۆژی هەینیی ساڵی ١٣٠٠ کۆچی دوایی کردووە.

١١. بۆنتورۆ Bonturo (بۆنتوترۆ دانتی): سیاسییەکی (لوکا)یی بوو. لە سەرەتای سەدەی ١٣دا سەرۆکی شاری (لوکا) بوو. گەورەی هەموو بەرتیلخۆرانی شار بوو. بەو سیاسەتە نالەبارەی پەیڕەوی دەکرد، ئاگری لە نێوان (لوکا) و (پیزا) نایەوە و (لوکا) ئازارێکی زۆری پێگەیشت. بێگومان ئەم ئاماژە پێکردنەی دانتی، شێوەیەکی گاڵتەجاڕانەی وەرگرتووە.

١٢. ئەمە یەکێکە لە دێرە شیعرە بەناوبانگەکانی کۆمیدیا. لێکدانەوەی ڕستەکە بەم جۆرەیە: لەم شارەدا، دەشێ بە بەرتیل، هەموو (نا)یەک بکرێ بە (ئا).

١٣. سانتۆ ڤۆلتۆ Santo Volto: پەیکەرێکی عیسا بوو، لە دار تاشرابوو و لە کڵێسەی گەورەی (لوکا) داندرابوو. ئەم پەیکەرە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر پیرۆز بوو. خەڵکی شاری (لوکا) بە جێگەی شانازیی خۆیان دەزانی و خەڵکێکی بێژمار کە دەچوونە ڕۆما، لە ڕێگەی خۆیان لایاندەدایە ئەو شارە و زیارەتی ئەو پەیکەرە پیرۆزیان دەکرد.

١٤. وێنەیەکی داری کۆن بوو، لەناو کڵێسەی ڕۆما. خەڵک لە کاتی تەنگانەدا هانایان بۆ دەبرد و لێی دەپاڕانەوە.

١٥. سێرکیۆ Serchio: ڕووبارێکی بچووکە، لە چیای لۆنیدگاناوە دێ و بە نزیک (لوکا)دا دەڕوا و لە دەریای (تیرانی) دەکاتەوە. ئەم قسەیە نیشانەی ئەوەیە کە ڤێرجیلیۆ جارێکی تریش چووەتە دۆزەخ.

١٦ مالاکۆدا Malacoda: وشەیەکی لێکدراوە. دانتی خۆی دروستی کردووە. لە دوو پارچە پێکهاتووە (mala-بەد) و (coda-کلک)، دەکاتە (کلک بەد). ئەمە ناوی یەکێکە لە شەیتانەکانی ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ.

١٧. کاپرۆنا Caprona: قەڵایەکی تۆکمە و قایمە لە نزیک شاری (پیزا)، لە ڕۆژاوای ئیتالیادا. ساڵی ١٢٨٩ گەلفەکانی فلۆرەنسا و توسکانا پەلاماری ئەم قەڵاتەیان دا. بەرگریکەرانی قەڵا دوای دەست وەکەری و خۆڕاگرتنێکی زۆر، ئامادەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن بەو مەرجەی دوژمن ئەمانیان بدا و نەیانکوژێ. هێرشکەرەکان کە فلۆرەنسایی و توسکانی بوون، بەو مەرجە ڕازی بوون. دیارە دانتی خۆی لەم هێرش و ئابڵووقەدانەدا بەشداریی کردووە، بە چاوی خۆی دیویەتی

چۆن بەرگریکەران بە پەشۆکاوی لە قەلا هاتوونەتە دەرێ و بە پەلەپرووزێ ڕایانکردووە. کە بەرگریکەرەکان لە قەلا هاتنە دەرەوە، هێرشکەرەکان پەیمان و بەڵێنەکەیان پێشێل کرد و کەوتنە کوشتنیان. ئەم جۆرە کارە لە ئیتالیادا، نموونەی زۆرە.

١٨. سکارملیۆنی Scarmglione: یەکێکە لە شەیتانەکان. ئەم وشەیە بە ئیتالی مانای (قژگڤ) یان (بەدکار) دەگەیەنێ.

١٩. دواتر دەردەکەوێ ئەو پردەی لەسەر ئەڵقەی شەشەم بوو، بە هۆی ئەو بوومەلەرزەیە ڕووخاوە کە بە مەرگی مەسیح و گەشتەکەی بۆ ئەڵقەی یەکەمی دۆزەخ ڕووی دا.

شەیتان لێرەش لە پیسی و مخەننەتیی خۆی ناکەوێ. دەیەوێ ڤیرجیلۆ و دانتی تەفرە بدا، دەڵێ ئەم پردە شکاوە، بەڵام پردێکی تر نەختێ لەولاوە هەر لەسەر ئەم ئەڵقەیەدا هەیە، دەتوانن لەوێ بپەڕنەوە، کەچی پردەکەی ئەوێش شکاوە. بەوە شەیتان ڕێی هات و نەهاتیان پێشان دەدا.

٢٠. ئەم حیسابەی شەیتان ناسراوترین حیسابی دۆزەخی دانتییە. کۆمیدیاناسەکان بەمەوە توانیویانە ڕۆژ و سەعاتی گەشتەکەی دانتی بە وردی دیاری بکەن. لە ئینجیلی تومادا باس کراوە کە عیسا ڕۆژی هەینیی پیرۆز، لە بەینی سەعات شەش و نۆی بەیانی، لە تەمەنی سیوچوار ساڵیدا شەهیدکراوە. ڕەنگدانەوەی کارەساتەکە بەم جۆرە پێشان دەدا:

لە سەعات شەش تا سەعات نۆ، دونیا هەمووی تاریک داهات، ڕۆژ ڕووناکی نەما، بەردی قودس لە ناوەڕاستەوە شەقی برد...

کەچی هەندێ لە توێژەرەوان ڕایان وایە عیسا لە نیوەڕۆی هەینیی پیرۆز شەهیدکراوە. لە لایەکی تریشەوە لە سێ ئینجیلەکەی تردا، ڕووداوی شەهیدکرانی عیسا بە جۆرێ باس کراوە، کاتەکەی لەگەڵ سەعات سێی دواینیوەڕۆ یەکدەگرێتەوە.

٢١. ئالیکینۆ Alichino: باڵشۆڕ

٢٢. کالیا برینا Calea brina: کەشتیوانی گەنج.

٢٣. کانیاتسۆ Cangnazzo: سەگی دڕ

٢٤. بارباریچیا Barbariccia: ڕدێنکڤ

٢٥. لیبیکۆککۆ Libicocco: لیبیایی (ئەفریقیایی)

٢٦. دراگیناتسۆ Draghignazzo: ئەژدیهای توورە و پیس.

٢٧. جیریاتتۆ Giriatto: بەراز

٢٨. گرافیاکانی Graffiacane: چرنۆکی سەگ

٢٩. فارفاریللۆ Farfarello: مەردمئازار

٣٠. ڕوبیکانتی Rubicante: ڕووسوور

٣١. شەیتانەکانی دۆزەخ ڕێکخستنێکی مەیلەو سەربازییان هەیە. بارباریچیا سەرکردەی ئەو دەستە دە نەفەرییەیە. بە (کەڕەنای سەربازی) فەرمانی جوولان و بەڕێکەوتنیان پێ دەکا. دانتی ئەم کەڕەنالێدانەی بە گاڵتەجارییەکی بێوێنە پێشانداوە: هەندێ وای لێکدەدەنەوە بارباریچیا بۆ ئەوەی فەرمانی ڕۆیشتن بە شەیتانەکان بکا، لەباتی کەڕەنا، ترێکی زلی لێداوەو بۆنێکی پیسی بڵاوکردۆتەوە.

***

# سروودی بیستودووەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی پێنجەم

## مامەڵەچی، ئەوانەی ماڵی میللەت دەدزن.

دانتی بۆقی شەیتانەکانی لە هەمووی بەلاوە سەیرتر بوو. تەماشای قەترانەکەی کرد دیتی هەندێ جەفاکێش پشتیان بەرز کردبووەوە بۆ ئەوەی ئازاری کوڵانیان کەم بکەنەوە. جەفاکێشەکانی ناو قەترانی بەلاوە وەکو بۆقی دەم زۆنگاو وا بوو. کە لەشیان دەبەنە بن ئاو و لمووزیان دێننە دەرەوە. دانتی دیتی گرافیاکانی چەنگاڵی لە جەفاکێشێک دا و شەیتانەکانی تریش هاتنە هاوکاری بۆ دڕاندنی جەفاکێشەکە. دانتیی زانی ئەو جەفاکێشە جیامپۆلۆی خەڵکی ناڤارڕایە. کە پایەی خۆی لە دەرباری شا تیبالدۆ بۆ بەرتیلخواردن و پارەکۆکردنەوە تەرخان کرد. فرجیلۆ پرسیی داخۆ کەسی لاتینی لەوێیە؟ جیامپۆلۆ وەڵامی دایەوە قەشە گۆمیتای لەگەڵدایە کە لە ساردینیا پلەوپایەی خۆی بۆ کۆکردنەوە پارە تەرخان کرد و بوو بە سەرکردەی بەرتیلخۆران. جیامپۆلۆ شەیتانەکانی تەفرە دا بۆ ئەوەی لە دەستیان ڕابکا. ئەلیکینۆی شەیتان داوای کرد پێشبڕکێ لەگەڵ جیامپۆلۆ بکا. ئەمە پێشبڕکێیەکی سەیر بوو لە نێوان شەیتانێک و جەفاکێشێک. جیامپۆلۆ بە چاوتروکانێک بازی دایە ناو قەتران و ئەلیکینۆ پێی نەگەیشت. کالکا برینا لە سەرکەوتنی فێڵی جیامپۆلۆ تووڕە بوو. لەگەڵ شەیتانەکەی دی، کەوتنە شەڕ و هەردووکیان کەوتنە ناو قەتران. شەیتانەکانی دی لە هەردوو لای دۆڵەکەوە ویستیان دوو شەیتانەکە بە چەنگاڵ ڕزگار بکەن.

دانتی و ڤیرجیلیۆ دەرفەتەکەیان قۆستەوە و بەبێ یاوەریی شەیتانەکان لە گەشتەکەیان بەردەوام بوون.



شۆڕەسوارانم دیوە ئۆردوویان گواستووەتەوە،
هێرشیان کردووە و نمایشیان کردووە.
یان هەڵاتوون بۆ ئەوەی ڕۆحی خۆیان دەرباز بکەن. (٣)
ئەی (ئاریتینی)،[٢] مرۆی ڕاکردووی خاکی ئێوەم دیوە،
شۆڕەسوارانم دیوە،[٣] تەڕادر مەترووده و
جریدبازی و زۆرانبازیم دیوە.[٤] (٦)
جارێ بە کەڕەنا و چەلێ بە زەنگ،
بە کووس و بە ئاگری قەڵابەند[٥]
بە دەستووری خۆیی و بیانی! (٩)
بەڵام قەت نەمدیوە، سوار یان پیادە
بە دەنگی کەڕەنای وا سەیر[٦] بڕوا
یان کەشتی ئاوا بە نیشانەی سەر زەوی، یان بە ئەستێرە بجوولێ (١٢)
کەچی ئێمە لەگەڵ دە شەیتان کەوتووینەتە ڕێ
ئای لەو هاوڕێتییە دزێو و ناشیرینە![٧]
کڵێسە و پیاوچاک و مەیخانە و شەرابخۆریان گوتووە.[٨] (١٥)
من چاوم هەر لەسەر قیرەکە بوو
بۆ ئەوەی هەموو شتێکی ناو ئەو خەندەکە ببینم،
ئەو کەسانە ببینم کە تێیدا دەسووتان. (١٨)
چۆن ماسی بەرازە پشتی کووڕ دەکاتەوە
بۆ ئەوەی ئاماژە بە دەریاوانان بدا[٩]
کەشتییەکەیان ڕزگار بکەن. (٢١)
هەندێ گوناهکار، ئاوها
پشتی کووڕیان دەردەهێنا بۆ ئەوەی سزایان سووکتر بێ،
ئینجا لە برووسکە خێراتر بزردەبوون. (٢٤)
یان چۆن لەسەر لێوی گۆم،
هەندێ جار بۆق دەبینین، لمووزی بەدەرەوەیە،
پەل و لەشی زلی نخافتییە. (٢٧)
گوناهبار، ئاوا لە هەموو لاوە سەریان دەردەهێنا،

که (بارباریچیا) نزیک دەکەوتەوە،
خۆیان لەناو قیری کوڵاو نقووم دەکردەوە. (۳۰)
ڕۆحێکم بینی ئێستایش موچڕکم پێدا دێ
وەک بۆقێ لە بۆقەکانی دی دواکەوتبێ
لە هاوڕێکانی دواکەوتبوو. (۳۳)
(گریافیاکان)، دەق لە بەرامبەریدا وەستابوو،
چەنگاڵی لە قژی لنجی گیرکرد و ڕایکێشایە دەرێ،
لە بەرچاوم دەتگوت سەگلاوە. (۳٦)
من ناوی هەموو شەیتانەکانم دەزانی:
کە هەڵیانبژاردن ناوەکانم زانین.
کە قسەیان لەگەڵ یەک دەکرد، ناوەکانم دەبیست! (۳۹)
ئەو مەلعوونانە، هەموو بەیەکەوە هاواریان کرد:
(ئەی (ڕوبیکانتی)، چڕنووک لە گۆشتی گیر بکە و
یەکسەر کەوڵی کە!) (٤۲)
گوتم: (مامۆستا، ئەگەر دەتوانی،
هەوڵ بدە بزانە ئەو بەدبەختە کێیە؟
کەوتووەتە بەردەستی ئەم دوژمنانە.) (٤٥)
ڕابەرەکەم خۆی لێ نزیککردەوە و
لێی پرسی کێیە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە:
(من لە وڵاتی (ناڤاڕرا)[10] لەدایک بووم. (٤۸)
دایکم منی لە پیاوێکی کەم و چرووک بوو،
سەر و ماڵی خۆی فەوتاند
دایکم کردمی بە نۆکەری پیاوێکی گەورە.[11] (٥۱)
بووم بە نۆکەری شا (تیبالدۆ)ی[12] گەڕناس.
دەستم بە دزی و ناپاکی کرد.
ئیتر سزام ناو ئەم ئاگرەیە) (٥٤)
(چریاتۆ)، هەردوو لا لغاوەی زاری
یەکەو کەڵبەی وەک شەفەلەی بەرازیان لێ هاتبووە دەرێ،

تێگەیاند بای یەک کەڵبە دەکا، هەڵیبدڕێ.
مشک بوو و کەوتبووە بەر لەپی چەند پشیلەیەکی دڕندە.[١٣]
(بارباریچیا) بازووی تێ وەرهێنا و گوتی:
(ئێوە لە جێی خۆتان بن
من دەیگرم و دەیگوشم.)
ئینجا ڕووی بۆ لای مامۆستاکەم وەرگێڕا و گوتی:
(ئەگەر دەتەوێ شتی لێ بزانی، پرسیاری کەی لێ بکە،
هەتا پەلپەلمان نەکردووە.)
ڕابەرەکەم گوتی: (پێم بڵێ، لە گوناهبارەکانی دی
کەس دەناسی (لاتینۆ)یی[١٤] بێ)؟
ئەویش گوتی: (پێش کەمێ
لە دراوسێیەکی ئەوبەر دابڕام و هاتمە ئێرە،
خۆزگە هەر لەگەڵ ئەو لە پەسارگەدا بوومایە،
ئێستا ترسی چڕنووک و چەنگاڵم نەدەبوو!)
(لیبیکۆ ککۆ) گوتی: (حەوسەڵەمان نەما!)
بە چەنگاڵێ بازووی گرت و پچڕاندی و
وڵمە گۆشتێکی لێ کردەوە.
(دراگینیاتسۆ) ویستی خوارتری بگرێ و
چەنگاڵ لە پووزی گیربکا،
سەردەستە[١٥] سەرنجێکی پڕ هەڕەشەی لێدا.
کە ئەوان کەمێ هێوربوونەوە،[١٦]
کابرا خەریکبوو برینەکەی مێزە دەکرد.
ڕابەرەکەم لێی پرسی:
(مەبەستت کێیە؟ دەڵێی هەڵەم کرد
جێم هێشت و هاتمە ئەم کەنارە؟)
وەڵامی دایەوە: (قەشە (گۆمیتا)[١٧]
لە (گاللوورا)[١٨] کانگای فرتوفێڵ بوو.
دوژمنانی ئاغای خۆی، لە بەردەستدا بوو.

زۆر لەگەڵیان باش بوو، هەموو لێی ڕازی بوون. (٨٤)
پارەی لێ وەردەگرتن و ئازادی دەکردن،
خۆی دەیگوت، ئەرکی تریشی ئەوە بوو،
دزیی بچووک نا، دزیی گەورەی دەکرد. (٨٧)
ئێستا بەڕێز (میکێل تسانکی)ی[١٩]
خەڵکی (لۆگۆدۆرۆ)[٢٠] گفتوگۆی لەگەڵ دەکا
باسی (ساردینیا) دەکەن و زمانیان ناچێتە کالان.[٢١] (٩٠)
ئاخ، تۆ بنوارە ئەم شەیتانە چۆن ددانی گڕ کردووەتەوە،
زیاتر قسەم دەکرد، بەڵام زۆر دەترسم،
لە نشکەوە چەرمەسەرانەم پێ بکا. (٩٣)
(فارفارێللو)[٢٢] چاوی خێلی دەسووڕاند
بۆ ئەوەی زەبرێ بوەشێنێ. سەرکردەی گەورە[٢٣] پێی گوت:
(تەیری شووم[٢٤]، بڕۆ، لاکەوە!) (٩٦)
جەفاکێشی تۆقیو[٢٥] دەستی بە قسە کردەوە:
(ئەگەر گەرەکتانە چەند (توسکانی) و (لومباردی)یەک
ببینن و قسەیان ببیسن، من وا دەکەم بێن![٢٦] (٩٩)
بەڵام با چرنووکشوومەکان پیچەک بکشێنەوە
تا ئەوان ترسی تۆڵەسەندنەوەیان نەبێ.[٢٧]
من هەر لەو شوێنەی دانیشتووم (١٠٢)
ئەگەر یەک فیکە بکێشم، خۆم کە یەک کەسم،[٢٨]
وا دەکەم حەفتیان بێن.
ئەمە نیشانەی خۆمانە، بۆ وانە چوونەتە دەرەوە. (١٠٥)
(کانیاتسۆ) کە ئەم گوتانەی بیست، لمووزی بڵندکرد.
سەری بادا و گوتی: (بەرێ خۆ بدەنێ، چ فێڵێکی داناوە
بۆ ئەوەی خۆی هەڵداتە خوارێ.) (١٠٨)
بەڵام ئەوەی[٢٩] هەگبەی پڕ حیلە و حەواڵە بوو،
وەڵامی دایەوە: (من فێڵم زۆرە
کە داو لە هاوڕێکانم دادەنێمەوە.) (١١١)

(ئالیکین) خۆی پێ نەگیرا، بە پێچەوانەی
شەیتانەکانی دی گوتی: (ئەگەر تۆ خۆت نقووم بکەی
بە دووتدا ڕاناکەم. (١١٤)
بە یەک شەققەی باڵ دەگەمە سەر قیرەکە.[٣٠]
با لێوار جێبێڵین و کەنار ببێ بە حەشارگەت
ئایا تۆ لە هەموومان زیاتری؟)   (١١٧)
ئەی خوێنەر، ئەمە یارییەکی تازەیە تۆ دەیبینی!
هەموو ڕوویان بۆ کەنارەکەی تر وەرگێڕا،
یەکەمین کەس ئەوە بوو کە لە هەموویان لاملتربوو  (١٢٠)
ڕۆحی (ناڤارڕا)یی، ژێرانە دەرفەتی قۆستەوە،
پێی لە زەوی چەقاند و
بازی دا و خۆی لە داوەکە ڕزگار کرد.  (١٢٣)
هەموو لە هەڵەی خۆیان پەشیمانبوونەوە،
لە هەموویان زیاتر، ئەوەی مایەی شکستەکە بوو!
یەکسەر دەرپەڕی و قیڕاندی: (ئەوە تۆم گرت!) (١٢٦)
وەڵێ بێهوودە بوو! باڵی بەقەد ترسی
ڕۆحەکە تیژڕۆ نەبوو: ئەمیان خۆی نقووم کرد و
ئەویان سنگی قیتکردەوە، هەڵفڕی و هاتەوە. (١٢٩)
ئەمە وەک مراوییەکی سەر ئاو وا بوو
(باز)ێک کووزی بۆ بکا و لێی نزیک بکەوێتەوە،
مراوییەکە خۆی نقووم بکا و بازەکە بە نائومێدی هەڵفڕێتەوە. (١٣٢)
(کالکابرینا)، ڕقی لەو حیلەیە هەستا،
باڵی لێک دا و ڕاوی نا، بۆ ئەوەی
ڕۆحەکە دەربکا و لەگەڵ هاوڕێکەی[٣١] بیکا بە شەڕ (١٣٥)
کە دزەکە بزر بوو، یەکسەر
چڕنووکی لە هاوڕێکەی خستەکار و
لەسەر خەندەکەکە ئاوقای یەکتر بوون. (١٣٨)
ئەوەی تر باشووکەیەکی چاوتیژ بوو.

چڕنووکێکی توندی لێ گیر کرد و
هەردووکیان بەربوونەوە ناو گۆمی کولاو   (١٤١)
یەکسەر، لەبەر گەرما لێکبوونەوە.
بەلام هەوڵی هەستانەوەیان بێسوود بوو،
باڵیان لە قیر هەلاتبوو و لنج بووبوو!   (١٤٤)
(بارباریچیا) لە هاوڕێکانی نیگەران بوو،
چوار شەیتانی ڕاسپارد بە لەزوبەز
بە چەنگاڵەوە بفڕن بۆ کەناری ئەوبەر. (١٤٧)
لێرەولەوێ لە شوێنەکانیان دامەزران
جەنگاڵیان بۆ دوو شەیتانەکەی خەڵتانی قیر درێژ کرد،
کە هەموو پێستەیان برژابوو.  (١٥٠)
بە پەرێشانی جێمانهێشتن  (١٥١)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستودووەم

١. ئەم سروودەش، سروودی بەرتیلخۆرانە.

٢. ئاریتینی Aretini: خەڵکی شاری ئاریتسۆ Arezzo بوو. ساڵی ١٢٨٩ گەلفەکانی فلۆرەنسا و لوکا لە شەڕێکدا، لە نزیک کامبالدینۆ، گیبیللینییەکانیان شکاند. دانتی بەشداریی ئەم شەڕەی کردووە.

٣. شۆڕەسوار هێرشی تاڵانوبڕۆیان دەکردە سەر خاکی دوژمن.

٤. مەبەست جریدبازی و سوارسوارانەی کاتی ئاشتییە.

٥. قەڵاکان، بە ڕۆژ دووکەڵ و بە شەو ئاگریان بۆ نیشانەی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنا.

٦. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕێوڕەسم وا بوو، هەریەکە لەو دوو لایەی شەڕیان دەکرد، گالیسکەیەکی لە پێشەوەی ڕیزەکانی لەشکرەکەی ڕادەگرت، ئاڵا و نیشانەیەکی زۆری بە سەرەوە بوو و زەنگی ڕاگەیاندنی شەڕی تێدا بوو. بە درێژایی شەڕ ئەو زەنگە هەر دەزرنگایەوە.

٧. کەشتی، تا لە کەنارەوە نزیک بوو، ئاماژەی ڕێنمایی لە بنکەی سەر کەنارەوە وەردەگرت، بەڵام کە دەگەیشتە ناوەڕاستی دەریا و ئاماژەی کەناری پێ نەدەگەیشت، ئەستێرەکانی دەکرد بە نیشانە.

٨. ئەمە پەندێکی ئیتالییە دەڵێ:

(کەنیسە و پیاوچاک، مەیخانە و شەرابخۆر.) لە کوردیدا دەڵێ: (نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب.)

٩. ئاماژەیە بۆ ئەو دیاردەیە کە ئەم ماسییە لە کاتی نزیکبوونەوەی گەرداودا دێتە سەر ئاو. دەریاوانەکان کە چاویان پێ دەکەوێ، دەزانن بەم زوانە دەریا دەبێ بە گەرداو و فەرتەنە، ئیتر حیسابی خۆیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی گەرداوەکە دەکەن.

١٠. ناڤارڕا Navarra: کاتی خۆی وڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ بوو. کەوتبووە باشووری فرەنسا و باکووری ئیسپانیا لە هەردوو بەری زنجیرەچیای پیرنی. هێنری چوارەمی پاشای فرەنسا خەڵکی ئەو شوێنە بوو.

١١. ئەم پیاوە کە ناوی (چیامپۆلۆ Ciampolo) بوو، کابرایەکی ئیسپانی بوو. خەڵکی ناوچەی ناڤارڕا بوو. لە دایکێکی خانەدان، بەڵام لە باوکێکی زۆر نزم هاتبووە دونیا. چی سامان و داریی هەبوو، هەمووی تەخشانوپەخشان کرد، ئاخیری ئەوەندە دەسکورت بوو، لە دەستەپاچەییان خۆی هەڵواسی.

١٢. تیبالدۆ Tebaldo: کۆنتی دوشامپانی و پاشای ناڤاڕا (١٢٥٣-١٢٧٠) بوو. لەگەڵ سان لویسی نۆیەمی پاشای فرەنسا بەشداریی هەڵمەتی خاچپەرەوەرانی کرد بۆ سەر تونس و لە گەڕانەوەدا مرد. زۆر بە چاکی لەگەڵ هونەرمەند و زانایان دەجووڵایەوە، بۆیە ناویان نابوو (پاشای باش buon re).

١٣. ئەمە پەندێکی ئیتالییە دەڵێ:

(پشیلەی خراپیش تۆڵەی خۆی لە مشک دەکاتەوە.)

١٤. لاتینۆ Latino: (لاتینی) ئەم وشەیە لە کۆمیدیادا بە زۆری بە مانای ئیتالیا بەکار هاتووە.

١٥. سەرتیپ (decurio): ئەم زاراوەیە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیادا، زاراوەیەکی پۆلینکردن و دابەشبوونی سوپا بوو.

بە فەرماندەی دەستەیەکی (دە) کەسی دەگوترا. لە سروودی (٢١)ی دۆزەخدا هاتووە، بارباریچیا فەرماندەی دەستەیەکی دە شەیتانی بوو، واتە سەرتیپ بوو.

١٦. واتە: لە هەموو لایەکەوە گرتییە ژێر باڵی خۆیەوە بۆ ئەوەی شەیتانەکانی دی ئەزیەتی نەدەن.

١٧. گۆمیتا Gomita: قەشەیەکی خەڵکی ساردینیا بوو. ساڵی ١٣٠٠ کە ساڵی گەشتەکەی دانتییە، دوورگەی ساردینیا بەشێ بوو لە کۆماری (پیزا)ی ڕۆژاوای ئیتالیا. کرابوو بە چوار ناوچە. ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات پێی دەگوترا (گالورا). فەرمانڕەوای گشتیی ساردینیا، قەشە (گۆمیتا)ی کرد بە فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە. لە ماوەی (١٢٧٥-١٢٩٦)دا جێگری (ئوجیلینۆ ڤیسکونتی)ی حاکمی (پیزا) بوو. پلەوپایە و دەسەڵاتی خۆی بۆ قازانجی تایبەتی خۆی بەکار دەهێنا. بە بەرتیلخۆر ناسرابوو. بە تاوانی ئەوەی بە پارە زیندانی بەرەڵڵا کردوون، فەرماندەی گشتی لە سەری دا.

١٨. گالورا Gallura: ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی ساردینیا.

١٩. میکیل تسانکی دی لۆگۆدۆرۆ Michel zanche di logodoro: فەرمانڕەوای ناوچەی (لۆگۆدۆ) بوو. (ئانتزۆ)ی کوڕی فریدریکی دووەم، کە پاشای ساردینیا بوو، ئەو پایەیەی پێ بەخشی.

ئانتزۆ لە شەڕێکدا، بە دیل گیرا و نەگەڕایەوە، (میکیل تسانکی) بە قسەی خۆش و بە فرتوفێڵ شاژنی تەفرە دا و وای کرد خۆی بە مێردی تەڵاق بدا و مێرد بەو بکا. بەم جۆرە خۆی بوو بە پاشای ساردینیا. ساڵی ١٢٩٠ بە دەستی (برانکادۆریا)ی زاوای خۆی کوژرا.

٢٠. لۆگۆدۆرۆ: ناوچەی باکووری ڕۆژاوای ساردینیا.

٢١. قسەیەکی نەستەقی ئیتالی هەیە دەڵێ:

(سەری تاسم برنێتەوە.)

٢٢. مەبەست فارفاریێلۆیە، کە هەڕەشەی ئەشکەنجەدانی لە چیامپۆلۆ دەکرد.

٢٣. واتە: بارباریچیایە.

٢٤. واتە: شەیتانی باڵدار. وشەی تەیر لە چەند جێیەکی کۆمیدیادا بۆ شەیتانەکان بەکار هاتووە، چونکە باڵیان هەبووە و وەکو باڵندە فڕیون.

٢٥. واتە: چیامپۆلۆ، کە لە هەڕەشەی شەیتان چرک و هۆڕ لەرزی.

٢٦. ڤیرجیلیۆ، لەبارەی هەندێ کەسی ئیتالییەوە پرسیاری لە چیامپۆلۆ کرد. چیامپۆلۆ بە زاراوەی قسەکردنی ڤیرجیلیۆ و دانتی، زانیی ئەمانە خەڵکی کام شارن. ئامادەیی خۆی دەربڕی هەندێ هاوشاری خۆیان بۆ بێنێ قسەیان لەگەڵ بکەن. مەبەستیشی هەر ئەوە بوو ئەو ماوەیە لە ئەشکەنجە بحەسێتەوە، تا دەرفەتێک وەردەگرێ و خۆی فڕێ دەداتەوە ناو قیرەکە.

٢٧. چیامپۆلۆ داوای کرد شەیتانەکان نەختێ بکشێنەوە و دووربکەونەوە بۆ ئەوەی تاوانبارەکان بوێرن لەسەر قیرەکە دەربکەون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە فێڵ بوو کردی، بۆ ئەوەی شەیتانەکان دووربکەونەوە و ئەم خۆی هەڵداتەوە ناو قیرەکە.

٢٨. واتە: یارییەکی سەیرە لە نێوان جەفاکێشێک و شەیتانێک. جەفاکێشەکە فرتوفێڵی لە بن سەرە و شەیتانەکە باڵی پێوەیە.

٢٩. مەبەست (چیامپۆلۆ)یە.

٣٠. کالکابرینا حەزی دەکرد چیامپۆلۆ لەناو قیرەکە بزر بێ، بۆ ئەوەی ئالیکینۆ بە کەمتەرخەمی تاوانبار بکا و بە سزای خۆی بگەیەنێ.

٣١. مەبەست (چیامپۆلۆ)یە.

***

# سروودی بیستوسێیەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی شەشەم

## دووفاقان

دوو شاعیرەکە وەکو ڕەبەنی فرانچیسکی تەنیا و بە بێدەنگی ملی ڕێیان گرت و ڕۆیشتن. دانتی مەترسیی شەیتانەکانی هەر لە مێشکدا بوو. دەترسا نەوەک بە دوایاندا بێن. باسی ترسی خۆی بۆ ڤیرجیلیۆ کرد، ئەویش دڵی دایەوە و ترسی ڕەواندەوە. شەیتانەکان کەوتنە دوای شاعیرەکان و خەریک بوو بیانگەنێ. ڤیرجیلیۆ دانتیی گرتە باوەش و بردییە خوارەوە بۆ دۆڵی شەشەم. شاعیرەکان کۆمەڵێ جەفاکێشیان بینی جلی ڕەنگاوڕەنگیان لە بەر بوو. کڵاوی بریقەداریان لە سەر بوو. بنەوەی جلەکانیان قورقوشم بوو. هێدی هێدی دەڕۆیشتن. ئەمانە کۆمەڵی دووفاقەکان بوون. دوویان لە دانتییان پرسی. کێیە و بۆچی هاتووەتە دۆزەخ؟ دانتی وەڵامی دایەوە لەسەر کەناری وارنۆی جوان لەدایک بووە و پێگەیشتووە. دانتی زانیی ئەم دووانە ڕاهیب کاتالانۆ و لودیرینجن کە فلۆرەنسا بە نوێنەری ئاشتی هەڵیبژاردن، بەڵام بە جۆرێ جووڵانەوە ئێستایش نیشانەکانی لە دەوروبەری گاردینیۆ ماوە. لەولاوەیش قیافای کاهینی بینی کە داوای کرد قوربانی بە مەسیح بدرێ بۆ ڕزگارکردنی میللەت. بە ڕووتی لەسەر ڕێگە درێژ کرابوو و بە سێ سنگ لە زەوی لە خاچ درابوو. هەر کەسێ بە ڕێگەدا بهاتایە بە سەری دەکەوت.

ڤیرجیلیۆ پرسیاری ڕێگەی کرد و چووە دەرەوە بۆ دۆڵی دواتر، دانتیش کەوتە شوێنییەوە.



تەنیا و بێدەنگ و بێهاوڕێ
وەکو ڕۆیشتنی (برایانی بچووک)[٢]
یەک لە نواوە و یەک لە دواوە، دەڕۆیشتین،
کێشمەکێشمی شەیتانەکان
چیرۆکێکی (ئیزۆپۆ)ی[٣] بیرخستمەوە
باسی بۆق و مشک دەکا.
ئەم دوو بەسەرهاتە لە (مۆ)[٤] و (ئیسسا)[٥]
زیاتر پێکدەچن،
ئەگەر مرۆڤ بە وردی لە سەروبنیان بکۆڵێتەوە.
چۆن قسە قسە ڕادەکێشێ
ئاوا، بیرێکی تر لە بیری یەکەمم سەری هەڵدا،
ئەو ترسەی هەمبوو دوو چەندانی لێ هات.
بیرم کردەوە: (ئەم شەیتانانە بە هۆی ئێمەوە
تەفرەدراون و ڕسواکراون
ئێستا زۆر لێمان تووڕەن.
ئەگەر سەرباری نیازپیسی، تووڕەیش بن،
لەو تاژییە داخ لەدڵتر ڕاومان دەنێن
کە کەروێشکێ ڕاودەنێ و دەیگرێ.
ترس مووی لەشی کردم بە نەشتەر
بە وشت و گوێقوڵاغی لە دواوە دەڕۆیشتم:
پێم گوت: (مامۆستا تۆ زوو
خۆم و خۆت لەو بەدچەنگاڵانە ڕزگار بکە
زیلکم لەو شەیتانانە ڕژاوە  کە بە دواماندا دێن[٦]
هەست دەکەم ئەوەندە نزیکن دەنگیان دەبیسم.)
گوتی: (من ئەگەر شووشەی قەلاییکراو[٧] بوومایە
ئەوەندە خێرا وێنەی دەرەوەم پێشان نەدەدای
وەک وێنەی ڕۆحی ناوەوەت.
بیر و ئەندێشەی تۆ بە جۆرێ

ڕژاوەتە ناو بیر و ئەندێشەی من،
هەردووکیان بوونەتە یەک! (٣٠)
ئەگەر نشێوی دەستەڕاست زۆر ڕک نەبێ و
بتوانین پێیدا بپەڕینەوە بۆ خەندەکی ئەوبەر[٨]
لە خەیاڵی ئەو ڕاونانە نەجاتمان دەبێ.) (٣٣)
هێشتا لە ڕوونکردنەوەی پلانەکەی نەبووەوە
دیم شەیتانەکان باڵیان کردبووەوە،
دەهاتن بۆ ئەوەی چەنگاڵمان لێ گیر بکەن. (٣٦)
رابەرەکەم پری پێداکردم و لە باوەشی گرتم
وەک دایکێ لەبەر دەنگ و هەرا بەئاگا بێ و
بڵێسەی ئاگر لە تەک خۆیەوە ببینێ. (٣٩)
بە تای کراسی پڕ بداتە کۆرپەکەی و
بێ دواکەوتن ڕابکا،
خەمی کۆرپەکەی لەبەربێ نەک خەمی خۆی. (٤٢)
لەسەر لێواری سەخت و لەسەر پشت
خۆی لە شاخێکی لێژ خشاندە خوارێ
کەنارێک خەندەکەکەی تری داخستبوو. (٤٥)
ئاو قەت وا بە تەوژم بەناو قەناتی ئاشدا ناڕوا
بۆ ئەوەی بڕژێتە خوارێ بۆ سەر پەڕەکان و
بەرداشی ئاشەکە بسووڕێنێ. (٤٨)
وەک مامۆستاکەم کە لەسەر ئەو کەنارە ڕایدەکرد
منی، وەک کوڕی خۆی، نەک وەک هاوڕێ،
بە سنگی خۆیەوە نووساندبوو. (٥١)
کە پێی نایە سەر قووڵایی خوارەوە،
شەیتانەکان لە ترۆپکی سەرسەرمانەوە دەرکەوتن،
بەڵام جێگەی مەترسی نەبوون. (٥٤)
(دەسەڵاتداری باڵا)
کە ئەمانەی کردبوو بە پاسەوانی خەندەکی پێنجەم،

ڕێی نەدەدان لەوێ دەربچن.
لە تاقمێکی بۆیەکراو ڕاست هاتین
بە شێنەیی دەسووڕانەوە،
بە سیمای شەکەت و داچۆڕاو دەگریان.
قاپووتی سەربەکڵاویان لە بەر بوو
کڵاویان هاتبووەوە سەر چاو،
وەک ئەو جوببانەی لە (کلونیی)[٩] بۆ قەشانی دەکەن.
دەرەوەیان زێرکفت بوو، بریقەی چاوی دەبرد
بەریان هەموو مس بوو. ئەوەندە قورس بوون
جوببەی (فیدیریگۆ)[١٠] لە چاویان پووشکە بوو.
ئای چتۆ قاپووتی جاویدان بوون!
لەگەڵ ئەوان بە لای دەستەڕاستدا سووڕاینەوە
گوێمان لە گریانی بەکوڵوکۆیان گرت،
بەڵام ئەوان لەژێر باری گران داڕزابوون
ئەوەندە هێدی دەڕۆیشتن، لە هەر هەنگاوێکدا،
تووشی تاقمێکی تازە دەهاتین.[١١]
بە ڕابەرەکەمم گوت: (هەوڵدە یەکێ بدۆزیتەوە،
ناوی، یان کردەوەی ناسرابێ،
بەدەم ڕۆیشتنەوە چاو بە دەوری خۆتدا بگێڕە!)
یەکێکیان، کە گوێی لێ بوو بە (توسکانی) دەدوێین،
لە دواوە هاواری کرد: (پێتان گران کەن،
هۆ، ئێوە! کە بەم تاریکستانەدا ڕادەکەن.
دەشێ مەبەستتان لای من دەست بکەوێ.)
ڕابەرەکەم ئاوڕی دایەوە و گوتی:
(ڕاوەستە! بە پێی ئەو برۆ!)
وەستام، دوانم بینی بە سیمایانەوە دیار بوو،[١٢]
بە ڕۆح، پەلەیان بوو بگەنە لام
لەبەر باری قورس و ڕێی باریک، بە سستی دەهاتن.

که لێمان نزیککەوتنەوە، بێ هیچ قسەیەک
ماوەیەک بە تیی چاو تەماشای منیان کرد،
ئاوڕیان لە یەکتر دایەوە و گوتیان: (٨٧)
(ئەمە بە جووڵەی گەرووی دیارە، زیندووە.
ئەگەر مردوو بێ، چۆن ڕێیان داوە
بەبێ جلی قورس بێرەدا بڕوا.) (٩٠)
پێیان گوتم: (ئەی توسکانی،
تۆ کە هاتوویتە ناو ئەم کۆڕە غەمبارەی دووفاقان،
شەرم مەکە، پێمان بڵێ تۆ کێی؟) (٩٣)
وەڵامم دانەوە: (من لە شاری گەورە و[13]
لە سەر ڕووباری جوانی (ئارنۆ)[14] لەدایکبووم و گەورەبووم.
ئەوەتا لەناو لەشی خۆمدان و هەرگیز لێیان جیانەبوومەتەوە. (٩٦)
ئەی ئێوە کێن؟ دەبینم ئەم هەموو ئازارە
فرمێسکتان بە ڕوودا دێنێتە خوارێ،
چ ژانێکە ئەو گڕەی تێیدا هەڵدەقرچێن؟)[15] (٩٩؟)
یەکێکیان بەرسڤی دامەوە: ئەم جوببە زێڕینانە
لە مس دروستکراون، ئەوەندە ئەستوورن
تەرازوو لەبەر قورساییان بە سیرە دەکەوێ. (١٠٢)
ئێمە لە (برایانی بەختەوەر)[16] بووین، بۆلۆنی بووین.
من ناوم (کاتالانۆ)یە[17] و ئەمەیش (لۆدیرینگۆ)![18]
شاری تۆ ئێمەی هەردوو بەیەکەوە هەڵبژارد. (١٠٥)
ڕەوشت وا بوو هەریەکێ بۆ ئاشتی هەڵدەبژاردرا
ئێمە ئەوەندە باش بووین
ئێستایش دەوسی کارەکەمان لە دەوری (گاردینگۆ)دا دیارە.) (١٠٨)
من هەڵمدایێ: (براینە، خراپەی ئێوە...)

هیچی ترم نەگوت. چاوم بە جەفاکێشێ کەوت
بە سێ بزمار لەسەر زەوی لە خاچ درابوو! (١١١)
کە منی بینی، هەموو ئەندامی لەشی بادا،
فووی لە ڕدێنی کرد و هەنسکی هەڵکێشا.
کە (کاتالانۆ)ی برای ڕۆحانی ئەمەی بینی، (١١٤)
پێی گوتم: (ئەم لەمێخەکێشراوەی[19] تۆ سەیری دەکەی
ئامۆژگاریی (فاریزی)یەکانی کرد
یەک کەس بکەن بە قوربانی هەموو خەڵک! (١١٧)
ئەوەتا خۆت دەبینی، لە چەقی ڕێگە درێژکراوە،
دەبێ بزانێ هەر کەسێ
بەو ڕێیەدا بڕوا، قورسایی چەندە؟ (١٢٠)
خەزووریشی[20] ئەم ئەشکەنجەیەدا دەچێژێ
لەم خەندەکەدا، لەگەڵ ئەوانی تری ئەو کۆڕەدا
کە تۆوی بەدبەختی بوو بۆ جوولەکەکان.[21] (١٢٣)
(فرجیلۆ)م بینی تاسا و حەپەساوبوو
لە دیار ئەو پیاوەی بە کەساسی
لەم تاراوگە جاویدانەیەدا لە مێخە کێشرابوو. (١٢٦)
دەمی قسەی کردە قەشەکە:[22]
(ئەگەر ڕێت دراوە و پێت ناخۆش نییە، پێم بڵێ:
(ئایا هیچ بواری دەرچوون لە دەستەڕاست هەیە؟ (١٢٩)
بتوانین پێیدا بچینە دەرەوە
بێ ئەوەی فریشتە ڕەشەکان[23] ناچار بن
بێن لەم گێژەنە دەرمانبێنن.) (١٣٢)
وەڵامی دایەوە: (نزیکتر لەوەی بە خەیاڵتدا دێ.
شاخێک لە ئەڵقەی گەورە دەرچووە و

بەسەر هەموو ئەم ماتەمخانەیەدا[٢٤] درێژ بووەتەوە. (١٣٥)
تەنیا لێرە شکاوە و سەری ئاوەڵایە
دەتوانی بەسەر هەرەسەکەدا هەڵگەڕێی
کە لە بنەوەڕا ئەم تەلانەی دروستکردووە.) (١٣٨)
ڕابەرەکەم کەمێ وەستا، سەری دانەواند و گوتی:
(ئەو شەیتانەی چەنگاڵ لە گوناهباران گیردەکا[٢٥]
ئیشەکەی بە خراپی تێگەیاندین.) (١٤١)
قەشە گوتی: (بیستوومە لە (بۆلۆنیا) دەیانگوت
شەیتان خراپەی گەلێ زۆرە،
درۆزنە و باوکی درۆیانە.)[٢٦] (١٤٤)
ڕابەرەکەم ئەمەی گوت و بە پەلەپرووزێ ڕۆیشت
لە ڕقان دەموچاوی تێکچووبوو.
منیش جەفاکێشە بارگرانەکانم جێهێشت و (١٤٧)
کەوتمە شوێن هەنگاوە خۆشەویستەکانی. (١٤٨)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوسێیەم

١. ئەم سروودە، سروودی دووفاقەکانە.

٢. برای بچووک: ئەندامی تاقمە ئایینێکی ناسراوی فرانچیسکەکان بوون. ئەمانە پەیڕەوکەری (سان فرانسوا داسیژی) بوون لە ئیتالیادا، بە فرانچیسکەکان ناسرابوون. پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە ئایینییە لایەنگری هەژاران بوون. دووربوون لە پلەوپایەی دونیایی. خۆیان لە خەڵک بە بچووکتر دەزانی، پێیان دەگوترا: (هەژارە پەست و نزمەکانی خوا). ناوی تاقمەکەشیان (برا بچووک)، هەر لەوەوە هاتبوو. کە لە شوێنێک دەچوونە شوێنێکی تر بە ڕیزێکی درێژ، یەک لەدوای یەک دەڕۆیشتن. لە ژیننامەی سان فرانسوادا هاتووە:

ڕۆژی سان فرانسوا، بە خۆ و بە برا بچووکەکەیەوە کە ناوی (لیون) بوو، ماوەیەک ڕێیان بڕی. بەدەم ڕۆیشتنەوە بنچینەی ڕێبازی ئایینی خۆی، بە دووروودرێژی بۆ ئەو برایەی دینی ڕوونکردەوە. لەم سروودەدا ئاماژە بۆ ئەم جۆرە ڕۆیشتنە کراوە.

٣. ئیزۆپ Esopus: شاعیر و چیرۆکنووسێکی گیاندارانی یۆنانی بوو. لە سەدەی شەشەمی پێش زاین ژیاوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چیرۆکەکانی (Fables) کران بە لاتینی. زۆر چیرۆکی تری لەملا و لەولا خرایە سەر. وەرگێڕی کوردیی ئەم کۆمیدیایە ساڵی ١٩٨٢ کۆمەڵەچیرۆکێکی ئیزۆپی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی.

٤. بۆق و مشک: چیرۆکێکی کۆنی یۆنانییە، دراوەتە پاڵ ئیزۆپ. لافۆنتین ئەم چیرۆکەی بە شیعر دارشتووەتەوە. لەم چیرۆکەدا هاتووە:

ڕۆژێ مشکێک دەیەویست لە ڕووبارێک بپەڕێتەوە. تێمابوو نەیدەزانی چ بکا. بۆقێک پێشنیاری بۆ کرد سواری کۆڵی خۆی بکات و لە ڕووبارەکە بیپەڕێنێتەوە بەو نیازەی کە لە ناوەندی ئاوەکەدا فڕێی بدا و بیخنکێنێ. مشکەکە متمانەی پێ نەکرد. بۆقەکە پێشنیاری بۆ مشکەکە کرد کلکی خۆی لە پێی بۆقەکە گرێ بدا، بۆ ئەوەی بۆقەکە نەتوانێ لەناو شەپۆلی ئاودا بەرەڵلای بکا. مشکەکە ڕازی بوو. کلکی خۆی لە قاچی بۆقەکە گرێ دا. کە گەیشتنە نێرینەی ڕووبارەکە، بۆقەکە خۆی لەناو ئاودا نقووم کرد و لەبەر ئەوەی کلکی مشکەکەی لە لاقی گرێ درابوو، مشکەکەیشی لەگەڵ خۆی ڕاکێشا بۆ بن ئاو. مشکەکە کەوتە پرکێش و پەلەقاژە. لەم کەینوبەینەدا بازێ لە ئاسمانەوە دەسووڕا و چاوی لە نێچیرێک دەگێرا، چاوی بە مشکەکە کەوت. کووزەی کرد و وەکو تیر هاتە خوارێ، دەنووکی لە مشکەکە گیر کرد و لەبەر ئەوەی مشکەکە

کلکی لە قاچی بۆقەکە بەسترابوو، بۆقەکەش لەگەڵ مشکەکە بوو بە خۆراکی بازەکە. واتە: ئەو پلانەی بۆقەکە بۆ فەوتاندنی مشکەکە داینایەوە، سەری خۆیشی خوارد. کورد لە مێژە گوتوویەتی: ئەوەی بیر بۆ خەڵک لێ بدا، خۆی دەکەوێتە ناوی. عەرەبیش دەڵێ: (یا حافر البیر لا تغمج مساحیها، خافلفلک یندار، ونت تطع بیها). عەرەبییەکە بە کوردی ئەمەیە: (ئەی بیر لێدەر، بنی بیرەکە زۆر قووڵ مەکە، دەترسم چەرخی زەمانە بسووڕێ و خۆت بکەوێتە ناوی.)

دانتی کالکابرینا و ئەلیکیتۆ بەو بۆق و مشکە دەچوێنێ. ئەوان لەناو قیر نقووم بوون و ئەمان بوون بە خۆراکی باز.

٥. (مۆ Mo) و (ئیسا Issa): هەردوو وشەکە لە ئیتالیدا مانای ئێستا دەدەن. (ئیسا)ی ئیتالی و (ئیسە)ی کوردی کە کورتکراوەی ئێستایە و بە هەورامی هەر (ئیسە)یە، چەند لەیەک نزیکن!

٦. ئاماژەیە بۆ قسەی شەیتانەکان لەبارەی تەفرەدانی چیامپۆلۆوە.

٧. مەبەستی لە شووشەی قەڵاییکراو، ئاوێنەیە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەباتی جیوە، قەڵایی تواوەیان لە پشتی شووشە دەدا بۆ ئەوەی بیکەن بە ئاوێنە.

٨. واتە: ئەڵقەی شەشەم.

٩. کلونیی: دیار نییە داخۆ دانتی مەبەستی شاری (کۆلن Koln)ی ئەڵمانییە، یان شاری (کۆلۆنیا Cologna)ی ئیتالییە کە دەکەوێتە هەرێمی ڤیرۆنا. زیاتر لەوە دەکا مەبەستی کۆلۆنیای ئیتالیا بێ، چونکە دانتی خۆی ئەو شارەی دیوە، بەڵام ئەم دوو شارە هیچێکیان بایەخی تایبەتییان نییە، بۆیە هەندێ تۆژەرەوە بۆ ئەوە دەچن مەبەستی دانتی شاری (کلونیا Clunia) بێ کە بە فرەنسی پێی دەگوترێ کلونی: شارێکە لە فەرەنسا و پەرستگەیەکی تایبەتی تێدایە بە ناوی (بینیدیکتنی کلونی) سەر بە تاقمی (بنیدیکتن)ەکانە. ڕاهیبەکانی ئەم پەرستگەیە جلی شۆڕ و پۆشتە لە بەر دەکەن.

١٠. فریدریکی دووەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و ئیتالیا حوکمێکی سەیری هەبوو بۆ ئەو کەسانەی پلانیان دژی شا بکردایە، یان خیانەتیان لە نیشتمان بکردایە. فەرمانی دەدا جلێکی مسیان دەکردە بەریان و فڕێیان دەدانە ناو ئاگر. ئەوەندە لەناو ئاگرەکە دەمانەوە، تا مسەکە دەتوایەوە و لەناوەوە دەیسووتاندن.

١١. واتە خۆش دەڕۆیشتن. تاقمێکیان جێدەهێشت و دەگەیشتنە تاقمێکی تر.

١٢. ئەم بیر و دەستەواژەیە لە ئینجیل وەرگیراوە: کە بەڕۆژوو دەبیت وەکو ڕیاکاران خۆت کز و پووت مەکە. ئەوان بەڕۆژوو نین، بە قەستی دەموچاوی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی خەڵک وا بزانێ بەڕۆژوون.

۱۳. شاری گەورە: مەبەست شاری فلۆرەنسایە. دانتی هەستی ئاوارەو دەربەدەرەکان پیشان دەدا بەرامبەر بە وڵاتی ئازیزی خۆیان.

۱٤. ئارنۆ Arno: ڕووبارێکە لە ئیتالیا، بە تەک فلۆرەنسادا دەڕوا.

۱٥. ئاماژەیە بۆ بریقوباقی جلی ئاسنجاوی دۆزەخییانی ئەم ئەڵقەیە.

۱٦. برایانی گۆدێنتی: ناوی شۆڕەسوارانی ئەو تاقمە ئایینییەیە کە بە تاقمی (مێرەمی پاکیزە) ناسرابوون.

پاپا (ئوربان)ی چوارەم ساڵی ۱۲٦۱، ئەم تاقمەی لە شاری بۆلۆنیا دامەزراند. ئەندامەکانی ناوی خۆیان نابوو سەربازی مێرەمی پیرۆز. ئامانجیان نەهێشتنی ناکۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پاراستنی هەزاران بوو کە بەزۆری دەبوون بە قوربانی ئەم ناکۆکییانە، بەڵام زۆری پێ نەچوو، تووشی گەندەڵیی هاتن. وایان لێ هات خەڵک پێیان دەگوتن (برایانی گۆدێنتی) واتە (برایانی خۆشگوزەران). دوای کەمێ، پاپا ئەم ڕێکخراوەی هەڵوەشاندەوە.

ئەو دوو برایەی دانتی لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکا دوو ئەندامی ئەم تاقمە ئایینییە بوون: یەکێکیان لە خانەدانەکانی (کاتالانی) و ئەندامێکی دەستەی سیاسیی گەلفەکان بوو، ئەوەی تر لە خانەدانەکانی (ئاندالو) و ئەندامێکی دەستەی سیاسیی گیبیللینییەکان بوو. ساڵی ۱۲٦٦ دوای شەڕی (بنونتی) و شکستی گیبیللینییەکان، خەڵکی فلۆرەنسا دەسەڵاتی شارەوانی و ئایینیی شاریان بەم دوو پیاوە سپارد کە دەبوایە تەنیا یەک کەس ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام بۆیە ئەرکەکەیان بەم دوو پیاوە سپارد تا هاوسەنگیی نێوان دوو پارتە سیاسییەکەی ئەوسا ڕابگرن، بەڵام ئەم دوو پیاوە، لەباتی ئەوەی بەرژەوەندیی خەڵک بپارێزن، هەر خەریکی پڕکردنی گیرفانی بێبنی خۆیان بوون و بە دوای بەرژەوەندیی تەسکی خۆیاندا ڕایان دەکرد. لەو ماوەیەدا بوو کە گیبیللینییەکان لە فلۆرەنسا شاربەدەر کران و خەڵکەکە ئاگریان لە ماڵ و کۆشک و سەرای خانەوادەی خانەدانی (ئۆبێرتی) بەردا کە کەوتبووە نزیک گاردینگۆ Gardingo.

۱۷.کاتالانو دی کاتالانی Catalano dei catalane: ڕاهیبێک بوو لە بنەماڵەیەکی گەلفییەکانی بۆلۆنیا. لە سەدەی سێزدەمدا زۆر پلەوپایەی لە شارە گەورەکانی ئیتالیا وەرگرت.

۱۸. لۆدیرینگۆ دیلی ئاندالۆ Loderingo degli Andalo: ڕاهیبێک بوو لە بنەماڵەیەکی گیبیللینییەکان، لە سەدەی سێزدەمدا زۆر پایەی لە ئیتالیا وەرگرت.

١٩. ئاماژەیە بۆ کاهینێکی جوولەکە بە ناوی کایفا Caifa کە (فاریزی)یەکانی لە دژی عیسا ورووژاند. ئامۆژگاریی کردن لەپێناوی ڕزگاریی گەلدا قوربانی بە مەسیح بدەن.

گوتی ئێوە نازانن و بیرتان بۆ ئەوە ناچێ کە بۆ خۆمان وا باشە یەک کەس بمرێ نەک سەراپای میللەت بفەوتێ، ئیتر کایفا بوو بە هۆی ئەوە کە عیسا لە خاچ بدرێ. جا بەپێی دەستووری تاوان و سزای دانتی، کایفا لە دۆزەخ، لە چەقی ڕێگەدا لە چوارمێخە کێشراوەو هەموو جەفاکێشەکان بەسەریدا دەڕۆن و پێی لێ دەنێن.

٢٠. خەزوور: مەبەست (حەننا Annas)ی خەزووری کایفایە. ئەندامێکی ئەو کۆڕە ڕاوێژکارییە بوو کە دژی عیسا بڕیاریان دەرکرد.

٢١. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە جوولەکەکان خوێنیان خستە ملی خۆیان و منداڵەکانیان بۆ ئەوەی (پۆسن پیلاتۆس)ی دەسەڵاتداری ڕۆمانیا لە قودس ڕازی بکەن، ئەمری کوشتنی عیسا دەربکا.

پیلاتۆس گوتی: چ لە عیسای ناسراو بە مەسیح بکەم؟ تێکڕا گوتیان: لە خاچی دە! گوتی: بۆچی؟ چیی کردووە؟ گوتیان: لە خاچی دە!

پیلاتۆس، کە دیتی ئاژاوەکە تا دێ زیاد دەبێ، داوای هەندێ ئاوی کرد. لە دیار خەڵکەکە دەستی خۆی بە ئاوەکە شووشت و گوتی: بەشایەت بن من وەکو شووشتنی دەستی خۆم، ئاوها لە خوێنی ئەم پیاوە بەریم. هەموو خەڵکەکە هاواریان کرد: خوێنی لە ئەستۆی ئێمە و منداڵەکانمان.

٢٢. وا دیارە ڤیرجیلیۆ لە گەشتەکەی پێشوویدا بۆ دۆزەخ کە پێش لەخاچدرانی عیسا بووە، ئەم دۆزەخییەی دیوە.

٢٣. فریشتەی ڕەش: مەبەست شەیتانە. ئەم شەیتانانە کاتی خۆی هەموو فریشتە بوون و لە ئاسمان خزمەتیان دەکرد، بەڵام کە شەیتانی گەورە لەعنەتی لێ کرا و لە ئاسمان فڕێدرایە خوارێ، ئەوانیش کە پێڕەوکەری شەیتانی گەورە بوون، هەموو ڕەش هەڵگەڕان و دەرکران.

٢٤. مەبەست مالاکۆدایە کە بە ڤیرجیلۆی گوت پردێکی تر لەولا هەیە.

٢٥. واتە: کاتالانۆ.

٢٦. ئەم ڕقەی ڤیرجیلیۆ ئەوە دەگەیەنێ کە ئەقڵ و مەنتیقی مرۆڤ، فێڵی بچووکی خەڵک بە شیاوی لێبووردن دەزانێ، بەڵام فێڵ و تەڵەکەبازیی گەورە و شەیتانانە قبووڵ ناکات.

***

# سروودی بیستوچوارەم [1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی حەفتەم

## دزان

دانتی هەندێ دیمەنی لادێیی ئیتالی پێشان دەدا. باسی لادێییەک دەکا کە لە کاتی شەختە و بەستەڵەکدا، گیاوگۆڵ نامێنێ، تەنگاو و نائومێد دەبێ، بەڵام کە ڕۆژ دێتە دەرەوە، هیوا پەیدا دەکا و دەست دەداتە گۆچان و کەرێ پەزی بۆ پاوانان ڕادەدا. دانتی بەراورد لە نێوان بێئومێدیی لادێییەکە و نائومێدیی ڤیرجیلیۆ دەکا. کە مەترسی نامێنێ، دانتی هەست بە ئۆخژن دەکا.

دوو شاعیرەکە گەیشتنە سەر پردێکی ڕووخاو. ڤیرجیلیۆ دانتی بڵندکرد بۆ ئەوەی بەسەر کەورێک بکەوێ. دانتی بە هێنکەهێنک دانیشت. ڤیرجیلیۆ پێی گوت ماندوویی خۆی بحەسێنێتەوە. گوتی: شکۆمەندی لەسەر دۆشەک و لەژێر لێفەدا نییە، لە مەیدانی شەڕدایە.

دوو شاعیرەکە لە ڕۆیشتنی خۆیان بەردەوام بوون. دانتی گوێی لە دەنگێ بوو، بەڵام تێی نەگەیشت. تەماشای کرد، لەبەر تاریکی هیچی نەبینی. داوای لە ڤیرجیلیۆ کرد بچێتە خەندەکی حەفتەم بۆ ئەوەی چاوی ببینێ و شت ببیسێ. دانتی کۆمەڵە مار و خشۆکێکی بینی، نموونەیان لە لیبیا و حەبەشە و کەناری دەریای سوور نەبوو. کۆمەڵە دزێکی ڕووت بەناو مار و خشۆکەکاندا دەڕۆیشتن. بە مار دەستیان لە پشتەوە بەسرابووەوە. دیتی چۆن مارێک بە جەفاکێشێکییەوەدا. چۆن جەفاکێشەکە سووتا و بوو بە خۆڵەمێش و پاشان گەڕایەوە سەر شکڵی جارانی. ئەو جەفاکێشە ڤاننی فوچی بوو. دزێکی پستۆیا بوو لە سەردەمی دانتیدا. فوچی شەرمی لە حاڵی خۆی کردەوە. پێشبینیی ڕووداوەکانی نێوان ڕەش و سپییەکانی کرد. چۆن ڕەشەکان لە پستۆیا نامێنن و فلۆرەنسا گەل و یاساکەی تازە دەکاتەوە. چۆن شەڕی پیچینۆ دەقەومێ و ڕەشەکان بەسەر سپییەکاندا زاڵ دەبن.



لەو ساتەدا کە ساڵ لە هەڕەتی لاویدایە[٢] و
خۆر قژی لە بورجی دەولک هەڵدەکێشێ و
شەو نیوەی ڕۆژ هەڵدەلووشێ. (٣)
کاتێ خووس وێنەی خوشکی سپیی[٢] خۆی
لەسەر زەوی دەنەخشێنێ،
نەخشێکی کورت و کەمخایەن دەکێشێ. (٦)
لادێیی، کە ئالیکی ماڵاتی بڕاوە
ڕادەبێ، سەیر دەکا دەشتودەر سەراپا سپی دەچێتەوە
شەپ لە ڕانی خۆی دەدا. (٩)
دەگەڕێتەوە ماڵێ، وەک هەژارێک کە نەزانێ چ بکا!
دەگری و دەکڕووزێتەوە.
کە دەبینێ ڕۆژ هەڵدێ و دونیا دەگۆڕێ (١٢)
هیوای دێتەوە بەر و
دەست دەداتە گاڵۆک و
پەزەکەی بۆ پاوانان ڕادەدا. (١٥)
بەم جۆرە لە مامۆستاکەم نائومێد بووم
کە دیم ڕووی پەشۆکاوە،
بەڵام ئەو زوو مەرهەمی لە برینەکەم دا. (١٨)
کە گەیشتینە سەر پردە شکاوەکە،
ڕابەرەکەم بەو سیما هەرە ناسکەی،
یەکەم جار لە دامێنی چیاکە پێمەوە دی، ئاوڕی لێ دامەوە. (٢١)
لە دڵی خۆیدا لێکیدایەوە و بازووی کردەوە.
هەرەسەکەی باش هەڵسەنگاند،
توند باوەشی پێدا کردم. (٢٤)
وەک یەکێ بیر و کردەوەی بەیەکەوە بێ،
هەمیشە بیر لە ئایندە بکاتەوە،
ئاوها هەڵیگرتم بۆ سەر ترۆپکی کەورێکی گەورە. (٢٧)
چاوی لە گابەردێک بڕی و گوتی:

(توند خۆت بەم بەردەوە بگرە.
لە پێشدا تاقیی بکەوە داخۆ بەرگەی تۆ دەگریّ.) (٣٠)
ئەمە ڕێی خەڵکە جوببە لە بەرەکان نەبوو.
خێرا، ئەو سووک و خێرا و من بە چنگەچڕێ،
لە بەردێکەوە سەرکەوتین بۆ بەردێکی تر. (٣٣)
ئەگەر لەم پشتێنەیەدا
هەورازەکە کورتتر نەبوایە لەوەی دیکە.
نازانم ئەو! بەڵام من خۆم دەفەوتام! (٣٦)
لەبەر ئەوەی مالیبۆلچی هەمووی
بەرەو زارکی بیری خوارەوە لاربووەتەوە،
پێکهاتەی هەموو دۆڵەکە وای لێ هاتووە (٣٩)
لاپاڵێک بەرز بووەتەوە و ئەوەی دی نزم.
دیماهی گەیشتینە سەر ترۆپکەکە
کە دوا بەردی لەسەر قیت بووبووەوە. (٤٢)
تا گەیشتمە ئەوێ، هەناسەبڕکەم پێکەوت،
نەمتوانی زیاتر بڕۆم.
هەر هێندە گەیشتم یەکسەر دانیشتم! (٤٥)
مامۆستام گوتی: (ئێستا دەبێ زەغەلی لە خۆت دارنی
مرۆڤ بە دانیشتن لەسەر دۆشەکی پەڕ و
پاڵدانەوە لەژێر لێفەی نەرم، شکۆمەندیی پێ نابڕێ. (٤٨)
ئەوەی ژیانی بەبێ شکۆمەندی بباتە سەر،
چی دوای خۆی لەسەر زەوی جێی دێلێ،
وەکو دووکەڵی هەوا و کەفی دەریا وایە. (٥١)
هەستە بەسەر ئەو نیگەرانییەدا زاڵ بە
بەو ڕۆحە بوێرەی ئەگەر لەژێر گرانایی جەستەدا نەچەمێتەوە
لە شەڕدا دەباتەوە (٥٤)
پێویستە بەسەر پلیکانەیەکی درێژتردا هەڵکشێین،[٤]
بەس نییە شەیتانەکانمان جێهێشتووە،

گوێم لێ بگرە و سوود لەم پەندە وەربگرە!) (٥٧)
قیتبوومەوە و گوڕم دایە بەر خۆم
گوڕێکی لە توانای خۆم زیاتر. گوتم:
(بەڕێ بکەوە، من بە توانا و متمانەم) (٦٠)
لەسەر ئەم شاخەدا ڕێمان گرتەبەر
ڕێیەکی سەخت و باریک و خراپ![٤]
لە ڕێی پێشوو ڕک و لێژتر! (٦٣)
بە قسەکردن دەڕۆیشتم تا بێتاقەت نەبم.
دەنگێ لە خەندەکەکەی ترەوە هات،
وشەکانی زۆر ڕوون نەبوون. (٦٦)
نازانم چیی دەگوت.
کابرا زۆر تووڕە بوو.
من لەسەر ئەو تاقە بووم کە بەسەر دۆڵەکەدا دەڕۆیشت. (٦٩)
داهاتمەوە و سەیرم کرد
لەم تاریکستانەدا چاو چاوی نەدەدی.
گوتم: (مامۆستا، با بچینە (٧٢)
پشتێنەکەی تر و لەو دیوارە شۆڕببینەوە
لێرە گوێم لە شتێکە و تێی ناگەم
لەو خوارەیش هیچ نابینم و هیچ لێک ناکەمەوە.) (٧٥)
گوتی: (بە کردەوە وەڵامت دەدەمەوە نەک بە قسە،
داوای ڕەوا
دەبێ کاری بە دواوە بێ نەک قسە.) (٧٨)
لەوسەری پردەکە دابەزینە خوارێ
کە دەگاتە سەر کەناری هەشتەم.
بۆلچیم تەواو لێ دەرکەوت. (٨١)
کۆمەڵە مارێکی ترسناکم بینی
ماری جیاجیان بوون!
ئێستایش کە بیرم دێتەوە، خوێن لە دەمارم دەمەیێ! (٨٤)

با (لیبیا)[٥] چیدی شانازی بە زیخمەڵانی خۆی نەکا
ئەگەر ئەو، ماری زەنگوڵەیی و عەینەکی و فانۆسی و
ماری پنتۆک و زنجیردار و کورەوەیبابی هەبێ.[٦] (٨٧)
هەرگیز مار و ئەژدەری وا دڕ و ژەهراویی لێ پەیدانەبووە،
نە لەوێ و نە لە ئەتیۆپیا و نە لە بیابانی
سەرسنووری دەریای سوور.[٧] (٩٠)
لەناو ئەم مارستانە شووم و خوێناوییەدا
خەڵکانی ڕووت و تۆقیوم دی، ڕایان دەکرد،
بێئومێد لە هەر داڵدە و هەر ئیلیترۆپیا.[٨] (٩٣)
دەستیان لە دواوە بە مار بەسرابووەوە.
مار کلک و سەریان لە پاشەڵ نابوون،
لە پێشەوە تێک ئاڵابوون و لێک گرێ درابوون. (٩٦)
لەپڕ مارێک خۆی هەڵدایە سەر
جەفاکێشێکی نزیک ئێمە و
بەینی مل و شانی کون کرد. (٩٩)
بە ماوەیەکی کەمتر لە نووسینی (O) و (I)[٩]
کابرا گڕی گرت و سووتا،
کەوت و بوو بە خۆڵەمێش.[١٠] (١٠٢)
کە بەم جۆرە وردوخاش بوو،
خوڵی و مشکییەکەی لە خۆوە کۆبووەوە سەر یەک و
کەوتەوە سەر شکڵی جارانی. (١٠٥)
دانا گەورەکان دەڵێن:
قەقنەس[١١] کە دەگاتە نزیک پێنجسەد ساڵ،
بەم جۆرە دەسووتێ و زیندوو دەبێتەوە. (١٠٨)
بە درێژایی ژیانی، هیچ دان و هیچ گیایەک ناخوا.
تەنیا لەسەر فرمێسکی بخوور و کوندور دەلەوەڕێ
قوماتی گەڵا و چڵی نەرد و مۆرتکە. (١١١)
ئەو کەسەش کە بەر دەبێتەوە، نازانێ

هێزی شەیتانێ تخێلی زەویی کردووە،
یان دەردێکی تر تووشی شەپڵەی کردووە؟ (١١٤)
کە قیت دەبێتەوە و سەیری دەردۆری خۆی دەکا
لەبەر ئازاری سەخت دەحەپەسێ،
چاو دەگێڕێ و هەنسک هەڵدەکێشێ! (١١٧)
کە جەفاکێشەکە هەستایەوە، بەم جۆرە بوو!
ئای لە دەسەڵاتی خوا چەند سەختە،
بۆ تۆڵەسەندنەوە، زەبری وا دەوەشێنێ! (١٢٠)
ڕابەرەکەم لێی پرسی، کێیە؟
وەڵامی دایەوە: (ماوەیەکی کەمە
لە (توسکانا) بەربوومەوە ناو ئەم گەڵییە بزدینە. (١٢٣)
من (ڤانني فوچی)ی[12] جانەوەرم،
ئێستر بووم. حەزم لە ژیانی لاور بوو، نەک بنیادم.
(پیستۆیا) کولانەی شیاوم بوو. (١٢٦)
بە ڕابەرەکەمم گوت: (پێی بڵێ نەڕوا،
لێی بپرسە بە چ تاوانێک فڕێدراوەتە ئێرە!
کاتی خۆی دیبووم، پیاوی ڕق و خوێن بوو.) (١٢٩)
گوناهبارەکە کە گوێی لە قسەکەم بوو، بێ دوودڵی،
ڕۆح و ڕوخساری بۆ لای من لار کردەوە،
شەرمەزارییەکی بە ژانی کەوتە سەر ڕوو. (١٣٢)
گوتی: (ئەو ئازارەی ئێستا هەستی پێ دەکەم
کە تۆ بەسەر کلۆڵیمدا هاتی،
زۆر لە ئازاری جێهێشتنی ژیانی دنیام زیاترە. (١٣٥)
ناتوانم داواکەت ڕەتبکەمەوە.
من بۆیە فڕێ دراومەتە ئەم خوارە،
چونکە گەنجینەی پیرۆز و جوانی کڵێسەم دزیوە.[13] (١٣٨)
دزییەکە، بە غەدر، لە ملی یەکێکی تر ڕاکرا.[14]
کە هات و لەم تاریکستانە چوویتە دەرێ، ١٤١

بۆ ئەوەی بەم دیمەنە شاد و گوشاد نەبی،
گوێت بۆ قسەکانم بکەوە، بزانە چ دەڵێم:
(یەکەم جار (پیستۆیا) لە ڕەشەکان[15] چۆڵ دەبێ
ئینجا فیۆرێنتزا [16] گەل و یاساکەی تازە دەکاتەوە. (١٤٤)
مەریخ[17] چەخماخەیەک لە (ڤال دی ماگرا)وە[18] دێنێ
لەناو هەورێکی پەرێشان پێچراوە،
لە کاتی هەڵکردنی گەردلوێکی توند و سەرکەشدا، (١٤٧)
لەسەر خاکی (پیچین)[19] دەبێ بە شەڕ!
لەپڕ، چەخماخەکە هەورەکە هەڵدەپچڕێ و
دێ بەسەر سپییەکاندا دەڕژێ[20]!. (١٥٠)
ئەمەم پێ گوتی بۆ ئەوەی خەفەت داتبچۆڕێنی[21]!(١٥١)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوچوارەم.

١. ئەم سرووودە، سرووودی دزانە.

٢. ئاماژەیە بۆ کەلووی دەولک. لەو کەلووەدا، خۆر وردەوردە تیشکی خۆی زیاد دەکا، بۆ ئەوەی لەگەڵ وەرزی بەهاردا بیگونجێنێ. مەبەست لە (ساڵ لە هەڕەتی لاویدایە) ساڵی تازەی مەسیحییە کە دەڵێ:

(شەو نیوەی ڕۆژ هەڵدەلووشێ) مەبەستی ئەوەیە ڕۆژ وردەوردە درێژدەبێ و شەو هێدی هێدی کورتدەبێ و لە کەلووی نەهەنگدا بەرامبەر یەک دەبن.

٣. مەبەست لە خوشکی سپیی خووس، بەفرە.

٤. مەبەست هەورازێکی سەختتر و ڕکتترە کە دەبێ بیبڕن بۆ ئەوەی لە دۆزەخ دەربچن. لە ڕووی ڕەمزییەوە وا دەگەیەنێ واز لە گوناهێنان لەوە زەحمەتترە کە لە گوناهێکەوە بچیتە سەر گوناهێکی دی.

٥. لیبیا: وڵاتی لیبیای باکووری ئەفریقیایە. لای یۆنان و ڕۆمانە کۆنەکان، وشەی لیبیا، بە شێوەیەکی گشتی، بە هەموو کیشوەری ئەفریقیا دەگوترا. بیری (مارەکانی ئەفریقیا) لە کتێبی (فارسالیا)ی شاعیری ڕۆمانی (لۆکانۆس) وەرگیراوە.

٦. ئەم ناوانە، ناوی ماری جیاجیان. ناوی مارەکان بە ئیتالی بەم جۆرەیە:

- کێلیدری Chelidre (کێلیدروس): بەزۆری لەناو ئاودا دەژی. ئەگەر بێتە سەر زەوی، بە هەر کوێدا بڕوا دەیسووتێنێ و دەیکا بە دووکەڵ.

- یاکولی Jacule: دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ بە ئاسماندا باز بدا. بە درەخت هەڵدەگەڕێ و لەسەر درەختەکەوە خۆی بۆ نێچیرەکەی هەڵدەدا.

- فاریا Farea: بە کلکی زەوی هەڵدەکۆڵێ و بەرد کون دەکا و دەچێتە ناوی و لەولاوە سەر دەردێنێ.

- چینکری Cencre: پێستەی پەڵەپەڵەیە. کە دەڕوا لەشی وەکو شەپۆلی دەریا دەجووڵێ.

- ئامفیسبانیا amfisbaena: لە هەر لایەکی لەشی، سەر و کلکێکی جیای هەیە. بە هەردوو سەر دەڕوا (واتە بۆ پێشەوە و بۆ دواوە).

(٧) مەبەست میسر و عەرەبستانە.

٨. ئیلیترۆپیا Elitropia (هیلیۆترۆپوس): لە لاتینیدا بە مانای گوڵەبەڕۆژە هاتووە، بەڵام لێرەدا گوڵەبەڕۆژە نییە، مەبەست ئەو گیایە، یان ئەو بەردەیە کە پێشینان وایان دەزانی چارەی ژەهری مار دەکا، واتە وەکو تریاق وایە، یان ئەو کەسەی ئەو گیایە، یان ئەو بەردەی لابێ لەبەر چاوی خەڵک بزر دەبێ وەکو کڵاوی سەخرەجنی هەقایەتی کوردەواری.

٩. مەبەست ماوەیەکی زۆر کورتە.

١٠. ئەمە (ڤاننی فوچی)ی دزە.

١١. قەقنەس Fenice (بە لاتینی: Phoenix): باڵندەیەکی خەرافی ئاگرباڵە. لە ئەفسانەدا هاتووە:

قەقنەس باڵندەیەکی گەورەیە. خواردنی تەنیا بۆنی گوڵ و هەڵمی کوندرە. پێنج سەدساڵ دەژی. کە وادەی مەرگی دێ، هێلانەیەک لە گوڵی بۆنخۆش و پەلکی وشکی مورتک و کوندر بۆ خۆی چێ دەکا. لەسەر هێلانەکە جەزبە دەیگرێ و توندتوند باڵی لێک دەدا، بە گەرمای جۆشی دەروونی و لێکدانی باڵەکانی ئاگر لە هێلانەکەی بەردەدا. لەناو گڕ و بڵێسەدا دەمێنێتەوە تا دەسووتێ و دەبێ بە خۆڵەمێش، ئینجا سەرلەنوێ، لەناو خۆڵەمێشی خۆی و هێلانەکەیدا زیندوو دەبێتەوە و لە شەقەقەی باڵ دەدا و دەفڕێ و پێنجسەدساڵی تر دەژی، ئەمەیە دەوری ژیانی ئەم باڵندەیە. قەقنەس لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زۆر بەکار هاتووە.

١٢. ڤاننی فوچی Vanni fucci: دزێکی ناسراوی شاری (پیستۆیا Pistoia) بوو. پیستۆیا دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای فلۆرەنسا. دزێکی ناقۆڵ بوو، لە هیچ نەدەپرینگایەوە، تەنانەت ماڵ و سامانی کڵێسەیشی دەدزی. ڤاننی فوچی لە نەجیبزادەکانی گەلفە ڕەشەکان بوو، کوڕی زۆڵی (فۆچیو دیلا نەسری) بوو. ئەوە بوو لە سەدەی سێزدەمدا ئاگری دووبەرەکیی لە نێوان گەلفە ڕەش و گەلفە سپییەکاندا هەڵگیرساند و ئەو ئاگرە بوو پاشان فلۆرەنسای سووتاند.

١٣. ئاماژەیە بۆ گەنجینەی کاتدرادائیەی (سان یاکۆپۆ) لە شاری پیستۆیا کە پڕ بوو لە زێڕ و زیو و شتی دەگمەن و نایاب.

١٤. ئاماژەیە بۆ پیاوێ بە ناوی (ڕامپینۆ دی ڕاننیۆچیۆ فۆریزی Rampino di Rannio foresi)، لەخۆڕا بە تۆمەتی دزی دەستگیریان کرد و سزایان دا. ئەو

دۆزەخییەی دانتی قسەی لەگەڵدا دەکا ددانی پێدا دەنێ کە ئەم خۆی دزییەکەی کردووە و بە ناهەق ئەو پیاوەیان لەباتی ئەو گرتووە.

١٥. گەلفە سپییەکانی فلۆرەنسا یارمەتیی هاورێکانی خۆیان دا لە پیستۆیا و لە مایسی ١٣٠١دا ڕەشەکانیان دەرکرد، بەڵام شارل دی ڤالو بە قسەی پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم، لە تشرینی دووەمی ١٣٠١دا هات و گەلفە سپییەکانی لە فلۆرەنسا شاربەدەر کرد و ڕەشەکانی لە شوێنی ئەوان دانا.

١٦. فیۆرێنتزا Fiorentza: فلۆرەنسا لە کۆنەوە ناوی بەم جۆرە بوو. بە ئیتالی دەخوێنرێتەوە: فیرێنتزی Firenze. دانتی لە کۆمیدیادا ناوی فلۆرەنسای بە زۆر جۆر هێناوە:

- فیرێنتزی Firentze، فیۆرێنسا Fiorensa، فلۆرێنسیا Florentia.

لە زۆر شوێنیش بە وەسف ئاماژەی بۆ دەکا:

- شاری پڕ بەخیلی، شاری دابەشکراو، شاری لادەر، مەکۆی لەجەڕی، زێدەکەم، شارە گەورەکەم، کەناری ئارنۆی جوان.

١٧. مەریخ (مارس Mars): خودانی شەڕە لای یۆنانەکان. کوڕی جوپیتەر و باوکی ڕۆمۆلۆسە. لە ئەفسانەی کۆندا بە دامەزرێنەری شاری ڕۆما دانراوە. پارێزەری فلۆرەنسا بووە.

١٨. ماگرا Magra: گەڵییەکی گەورە و ئاوەدانە لە هەرێمی (لوینجیا)، دەکەوێتە لای لونیدگانا لە باکووری ڕۆژئاوای توسکانا. لە سەردەمی دانتیدا هی بنەماڵەی (مالاسپینا) بوو.

١٩. پیچین، یان فیچینۆ Ficeno: ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان مۆنتکاتینی و دۆڵی سیرا. ساڵی ١٣٠٢ شەڕێکی نێوان ڕەش و سپییەکانی لێ قەوما و ڕەشەکان بە سەرکردایەتیی (مۆرویلۆ مالاسپینا)، سەرکەوتن.

٢٠. ئەم پێشبینییە یەکێکە لە پێشبینییە ناسراوەکانی دۆزەخ. باسی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٣٠١-١٣٠٦ دەکا. لە مایسی ١٣٠١دا ڕەشەکان لە شاری پیستۆیا شکستیان خوارد و شاربەدەر کران. لە تشرینی دووەمی هەر ئەو ساڵەدا (کۆرسۆ دوناتتی)ی سەرۆکی ڕەشەکان بە سەرکەوتوویی چووە ناو فلۆرەنسا و سپییەکانی لە شار دەرکرد. ڕەشەکانی پیستۆیا و فلۆرەنسا یەکیان گرت و ساڵی ١٣٠٢ بە فەرماندەیی

مارکیزی (مالاسینا) قەڵای (سراڤالی)یان لەدەست سپییەکان دەرهێنا و ساڵی ١٣٠٦ شاری (پیستۆیا)یان داگیر کرد.

گەورەترین شەڕ و پێکدادانی ئەم دوو تاقمە ڕەش و سپییە لە شەرگەی (پیچین) ڕووی دا. لەو شەڕەدا هەموو هێزە ناحەزەکانی شاری فلۆرەنسا و لوکا و پیستۆیا بەشدارییان کرد.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوانە، دەتوانین باشتر لە ڕەمز و پێشبینییەکانی دۆزەخ بگەین.

- پیستۆیا لە ڕەشەکان چۆل دەکرێ: پێشبینی دەرکردنی ڕەشەکانە لە شار.

- فلۆرەنسا گەل و یاساکانی تازە دەکاتەوە: واتە سەرکردەکانی سپییەکان و ئەو یاسایانەی دایاننابوو، نامێنێ. ڕەشەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و یاسایەکی تازە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دادەنێن.

- مەریخ هەورەتریشقەیەک لە-ڤالدی ماگرا-وە هەڵدەکا: بە فەرمانی خودانی جەنگ، شەڕ و پێکدادان لە -ڤالدی ماگرا- دەقەومێ. ئەوە بوو هێرشی دووقۆڵیی فلۆرەنسا و پیستۆیا بۆ داگیرکردنی قەڵای (سراڤالی) لەوێوە دەستی پێکرد.

- لەسەر خاکی پیچین دەبێ بە شەڕ: مەیدانی شەڕ دەکەوێتە سەر خاکی پیستۆیا.

٢١. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دانتی خۆی لەگەڵ سپییەکاندا بووە.

***

# سروودی بیستوپێنجەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی شەشەم

## ڕاوێژکاری ساختە

ڤاننی فوچی دز کفری بەرامبەر خودا کرد. مار پەلاماریان دا و خۆیان لێ ئاڵاند و لە جووڵەیان خست. دانتی مارەکانی خۆشویست، چونکە سزای شیاوی دزەکەیان دا. دانتی ڕق و تووڕەیی خۆی بەرامبەر پیستۆیا دەربڕی، چونکە وەکو ئەو دزە پیدرێژیی کرد. دانتی کاکوسی بینی کە دزێکی بەناوبانگ بوو لە ئەفسانەی یۆنانیدا. ئەم دزە ماوەیەک بوو لە چیای ئەڤنتیتۆ دەژیا. گاکانی هەرقەلی دزی و هەرقەلیش کوشتی. مارێکی زۆر خۆیان لە دەوری کاکوس پێچا. ئەژدەهایەک چووە سەر شانی بە هەر کەسی وەبدایە، دەیسووتاند. دانتی هەندێ خانەدانی فلۆرەنسایی بینی بە تاڵان و ڕاووڕووت و زوڵم و ستەم بەناوبانگ بوون. وەکو ئەنیللۆ برونلسکی و بوۆزۆ و دێلی ئەباتتی و کاینفا دۆناتتی و فرانچیسکۆ کاڤالکانتی... دیتی چۆن مارێک پەلاماری ئەنیللۆی دا و وەک لاولاو تێی ئاڵا. لەناو یەکتردا جۆشیان خوارد و بوون بە یەک بوونەوەری شێواو. هەردووکیان سیمای خۆیان لە دەست دا. ئینجا مارێکی بینی پەلاماری بوۆزۆی دا و بە ناوکییەوە دا. هەردووکیان ئاڵوگۆڕ بوون. مارەکە بوو بە مرۆڤ و مرۆڤەکە بوو بە مار.

دانتی بەم دیمەنە تووشی پەشۆکان و نائومێدی هات.



که دزەکە[2] لە قسەکانی بووەوە،
هەردوو دەستی بە شکڵی هەنجیر[3] بەرز کردەوە،
هاواری کرد: (خوایە، ها ئەمە بگرە!)
لەو کاتەوە مارەکانم خۆشویست،
چونکە مارێ دەرحاڵ خۆی لە ملی لوول دا
وەک ئەوەی بڵێ: (زیاتر قسە نەکەی!)
مارێکی دی خۆی لە بازووەکانی ئاڵاند
لە پێشەوە لێکی بەستن
جووڵەی لێ بڕی.
ئای (پیستۆیا![4] پیستۆیا! بۆچ بڕیار نادەی
ببی بە خۆڵەمێش و لەناو بچی،
چونکە لە بەدکاریدا لە باپیرەگەورانت تێپەڕاندووە.
لە هەموو ئەڵقە تاریکەکانی دۆزەخ
یەک ڕۆحم نەدی ئەوەندە بێئەدەب بێ بەرامبەر بە خوا[5]
تەنانەت ئەوەیش کە لەسەر شوورەی (تیبی) بەربووەوە.
کابرا بێ ئەوەی یەک قسەی تر بکا، ڕایکرد و هەڵات
(چێنتاور)ێکم[6] بینی بە تووڕەیی دەهات، هاواری دەکرد:
(کوا لە کوێیە؟ ئەو بێئەدەبە لە کوێیە؟[7])
(ماریما) ئەوەندە مارەی نەبووە
کە ئەو بە لەشیەوە نووسابوون
تا سەر دەموچاوی[8] هەڵکشابوون.
ئەژدیهایەکی باڵکراوە
لەسەر پاتێل و شانەکانی بوو
تووشی هەر کەسێ بوایە ئاگری بۆ دەهاویشت
مامۆستاکەم گوتی: (ئەمە (کاکۆ)[9]یە،
کە زۆر جار گۆمەخوێنی
لە قونتار شاخی دێرینی (ئاڤێنتینۆ)[10] چێ دەکرد.
ئەمە بە ڕێی براکانیدا ناڕوا

به ئاینوئۆین
گاڕانێکی[11] گەورەی نزیک خۆی دزی.   (٣٠)
بە تۆبزی قورسی (ئێرکولی)[12]
کۆتایی بە کارە کرێتەکانی هات
کە سەد تۆبزی لێدا، بەڵام بەرگەی دە زەبری نەگرت.[13])   (٣٣)
کە ئەو قسەی دەکرد، چنتاورەکە بزر بوو،
سێ ڕۆح[14] لەژێر پێمانەوە هاتنە دەرێ،
نە من و نە مامۆستام هەستمان پێ نەکردن.   (٣٦)
تا ئەوە بوو قیژاندیان: (ئێوە کێن؟)
قسەمان بڕی و لەوە بەدواوە،
هەست و هۆشمان تەنیا لای ئەوان بوو.   (٣٩)
من نەمناسین، بەڵام وا ڕێککەوت،
وەک زۆر جار ڕێک دەکەوێ،
یەکێکیان ناوی ئەوەی تری برد.   (٤٢)
گوتی: (چیانفا، لە کوێ ماویتەوە!)
بۆ ئەوەی مامۆستام گوێی لێ بگرێ
دەستم قوچاند و پەنجەم لە دەمم بۆ لووتم بەرز کردەوە.[15]   (٤٥)
ئەی خوێنەر، جێی سەرسامی نییە
درەنگ بڕوا بە قسەم بکەی. من کە بە چاوی خۆم دیم،
بە زەحمەت بڕوای پێدەکەم!   (٤٨)
کە چاوم تێبڕین،
مارێکی شەشپێ خۆی هەڵدا
بۆ سەر ڕۆحی یەکەم[16] و خۆی لێ ئاڵاند.   (٥١)
بە دوو قاچی ناوەڕاستی ورگی گوشی،
بە دوو قاچی پێشەوەی بازووەکانی گرت،
ئینجا چڕنووکی لە هەردوو لا ڕوومەتی گیر کرد.   (٥٤)
دوو قاچی دواوەی خستە سەر ڕانەکانی،
کلکی لە بەینی هەردوو ڕانی بردە دەرێ و

لە پشتەوە، لەسەر سمتەکانی قیتی کردەوە. (٥٧)
هیچ لاولاوێک وا توند بە درەختەوە نەنووساوە
وەک ئەم جانەوەرە دڕندەیە
ئەندامەکانی خۆی لە ئەندامەکانی ئەو ڕۆحە ئالاند. (٦٠)
بە جۆرێ بەناو یەکدا چوون، قەی بێژی
لە مۆمی گەرم دروستکراون،
وا جۆشیان خوارد، نە ئەم و نە ئەو، وەکو خۆیان نەمان! (٦٣)
وەک کاغەز کە دەسووتێ و لە بەردەم بڵێسەدا
ڕەنگی قاوەیی هەڵدەگەڕێ و قاوەییەکەی بەرەو پێش دەخزێ
ڕەنگی سپێتیی خۆی لەدەستداوە و ڕەشیش نابێ. (٦٦)
دوو جەفاکێشەکەی دی تەماشایان کرد و قیژاندیان:
(ئاخ (ئانییێل)[17] چەند گۆڕاوی!
وات لێهاتووە نە یەکیت و نە دوویت.) (٦٩)
هەردووکیان سەریان بووبوو بە یەک تاکە سەر.
ڕوویان تێکەڵ بووبوو و بووبوو بە یەک ڕوو،
ئەو ڕووە هەردوو ڕووەکەی تێدا توابووەوە. (٧٢)
لە هەر چوارپەل، دوو بازوو دروست بوون،
ڕان و لاق و ورگ و سینگ
بوون بە ئەندامی وا، شتی وا نەدیتراوە. (٧٥)
شکڵی پێشوویان تەواو تێ چوو،
شکڵی داگەڕاویان، هەم دوو بوو، هەم هیچ!
ئەم شتە سەیرە، بە هەنگاوی شێنەیی دوورکەوتەوە. (٧٨)
وەک چۆن مارمیلۆک لە قرچەی گەرمای
ڕۆژانی گەلاوێژدا،[18] پەناگای خۆی دەگۆڕێ و
وەک برووسکە لە ڕێگە دەپەڕێتەوە، (٨١)
مارێکی توورەی ڕەش و مۆری وەک دنکە بیبەر
بە گوڕ، وەک تیر هات و
پەلاماری ورگی دووەکەی تری دا (٨٤)

ناوکی یەکێکی کون کرد
کە یەکەم جار خواردنی لێوە وەردەگرین،
ئینجا بەربووەوە و لە بەردەمیدا ڕاکشا. (٨٧)
کابرای مارانگاز سەیری مارەکەی کرد و هیچی نەگوت.
پێی لە زەوی چەقاند و باوێشکی دا
وەک یەکێ تای لێ بێ، یان خەوی بەسەردا بارببێ. (٩٠)
ئەو[١٩] سەیری مارەکەی کرد و مارەکەش سەیری ئەوی کرد،
دووکەڵێکی توند لە برینی یەکەم و لە زاری دووەم هاتە دەرێ
هەردوو دووکەڵ[٢٠] خۆیان لێک دا. (٩٣)
با (لوکانۆ)[٢١] بێدەنگ بێ و
چیدی باسی (سابێلۆ)ی کڵۆڵ و (نازیدیۆ) نەکا،
با گوێ بگرێ چ لە تیرکەشی من دەردێ. (٩٦)
با (ئۆڤیدیۆ) چیکە باسی (کادمۆ)[٢٢] و (ئاریتوزا)٢٣ نەکات
من قەت بەخیلیی پێ نابەم کە بە شیعر
یەکی کرد بە مار[٢٤] و یەکی کرد بە کانی.[٢٥] (٩٩)
ئەو هەرگیز دوو سروشتی ڕووبەڕوو دانەگێڕاوە
بە جۆرێ هەردوو شکڵەکە
مژارەکانیان پێک بگۆڕنەوە! (١٠٢)
ئەمانە بەپێی ڕێسایەک خۆیان پێکەوە گونجاند،
مارەکە کلکی کرد بە دوو فیلقە و
برینداری لاقەکانی لەناو یەک جۆش دا (١٠٥)
بە ماوەیەکی کەم، لاق و ڕانەکانی
ئەوەندە لەناو یەکدا جۆشیان خوارد،
جێگەی پێکەوەلکانیان دیار نەما. (١٠٨)
کلکی دوو فلیقەی مارەکە
شکڵی قاچە نەماوەکانی کابرای وەرگرت.
ئەم پێستی نەرم و ئەو پێستی ڕەق هەڵات. (١١١)
کابرا بازووەکانی کشایەوە بن هەنگڵ،

دوو پێی کورتی مارەکەش
بەقەد کورتبوونەوەی بازووەکانی کابرا، درێژبوونەوە.
پێیەکانی دواوەی مارەکە توانەوە ناو یەک و
بوون بەو ئەندامەی پیاو دەیشارێتەوە.
ئەندامی نەپەنی کابرای کەسیرەیش بوو بە دوو پەل.
دوو کەڵەکە ڕەنگێکی تازەی لە هەردووکیان دا،
مووی لەشی یەکێکی هەڵوەراند و
مووی لە لەشی ئەوەی تر ڕواند.
یەکێ قیتبووەوە و ئەوەی تر بەربووەوە،
بێ ئەوەی سەرنجی ناپاکیان کەلەلا بکەن
لە بەرچاوی خۆیانەوە شکڵی لموزیان گۆڕا.
ئەوەی هەستایەوە، لموزی بۆ لای جێ نووکەکانی ڕاکێشا
لەو مژارەی، لەم کێشانەیەدا زیادی هێنا
دوو گوێ لای ڕوومەتە پانەکانی سەریان دەرهێنا.
ئەو زیادە لموزەی لە پێشەوە مایەوە
بوو بە کەپوویەک لەسەر ڕووی و
لێوەکانیش نەختێ هەڵدەفان.
ئەوەی ڕاکشابوو لموزی بردە پێش و
گوێچکەکانی کێشایەوە ناو سەری
وەک چۆن گوێچکەماسی شاخەکانی دەکێشێتەوە.
زمانی کە تا ئەوسا یەک پارچە بوو و قسەی پێ دەکرا،
شەقی برد و بوو بە دوو فلیقە،
ئەوەی تر دوو فلیقەکانی زمانی یەکیان گرت و دوو کەڵەکە نەما.
ئەو ڕۆحەی بوو بە جانەوەر
بە فیکە بەناو دۆڵەکەدا ڕایکرد.
ئەوەی تر بەدەم قسەوە تفی[٢٦] لە دواوە دەکرد.
پشتی تازەی بۆ وەرسووڕاند و
پێی گوت: (دەمەوێ (بوۆزو) وەک من

لەسەر چوارپەل بەم ڕێیەدا ڕابکا). (١٤١)
بەو شێوەیە دۆخی ئەڵقەی حەفتەمینم دی
دەجووڵا و دادەگۆڕا. ئەگەر قەڵەمم خلیسک بیا،
هۆکەی، ئەم دیمەنە سەیر و تازانەیە! (١٤٤)
هەرچەندە چاوم پیچەک لێڵوپێڵ بووبوو،
زات و وێرەکییم ڕۆیشتبوو،
بەڵام هەرچەندە بە شێواوی ڕایان کرد (١٤٧)
لەو سێ هاوڕێیەی بەیەکەوە هاتن،
(یوچیۆ شیانکاتۆ)م[٢٧] ناسییەوە،
تەنیا ئەو بەو جۆرە گۆڕابوو. (١٥٠)
(گاڤیللی)[٢٨] و ئەوەی تریش ئەوە بوو کە تۆ بۆی دەگری. (١٥١)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوپێنجەم

١. ئەم سرووده، سروودی دزانە (تەواوکەری بابەتی پێشووە).

٢. مەبەست ڤانني فوچییە لە سروودی پێشوودا باسی کراوە.

٣. شکڵی هەنجیر: جۆرە ئیشارەتێکە بە ئەنگوستەکانی دەست مانایەکی ناشیرینی هەیە. نیشانەکە بەم جۆرەیە:

دەست وەکو مشت دەقوچێننەوە و سەری پەنجەی گەورە لە نێوان دۆشاومژە و دۆڵە درێژەی قوچاوە دێننە دەرەوە و بۆ بەرامبەرەکەیان ڕادەگرن.

دەبێ ئەوەش بزانین لە یۆنان و ڕۆمانی کۆندا، هەنجیر ڕەمزی عەورەتی ئافرەت و پەنجەی گەورە ڕەمزی زەکەری پیاو (فالوس) بوو.

هەنجیردان، لە زەمانی کۆنەوە تا ئەمڕۆیش نیشانەی جوێن و سووکایەتی بووە بۆ بەرامبەرەکە. (ڤیلان)ی مێژوونووسی ئیتالی لە کتێبی (کرۆنیکا)دا نووسیویەتی:

لە هەرێمی پیستۆیا، کە خەڵکەکەی دوژمنداریيەکی کۆنیان لەگەڵ فلۆرەنساییەکان هەبوو، لەسەر قۆنگرەیەکی بڵندترین قوڵلەی قەڵای پتەوی کارمینیانۆ دوو بازووی زەبەللاح، ڕوو بە فلۆرەنسا، لەمەڕ مەڕ داتاشرابوون، نیشانەی هەنجیریان ڕاگرتبوو. ڤانني فوچی دۆزەخی، کە لەسەر دونیا ماڵی خودای دزیوە، لێرەدا نیشانەی هەنجیر بۆ خوا ڕادەگرێ و ئەم بێئەدەبییە بەرامبەر بە خوا دەکا.

(گۆتۆ)ی هونەرمەند وێنەی ئەم ئیشارەتە جوێنەی لە کەنیسەی پیر فرانچیسکۆ لە ئاسیسی کێشاوە.

٤. ئاماژەیە بۆ کاتیلینیا Catilenia‌ی سەرکردەی ڕۆمانیا کە دژی سەنای ڕۆمانیا جەنگا. دەڵێن ئەو بوو شاری پیستۆیای دروست کرد، بۆ ئەوەی سەربازەکانی تێدا بگیرسێنەوە. ئەو نەفرەتەی دانتی لە پیستۆیای دەکا وەکو نەفرەتکردنی فلۆرەنسا و پیزا و جەنەوا وایە.

٥. مەبەست کاپانیۆ Capaneo‌یە. (سروودی ١٤ی دۆزەخ).

٦. لە ڕاستیدا ئەمە چێنتاور نەبوو، بەڵام دانتی وای پێ دەڵێ، چونکە لەبەر درندەیی، ڤیرجیلیۆ پێی دەڵێ نیمچە مرۆڤ. مەبەست (باکۆس)ە.

٧. مەبەست (ڤانني ڤوچی)یە.

٨. ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنەی لەشی چێنتاور کە نیوەی ئەسپ و نیوەی مرۆڤەکەی لەوێ دەگەنە یەک.

٩. کاکۆ Caco (بە لاتینی: کاکۆس): بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، کوڕی هفایستوس (فولکانۆ)ی خودانی پیشە و ئاسنگەری بوو.

شوێنەکەی لە چیای ئاڤێنتینۆ (ئاڤێنتینوس) بوو کە دەکەوێتە سەرەوەی ڕۆما. حۆل و دز و ناپەسند بوو. گارانی هەرقەل کە لە ئەسپانیا هێنابووی، لەژێر چاوەدێریی جیریۆن، لە قۆنتاری ئەم چیایەدا بلاوبووبووەوە، گاکانی دزی. هەرقەل کە بەمەی زانی، ئەوەندە تووڕە بوو، بە تۆبز کوشتی. لێرەدا (کاکۆ) پاسەوانی ناوچەی ڕووباری فیلجتۆنتییە لە دۆزەخ.

١٠. ئاڤێنتینۆ Aventino: یەکێکە لەو حەفت چیایەی ڕۆمای لەسەر دروستکراوە. بارەگای (کاکۆ) بوو.

١١. واتە: گاکانی جیریۆن.

١٢. هەرقەل.

١٣. واتە: کاکۆ، ڕەنگە لەگەڵ تۆبزی دەیەمی هەرقەل ڕۆحی دەرچووبێ، بەلام هەرقەل وازی لێ نەهێنا تا سەد تۆبزی پێ تەواوکرد.

١٤. ئەو سێ ڕۆحەی لەپڕ بە شێوەی مرۆڤ لە بەرامبەر دانتی و ڤیرجیلیۆدا پەیدا دەبن، سێ کەسن بە ناوی:

- ئانێللۆ برونێللسکی Agnello Brunelleschi
- بوۆزۆ دیلی ئاباتی Buoso degli Abati
- پوچیۆ گانکاتۆ دی گالیگای Puccio Gancato di galigai.

یەکەم دەپرسێ: کوا چیانفا دۆناتی؟ چیانفا دێ، بەلام بووەتە مار. ئەم مارە لەگەڵ یەکێ لە سێ دۆزەخییەکە تێک دەئاڵێ و بەناو یەکدا دەچن و دەبن بە یەک. دوون دەبن بە یەک، ئینجا مارێکی تر دێ کە ڕۆحی فرانچیسکۆ کاڤالکانتییە، پەلاماری دۆزەخیی دووەم دەدا. ئەم جارە ئەم دووانە ئاڵوگۆڕ دەبن و ئەندام و شێوەیان پێک دەگۆڕنەوە. ئەم دەبێ بە مار و ئەو دەبێ بە شکڵی مرۆڤی ئاسایی. تەنیا دۆزەخیی سێیەم هیچی بەسەر نایە کە دانتی لە دواچرکەدا دەیناسێتەوە.

١٥. ئەمە نیشانەی بێدەنگکردنە. ئەم نیشانەیە جیهانییە.

١٦. مەبەست (کانیفا دی دۆنانی Canifa dei Donani)ی دزە، خانەدانێکی فلۆرەنسایی بوو. بە دز و تالانوبڕۆ ناوبانگی دەرکردبوو. لێرەدا لە شێوەی خشۆک دەرکەوتووە.

١٧. ئانێللۆ برۆنێللسکی Angello ئەندامێکی بنەماڵەی برۆنێللسکی بوو لە شاری فلۆرەنسا کە سەرکردەی گیبیللینیەکانی شار بوون.

١٨. کەلووی سەگی گەورە Cancola: دەکاتە کاتی هەرە گەرمای هاوین کە تیشکی ڕۆژ زۆر بەهێز دەبێ. ئەم کەلوە پێی دەگوترێ (الشعر اليماني).

١٩. مەبەست فرانچیسکو دی کاڤالکانتییە. لە خانەدانەکانی فلۆرەنسا بوو، بە دزی و تالان بەناوبانگ بوو.
٢٠. مەبەست (بوۆزۆ دێلی ئاباتی و پوچیۆ چانکاتۆ دی گالیگای)یە..
٢١. لوکانۆ Lucano (بە لاتینی: لوکانۆس) شاعیری گەورەی ڕۆمانیی سەدەی یەکەمی زایینییە. لە سروودی (٤)دا باس کراوە. لوکانۆس لە کتێبی فارسالیادا دەگێڕێتەوە کە دوو سەربازی ڕۆمی لە سوپای (کاتون) بە ناوی (سابێللۆ) و (نازیدیۆ)، لە بیابانی لیبیا بوون بە خۆراکی دێوان. سابێللۆ لەناو زەنەکێک توایەوە و نازیدیۆش ئەوەندە ئاوسا، لەشی ژەهری دەردا. ئۆڤیدیش هەندێ نموونەی لەم داگۆڕانە هێناوە: باس دەکا پیاوێ بە ناوی کادمۆ بوو بە مار و ژنێ بە ناوی ئاریتوزا بوو بە کانی.
لێرەدا دانتی توانای خۆی لە گۆڕینی شکڵی دۆزەخییەکان لەگەڵ ئەم دوو شاعیرەدا بەراور دەکا و خۆی لە هەردووکیان بەتواناتر دەزانێ.
٢٢. سەرباز بوو لە سوپای (کاتۆن) لە بیابانی لیبیا مار پێیەوە دا و بوو بە چنگێ خۆڵەمێش.
٢٣. سەربازبوو لە سوپای ڕۆمانی، مار پێیەوەداو بوو بە شتێ کەس نازانێ چ بوو.
٢٤ دامەزرێنەری تیبی بوو، لێرە بووەتە خشۆک.
٢٥. ئاریتوزا قەرەواشێکی خودان (دیانا) بوو. ئالفیۆس ڕاوی نا و تەنگەتاوی کرد، بۆ ئەوەی خۆی نەجات بدا گۆڕا و بوو بە کانی.
٢٦. تفکردن، واتە ڕشتنی ژەهری ناوزار. لە سەردەمی دانتیدا خەڵک وایان دەزانی ئاوی زاری مرۆڤ (تف-خووزی) ژەهرە.
٢٧. پۆچیۆ شانکاتۆ Puccio Seiancato: یەکێکە لە بنەماڵەی ناوداری گایگای. ئەم بنەماڵەیە دەورێکی گرنگیان لە دەرباری فرەنسادا گێڕاوە. لە پێیەکی دەلەنگی بۆیە پێیان دەگوت پوچیۆشەل.
٢٨ گاڤیللی Gaville: گوندێکە لە بەشی سەرەوەی ڕووباری ئارنۆ، وەکو قەلایەکی سەربازیی قایم وایە. خەڵکی ئەم گوندە پیاوێکیان لە پیاوە گەورەکانی بنەماڵەی ناسراوی کاڤالکانتی کوشت بە ناوی (فرانچیسکۆ دی کاڤالکانتی)، ئیتر ئەم بنەماڵەیە زۆر بە سەختی تۆڵەی خۆیان کردەوە. وای لێ هات کەم خێزان مابوو لە گاڤیللی تازیەیان نەبێ. مەبەستی دانتی ئەوە نییە بڵێ خەڵکی گوندی گاڤیللی لە تازیەی فرانچیسکۆ دان و بۆ ئەو دەگرین، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە بڵێ لە ئەنجامی کوشتنی ئەم پیاوە، دەردێکی وایان بەسەرهات، بۆ حاڵی زاری خۆیان دەگرین.

# سروودی بیستوشەشەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی هەشتەم

## دزان

دانتی، کە هەندێ خانەدانی دزی فلۆرەنسیی بینی، قسەی توند و گاڵتەجاڕیی بە نیشتمانەکەی گوت. گوتی تاوانباران هەر دەبێ بە سزای خۆیان بگەن. دانتی بە یارمەتیی ڤیرجیلیۆ چووە سەر شاخەکە بۆ ئەوەی بچێتە دۆڵەکەی تر. دانتی وەسفی هەندێ دەشتی ئیتالی کرد. دانتی هەندێ بڵێسە ئاگری لە گەرووی دۆڵی هەشتەمدا دی. بڵێسەیەکی بینی دوو شاخی پێوە بوو. پرسی ئەمە چییە؟ ڤیرجیلیۆ وەڵامی دایەوە ئەمە ئۆلیسیس و دیومیدی پاڵەوانی ئەفسانەی یۆنانی تێدایە. دانتی چاوەڕێی کرد تا بڵێسە دوو شاخەکە هات. ڤیرجیلیۆ بە نەرمی قسەی لەگەڵ گوناهبارەکان کرد. ئۆلیسیس گوتی ئارەزووی دیداری ماڵ و عەیال ڕێی دیتنی دونیا و میللەتانی لێ نەگرتم. لەگەڵ تاقمە کەسێکی کەم بە کەشتی دەرچووین. دوورگەکانی ڕۆژئاوای دەریای سپیی ناوەڕاست و کەنارەکانی ئەورووپا تا ئەسپانیا و کەنارەکانی ئەفریقیا تا مەراکیشم بینی. تا ئەولای ئەشبیلییە و سپتە چووم. هێڵی ئیستیوامان بڕی و دوای پێنج مانگ گەیشتینە چیایەکی بەرز و سەرکەش. هەموو کەیفخۆش بووین، بەڵام هەر زوو شادیمان بوو بە شین. گەرداوێ هات و کەشتییەکەی تێکشکاندین.



خەنی لە خۆت (فیۆرێنتزا)، کە ئەوەندە گەورەیت،
باڵ بەسەر زەوی و دەریادا دەکێشی و
ئەوەتا ناوت لە دۆزەخیش بڵاوبووەتەوە. (٣)
پێنج مرۆی خانەدانی تۆم لەناو دزەکانی ئێرە دی
پێیان سەرشۆڕ و شەرمەزارم،
باوەڕ ناکەم تۆش شانازییان پێ بکەی! (٦)
بەڵام ئەگەر خەونی سەحەرا سپێدێ ڕاست بێ[٢]
دوای ماوەیەکی کەم، بەم هەموو خراپەیە دەزانی
کە (پراتۆ)[٣] و زۆری تر بۆ تۆی دەخوازن. (٩)
شتی وا کە بووە، پێش وەخت نەبووە،
مادام دەبوایە ببێ، با ببێ!
من تا پیرتر دەبم، پتر ئازاری پێوە دەخۆم. (١٢)
بەسەر ئەو پلیکانەدا ڕۆیشتین کە پێدا هاتینە خوارێ
پایەکانی ددانە بەردبوون.
مامۆستاکەم بەسەر کەوت و منی لە دوای خۆی ڕاکێشا. (١٥)
ئەو ڕێگە چۆڵ و لاچەپەمان گرتە بەر
بەناو گابەرد و کەوری پردەکەدا
بە چنگەچڕێ نەبا، پێمان نەدەکرا پێ باوێین. (١٨)
ئەوەی دیم ئازاری دام و ئێستایش ئازارم دەدا.
کە بیرم دەکەوێتەوە چیم دی.
دەبێ زیاد لە ڕادە بەدەر، جڵەوی خۆم بگرم. (٢١)
بۆ ئەوەی چاکە و ڕاستی، بێ ڕێنمایی[٤] نەڕوا
ئەگەر ئەستێرەی بەخت، یان لوتفی خودا
کەرەمێکم پێ بکا، خۆمی لێ بێبەش ناکەم. (٢٤)
وەک جوتیارێ کە لەسەر تەپۆڵکەیەک پاڵ دەداتەوە
کاتێ چراوگی ڕۆشنکەرەوەی دنیا[٥]
زۆر کەم ڕووی خۆیمان لێ دەشارێتەوە.[٦] (٢٧)
کاتێ مێش جێگە بۆ پێشکە چۆڵ دەکا

گوڵەستێرە لە بنی دۆڵەکە دیارە
ئەو شوێنەی بە ڕۆژ، زەوی لێ دەکێڵێ و ترێی لێ دەڕنێ.
کاتێ گەیشتمە ئەو شوێنەی
بنی دۆڵەکەم لێ دەرکەوت، دیتم
ئەم دۆڵی هەشتەمینە، بە گڕ و چراوگ دەدرەوشایەوە.
چۆن ئەو کەسەی ورچەکان تۆڵەیان لێ سەندەوە،[7]
گالیسکەی (ئیلیا)ی بینی ڕۆیشت و
ئەسپەکان ڕاستەوخۆ بەرەو ئاسمان تێیان تەقاند
ئەویش کە چاوی تێ بڕی، یەک بڵێسەی بینی و بەس
وەکو پەڵەهەورێکی بچووک
بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا.
بڵێسەکان، بەم جۆرە، لەناو هەناوی دۆڵەکەوە
بەرزدەبوونەوە. هیچیان ناوەوەی دیار نەبوو،
بەڵام هەر بڵێسە و گوناهبارێکی گرتبووە خۆی.
لەسەر گوپیتکەکە هەستامەوە و سەیرم کرد،
ئەگەر خۆم بە گابەردێک نەگرتایەوە،
بێ ئەوەی پاڵم پێوە بنێن، هەڵدەدێرام.
ڕابەرەکەم کە دیتی بە وردی سەیر دەکەم،
گوتی: (ڕۆحەکان لەناو ئەم ئاگرانەدان.
هەر ڕۆحە و ئاگرێکی پۆشیوە، دەیسووتێنێ.)
وەڵامم دایەوە: (مامۆستا، کە قسەی تۆم بیست،
زیاتر متمانەم پەیدا کرد، بەڵام هەستم کرد
دەبێ پێت بڵێم:
کێ لەناو ئەو بڵێسە دووشاخەدایە
کە دەڵێی لەو لێژنە دارە داییساوەوە هەڵدەستێ
کە (ئێتیۆکلی)[8] و براکەیان تێ فڕێدا.)
پێی گوتم: (ئەمە (ئولیسی)[9] و (دیۆمیدی)ی[10] تێدا دەسووتێ
ئەمانە چۆن بە یەکەوە تووڕە بوون،

ئاوهایش بەیەکەوە سزا دەدرێن! (٥٧)
ئەمانە لەناو ئاگری خۆیاندا دەگرین
بە هۆی فێڵی ئەو ئەسپەی دەروازەی شاری کردەوە و
توخمی ڕەسەنی ڕۆمانەکانی کردە دەرەوە.[١١] (٦٠)
بە وای ئەو فێڵەوە دەگرین کە وای کرد
(دێیدامیا) ئێستایش (ئاکیللی) بلاوێنێتەوە.
لێرەدا سزای دزینی (پاللادیۆ) دەچێژن. (٦٣)
پێم گوت: (مامۆستا، تکایە، ئەگەر ئەمانە
دەتوانن لەناو ئەم بڵێسەیەدا قسە بکەن،
دووبارە و هەزاربارە تکات لێ دەکەم (٦٦)
ڕێم بدە لێرە چاوەڕێ بکەم
تا ئەم بڵێسە دوو شاخەیە نزیک دەکەوێتەوە.
سەیر کە چۆن لە مەراقان خۆمم بۆ لار کردووەتەوە.) (٦٩)
وەڵامی دایەوە: (داواکەت ڕەوایە،
جێی ستایشە و من قبووڵی دەکەم،
بەڵام وریا بە، زمانی خۆت بگرە. (٧٢)
لێگەڕێ من قسە بکەم، چونکە من دەزانم
تۆ چیت گەرەکە، ڕەنگە ئەوان
هەوەسیان بە قسەی تۆ نەیە، چونکە یۆنانین.[١٢] (٧٥)
کاتێ بڵێسەکە گەیشتە خاڵێک
ڕابەرەکەم کات و شوێنەکەی لە بار زانی،
گوێم لێ بوو بەم جۆرە هاتە قسە: (٧٨)
(ئێوە کێن؟ کە دوو کەسن و لەناو یەک بڵێسەدا.
ئایا من لە ژیاندا شایەنی سەرنجی ئێوە بووم،
ئایا کەم و زۆر جێی بڕوای ئێوە بووم، (٨١)
من کە لە دونیادا، شیعری بەرزم دەنووسی.
مەڕۆن، یەکێکتان پێم بڵێن،
کاتێ وێڵ و گومڕا بوو، چوو لە کوێ مرد.[١٣] (٨٤)

لقه بەرزەکەی بلێسەی دێرین
لەرزییەوە و ورشەورشی هات
وەک هالاوێک (با) ئۆقرەی لێ هەڵگرێ،
ئینجا پۆپەی بەملا و بەولادا بزواند
وەک ئەوەی زمان بێ و قسە بکا.
دەنگی لێوە هات و گوتی:
کاتێ لای (چیرچی)[14] ڕۆیشتم
کە ساڵێ زیاتر لە نزیک (گاییتا)[15] شاردمیەوە،
بەر لەوەی (ئینیا) ئەو ناوەی لێ بنێ.
نە خۆشەویستیی منداڵ[16] و نە هەست و سۆزم
بەرامبەر پیرەباب[17] و نە ئەشقی پێویستم
بۆ شادکردنی (پینیلۆپێ)،[18]
نەیانتوانی ئەو مەراقەم تێدا بکوژن
کە دەمەویست شارەزای دونیا ببم.
شارەزای چاکە و خراپەی میللەتان ببم.
بە تەنیا و بەتەمای یەک کەشتی و
چەند دۆستێکی کەم کە هەرگیز پشتیان تێ نەکردم
کەوتمە گەشتی ناو دەریای قووڵ و بێکەنار.
ئەم کەنار و ئەو کەنارم کرد تا دەگاتە
ئیسپانیا و مەراکیش و دوورگەی (ساردینیا)[19] و
ئەو دوورگانەی[20] ئەم دەریایە دەیانشواتەوە.
من و هاوڕێکانم پیر و کەشەنگ بووین
کە گەیشتینە ئەو تەنگەتەسک و تریسکەی
(ئێرکولی) نیشانەی خۆی لێ چەقاند.[21]
بۆ ئەوەی کەس لەوێ زیاتر نەڕوا.
(سیبیلیا)م[22] لە دەستەڕاست جێهێشت و
لە دەستەچەپیش (سیتتا)م[23] هەڵبوارد.
گوتم: (ئەی براینە، هوون، کە بەناو هەزار
مەترسیدا هاتوون و گەیشتوونەتە ڕۆژاوا،[24]

ئەو دەرفەتە هۆشیارییە کەمەی[25] ماوتانە   (١١٤)
لە دەستی مەدەن. بە شوێنکەوتنی خۆر،[26]
دەرفەتی دۆزینەوەی دونیای نائاوەدان، مەچوێنن.[27]   (١١٧)
توخم و ڕەچەڵەکی خۆتان ڕەچاو بکەن
ئێوە بۆ ئەوە نەخوڵقاون وەک لاور بژین،
بۆ ئەوە خوڵقاون دوای چاکە و زانیاری بکەون.   (١٢٠)
بەم گوتارە کورتە، هاوڕێکانم ئەوەندە هان دا
بۆ ئەوەی لە گەشتەکەیان بەردەوام بن،
پاشان خۆیشم بە زەحمەت توانیم ڕایانبگرم.   (١٢٣)
پاشەڵی کەشتیمان دایە خۆرهەڵات.[28]
سەوڵمان کرد بە باڵ بۆ ئەم پەروازە سەرشێتە
هەر تم وتم بە لای چەپدا داماندەشکاند.[29]   (١٢٦)
شەو، گشت ئەستێرەکانی جەمسەرەکەی ترم[30] دەدی،
ئەستێرەی خۆیشمان ئەوەندە نزم بوو،[31]
لەسەر ڕووی دەریا بەرز نەدەبووەوە.   (١٢٩)
لەوەتی کەوتبووینە ئەم سەفەرە سەختە.
ڕووناکیی خوارەوەی مانگ،
پێنج جار[32] درەوشایەوە و پێنج جار ڕوومردەوە.   (١٣٢٩
لە دوورەوە چیایەکی ڕەشمان٣٣ لێ دەرکەوت
ئەوەندە بەرز و سەرکەش بوو
قەت شتی وام نەدیبوو!   (١٣٥)
شاد بووین، وەلێ زوو شادیمان بوو بە گریان.[34]
گەرداوێ لەو شوێنە تازەیە هەڵیکرد
هات لە پێشەوەی کەشتییەکەی دا.   (١٣٨)
سێ جار کەشتی و ئاوی تێک سووڕاند.
جاری چوارەم پاشەڵی کەشتیی بەرزکردەوە هەوا و
لمووزی نقووم کرد. وەک (یەکێ) وای ئیرادە لەسەر بێ.   (١٤١)
ئەوەبوو دەریامان بەسەردا داخرا.[35]   (١٤٢)

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوشەشەم

١. ئەمە سروودی ڕاوێژکاری خراپە. ئەوەی بە دڵسۆزییەوە ڕای دروست و بەجێ نادا. پێیشی دەڵێن سروودی ئولیسیس.

٢. پێشینان بڕوایان وا بوو، خەونی بەرەبەری بەیانی سەحەرا سپێدی)، خەونی ڕاستە. دانتی باسی ئەو ساتە سافە دەکا و دەڵێ ئەو کاتەی پەڕەسێلکە ئاوازی غەمگینی خۆی، بە یادی بەدبەختی خۆی دەچڕێ، ڕۆحمان لە هەموو کاتێ زیاتر لە جەستە دووردەکەوێتەوە و لە کۆتوبەند ئازاد دەبێ.

٣. پراتۆ Prato: شارێکی بچووکە، بیست کیلۆمەتر لە شاری فلۆرەنساوە دوورە. پەیوەندیی لەگەڵ فلۆرەنسا باش بووە. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە نەک دوژمنی هێزەکانی فلۆرەنسا خۆزگە بە ڕووخانی فلۆرەنسا دەخوازن، بەڵکو شارێکی بچووکی وەک پراتۆی هاوسێی ڕاستەوخۆی فلۆرەنسایش خۆزگە بە ڕووخانی فلۆرەنسا دەخوازێ. هەندێ ئەم لێکدانەوەیان قبووڵ نییە، چونکە پراتۆ پەیوەندیی لەگەڵ فلۆرەنسا خۆش بووە، چۆن خۆزگە بە ڕووخانی دەخوازێ. ئەوان دەڵێن:

ئەمە ئاماژەیە بۆ کاردینال نیکۆلۆدا پراتوی ئوسکوفی گەورەی فلۆرەنسا کە پاپا بێنیدێتۆی یازدەم لە ١٣٠٤دا ڕەوانەی ئەم شارەی کرد بۆ ئەوەی سەرکردەکانی دوو تاقمە ناکۆکەکەی فلۆرەنسا ئاشت بکاتەوە، بەڵام ئەوان بە ناوبژیی ئەم ڕازی نەبوون، ئەویش چەند جارێک پاپای ئاگادار کردەوە و دواجار ئەو شارەی جێهێشت و پاپا نەفرەتنامەیەکی بۆ خەڵکی شار نارد و قەدەغەی کرد کڵێسە لەوێ کاروباری ئایینی جێبەجێ بکا. دوای ماوەیەکی کەم پردە گەورەکەی شار ڕووخا و زەرەرێکی زۆری هێنا، دوای ئەوەش ئاگرێکی گەورەی تێ بەربوو و زیانێکی زۆری پێ گەیاند. خەڵکەکە ئەم نەهامەتییانەیان بە ئەنجامی ڕاستەوخۆی نەفرەتی پاپا لێکدایەوە.

٤. دانتی خۆی هەندێ فەرمانی میریی دی بوو، لە ژیانی ئاوارەییدا، ماوەیەک سکرتێر و ڕاوێژکاری میرەکان بوو، بۆیە نرخ و جیاوازیی ڕاوێژکاری دڵپاک و ڕاوێژێکاری دڵپیس دەزانێ.

٥. مەبەست لە چراوگی ڕۆشنکەرەوەی دونیا، خۆرە!

٦. واتە: ئەو کاتەی ڕۆژگار لە هەموو کاتێکی ساڵ درێژترە، مەبەستی وەرزی هاوینە. خۆر ماوەیەکی زۆر بە دەرەوە دەبێ.

٧. ئاماژەیە بۆ ئەلیەشەعی پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلیان. باسی ژیان و بەسەرهاتی لە تەوراتدا هاتووە.

٨. ئیتیکۆلی Etecole (بە یۆنانی: ئیتیۆکلیس) و پۆلینیچی Polinice (بە یۆنانی: پۆلۆنیسیس) بە گوێرەی ئەفسانەی یۆنانی دوو کوڕی جمکی ئۆدیپ (ئۆدیپۆس)ی پاشای تیپە بوون. دوای مردنی باوکیان، بوون بە پاشای (تیبی). لە بەینی خۆیانەوە ڕێککەوتن هەر ساڵە و یەکێکیان پاشایەتی شار بکا. ساڵی یەکەم بەر ئیتیۆکلیس کەوت، بەڵام کە ساڵەکە تەواو بوو، ڕازی نەبوو تاج و تەخت بە براکەی بدا، ئەویش حەفت پاشای یۆنانی دژی برای ورووژاند. دوای شەڕ و پێکدادانێکی زۆر، بڕیاردرا ئەو دوو برایە لە بەرچاوی هەردوو لەشکر، تەن بە تەن بۆ یەکتر بچنە مەیدان، کێ بە زیندوویی دەرچوو، ئەو ببێ بە پاشای شار. لەو شەڕە تەن بە تەنەدا، هەردوو برا کوژران و بە پێی داب و دەستووری ئایینی ئەوسا، جەستەی هەردووکیان سووتاند، بەڵام ئەفسانەیە و دەڵێ: ئەو دوو برایە ئەوەندە ڕقیان لە یەک دەبووەوە، کە جەستەی هەردووکیان فڕێ دایە ناو یەک ئاگر، بڵێسەی ئاگرەکە لە ناوەڕاستەوە بوو بە دووبەش و هەر بڵێسەیەک جەستەی برایەکی هەڵلوشی.

٩. ئولیسسی Ulisse (بە یۆنانی: ئۆلیسیس) کوڕی لارتسی پاشای ئیتاکا بوو. پاڵەوانێکی ئەفسانەی یۆنانی بوو. دوای دە ساڵ شەڕی تەڕوادە، بە یارمەتیی دیۆمیدیس ئەسپەدارینە ناودارەکەی دروست کرد. کۆمەڵە سەربازێکی یۆنانیی ئازا چوونە ناو ورگی ئەسپە دارینەکە و لەشکری یۆنان وایان پێشان دا شەڕ بەتاڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە. کەشتیان بە گەڕ خست. خەڵکی تەڕوادە کە دیتیان لەشکری یۆنانی کشایەوە لە دەروازەی شاری تەڕوادە هاتنە دەرەوە و چاویان بەو ئەسپەدارینە زەبەللاحە کەوت. دەوریان دا و پاڵیان دا و بردیانە ناو شوورەی شار. هەر هێندە لە دەروازەی شار بردیانە ژوورەوە، سەربازە یۆنانییەکانی ناو ورگی ئەسپەکە هاتنە دەرەوە و پەلاماری خەڵکەکەیان دا و کوشتارێکی زۆریان لێ کردن، لەولاوەش لەشکری یۆنانیی دەرەوە کە وایان پێشان دەدا دەکشێنەوە، گەڕانەوە و بەناو شاریان وەرکرد. بەمەوە تەڕوادە گیرا و شەڕەکە بە قازانجی یۆنانییەکان یەکلا بووەوە.

دانتی تاوانی داگیرکرانی تەڕوادەی داوەتە پاڵ ئولیسیس، چونکە: یەکەم ئەو ئەسپەدارینەکەی دروستکرد و پێشنیاری کرد سەربازی یۆنانی خۆیان لەناو بشارنەوە، ئەوە بوو بەم فێڵە تەڕوادەیان داگیر کرد.

دووەم ئەخیل، کە پاڵەوانێکی نیمچەخودانی یۆنانی بوو، لەگەڵ ئاگامەمنوونی سوپاسالاری ئەم شەڕەی یۆنانی بەینی تێکچووبوو، خۆی لە شەڕ کێشابووەوە، ئۆلیسیس، کە دیتی یۆنانەکان خەریکە لە بەردەم تەڕوادەدا بەرەو شکست دەچن، بە

قسەی لووس و فرتوفێڵ ئەخیلی رازی کرد بچێتەوە شەڕ، ئەوەبوو ئەخیل گەڕایەوە مەیدانی شەڕ و هیکتۆری کوڕی پریام پاشای کوشت و شەڕەکە یەکلا بووەوە.

سێیەم ئۆلیسیس پەیکەری پیرۆزی (پاللاس Pallas)ی لە (پالادیۆم Paladium) دزی. لە کۆنەوە بڕوا وا بوو تا ئەم پەیکەرە مابێ، شاری تەڕوادە ناڕووخێ.

١٠. دیۆمیدی Diomede: کوڕی تیدیۆس و دیفیلی بوو. پاشای ئارگۆس و یەکێ بوو لە پاڵەوانەکانی تەڕوادە. لەگەڵ ئۆلیسیس زۆر حیلە و حەواڵەیان کرد. لە شەڕی تەڕوادەدا، یارمەتیدەری ئۆلیسیس بوو لە دروستکردنی ئەسپەدارینەکە.

١١. واتە ئینیاس کە لە ئەفسانەدا بە بابەگەورەی ڕۆمانەکان داندراوە.

١٢. واتە: ڕەنگە وەڵامی تۆ نەدەنەوە، بەڵام وەڵامی من دەدەنەوە، چونکە من لەوان نزیکترم.

١٣ داوا لە ئۆلیسیس دەکا باسی بەسەرهاتی خۆی بکا لە گەشتی گەڕانەوەیدا بەناو دەریادا.

١٤. چیرچی circe : بەپێی ئەفسانەی یۆنانی ژنێکی جادووکەر بوو لە چیای چیرچیو، لە کەناری کەنداوی (گایتا)، لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا دەژیا.

١٥.گایتا Gaeta: شارێکی کەنارییە لە ئیتالیا. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، ئینیاس دایەنێکی هەبوو بە ناوی (گایتا Gaeta). کە گایتا مرد، ئینیاس لەم شوێنەدا بە خاکی سپارد و شارەکەی بە ناوی ئەوەوە کرد.

١٦. تلیماکۆس Telimachos: کوڕی یولیسیس بوو.

١٧. لیارتیس Leartes: باوکی یولیسیس بوو.

١٨. پینیلۆپی Penelope: ژنی یولیسیس بوو.

١٩ دوورگەیەکە.

٢٠. مەبەستی لە دوورگەکانی دی، سەقلیە و کرۆس و بالیا و هی ترە.

٢١. لە یۆنانی کۆندا، بە دوولا شاخە ڕکەکانی تەنگەی چیای کالیبیان دەگوت. (پاشان بوو بە چیای تاریق). نیشانە، یان ستوونەکانی هەرقەل. ئەمەیان بەلاوە نیشانەی ئاخیری دونیای ئاوەدان بوو، چونکە وای بۆ دەچوون ڕۆژ لە نزیک ئەوانەوە ئاوا دەبێ و دونیا لەوێوە تەواو دەبێ.

لە ئەفسانەدا هاتووە: هەرقەلی پاڵەوانی بەناوبانگی یۆنانی کە چووە تاقیبی سێوە زێڕەکان، کە گەیشتە ئەم ستوونانە، وایزانی گەیشتووەتە بنی دونیا.

٢٢. سیبیلیا Sibilia (سڤیلا-ئەشبیلییە): شارێکی ناوداری ئەسپانییە، دانتی لە جێگەیەکی تردا بۆ هەموو ئەسپانیا بەکاری هێناوە.

٢٣. سیتتا Setta (شووتا): شارێکی دووری دەریای مەراکیشە. کەوتۆتە بەرامبەر چیای تاریق.
٢٤. مەبەست کۆتایی دونیایە.
٢٥. مەبەستی: ئەو ماوە کورتەی لە ژیانتان ماوە.
٢٦. شوێنکەوتنی خۆر: واتە ڕۆیشتن بەرەو ڕۆژئاوا.
٢٧. پێشینان وایان دەزانی لەو شوێنە بەدواوە ئاوەدانی نییە. هەمووی هەر ئاو و شەیتان و ئاگر و دڕندەیە، بەڵام لە سەردەمی دانتییەوە خەڵک بیریان لەوە دەکردەوە، دەبێ دونیایەکی تری ئاوەدان لەولاترەوە هەبێ.
٢٨. واتە: پشتمان کردە ڕۆژهەڵات.
٢٩. واتە: بە درێژایی کەناری ئەفریقیادا ڕۆیشتین. جێی باسە، ئەورووپییەکان ئەوسا تەنیا بەشی باکووری ئەفریقیایان دەناسی، واتە: بەرەو باشووری ڕۆژاوا. ئەمە ئەو ڕێڕەوەیە کە کریستۆفەر کۆلۆمبۆی گەشتیاری جەنەوایی، بەڵام لە خزمەتی ئەسپانیادا، لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەدا پێداچوو و دونیای نوێی دۆزییەوە.
٣٠. مەبەست جەمسەری خواروەوە. یولیسیس و هاوڕێکانی گەیشتنە هێڵی ئیستیوا. لەوێ ئەستێرەی جەمسەری باکوور جێی خۆی بە ئەستێرەکانی نیوەگۆی خواروو دەدا. لە سەردەمی دانتیدا کەس نەیدەزانی نیوەگۆی خوارووی زەوی هەیە. دانتی وای داناوە گەیشتن بە هێڵی ئیستیوا، گەیشتنە بە ئاخیری دونیای ئاوەدان. دانتی چیای بەرزەکی لەناو ئاوی نیوە گۆی خوارووا داناوە.
٣١. واتە لە هێڵی ئیستیوادا پەڕینەوە. ئەستێرەکانی نیوەگۆی باکوور بزر بوون و ئەوانەی نیوەگۆی خواروو دەرکەوتن.
٣٢. پێنج جار بەشی زێڕینی مانگ درەوشایەوە، کە تەنیا لە شەوی چواردەدا بە تەواوی دەردەکەوێ و ڕۆشن دەبێ، واتە پێنج مانگ بەسەر پەڕینەوەی چیای تاریقدا تێپەڕیوە.
٣٣. مەبەستی چیای بەرزەکە. بەپێی نەخشەی جوگرافیایی دانتی، کە لە کۆمیدیادا لە سەری ڕۆیشتووە، نیوەگۆی باکووری زەوی وشکاتی و ئاوەدانییە، کەچی نیوەگۆی خوارووی زەوی هەمووی ئاوە. تەنیا یەک چیای گەورە، لە خاڵی بەرامبەر قودس لە سەرەکەی تری زەوی، سەری لە ئاو دەرهێناوە. دانتی ناوی ناوە چیای بەرزەک، چونکە ڕۆحەکان بەر لەوەی بەرز ببنەوە بۆ بەهەشت، لەوێ لە خلت و درود و قرێژی گوناە و خراپە پاکدەبنەوە.
٣٤. ئەمە خۆشی و ناخۆشییە: خۆشیی دەرکەوتنی چیای بەرزەک و ناخۆشیی مردنی کتوپڕ بە هۆی فەرتەنە و گەردلوەوە. وێنەی نقوومبوونی کەشتییەکە لە

ڤیرجیلیۆ وەرگیراوە. گوناهی یولیسیس لەوەدایە کە پێشنیارێکی بۆ هاوڕێکانی کرد بوو بە هۆی لەناوچوونی هەموویان. دانتی بەم جۆرە وێنەی یولیسیسی کێشاوە.

یۆلیسیس پاڵەوانێکی ئازا و بەجەرگە، گوێ بە کۆسپ و تەگەرە نادا، بە گیروگرفت سارد نابێتەوە، خەمی خاوخێزان ڕێگەی ئەو گەشتە دووروودرێژ و پڕ مەترسییەی لێ ناگرێ. خۆی ورەی بەرزە و هەمیشە زات بە بەر هاوڕێکانی دەکا بۆ ئەوەی مل بە دەریای بێ پەی و سنوورەوە بنێن. ئەم زات و گیانبازییە سەرەتای بیرکردنەوەیە لە گەشتی ناو دەریا و دۆزینەوەی دونیای تازە.

٣٥. ئەم دێرە شیعرە یەکێکە لە دێرە شیعرە بەرزەکانی کۆمیدیا. تۆژەرەوەکان دەڵێن زۆر زەحمەتە یەکێ بتوانێ ئاوها بە وشە و دەستەواژەی سادە، هەستی قووڵی مەرگ و کپی و بێدەنگیی ئەبەدی دەرببڕێ. جێی سەرنجە: داستانی گەشتی یولیسیس و هاوڕێکانی بۆ ئەولای چیای تاریق، لە داهێنان و دروستکردنی دانتی خۆیەتی.

***

# سروودی بیستوحەفتەم[١]

## ئەڵقەی حەفتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی هەشتەم

## ڕاوێژکاری ساختە

ئەو بڵێسەیەی ڕۆحی ئولیسیسی تێدا بوو، لەوێ دوورکەوتەوە. بڵێسەیەکی دی دەرکەوت، دەنگێکی سەیری لێوە هات لە دەنگی پێریللۆسی دەکرد لەناو گای مس لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ئینجا دانتی گوێی لە دەنگێ بوو لە ناو بڵێسەکە حەزی دەکرد قسەی لەگەڵ بکا. دەنگەکە لە بارودۆخی ڕۆمانیای پرسی. ئاخۆ بە ئاشتی دەژی یان لە شەڕدایە. ڤیرجیلیۆ داوای لە دانتی کرد وەڵامی جەفاکێشەکە بداتەوە. دانتی گوتی ستەمکارانی ڕۆمانیا قەت شەڕیان لە مێشک دەرناچێ. گوتی: ڕاڤێنا لەژێر حوکمی ئال پۆلنتادایە و فۆرلی لەژێر حوکمی ئال ئوردیلافی دایە و ماجیناردۆ دا سوزینانا حوکمی فاینتزا دەکا. ڕۆحە جەفاکێشەکە نەیزانی دانتی مرۆڤێکی زیندووە، بۆیە بە بێباکی باسی خۆی کرد. جەفاکێشەکە گویدۆ دا مۆنتفلترۆ بوو. باسی خۆی کرد کە جەنگاوەر بوو و پاشان بوو بە ڕەبەنی کاردیلی، بەڵام بۆنیفاچۆی هەشتەم گێڕایەوە سەر گوناهەکانی پێشووی. گوێدۆ وەکو ڕێوی فرتوفێڵی دەکرد، بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگا.

بڵێسە ئاگرەکە بزووت و شاخی تیژی جووڵاندەوە. دانتی و ڤیرجیلیۆ بەرەو خەندەکی نۆیەم ڕۆیشتن.



بلێسەکە[٢] کپ و قیت وەستابوو
بۆ ئەوەی چیدی نەدوێ
بە ڕوخسەتی شاعیری خاس لێمان دوورکەوتەوە. (٣)
دوای ئەو، بلێسەیەکی تر[٣] هات
دەنگێکی ناسازی لێوە دەهات[٤]
بەو دەنگە سەرنجی ئێمەی بۆ خۆی ڕاکێشا. (٦)
وەک چۆن گای (چیچیلی)،[٥] یەکەم جار
بەدەم گریەی ئەو کەسەی بەدەستی خۆی دروستی کرد،
بۆڕەی لێ هەستا، -هەقیش بوو وا بێ- (٩)
جەفاکێشەکەی ناوی نالاندی،[٦]
هەرچەندە لە مس دروست کرابوو،
دەتگوت ئازار پرزەی لێ بڕیوە! (١٢)
لێرەدا، قسەی شکۆدار
کە هیچ دەرووبەیەکی لەناو ئاگرەکە نەبوو
پۆپەی بلێسەی کرد بە زمان. (١٥)
گوتی: (ئەی ئەو کەسەی دەمی قسەم لە تۆیە،
ئەی ئەو کەسەی تازە بە (لومباردی) دەدوای،[٧]
دەتگوت: (ئیسترا[٨] برۆ، لەوە زیاترم لە تۆ ناوێ). (٢١)
ڕەنگە من نەختێ درەنگ هاتبم،
بوەستە و نەختێ قسەم لەگەڵ بکە،
هەرچەند لەناو گڕدا دەسووتێم، ڕازیم بەم گفتوگۆیە. (٢٤)
تۆ تازە بەربوویتەوە ناو ئەم کوێرە دونیایە و
لە خاکی خۆشەویستی (لاتین)ەوە هاتوویت،
کە من[٩] هەموو گوناهی خۆم لەوێ هاوردووە، (٢٧)
پێم بڵێ داخۆ (ڕۆمانیا)[١٠] لە ئاشتیدایە، یان شەڕ؟
من خۆم خەڵکی چیاکانی ئەوێم. ئەو شوێنەی
نێوان (ئۆربینۆ)[١١]و ئەو ترۆپکەی (تیڤیر)ی[١٢] لێ هەڵدەقوڵێ! (٣٠)
گوێم گرتبوو. هێشتا بە سرکی داهاتبوومەوە

مامۆستام دەستی لە قەپرغەم دا و گوتی:
(تۆ قسە بکە، ئەمە (لاتین)ییە!)
منیش وەڵامم ئامادە کردبوو،
یەکسەر دەستم بە قسە کرد:
(ئەی ئەو ڕۆحەی لەوێ شراویتەوە![13]
دڵی زۆر دارەکانی ڕۆمانیای تۆ
هەرگیز بێ شەڕ نەبووە و بێ شەڕ نابێ،
بەڵام کە من هاتم لە شەڕێکی ئاشکرادا نەبوو.
(ڕاڤێننا)،[14] چۆن بوو، هەروەکو خۆیەتی[15]
هەڵۆی (پۆلێنتا)[16] زۆر باش لەسەری کڕ کەوتووە،
(چێرڤیا)یش[17] بە باڵەکانی داپۆشیوە!
ئەو خاکەی بەڵایەکی گەورەی بەسەرهات و
تەپۆڵکەی خوێناوی لە کوژراوی فرەنسی دروست کرد،[18]
کەوتووەتەوە ژێر چرنۆکی سەوز.
پیرە سەگ و سەگی گەنجی[19] (فێرڕکیۆ)
کە (مۆنتانیا)یان[20] کاول و کامباخ کرد
بە ڕەوشتی خۆیان، نێچیرەکەیان لێک پچڕاندەوە.
شاری (لامۆنی) و (سانتێرنۆ)[21]
بەچکەشێر بەڕێوەیان دەبا،
لە بەینی زستان و هاویندا، پارتەکەی دەگۆڕێ.
ئەو خاکەیش کە (ساڤیۆ) قەراغەکانی دەشواتەوە،[22]
لەبەر ئەوەی کەوتووەتە نێوان دەشت و چیا،
لە نێوان زۆرداری و ئازادیدا دەژی.
تکات لێ دەکەم پێم بڵێ: تۆ کێی؟
لەوانی دی ڕەقتر مەبە لەگەڵماندا،
ناوت، تا ماوەیەکی زۆر، هەر بەردەوام بێ لەسەر زەوی.)
بڵێسەکە،[23] ماوەیەک بە شێوەی خۆی نەڕاندی،
ترۆپکی بەملا و بەولادا هەژاندەوە.

ئینجا ئەم هەناسانەی دەرهاویشت:           (٦٠)
(ئەگەر بمزانیایە وەڵامەکەم بۆ کەسێ دەبێ
دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر زەوی،
بڵێسەکەم لە جووڵە دەکەوت،    (٦٣)
بەڵام بە گوتەی گوتیاران، هیچ کەس
بە زیندوویی لەم قووڵاییەدا دەرنەچووە،
بەبێ ترسی ناوزڕان وەڵامت دەدەمەوە!    (٦٦)
جەنگاوەر بووم، بووم بە ڕاهیبێکی کۆردیێلی [٢٤]
وام دەزانی بەم پەتە[٢٥] گوناهم پاک دەبێتەوە.
بۆچوونەکەم ڕاست دەردەچوو    (٦٩)
ئەگەر قەشە[٢٦] نەبوایە -دەک بەر لەعنەت کەوێ!
کە منی گێڕایەوە سەر گوناهەکانی پێشووم،
بەڵام چۆن و بۆچی؟ فەرموو لە خۆمی ببیستە! (٧٢)
تا لە قاڵبی ئەو ئێسک و گۆشتەدا بووم
کە دایکم پێی دابووم، کردەوەم
کردەوەی شێر نەبوو، کردەوەی ڕێوی بوو!٢٧   (٧٥)
هەموو ئۆین و ڕێگەیەکی نهێنی[٢٨] فێربووم و
ئەوەندە بە وەستایی بەکارم هێنان،
دەنگ و ئاوازەیان گەیشتە بنی دونیا        (٧٨)
کاتێ دیم گەیشتوومەتە ئەو تەمەنەی
هەموو کەس دەبێ
چارۆکەی کەشتی بپێچێتەوە و پەتەکانی هەڵوێزنێتەوە،    (٨١
ئەوەی پێشتر دڵم پێ خۆش بوو، ئیتر دڵی تەنگ دەکردم!
تۆبەم کرد، ددانم بە گوناهەکانم نا و بووم بە قەشە!
باشم بۆ هاتبوو، بەڵام ئاخ!   (٨٤)
ئەوسا میری (فاریزی)یە[٢٩] تازەکان
لە نزیک (لاتیرانۆ)[٣٠] شەڕی هەڵگیرساند،
دژی موسڵمانان نا، دژی جوولەکانیش نا،    (٨٧)

دژی مەسیحییەکان کە دوژمنی بوون،
کە کەسیان نەچووبووە ئابلۆوقەی عەککا[٣١] و
کەسیشیان بازرگانییان لە وڵاتی سوڵتان نەکردبوو!   (٩٠)
نە پایەی بەرز و فەرمانی پیرۆزی خۆی و
نە پەتی پشتی منی[٣٢] لە بەرچاو نەگرت،
ئەو پەتەی هەر کەسێ لە پشتی بوایە، لەڕ و لاواز دەبوو،   (٩٣)
بەڵام چۆن (کۆستانتین)[٣٣] ناردی (سلڤێسترۆ)
لە چیای (سیراتتی)[٣٤] بێ بۆ ئەوەی چارەسەری گڕواتی بکا،
ئەو پیاوەیش ئاوا وەکو دکتۆر داوای منی کرد.   (٩٦)
بۆ ئەوەی لەتای بوغرایی چارەسەری بکەم.
داوای ڕاوێژی لێکردم و من بێدەنگ بووم،
وامزانی بە سەرخۆشی قسە دەکا!   (٩٩)
ئینجا دووگاڕکی کردەوە: دڵت هیچ خەتەرە نەکا:
(پێشەکی لە گوناهان پاکت دەکەمەوە، بەڵام پێم بڵێ
چۆن بتوانم (پینێسترینۆ)[٣٥] لە عەردی بدەم![٣٦]   (١٠٢)
خۆت دەزانی کردنەوە و داخستنی دەرگای ئاسمان
بە دەست منە. ئەوەتا ئەو دوو کلیلەی
ئەوەی پێش من نەیوێرا هەڵیان بگرێ!)[٣٧]   (١٠٥)
ئەم بەڵگە سەنگینانە هانیان دام
بیرم کردەوە، بێدەنگی خراپە
گوتم: (باوکە، تۆ لەو گوناهە دەمپارێزی   (١٠٨)
کە دەشێ تێی بکەوم،
بەڵێنێکی گەورە و وەفایەکی کەم،[٣٨]
لەسەر کورسیی باڵای خۆتدا سەرکەوتووت دەکا.   (١١١)
کە مردم، (فرانچیسکۆ)[٣٩] هاتە لام،
یەکێ لە فریشتە ڕەشەکان[٤٠] پێی گوت:
(مەیبە! تووشی دەردەسەریم مەکە!   (١١١)
ئەمە دەبێ لەگەڵ مسکێنەکانی[٤١] من بێتە خوارەوە،

چونکە ڕاویژێکی ناپاکانەی کردووە.)
لەو کاتەدا من توند قژم گرتووە، (١١٧)
چونکە ئەوەی تۆبە نەکا، پاک نابێتەوە و ڕزگار نابێ.
ئارەزوو و تۆبە بەیەکەوە هەڵناکەن
یاسای دژ و ناکۆک ڕێگە بە شتی وا نادا. (١٢٠)
ئای بەدبەخت خۆم، کە هۆشیار بوومەوە!
منی گرت و گوتی: (ڕەنگە
نەتزانیبێ من مەنتیقیم!) (١٢٣)
منی بردە بەردەم (مینۆس) و ئەویش
هەشت کلکی خۆی لە دەوری پشتی ئاڵاند،
بە تووڕەیی قەپی لە کلکی خۆی دا و گوتی: (١٢٦)
ئەم گوناهکارە هی ئەوەیە ئاگر لوولی بدا،
ئیتر ئەوەتا لێرەدا دەمبینی، بەو بەرگەی لە بەرمە
سزا دەدرێم، هەر دەڕۆم و دەگریم.) (١٢٩)
کە بڵێسەکە گوتارەکەی تەواوکرد
بە ناڵەناڵ دوورکەوتەوە،
ترۆپکی تیژی دەسووڕاند و دەیلەراندەوە! (١٣٢)
من و ڕابەرەکەم لەوێ دەربازبووین
بەسەر شاخەکەدا، تا ترۆپکی پردەکەی دی چووین
کە کەوتبووە سەر دۆڵەکە و ئەوانەی گوناهی ناکۆکییان(١٣٥)
لە ئەستۆی ڕۆحدا بوو، قەرزی خۆیان دەدایەوە (١٣٦)

***

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوحەوتەم

١. ئەمە تەواوکەری سروودی پێشووە. پێی دەگوترێ سروودی گویدۆ دا مونتفلترۆ.

٢. بڵێسەکە یولیسیسە.

٣. ئەم بڵێسە ئاگرە ڕۆحی گویدۆ مۆنتفلترۆی تێدایە.

٤. دەنگی جەفاکێشەکەیە لەناو بڵێسەکەوە دێ.

٥. بەپێی ئەفسانەی مێژوویی یۆنانی پیریللوس Perillusی ئاتینی، لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا، (گا)یەکی بۆ فالاریس Phalarisی سەرکردەی ستەمکار و زۆرداری دوورگەی سەقلیە، لە مس دروستکرد و بە دیاری پێشکەشی کرد بۆ ئەوەی زیندانییەکانی پێ ئەشکەنجە و ئازار بدا. زیندانییەکەیان لەناو ورگی بەتاڵی (گا)کە دەنا. کابرا ئەزیەتی دەخوارد و دەستی بە هاتوهاوار دەکرد. ئەو هاتوهاوارە بەناو لوولەیەکی تایبەتیدا دەڕۆیشت و وەکو بۆڕەی گا، لە دەمی گاکە دەهاتە دەرەوە. فالاریس دیارییەکەی وەرگرت و بۆ تاقیکردنەوە فەرمانی دا پیریللوسی داهێنەر و دروستکەری بخەنە ناو ورگی گاکە بزانن چۆن بۆڕەی لێوە دێ. بەم شێوەیە داهێنەری ئەم دەزگایە خۆی بوو بە یەکەم قوربانیی داهێنانی دەستی خۆی. عەرەب (جزاء سنمار)یان هەیە.

(٦) ئەمە دەنگی گویدۆدا مۆنتفلترۆیە.

٧. کە گوێی لە ڤیرجیلیۆ بوو، لە زاری قسەکردنییەوە زانیی خەڵکی لۆمباردیایە.

٨. ئێستا بە ئیتالی پێی دەگوترێ ئادێسسۆ Adesso بەم جۆرە، گویدۆ دانتیی ڕاگرت. ڤیرجیلیۆ وشەی (ئیسترا)ی بەکار هێناوە. ئەمە وشەیەکی ناوچەییە لە لۆمباردیا بە کار دێ. ئەو دۆزەخییەی قسە لەگەڵ ڤیرجیلیۆ دەکا، خەڵکی ئەو هەرێمەیە، بۆیە بە بیستنی ئەم یەک دوو وشەیە زانیی ئەمانە لۆمباردین. پێشتر باس کرا ڤیرجیلیۆ خەڵکی مانتوایە کە شارێکی گەورەی هەرێمی لۆمباردیایە. خوێنەری کورد دەتوانێ پێکچوون لە نێوان وشەی (ئیسترا)ی ئیتالی و (ئیستا)ی کوردی بەدی بکا.

٩. ئەم دۆزەخییە گویدۆ دا مۆنتفلترۆیە. ناوچەی مۆنتفلترۆ دەکەوێتە هەرێمی ڕۆمانیا کە سنوورەکەی لە لایەکەوە دەگاتە شاری ئۆربینۆ و لە لایەکی تریشەوە دەگاتە چیای کۆرۆنارۆ کە ڕووباری تیڤیری لێ هەڵدەستێ.

١٠. ڕۆمانیا یەکێکە لە هەرێمە گەورەکانی ئیتالیا، لەسەر سنووری توسکانایە و بەسەر دەریای ئەدریاتیکدا دەڕوانێ.

١١. ئۆربینۆ Urbino شاری گویدۆ و زێدی ڕافاییلۆی نیگارکێش بوو.

١٢. تيڤيرى: ڕووبارێکە لە ئیتالیا لە ترۆپکی چیای کۆرنارۆ، لە ئاپنین، هەڵدەستێ.

١٣. ساڵی ١٢٩٩ ئاشتی لەوێ بەرقەرار بوو بەوەی وازی لە قەڵای باتزانۆ هێنا بۆ بۆلۆنیا، بەڵام ئەمەش ناکۆکی و دووبەرەکیی گەلف و گیبیللینییەکانی نەبڕاندەوە.
دەڵێ هەرچەندە هەرێمی ڕۆمانیا بە ڕەسمی لەگەڵ هیچ شار و هەرێمێک لە شەڕدا نییە، بەڵام کاربەدەستانی ئەم هەرێمە لە دڵی خۆیاندا هەمیشە خەریکی کینەجۆیی و شەڕهەڵگیرساندنن.

١٤. ڕاڤێننا Ravenna شارێکی گەورەی کەنارییە لەسەر دەریای ئەدریاتیک. ساڵی ١٢٧٠ کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەرەبابی پۆلنتی.

١٥. واتە: شاری فۆرلی باشووری ڕۆژاوای ڕاڤێننا. لەوێ بوو گویدۆ دا مۆنتفلترۆ، ساڵی ١٢٨٢، هێزیی فڕەنسای تێکشکاند کە پاپا بۆ داگیرکردنی ئەو شارە ناردبووی.

١٦. پۆلێنتا Polenta: بنەماڵەیەک بوو، ساڵی ١٢٧٠ بوون بە دەسەڵاتداری شاری ڕاڤێننای  سەر ئەدریاتیک، ئەو دەسەڵاتەیان تا گوندی چێرڤیا Cerviaی باشووری ڕاڤێننا دەڕۆیشت. دروشمی ئەم بنەماڵەیە هەڵۆیەک بوو بە ناوی (هەڵۆی پۆلێنتا).

١٧. چێرڤیا Cervia گوندێکە لە باشووری شاری ڕاڤێننا.

١٨. مەبەست شار و ناوچەی فۆرلی Forliیە. لە یەکی مایسی ١٢٨٢دا شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هێزەکانی ئەم شارە بە سەرکردایەتیی گویدۆ دا مۆنتفلترۆ و هێزەکانی پاپا مارتینۆی چوارەم کە زۆربەیان فڕەنسی بوون، ڕووی دا و هێزی پاپا شکا. ساڵی ١٣٠٠ شاری فۆرلی لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای بنەماڵەی ئۆردیلاففی Ordelaffi بوو کە دروشمیان شێرێکی سەوز بوو. مەبەست لە (بەڵای گەورە) ئابڵووقەدانی دووردوودرێژی شاری فۆرلییە کە ساڵی ١٢٨١ تا ١٢٨٣ی خایاند. (چڕنۆکی سەوز) ئاماژەیە بۆ دروشمی شێری بنەماڵەی دەسەڵاتداری فۆرلی کە گیبیللینی بوون.

١٩. مەبەست لەم دوو سەگە پیر و گەنجە مالاتیستادا ڤێرڕوکیۆ و مالاتیستینۆی کوڕیەتی کە خاوەنی قەڵای گەورەی ڤێرڕوکیۆ بوون. لە نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەمدا فەرمانڕەوایی ڕیمینی Riminiیان دەکرد. مالاتیستۆ برای جانچۆتۆ و پاولۆ بوو کە یەکەم مێرد و دووەم ئاشقی فرانچیسکا بوو.

٢٠. مۆنتانیا دی پارچیتاتی Montagna de Parcitati سەرۆکی گیبیللینییەکانی شاری ڕیمینی بوو. کوڕەکەی مالاتیستا ساڵی ١٢٩٥ بە دیلی گرت و بە ناپاکی

کوشتی. مالاتیستا خەزووری فرانچیسکا داریمینی بوو کە دانتی، لە سرووودی (٥)ی دۆزەخدا، چیرۆکە دڵدارییە دڵتەزێنەکەی باس کردووە.

٢١. لامۆنی Lamoni و سانتێرنۆ Santemo دوو ڕووبارن لە ئیتالیا. بە شاری فاینتزا و شاری ئیمولادا تێدەپەڕن. دانتی ئاماژە بەم دوو شارە دەکا. ئەم دوو شارە ساڵی ١٣٠٠ لەژێر دەسەڵاتی مایناردۆ پاگانی Mainardo Paganiدا بوون . ساڵی ١٣٠٢ کۆچی دوایی کرد. دروشمی بنەماڵەکەیان بریتی بوو لە شێرێکی شین لەسەر ناو عەردێکی سپی. لە باکووری ناوچەکەی خۆی، پشتی گیبیللییەکانی دەگرت و لە خوارووی ناوچەکەی لایەنگری گەلفەکان بوو، واتە: لە توسکانا گەلف و لە ڕۆمانیا گیبیللینی بوو. ئەوەیە کە دانتی دەڵێ: زستان و هاوین پارتەکەی دەگۆڕێ.

٢٢. ئاماژەیە بۆ شاری چیزینا Cesena لەسەر ڕووباری سافیۆ Savioی باکووری ئیتالیا، دەکەوێتە نێوان فۆرلی و ریمینی.

٢٣. ئاماژەیە بۆ گویدۆ دا مۆنتفلرۆ کە سەرۆکی گیبیللینییەکانی ڕۆمانیا بوو، پیاوێکی ئازا و مەرد بوو. چەند جارێک لەگەڵ گەلفەکان جەنگا و سەرکەوت، چەند جاریش پاپا بە کافری دانا. هەموو جارێ لەگەڵ کڵێسە ئاشت دەبووەوە. ئاخیری، ساڵی ١٢٩٦ بوو بە ئەندامی تاقمی ئایینی فرانچیسکان و ساڵی ١٢٩٨ کۆچی دوایی کرد.

٢٤. قەشەی کۆردێلی: ئەو قەشەیەیە کە لەباتی زوننار، پەتێک لە پشت دەبەستێ. ئەمە نیشانەی تاقمی فرانچیسکان بوو.

٢٥. مەبەست ئەو پەتە تایبەتەیە کە ئەندامانی تاقمەکە لەباتی زوننار لە پشتیان دەبەست.

٢٦. مەبەست پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەمینە.

٢٧. واتە لەسەر دونیادا سیفەت و کردەوەی ڕێوی هەبوو.

٢٨. ئاماژەیە بۆ قسەی پاپا مارتینۆی چوارەم، لەبارەی سووکایەتیکردنی گویدۆ بە کڵێسەی کاتۆلیک.

٢٩. فاریزییەکان تاقمە جوولەکەیەک بوون، زۆر دەمارگیر و لایەنگری سەرسەختی بنەمای دێرین بوون. عیسایان بە تاوانی هەڵگەڕانەوە لە ئایین تاوانبارکرد و لە خاچیان دا.

٣٠. کۆشکی لاتیرانۆ Laterano. لە سەردەمی دانتیدا بارەگای پاپاکان بوو لە ڕۆما. بنەماڵەی کۆلۆنا کۆشکەکانیان لە نزیک ئەم بارەگایە بوو. مەبەست ئەوەیە پاپا لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە جەنگا و شکاندنی.

٣١. واتە: ئەمانە نە لەو خاچپەروەرانە بوون کە بۆ داگیرکردنی شاری عەککا لە فەلەستین بە نهێنی پەیمانیان لەگەڵ تورکە موسڵمانەکان بەست و نە لەو جوولەکانە بوون کە لە وڵاتی میسر دۆستایەتییان لەگەڵ موسڵمانان هەبوو، بەڵام لە مەسیحییە ئیماندارەکان بوون کە پاپا هیچ بەڵگەی بەدەستەوە نەبوو دوژمنداریبیان بکا.

٣٢. ئاماژەیە بۆ ئەو پەتە باریکەی پێڕەوانی تاقمی ئایینی سان فرانسوا لە پشتیان دەبەست. بنچینەی بیری ئەم تاقمە ڕیازە و نەفسکوشتن بوو، بۆیە هەموویان لەڕولاواز بوون کە دەڵێ: پاپا دەبوایە لەگەڵ موسڵمان و جوولەکان بە شەڕ بێ، نەک لەگەڵ مەسیحییان، گوزارشت لە ڕۆحی مەسیحییەت و شەڕی خاچپەروەریی ئەورووپایی دەکا. دیارە شەڕکردنی پاپا لەگەڵ مەسیحییەکان لەسەر خاکی ئیتالیا، بێ گوێدانە شەڕی موسڵمان و جوولەکە، گۆڕانێکە لە بۆچوونی ئەورووپی. یەکەم کەس فریدریکی دووەم بوو، ساڵی ١٢٢٩ ئەم ڕێچکەیەی شکاند.

٣٣. کۆنستانتینۆ Constantino (بە لاتینی: کۆنستانتینوس): ئیمپراتۆری ڕۆمانیا بوو. سەرەتا کە بوو بە ئیمپراتۆر، زۆر ئەزیەتی مەسیحییەکانی دا. پاپا سلڤێسترۆی یەکەم، لە ترسی زەبروزەنگی ئیمپراتۆر رایکرد و پەنای بۆ چیای سیراتتی Sirattiی نزیک ڕۆما برد و لەوێ خۆی لەناو ئەشکەوتێک شاردەوە. ئەو چیایە، لە شەرافەتی ئەوەوە، ئێستا ناویان ناوە (سانتۆ ئۆریستی). دیان دەڵێن: پاش ماوەیەک ئیمپراتۆر کۆنستانتین تووشی نەخۆشیی گولی بوو. ئەوەندەی حەکیمیان هێنا سەر و داودەرمانیان کرد، چاک نەبووەوە. تا شەوێ، پترۆس و پۆلسی یاوەرانی عیسا چوونە خەونی و پێیان گوت چارەسەری تەنیا لە دەست پاپا سلڤێسترۆدایە و حەشارگەی پاپایشیان بۆ ئاشکرا کرد. کۆنستانتین لەدووی پاپا سلڤێسترۆی نارد. پاپا هات و ئیمپراتۆری لە نەخۆشییەکە چاککردەوە، ئیتر کۆنستانتین بوو بە مەسیحی و مەسیحییەتیی کرد بە ئایینی ڕەسمیی ئیمپراتۆریەتەکەی و نیوەی ئیمپراتۆریەتەکەیشی بە پاپا بەخشی. مێژوونووسان دەڵێن: ئەم چارەسەرکردنەی ئیمپراتۆر و ئەم بەخشینە هەر قسەی ڕووتە و هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە.

٣٤. چیای سیراتتی Siratti دەکەوێتە نزیک ڕۆما.

٣٥. پینێسترینۆ Penestrino: قەڵایەکی پتەوی بنەماڵەی کۆلۆنابوو لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆما. بنەماڵەی کۆلۆنا لەگەڵ پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم لەملان بوون. ساڵی ١٢٩٨ هێزی بۆنیفاچۆی سەرکەوت و شارەکەی داگیرکرد. شارەکە ئێستا پێی دەگوترێ پالێسترینا Palestrina.

٣٦. واتە: چۆن ڕێگەیەک بدۆزمەوە، دوژمنەکانم سەرکوت و نابوود بکەم؟

٣٧. ئاماژەیە بۆ پاپا چیلیستینۆ Celestinoی پێنجەم (تەمموز تا کانوونی یەکەمی ١٢٩٤). پێش پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم پاپا بوو، پیاوێکی بەدین و بێوەی بوو، بەڵام زۆر بێزاخ بوو، دوای چەند مانگێک وازی لە پاپایەتی هێنا. دانتی گازاندەی لێ دەکا کە ئەرکەکەی پێ هەڵنەگیراوە و جێی خۆی بۆ بۆنیفاچۆی هەشتەم چۆڵ کردووە.

٣٨. ئەم ڕستەیە بووەتە پەند لە زمانی ئیتالیدا:

.Lungra promessa con L´ettender corto

مەبەست ئەو ڕاوێژەیە کە گویدۆ بۆ پاپا بۆنیفاچۆی هەشتەم کردی بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیدا مسۆگەر بکا، گوایە ڕاوێژەکە ئەمەبوو:

بۆنیفاچۆ بنەماڵەی کۆلۆنای ئەمان دا و بەڵێنی پێدان ئەگەر خۆیان بەدەستەوە بدەن، هیچیان لێ نەکا، ئەوانیش لەسەر ئەو بەڵێنە ساڵی ١٢٩٨ خۆیان بەدەستەوە دا، بەڵام پاپا بۆنیفاچۆ بەڵێنی خۆی شکاند و قەڵاکەی خاپوور کرد.

٣٩. فرانچیسکو Francesco دامەزرێنەری تاقمی ئایینیی فرانچیسکایی بوو، ڕەنگە بۆیە چووبێتە دۆزەخ تا ئەندامانی تاقمەکەی خۆی ڕزگار بکا. لێرەدا نازناوی پیر (سانتۆ)ی بۆ دانەنراوە، چونکە ساڵی ١٣٠٠ کڵێسە هێشتا ئەم نازناوەی پێ نەبەخشیبوو.

٤٠. ئاماژەیە بۆ شەیتانەکان، لەم دێرە شیعرەدا، فرانچیسکۆ ڕەمزی چاکە و شەیتانەکان ڕەمزی خراپەن. ئەوسا خەڵک بڕوایان وا بوو یەکێ کە دەمرێ، فرانچیسکۆ و شەیتانەکان دێنە سەری. مردووەکە بەپێی کردەوەکانی لەسەر دونیا، شوێن یەکێ لەم دوانە دەکەوێ. ئەگەر چاکەی هەبێ،دەچێتە شوێن فرانچیسکۆ و ئەگەر خراپەی هەبێ،دوای شەیتانەکان دەکەوێ. ئەمە وەکو (نەکیر و مونکیر)ی موسڵمانەتی وایە.

٤١. مسکێنەکانی من miei meschini: پیاوەکانی من. وشەی مشکین کە دانتی بەکاری هێناوە، لە بەچکە زمانەکانی لاتینیدا بەکارهاتووە. لە زمانی ئاشووری و عەرەبی و تەنانەت کوردیشدا هاتووە. لە کوردیدا، لە هەندێ ناوچەدا وشەی مسکێن بۆ کرمانج بەکار دێ کە بەرامبەر ئاغایە. مسکێن (کرمانج) ئەو کەسەیە خۆی زەویی نییە، بەڵام زەویی خاوەن مۆڵکێک بە کرێیەکی تایبەتی کە لە بەرهەمی زەوییەکە دەیدا، دەناودێنێ. ئاغاکە هەرچەندە ساڵێ بیەوێ زەوییەکە بەو کرێیە دەدا بە کرمانجەکە و هەر کاتێکیش بیەوێ لێی وەردەگرێتەوە.

***

# سروودی بیستوهەشتەم [١]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی نۆیەم

## فتۆنییەکان

دانتی ددانی پێدا دەنێ ناتوانێ باسی دیمەنی برین و خوێنی ئەڵقەی ترسناکی نۆیەم بکا کە لە دیمەنی خاکی پولیا و کوشتاری تەڕوادەی تێپەڕاندووە. جەفاکێشێکی بینی لە سزای دووبەرەکینانەوەی لە ڕۆمانیا، لووت و گەرووی بڕابوو و تەنیا یەک گوێی مابوو. ئەمە پییێر دی میچینا بوو کە پێشبینیی بۆ دانتی کرد مالاتێستینۆی فەرمانڕەوای ڕیمینی چۆک بە دوژمنەکانی دادا و ناچاریان دەکا گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن و پاشان لە دەریادا دەیانخنکێنێ. دانتی کوریۆنی بینی زمانی بڕابوو، چونکە بووبوو بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە زەمانی قراڵدا. موسکا دی لامبرتی بینیی هەردوو دەستی بڕابوو. ئەوەبوو کە بوو بە هۆی دابەشبوونی فلۆرەنسا بۆ گەلف و گیبیللینی. ئاخیری جەفاکێشێکی بینی سەری بڕابوو و وەکو چرا سەرەکەی بە دەستەوە گرتبوو. ئەمە بیرتران دی بۆرنی شاعیری تروبادوور بوو کە هێنریی دووەمی پاشای ئینگلتەرە و کوڕە گەنجەکەی تێک بەردا.



کێ دەتوانێ، تەنانەت بێ سەروایش،
بێ دووبارەکردنەوەی چەند جارەی باسەکەیش،[٢]
بە ڕوونی باسی ئەو خوێن و برینە بکا کە من ئەوسا دیم!
بێشک هەموو زمانێ لەم باسەدا نوشوست دێنێ
قسە و گوتار و بیرکردنەوەی ئێمە
لە عۆدەی دەربڕینی ئەم هەموو شتە نایە.
ئەگەر هەموو ئەوانە کۆببنەوە
کە لە وڵاتی بەختەوەری (پولیا)دا[٣]
خوێنی خۆیان بۆ خاتری
(ترۆیانی)[٤] و شەڕی درێژخایەنی[٥] ڕشت و زۆر گریان.
کە ئەم هەموو ئەڵقە زێڕەیان بەتاڵان برد،
وەک (لیڤیۆ) نووسیویەتی و قەت بەهەڵەدا ناچێ.
ئەگەر ئەوانە کۆببنەوە
کە دژی (ڕوبێرتۆ گیسکاردۆ) جەنگان و بریندار بوون.
ئێستایش ئێسکوپرووسکیان[٦] کۆدەکەنەوە
لە (چیپیران)[٧] کە (پولیا) یەک یەک خیانەتیان کرد.[٨]
لە (تالیاکۆتسۆ)[٩] کە (ئالاردۆ)ی[١٠] بەساڵداچوو،
بە بێ چەک سەرکەوتنی بەدەست هێنا.
ئەگەر هەموویان برین و
جەستەی داپاچڕاویان دەربخەن،
بەرامبەر دیمەنی ترسناکی دۆڵی نۆیەم ناکاتە هیچ.
یەکێ گەرووی هەڵزڕابوو
لووتی تا ئەبرۆ هەڵبڕابوو
تەنیا یەک گوێی مابوو.
ترترۆکی بەناو لاقەکانیدا شۆڕبووبووەوە و
سیپەلکەکان و ئەو هوورە پیسەی بەدەرەوە بوو،
کەچی مرۆڤ دەیخوا، دەیکا بە گوو.
کە بە هەموو هەست و هۆشم نوقمی تەماشای بووم،

سەیری کردم و بە دەستەکانی سینگی شەقکرد و
گوتی: (چاو دێ! چۆن خۆم لێک دەپچڕێنمەوە! (٣٠)
سەیری (...) بکە چۆن ئەدگاری شێواوە.
(...) بە گریان بە بەردەممدا دەڕوا
لە چەناگەوە تا هەنیە، ڕووی هەڵزڕاوە. (٣٣)
گشت ئەوانەی تریش کە تۆ لێرە دەیانبینی،
بە زیندوویی، تۆوی ناکۆکییان وەشاندووە،
لە سزای ئەو گوناهەیە، ئاوها شەقکراون. (٣٦)
شەیتانێک، لە پشتەوە، بە دڵڕەقی دەمانهاژوا و
هەموو جەفاکێشەکانی ئەم تاقمە
دەداتە بەر زەبری دەمی شمشێر. (٣٩)
کە دەورەیەکی پڕ دەرد و ئازار تەواو دەکەین،
بەر لەوەی بگەینەوە بەرامبەری
برینەکانمان سارێژ دەبن. (٤٢)
ئەی تۆ کێی؟ کە لەسەر ئەم پردە وەستاوی،
وەک بتەوێ ئەشکەنجەکەت دوابخەی،
کە دوای ددانپێدانان، بۆت دەبڕێتەوە.) (٤٥)
مامۆستام گوتی: (ئەمە هێشتا نەمردووە،
بە هۆی هیچ گوناهێکیش بۆ سزا خواردن نەهاتووە،
بەڵام بۆ ئەوەی شارازییەکی زۆر پەیدا بکا (٤٨)
منی مردوو بەناو ئەڵقە بە ئەڵقەی
ئەم دۆزەخەی خوارەوەدا دەیگێڕم!
چۆن دەبینی قسە دەکەم، قسەکەم ئاوها ڕاستە!) (٥١)
سەد کەس زیاتر گوێیان لێ بوو.
هەموو لەناو دۆڵەکە وەستان و سەیری منیان کرد.
لە سەرسامییان دەردی خۆیان لەبیر چووەوە. (٥٤)
تۆ کە دەشێ بەم زووانە چاوت بە ڕۆژ ڕۆشن بێتەوە،
بە برا (دۆلچین)[11] بێژە، ئەگەر نایەوێ

زوو بەدوامدا بێ بۆ ئێرە   (٥٧)
با لە تێری ئازووقە دابین بکا
تا بەفر (نۆواری)یەکان[١٢] سەرکەوتوو نەکا.
ئاوها نەبێ سەرکەوتن بەدەست ناهێنن. )  (٦٠)
(...) وای پێ گوتم،
پێیەکی بڵند کرد بۆ ئەوەی بڕوا،
پێکەی تری لەسەر زەوی دانا و دوورکەوتەوە.   (٦٣)
یەکێکی تر گەرووی هەڵبڕابوو
کەپووی تا ژێر برۆکانی شەق بووبوو و
تەنیا یەک تاکە گوێی مابوو.   (٦٦)
هێل بووەوە و لەگەڵ ئەوانی دی تەماشای کردم.
ئەو، بەر لەوانی دی گەرووی کردەوە
کە لەبەر خوێن و خوڕ، سووردەچووەوە.   (٦٩)
گوتی: ئای تۆ، کە بە هیچ گوناهێک تاوانبار نیت!
ئەگەر بە یەکێکی ترم نەشباندبی،
تۆم لە سەر خاکی (لاتین) دیوە!   (٧٢)
یادی (پییر دا میدیچینا)[١٣] بکەرەوە!
ئەگەر جارێکی دی ئەو دەشتە خۆشەت[١٤] دیتەوە
کە لە (ڤێرجیلی) تا (مارکابۆ) دادەکشێ،  (٧٥)
دوو پیاو ماقووڵەکەی (فانۆ)[١٥] ئاگادار بکەوە،
مەبەستم بەڕێز (گیدۆ) و (ئانجیۆلیللۆ)یە[١٦].
ئەگەر پێشبینیی ئێرە پووچ دەرنەچێ،  (٧٨)
لە نزیک (کاتتۆلیکا)، بە خیانەتی ستەمکارێکی بەدکردار،
بە بەرد لە مل کراوی، لە کەشتییەکەیانەوە
فڕێدەدرێنە ناو دەریا و دەخنکێن.  (٨١)
(نیتتونۆ)[١٧] هەرگیز لە نێوان دوورگەکانی (چیپری)[١٨] و (مایۆلیکا)[١٩]
تاوانێکی وا گەورەی بەدەست ڕێگرانی دەریا،
یان خەڵکی (ئارگۆلی)یەوە[٢٠] نەدیوە.   (٨٤)
ئەو ناپاکەی تەنیا یەک چاوی دەبینێ و

حوکمی ئەو شارە[٢٢] دەکا. یەکێکم لایە
خۆزگە دەخوازێ هەرگیز چاوی پێ نەکەوتایە. (٨٧)
بۆ گفتوگۆی ئاشتەوایی لە دوویان دەنێرێ و
بە جۆرێ لەگەڵیان دەجووڵێتەوە، نە نەزر و نە نزا
لە (با)ی (فۆکارا)[٢٣] چەپاڵەیان نادا.) (٩٠)
منیش گوتم: (ئەگەر دەتەوێ دەنگوباسی تۆ
بە دونیای سەرەوە بگەیەنم،
ئەو کەسەم نیشان بدە کە ئەم ڕوانینە تاڵەی هەیە.) (٩٣)
دەستی خستە سەر کارێژی
یەکێ لە هاوڕێکانی و دەمی لێککردەوە.
هاواری کرد: (ئەمەیانە و قسە ناکا!) (٩٦)
ئەمە شاربەدەر کرابوو. گومانی قراڵی ڕەواندەوە
جەختی کردەوە: (ئەوەی خۆی ئامادەکردبێ.
چاوەڕێکردن، زەرەر دێنێ!) (٩٩)
ئەفسوس! (کوریۆ)[٢٤] کە لە ئاخافتندا ئەوەندە چاوقایم بوو
بە ترسناک و پەرێشانی دیم
دیم زمانی لە گەرووودا بڕابوو. (١٠٢)
یەکێکی تر هەردوو دەستی بڕابوو،
کۆلکەی بازووەکانی لە هەوای تاریک بەرزکردەوە،
دەموچاوی هەمووی بوو بە خوێن. (١٠٥)
قیژاندی: (یادی (مۆسکا)یش[٢٥] بکەرەوە!
ئاخ، کە گوتی: (ئەوەی بوو، تازە بوو!)
ئەم قسەیە تۆوی دووبەرەکی بوو بۆ (تۆسکا)[٢٦]! (١٠٨)
منیش گوتم: (مردن بوو بۆ ڕەچەڵەکی تۆ).
خەم لەسەر خەم کەوتە بن باری خەمان،[٢٧]
وەک یەکێ هەم شێت بێ و هەم خەمبار، ڕۆیشت. (١١١)
من وەستام، سەیری حەشیمەتەکەم کرد
شتێکم بینی، دەترسم
بە ڕووتی و بێ بەڵگە بیگێڕمەوە. (١١٤)

ویژدانم ئارخەیانم دەکا،
کە هاوڕێیەکی دڵسۆز و پیاو
لە ژێر زرێی پاکیدا ئازاد دەکا.
بە چاوی خۆم، کابرایەکم بینی، ئێستایش لەبەرچاومە!
بێ سەر دەڕۆیشت، وەکو ئەوانەی تر
کە ئەم مێگەلە کەساسەیان پێک هێنابوو.
سەری بڕابوو و سەرە بڕاوی خۆی وەک فانۆس
بە قژەکەی بە دەستەوە گرتبوو.
سەیری ئێمەی کرد و گوتی: (وای لە منێ!)
سەری خۆی کردبوو بە چراوگ بۆ خۆی
یەکێ بوو لە دوو و دوو بوو لە یەکدا.
شتی وا چۆن دەبێ؟ تەنیا ئەوە دەزانێ کە کردوویەتی.
کە گەیشتە پایینی پردەکە
دەستی بە چراوگی سەری، لە هەوادا بەرزکردەوە،
بۆ ئەوەی قسەکانی بگا بە ئێمە.
گوتی: سەیری ئەم ئەشکەنجە بێوێنەیە بکە!
تۆ زیندووی، وەرە مردووەکان ببینە.
ئاخۆ هیچ ئەشکەنجەیەک ئەوەندە سەخت و گرانە؟
بۆ ئەوەی دەنگوباسی من ببەیتەوە،
بزانە من (بێرترام دی بۆرنیۆ)م،[28]
ئەوەم ئامۆژگاریی خراپی پاشا و گەنجەکەم کرد.
من وام کرد کوڕ و باب تێکبەربین:
(ئاکیتۆفێل)[29] لەوە زیاتری نەکرد، کە بە فێڵ و تەڵەکە
(ئەبسالۆنی) و (داڤید)ی بەگژ یەکەوە نا.
لەبەر ئەوەی دوو کەسی وا نزیکم لە یەک کرد
لێرە سەر و لەشم لە یەک جیان
خۆمم و سەری خۆمم بە دەستەوە گرتووە.
بەم جۆرە یاسای تۆڵەم لێ هاتووەتە دی.

## پەراوێزەکانی سروودی بیستوهەشتەم

١. ئەمە سروودی فتۆنییە ئایینی و سیاسییەکانە.

٢. واتە بێ سەجع و سەروا. سەروا کۆی نەکردبنەوە، هەر بە بڵاوی (پەخشان) مابنەوە، چونکە پەخشان لە شیعر ئاسانترە.

٣. پولیا Puglia: ناوچەیەکی بەپیت و فەڕە. لە خوارووی ئیتالیا بەرامبەر ناپۆلییە، لێرەدا بۆ سەراپای باشووری ئیتالیا بەکارهاتووە.

٤. تەڕوادەییەکان: ئەو ڕۆمانیایەی توخماتیان لە ڕێی (ئانیا)وە دەگاتەوە خەڵکی تەڕوادە. تەڕوادەییەکان ساڵی ٣٤٣-٢٩٠ پ.ز. هێرشیان کرد بۆ ئەوەی باشووری ئیتالیا داگیر بکەن و خوێنێکی زۆر ڕژا.

٥. شەڕی درێژخایەن. مەبەستی دووەم ئەڵقەی زنجیرە شەڕەکانی (پونکی)ی نێوان ڕۆمانیا و قەرتاجەیە (٦٢٤-١٤٦پ.ز)، بە تایبەتیش ئاماژەیە بۆ شەڕی (کاننی-Canne) نێوان ئاینبالی سەرکردەی گەورەی قەرتاجە و ڕۆمانییەکان (٢١٦پ.ز) کە بە قسەی تیتو لیڤیۆی مێژوونووسی ڕۆمانی، لەو شەڕەدا، ئەوەندە ڕۆمانی کوژران، سێ کووپە ئەڵقەی زێڕیان لە پەنجەی سوارە سەربازە کوژراوەکانی ڕۆمانیان کردەوە.

ڕۆبیرتۆ گویسکاردۆ Roberto Guisardo: سەرکردەی نۆرماندییەکان بوو (١٠١٥-١٠٨٤). دۆقی ئاپولیا و کالابریا بوو. هێرشی کردە سەر باشووری ئیتالیا و داگیری کرد.

٦. واتە: کە شارل دانژوو، ساڵی ١٢٦٦ هێرشی کردە سەر ناپۆلی، سەربازی ئیتالی و فرەنسی و ئەڵمانی لەو شەڕەدا کوژران.

٧. چیپیرانۆ Ceperano: شارێک بوو لە ناپۆلی کەوتبووە سنووری موڵکەکانی پاپا و کڵێسە. وەکو دەربەندێک وا بوو بۆ چوونە ناو ناپۆلی. شەڕی بێنیڤێنتۆ لەوێ ڕووی دا.

٨. ڕەنگە مەبەستی دانتی لە خیانەتی (پۆلی)یەکان لەم شەڕەدا ئەوە بێ کە خەڵکی ئەم شارە ڕێیان بە لەشکری شارل دانژوو دا بە شارەکەیاندا تێبپەڕێ. ئەوەبوو شەڕی خوێناویی بێنیڤێنتۆ قەوما. لەم شەڕەدا مانفریدی کوڕی ئیمپراتۆری فریدریکی دووەمی پاشای سەقڵیە کوژرا.

٩. تالیاکۆتزۆ Taghliacozzo: شارێکە لە ناوچەی ئابرۆتزۆ لە خوارووی ئیتالیا. ساڵی ١٢٦٨ شەڕێکی خوێناوی لەم شارەدا، لە نێوان شارل دانژوو و کۆرادینۆی برازای مانفرید ڕووی دا. لەم شەڕەدا کۆرادینۆ کوژرا. شارل دانژوو سەرکەوتنی خۆی لەم شەڕەدا بۆ ئامۆژگاریی (ئالاردۆ دی ڤالیری) دەبردەوە کە ئامۆژگاریی شارلی کرد هەموو هێزەکانی خۆی بەیەکەوە فڕێ نەداتە مەیدانی شەڕ، بەڵکو بەشێکی گلبداتەوە بۆ شەبەیخوون و هەڵمەتی خێرا.

١٠. ئالاردۆ دی ڤالیری (١٢٠٠-١٢٧٧) لەگەڵ لویسی نۆیەمی پاشای فەڕەنسادا چووە هێرشی خاچپەرەوەران و لە گەڕانەوەدا ڕێی کەوتە ئیتالیا. بە ڕاوێژ یارمەتیی شارل دانژووی دا.

١١. دۆلچین. دۆلچینۆ Dolcino: جێنشینی (گرار دو سکالی)ی دامەزرێنەری تاقمی ئایینیی (یاوەران-Apostoli) بوو. ساڵی ١٣٠٠ بە تاوانی هەڵگەڕانەوە لە ئایین سووتاندیان. بیروباوەڕی ئەم تاقمە ئایینییە بریتییە لە هاوبەشیی ئیماندارەکان لە ماڵ و سامان و ژن و شتی تر. داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ ژیانی سەرەتایی مرۆڤ کە هەموو شتێ بۆ هەموو کەس وەکو یەک وا بوو. دوای مردنی سەرۆکی ئەم تاقمە ئایینییە، دۆلچینۆ بوو بە سەرۆکی تاقمەکە. لە کاتی گەشتی دانتیدا بۆ دۆزەخ، هێشتا مابوو، نەمردبوو. ساڵی ١٣٠٦ کۆچی دوایی کرد. چووە ناو ئەشکەوتێکی چیای (چی بلۆ) بۆ ئەوەی ماوەیەک بە گۆشەگیری و ڕامان و بیرکردنەوە بەسەر ببا! لەو کاتەدا بەفرێکی ئەستوور باری و ماوەی چەند ڕۆژێک هیچ خواردنی پێ نەگەیشت، ناچار بوو پەنای بۆ دوژمنەکانی برد کە لە ئەشکەوتەکە دوور نەبوون. دانتی کە باسی ئامادەکردنی ئازووقە و بەفر و سەرکەوتنی نۆوارییەکان دەکا، مەبەستی ئەم شتەیە.

١٢. نۆواری Noare: خەڵکی نۆوارا. نۆوارا زێدی دۆلچینۆ بوو. پاپا کلیمینتۆی پێنجەم فەرمانی دا خەڵکی شارەکە لەگەڵ دۆلچینۆ و تاقمەکەی شەڕ بکەن و ئەمەی بە شەڕێکی خاچپەرەوەرانەدا دانابوو. کە پاپا ئەو فەرمانەی دەرکرد، پێڕەوانی تاقمەکە بە خۆو بە عەیالەوە پەنایان بۆ هەڵەتوپەڵەتە عاسێکانی نێوان نۆوارا و ڤێرچیللی برد! ساڵێک زیاتر خۆیان ڕاگرت، ئاخیری برسێتی زۆری بۆ هێنان و خۆیان بەدەستەوە دا. پاپا فەرمانی دا ساڵی ١٣٠٧ دۆلچینۆ و زۆری تریان بە زیندووی چاوان سووتاند.

١٣پیێردا میدیچینا دا بیانکوچی Pierda Medicina da Biancucci: له بنەماڵەی کاتانی بوو. بنەماڵەکەیان ماوەیەک فەرمانڕەوایی شاری (میدیچینا)یان کرد له ڕۆژهەڵاتی بۆلۆنیا. هەموو ژیانی خۆی به فتونی و ناکۆکینانەوه بەسەر برد. چەند جارێک خەڵکی شارەکەی خۆی لەگەڵ شارەکانی دراوسێیان بەشەڕ هێنا. فریدریکی دووەم ساڵی ١٢٨٧ ئەم پیاوەی به ماڵەوه له ڕۆمانیا دەرکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دووبەرەکیی لەناو میرەکانی ڕۆمانیا نایەوە، به تایبەتی له نێوان بنەماڵەی مالاتیستا و بنەماڵەی پلونتا.

١٤. دەشتی خۆش: مەبەستی دەشتی بەپیت و بەرەکەتی لۆمباردیایه که دەکەوێته نێوان ڤیرچیللی و قەڵای مارکابۆ. نیشانەی غەریبیکردنی نیشتمانه.

ڤیرچیللی دەکەوێته ئەوپەڕی ڕۆژاوای هەرێمی لۆمباردیا، له ناوچەی پیی مۆنتی. قەڵای مارکابۆ له نزیک ڕێژگاوی ڕووباری (پۆ)یه لەسەر کەناری ئەدریاتیک. کاتی خۆی یەکێ بوو له قەڵا سەخت و مکوومەکانی هەرێمی ڤینیسیا.

١٥. فانۆ Fano: شارێکی ئیتالیایه دەکەوێته سەر کەناری ئەدریاتیک. نزیک پیرازۆ.

١٦. مالاتێستینۆ دا ڕیمینی Malatestino da Rimini: ویستی شاری فانۆ داگیر بکا. ئەوسا دوو خانەدان بەیەکەوه حوکمی شارەکەیان دەکرد: (گویدۆ دیل کاسیرۆ) و (ئانجیۆلیتۆدا کارینیانۆ). مالاتێستینۆ داوای لێکردن بۆ گفتوگۆ بچنه شاری (کاتۆلیکا)ی سەر کەناری ئەدریاتیک که دەکەوێته نێوان شاری (فانۆ) و (ڕیمینی). که ئەم دوو خانەدانه چوونه ئەوێ، مالاتێستینۆ خیانەتی لەگەڵ کردن، پیاوەکانی خۆی تێگەیاند له (فۆکارا)ی نێوان (فانۆ) و (کاتۆلیکا) پەلاماریان دان. هەردووکیان گرت و لەناو کیسەیان نان و فڕێیان دانه ناو دەریاوه.

١٧ نیتتونۆ Nettuno (نپتۆن): له ئەفسانەی یۆنانیدا، خودانی دەریایه (پۆزیدۆن Poseidon).

١٨. چیپری Cipre: قوبرس: دوورگەیەکی بەناوبانگی دەریای سپیی ناوەڕاسته. دەکەوێته لای ڕۆژهەڵاتی ئەو دەریایه.

١٩. مایۆلیکا Maiolica (مایۆرکا): دوورگەیەکی بەناوبانگی دەریای سپیی ناوەڕاسته. دەکەوێته لای ڕۆژئاوای ئەو دەریایه. که دەڵێ دوورگەکانی نێوان (چیپری) و (مایۆکا)، مەبەستی هەموو دوورگەکانی دەریای سپیی ناوەڕاسته که

دەکەونە نێوان ئەم دوو دوورگەیەی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات و ئەوپەڕی ڕۆژئاوای دەریاکە.

٢٠. ئارگۆلی Argoli: خەڵکی ئارگۆلی: مەبەست خەڵکی یۆنانە بە تایبەتی جەردەکانی دەریای ناوچەی (ئارگۆلیس)ی یۆنان کە زۆر بەناوبانگ بوون.

٢١. ناپاکی یەک چاو: مەبەست مالاتێستینۆیە کە بە یەکچاوی لە دایک بووبوو، واتە بە زگماک چاوێکی کوێربوو. زۆر بە ستەمکاری لە ماوەی (١٣١٢-١٣١٧) فەرمانڕەوایی ڕیمینی کرد.

٢٢. شاری ڕیمینی.

٢٣. فۆکارا Focara: جێگەیەکە دەکەوێتە نێوان (کاتۆلیا) و (فانۆ). لەسەر کەناری ئەدریاتیکە. هەمیشە ڕەشەبایەکی توندی لە دەرەوە بەسەردا هەڵدەکا، بایەکی وایە هەموو کەشتیوانەکان دەخاتە حەلوەلا و پاڕانەوە.

٢٤. کوریۆ Curio: گوتاربێژێکی بەناوبانگی ڕۆمانی بوو، بە فەرمانی پۆمپی (پۆمپیوس) لە شاری ڕۆما شاربەدەر کرا و بۆ تۆڵەسەندنەوە چووە لای یولیوس قەیسەر و قەناعەتی پێ هێنا بۆ داگیرکردنی ڕۆما لە ڕووباری (ڕوبیکۆنی)ی نزیک ڕیمینی بپەڕێتەوە. ڕوبیکونی ڕووبارێکە لە باکووری سەرەوەی نیمچەدوورگەی ئیتالیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا. لە ڕۆمانیای کۆندا وا ڕۆیشتبوو هیچ سەرکردەی ڕۆمانی هەقی نەبوو بە چەکەوە لەم ڕووبارە بپەڕێتەوە. یولیوس قەیسەر بۆ یەکەم جار ئەم دەستوورەی شکاند. ئەوەبوو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی دوژمن و بۆ داگیرکردنی ڕۆما، بە سەربازەوە لە ڕووباری (ڕوبیکۆنی) پەڕییەوە و هێرشی کردە سەر ڕۆما. لەوە بەدواوە ئەم کردەوەیە (پەڕینەوە لە ڕوبیکونی) بووبوو بە پەند. ئەم پەڕینەوەیەی قراڵ لە ڕوبیکونی سەرەتای شەڕێکی درێژخایەنی ناوەخۆ بوو.

٢٥. مۆسکا دی لامدێرتی Mosca dei Lamderti: پاڵەوان و خانەدان و پیاوێکی دیار و ناوداری فلۆرەنسا بوو. دانتی دەیەویست ببینێ، لە سرووودی شەشەمی دۆزەخدا ئەحواڵی ئەمەی لە چیاکۆ پرسی و بڕوای نەکرد لە دۆزەخ بێ. ئەمە بە هۆی ئامۆژگاریی خراپ کەوتبووە ناو دۆزەخ.

٢٦. (بوۆن دامۆنتی) یەکێ بوو لە خانەدانەکانی فلۆرەنسا، کچێکی لە بنەماڵەی (ئامیدی) بە دەزگیران کرد، بەڵام دوای ماوەیەک بۆ خاتری کچێکی تری بنەماڵەی

(دوناتی) وازی له دەزگیرانەکەی هێنا. بەم جۆرە زەبرێکی گەورەی لەو کچە دا. بنەماڵەی (ئامیدی) کۆبوونەوە و لە ناوەخۆیانەوە تەگبیریان کرد بەرامبەر بەم سووکایەتییە چ بکەن؟ ئاخیری بڕیاریان دا (بوۆن دی مۆنتی) بکوژن. ئەوە بوو بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد و لە بەردەم پەیکەری مارسدا لە فلۆرەنسا کوشتیان. ئەم کوشتنە کە لە ڕۆژی جەژنی پاکی ۱۲۱۵دا بوو، سەرەتای شەڕی خوێناویی سەد ساڵەی نێوان گەلفەکان و گیبیللینییەکانی فلۆرەنسا بوو. (مۆسکا) یەکێ بوو لە بەشدارانی کوڕەکە و بیروباوەڕی زۆر توند بوو. لێیان پرسی بۆچی دژی ئەم بڕیارە نەوەستا؟ لە وەڵامدا ئەم ڕستەیەی گوت کە بوو بە پەند:

'Cosa fatta capo ha!'

واتە: 'ئەوەی بووە، ئەو باشە!'

٢٧. واتە: دابەشبوونی فلۆرەنسا بۆ گەلف و گیبیللینی و ئەو کارەسات و نەهامەتییەی بەدوادا هات..

٢٨. بێرترام دال بۆرنیۆ Bertram dal Bernio (1140-1215) یەکێ بوو لە خانەدانەکانی فرەنسا. ساڵی ١١٨٢ چووە هەرێمی نۆرماندی. بە کەڵەکبازی خۆی کوڕی هێنریی دووەمی پاشای ئینگلتەرەی تیخ تیخە دا و لە دژی باوکی خۆی ڕاستی کردەوە. باوک و کوڕی تێک بەردا. بێرترام دال بۆرنیۆ هێشتا نەمردبوو، باسی ئەم فتنەکردنەی بە هەموو جێگەیەکدا بڵاوبووەوە. لە ئاخیروئۆخری تەمەنیدا، کشایەوە ناو دێری (سیتۆ) و تا مرد لەوێ مایەوە. ئەم دیمەنەی بێرترام کە سەری بووەتە فانۆس و تاریکیی بۆ ڕووناک دەکاتەوە، یەکێکە لە دیمەنە سەرنجکێشەکانی دۆزەخ.

٢٩.چیرۆکی ئاکیتۆفیلی Achitofele (ئاخیتۆفل) و (ئابسالۆنی Absalone) کوڕی داود لە تەوراتدا هاتووە. ئاخیتۆفل ئابسالۆنی هان دا لە داودی باوکی هەڵبگەڕێتەوە، بەڵام بەزی و کوژرا.

****

# سروودی بیستونۆیەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی دەیەم: ساختەچییان

## تاقمی یەکەم: کیمیاگەران.

دانتی بۆ جەفاکێشەکانی سروودی پێشوو چاوی پڕ فرمێسک بوو. بۆیان گریا. ڤیرجیلیۆ دڵی دایەوە و هانی دا بڕۆن، چونکە ڕێیان زۆر لە پێش ماوە و زۆر شت ماوە بیانبینن. دانتی ڕۆحی جیری دیل بێللۆی خزمی خۆی دیبوو، بۆیە دەگریا. دانتی بۆیە سکی پێ دەسووتا، چونکە کاتی خۆی کوژرا، بێ ئەوەی کەس تۆڵەی بکاتەوە. شاعیرەکان کەوتنە ڕێ. دانتی گوێی لە هاتوهاوارێکی تیژ بوو. بە هەردوو دەست گوێیەکانی قەپات کرد. ئەو جەفاکێشانە بە کیمیا و جادوو ساختەیان لە کانزا دەکرد. دانتی بە زۆر شێوەی جیاجیا بینینی: یەکێ لەسەر سک ڕاکشابوو، یەکێ لەسەر چوارپەل دەخشی. لە سزای فێڵ و ساختەدا، tووشی گەڕی و گولی و گۆجی هاتبوون. دوو ڕۆحی بینی پاڵیان پێکەوە دابوو و زۆر بە توندی پفکە و برینی یەکتریان دەڕنییەوە. ڤیرجیلیۆ قسەی لەگەڵ کردن و لە یەکێکی پرسی داخۆ کەسی لاتینی لەوێیە؟ ددانیان پێدا نا کە خۆیان لاتینین. ڤیرجیلیۆ پێی گوتن مرۆڤێکی زیندووی هێناوە بۆ ئەوەی بەناو دۆڵەکانی دۆزەخدا بیگێڕێ و ئازار و ئەشکەنجەی دۆزەخی پیشان بدا. دانتی پرسیاری لێکردن کێن؟ یەکێ گریفۆ لینۆ داریتزۆو ئەوەی تر کاپوکیۆ دا سییێنا بوو. دانتی ئەو هەڵەی قۆستەوە و بە گاڵتە باسی گەلی سییێنای کرد کە بە فیز و دەستبڵاوی ناودارن.



ئەو ئاپۆرە گەورە و ئەو برینە زۆرە[٢]
بە جۆرێ چاویان مەست کردم
بێ دەستی خۆم کوڵی گریانم هات[٣] (٣)
(ڤیرجیلیۆ) پێی گوتم: (تەماشای چ دەکەی؟
بۆچی چاوت لەو خوارە،
لەو شێواوە قورپەسەرانە بڕیوە؟ (٦)
لە دۆڵەکانی دی وات نەدەکرد.
ئەگەر دەتەوێ بیانژمێری، بزانە
ئەم دۆڵە بیستودوو گەڕە. (٩)
ئێستا مانگ لەژێرەوەمانە
ماوەیەکی کەممان لە بەردەمدا ماوە
شتی تر ماوە بیانبینی، نەتدیون.) (١٢)
دەستبەجێ وەڵامم دایەوە: (ئەگەر تۆ
هۆی تەماشاکردنی من بزانی،
دەرفەتم دەدەی نەختێ دوابکەوم.). (١٥)
ڕابەرەکەم ڕۆیشت و من شوێنی کەوتم،
وەڵامم دایەوە و بە زیادەوە گوتم:
(وا بزانم ئەم دۆڵە، (١٨)
کە بە وردی چاوم تێ بڕیوە،
ڕۆحێکی لە خوێنی خۆم تێدایە بۆ گوناهێک دەگری،
لەم قووڵاییەدا، بە نرخێکی زۆر دەوەستێ!) (٢١)
مامۆستام گوتی: ( چیدی بیری خۆت بەمەوە خەریک مەکە:
واز لەوە بێنە و بیر لە شتی تر بکەوە! (٢٥)
من ئەمەم لە داوێنی پردە بچووکەکە بینی
پەنجەی لە تۆ ڕادەوەشاند و هەڕەشەی لێ دەکردی.
گوێم لێ بوو پێیان دەگوت: (جیری دێل بێللۆ)[٤] (٢٧)
تۆ ئەو حەلە نوقمی تەماشای
فەرمانڕەوای جارانی (ئالتافۆرتی)[٥] بووی،

ئاگات لەو نەبوو! بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت.)
پێم گوت: (ئەی ڕابەرەکەم، ئەمە مەرگی خوێناویی خۆی
کە هێشتا، لە لایەن هیچ یەکێ لە خوێنگرەکانییەوە،
تۆڵەی نەکراوەتەوە،
قینی جۆشاندووە، بۆیە
بێ ئەوەی قسەم لەگەڵ بکا، ڕۆیشت.
بەمەوە زیاتر، بەزەییم پێدا دێتەوە.)
بەم جۆرە، بە قسەکردن گەیشتینە
یەکەم گوپیتکی شاخەکە و لەوێوە
ئەگەر ڕووناکتر بوایە دەمانتوانی ناو دۆڵەکە ببینین!
کە گەیشتینە لای دێری[٦] کۆتایی مالیبۆلچی و
هەموو دێرنشینەکانمان
لە بەرچاو دەرکەوت!
هاوارێکی عاجباتی دابیژتم
هەمووی تیربوو و بە پۆلای بەزەیی جۆش[٧] درابوو،
گوێیەکانی خۆم بە دەستەکانم قەپات کرد.
ئەو دەرد و ئازارەی لەوێ دیم، ئەگەر سەراپای
نەخۆشخانەکانی[٨] (ڤالدیکیانا)[٩] و (ماریمما)[١٠] و (ساردینیا)[١١]
نەخۆشییەکانی تەمموز و ئەیلوولی خۆیان بخەنە سەر یەک و
لەناو یەک دۆڵ کۆیانبکەنەوە
بەحاڵ دەگاتە ئازاری جەفاکێشەکانی ناو ئەم دۆڵە
کە بۆنێکی گەنیوی وەک جەستەی ڕزیوی لێ دەهات.
لەسەر دوا لێواری شاخە بەرزەکە دابەزینە خوارێ
هەمیشە بە لای دەستەچەپدا دەچووین.
چاوی خۆم تیژ کرد و بە وردی ڕوانیم
بۆ ئەوەی بنی ئەو دۆڵە ببینم
کە دادی تیژی (فەرمانڕەوای باڵا)
ساختەکارە تۆمارکراوەکانی تێدا سزا دەدا.

باوەڕ ناکەم ئەوە پیس و ترسناکتر بێ
کە لە (ئیجینا)[١٢] خڕ خەڵکەکە نەخۆشکەوتن و
هەواکەی هەموو گەنی و پڕ پەتابوو. (٦٠)
هەموو گیاندارەکان تا بچووکترین کرم
لەناوچوون، پاشان -وەک شاعیران جەختی دەکەنەوە-[١٣]
خەڵکە دێرینەکە (٦٣)
لە توخمی مێروو زیندووبوونەوە،[١٤]
ئێستا لەم دۆڵە تاریکەدا دەبینم
ئەو ڕۆحانە بە قوپەنی جیاجیا سزادەدرێن! (٦٦)
هەیە لەسەر زگ ڕاکشاوە. هەیە سواری کۆڵی
یەکێکی تر بووە. هەیە لەسەر چوارپەل
بە چنگەڕنێ بە ڕێی سەخت و عاسێدا دەڕوا. (٦٩)
بە بێورتە، هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆیشتین،
تەماشای نەساخەکانمان دەکرد و گوێمان دەدانێ،
نەیاندەتوانی خۆیان قیت بکەنەوە. (٧٢)
دوانم دی پاڵیان بەیەکەوە دابوو،
وەک چۆن خشت بۆ سوورکردنەوە دەدەنە پاڵ خشت.
لەشیان، لە تەوقی سەر تا بنی پێ، کەمڕەی گولی بوو! (٧٥)
هەرگیز نەمدیوە مەیتەرێ خەریکی ڕنە و قەشاویش بێ و
ئاغاکەی بە پەرۆشەوە چاوەڕێی بکا،
یان یەکێ خەوی لێ هەرمابێ و کەوتبێتە مەراق (٧٨)
وەک ئەم دوانە بێ کە ڕنۆکیان لە لەشی خۆیان دەدا و
زۆر بە تووڕەیی،
بە بێهوودەیی خۆیان دەخوراند. (٨١)
بە ڕنۆک کەمڕەو تۆشکەیان لە لەشی خۆیان دەکردەوە[١٥]
وەک چۆن، بە چەقۆ، پوولەکە لە ماسی کارپ
یان هەر ماسییەکی پوولەکە زل، دەڕننەوە! (٨٤)
ڕابەرەکەم هەڵیدایێ و بە یەکێکیانی گوت:

(تو کە خۆت بە نینۆک دەڕنیتەوە و
چڕنۆکت کردووە بە گاز، (٨٧)
پێمان بڵێ: ئایا ئەوانەی لەگەڵ تۆدان
هیچ کەسی لاتینییان تێدا نییە؟
یا خوا چڕنۆکت هەتاهەتایە لە کار بوەستێ!) (٩٠)
یەکێکیان بە گریان وەڵامی دایەوە:
(کە دەمانبینی ئاوها بۆنمان کەوتوەتێ،
هەردووکمان لاتینین[١٦]. ئەی تۆ کێیت؟ ئەم پرسیارە دەکەی.) (٩٣)
ڕابەرەکەم پێی گوت: (من کەسێکم
لەم شاخەوە بۆ ئەو شاخ، لەگەڵ ئەم زیندووەدا ژێردا دەچم
هێناومە دۆزەخی پێشان بدەم.) (٩٦)
دوو کەسەکە لە پاڵ یەک داترازان
هەردووکیان بە لەرزەلەرز ئاوڕیان لە من دایەوە،
هەروەها ئەوانەش کە گوێیان لە قسەکانم بوو! (٩٩)
مامۆستای خاسم لێم نزیککەوتەوە و گوتی:
(چیت هەیە پێیان بڵێ!)
منیش وەک ئەو دەیەویست، دەستم پێکرد: (١٠٢)
یاخوا یادتان لە دونیای یەکەمدا،[١٧]
قەت لەبیری خەڵک نەچێتەوە،[١٨]
لەژێر چەندین خۆردا هەر بە زیندوویی بمێنێ... (١٠٥)
پێم بڵێن: ئێوە کێن و خەڵکی چ شارێکن؟
ئەگەر ئازاری سەخت و بەسۆتان
ڕێتان لێ نەگرێ، دڵی خۆتانم بۆ بکەنەوە! (١٠٨)
یەکێکیان[١٩] وەڵامی دایەوە: (من خەڵکی (ئاریتسۆ)م.
(ئالبێرۆ دا سیێنا) فڕێی دامە نێو ئاگر،
بەڵام لەبەر شتێکی ترە، تۆ لێرە دەمبینی! (١١١)
ڕاستە، کاتی خۆی بە گاڵتە پێم گوت:
(دەتوانم بە ئاسماندا بفڕم.

ئەویش مەراقێکی زۆر و ئەقڵێکی کەمی هەبوو،
داوای کرد ئەم هونەرەی فێر بکەم و
لەبەر ئەوەی نەمکرد بە (دیدالۆ)یەکی[20] تر
بەو کەسە سووتاندمی کە وەک کوڕی خۆی خۆشی دەویست،
بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر دونیا (ئەلکیمی)م بەکارهێنا
(مینۆس) کە بە هەڵەدا ناچێ،
فڕێی دامە ناو دۆڵی دەیەم)
بە شاعیرەکەم گوت: (ئایا قەت
کەس هەبووە وەکو (سیێنا)ییەکان[21] کاڵفام،
کە فڕەنسیش لەم ڕووەوە خۆیان لەقەرە نادەن؟!)
گرووەکەی دی،[22] کە گوێی لە من بوو،
وەڵامی دایەوە: (ستریککا)ی[23] لێ ببە دەرەوە،
کە لە مەسرەفکردندا میانەڕۆ بوو.
هەروەها (نیککۆلۆ)یش[24] کە بۆ یەکەم جار
بەکارهێنانی مێخەکی[25] بەهاداری دۆزییەوە،
لەو باخچەیەی[26] ئەم تۆوەی تێدا چەکەرە دەکا.
ئەوانەیشی لێ دەرکە، وەک (کاچیا داشیان)[27]
کە ڕەز و باخە گەورەکەی خۆی فەوتاند.
(ئابالیاتۆ)[28] هەموو ئەقڵ و خۆشیی خۆی خستە کار.[29]
بۆ ئەوەی بزانی کێیە ئاوها پشتت دەگرێ
لە دژی (سیێنا)ییەکان، چاوت تیژ بکە و ورد بڕوانە
بۆ ئەوەی وەڵامی دروست لە ڕوخساری مندا ببینی!
دەبینی من ڕۆحی (کاپۆککیۆ)م[30]
کە بە (ئەلکیمی)، کانەکانم قەڵب دەکرد،
ئەگەر تەواو تۆم ناسیبێ، دەبێ بە بیرت بێ
چۆن من بە سروشت مەیموونێکی تەواو بووم.[31]

## پەراوێزەکانی سروودی بیستونۆیەم

١. ئەمە تەواوکەری سروودی پێشووە، سروودی ساختەکارانە.

٢. دانتی لێرەدا بە وردی کەمەی ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخی دیاری کردووە. جێی سەرنجە: هەندێ توێژەرەوەی کۆمیدیا لەسەر ئەم قسەیەی دانتی کەوتوونەتە لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی هەموو ڕووبەری دۆزەخی دانتی بدۆزنەوە.

٣. دانتی لە هیچ ئەڵقەیەکی تردا ئاوها پەست و خەمبار نەبوو.

٤. جیری دێل بێللۆ Geri del Bello: پسمامی ئالیگیریۆی باوکی دانتی بوو، ناکۆکیی لەگەڵ بنەماڵەی ساککیتتی Saccettiی فلۆرەنسا هەبوو. لە کۆتایی سەدەی سێزەمدا پیاوێکی لە بنەماڵەی ساککیتتی کوشت، پاش ماوەیەک کوشتیانەوە و خوێنی خۆیان کردەوە.

ئیتالییەکان ڕەوشتی (ڤێندێتا Vendetta) واتە (خوێنکردنەوە)یان هەبوو: بەپێی ئەم ڕەوشتە ئەگەر بنەماڵەیەک یەکێکیان لێ بکوژرایە، دەبوایە بە هەر نرخێ بێ بکوژەکە بکوژنەوە. ئەو کاتەی دانتی چووە دۆزەخ، ئەم تۆڵەیە هێژ نەکرابووەوە.

٥. ئالتا فێرتی Alfa Ferti: واتە قەڵای بەرز. قەڵاکە خۆی ناوی (هۆتفۆرد) بوو، کۆشکێکی بێرترام دال بۆرن بوو. لێرەدا مەبەست لە قەڵاکە خاوەنەکەیەتی.

٦. ئەم بەشەی دۆزەخ وەکو دێر و دۆزەخییەکانیشی وەکو ڕەبەن و برایانی ئایینی دانراون، لەوانەیشە دانتی ئەم دێرەی بە هەموو ڕەبەنەکانەوە بردبێتە ناو دۆزەخ.

٧. جۆشدراو بە پۆڵای بەزەیی: دەستەواژەیەکی جوانە، بەڵام زۆر باو نییە. بە هۆی بەکارهێنانی دانتییەوە زیاتر برەوی سەندووە.

٨. لە سەردەمی دانتیدا نەخۆشخانە لە ئارتیزۆ و کورتونا و کیوزی هەبوو بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی ئەو ناوچانە.

٩. ڤال دی چیانا Val di Chiana: دۆڵێکە لە توسکانا دەکەوێتە نێوان ئارتیزۆ و مۆنتی پۆلچیانۆ، نزیک فلۆرەنسا. لە سەردەمی دانتیدا مەلاریا لە توسکانا و ساردینیا هەبوو، تا بەم دواییەش مەلاریایان هەر هەبوو.

١٠. مارێمما Maremma: ناوچەیەکی بە مەلاریایە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئیتالیا.

١١. ساردینیا Sardigna: دوورگەیەکی ناسراوی ئیتالییە دەکەوێتە نێوان سەقلیە و کۆرزس. ئاووهەوایەکی ناخۆشی هەیە و مەلاریای تێدایە.

١٢. ئایجینا Aegina: لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە:

ڕۆژێ، خودانی خودانان ئەشقی ئایجینای پەریی جوانی دوورگەی ئایجینا بوو. ئایجینا بەدەمیەوە چوو. (هیرا)ی ژنی خودانی خودانان ڕقی هەستا و نەخۆشیی چاوقوڵکە (تاعوون)ی لەو دوورگەیە بڵاوکردەوە و هەموو مرۆڤ و گیاندارەکانی ئەو دوورگەیە لەناوچوون، تەنیا (ئاياكوس Aeacus) و میروو له دوورگەکە مانەوە. ئاياكوس کوڕی پەرییەکە بوو، ئەو کوڕەی لە خودانی خودانان بووبوو. ئاياكوس داوای لە باوکی کرد دوورگەکە دووبارە ئاوەدان بکاتەوە، ئەویش بۆ ئاوەدانکردنەوەی دوورگەکە، بڕیاری دا هەر مێروویەکی ئاياكوس پێی لێ بنێ ببێ بە مرۆڤ. بەم جۆرە خەڵکی ئەم دوورگەیەیان ناونا (میرمیدۆن Myrmidon) کە لە وشەی (مورمۆس: مێروو)ی یۆنانی وەرگیراوە.

١٣. وەکو (ئۆدایۆس)

١٤. جوپیتەر خەڵکی ئایجینای لە مێروو دروستکرد، دوای ئەوە هەموویان بە چاوقوڵکە لەناوچوون، وەک لە ئەفسانەدا هاتووە.

١٥. ئەمانە یەکەم تاقمن لە ساختەکارەکان کە ئیشیان کیمیاگەری بوو. کانەکانیان دەستکاری دەکرد. ئەمانە لە دۆزەخ تووشی گوڕی و گولی و شەپڵە هاتوون، چونکە گوڕی و گولی وەکو شکڵی ئەو کانانەن کە ساختەیان تێدا کردوون و شەپڵەیش پەلوپۆ لە بزووتن و کارکردن دەخا.

١٦. لاتینی: لێرە و لە زۆر جێگەی کۆمیدیادا، مەبەست ئیتالیایە.

١٧. مەبەست لە دونیای یەکەم، دونیای ژیانی سەر ڕووی زەوییە.

١٨. یانی چەند ساڵێکی زۆر.

١٩. ئەوەی لێرەدا قسە دەکا ڕۆحی پیاوێکە بە ناوی گریفۆلینۆ داریتزۆ (Griffolino d´Arezzo). گریفۆلینۆ خەڵکی شاری (ئاریتزۆ) بوو. پارەی لە ئالبێرتۆ داسیێنا Aberto da sienna وەرگرت و بەڵێنی پێ دا فێری فڕینی بکا. ماوەیەک خەریکی کردو پارەی لێ بەردایەوە. ئاخیری ئالبێرتۆ زانیی گریفۆلینۆ قۆڵی بڕیوە، لای مامی شکاتی لێکرد، مامی ئوسکوفی سیێنا بوو، ئەویش بە تاوانی جادووگەری گریفۆلینۆی تاوانبار کرد و لە کۆتایی سەدەی سێزدەمدا سووتاندی، بەڵام ڕۆحەکە لێرەدا دەڵێ،گوایە نەک بە هۆی جادووگەری، بەڵکو بە هۆی سیمیاگەرییەوە کەوتووەتە دۆزەخ.

٢٠. دیدالۆ Didalo.

٢١. خەڵکی سیێنا بە حەزکردن لە خۆدەرخستن و بڕوا بەخۆبوون و فیز و لووتبەرزی ناسرابوون.

٢٢. ئەمە ڕۆحی کاپوکیۆ دا سینایە.

٢٣.ستریکا دی جیۆڤانی دی سالیمبینی کاتی خۆی لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەمدا شارداری بۆلۆنیا بوو، بە دەستبڵاوی ناسرابوو.

٢٤. نیکۆلۆ دی سالیمبینی: برای ستریکا بوو، ئەویش وەکو برای بە دەستبڵاوی ناسرابوو.

٢٥. دەوڵەمەند و پارەدارە خورتەکان مێخەکیان لە خواردن دەکرد بۆ ئەوەی تام و بۆی خۆشک ببێ.

٢٦. مەبەست لە (باخچە) شاری سیێنایە.

٢٧. ئەمە ڕۆحی کاچیا داشیانۆیە. خاوەنی باخ و ڕەز بوو لە سیێنا. هەمیشە خەریکی ڕابواردن بوو. هەرچی هەیبوو هەمووی لە برادەران سەرف کرد.

٢٨. ئەمە ڕۆحی بارتۆلۆمیۆ دی فۆلکاکیرییە. نازناوی ئابالیاتۆ بوو. لە سیێنا ڕاوێژکاری کۆمۆنە بوو. لە کۆتایی سەدەی سێزدەمدا هەندێ پلەوپایەی لە توسکانا وەرگرت.

٢٩. ئەو کەسانەی لە سێ بەندەکەی پێشەوە ناویان هاتووە، گەورەترین و ناسراوترین دەستبڵاو بوون لە مێژووی ئیتالیادا. دانتی ئەمانەی لەناو دۆزەخ دانەناوە، تەنیا ناوی هێناون بۆ ئەوەی گاڵتە بە سیێنا و لووتبەرزیی خەڵکەکەی بکا. ئەم چەند کەسە ئەندامی تاقمێکی دوازدە نەفەری بوون لە خانەدانەکانی شاری سیێنا، ناویان لە خۆیان نابوو (دەستەی دەستبڵاو Bngata spenedereccia). بارەگاکەیان لە کۆشکێکی گەورەدا بوو بە ناوی (Consuma) کە ئێستایش پاشماوەکەی لە شەقامی گاریباڵدی شاری سیێنا ماوە. دەوڵەتی ئیتالیا تابلۆیەکی لەسەر دەرگای ئەم کۆشکە هەڵواسیوە، لێی نووسراوە ئەم چەند نەفەرە لە ماوەی بیست مانگدا، دووسەد هەزار (فیۆرنیۆ)ی زێڕیان لەناو ئەم کۆشکە خەرج کردووە کە دەکاتە ٤,٣٧٤,٩٠٠ لیرەی ئیتالی پێش جەنگ، واتە نزیکەی سەد ملیۆن لیرەی ئەمڕۆ.

ئەو کەسانەی دانتی ناوی بردوون ئەمانەن: ستریککا، نیکۆلۆ، کارچیا داشینا، ئابالیاتۆ.

٣٠. کاپۆککیۆ دا سیێنا Capocchio da siena: یەکێ بوو لە برادەرە فلۆرەنساییەکانی دانتی، برادەری سەردەمی خوێندنی بوو. لە ئابی ١٢٩٣دا بە تاوانی سیحر و کیمیاگەری سووتاندیان.

٣١. واتە وەکو مەیموون لاسایی ئەو شتانەم دەکردەوە کە سروشت دروستی کردبوون.

***

# سروودی سییەم[1]

## ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ

## فێڵبازان

## دەستەی دەیەم: ساختەچییان

## تاقمی دووەم و سێیەم و چوارەم

## پارەدارێژ و بگۆڕی قسە

دانتی باسی هەندێ دیمەنی توندوتیژی کرد لە ئەفسانەی یۆنانیدا. گوتی ئەو دیمەنانە ناگەنە ئەو توندوتیژییەی لەم دۆڵە ترسناکەدا بینی. دانتی دوو ڕۆحی بینی ڕووتوقووت بوون، وەکو بەرازی برسی هەموو شتێکی دەوروبەری خۆیان هەڵدەلووشی. یەکێکیان ڕۆحی میرڕای سۆزانی بوو کە ئەشقی باوکی خۆی بوو. خۆی خستە سەر شکڵی ژنێکی تر و چوو لەگەڵ باوکی نووست. ڕۆحەکەی تر جیانی سکیککی بوو. هاونیشتمانییەکی فلۆرەنسی بوو. خۆی خستە سەر شکڵی بووزۆ دوناتی و وەسیەتێکی بۆ بەرژەوەندیی سیمۆن دوناتی و بەرژەوەندیی خۆی نووسی و بەمەوە مایێنێکی بردەوە پێیاندەگوت شاژنی ڕەوە. دانتی جەفاکێشێکی بینی تووشی ئاوبەندی هاتبوو. ورگی ئاوسابوو. وەک تادار گازاندەی لە تینوێتی دەکرد. ئەمە ئادامۆ دا بریشیا بوو کە ساختەی لە پارەی زێڕی فلۆرەنسی کردبوو. یادی زوورگە سەوزەکانی کازینتینۆ و ڕووبارەکانی دەکردەوە و زیاتر تینوو

دەبوو. دانتی ژنی فوتیفاری میسری بینی کە بوختانی بە یوسف کرد. سینونی دڕۆزنی خاوەنی فێڵی ئەسپەدارینەی تەڕوادەی بینی. دانتی گوێی لە دەمەقاڵەی نێوان سینون و ئادامۆ گرت. ڤیرجیلیۆ خۆی لێ توورە کرد کە زۆر وەستاوە. دانتی شەرمی لە خۆی کردەوە. ویستی تەوازۆ بۆ مامۆستای بێنێتەوە، بەڵام قسەی پێ نەکرا. بێدەگییەکەی باشترین تەوازۆ بوو. ڤیرجیلیۆ دڵی دایەوە و هێوری کردەوە.



کاتێ (یونۆنی)،[2] لەبەر (سیمیلێ)
لە خانەدانەکانی (تیبی) لە ڕک ڕاچوو[3]
وەک چۆن زیاد لە جارێ ئەمەی دەربڕی بوو.
وای کرد (ئاتامانتی)[4] شێت و هار بوو
کە چاوی بە ژنەکەی کەوت
هەردوو کوڕەکەی بە دەستەوە بوو.
هاواری کرد: (با تۆڕمان دابنێینەوە
بۆ ئەوەی لە ڕێگە دەڵەشێر و بەچکەکانی بگرین)
ئەوسا بە بێبەزەیی چڕنووکی کردەوە.
یەکێ لە کوڕەکانی گرت کە ناوی (لیارکۆ)[5] بوو،
سووڕاندی و بە بەردێکی دادا و پلیشاندییەوە
ژنەکەیشی لەگەڵ کوڕەکەی دی خۆی خنکاند.[6]
هەر بەم جۆرە، کە بەخت لووتی (تەڕوادە)ییەکانی شکاند،
کە یارایی هەموو شتێکیان هەبوو و
وڵاتەکەی ژێردەستە کرد و تەختی پاشاکەی وەرگێڕا،
(ئیکوبا)[7]ی سەرشین و یەخسیر
کاتێ (پۆلیسینا)[8]ی کچی مرد و
جەستەی (پۆلیدۆرۆ)ی[9] کوڕی
لەسەر کەناری دەریا بینی،
ئەو داماوە، ڕۆحی ئەوەندە ئازاری خوارد
وەکو دێڵەسەگ شێتانە دەستی بە لوورەلوور کرد.
نە ڕقی (تیبی) و نە ڕقی (تەڕوادە)
هەرگیز وا سەخت و بێبەزەیی نەبووە
لە ئەشکەنجەدانی گیاندار و جەستەی بنیادەم
وەک من لە دوو ڕۆحی ڕووت و ڕەنگپەڕیوم[10] دی
ڕاپاندەکرد و وەک بەرازێ
لە گەوڕ بێتە، قەپیان دەگرت.
یەکێکیان بۆ (کاپۆکیو)[11] هات و توند

چڕنووکی له گریی گەرووی گیرکرد و ڕایکێشا،
زەویی بە ورگی دادڕی! (۳۰)
ئەو (ئاریتین)ە[12] هەموو گیانی دەلەرزی، پێی گوتم:
(ئەو شێتەی دەیبینی (جیانی سکیککی)یە[13]
ئەرکی ئەوەیە بەم دڕندەییە خەڵک ئازار دەدا.) (۳۳)
پێم گوت: (هیوادارم شەیتانەکەی دی نەتوانێ
قەپت لێ بگرێ! تکایە بەر لەوەی بڕوا و بزر ببێ،
پێم بڵێ: ناوی چییە؟) (۳٦)
وەڵامی دایەوە: (ئەمە ڕۆحی دێرینی
(میرڕا)ی[14] بەدڕەوشتە،
کە بە ناڕەوایی ئەشقی باوکی خۆی بوو. (۳۹)
ویستی زینا لەگەڵ باوکی بکا،
خۆی لە شکڵ و بەرگی ئافرەتێکی دی شاردەوە،
وەک ئەوەی کرد ئەوەتا لەو خوارە ڕادەکا! (٤۲)
ئەویش بۆ ئەوەی دەستی بە شاژنی ڕەوە[15] ڕابگا،
خۆی خستە سەر شکڵی (بوۆزۆ دۆناتی) و
بە شێوەی یاسایی وەسیەتی کرد.) (٤٥)
کاتێ ئەم دوو ڕۆحە تووڕەیە ڕۆیشتن،
کە چاوم تێ بڕیبوون، ئاوڕم دایەوە
بۆ ئەوەی هەموو بەدزادەکانی دی ببینم. (٤۸)
یەکێکم بینی لەسەر شکڵی چەنگ بوو[16]
بە مەرجێ لە مووسڵدان بەرەو ژێر بڕابێتەوە۱۷
کە جەستە دەبێ بە دوو شاخە! (٥۱)
ئاوبەندیی قورس[18] کە میزاجی گەنی
هەماهەنگیی نێو ئەندامەکانی لەش تێکدەدا و
دەموچاو لەگەڵ ورگ ڕێک ناڕوا، (٥٤)
وای کردبوو، لێوەکانی کرابوونەوە
وەکو یەکێ (تا)ی دەردەباریکەی لێ بێ و لە تینوان

لچی بۆ چەناگە و لێوی سەرەوەی بۆ لووتی هەڵبکشێ.
پێی گوتین: (ئێوە، کە لەم ماتەمسەرایەدا
بێ هیچ ئەشکەنجەیەکن، نازانم بۆچی
وەستاون، بە وردی سەیری
کلۆلیی وەستا (ئادەمۆ)[١٩] ناکەن؟!
من تا زیندوو بووم هەرچی بمویستایە لە بڕانبوو،
کەچی لێرە بۆ دڵۆپە ئاوێک دەنووزێمەوە!
ئەو جۆگایانەی لە زوورگە سەوزەکانی (کازێنتین)[٢٠]
بەرەو (ئارنۆ) شۆڕدەبنەوە و
کەنارەکانیان تەڕ و فێنک دەکەنەوە،
هەمیشە لەبەر چاومن.[٢١]
دیمەنی ئەمانە، لەو نەخۆشییەی
گۆشت لە دەموچاوەوە دەپچڕێنێتەوە، وشکتری کردووم.
ئەو دادپەروەرییە توندەی بە شوێنمەوەیە
ئەو شوێنەم لە دژ دەخاتە کار کە گوناهم تێدا کردووە
بۆ ئەوەی زیاتر ئاخم پێ هەڵبکێشێ!
(ڕۆمینا)[٢٢] لەو شوێنەیە و من لەوێ پارەی قەڵپم داڕشت
کە وێنەی ئاوەمۆرکاری بەسەرەوە بوو و
بەم تاوانە جەستەی خۆم بە سووتاندن دا.
ئەگەر لێرە ڕۆحی بەڵاکەشی (گیدۆ)،[٢٣]
یان (ئالیسساندرۆ) و یان براکەیانم بدیبایە
جارێکی دی ڕووم نەدەکردە کانیی (براندا).[٢٤]
یەکێکیان ئێستا لێرەیە.[٢٥] ئەگەر ئەو ڕۆحانەی
لێرە ڕادەکەن، ڕاست بکەن،
بەڵام چ سوود! من ئەندامەکانی لەشم بەسراوەتەوە.
ئەگەر تەنیا ئەوەندە لەشسووک بوومایە
بە سەد ساڵ، یەک گرێ ئەنگوست بچمە پێش
ئێستا ملی ڕێم دەگرت!

لەناو ئەم خەڵکە شێواوە بەدوایدا دەگەڕام
هەرچەند ئەم دۆڵە، چێوەی یازدە میل و
بەرینایی لانی کەم نیو میلە. (٨٧)
بەوای ئەوانە من کەوتوومەتە ناو ئەم دەستە غەمبارە
ئەوان دنەیان دام ئەو (فیۆرین)انە[٢٦] لە بۆتە بدەم
کە هەر یەکە سێ قیرات خلتی تێدابوو.) (٩٠)
گوتم: (ئەم بەدبەختانە کێن؟
لای ڕاستەی تۆ، لەسەر زەوی پاڵیان بە یەک داوە،
وەکو دەستی تەڕی زستان هەڵمیان لێ هەڵدەستێ. (٩٣)
لەوەتی من کەوتوومەتە ئێرە،
ئەوانەم لەناو ئەم دۆڵەدا دیوە، نەجووڵاونەتەوە،
باوەڕیش ناکەم هەتاهەتایە بجووڵێنەوە. (٩٦)
یەکێ ئەو ژنە مەکربازەیە کە بوختانی بە یووسف کرد[٢٧]
ئەوەی دی (سینۆن)ی درۆزنی یۆنانیی (تەڕوادە)یە
لەبەر (تا)ی گەرم ئەو هەڵمە پیسەیان لێ هەڵدەستێ.) (٩٩)
یەکێکیان، ڕەنگە تووڕە بێ،
کە ئاوها بە خراپە ناوی دێ،
مستێکی توندی لە ورگی وشکەڵاتووی ئەوەی تر دا (١٠٢)
وەک تەپڵ دەنگی دایەوە
وەستا (ئادەمۆ)یش بازوویەکی لە دەموچاوی ئەودا
لە مستی ئەو بەهێزترا! (١٠٥)
پێی گوت: (ئەندامە قورسەکانم
توانای جووڵانەوەیان نییە، بەڵام ئێستایش
بازووم بۆ کاری وا سووک و ئازادە.) (١٠٨)
ئەوەی تر وەڵامی دایەوە: (کاتی خۆی،
کە بۆ ئاگر دەچووی، بازووت ئاوا سووک نەبوو،
بەڵام کە دراوت لە بۆتەدا دادەڕشت، بازووت لەوەش بەهێزتربوو.) (١١١)
ئاوبەندەکە گوتی: (ئەمەت ڕاستە،

بەڵام کە لە (تەڕوادە) داوایان لێکردی،
ڕاستی بڵێی، شایەتێکی ڕاستگۆ نەبووی!) (١١٤)
(سینۆن)[٢٨] گوتی: (ئەگەر درۆم نەکردبێ،
تۆ دراوت ساختە کردووە! من بەوای یەک گوناە لێرەم،
کەچی تۆ تاوانت لە هی شەیتانێک زیاترە.) (١١٧)
ورگ هەڵدەفاکە[٢٩] وەڵامی دایەوە:
ئەی پەیمانشکێن، ئەسپەکەت لەبیر بێ!
دەردت ئەوە بێ هەموو کەس پێی بزانێ.) (١٢٠)
یۆنانییەکە وەڵامی دایەوە: ( تۆیش دەردت ئەوە بێ
تینوێتی زمانت شەقارشەقار بکا و
ئاوی گەنی ورگت بکاتە دیواری بەر چاو!) (١٢٣)
دراوسازەکە گوتی: (وەک ڕەوشی ئاسایی
نەخۆشییەکەت زارت دەکەتەلۆ بێنێ!)
ئەگەر من نەخۆشم و لەشم پڕ بەلغەمە، (١٢٦)
تۆ (تا) و ژانەسەرت لێیە
بۆ ئەوەی ئاوێنەی (نارجیسسۆ)[٣٠] بلێسیتەوە،
پێویست ناکا زۆرت لێ بپاڕێنەوە.) (١٢٩)
من بە هەموو گیانم گوێم لێ گرتبوون،
مامۆستاکەم پێی گوتم: (وریا بە!
خەریکە تەواو لێت تووڕە دەبم!) (١٣٢)
کە بیستم ئاوا بە تووڕەیی قسەی کرد
ئەوەندە بە شەرمەزاری گەڕامەوە لای،
ئێستایش لە مێشکم دەرنەچووە. (١٣٥)
وەک یەکێ خەونێکی ناخۆش ببینێ،
لەو خەونەدا حەز بکا ڕاست نەبێ و خەون بێ،
ئارەزوو بکا ئەوەی هەیە، نەبێ! (١٣٨)
منیش بەم جۆرە نەمتوانی چیدی قسە بکەم
حەزم کرد تەوازۆ بێنمەوە،

تەوازۆیشم هێنایەوە، بەڵام بڕوام نەدەکرد هێنابمەوە (١٤١)
مامۆستام پێی گوتم: (شەرمەزاریی لەمە کەمتر،
گوناهی لەوە گەورەتر دەشواتەوە.
خەفەت لە خۆت بار مەکە! (١٤٤)
لە بیرت بێ من هەمیشە لە تەکتام
ئەگەر بە ڕێکەوت کەوتیتە شوێنێ
خەڵک لە شەڕێکی ئاوهادا بوون، (١٤٧)
گوێدانە ئەم قسانە، کارێکی کرێت و پەستە!(١٤٨)

***

## پەراوێزەکانی سروودی سییەم

١. ئەم سروودە تەواوکەری سروودی پێشووە، سروودی ساختەکارانی کەس و پارە و قسەیە.

٢. یونۆنی: لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: یونۆنی (بە یۆنانی: هیرا) کچی ساتۆرن و ڕیا و خوشکی جوپیتەر و ژنی خودانی خودانان بوو. مێردەکەی خیانەتی لەگەڵ کرد، ئەشقی کچێکی جوانی دونیایی بوو و دەستی لەگەڵ تێکەڵ کرد (سروودی ١٩). کچەکە سیمیلێی کچی گادموسی پاشای تیبی بوو. باکۆ (بە لاتینی: باکوس-باخۆس)ی خودانی شەراب لەم ئەشق و پەیوەندییەوە پەیدا بوو. یونۆنی نەیتوانی ڕاستەوخۆ تۆڵە لە مێردەکەی بکاتەوە، چوو قینی خۆی بە کچەکە دارشت. (ئاتامانتی)ی مێردی خوشکی سیمیلێی شێت کرد. ئەویش لەبەر شێتاتیی خۆی، ژنەکەی و دوو منداڵەکەی بە دەڵەشێر و بەچکەشێر زانی و کەوتە ڕاوکردنیان و یەکێ لە کوڕەکانی خۆی کوشت کە ناوی لیارکۆ بوو. کە ژنەکەی ئەمەی بینی، دەستی کوڕەکەی تری گرت و خۆی بە ئاو دادا.

٣. یونۆنی لەبەر ئەو هەڵسوکەوتەی جوپیتەری مێردی ڕقی لە شاری تیبی دەبووەوە. ئەوە بوو، وای کرد (ئاجاکی)ی خوشکی سیمیلێی (بنتیوس)ی کوڕی بکوژێ و (ئینۆ)ی خوشکەکەی تریشی خۆی بکوژێ.

٤. ئاتامانتی Atamante (ئاتاماس): پاشای ئارکۆمنیۆس بوو لە دوورگەی بۆتیزیا. یونۆنی وای کرد دژی (ئینۆ)ی ژنی خۆی بجووڵێتەوە، ئەوە بوو ژنەکەی و هەردوو کوڕەکەی فەوتاند.

٥. لیبارکۆ (لیرکۆس): کوڕی ئاتامانتی (ئاتاماس) بوو. باوکی کوشتی.

٦. (ئینۆ)ی ژنی ئاتاماسی لەگەڵ کوڕەکەی تری (میلیچیرتیس) خۆی فڕێ دایە ناو ئاو.

٧. ئیکوبا Ecuba (بە یۆنانی: هیکوبا) ژنی پریامی پاشای تەڕوادە بوو. لە باسی شەڕی تەڕوادەدا هاتووە:

دوای ڕووخانی شاری تەڕوادە، یۆنانەکان ئەم شاژنەیان بە قەرەواشی بردە یۆنان. ئیکوبا، لە ڕێگەدا جەنازەی (پۆلیسینا) (پۆلیکسینا)ی دی و دوای کەمێ جەنازەی (پۆلیدۆرۆ)ی کوڕەکەیشی بینی. کچەکەیان لەسەر گۆڕی ئەخیل کردبوو بە قوربانی و کوڕەکەیشیان ئەو کاتە کوشتبوو کە دەیەویست گەنجینەی تەڕوادە لە تالان و چەپاوی دوژمنان بپارێزێ.

ئیکوبا کە زانیی کوڕ و کچەکەی کوژراون، لە هەژمەتان وەکو سەگ دەستی بە قرووسکە و لوورەلوور کرد. ئۆڤید لە (داگەڕان)دا بە دووروودرێژی باسی ئەم ڕووداوەی کردووە.

٨. پۆلیسینا (پۆلیکسینا): کچی پریام و هیکوبا بوو. دوای ڕووخانی تەڕوادە و بەدیل گیرانی هیکوبا، هیکوبا دیتی لەسەر گۆڕی ئەخیل کراوەتە قوربانی.

٩. پۆلیدۆرۆ: کوڕی پریام و هیکوبا بوو. لە بەرگریی گەنجینەی شار کوژرا. کە دایکی چاوی بە جەنازەکەی کەوت، بوورایەوە و لە هۆش خۆی چوو.

١٠. ئەم دوو ڕۆحە (جیانی سکیککی) و (میرڕا)ن.

١١. کاپۆکیۆ Capochio.

١٢. ئاریتینۆ Aretino: واتە خەڵکی (ئاریتزۆ): ئاریتزۆی. مەبەست گریففۆلینۆدا ئاریتیزۆیە (سروودی ٢٩).

١٣. جیانی سکیککی Cianni Schicchi: یەکێ بوو لە بنەماڵەی ناسراوی کاڤالکانتیی فلۆرەنسایی. (سروودی ١٠). کاتێ بوۆزۆ دی دۆناتی مرد، سیمۆنی دی دۆناتیی کوڕی، داوای لەم جیاننی سکیککییە کرد خۆی بکا بە نەخۆشەکەی بەر ئاوزینگان و لە زمانی نەخۆشەکەی سەر مەرگەوە، وەسیەت بۆ چاکە و بەرژەوەندیی سیمونی بکا. ئەوە بوو، ئەم دووە، بە نهێنی جەستەی تازە ساردبووەوەی بوۆزۆیان لەناو نوێن دەرهێنا و جیانی سکیککی خۆی لەناو جێ و بالینگانی ئەو ڕاکرد، ئینجا چوون وەسیەتنووسیان هێنا و جیانی سکیککی، (گوایە بوۆزۆ دی دۆناتییە) دەستی بە وەسیەت کرد و بەشی هەرە زۆری سامانەکەی بۆ سیمونی کوڕی دانا. جیانی سکیککی بەرامبەر بەم کارەیا، چەند شتێکی زۆر بە نرخی بۆ خۆی دانا، بە تایبەتی ماینە سپییەکەی کە لە سەرانسەری ئیتالیادا ناوبانگی هەبوو. سیمونی کوڕی بوۆزۆش نەیتوانی سەرپێچی لەو داوایە بکا.

١٤. میرڕا Mirra: کچێکی جوانی سڤیراسی پاشای دوورگەی قوبرس بوو. ئەشقی باوکی خۆی بوو، لەبەر ئەو ئەشق و سۆزەی بۆ باوکی هەیبوو، هەر کەسێکی دەهاتە داخوازی و هەر ئاشقێکی لێی نزیک دەکەوتەوە، دەستی بە ڕووەوە دەنا و ڕەتی دەکردەوە. بە یارمەتیی دایەنەکەی، شەوێ کە دایکی لە ماڵەوە نەبوو، جلوبەرگ و سەروسیمای خۆی گۆڕی و لەژێر پەردەی تاریکیدا، گوایە ژنێکی ترە، چووە باخەڵی باوکی و زینای لەگەڵ کرد. کە باوکی بەم کەتنەی کچەکەی زانی، ویستی بیکوژێ، بەڵام کچەکەی هەڵات بۆ وڵاتی عارەبان و لەوێ بوو بە درەختێک و (ئەدۆنیس)ی لێ هاتە دەرێ.

١٥. شاژنی ڕەوە: مەبەست ئەو ماینە سپییەیە کە پێشتر باس کرا.

١٦. ئەمە ڕۆحی ئادامۆ دا بریشیایە.
١٧. واتە لەناو گەلانی بەرەژێر، کە لەوێوە جەستەی مرۆڤ لێک دەبێتەوە بۆ دوو لاق.
١٨. نەخۆشی ئاوبەندی وا لە نەخۆشەکە دەکا زگی لەچاو بەشەکانی تری لەشی زۆر زل دەبێ. لێرەدا وای پێشان داوە و ورگی ئەوەندە زلبووە، بەری چاوی گرتووە و پێشەخۆی پێ نادیترێ.
١٩. وەستا ئادامۆ Maestro Adamo: وەستایەکی زێڕینگری بەناوبانگی شاری بریشیا بوو. لە سەدەی سێزدەمدا ژیاوە. بە فەرمانی کۆنتەکانی بنەماڵەی ناسراوی گویدی، ساختەی لە دراوی فلورین (فیۆرۆنی) زێڕ کرد. ئەم دراوە لە فلۆرەنسا لێدەدرا. بەپێی یاسا بیستوچوار قیرات بوو. ئەم ساختەی تێدا کرد، تەنیا بیستویەک قیرات زێڕی تێکرد، سێ قیراتەکەی تر سفری تێکەڵ کرد، فلۆرەنساییەکان دەرکییان بەم ساختەیە کرد و ساڵی ١٢٨١ بە زیندووی چاوان سووتاندیان.
٢٠. کازێنتینۆ Casentino: ناوچەیەکی هەڵەتوپەڵەت و زوورگەبات و شاخاوییە لە ناوەڕاستی ئیتالیا. ڕووباری ئارنۆ لەو چیا و هەڵەتانە هەڵدەستێ.
٢١. واتە: یادی ئاو و سەوزایی زێد و نیشتمانەکەم، ڕەنج و ئازاری تینوێتیم زیاتر دەکا.
٢٢. ڕۆمینا Romena کۆشک و قەلایەکی پتەو و قایمی بنەماڵەی کۆنتەکانی گویدی بوو. وەستا ئادامۆ لە خزمەت ئەواندا دەستی بە دروستکردنی دراوی قەڵپ کرد.
٢٣. گویدۆ Guidoی دووەم کوڕی گویدۆی یەکەم بوو، کۆنتی (ڕۆمانیا) بوو. ئەلیسساندرۆ Alessandro برای گویدۆی دووەم بوو. ئاگینۆلفۆ Aghhinolfoیش هەر برای ئەوان بوو. ئەم سێ برایە بوون وایان لە ئادامۆدا بریشیا کرد ساختە لە دراوی فلورینی زێڕ بکا.
٢٤. فۆنتی براندا Fontebranda: کانییەکی بەناوبانگ بوو لە سیێنا. لەوە دەکا وەستا ئادامۆ ئاماژە بۆ کانییەکی تر بکا، هەر بەو ناوە، لە نزیک ڕۆمانیای زێدی خۆی کە بەقەدەر کانیی سیێنا بەناوبانگ نەبووبێ.
٢٥. مەبەستی کۆنت گویدۆیە کە پێش ساڵی ١٣٠٠ کۆچی دوایی کردبوو.
٢٦. فلورین: دراوێکی فلۆرەنسیی زێڕ بوو. بە هۆی پایەی ئابووریی فلۆرەنساوە، لە هەموو ئەورووپادا هێزی هەبوو. ئەم دراوە ڕوویەکی وێنەی یوحەننای ئاوەمۆرکەری لەسەربوو و ڕووەکەی تری وێنەی گوڵەزەنبەقی لەسەربوو کە دروشمی شارەکە بوو.

لە مەم و زینی خانیدا هاتووە:

قەلبێ د زەغەل دکەت بلووری

پولێ د دەغەل دکەت فلووری (خانی، مەم و زین، و: هەژار، پاریس ل٢٧).

هەژار لە پەراوێزدا، لە لێکدانەوەی (فلووری)دا دەڵێ: سکەیەکی زێڕ بوو لە هۆڵەند لێدەدرا.

٢٧. مەبەست زولێخایە کە پرکێشی ناموسی لە یوسف کرد و بوختانی پێ هەڵبەست. باسی یوسف لە تەورات (کتێبی گرواندن، بەشی ٣٩) و لە قورئان (سوورەتی یوسف)دا هاتووە. ناوی زولێخا نە لە تەورات و نە لە قورئاندا نەهاتووە. مێردی زولێخا لە قورئاندا بە عەزیزی میسر ئاماژەی بۆ کراوەوە، لە تەوراتدا ناوی بە پوتیڤار (فوتیفار) هاتووە.

٢٨. سینۆنی Sinone: ئەو یۆنانییە کەڵەکبازە بوو کە بە ئەنقەس خۆی کرد بە دیلی تەڕوادەییەکان و بە فێڵ و تەڵەکە خەڵکەکەی تەفرە دا ئەسپەدارینەکە ڕاکێشنە ناو شار. ئەسپەدارینەکە پڕ سەربازی یۆنانی بوو. کە ئەسپەکەیان گەیاندە ناو شار، سەربازەکان نیوەشەو هاتنە دەرەوە و پەلاماری خەڵکەکەیان دا، بەمەوە تەڕوادە گیرا.

٢٩. مەبەست سینۆنییە.

٣٠. نارجیسسۆ Narcisso (بە لاتینی: نارسیۆس: نەرگز) گەنجێکی قۆز بوو، کوڕی ڕووباری (سیفیسۆس) بوو: مەبەست لە ئاوێنەی نەرگز، ئاوە! نەرگز گەنجێکی زۆر قۆز بوو. ڕۆژێ وێنەی خۆی لەناو ئاودا دی، نەیزانی ئەمە خۆیەتی، بە یەکێکی تری تێگەیشت و ئەشقی بوو. بەردەوام دەچوو لە لێوی ڕووبار دادەنیشت و سەیری وێنە خۆشەویستەکەی دەکرد، کە خۆی بوو! ئەوەندە پابەندی ئەو وێنە و ئەو ئاوە بوو، خودانەکان بەزەییان پێدا هاتەوە، کردیان بە گوڵە نەرگزێکی دەم ئاو بۆ ئەوەی هەمیشە چاوە جوانەکانی ماشووقەکەی (خۆی) (چاوی نەرگز)ی تێدا ببینێ.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە جەفاکێشەکە زۆر تینوو بوو، پێویستی نەدەکرد زۆری لێ بکرێ زمان بەسەر ڕووی ئاودا بێنێ.

***

# سروودی سیویەکەم[1]

## لەندەهۆران

دانتی قسەی ڤیرجیلیۆی لەگەڵ ڕمی ئەخیل و باوکی بەراورد کرد کە هەم دەردبوو هەم دەرمان. شاعیرەکان ڕۆیشتن و ڕوویان کردە ئەڵقەی نۆیەم. تاروباری بەیانی بوو. مەڕ و گورگ لە یەک نەدەکرانەوە. دانتی هەندێ شتی بینی وایزانی بورجن، بەڵام ڤیرجیلیۆ بۆی ڕوونکردەوە ئەوەی دەیانبینێ بورج نین، کۆمەڵێ لەندەهۆرن. لەسەر لێوی بیر ڕاوەستاون. دانتی کە لێیان نزیککەوتەوە و لەشی زەبەللاحی بینین زانیی بەهەڵەدا چووبوو و زیاتر ترسا. دانتی یەکێکی بینی لە سەرەوە تا پشدێن کەتە و گەورە بوو، ئەمە نەمروودی پاشای بابل بوو. کە شاعیرەکانی بینی، هاواری کرد و هەندێ قسەی کرد، تێنەگەیشتن. ڤیرجیلیۆ کپی کردەوە. بە دانتیی گوت لێیگەڕێ و وازی لێ بێنە، چونکە دواندنی بێهوودەیە. شاعیرەکان گەیشتنە لای ئیفیالتسی لەندەهۆر کە لە جوپیتەر یاخی بوو. سزای ئەوەبوو لێرە بە زنجیر بەسترابووەوە. ئیفیالتس کە گوێی لێ بوو، ڤیرجیلیۆ گوتی بریاروس لە هەموو لەندەهۆران توندوتیژ و دڕندەترە، تووڕە بوو. وەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز هەژا. دانتی زۆر لێی ترسا. شاعیرەکان گەیشتنە لای ئەنتیۆسی لەندەهۆر کە لە خودانەکان یاخی نەبوو، بۆیە بەبێ کۆتوزنجیر قسەی دەکرد. ڤیرجیلیۆ داوای لێکرد هەڵیانبگرێ و بیانبا بۆ ئەڵقەی نۆیەم. لەندەهۆرەکە وەکو چەپکێک هەڵیگرتن و بردنی بە شێنەیی لە ئەڵقەی یەهوودا داینان. ئینجا وەکو دارئالا پشتی قیتکردەوە و بەرزبووەوە.



هەر ئەو زمانەی یەکەم جار برینداری کردم
هەردوو کوڵمەی لە شەرمان سوور هەڵگەڕاندم
پاشان مەرهەمی لەسەر برینەکەم دانا.
دەڵێن ڕمی (ئاکیل) و باوکیشی[٢]
ئاوها یەکەم جار دەبوو بە مایەی بەدبەختی و
ئینجا بەختەوەری!
پشتمان لەو دۆڵە پەرێشانە کرد،
بەسەر لێواری دەوریدا ڕۆیشتین و
بێ ئەوەی متەقمان لێوەبێ، پەڕینەوە!
ئەو کاتە، نە شەو بوو و نە ڕۆژ،
چاوم پێشەوەی زۆر نەدەدی،
گوێم لە گرمەی کەڕەنایەک بوو!
ئەوەندە توند و قایم بوو، هەورەتریشقەی دەبەزاند.
چاوم بڕیبووە یەک پنت.
چاوم بۆ لای دەنگەکە هەڵبڕی.
(ئۆرلاندۆ)، دوای شکستی پشتشکێنی،
کە (کارلۆمانیۆ)ی گەورە و سوپا پیرۆزەکەی[٣] تارومار بوو،
کەڕەنای وا بە سام و ترسناکی لێ نەداوە![٤]
سەرم کەمێ بۆ ئەولا وەرسووڕاند
هەستم کرد هەندێ قۆنگرەی بەرزم کەوتە بەرچاو!
گوتم: (مامۆستا، ئەمە چ شارێکە؟)
وەڵامی دایەوە: (لەبەر ئەوەی گەرەکتە بە هێزی سەرنج
تا ماوەیەکی دوور لەم تاریکستانەدا ببینی،
دەشێ خەیاڵ گومڕات بکا.
ئەگەر بگەیتە ئەوێ، چاک دەبینی
چۆن دووری، هەستی مرۆڤ تەفرە دەدا.
جا بخەبتە نەختێ پێت سووک بکەی!)
ئینجا بە سۆز و میهرەوە دەستی گرتم و گوتی:

(بەر لەوەی زیاتر نزیک بکەوینەوە،
بۆ ئەوەی سەرت زۆر لە دیمەنەکە سوورنەمێنێ (٣٠)
بزانە، ئەمانە قۆنگرە نین، مرۆی لەندەهۆرن
بە درێژایی ئەم لێوارە، لەناو بیردان
لە بنی پێوە تا ناوک نقووم بووین. (٣٣)
چۆن کاتێ تەموتومان دەڕەوێتەوە،
چاو وردەوردە ڕووندەبێتەوە و
ئەو شتانە لێک دەکاتەوە کە لەناو هەڵمی خەستدا بزر بووبوون! (٣٦)
منیش کە ئەو تاریکە ئەنگوستەچاوەم بە چاو بڕی و
وردەوردە لێوارەکەم لێ دەرکەوت،
هەڵەم هەڵبرینگا و ترسم کەلەکەی کرد! (٣٩)
وەکو چۆن (مونتیریجیۆن)[٥]
سەر شوورەکەی پڕ قۆنگرەیە،
بەم جۆرە لەسەر ترۆپکی دەوری بیرەکە (٤٢)
لەندەهۆری ترسناک وەکو قۆنگرە
خۆیان تا ناوقەد هەڵکێشابوو.
(جیۆفی)[٦] بە هەورەتریشقە هەڕەشەیان لێ دەکا. (٤٥)
دەموچاو و شان و پیل و سنگ و
لایەکی ورگ و دوو بازووی یەکێکیانم دی،
بە تەنیشتیدا شۆڕبووبووەوە! (٤٨)
بێشک، سروشت چاکی کردووە،
وازی لە دروستکردنی ئەم جۆرە گیاندارانە هێناوە،[٧]
بۆ ئەوەی (مارتی)،[٨] لەم جۆرە فەرمانبەردارانە بێبەش بکا. (٥١)
ئەگەر لە دروستکردنی فیل و نەهەنگ[٩] پەشیمان نەبێ
ئەوەی بە وردی سەیر بکا، دەبینێ
ئەمە دادپەروەرانەتر و وردبینانەترە! (٥٤)
لە هەر کوێ ئامێری بیرکردنەوە
لەگەڵ بەدخوایی و هێز و ڤەژەن یەک بگرێ

خەڵکی هیچ پەنایەکیان دەست ناکەوێ.     (٥٧)
لەندەهۆرەکە، ڕووی درێژ و ئەستوور بوو.
وەکو دارکاژی (سان پییترۆ)[١٠]ی ڕۆما وا بوو.
ئێسکەکانی تریشی لەو قەدەرە بوون![١١]   (٦٠)
دیوارەکە، وەک بەرهەڵبێنە، لە ناوقەد بەرەو ژێر
لەشی داپۆشی بوو، ئەوەندەی کە بەدەرەوە بوو،
ئەگەر سێ (فریزۆن)[١٢] بچووبانە سەر یەک (٦٣)
نەدەگەیشتنە قژی،
باش دەماندی لە گرێی زەبوونی پیاوانەوە تا لێوی بیرەکە
سی (٣٠) بستی[١٣] ڕەبەق دەبوو.   (٦٦)
(ڕافێل مای ئامێکی تسابی ئالمی)[١٤]
زاری بەم وشە ترسناکانە قیژەی لێ هەستا
کە هیچ ئاوازی ناسکتری لێ دەرنەدەهات!   (٦٩)
ڕابەرەکەم پێی گوت: (ئەی ڕۆحی گەلۆر!
کە توورەیی، یان سۆزێکی تر دەتگرێ،
کەڕەناکەت بگرە و! خەم بە با بدە،   (٧٢)
دەست لە گەردەنت بدە، دەبینی تەوقێکی تێدایە[١٥]
تۆی بەستووەتەوە. ئەی ڕۆحی پەرێشان
سەیری کە چۆن سنگی پانوپۆڕی شەتەک داوی!)   (٧٥)
ئینجا بە منی گوت: (ئەمە خۆی، خۆی تاوانبار دەکا!
ئەمە (نێمبرۆتتۆ)[١٦]یە. ئەمە بوو وای کرد
خەڵک چیدی، لەسەر زەوی، بە یەک زمان نەدوێن![١٧]  (٧٨)
با لەوە گەڕێین! با چیتر بێهوودە قسە نەکەین.
هەموو زمانێ لای ئەو، وەکو زمانی ئەو لای خەڵک
هیچ کەس تێی ناگا!   (٨١)
ئیتر ڕێی خۆمان گرتەبەر

به دووری تیرهاوێژێک لای دەستەچەپ،
لەندەهۆرێکی دڕەندەتر و کەتەترمان لێ دەرکەوت!
ئاخۆ کام مامۆستا بەستبوویەوە؟
نازانم! بەڵام دەزانم بازووی چەپەی
لە پێشەوە بەسترابووەوە و ئەوەی تری لە دواوە.
بە زنجیر بەسترابووەوە،
لە ملیەوە تا پێی، پێنج جار
لە دەوری لەشی ئاڵابوو.
ڕابەرەکەم پێی گوتم: (ئەم ترزلە
ویستی خۆی دژی (جیۆڤی)ی[18] باڵادەست تاقی بکاتەوە،
ئەوەتا، پاداشتی کارەکەی وەردەگرێتەوە!
ئەمە ناوی (فیالتی)یە[19]، کاتێ خودانەکان ترسی
لەندەهۆرەکانیان گەیشتێ، ئەم توانای خۆی دەرخست،
بازووەکانی وا بەگەڕ خست، جارێکی تر شتی وایان بە خۆیەوە نەدی.)
پێم گوت: (ئەگەر بکرێ حەز دەکەم
(بریاریۆ)ی کەتە و زل
بە چاوی خۆم ببینم.)
وەڵامی دایەوە: (زۆر لەم نزیکانە، (ئانتیۆ)[20] دەبینی،
زنجیر نەکراوە و قسە دەکا.[21]
ئەو دەمانباتە بنی بنەوەی گوناهەکان.
ئەوەی تۆ دەتەوێ ببینی، زۆر دوورترە،
وەکو ئەمەیان هەموو گیانی بەستراوەتەوە
لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕووی تۆقێنەرترە.
(فیالتی) توند خۆی ڕاهەژاند
هەرگیز کەس نەیدیوە بوومەلەرزە
ئاوها قونگرە ڕاهەژێنێ![22]

له هەموو کاتێ زیاتر له مردن ترسام.
ئەگەر قەفی زنجیرەکانم نەدیبایه
لەترسان ڕۆحم دەردەچوو! (١١١)
ئەوسا ڕێی خۆمان گرتەبەر.
گەیشتینه لای (ئانتیۆ)، که جگه له سەری،
پێج باڵ له بیرەکه هاتبووه دەرێ. (١١٤)
تۆ، کاتی خۆی له دۆڵی چارەنووسسازدا، [٢٣]
هەزار شێرت به نێچیر گرت و
شکۆمەندیت بوو به میراتی (شیپیۆن)[٢٤] (١١٧)
کاتێ (ئانیبال) به خۆ و به خەڵکەوه پشتی دا.
تۆ، ئەگەر بەشداریی شەڕی گەورەی براکانت بکردایه،
ئێستایش هەبوو بڕوای وا بوو (١٢٠)
ڕۆڵەکانی ئەو خاکه له سای تۆ سەرکەوتوو دەبن.
شەرمت پێ نەبێ، له خوارەوه دامانبەزێنه،
لەو شوێنەی ئاوی (کۆچیتو)[٢٥] بووەته شەختە! (١٢٣)
نه ڕەوانەی لای (تیزیۆ)مان[٢٦] بکه و نه (تیفۆ)[٢٧]
چی ئارەزوو بکەن، ئەو پیاوه دەیبەخشێ.
خۆت کووڕکەوه، قەپۆزت هەڵمەقورتێنه! (١٢٦)
ئەمه ئێستایش دەتوانێ لەسەر دونیا سەرفرازت بکا.[٢٨]
زیندووه و ژیانێکی زۆری له بەردەمدا ماوه،
مەگەر لوتفی خوا به ناوادەیی بیباتەوه!) (١٢٩)
مامۆستاکەم ئاوهای گوت و ئەو یەکسەر
دەستی درێژ کرد و گرتی.
ئەو دەستەی (ئێرکولی)[٢٩] هەستی به توندی کرد (١٣٢)
(ڤیرجیلۆ) که هەستی کرد بڵندبووەوه،
پێی گوتم: (وەره پێش، با توند بتگرم)

ئەوسا خۆی و منی کرد بە یەک تۆپەڵ![30]  (١٣٥)
چۆن بورجی (کاریزێندا)،[31] کە لەژێر لایە لارەکەیەوە
سەیری بکەی، کاتێ پەڵەهەورێکی بەسەردا داڕوا،
وا دەردەکەوێ بۆ لاکەی دی لار بووەتەوە، (١٣٨)
منیش (ئانتیۆ)م بەو جۆرە کەوتە بەرچاو
کە وەستام و سەیرم کرد کوو خۆی خواردەکاتەوە.
ئەو کاتە زۆرم حەز کرد ڕێگەیەکی دیم بگرتایەتە بەر!  (١٤١)
بە هێواشی لە بنی دۆڵەکە داینایین،
کە (لۆچێفیرۆ)[32] و (جیودا)ی گرتبووە خۆی،
زۆر بە چەماوەیی نەمایەوە.  (١٤٤)
وەک دارالآی کەشتی خۆی قیتکردەوە!  (١٤٥)

## پەراوێزەکانی سروودی سێیەکەم

١. ئەم سرووده، سرروودی لەندەهۆرەکانە. ئەمە ماوەی نێوان دوو ئەلقەی هەشت و نۆیە.

٢. پیلیۆ Peleo (بە یۆنانی: پیلیۆس): ئەمە باوکی ئەخیلی پاڵەوانی بەناوبانگی یۆنانی بوو. دانتی مەبەستی ڕمەکەی پیلیۆس و ئەخیلی کوڕیەتی. پیلیۆس ڕمێکی هەبوو، ئەگەر بەو ڕمە زەبرێکی لە یەکێ بدایە، برینداری دەکرد و دەیکوشت، ئەگەر بۆ جاری دووەم هەر بەو ڕمە زەبرێکی تری لە شوێنی برینەکە بدایە، برینەکە ساڕێژ دەبوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم ڕمەی ئەخیل لە سروود و گۆرانیی ترووبادوورەکان زۆر جار دووبارە بووەتەوە. برژانگی یاریان بەو ڕمەی ئەخیل دەچواند کە هەم ئاشق بریندار دەکا و هەم برینەکەیشی ساڕێژ دەکا.

٣. ئاماژەیە بۆ چیرۆکی ناوداری (ڕۆلان)ی شۆڕەسواری شارلەمان و نەبەردییەکانی ڕۆلان (بە ئیتالی: ئۆرلاندۆ) برازای شارلەمانی ئیمپراتۆری ناسراوی فرانسە بوو. بەسەرهاتەکانی ئەم شۆڕەسوارە بوو بە بەرهەمێکی بەناوبانگ بە ناوی (گۆرانیی ڕۆلان Chanson de Roland). لەم داستانەدا ڕۆلان فەرماندەی دەستەسوارێکی بژاردەی شارلەمان بوو لە شەڕی دژی موسڵمانان لە ئەندەلوس. ساڵی ٧٧٨ی زایینی گاورەکان لە جەنگی (ڕۆنسڤال)دا بەرامبەر موسڵمانان شکان. دانتی ئەم شکانەی گاوران بە (شکستی پشتشکێن) ناو دەبا. ڕۆلان لەم شەڕەدا بە سەختی بریندار بوو. لە سەرەمەرگدا هانای بۆ شارلەمان برد کە (٨) میل لەو شوێنەوە دوور بوو. ئەوەندە بە توندی فووی لە کەڕەنا کرد، دەنگی کەڕەناکەی تا دوو فەرسەخ ڕۆیشت و گەیشتە بەر گوێی شارلەمان و سەرکردەکانی.

٤. ئاماژەیە بۆ شەڕی (ڕۆنسڤالليس Ronesvalles): لەم شەڕەدا ئۆرلاندۆ کە کلکەی سوپای شارلەمانی گرتبوو لە چیای برانسی، لەگەڵ هێزی عەرەبان بەرەنگاری یەکتر بوون.

٥. مۆنتی ڕیجیۆنی Monte reggione: گوند و قەڵایەکی بچووک بوو، ساڵی ١٢١٣ بۆ بەرگری لە سیێنا دامەزرا. دوازدە قوللەی لەسەر شوورەکان هەبوو. ئەمڕۆیش نزیکەی هەروەکو کاتی خۆی ماوەتەوە، ئەوەندە نەگۆڕاوە. تەنیا قوللەکانی نەختی بەرزاییان کەمبووەتەوە.

٦. جیوڤی Giove (بە لاتینی: جوپیتەر و بە یۆنانی: زیۆس) خودانی خودانان. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە: جارێکیان دێوەکان کە کاتی خۆی فەرمانڕەوایی دونیایان دەکرد، لە دژی خودانەکان ڕاپەڕین و ویستیان چیای (ئۆلمپ) داگیر بکەن کە

بارەگای خودانەکانی لێ بوو، بەڵام جوپیتەر لەناو دۆڵی (فیلیگراس)ەوە چەخماخەی سووتێنەری خۆی تێگرتن و تاروماری کردن.

٧. ئەمە نمرود (Nimrod)ی پاشای بابلە کە ویستی بچێتە ئاسمان و قوللەیەکی بەرزی دروستکرد. ئەوەبوو خودا بەوە سزای دا زمانی گەل و خەڵکەکەی لێک جیاکردەوە و کردی بە چەند زمانێکی جیاجیا.

٨. مارتی Marti (بە لاتینی: مارس و بە یۆنانی: ئاریس-مەریخ). لە ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانیدا خودانی جەنگە. ئاماژەیە بۆ جەنگاوەرانی مەریخ لە هەر کوێیەک بن.

٩. لەبەر ئەوەی فیل و نەهەنگ لەگەڵ ئەوەی کە کەللەشیان گەورەیە، ئەقڵیان بچووکە، ناتوانن زۆر زەرەر بە خەڵک بگەیەنن.

١٠. سان پیترۆ San Petro. ئەمە ئاماژەیە بۆ دارکاژێکی زۆر گەورە لە تووج دروست کرابوو. لە بنچینەدا بۆ ڕازاندنەوەی کانییەکی ڕۆما بەکار دەهات. لە سەردەمی دانتیدا ئەم دارکاژە بڵندە لە بەرامبەر کڵێسەی سان پیترۆ چەقاندرابوو. ئێستا لەناو باخێکی فاتیکاندایە. بەرامبەر پلیکانەی (برامنت). بڵندیی چوار مەتر دەبێ، بەڵام هەندێ جێگەی شکانی پێوە دیارە، وێدەچێ کاتی خۆی بە لانی کەمەوە دوو هێندەی ئێستا بەرز بووبێ.

١١. ئەو لەندەهۆرە بەژنی (٥٠-٦٠) پێ دەبوو.

١٢. فریزۆنی Frisoni: خەڵکی فریزلاند بوو کە یەکێکە لە هەرێمەکانی باکووری هۆڵەندە، لە کۆنەوە بە کەڵەگەتی بەناوبانگ بوون، وەکو عووجی بنی عەنەقی لای خۆمان.

١٣. بست (پالمی Palme) یەکەیەکی پێوانەیی ئیتالیی کۆن بوو. نزیکەی چارەکە مەترێک دەبێ (٢٤سم). بەم حیسابە بێ، شەیتانەکەی دانتی بەژنی دەوری بیست مەترێک دەبێ. بست لای خۆیشمان لە کوردیدا هەر لە کۆنەوە وەکو یەکەیەکی پێوانە بەکار هاتووە. ناو لەپت بکەوە و پەنجەکانت تەواو لێک بکەوە، ماوەی نێوان سەری پەنجە گەورە تا سەری قلینچک بستێکە.

١٤. ئەم ڕستەیە وەکو ڕستەکەی سروودی حەفتەمی دۆزەخ وایە. مانایەکی دیار و ئاشکرا و زانراوی نییە، وەکو نموونەیەکی زار و زمانی شەیتانەکە هاتووە، هەندێ دەڵێن وشەکان عیبرین و شێواندراون و بە شتێکی وەکو ئەمە ماناکەیان لێک داوەتەوە:

- ئێوە، ئەم دووەتان کێن، لەوێ دوورکەونەوە!

١٥. واتە: نمرود لەبەر شلەژانی خۆی، ئەو کەرەنایە نابینێ کە بە ملییەوە هەڵواسراوە.

١٦. نیمبرۆتۆ Nimbroto: نەمرود.

١٧. لە تەوراتدا هاتووە، بۆیە پێیان گوتووە (بابل)، چونکە خودا زمانی ئەو شوێنەی پەشۆکاند و لێکی جیاکردنەوەو لەوێوە بەسەر ڕووی زەویدا پەرت و بڵاوی کردنەوە.

١٨. مەبەست خودایە.

١٩. مەبەست (ئیفیالتیس)ە Ephialtes: کوڕی پۆزیدۆن (نپتۆن)ی خودانی ئاوە لە ئەفسانەی یۆنانیدا، بەهێزترین دێوە. لەگەڵ (ئۆتۆس)ی برای ویستیان بەسەر چیای (ئۆلمپ) بکەون و خۆیان بگەیەننە بارەگای خودانەکان. ئەو شەوەی ئەوان ویستیان بچن، ئەپۆلۆ پاسەوان بوو. لە قونگرەی زێرەڤانی خۆیدا چاوی پێکەوتن، تیرێکی تێگرتن و هەردووکی هەڵبڕین.

٢٠. ئانتیۆ Anteo (بە یۆنانی: ئانتایۆس): کوڕی پنتۆن (خودانی ئاسمان) و تلۆس (خودانی زەوی) بوو. لە ئەفسانەی یۆنانیدا (ئانتایۆس) ئەو سیفەتەی هەبوو لە جەنگدا، پشتی بە عەرد نەدەکەوت. کە بەردەبووەوە، دووبارە هێزو گوڕی لەدەستچووی بۆ دەهاتەوە، چونکە زەوی دایکی خۆی بوو، ئیتر بە کەس نەدەکوژرا تا ئەوە بوو هەرقەلی پاڵەوانی ئەفسانەی یۆنانی پری پێدا کرد و بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان و لە هەوا ڕایگرت و ڕایگوشی تا قنیاتی لەبەر بڕی.

٢١. مانای وایە ئەم لەندەهۆرە بەشداری لە یاخیبوونی دژی خودانەکان نەکردووە و سزای لەوان سووکترە.

٢١. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە فیالتی لە قسەی ڤیرجیلیۆ تووڕەبووە.

٢٢. دانتی ڕووی قسەی لە لەندەهۆرەکەیە.

٢٣. ئەمە دۆڵی (باگرادا)ی نزیک زامایە لە باکووری ئەفریقیا. بارەگای (ئانتۆس)ی لێ بووە، بۆیە پێی دەڵێن دۆڵی چارەنووسساز، چونکە زۆر ڕووداوی گرنگ و یەکلاکەرەوەی لێ قەوماوە.

٢٤. شیپیۆنی Scipione (بە لاتینی: سیپیۆن) سەرکردەیەکی ڕۆمانی بوو، ساڵی ٢٠٣پ.ز ئەم سەرکردە ڕۆمانییە، هانیبال (Hannibal)ی پاشاو سەرکردەی قەرتاجەی لە دەشتی زاما (Zama) شکاند. ئەم شکستەی هانیبال بوو بە هۆی قەتلوعامکردنی خەڵکی قەرتاجە لە لایەن ڕۆمانییەکان و خاپوورکردنی تەواوی شارەکە. بە گوێرەی ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی، (ئانتیۆس)، کە ئەو لەندەهۆرە

گەورەیە بوو، لەگەڵی (باگرادا)، لە نزیک دەشتی زاما، لە ئەشکەوتێکدا دەژیا. خواردنی گۆشتی شێر بوو. هەر خۆیشی شێرەکانی ڕاو دەکرد.

٢٥. کۆچیتۆ Cocito دوا ڕووباری دۆزەخە. لە ئەڵقەی نۆیەمدا دەیبەستێ و دەبێ بە شەختە و بەستەڵەک. دۆزەخییەکانی ئەڵقەی نۆیەم جێگەیان ناو ئەم شەختەبەندەیە.

٢٦. تیزیۆ Tizio (بە یۆنانی: تیسیۆس): لەندەهۆرێکی ئەفسانەیی یۆنانی بوو. زادەی تلۆس (زەوی) بوو. شەڕی لە دژی جوپیتەر ڕاگەیاند. ئەپۆلۆ کوشتی.

٢٧. تیفۆ Tifo (بە یۆنانی: تیفۆن): لەندەهۆرێکی ئەفسانەی یۆنانی بوو. سەد سەری هەبوو. ژنی خودانی خودانان، بێ ئەوەی لەگەڵ مێردی بخەوێ، ئەم منداڵەی بە سکی کەوت. لە جوپیتەر یاخی بوو، ئەویش بە چەخماخە کوشتی.

ئەم دوو لەندەهۆرە (تیزیۆ و تیفۆ) لەوانەبوون کە هێرشیان کردە سەر ئۆڵمپ. خودانی خودانان کە بە سەریاندا زاڵ بوو، بە زنجیر لە زارکی گڕکانی (ئاتن)دا بەستنیەوە.

٢٨. واتە: دەتوانێ لەسەر دونیا ناوبانگت بۆ پەیدا بکا. (لێرە) مەبەست (لە دۆزەخ)ەوە. جێی سەرنجە، دۆزەخییەکانی ئەڵقەی نۆیەم حەز لە ناوبانگ ناکەن.

٢٩. ئێریکولی Erecule: هەرقەل.

٣٠. فاشیۆ Fascio: واتە چەپک، بە تایبەتی چەپکەشوار: لە ڕۆمانیای کۆندا کاتێ یەکێ بۆ ماوەیەک بە دیکتاتۆر هەڵدەبژاردرا، یەکێ کە پێیان دەگوت (لیکتۆر)، چەپکە شوارێکی وای لە بەردەم ڕادەهەژاند. هەر لەبەر ئەمەیش بوو مۆسۆلینی ئەم وشەیەی کرد بە ناوی پارتە سیاسییەکەی خۆی (فاشیزم).

٣١. کاریزێندا Carisenda: ئەمڕۆ پێی دەڵێن: کاریزینبا Carisenba. بورجێکی بەناوبانگە لە بۆلۆنیا وەکو بورجی بیزا لاربووەتەوە. ئەو بورجە تا ئەمڕۆیش هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، تەنیا ئەوەندە هەیە نەختێکی ڕماوە و کەمێ کورتبووەتەوە. ئێستا نزیکەی ٤٧م بڵند دەبێ. نووسینێکی دانتی ئێستایش لەسەر دیواری ناوەوەی ئەم بورجەدا ماوە کە لە یادی گەشتی ساڵی ١٢٨٦دا، بە دەستی خۆی نووسیویەتی. فلیپۆ و ئۆدۆ دی کاریزێندی ساڵی ١١١٠ ئەم بورجەیان دروست کرد.

٣٢. لوچیفیرۆ Lucifero: شەیتانی گەورەیە. پاشای دۆزەخە.

٣٣. جیودا: یەهوودا، مەبەست یەهوودای ئەسکریۆتییە کە خیانەتی لەگەڵ مەسیح کرد. ماچی یەهوودایی بەناوبانگە.

***

# سروودی سیودووەم[1]

## ئەڵقەی نۆیەمی دۆزەخ
## خاینەکان
## ناوچەی یەکەم
## خیانەتکاران لەگەڵ دایباب و خزمان
## ناوچەی دووەم
## خاینانی نیشتمان.

دانتی کە گەیشتە ئەڵقەی نۆیەمی دۆزەخ، سەیری کرد ناتوانێ بە شیعر باسی دەرد و بەڵای ئەم دۆڵە بکا. هانای وەبەر خێوەکانی شیعر برد بۆ ئەوەی یارمەتیی بدەن. ئەمە ناوچەی ئەڵقەی قابیلە. ئەوانەی تێدا ئەشکەنجە دەدرێ کە خیانەتیان لەگەڵ خزم و کەسوکاری خۆیان کردووە. دانتی گوتی ئەمانە مەڕ و بزن بوونایە بۆ خۆیان باشتر بوو. دانتی خۆی و ڤیرجیلیۆی لەسەر ڕووی گۆلێکی شەختە و بەستەڵەکدا بینی. دانوب و دۆنی زستانی پێ نەدەگەیشت. خاینەکان وەکو بۆق سەریان لەناو شەختە هاتبووە دەرێ. نیشانەی بەدبەختییان پێوە دیاربوو. دانتی دوو جەفاکێشی بینی فرمێسکیان لە چاو دەهات. فرمێسکەکە دەیبەست و دەبوو بە شەختە و بەری چاوی دەگرتن و نەیاندەتوانی ببینن. ئەمانە ئەسکەندەر و ناپلیۆنی کوڕانی ئەلپرتۆ دی مانونیا بوون. ئەمانە کاتی خۆی یەکتریان کوشت، ئینجا شاعیران چوونە ناوچەی ئەنتینۆرا کە خاینانی نیشتمان و سیاسەتی تێدا ئەشکەنجە دەدرا. دانتی خۆی لە سەری جەفاکێشێک دا، وایزانی قاسیدی مونتا پرتییە هاتووە تۆڵەی لێ بکاتەوە. بە ڕەقی قسەیان لەگەڵ یەک کرد. دانتی ویستی ئەو

گوناهبارە بناسێ. قژی ڕاکێشا و هەندێکی دەرهێنا، بەڵام ئەو هەر ناوی خۆی نەدا. جەفاکێشێکی دی لەولاوە بانگی کرد و ناوی هێنا. بەمەوە دانتی زانیی ئەمە بوکا دیلی ئەباتییە. کە لە شەڕی مۆنتاپرتی خیانەتی لە گەلفە فلۆرەنسییەکان کرد. دانتی پێی گوت دەنگوباسی ڕاستەقینەت دەبەمەوە سەر دونیا بۆ ئەوەی ڕسوا ببی، بەڵام بوکا هیچ گوێی پێ نەدا. باسی بوۆزۆ دی دوڤیرای کرد کە لە لومباردیا خیانەتی لە گیبیللینییەکان کرد. باسی تیزاورۆ دی بیکیریای کرد کە لە فلۆرەنسا خیانەتی لە گەلفەکان کرد. دانتی لە دوورەوە سەری دوو جەفاکێشی بینی لە ناوەندی شەختە لە یەک کون هاتبوونە دەرێ. کە لێیان نزیککەوتەوە، دیتی یەکێ قەپ لە سەری ئەوەی دیکە دەدا. دانتی ویستی ڕاستی لە خاوەنی سەری سەرەکەوە ببیسێ و بەڵێنی دا لە دونیادا دوژمنەکەی ڕیسوا بکا.



ئەگەر سەرواى تۆکمە و ڕەوانم هەبوایە
لەگەڵ ئەم دۆڵە شووم و دزێوە بگونجێ
کە لە هەموو لا شاخی هاتووەتەوە سەر،[٢]
شیلەی بیری خۆم بە تێروتەسەلی دەردەبڕی!
بەڵام لەبەر ئەوەی شتی وام نییە
زات ناکەم بەبێ ترس قسە بکەم!
وەسفکردنی بنی هەموو دونیا
شتێ نییە بە ئاسانی بێتە دەست،[٣]
هی زمانی (بابە، دایە) نییە![٤]
ئەی خێوبانووان[٥] کە یارمەتیی (ئانفیۆنی)تان دا بۆ داخستنی (تیبی)
وەرنە هانای شیعرەکانم.
بۆ ئەوەی قسە لە ڕاستی[٦] دوور نەکەوێتەوە!
ئەی خوێڕیترینی ئافەریدانی خودا
ئێوە لە شوێنێکدان وەسفکردنی ئەستەمە
بۆ خۆتان باشتر بوو، مەڕ بوونایە یان بزن![٧]
کاتێ گەیشتینە خوارێ، خوارەوەی ئەو بیرە تاریکە[٨]
زۆر خوارتر لە جێ پێیەکانی لەندەهۆرەکە،[٩]
چاوم هەر لای هەڵدێرەکە بوو،
دەنگێ پێی گوتم: (وریا بە کە شەقاو داوێی،
بە جۆرێ بڕۆ
پێ لەسەر برا مرۆڤە جەفاکێشەکان دانەنێی![١٠])
ئاورم دایەوە، گۆلێکم
لە بەردەمی خۆم و لەبەر پێمدا بینی
لەبەر شەختە، وەک شووشە[١١] دەینواند، نەک ئاو!
هەرگیز، زستان، نە (دانۆیا)ی[١٢] ئۆستەرلیککی و
نە (تانای)ی[١٣] ژێر ئاسمانی بەستەڵەک[١٤] وەک ئێرە
چینە شەختەیەکی وا ئەستووریان نەگرتووە،
ئەگەر چیای (تامبێرنیککی)[١٥]

یان (پییتراپانا)ی[16] بەسەردا ڕووخابا
هیچ سووچێکی قرچەی لێوە نەدەهات.
چۆن کاتێ ژنە جوتیار خەون بە چوونە
گیشەکردن دەبینێ، بۆق لمووزی
لەناو ئاو دەدرێنێ و دەقیڕێنێ،
دوو ڕۆحی جەفاکێشەکە، تا ئەو شوێنەی جێی شەرمە،[18]
لە شەختە نقووم بووبوون، شین و مۆر هەڵگەڕابوون و
وەک دەنووکی لەقلەق ددانیان لێک دەدا.
هەردووکیان [19]سەریان دانەواندبوو.
زاریان ئازارێکی قووڵی زەمبەلیلک و
چاویان داخ و دەردی دڵی دەردەبڕی.
کە تێر لە دەوروبەری خۆم ڕامام،
سەیری بەرپێی خۆمم کرد، دوو جەفاکێشم بینی
وا چووبوونە پاڵ یەک، قژی سەریان تێکەڵ بووبوو!
پێم گوتن: (پێم بڵێن ئێوە کێن ئاوا توند
سنگتان بە یەکەوە نووساندووە؟
ملیان وەرسووڕاند و چاویان بۆ لای من هەڵبڕی،
چاویان سەرەتا تەنیا لە ناوەوە تەڕ بوو،
ئێستا ڕۆندک چۆڕاوگەی بۆ سەر لێو بەستبوون و
شەختەی فرمێسک پێڵووەکانی نووساندبوون!
گیرەکی ئاسن، قەت وا توند، تەختەی لە تەختە نەشەتاندووە!
وەک دوو نێری توورە
لەگەڵ یەک کەوتنە شەڕەقۆچ!
یەکێکی تر، لەبەر سەرما هەردوو گوێی لەدەست دابوو،
سەری دانەواندبوو، پێی گوتم:
(بۆچی ئاوها مێزەمان دەکەی؟!
ئەگەر دەخوازی بزانی[20] ئەم دوانە کێن؟
ئەو دۆڵەی ئاوی (بیزێنتزۆ)ی بۆ شۆڕدەبێتەوە،

هی (ئالبێرتۆ)ی باوکی ئەمانە و هی ئەمانەیە! (٥٧)
هەردووکیان لە یەک توخم پەیدابوون. ئەگەر سەراپای
قابیلستان.[٢١] بپشکنی، یەک ڕۆح نادۆزیتەوە
لەوان شایانتر بێ بۆ ناو شەختە. (٦٠)
نە ئەوەی (ئارتوو)[٢٢] بە یەک زەبری شمشێر
سینگ و سایەی شەقکرد و
نە (فۆکاچیا)[٢٣] نە ئەوەش کە ئاوها (٦٣)
سەری کردووەتە لەمپەر لە بەرچاوم و دوورتر نابینم.
ئەمە ناوی (ساسسۆل ماسکیرۆنی)یە:[٢٤]
تۆ ئەگەر توسکانی بی، باش دەیناسی! (٦٦)
وا مەکە زیاتر قسە بکەم
بزانە، من (کامیشیۆن دی پاتسی)م[٢٥] و
چاوەڕێی (کارلین)[٢٦] دەکەم، بێ تەبریەم بکا.) (٦٩)
هەزار ڕووی سەگانەی ترم بینی، لەبەر سەرما
شین و مۆر هەڵگەڕابوون! لەوساوە و هەتاهەتایە
کە ئاوی بەستوو دەبینم، لەرزو موچڕکم پێدادێ! (٧٢)
لە جغزی ناوەڕاست نزیککەوتینەوە[٢٧]
کە هەموو شتێکی قورس بۆ خۆی ڕادەکێشێ،
من لەناو سەرمای جاویداندا هەڵدەلەرزیم! (٧٥)
ئایا بە ئارەزوو بوو یان چارەنووس و یان ڕێکەوت؟
نازانم! بەڵام کە بەناو سەرەکاندا تێپەڕیم
پێم توند بە دەموچاوی یەکێکیان کەوت. (٧٨)
گریا و[٢٨] هاواری کرد: (بۆچ پێم لێ دەنێی؟
ئەگەر بۆ زیادکردنی سزای (دی مۆنتاپێرتی) نەهاتووی؟[٢٩]
بۆچی ئەشکەنجەم دەدەی؟) (٨١)
منیش گوتم: (مامۆستا، بیستەک چاوەڕێم بکە،
دەمەوێ دوودڵیم دەرهەق بەم ڕۆحە نەمێنێ،
ئەوسا چۆنت دەوێ، تەنگەتاوم کە!) (٨٤)

ڕابەرەکەم سەنگرایەوە. بە ڕۆحەکەم گوت
کە بە هەموو هێزی خۆیەوە جوێنی پێ دەدام:
(تۆ کێی کە ئاوها سووکایەتی بە خەڵک دەکەی؟) (٨٧)
گوتی: (ئەی تۆ کێی؟ تۆ، کە بەناو (ئانتینۆرا)دا[٣٠] دەڕۆی
زرم لە بناگوێی خەڵک دەکوتی.
ئەگەر تۆ زیندووبای کارەکە زۆر سەختتر دەبوو)[٣١]! (٩٠)
پێم گوت: (من زیندووم و ئەگەر گەرەکتە ناو دەربکەی،
ڕەنگە شاد و گوشاد بی کە من
ناوت لە تێبینییەکانمدا بنووسم.) (٩٣)
وەڵامی دایەوە: (ئەمە پێچەوانەی خواستی منە.[٣٢]
بڕۆ! زیاتر بێزارم مەکە!
تۆ لەم قووڵاییەدا، لە فریودان نازانی!) (٩٦)
پێستەی پاتێلم گرت و گوتم:
(ناوی خۆتم پێ بڵێ،
ئەگینا یەک تاڵە مووت بە سەرەوە ناهێڵم!) (٩٩)
ئەوژی گوتی: (دەتوانی قژ بە سەرمەوە نەهێڵی
ئەگەر هەزار جاریش بە سەرم بکەویت.
نە پێت دەڵێم و نە پێت نیشان دەدەم، من کێم!) (١٠٢)
قژەکەیم لە دەستی خۆم لوول دا و
چەند چەپکێکم لێ دەرکێشا[٣٣]!
چاوی بەردایەوە لووراندی! (١٠٥)
یەکێ لەولاوە قیژاندی: (ئەوە چیتە (بۆککا)،[٣٤]
چەنەلێدانت بەس نەبوو، لوورەیشی هاتە سەر؟
چ شەیتانێ سواری کۆڵت بووە؟) (١٠٨)
پێم گوت: (تازە پێویستم بە قسەی تۆ نییە،
هەی خاینی بەدکار! بۆ ئەوەی ڕسوایشت بکەم
حاڵت چۆنە ئاوها بۆ سەر دونیای دەبەمەوە!) (١١١)
وەڵامی دایەوە: (بڕۆ، هەرچی حەز دەکەی، بیڵێ!

بەڵام ئەگەر لێرە دەرچووی، لەمەی ئێرە
بێدەنگ مەبە کە ئەو زمانە شڕەی هەیە.[٣٥] (١١٤)
ئەوەتا بۆ دراوی فڕەنسییەکان دەگری.
دەتوانی بڵێی: (خانەوادەی (دویرا)م[٣٦] بینی
لەگەڵ گوناهکاران لەناو شەختە ڕاکشابوو! (١١٧)
ئەگەر لێیان پرسیی: کێی دی لەوێ بوو؟
ئەوەتا کابرایەکی (بێککیریا)ت٣٧ لە تەنیشتە،
کە فیۆرێنتزا گەرووی هەڵبڕی! (١٢٠)
باوەڕ بکەم (جیاننی دی سۆلدانییر)٣٨ نەختێ لەولاتر،
لەگەڵ (گانیللۆنی)[٣٩] و (تیبالدیلۆ)[٤٠] دایە
خەڵک لە شیرین خەودا بوون، ئەو دەروازەی (فاینتسا)ی کردەوە).(١٢٣)
تازە لای ئەم ڕۆحە ڕۆیشتبووین
دوو کەسم بینی لەناو یەک کون قەسری بوون
سەری یەکێکیان[٤١] بووبوو بە کڵاوی سەری ئەوەی تر![٤٢] (١٢٦)
چۆن برسی قەپ لە نان دەدا،
ئەوەی سەرەوە ئاوها گازی لەوەی دی دەگرت.[٤٣]
لەو شوێنەی کاپێل و پاتێل بە یەک دەگەن! (١٢٩)
(تیدیۆ)، لە کاتی تووڕەییدا، لاجانگەکانی
(مینالیپپۆ)ی[٤٤] لەوە خراپتر نەگەست.
وەک ئەمە، بە کەللە و شوێنەکانی تری کرد!٤٥ (١٣٢)
پێم گوت: (تۆ، کە بەم شێوە دڕندانەیە
ڕقی خۆت بەوە دەرێژی کە خەریکە هەڵیدەلووشی،
پێم بڵێ بۆ چ وا دەکەی؟ منیش بەڵێن دەدەم (١٣٥)
ئەگەر تۆ لەسەر هەق بی کە ئاوا لێی داخداری و
بزانم ئێوە کێن و ئەمە گوناهی چییە؟
لەسەر دونیا پاداشتت دەدەمەوە! (١٣٨)
ئەگەر ئەو زمانەی پێی دەدوێم، وشک هەڵنەیێ! (١٣٩)

## پەراوێزەکانی سروودی سیودووەم

١. ئەم سروودە، سروودی خاینانی خزم و نیشتمانە.

٢. ئەمە ڕەمزە بۆ ئەوەی کە ئەم ئەڵقەیە، ئەڵقەی هەرە خوارەوەی دۆزەخە و هەموو ئەڵقەکانی تر بەسەریدا دەڕوانن، چونکە ئەڵقەکان تا دەچنە خوارەوە، یەک لەوەی سەرەوەی خۆی تەسکتر دەبێتەوە: ئەڵقەی یەکەم لە هەموویان فراوانتر و ئەڵقەی نۆیەم لە هەموویان تەسکترە.

٣. بە پێی زانستی جوگرافیای بتلیموس، دانتی، زەوی بە چەقی هەموو گەردوون دەزانی.

٤. واتە: پێویستی بە زمانێکی تر هەیە جیا لەو زمانەی ڕۆژانە قسەی پێ دەکا و لێی ڕاهاتووە. زمانی منداڵان.

٥. ئاماژەیە بۆ (میووز)ەکان. ئەمە پەریی ئیلهامبەخشی هونەرن. هونەرمەندان ئیلهام لەوانەوە وەردەگرن.

٦. ئانفیۆنی Anfione (بە لاتینی ئامفیۆنی Amphone): کوڕی زیۆس و ئانتیبی بوو. خودانەکان ئامفۆنیان ڕاسپارد شوورایەکی نەشکستەنی بۆ شاری تیبی دروست بکا. ئامفیۆن دانیشت و لە سازەکەی هەڵتووڕاند، ئەم پەرییانە ئیلهامێکی وایان بە سازەکەی دا. لە چیای (سترۆن)ەوە بەرد هەڵدەکانن و خۆیان دەهاتن، دەکەوتنە سەر یەک تا شووراکە تەواوبوو.

٧. دانتی بۆیە ئەم ماڵاتانەی داناوە، چونکە فرتوفێڵ نازانن، نیشانەی پاکی و سادەیی و یەکڕەنگین.

٨. ئەمە ئەڵقەی قابیلە کە خیانەتی لەگەڵ برای خۆی کرد و کوشتی. ئەوەی خیانەتی لەگەڵ خزم و کەسوکاری خۆی کردبێ، جێی ناو ئەم بەشەی ئەڵقەی نۆیەمینە.

٩. مەبەست ئەوەیە (ئانتیۆس) خۆی نەیتوانیوە بجووڵێتەوە، بەڵام بە دەستی خۆی ئەم دوانەی لە نزمترین خاڵی زەوی داناوە.

١٠. ئەو ڕۆحەی قسە دەکا وایزانیوە دانتی دۆزەخییەکە و تازە هاتووەتە ناو ئەم ئەڵقەیە، بۆیە بە برای جەفاکێش ناوی دەبا.

١١. ئەم گۆلە ناوی (کۆچیتۆس)ە و لەبەر ساردیی بەستوویەتی.

١٢. Danoia: ڕووباری دانووب.

١٣. تانای Tanai لە ئیتالیا بە ڕووباری (دۆن)ی ڕووسیا دەگوترا، واتە بەستەڵەکی کۆچیتۆس لە ئاوی دانووبی نەمسا و دۆنی ڕووسیا ساردترە.

١٤. ژێر ئاسمانی بەستەڵەک: مەبەست ناوچە ساردەکانی باکوورە کە ڕووباری دۆنی پێدا دەڕوا.

١٥. تامبێرنیک Tambernic: کێوێکی نەناسراوە تا ئێستا شوێنەکەی بە وردی دیاری نەکراوە. هەندێ دەڵێن ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی (سلاڤۆنیا) بێ و ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو چیایە هەر نەبێ.

١٦. پییێتراپانا Pietrapana: ترۆپکی زنجیرەچیایەکە لە باکووری ڕۆژاوای توسکانا، دەکەوێتە نێوان ڕووباری چیرکیۆ و دەریای سپیی ناوەڕاست.

١٧. واتە لە وەرزی هاوین کە ژنەجوتیار خەون بە مەلۆکردنەوە دەبینێ.

١٨. ئەو شوێنەی جێی شەرمە: هەندێ بە عەورەت لێکیانداوەتەوە و هەندێ بە دەموچاو، چونکە دەموچاو لە کاتی شەرم و شوورەییدا سوور هەڵدەگەڕێ.

١٩. ئەو دوو برایەی دانتی لەسەر زمانی ئەم دۆزەخییە ئاماژەیان بۆ دەکا، دوو کەسن لە خانەدانەکانی ناوچەی مانگۆنا Mangona: یەکێ ناوی ئالیسساندرۆ Alessandro و ئەوی تر ناوی ناپۆلیۆنی Napoleoneیە. ئەمانە کوڕی کۆنت ئەلبێرتۆ دی مانۆنیا Alberto di Manongnaن، ئەم دوو برایە هەریەکە سەر بە پارتێک بوو: ئالیسساندرۆ گەلف و ناپۆلیۆنی گیبیللینی بوو. ئەمانە نەک هەر لە سیاسەت و بیروڕای سیاسی، بەڵکو لە هەموو لایەکەوە دوژمنی سەرسەختی یەکتر بوون. ئەم دوو برایە دوای ساڵی ١٢٨٢ لەسەر موڵکەکانی دۆڵی ڕووباری (بیزێنتزۆ) یەکتریان کوشت.

٢٠. بیزێنتزۆ Bisentzo: ڕووبارێکە لە ناوچەی توسکانا لە ئیتالیا. بە تەک شارۆچکەی (پراتۆ)دا تێدەپەڕی و لە نزیک فلۆرەنسا لە ڕووباری (ئارنۆ) دەکاتەوە.

٢١. قابیلستان Caina: ناوێکە دانتی بۆ یەکێ لە چوار بەشی ئەڵقەی نۆیەمی دۆزەخی داناوە. وشەکە لە وشەی (قابیل)ەوە هاتووە. قابیلی کوڕی بابادەم کە هابیلی برای خۆی کوشت. جێی لەم بەشەی دۆزەخدایە. قابیل یەکەم کەس بوو تاوانی براکوژیی کرد. ئەم ناوە لە تەوراتدا بە (قاین) و لە قورئاندا بە (قابیل) هاتووە (وقتل قابیل هابیل).

٢٢. ئارتۆر Arto (ئارتەر پاشا): پاشای ئینگلتەرە بوو. کوڕەکەی، یان هەندێ دەڵێن برازاکەی (مۆردریکۆ) ویستی بە ناپاکی بیکوژێ بۆ ئەوەی خۆی ببێ بە پاشا، بەڵام ئارتەر ڕمێکی لێ دا و کوشتی.

٢٣. فۆکاچیۆ Focaccio: یەکێ بوو لە پیاوە دیارەکانی بنەماڵەی دی کانچیلیری بیاتکی دی پیستۆیا، زۆر تاوانی کرد. یەکێ لەو تاوانانە ئەوە بوو بە

نامەردیی پسمامی خۆی کوشت. ئەم کوشتنە بوو بە هۆی دابەشبوونی پارتی گەلف بۆ دوو دەستەی ڕەش و سپی کە لەم کتێبەدا زۆرجار ئاماژەی پێ کراوە.

٢٤. ساسسۆل ماسکیرۆنی Sassol Mascheroni: یەکێ بوو لە پیاوە ناودارەکانی بنەماڵەی (توسکی)ی فلۆرەنسایی. بە ناپاکی پسمامی خۆی کوشت، بۆ ئەوەی خۆی ببێ بە میراتگری. خەڵک تێگەیی، بۆیە ئەم دۆزەخییە بە دانتی دەڵێ:

ئەگەر تۆ توسکانی بی، باش دەیناسی.

٢٥. کامزیچیۆنی دی پاتسی Camisicione de Pazzi: یەکێ بوو لە بنەماڵەی (پاتسی)ی ناوچەی (ڤالدارنۆ). لەگەڵ خزمێکی خۆی (کوبرتینۆ) ناخۆشییان کەوتە بەین و بە ناپاکی ئەو خزمەی خۆی کوشت.

٢٦. کارلینۆ دی پاتسی Carlino dei Pazzi: یەکێ بوو لە بنەماڵەی (پاتسی) بە خاینی نیشتمانیان دانا، چونکە کە ئەرکی بەرگریکردنی قەلای (ڤالدارنۆ)یان پێ سپارد، خیانەتی کرد، پارەی لە دوژمن وەرگرت و قەلاکەی تەسلیم کردن. ئەو ڕۆحەی قسە دەکا خزمی ئەم پیاوەیە.

٢٧. ئاماژەیە بۆ جغزی ناوەندی گۆی زەوی کە چەقی قورسایی هەموو دونیایە و لە دۆزەخی دانتیدا خاڵی هەرە ئاخیر و بنەوە و کۆتایی دۆزەخە.

٢٨. ئەمە ڕۆحی بۆککا دیلی ئاباتییە.

٢٩. مۆنتاپێرتی Montaperti: بیابانێکە لە نزیک سیێنا، لە ئیتالیا. لە ڕۆژی سێی ئەیلوولی ١٢٦٠دا شەڕێکی سەخت و خوێناوی لەو بیابانەدا لە نێوان گەلفەکان و گیبیللینییەکاندا، ڕووی دا. گیبیللینییەکان بەسەر گەلفەکانی فلۆرەنسادا سەرکەوتن. شەڕەکەش هەر بە مۆنتاپێرتی ناسراوە.

٣٠. ئانتینۆرا Antinora: بەشی دووەمە لە ئەڵقەی نۆیەمی دۆزەخی دانتی. ئەم بەشەی دۆزەخ تایبەتە بەوانەی خیانەتیان لەگەڵ نیشتمانی خۆیان کردووە. ئەم بەشە بە ناوی (ئانتینۆس)ی شازادەی تەڕوادەیی کراوە کە برای پریام پاشابوو و بە دانایی و زمانپاراوی بەناوبانگ بوو. ئەمە پێشنیاری کرد هێلانە ڕادەستی یۆنانیان بکرێتەوە بۆ ئەوەی چیدی خوێن نەڕژێ. (پالادیۆم)ی پەیکەری ناوداری تەسلیم بۆنانیان کرد، چونکە بڕوا وا بوو تا ئەو پەیکەرە لەوێ بێ، تەڕوادە داگیرناکرێ، هەر ئەوەیش بوو دەروازەی تەڕوادەی بۆ ئەسپەدارینەکە کردەوە.

٣١. ئەم ڕستەیە زۆر مانا هەڵدەگرێ. هەریەکە لە تۆژەرەوان بە جۆرێ ماناکەی ڕاڤە کردووە. ئەوەی هەرە باوەکەیان ئەمەیە:

ئەگەر من زیندووبام، بۆ تۆ بەس بووم، واتە ئەگەر من زیندوو بام، تۆ نەتدەتوانی شتی وا بکەیت و من دەمزانی چیت لێ دەکەم.

٣٢. لەم ئەڵقە و بەشەی دۆزەخدا، بە پێچەوانەی بەش و ئەڵقەکانی تری دۆزەخ، دۆزەخییەکان حەز ناکەن لەسەر ڕووی دونیا یادیان بکرێتەوە، بەوان بێ، هەر بە تەواوی لەبیر بکرێن.

٣٣. ئەم دیمەنە هەر لە کۆنەوە لای دانتیناسان مەسەلەیەکی ئاڵۆزی کۆمیدیا بووە. سەرەڕای لێکۆڵینەوەی زۆر فراوان، هێشتا یەکلا نەبووەتەوە، ئەویش مەسەلەی ڕۆح و جەستەیە لە دۆزەخدا. ئایا ڕۆحەکانی ناو دۆزەخ خەسیەتی جەستەییان هەیە، یان نا؟

دانتی زۆر جار باس دەکا ئەو ڕۆحانە وەکو تارمایین و سەنگیان نییە. کەچی لێرەدا زۆر بە ئاشکرا دەڵێ دانتی قژی سەری دۆزەخییەکەی ڕاکێشا و بەمەوە بەشداریی ئەشکەنجەدانی دۆزەخییانی کرد. دۆزەخییەکە بەدەم ئازاری ڕاکێشانی قژەکەی هاوار دەکا و دانتی ئەم هاوارە بە لوورەی سەگ دەچوێنێ.

٣٤. بۆککا دیلی ئاباتتی Bocca degli Abatti: یەکێ بوو لە گەلفە گەورە و دیارەکان. لە جەنگی مۆنتاپێرتی دەستی (یاکۆپۆ دی پاتسی)ی ئاڵاهەڵگری سوپای فلۆرەنسای بڕی. ئاڵاکە بەربووەوە و سوارەکانی فلۆرەنسا بێ ڕێبەر و سەرپەرشت مانەوە، شپرزە بوون و شکان. کە گەلفەکان، ساڵی ١٢٦٦ گەڕانەوە فلۆرەنسا، لە شار دووریانخستەوە.

٣٥. مەبەست: بوۆزۆ دا دوڤیرایە.

٣٦. بوۆزۆ دا دۆڤیرا Buoso da dovera: یەکێ بوو لە گیبیللینییە ناودارەکان. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئوبێرتو پالاڤیچینۆ فەرمانڕەوایی (کریمۆنا Cremona)ی کرد. ساڵی ١٢٦٧ لەوێ دەرکرا و جارێکی تر چاوی بەوێ نەکەوتەوە. خیانەتی لەگەڵ پارتی گیبیللینی کرد. پارەی لە (مانفرید) وەرگرت بۆ ئەوەی سەربازەکانی لە لۆمبارد بۆ بەرەوڕووبوونەوەی سوپای شارل دانژوو ڕێک بخا، پارەکەی خوارد و هیچی بۆ نەکرد. دوای ئەمە پارەی لە فرەنسییەکان وەرگرت و ڕێی دان بەبێ بەرگری بڕۆن.

٣٧. تیزاورۆ دی بێککێریا Tesauro dei Beccheria: قەشەی ناوچەی (دالامبرۆزۆ) بوو، نوێنەری پاپا ئەسکەندەری چوارەم بوو لە فلۆرەنسا (هەرێمی توسکان). دوای دوورخرانەوەی گرەگرەکانی گیبیللینییەکان، خیانەتی لەگەڵ گەلفەکان کرد. بە نهێنی دەستی لەگەڵ دوژمنەکانی ئەوان تێکەڵ کرد، ئیتر فلۆرەنساییەکان ئەشکەنجەیەکی سەختیان دا و تەکفیریان کرد و لە سەریان دا.

٣٨. جیاننی دی سۆلدانیێری Gianni de soldanieri: یەکێ بوو لە سەرکردە گەورەکانی گیبیللینییەکانی فلۆرەنسا. خیانەتی لەگەڵ پارتەکەی کرد، بوو بە گەلف و ساڵی ١٢٥٨ لە شار دوورخرایەوە.

٣٩. گانیللۆنی Ganellone: یەکێ بوو لە سوارەکانی سەر مێزی خڕ. لە شەڕی (ڕۆنسڤا) خیانەتی لە شارلەمان کرد. لە بنەوە یارمەتیی عەرەبەکانی دا، (ئۆرلاندۆ) کە سەرکردەی هێزی دواوەی سوپای شارلەمان بوو، کەوتە بەر پەلاماری هێزی موسڵمانەکانی ئەندەلوس. ئەم هێزەی گاوران شکان و زۆریان لێ کوژرا.

٤٠. تیبالدێللۆ تزامبرازی Tebaldello zambrasi: پیاوێکی ناسراوی شاری (فاینتزا Faenza)بوو. یەکێ لە گیبیللینییەکان بە ناوی (لامبرتاتسی)، کە بنەماڵەکەیان ساڵی ١٢٧٤ لە شاری بۆلۆنیاوە هاتبوونە ئەم شارە، ڕۆژێ گاڵتەیەکی لەگەڵ کرد. ئەو، ئەم گاڵتەیەی بە سووکایەتی زانی و بۆ سڕینەوەی ئەم شوورەییە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (١٣)ی تشرینی دووەمی ١٢٨٠دا دەروازەکانی شاری بۆ گەلفەکان کردەوە کە ماوەیەک بوو شاریان ئابڵووقە دابوو. بەم جۆرە شاری خۆی ڕادەستی دوژمنان کرد. ئەم کردەوەیە دەنگێکی گەورەی دایەوە لە ئیتالیا.

٤١. واتە: سەری کۆنت ئۆگۆلینۆ دیلا جیراردسکا.

٤٢. واتە: سەری ئوسکوف ڕۆدجێری دیلی ئوبالدینی.

یەکەمیان سەری وەکو کڵاو کەوتبووە سەر سەری دووەمیان.

٤٣. واتە: ئۆگولینۆی تینووی تۆڵە بە ددان قەپی لە پاتێلی ئوسکوف ڕودجیری گرتبوو.

٤٤. (ستاسیۆس)ی شاعیری ڕۆمانیی سەدەی یەکەمی مەسیحی دەگێڕێتەوە، دەڵێ: کە حەفت پاشا شاری (تیبی)یان ئابڵووقەدا. تیدیۆ (تیدمۆس)ی پاشای تیپە بە دەستی کابرایەک بریندار بوو بە ناوی مینالیپۆ (مینالیپۆس). تیدیۆ لە سەرەمەرگدا بوو، داوای لە (کاپانیو) کرد سەری مینالیپۆی بۆ بێنێ. بەر لەوەی بمرێ، سەرەکەیان بۆ هێنا، ئەویش لەداخان و لەڕقان قەپێکی لە سەرەکە دا و هەندێکی لێ خوارد.

٤٥. لێرەدا یەکێ لە دیمەنە هەرە ناوەدارەکانی کۆمیدیا دەست پێدەکا. ئەمە لەگەڵ داستانی فرانچیسکا دا ڕیمینی، بەرزترین و بە سۆز و خرۆشترین ڕووداو و دیمەنی ناو کۆمیدیان.

لە کۆمیدیادا تەنیا لێرە دوو سروود بۆیەک داستان تەرخانکراون، واتە بەشی یەکەمی داستانەکە لە سروودێکە و تەواوکەرەکەی لە سروودی دوای ئەوەوەیە.

زۆربەی هەرە زۆری دانتیناسان ئەم دیمەنە لە ڕووی ڕەگەز و دارشتنی داستان و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرەوە، بە شاکارێکی ئەدەبیی ڕۆژاوایی دەزانن.

***

# سروودی سیوسێیەم[1]

## ئەڵقەی نۆیەم: خاینەکان

## ناوچەی دووەم (پاشماوە)

## خاینانی نیشتمان

## ناوچەی سێیەم: میوانکوژان

ئوگیلینۆ کە زانیی دانتی ناحەزەکەی لە دونیادا ڕسوا دەکا، دەمی لەسەر سەری هەڵگرت و باسی خۆی و کابرای بۆ دانتی کرد. هۆی کارەکەی بۆ ڕوون کردەوە. گوتی بە غەدر بووم بە دیلی دوژمن. من و منداڵەکانی منیان لەناو بورجی برسێتی نا لە بیزا. تەنیا بە تریفەی مانگ دەمزانی چ وەختە. شەوێ نووستم و خەونێکی ناخۆشم بینی. کە بەخەبەر هاتم گوێم لێ بوو منداڵەکانم لە برسان دەگریان و داوای نانیان دەکرد. لە خوارەوە گوێم لە قەپات کردنی دەروازەی بورجەکە بوو. بە بێدەنگی تەماشای منداڵەکانم کرد. ڕۆژی پاشی کە منداڵەکانم بینی، شێتانە قەپم لە هەردوو دەستی خۆم دا. منداڵەکان وایانزانی لە برسان وا دەکەم، داوایان کرد گۆشتی ئەوان بخۆم. ڕۆژی چوارەم گادۆی کوڕم داوای یارمەتیی لێکردم و بەربووەوە مرد. دوای ئەو منداڵەکانی تریش یەک یەک لە بەردەمم مردن. بەمەوە لە کۆتی ترسناکی باوکایەتی ڕزگار بووم. کوێر بووم و بەسەر منداڵەکانمدا بەربوومەوە. دوو ڕۆژی ڕەبەق هەر بانگم کردن. تا برسێتی پرزەی لێ بریم.

دانتی دیتی ئوگیلینۆ کەوتەوە قەپلێدانی سەری ڕۆدجیری ناپاک. تووڕەبوو و نەفرەتی لە پیزا و گەلی پیزا کرد. هیوای خواست لە ڕووباری ئارنۆدا نقووم بێ. شاعیرەکان بەسەر بەفردا بە ناوچەی بتلیموسدا ڕۆیشتن. خاینی برادەران و میوانکوژەکانی تێدا ئەشکەنجە دەدرا. لەبەر ئەوەی فرمێسکیان لە چاو بەستبووی، نەیاندەتوانی بگرین.

دانتی، ئەلبریجۆ دی مانفریدی و برانکا دوریای جەنەوایی لەناو جەفاکێشەکاندا دی.



گوناهکارەکە زاری لە خواردنی سەرەکە هەڵگرت و
دەمی بە قژی سەرەکە سڕییەوە
کە لە دواوە قەپی لێ دەدا.   (۳)
ئینجا هەڵیدایێ: (دەتەوێ دیسان باسی ئەو ئازارە سەختە بکەم کە هەرگیز
لە مێشکم دەرناچێ.
کە بمەوێ باسی بکەم، دڵم دەگوشرێ و تێک هەڵدەچێ،   (٦)
بەڵام ئەگەر باسەکەم تووێ بێ و
بەری شوورەیی ئەو خاینەی لێ بڕوێ کە ئەوەتا قەپی لێ دەدەم،
هەم دەدوێم و هەم دەگریم!   (٩)
نازانم تۆ کێی و بە چ ڕێگەیەکدا هاتوویتە ئێرە،
بەڵام کە گوێم لێت دەبێ،
دەبینم تۆ بەڕاستی (فلۆرەنسایی)![2]   (۱۲)
بزانە: من کۆنت (ئوگۆلینۆ)م[3]
ئەمەش ئوسکوف (ڕوجییێری)یە![4]
گوێ بگرە بۆچی من ئاوها دراوسێی ئەمەم![5]   (۱٥)
من متمانەی خۆم پێدابوو،
بەڵام لە سۆنگەی نیاز و بەدکاریی ئەوەوە،
دەستگیرکرام و کوژرام.
پێویست بە گوتن ناکا،   (۱۸)
بەڵام ئەوەی تۆ نایزانیت ئەوەیە:
ئاخۆ مردنی من چەند سەخت و بەزەحمەت بوو:
بۆت باس دەکەم و دەزانی چەندە ئازارم دی.[6]   (۲۱)
دیلکرام و خستمیانە بورجێکەوە
بەوای منەوە ناویان ناو (بورجی برسێتی)[7]
دوای منیش لەسەر خەڵکی تر دادەخرا[8]   (۲٤)
لە درزێکەوە چەند هەیڤێکم بینی[9]
خەونێکی ناخۆشم دی،
پەردەی ئایندەی بۆ دڕیم.   (۲۷)

ئەو پیاوەم[١٠] بە مامۆستا و سەروەر دی
گورگ و تیژکەکانی[١١] لەسەر ئەو چیایە١٢ ڕاودەکرد
کە (لوککا) لە بەرچاوی (پیزان) دەشارێتەوە!
(گوالاندی)[١٢] و (سسیمۆندی)[١٤] و (لانفرانکی)یەکانی[١٥]
لەگەڵ تاژیی بە بەز و لەڕ و دەمگەرم[١٦]
بە پێش خۆی دابوو.
ڕاوەکە زۆری نەخایاند،
باوک و کوڕەکانی شلوشەکەت بوون،
کەڵبەی تیژ لاتەنیشتەکانی هەڵدەپچڕین!
بەیانی کە بە ئاگا هاتم، گوێم لێ بوو
کوڕەکانم، کە لەگەڵ ما بوون، لە خەودا
دەگریان و داوای نانیان دەکرد.
تۆ ئەگەر بزانی چ ئازارێکم لە دڵدا بوو،
ئەگەر ئەزیەت نەخۆی، دڵڕەقی وەکو خۆت نییە!
ئەگەر بۆ شتی وا نەگری، ئەی بۆچی دەگری؟
هەموو بە خەبەر هاتبووین،
دەوری ئەو کاتە بوو کە خواردنیان بۆ دەهێنایین!
هەموومان، بە هۆی ئەو خەونەوە، نیگەران بووین؟
گوێم لێ بوو لە خوارەوەی بورجە ترسناکەکە
بزماریان لە دەرگا دەکوتا.
بەبێ قسە، چاوم بڕییە ناو چاوی منداڵەکانم!
گریانم نەدەهات. ئاخر بووبووم بە بەرد!
منداڵەکان دەگریان. (ئانسێلموچیۆ)ی[١٧] چکۆڵەم گوتی:
(باوکە، ئەوە چیتە؟ بۆ وا تەماشامان دەکەی؟)
نەگریام و وەڵامیشم نەدایەوە
بە درێژایی ئەو ڕۆژە و شەوی دواتر،
تا دووبارە ڕۆژ بەسەر دونیادا هەڵات.
تیرێژێکی کز لەو زیندانە غەموونەیدا و

لەسەر دەموچاوی هەرچواریانەوە
وێنەی خۆمم لێ دەرکەوت. (٥٧)
لەداخان قەپم لە هەردوو دەستی خۆم دا
وایان زانی لە برسان وا دەکەم،
یەکسەر هەستان گوتیان: (٦٠)
(باوکە، کە ئەوەندە برسیتە، ئێمە بخۆ
خەم و ئازارمان زۆر کەم دەبێتەوە.
ئەم گۆشتە لەڕە، تۆ پێت داوین، لێمان وەرگرەوە.) (٦٣)
هێوربوومەوە بۆ ئەوەی ئازاریان زیاد نەکەم،
ماوەیەکی دوو ڕۆژ بێدەنگ بووین.
ئەی زەویی دڵڕەق، چۆن شەقت نەبرد؟ (٦٦)
کە گەیشتینە ڕۆژی چوارەم،
(گاددۆ)[١٨] خۆی فڕێدایە بەر پێم و گوتی:
(باوکە، بۆ نایەیتە هانام؟ (٦٩)
چۆن من لە بەرچاوی تۆم، ئاوها لە بەرچاوم مرد.
ڕۆژی پێنجەم و شەشەمیش ئاوا،
سێکەی[١٩] تر، یەک لەدوای یەک بەربوونەوە و مردن. (٧٢)
کوێربووم،[٢٠] یەک یەک چوومە سەریان،
دوو ڕۆژ بە مردوویی، بانگمکردن!
ئەوسا ئەوەی خەم و دەرد نەیکردبوو، برسێتی پێی کردم.[٢١] (٧٥)
بە دوو چاوی ئاگرین ئەم قسانەی کرد و
ددانی لە جومجومە بەدبەختەکە بردە خوارێ و
وەکو سەگ قەپی لە ئێسکەکان دا و کرۆژتی (٧٨)
ئای، (پیزا)! مایەی شوورەیی هەموو خەڵکی
ئەم وڵاتە جوانە (Si) بێژە![٢٢]
مادام دراوسێکانت[٢٣] سستن لە سزادانت، (٨١)
با (کاپرایا)[٢٤] و (گۆرگۆنا)[٢٥] بجووڵێن،
لە لای ڕێژنەوە بەری ئاوی (ئارنۆ)[٢٦] بگرن،

تا هەموو خەڵکەکەی تێدا دابخنکێ!   (٨٤)
چونکە ئەگەرچی کۆنت (ئوگۆلینۆ)[٢٧]
بە خیانەتی قەڵاکان ناوت ڕۆیشتووە،
تۆ نەدەبوایە ڕۆڵەکانی ئاوها ئەشکەنجە بدەی!   (٨٧)
ئەی (تیبی)ی نوێ،[٢٨] (ئوگیچیۆنێ)[٢٩] و (بریگاتا) و
دووەکەی دی کە ناویان لە سروودی مندا هاتووە و
لەبەر تەمەن بچووکی تەبرییە بوون.)   (٩٠)
لەوە زیاتر ڕۆیشتین، خەڵکانی تر
بە سەختی کەوتبوونە ناو زوقم و شەختە
نەک هەر سەریان دانەواندبوو، تەواو لنگەوقووچ بوون![٣٠]   (٩٣)
فرمێسک بەری گریانی دەگرت.
ئەو دەرد و ئازارەی ڕێی دەرچوونی نەبوو
لە چاویانەوە دادەچۆڕایەوە ناوەوە و زیاتر ئازاری دەدان!   (٩٦)
یەکەم فرمێسک بارستاییەکی چڕ پێکدێنێ،
وەک بەربەستێکی بلوور
لەژێر برۆوە، قەپێلکی چاو پڕ دەکاتەوە!   (٩٩)
من لەبەر سەرماوسۆڵە،
هیچ هەستم بە دەموچاوی خۆم نەدەکرد،
وەک یەکی پێستەی پێی کەمڕەی گولی گرتبێ،   (١٠٢)
هەستم بە کزەبایەک کرد!
گوتم: (مامۆستا، ئەم بایە لەکوێوە دێ؟
بۆ ئەو تەمەی ئەم خوارە، نارەوێتەوە؟)   (١٠٥)
پێی گوتم: (هەر بزانە گەیشتیتە ئەو جێیەی
چاوی خۆت وەڵامت دەداتەوە و
شوێنی هەڵکردنی ئەم (با)یە دەزانی.)   (١٠٨)
یەکێ لە جەفاکێشەکانی ناو ئەم توێژە ساردە
هانای وەبەر من هێنا: (ئەی ڕۆحی بێبەزەیینە!
کە تا دواشوێن هاتوون، (١١١)

ئەم پەردە ئەستوورانە لەسەر ڕووم لادەن،
بۆ ئەوەی تا فرمێسکم دووبارە نەیبەستووە،
کەمێ دەردی دڵم بە با کەم. دڵم کەیلی دەردە!
وەڵامم دایەوە: (ئەگەر دەتەوێ دەردت سووک بکەم،
پێم بڵێ: تۆ کێی؟ ئەگەر ڕزگارم نەکردی،
یاخوا بکەومە بن ئەم دۆڵە بەستەڵەکە!)
وەڵامی دایەوە: (من قەشە (ئالبیریگۆ)م،[٣١]
من خاوەنی میوەی باخی خراپەم
لێرە هەنجیر بە خورما دەدەم.[٣٢]
پێم گوت: (سەیرە! ئەوە تۆ مردووی؟[٣٣])
پێی گوتم: (لەسەر دونیا جەستەم چیی بەسەر هاتووە؟
هیچ ئاگام لێ نییە!
(تۆلۆمییا)[٣٤] ئەم خەسیەتەی هەیە،
زۆر ڕۆحی بەردەبێتەوە ناو
بەر لەوەی (ئاترووپۆس)[٣٥] بەڕێی بخا!
بۆ ئەوەی پەرۆشتر بی
فرمێسکی بەستوو لەسەر ڕووم لابەری،
بزانە: ئەو ڕۆحەی خیانەت دەکا
وەکو من، شەیتان جەستەی لە بەردا دەڕنێ و
لەوە بە دواوە خۆی حوکمی بەسەردا دەکا.[٣٦]
تا هەموو ماوەی ڕۆژگاری بەسەر دەچێ!
ئەوحەڵە بەردەبێتەوە ناو ئەم دۆڵە.
ڕەنگە جەستەی ئەم ڕۆحە، کە لێرە ڕەق هەڵاتووە،
ئێستایش لە دونیا لە بەرچاوی خەڵک بێ!
تۆ ئەگەر تازە هاتبیت، دەبێ بیناسیت!
ئەمە (برانکا دۆریا)یە[٣٧] و
ئەوە چەندین ساڵە لێرەیە![٣٨])
پێم گوت: (وا بزانم تۆ دەمخاپێنی!

(برانکا دۆریا) هێشتا نەمردووە!
دەخوا و دەخواتەوە و دەخەوێ و کنج لەبەر دەکا! (١٤٢)
گوتی: ((میکیل تسانکی) هێشتا نەگەیشتبووە
خەندەکی (مالیبرانکی)ی سەرەوە،
کە قیری خەستی تێدا دەجۆشێ، (١٤٤)
کاتێ (برانکا) شەیتانێکی خستە
ناو جەستەی خۆی و یەکێ لە خزمەکانی
کە فێڵ و خیانەتی کردبوو! (١٤٧)
دە ئێستا دەستت درێژ بکە و
چاوەکانم بکەرەوە!)
چاوم نەکردەوە. توندیی من لەگەڵ ئەو، ناسکی بوو! (١٥٠)
ئەی (جەنەوا)[٣٩]یینە، ئێوە کە بێگانەن
بە هەموو چاکەیەک و هەموو گیانتان خراپەیە!
چۆنە لە دونیادا نەبڕاونەتەوە؟! (١٥٣)
یەکێکم لە ئێوە بینی کە خراپترین ڕۆحی ڕۆمانیایە
لە سۆنگەی کردەوە خراپەکانی
ڕۆحی لەناو (کۆچیتۆ)دا نقووم بووە. (١٥٦)
جەستەیشی لەسەر دونیا هێشتا زیندووە. (١٥٧)

## پەراوێزەکانی سرروودی سیوسێیەم

١. ئەم سرروودە، سرروودی خیانەتی نیشتمان و برادەرانە. پێیشی دەڵێن سرروودی ئوگۆلینۆ.

٢. ئوگۆلینۆ زانیی دانتی فلۆرەنسایە، ئەویش بە شێوەزاری قسەکردنییەوە.

٣. ئوگۆلینۆ دێلا گیراردێسکا Ugolino della Gherardesca: یەکێ بوو لە خانەدانەکانی (پیزا). لە بنەماڵەیەکی (لومباردی) بوو، بنەماڵەکەیان هەندێ قەڵای پێدەشتی پیزایان بەدەستەوە بوو. چەند منداڵێکی هەبوو، هەندێ مولکی سەردینیای کەوتە بەردەست. یەکێ لە کوڕەکانی کچێکی هێنا، نەوەی فریدریکی دووەم بوو، بەمەوە ئوگۆلینۆ پشتی قایم بوو.

ئوگۆلینۆ یەکێ بوو لە سەرکردەکانی گیبیللینییەکان، کەوتە ناو سیاسەت و دەسەڵاتێکی زۆری لە پیزا پەیداکرد. وای بە بەرژەوەند زانی ببێ بە گەلف و هەوڵی دا هەموو پیزا لە سیاسەتی گیبیللینییەوە بۆ سیاسەتی گەلفی ببا.

گیبیللینییەکان هەستیان بەم مەترسییە کرد و لێی ڕاپەڕین. بوو بە شەڕ. لەو شەڕەدا، فلۆرەنسا و شارە گەلفەکانی تری توسکانا پشتی ئوگۆلینۆیان گرت لە دژی گیبیللینیەکان. بەم جۆرە توانیی گیبیللینییەکان سەرکوت بکاتەوە و دەسەڵاتی خۆی لە پیزا بچەسپێنێ. کەشتیگەلێکی پێکهێنا و چووە سەر جەنەوا، بەڵام پیزا لە شەڕێکدا بە ناوی میلۆریا (١٢٨٤) شکا و ئەم شکانە وای کرد فلۆرەنسا و جەنەوا و لوکا لەسەر حیسابی پیزا بگەنە یەک. ئوگۆلینۆ هەوڵی دا پیزا لەو تەنگژەیە ڕزگار بکا، دەستی بە دووبەرەکینانەوە کرد لەناو دوژمنەکانی کە تا دوێنێ دۆستی خۆی بوون، لە هەمان کاتیشدا تێکۆشا بۆ ئەوەی چییان دەوێ ڕازییان بکا. هەندێ قەڵای پێ دان و ڕازی بوو بە یەکجاری ببێ بە گەلف. بەم جۆرە مەترسیی لەسەر پیزا لابرد.

خۆی سەرکردەی یەکێ لە دوو تاقمە گەلفەکەی ئەو شارە بوو، (نینۆ ڤیسکۆلیم)ی برازایشی سەرکردەی تاقمەکەی تر بوو. ئەم مام و برازایە بەینیان خۆش نەبوو. ئوگۆلینۆ بۆ ئەوەی برازای لابدا و خۆی بە تەنیا سەرکردایەتیی هەموو گەلفەکان بکا، لەگەڵ (ڕوجیێرۆ دیلی ئوبالدینی)ی، کە سەرکردەی گیبیللینییەکانی ناحەزی خۆی و ئوسکوفی شاری پیزا بوو، ڕێککەوت و بە یارمەتیی ئەوەوە (نینۆ)ی برازای خۆی لە پایەکەی لادا و خۆی بە تەنیا سەرکردایەتیی هەموو گەلفەکانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٢٨٦ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی دامەزراند. ئوسکوفی ڕوجیێرۆ ئەم دەرفەتەی بە هەل زانی بۆ ئەوەی گەلفەکان تێکبشکێنێ. گیبیللینییەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە. ئوگۆلینۆیان بەوە تاوانبار کرد کە یەکێ لە قەڵا قایمەکانی پیزای بە بەرتیل ڕادەستی هێزەکانی شاری فلۆرەنسا و لوکا کردووە کە دژی شاری پیزا

یەکیان گرتبوو. ئوسکوفی ساڵی ١٢٨٨ خەڵکی شاری لێ ورووژاند. خەڵکەکە ڕژانە ناو کۆشکی دەسەڵات، خۆی و دوو کوڕەکەی و دوو نەوەکەیان گرت. دانتی هەرچواریان بە کوڕی ئوگۆلینۆ دادەنێ. ئەو پێنج کەسە لەناو بورجی گوالاندی Gualandi، لە پیزا زیندان کران.

لە مایسی ١٢٨٩دا، ئوسکوف ڕوجیێرۆ فەرمانی دا دەرگای بورجەکەیان لەسەر گرتن و ئەو پێنج کەسە چەند ڕۆژێ بە برسێتی و تینوێتی مانەوە تا بەسەر یەکدا کەوتن و مردن.

دانتی ئوگۆلینۆی لە بەشی خایینەکانی دۆزەخ داناوە، چونکە سەرکردەی گیبیللینییەکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ گەلفەکان ڕێککەوت و ئامادەبوو پیزایان بداتە دەست. گەلفەکان ماوەیەک پشتیان گرت و پاشان لێی هەڵگەڕانەوە. ئەم هەموو بازبازێن و پەتپەتێنەی لەپێناوی بەرژەوەندی بوو.

٤.ڕوجیێری دیلی ئوبالدینی Ruggieri degli Ubaldini: ئوسکوف بوو، خزمی کاردیناڵ ئوڤاتیانۆ دیلی ئوبالدینی بوو. سەردەمی گەنجێتیی خۆی لە بۆلۆنیا بەسەربرد. گیبیللینییەکان لەدوویان نارد بۆ ئەوەی بچێ ببێ بە ئوسکوفی (ڕاڤێنا)، بەڵام مونافیسێکی پالێوراوی گەلفی بۆ پەیدابوو، ئاخیری هەردووکیان ڕەتکرانەوە. ساڵی ١٢٧٨ بوو بە ئوسکوفی پیزا و پشتی گیبیللینییەکانی گرت، هەرچەندە لەسەرەوە وای پێشان دەدا کە دۆستی هەردوو لایەکیانە، گەلف و گیبیللینی. سەرکردایەتیی گیبیللینییەکانی کرد دژی ئوگۆلینۆ و پاش لادانی ئوگۆلینۆ. ماوەیەکی کەم بوو بە فەرمانڕەوای شاری پیزا. پاپا نیکۆلای چوارەم لەوە تووڕە بوو کە ئوسکوف ڕوجیێری دوژمنداریی گەلفەکانی کرد. ئەگەر مردنی پاپای بەسەردا نەهاتبایە، ڕوجیێری قەت بەبێ سزا لەسەری نەدەچوو. ڕوجیێری، ساڵی ١٢٩٥ لە ڤیتربۆ کۆچی دوایی کرد. ڕوجیێری بۆیە بە لای دانتییەوە خاینە، چونکە لە پیزا، لەگەڵ سەرکردە گیبیللینییەکان ڕێککەوت لە دژی گەلفەکان و ناپاکیی لەگەڵ ئوگۆلینۆ کرد، گرتی و لەگەڵ دوو کوڕەکە و دوو نەوەکەی بەندی کردن و لە برسان کوشتنی.

٥. ئوگۆلینۆ کە زانیی دانتی هاونیشتمانییەکی فلۆرەنسایییە، ناوی خۆی و ناوی ناحەزەکەی خۆی پێ گوت، دانتی حەزی کرد هۆی ئەو تۆڵە دڕندانەی بۆ ڕوون بکاتەوە. ئوگۆلینۆ کە وشەی هاوسێ دەردەبڕێ، وشەکە مانای دۆستایەتی و تەبایی و دڵپاکی ناگەیەنێ، بەڵکو ناپاکی و گاڵتەجاڕیی تێدایە.

٦. کاتێ گیبیللینییەکان لە حوزێرانی ١٢٨٨دا لە پیزا، بەسەر گەلفەکاندا سەرکەوتن، ڕوجیێری و سەرکردەکانی تری گیبیللینییەکان داوایان کرد لەگەڵ

ئوگۆلینۆ کۆببنەوە بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێک. ئەویش متمانەی پێ کردن و چوو بۆ ئەوەی بیانبینێ، سبەینەی رۆژی یەکی تەمموز، دەستیان بە گفتوگۆ کرد و بڕیار بوو گفتوگۆکە دوواینیوەڕۆیش بەردەوام بێ، بەلام گیبیللینییەکان بەڵێنی خۆیان شکاند. ئوگۆلینۆ و کوڕ و نەوەکانیان گرت.

٧. موودا Muda: یانی زیندانی تەنگ، مەبەست بورجی برسێتییە کە ئوگۆلینۆ و کوڕ و نەوەکانی تێدا لەبرسان مردن.

٨. ئوگۆلینۆ بە خۆی و بە دوو کوڕ و دوو نەوەی دەستگیرکران. کوڕەکانی ناویان گاددۆ Gaddo و ئوگوچیۆنی Uguccione بوو و نەوەکانی ناویان نینۆ Nino (کە نازناوی بریگاتا بوو) و ئەنسیلموچیۆ Anselmuccio بوو. لە تەممووزی ١٢٨٨دا گیران و بیست رۆژ زیاتر مانەوە، ئینجا گوازرانەوە بۆ بورجی گوالاندی لە پیزا و لەوێ مانەوە تا لە مایسی ١٢٨٩دا لەبرسان مردن.

٩. واتە چەند مانگێک بەسەردا تێپەڕی. دەڵێن ئوگۆلینۆ لە تەممووزی ١٢٨٨دا گیرا و لە مایسی ١٢٨٩ مرد، واتە دە مانگ لە زیندان مایەوە.

١٠. ئاماژەیە بۆ رۆجییێری ئوسکوف کە ئوگۆلینۆ لە سەرەمەرگدا قەپی لە کەللەی سەری دا. یاسای دۆزەخی دانتی وا دەخوازێ، چونکە ئوسکوف لەسەر رووی دونیا خواردنی لە قوربانیی خۆی قەدەغە کرد، لەو دونیا ببێ بە خۆراکی ئەو قوربانییە. لەدونیا خواردنی لە ئوگۆلینۆ قەدەغەکرد، لێرە ئوگۆلینۆ سەری ئەو دەخوا.

١١. گورگ و تێژکەکانی مەبەست ئوگۆلینۆ و کوڕ و نەوەکانییەتی.

١٢. چیای سان جیولیانۆ San Giuliano دەکەوێتە نێوان پیزا و لوکا.

١٣. گوالاندی Gualandi: بنەماڵەیەکی خانەدان بوون لە شاری پیزا.

١٤. سیسمۆندی Sismondi: بنەماڵەیەکی خانەدان بوون لە پیزا.

١٥. لانفرانکی Lanfranchi: بنەماڵەیەکی خانەدان بوون لە پیزا.

١٦. مەبەست گەلی پیزایە کە بە قسەی ئوسکوف رۆجییێری پەلاماری ئوگۆلینۆیان دا و ئەوە بوو گرتیان و لەناویان برد.

١٧. ئانسێلموچیۆ Anselmuccio: یەکێ بوو لە دوو کوڕەکەی ئوگۆلینۆ، ئەوسا تەمەنی یازدە ساڵی بوو. ئانسێلموچیۆ ناوی بچووک و نازیمۆکی ئانسیلمۆیە.

١٨. گاددۆ Gaddo: کوڕەکەی تری ئوگۆلینۆ بوو. ئەمەیان گەنج بوو، نازناوی کۆنتی وەرگرتبوو، بەلام دانتی هەمووی بە منداڵ داناون تا زیاتر کار لە هەست و سۆزی خوێنەر بکا.

١٩. سێکەی تر: ئوگوچیۆنی و بریگاتا (نینۆ) و ئانسێلموچیۆ بوون.

٢٠. واتە: لەبەر برسێتی و بێهێزی چاوم نەیدەدی.

٢١. ئەم دێڕە دوا دێڕی داستانی ئوگۆلینۆ و کوڕ و نەوەکانییەتی، دێڕێکی زۆر بەناوبانگە. شیعرەکە ئالۆز دیارە و ئەم ئالۆزییە وای کردووە زۆر گفتوگۆی لەسەر بکرێ. ئەم دێڕە شیعرە زۆر مانا هەڵدەگرێ. ئەمەی خوارەوە چوار لێکدانەوەی هەرە باوە:

أ- برسێتی کۆتایی بە ژیانم هێنا، لە کاتێکدا کە خەم و دەرد و شتی وا ئەمەیان پێ نەکرا.

ب- برسێتی بەسەر دەردی دەروونیدا زاڵ بوو و زیانی تەواوی لێدان، هەشت ڕۆژی ڕەبەق، بێ خواردن، لەسەر سەری منداڵەکانم مامەوە.

جـ- دەرد و ئازارێکی زۆر بوو کە لە دوو ڕۆژی ئاخیریدا، بە گازکردن و لاواندنەوەی جەستەی منداڵەکان سوکنایییەک پەیدا بکەم، بەڵام برسێتی زمانی لە گۆ خستم و ئەم دڵدانەوەیەیشی لێ سەندم.

د- برسێتی وای لێکردم گۆشتی منداڵ و نەوەکانم بخۆم.

زۆربەی تۆژینەوەکان ئەم لێکدانەوەی چوارەمیان ڕەتکردووەتەوە، زیاتر بۆچوونی یەکەم بە ڕاست دەزانن، چونکە باشتر لەگەڵ ڕووداوەکانی داستانەکە دەگونجێ.

٢٢. مەبەست ئیتالیایە. لە ئیتالیادا (si)، کە مانەی: ئا، با، بەڵێ، ئەدی، بەدی... دەدات، لە هەموو وشەیەک زیاتر بەکار دێ، بۆیە بە زمانی ئیتالی دەڵێن زمانی (si)، وەکو بە زمانی عەرەبی دەڵێن (لغه الضاد).

٢٣. مەبەستی خەڵکی فلۆرەنسا و لوکایە.

٢٤. کاپرایا Capraia: دوورگەیەک بوو لە باشووری ڕۆژاوای لیڤۆرنۆ. سەر بە پیزا بوو.

٢٥. گۆرگۆنا Gorgona: دوورگەیەک بوو لە باکووری ڕۆژاوای ئیتالیا، سەر بە پیزا بوو.

٢٦. ڕووباری ئارنۆ بەناو شاری پیزادا دەڕوا، ئەوسا لە دەریا دەکاتەوە. ئەگەر ئەو دوو دوورگەیە ئاوڕێژگەکەی بگرن. لافاو هەڵدەستێ و هەموو شاری پیزا بە بن ئاو دەکەوێ.

٢٧. ئوگۆلینۆ ساڵی ١٢٨٤ قەڵا قایمەکانی هەرێمی بیزای بە فلۆرەنساییەکان و لوکاییەکان بەخشی. ئەو کاتە پیزا لەگەڵ جەنەوا (Genoa) لە جەنگدا بوو. ئوگۆلینۆ ویستی بەمە وا بکا فلۆرەنسا و لوکا، کە ئەوسا هاوپەیمانی جەنەوا بوون، خۆیان لە جەنەوا بکێشنەوە و بێلایەن بن، هەر واش بوو، بەڵام دوای سەرکەوتن، ئەم

پێویستییە لە بیران چووەوە و ئوگۆلینۆ تاوانبار کرا بەوەی پارەی لە دوژمنان وەرگرتووە و قەڵاکانی بۆ جێهێشتوون.

٢٨. تیبەی نوێ: تیبە پایتەختی بوتیزیا بوو لە یۆنان. کادمۆس دروستی کرد. زێدی باخۆس بوو. شاری تیبە لە یۆنانی کۆندا مەیدانی تاوان و خیانەت بوو. لێرەدا دانتی مەبەستی شاری پیزایە.

٢٩. ئوگۆچیۆنی Ugoccione و بریگاتی Brigate پێشتر ناویان هاتووە.

٣٠. دانتی توندوتیژی و ڕق و قینی تۆڵەی دڕندانەی لە کەسێتیی ئوگۆلینۆدا بەرجەستە کردووە، لە ئەنجامی ئەو غەدر و ناپاکی و ئەشکەنجە و مردنەی تووشی هاتبوو، هەروەها ئەو کپ و بێدەنگی و بەسەبری و نائومێدی و گریان و شینوشەپۆڕەی بۆ منداڵ و نەوە مردووەکانی پێشان دەدا. هەست و سۆزی گەرم و دڵسۆزیی باوکانەی دەردەخا کە هەر داخ و خەفەت و توانەوەیە بۆ منداڵە بێتاوانەکانی.

ئوگۆلینۆ لە دیار منداڵەکانی، کە هێشتا مابوون، ئاگری هەناسەی سووتاوی خۆی قووتدەدایەوە و ڕقی خۆی دەخواردەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانی زیاتر ئازار نەدا، کە منداڵ و نەوەکانی مردن، ئوگۆلینۆ لە کۆتی باوکایەتی ڕزگاری بوو، بە وڕێنە و دادوفریاد ئازاری بێپایان و دەردی بێدەرمانی خۆی بە جۆرێ دەردەبڕی بە زمان باس ناکرێ. دەربڕینەکەی وشە و قسەی ئاسایی نەبوو، چونکە لەبەر ئەو دەردە گرانە و ئەو جەرگسووتانە هۆشی قسەکردنی نەمابوو. هەر دەگریا و دەیقیژاند و ئاخوئۆخی بوو. ئوگۆلینۆ لەبرسان هەردوو چاوی کوێر بوو، بەسەر جەستەی منداڵەکانیدا بەربووەوە، یەک یەک بە ناو بانگی دەکردن و دەردی دڵی خۆی بۆ دەردەبڕین، تا خۆیشی لەبەر برسێتی پرزەی لێ برا، بەربووەوە و ئەویش مرد. ئەو دەرد و ئازار و ئەشکەنجەیەی دانتی لە کەسێتیی ئوگۆلینۆدا پێشانی دەدا، لە ڕاستیدا دەرد و ئازاری خۆیەتی لە ڕێی ئوگۆلینۆوە دەری دەبڕێ. دانتی کۆمەڵە هەستێکی مرۆڤایەتیی لە کەسێتیی ئوگۆلینۆدا کۆکردووەتەوە کە دەربڕینی بە وشەی ساکار و ئاسایی کارێکی زەحمەتە: ڕقی پیاوێ لەناو گێژەلووکەی سیاسەت و ژان و ئازاردا، خێزانەکەی پەرتەیان پێ کەوتووە، بە ئاگری ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە هەڵدەقرچێ.

٣١. ئالبیریگۆ Alberigo: یەکێ بوو لە پیاوە ناودارەکانی بنەماڵەی (مانفریدی)ی شاری (فاینتا Faenta)، لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەمدا سەرکردەی گەلفەکان بوو. لە دووی مایسی ١٢٨٥دا خزمێکی گەورەی خۆی بە ناوی (مانفریدۆ) و کوڕەکەی کە ناوی ئالبیرگیتۆ بوو، داوەت کرد. لەو داوەتەدا میوەی ژەهراویی دەرخوارددان و کوشتنی. کە بە بەردەستەکانی دەڵێ: ئێستا میوە بێنن،

واتە ئێستا لێیان بدەن و بیانکوژن، ئیتر میوەهێنان و میوەی باوە ئالبیریگۆ بوو بە نیشانەی خیانەت لەگەڵ میوان، بۆیە دانتی بە (خاوەنی میوەی خراپ) ناوی دەبا.

٣٢. ئەم پەندە ئیتالییە: 'Che qui riprendo deltero per figo'

واتە: ئەوەی هەنجیر بە خورما دەدا.

ئەم پەندە ئەمڕۆ گۆڕاوە، بووە بە: Rendere pane per focacclag.

(کولیچە بە نان دەدا.)

دیارە بۆ ئەوە بەکار دێ کە شتێکی باش بە شتێکی خراپتر بدەی.

٣٣. ئاماژەیە بۆ ئەوە کە لە کاتی گەشتەکەی دانتیدا بۆ دۆزەخ، قەشە ئالبێرتۆ هێشتا مابوو، نەمردبوو. هەندێ جار ڕۆحی جەفاکێشەکانی ناو ئەم ئەڵقەیەی دۆزەخ، بەر لە مردنی جەفاکێشەکان لەسەر دونیا، ڕۆحیان دێتە ئێرە.

٣٤. تۆلۆمیا Tolomea: ناوی بەشی سێیەمی ئەڵقەی نۆیەمینە. ئەم ناوە لە ناوی پتۆلیمۆ Ptolemo، واتە بتلیموسی پاشای میسرەوە هاتووە. کاتی خۆی کە پۆمپی (پۆمپیۆس)ی سەرکردەی کونسوڵی ناوداری ڕۆمانی لە بەرامبەر قراڵ شکا، پەنای بۆ میسر برد، بەڵام لەوێ بتلیموس کوشتی، بۆیە ناوی (میوانکوژی گەورە)ی پێ دراوە.

٣٥. ئاترۆپۆس Atropos: یەکێکە لە سێ پەریی دۆزەخ کە لە ئەفسانەی یۆنانیدا پێیان دەگوترێ (پارک). ئاترۆپۆس ئەرکی ئەوە بوو کە یەکێ تەمەنی لەسەر دونیا تەواو دەبوو، ئەو پەتی ژیانی دەپچڕاند کە لە دونیای ژێر زەوی لەناو سندووقێکدایە. ئەمە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە شکانی شووشەی عومر و دارژانی ئەستێرە و بەربوونەوەی گەڵای لە دار و سڕینەوەی ناوی لە تابلۆدا هاتووە.

٣٦. ئەم بیرە لە ئینجیل وەرگیراوە: شەیتان چووە ناو کلێشەی یەهوودای ئەسکریوتی کە یەکێ بوو لە دوازدە یاوەرەکەی عیسا.

٣٧. سێر برانکا دۆریا Ser Branca D'oria: شۆڕەسوارێکی خەڵکی جەنەوا بوو. گیبیللینی بوو. ساڵی ١٢٩٠ میکیلی تسانکی Michele Zancheی خەزووری خۆی داوەتکرد و لە کاتی نانخواردندا بە دەستی پیاوەکانی خۆی بە کوشتنیدا. لەوە بەدواوە بە تەنیا فەرمانڕەوایی لۆگۆدۆرۆ Logodoroی گرتە دەست کە یەکێ بوو لە چوار بەشی گەورەی دوورگەی ساردینیا، برازایەکیشی لەم ڕووداوەدا بەشدار بوو.

٣٨. ئاماژەیە بۆ خەندەکی پێنجەمی ئەڵقەی هەشتەمی دۆزەخ.

٣٩. جەنەوایی: خەڵکی جەنەوا کە شار و بەندەرێکی بەناوبانگی ڕۆژئاوای ئیتالیایە لەسەر کەناری کەنداوی جەنەوا.

***

# سروودی سیوچوارەم[1]

## ئەڵقەی نۆیەمی دۆزەخ
## خیانەتکاران
## ناوچەی چوارەم
## خاینان بە خاوەن نیعمەت
## دەرچوون لە دۆزەخ

دانتی لە دوورەوە شتێکی لە ناو تەمومژ و مۆراندا بینی هەر لە ئاشێکی دەکرد با بیسووڕێنێ. ئەمە ئەڵقەی یەهوودا بوو. ئەو کەسانەی تێدا ئەشکەنجە دەدرا کە خیانەتیان لەگەڵ ئەوانە کردبوو کە چاکەیان لەگەڵ کردبوون. دانتی ترسا و خۆی لە پەنا ڕابەرەکەی نا. جەفاکێشەکانی بە شێوەی جۆراوجۆر بینی. دەتگوت پووشن و لە ناو شووشە دانداراون. ڤیرجیلیۆ ئاماژەی بۆ لوچیفیرۆ کرد و داوای لە دانتی کرد ددان بە خۆیدا بگرێ. دانتی کە لوچیفیرۆی بەو زلّی و کەتەییەوە بینی ئەوەندە ترسا هەر وەختبوو ڕۆحی دەربچێ. لوچیفیرۆ سێ دەموچاوی هەبوو. ئەوەی پێشەوە سوور و ئەوەی لای ڕاستە سپی و ئەوەی لای چەپە ڕەش بوو. لەژێر هەر دەموچاوێکدا دوو باڵی گەورەی وەکو چارۆکەی کەشتی هەبوو. لوچیفیرۆ بە جووڵاندنەوەی باڵەکانی ئاوی کۆچیتۆسی دەمەیاند و دەکرد بە شەختە. بە هەرسێ سەری یەهوودا و بروتس و کاسیاسی دەکرۆشت کە خیانەتیان کردبوو. ڤیرجیلیۆ چووە سەر لەشی لوچیفیرۆ و دەستی بە مووی لەشییەوە گرت و وەکو پلیکانە پێی هەڵگەڕا و دانتیش خۆی بە ملیدا شۆڕکردەوە. شاعیرەکان لە

کونەشاخێک چوونە دەرەوە. دانتی بینی ڤیرجیلیۆ لە باتی ئەوەی بچێتە خوارەوە، سەردەکەوێ، چونکە قاچەکانی لوچیفیرۆی بینیی ڕوویان لە سەرەوە بوو. دانتی پرسیی شەختەکە چیی لێهات و بۆچی لوچیفیرۆ لنگەوقووچ بووەوە و چۆن بە ماوەیەکی کەم خۆر لە ئێوارەوە گەیشتە سبەینە. ڤیرجیلیۆ بۆ دانتیی ڕوونکردەوە کە لە جغزی ناوەڕاستی زەوی تێپەڕیون و لە نیوەگۆی سەرەوەی زەوی گەیشتوونەتە نیوەگۆی خوارەوە، کە کاتێ لوچیفیرۆ لە ئاسمان کەوتە خوارەوە هەمووی کەوتە ژێر ئاو و زۆربەی وشکاتی کەوتە نیوەگۆی سەرەوەی زەوی. پارچەیەکیشی کە چیای بەرزەکە، کەوتە نیوەگۆی خوارەوە.

شاعیرەکان بە ئەشکەوتێکی دووردرێژدا سەرکەوتن و لەوسەرەوە دەرچوون کە ئەستێرە لە ناوجەرگەی ئاسماندا بریق و هۆڕیان بوو.



مامۆستام پێی گوتم: (ئەوەتا
ئاڵاکانی پاشای دۆزەخ بەرەو ڕوومان دێن.[2]
سەیری پێشەوە بکەوە داخۆ دەیانبینی؟
چۆن کاتێ تەمێکی چڕ دەنیشێ
یان نیوە گۆی زەوی ئێمە دەبێ بە شەو
ئاشێک دەبینین بە (با) دەگەڕێ،
ئاوها هەستم کرد بینایەکی گەورە دەبینم
بۆ ئەوەی (با) لێم نەدا،
خۆم لە پشت ڕابەرەکەمم نا، هیچ پەنای ترم نەبوو!
گەیشتمە شوێنێ، دەترسم باسی بکەم.
ڕۆحەکان هەموو داپۆشرابوون،
لە پووشکەی ناو شووشە[3] دەچوون!
هەندێ پاڵکەوتبوون،[4] هەندێ وەستابوون.[5]
هەندێ لەسەر سەر و[6] هەندێ لەسەر قاچ![7]
یەکێکی تر ڕوو بەرەو پێ، چەمابووەوە!
کە تەواو نزیککەوتینەوە،
مامۆستام حەزی کرد ئەو بوونەوەرەم پیشان بدا
کە سیمایەکی زۆر جوانی هەبوو.[8]
خۆی لەبەر دەمم لادا، ڕایگرتم و گوتی:
(ئەمە (دیتێ)یە[9] و ئێرە ئەو شوێنەیە
دەبێ چەکی وێرەکی لە خۆت بدەی.
ئای چەند قەسریم و چۆن هێزم لێ برا![10]
هەر باس مەکە! ئەی خوێنەر،
ناینووسمەوە، چونکە بە هیچ قسەیەک دەرنابڕێ!
من نەمردم و بە زیندوویش نەمامەوە.
ئەگەر یەک دەنکە ئەقڵت هەیە، خۆت مەزەندە بکە
بێ مەرگ و بێ ژیان، چیم بەسەر هات؟
شاهنشای وڵاتی ئازار[11]

تا نیوەی سینگی لەناو شەختە بەدەرەوە بوو،
بەژنی من لەچاو بەژنی لەندەهۆر
وەک بەژنی لەندەهۆر بوو لەچاو بازووەکانی ئەو![١٢]
تەخمین کە، دەبێ هەموو جەستەی چەند گەورە بێ،
تا لەگەڵ ئەم بەشانەدا ڕێک بکەوێ!
ئێستا چەند دزێوە ئەگەر ئەوەندە قۆز بووبێ و
زاتی کردبێ لە ڕووی خالیقی خۆی ڕاستبێتەوە
پێویستە تووشی هەموو بەڵایەک ببێ.
ئای سەرم چەند سوڕما![١٣]
کە دیم سەرەکەی سێ دەموچاوی هەبوو:[١٤]
ئەوەی پێشەوە، سوورێکی قورمزی بوو،
دووەکەی تر، کە بەیەکەوە لکابوون،
هەریەکە لە ناوەڕاستی شانێکەوە پێیەوە نووسابوو.
هەموو لە تەوقی سەرییەوە گەیشتبوونە یەک!
ئەوەی ڕاستە، لە نێوان سپی و زەردا بوو،
ئەوەی چەپە، ڕەنگی لە ڕەنگی ئەو کەسانە دەچوو
لەو شوێنە دەژین کە نیلی[١٥] لێ هەڵدەقوڵێ!
هەر ڕووەو دوو باڵی لە ژێرەوە دەرهاتبوو،
بەقەدەر باڵی باڵندەی زۆر گەورە بوون
من هەرگیز چارۆکەی وا گەورەم لە دەریادا نەدیوە!
باڵەکانی بێ تووک بوون،
وەکو باڵی چەکچەکیلە وا بوون
بە توندی دەجووڵانەوە و سێ (با)یان هەڵدەکرد.
هەموو (کۆچیتۆی)ی دەکرد بە شەختە.
بە شەش چاو دەگریا. فرمێسک و کەفی خوێنینی
بەسەر هەرسێ چەناگەدا دەچۆڕایەوە.
هەر زارێکی، گوناهکارێکی تێدا بوو،
وەک چەرخی کەتان بە ددان دەیکرۆشتن

به یەک جار هەرسێکی ئەشکەنجە دەدان! (٥٧)
بۆ ئەوەی پێشەوە قەپلێگرتن هیچ نەبوو،
لەچاو چرنوکلێدان،
کە هەندێ جار هەموو پێستەی گازەرای پشتی کەوڵ دەکرد! (٦٠)
مامۆستام گوتی: (ئەو ڕۆحەی سەرەوە،
کە لە سەختترین ئەشکەنجەدایە، (جیودا سکاریوتتۆ)یە[16]
سەری لەناو دەمەکەدایە و لاقی لە دەرەوە لنگەفرتێ دەکا. (٦٣)
دووەکەی تر کە سەریان بەرەو ژێرە:
ئەوەی بە لمووزە ڕەشەکەدا شۆڕبووەتەوە (بروتۆ)یە[17]
سەیرکە چۆن پێچدەخوا و ورتەی لێوە نایە! (٦٦)
ئەوەی دی (کاسسیۆ)[18]یە. تۆکمە و پەلەستوورە!
بەڵام ئەوە شەوداهات[19] و ئێستا
دەبێ بڕۆین، چونکە هەموو شتێکمان دیوە!) (٦٩)
چۆنی ویست، بەو جۆرە دەستم لە ملی کرد.
کە کات و شوێنی لەبار دی و
باڵەکان تەواو کرانەوە، (٧٢)
خۆی بە لاتەرۆکە تووکنەکانییەوە نووساند،
چەپک چەپک بەنێو قژی جەعد و پێستەی چرپودا
دابەزییە خوارێ. (٧٥)
کە گەیشتینە ئەو جێیەی،
ڕان لە ئەستوورایی نیک دەجووڵێتەوە،
ڕابەرەکەم، بە شەکەتی[20] و بەدەم ئێش و ئازارەوە، (٧٨)
بە قەلاقوچکەیەک سەری بردە جێی پێیەکانی و
پڕی دایە مووەکانی وەک ئەوەی سەربکەوێ
بە جۆرێ هەستم دەکرد دەگەڕێینەوە دۆژە! (٨١)
ڕابەرەکەم بە هێنکەهێنک، وەک کەسێکی حەپەساو،
گوتی: (توند خۆت بگرە، دەبێ بەم پلیکانەیەدا،
ئەم شوێنە پڕ خراپە و ناخۆشییە جێبێڵین!) (٨٤)

لە کونەشاخێک چووینە دەرەوە،
لەسەر لێوی شاخەکە دانیشتم و
بە هەنگاوی شێنەیی هاتە لامەوە.
چاوم هەڵبڕی وامزانی (لوچیفیرۆ) بەو جۆرە
دەبینم کە جێم هێشت،
بەڵام لنگەوقووچ قاچی لە هەوادا بوو.
ئەوسا حەپەسام، سەرم سوڕما،
ئەو خەڵکە درشتە تێناگەن
نازانن من چ شوێنێکم بڕیوە!
مامۆستام پێی گوتم: (ڕابە، هەستە سەر پێ!
ڕێگە دوورو ناخۆشە
ڕۆژ گەیشتووەتە نیو سێیەک.[21])
ئەو شوێنەی لێی بووین، هۆڵی کۆشک نەبوو،
ئەشکەوتێکی سروشتی بوو،[22]
عەردەکەی ناڕێک و ڕووناکییەکەی کز بوو.
هەستامەوە، گوتم: (مامۆستا،
بەرلەوەی لەم کونە تاریکە دووربکەومەوە،
هەندێ قسەم بۆ بکە و لە هەڵە دوورم بخەوە!
کوا شەختە و بەستەڵەک؟! ئەی ئەمە
چۆن لنگەوقووچ خۆی ڕاگرتووە؟
چۆن وا زوو، خۆر لە ئێوارەوە گەیشتە بەیانی؟)
گوتی: (بۆ؟ وا دەزانی هێشتا
لەولای چەقی زەوییت؟
کە من توند قژی ئەو کرمە پیسەم گرت و پێی هەڵگەڕام!
کە من بەرەو خوارەوە هاتم، تۆ لەولا بووی!
کە بە سەرمەقولانە خۆم هەڵگێڕایەوە،
تۆ لەو جغزە تێپەڕییت کە جەستەی قورس ڕادەکێشێ.
ئێستا تۆ لەو نیوەگۆیەی

بەرامبەر ئەو شوێنەی وشکاتیی گەورە دادەپۆشێ،[٢٣]
لەژێر ئەو ترۆپکەی،[٢٤] ئەو پیاوەی لێ مرد
کە بێگوناه لە دایک بوو و بێگوناه ژیا.[٢٥]
تۆ ئێستا پێت لەسەر پارچەیەکی بچووکی
شاخەکەی تری (جیودێککا)یە[٢٦]
کە لەوێ شەو بێ، لێرە ڕۆژە!
ئەوەی مووی خۆی بۆ کردین بە پلیکانە،
پێشتر چۆن بوو، هەر بەو جۆرە چەقیوە!
کاتێ لە ئاسمان بەربووەوە ئێرە
ئەو عەردەی کاتی خۆی لێرە ڕاکشابوو،[٢٧]
ترسا و خۆی لەژێر دەریادا شاردەوە!
هاتە سەر نیوەگۆی ئێمە،
بۆ ئەوەی لە دەستی ڕابکا، ئەم چۆڵاتییەی جێهێشت،
کە لەسەرەوە دەیبینی دەدرەوشێتەوە!
لەوێ، دوور لە (بێلتزیبوو)،[٢٨] جێیەک هەیە
بەقەد قووڵایی ئەم ئەشکەوتە[٢٩] درێژە،
ناسینەوەی بە بینین نییە، بە خوڕەی
جۆگایەکی بچووکە،[٣٠] لە کونی شاخێکەوە
دادەڕژێ، ڕەوتی ئاوەکە دایدڕیوە،
پێچدەکاتەوە و بە نەرمی لادەدا
من و ڕابەرەکەم ملی ئەم ڕێگە نەپەنییەمان گرت،
بۆ ئەوەی بێینەوە سەر دونیای ڕۆشن و
بێ ئەوەی خەمی پشوودانێک بخۆین،
سەرکەوتین. ئەو لە نواوە و من لە دواوە.
تا لە کونێکی خڕەوە
شتە جوانەکانی ئاسمانم لێ دەرکەوت.
چووینە دەرەوە و ڕوانیمە ئەستێران![٣١]

## پەراوێزەکانی سروودی سیوچوارەم

١. ئەم سرووده، سروودی (لوچیفیرۆ)یە.

٢. یەکەم دێڕی ئەم سرووده بە لاتینی نووسراوە:

.Vexilla Regis Prodeunt in ferni

ئەمە لە بنچینەدا سەرەتای سروودی ئایینی (ڤونانسیۆس فۆرتۆناتۆس)ی ئوسکوفی شاری (پواتیێ)یە، لە سەدەی شەشەمی زایینیدا، ئێستایش لە ڕێوڕەسمی ئایینی ڕۆژی خاجی پیرۆزدا (سێی مایس لە کڵێسەکانی کاتۆلیک) دەخوێنرێتەوە، بەڵام لە سروودەکەدا تەنیا سێ وشەی یەکەم هاتوون:

(ئاڵاکانی پاشا دێن). دانتی وشەی چوارەمی بۆ زیادکردووە (inferni-دۆزەخ)، چونکە لە دوابەشی دوا ئەڵقەی دۆزەخدا، ئاڵای شەیتانەکانی دۆزەخ لە بەرامبەر ئاڵای خاچدا دەشەکێتەوە. مەبەست لەو ئاڵایانە، شەش باڵەکەی (لوچیفیرۆ)ی شەیتانی گەورەیە.

٣. واتە هەموو لەناو شەختەدا نقووم بووبوون.

٤. ئەمانە ئەو کەسانەن کە خیانەتیان لەوانە کردووە کە چاکەیان لەگەڵا کردوون و لە ئاستی خۆیاندا بوون.

٥. ئەمانە ئەو کەسانەن کە خیانەتیان لەوانە کردووە کە چاکەیان لەگەڵ کردوون و لە خۆیان گەورەتر و باڵاتر بوون.

٦. ئەمانە ئەو کەسانەن کە خیانەتیان لەوانە کردووە کە چاکەیان لەگەڵ کردوون و لە خۆیان نزمتر بوون.

٧. ئەمانە ئەو کەسانەن کە خیانەتیان لەوانە کردووە کە چاکەیان لەگەڵ کردوون و لە خۆیان بەرزتر بوون و ئەوانەش کە لە خۆیان نزمتر بوون.

٨. ئاماژەیە بۆ شەیتان کە ئەو کاتەی فریشتەیەکی لە خوا نزیک بوو، ڕەمزی جوانی بوو. شەیتان (لوچیفیرۆ) سەرۆکی فریشتەکان بوو، خوا لە ئاسمان فڕێی دایە خوارێ بۆ بنی دۆزەخ و بوو بە پاشای دۆزەخ و سەرچاوەی هەموو بەدکارییەک.

٩. دیتی Dite: ئەم وشەیە لە سروودەکانی پێشوودا (سروودی ٨،٩،١٢ی دۆزەخ) بۆ شاری شەیتانەکان بەکار هاتووە. لێرە بۆ شەیتان خۆی بەکارهاتووە.

١٠. ئەم دوابەشەی ئەڵقەی نۆیەم و کۆتایی دۆزەخ، پێی دەگوترێ (جیدیککا). واتە (یەهووداستان) (شوێنی یەهوودا)، تایبەتە بەو دۆزەخییانەی خیانەتیان لەگەڵ ئاغا و

گەورە و سەرەوەری خۆیان کردووە. ناوەکە لە ناوی (یەهوودا)ی ئەسکریوتی وەرگیراوە کە یەکێ بوو لە هاوەڵەکانی عیسا و خیانەتی لەگەڵاکرد. بە پارە عیسای نیشانی دوژمن دا. دوای شەیتانی گەورە، ئەم یەهوودایە گوناهکارترین ڕۆحە لەناو دۆزەخی دانتیدا.

١١. شاهنشای وڵاتی ئازار: مەبەست شەیتانی گەورەیە.

١٢. تۆژەرەوانی کۆمیدیا، بە پێی ئەو زانیارییەی دانتی لەبارەی قەبارەی شەیتان داویەتی، لێکۆڵینەوەی وردیان بۆ دیاریکردنی بەژنی شەیتان کردووە. بەم ئەنجامە گەیشتوون کە باڵی ئەم شەیتانە ٤١٠م درێژە و باڵای دەوری ١٢٣٠م درێژە. نزیکەی (٦٠٠م)ی لەم لایەی چەقی زەوییە و (٦٠٠م)ی لە لاکەی تری چەقی گۆی زەوییە.

١٣. ئەمە ئاماژەیە بۆ یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەی لوچیفیرۆ (شەیتان) لە خودا. لوچیفیرۆ واتە ڕووناک یان تیشکدەر و لە ئایینی ئیسلامدا بەرامبەر بە (ئیبلیس) دەوەستێ، بەڵام لوچیفیرۆ و ئیبلیس جیاوازن: لوچیفیرۆی مەسیحی بۆیە لە خوا یاخی بوو، چونکە ئێرەیی بە هێز و دەسەڵاتی خوا هات و هەستا بۆ ئەوەی بەربەرەکانیی لەگەڵدا بکا، کەچی ئیبلیسی ئایینی ئیسلام بۆیە لە خوا یاخی بوو، چونکە ئێرەیی بە پایەی ئادەم هات، کە خودا پێی فەرموو کڕنۆش بۆ ئادەم ببا، سەرپێچیی فەرمانی خوای کرد و کڕنۆشی بۆ نەبرد (انا خیر منه خلقتنی من نار وخلقته من طین).

١٤. لەبارەی ئەم سێ ڕووەی شەیتان، زۆر لێکدانەوەی جیاجیا کراوە. ئەمانە هەندێکیان:

أ- ئەم سێ ڕووە نیشانەی سییانەی پیرۆزی مەسیحین (باوک، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز)، کاریگەرییان لەم ڕووانەدا ڕەنگی داوەتەوە.

ب- سێ ڕووەکە نیشانەی سێ جۆرە گوناهی گەورەی دۆزەخن. ئەو گوناهانەی لە سرووودی یەکەمدا بە شێوەی پڵنگ و شێر و گورگ دەرکەوتوون.

ج- سێ ڕووەکە ڕەمزی سێ خووی بنچینەیی شەیتانن (کینە، دەستەپاچەیی، نەزانی) کە بەرامبەر سێ سیفەتی خوا دەوەستن (خۆشەویستی، توانایی، دانایی).

- ڕووی پێشەوە کە سوورە، نیشانەی ڕق و کینە.
- ڕووی ڕاستە کە سپی و زەردە، نیشانەی دەستەپاچەییە.
- ڕووی چەپە کە ڕەشە، ڕەمزی نەزانییە.

د- هەندێکی تر ئەم سێ ڕووە بە ڕەمزی سێ کیشوەری ناسراوی ئەو سەردەمەی جیهان دادەنێن: سوور (ئەورووپا)، زەرد (ئاسیا)، ڕەش (ئەفریقیا).

١٥. ئەو شوێنەی ڕووباری نیلی لێوە دێ: مەبەست حەبەشەیە کە خەڵکەکەی ڕەشن.

١٦. جیودا سکاریۆتتو: یەهوودای ئەسکریوتی: دوای شەیتان گەورەترین گوناهباری دۆزەخە و سەختترین سزای هەیە. یەکێ بوو لە هاوەڵەکانی عیسا، ناپاکیی لەگەڵ عیسا کرد و نیشانی فریسییەکانی دا و ڕادەستی هێزەکانی ڕۆمانیایان کرد. یەهوودا ئەو پارەیەی بەرامبەر بەم خیانەتە وەریگرت لەناو دەستی بوو بە پەڵەی خوێن و خۆیشی لەو شوێنە بەربووەوە و ڕیخۆڵەی بە گۆڕێ وەربوو. باسی ناپاکیی یەهوودای ئەسکریۆتی لە هەرچوار ئینجیلدا هاتووە.

کاتی شیوی ئێوارە، عیسا لەگەڵ هەر دوازدە هاوەڵی دانیشت، گوتی: ئێوە یەکێکتان من ڕادەستی دوژمن دەکات. هەموو پەست بوون و خەم دایگرتن. یەک یەک پێیان گوت: ئایا ئەوە منم؟ وەڵامی کەسی نەدایەوە، بەڵام کە یەهوودا گوتی: ئایا ئەوە منم؟ عیسا وەڵامی دایەوە: ئەوە تۆ خۆت گوتت؟

یەهوودا بە دوژمنەکانی گوتبوو کە ئێوە هاتن، من کامەیانم ماچ کرد، ئەوە خۆیەتی، بیگرن. کە وەختی داهات، یەهوودا چووە لای عیسا و گوتی سەلام گەورەم و ماچی کرد، ئەوانیش ناسییان و گرتیان.

لیۆناردۆ دا فنچی وێنەی یەهوودای لە کلیسەی (ڕەحمە)، لە میلانۆ کێشاوە. لە وێنەکەدا: هەواڵەکانی تر سیمای سەرسامی و خەم و خەفەت و نکوولییان بە ڕووەوە دیارە، مەسیح نیشانەی خەم و لێبووردەیی و خانەدانیی پێوە دیارە، کەچی یەهوودا نیشانەی غەدر و ستەم و ڕق و قینی پێوە دیارە. ڕووی گرژ کردووە و سەیری دواوە دەکا، دەستی چەپەی لەسەر مێز پانکردووەتەوە و بە ئانیشکی ڕاستە خۆی بە سەرمێزەکەدا داوە.

١٧. بروتتۆ Brutto (بە لاتینی، مارکۆس یۆنیۆس بروتۆس): کوڕی گفتەنی قراڵ بوو، کوماریخوازێکی توندڕەو بوو. لە شەڕی ناوخۆدا، ساڵی ٤٩ پ.ز خۆی دایە پاڵ پۆمپی دژی یولیوسی قراڵ، بەڵام قراڵ لێی خۆش بوو و ساڵی ٤٨ پ.ز، دوای شەڕی فارساليا، هەندێ پایەی پێ بەخشی، لەگەڵ ئەوەشدا ئوکتاتیوس ساڵی ٤٢پ.ز لە شەڕی فیلیپیدا، هێزەکانی بروتۆس و کاسیاسی شکاند کە زانیی قراڵ نیازی چەسپاندنی دیکتاتۆری و قەدەغەکردنی ئازادیی هەیە، هەرچەندە باوکی گفتەنی

خۆیشی بوو دژی قەیسەر خۆی دایە پاڵ پیلانگێڕان و ساڵی ٤٤پ.ز لەسەر پلیکانەی سەنای ڕۆما خەنجەرێکی لێداو کوشتی. قراڵ بەدەم ئازاری برین و لە کاتی گیانەلادا گوتی: (بروتۆس، تۆیش!؟).

١٨. کاسسیۆ Cassio (کاسیۆس): لە شەڕی ناوەخۆدا بوو بە لای پۆمپی و دوای شەڕی فارسالیا ڕایکرد بۆ دەردەنیل. قەیسەر لێی خۆش بوو و چەند پایەیەکی پێ بەخشی، بەلام کە کۆماریخوازەکان دژی قراڵ وەستان، ئەویش خۆی دایە پاڵ ئەوان و لە شەڕی فیلیپدا شکا و خۆی کوشت.

ڕەنگە خوێنەری ئەمڕۆی کۆمیدیا بە لایەوە جێی پرسیار بێ بۆچی دانتی ئەم دوو سەرکردە کۆماریخوازەی لە ئەڵقەی نۆیەمی دۆزەخ و لە تەک ناپاکێکی وەکو یەهوودای ئەسکریۆتی داناوە. ئەم دوو سەرکردەیە داوای ئازادییان دەکرد و بۆ پاراستنی ئازادی دژی قراڵ وەستان کە بە نیاز بوو دەسەڵاتێکی ڕەها و تاکڕەو بچەسپێنێ. ئەم دوانە خوێنی خۆیان لەم پێناوەدا بەخشی، بەلام ئێمە دەبێ بە چاوی ئەورووپاییەکی سەدەی سێزدەم و لە ڕوانگەی بروا و بیروبۆچوونی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بڕوانینە مەسەلەکە. دانتی ئیمپراتۆرو ئیمپراتۆریەت، چ ڕۆمانی بێ و چ مەسیحی، بە ڕەمزی دەسەڵاتی خودا و قراڵ دەزانێ. ئەو بڕوای وایە ڕۆمانییەکان هەڵبژاردەی خوان بۆ بەڕێوەبردنی دونیا، ئیتر دەسەڵات بە سپاردەیەکی خوایی دەزانێ و هەر شەڕکردنێ دژی ئەو دەسەڵاتە بە شەڕکردن دەزانێ دژی خواستی خوا، بۆیە ئەو پێی وایە تاوانی بروتۆس و کاسیۆس، وەکو تاوانی یەهوودای ئەسکریۆتی وایە.

١٩. شەو داهات: واتە گەشتی بیستوچوار سەعاتی دۆزەخ تەواو بوو. گەشتەکە سەرلەئێوارەی شەوی پێشوو دەستی پێکردبوو. تەنیا ماوەیەکی کەم ماوە، وەختە دیاریکراوەکە تەواو ببێ.

٢٠. شەکەتیی ڤیرجیلیۆ پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە خۆی لە ئەنیادەدا باسی دەکا: (چوونەخوارەوە بۆ بنی دۆزەخ ئاسانە، بەلام گەڕانەوە لەوێ و هەڵکشانەوە بەرەو خۆر، ماندووبوونێکی زۆری دەوێ.)

لە ڕووی ڕەمزییەوە ئەمە مانای ئەوەیە کە گوناهکردن ئاسانە، بەلام گەڕانەوە لە گوناه زەحمەتە، کۆشش و پێداگرتنی زۆری دەوێ.

٢١. لە ئەستێرەناسی دێریندا (سێیەک) بە ماوەی نێوان سەعات (٦-٩)ی بەیانی دەگوترا کە بە کوردی چێشتەنگاو یان چێشتانە. نیو سێیەک دەکاتە دەوری سەعات

حەوت و نیوی بەیانی. ئەم قسەیەی ڤیرجیلیۆ شتێکی سەرنجکێشی تێدایە: هەر هێندە ئەم دوانە لە جغزی چەقی زەوی تێدەپەڕن و دەگەنە نیوەگۆکەی تری زەوی، پێوانەی ڕۆژ و شەو دەگۆڕێ. ڕۆژەکە تازە لە نیوەگۆی لای ئێمە ئاوابووە و بووە بە شەو، لە نیوەکەی تر تازە هەڵاتووە و بووە بە ڕۆژ.

٢٢. ئاماژەیە بۆ شەیتان (لوچیفیرۆ) کە دۆزەخ بەم هەموو قووڵاییەوە لە ئەنجامی بەربوونەوەی ئەم لە ئاسمانەوە، پەیدابووە.

٢٣. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خەڵک وایان دەزانی زەوی دابەشی دوو نیوە کراوە: نیوەی وشکاتی و نیوەی ئاوە.

٢٤. تۆپکە: مەبەست (قودس)ە کە عیسای تێدا لە خاچ درا. لە جوگرافیای دۆزەخی دانتیدا قودس چەقی دونیا و بڵندترین ترۆپکی دونیایە.

٢٥. ئەو پیاوەی بە بێگوناە لەدایک بوو و بە بێگوناهی ژیا: عیسایە.

٢٦. واتە شەختە لە شوێنی بەرامبەر وەستانی ئێستای دانتییە. ئەمە وەڵامی پرسیاری یەکەمی دانتییە.

٢٧. ئاماژەیە بۆ ئەو چیایەی لەسەر سەریانەوە دیارە و لەناو ئەو ئاوەی سەرانسەری نیوەگۆی ئەودیو زەوی وشکاتیی داپۆشیوە، سەری دەرهێناوە، ئەویش چیای بەرزەکە کە شوێنی گەشتی لەمەودوایانە. مەبەستی ئەم قسەیەی ڤیرجیلیۆ ئەوەیە: ئەم چیایەی ئێرە کاتی خۆی لە لای وشکاتیی زەویدا بوو، بەڵام کە شەیتان لە ئاسمان کەوتە خوارەوە، ئەوەندە وشکاتییەی ئەولا چووە ژێر ئاو و لەم لایەوە سەری دەرهێنا. ئەگەر خوێنەر باش سەرنج لە وێنەی دۆزەخ و چیای بەرزەک بدا، ئەم بۆچوونەی زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. چیای بەرزەک هەر دەڵێی لەناو زەوی دەرهێنراوە و شوێنەکەی بووە بە دۆزەخ. لە بەشی وشکاتیی زەوی و لێرە، لە بەشی ئاودا، سەراوژێر داندراوە. شکڵی دۆزەخ وەکو ڕەحەتییەک وایە و شێوەی چیای بەرزەکیش وەکو ڕەحەتییەک وایە، بەڵام دەمەونخوون داندرابێ، واتە هەردووکیان قەبارەیان وەکو یەک وایە: بارستایی چیای بەرزەک و بۆشایی دۆزەخ.

٢٨ بیلتزیبو Belzebu: یەکێکە لە ناوەکانی شەیتان.

٢٩. مەبەست لەو ئەشکەوتە سەراپای دۆزەخە کە نیوەی ناو گۆی زەوی دەگرێتەوە. (بەقەد قووڵایی ئەم ئەشکەوتە) مەبەست ئەوەیە دۆزەخ تا ناوەڕاستی گۆی زەوی دەڕوا و لەوێوە بەقەد ئەوەندە دەمێنێ بۆ چوونە دەرەوە لەوسەری دونیا و گەیشتن بە چیای بەرزەک.

٣٠. ڕووباری بچووک: مەبەست ڕووباری (لیتی Lete´)یە. لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ئەم ڕووبارە، ڕووباری لەبیرکردنە. ڕۆحی بنیادەم بەر لەوەی بێتە دونیا لوێچی لەم ئاوە دەخواتەوە و نهێنیی دونیای خودانەکانی لەبیر دەچێ و نایانهێنێ بۆ سەر زەوی. بە بۆچوونی دانتی ئەم ڕووبارە لە دۆزەخدا بۆ ئەوەیە کە ڕۆحی دەچێتە بەهەشت، گۆلمە ئاوێک لەو ڕووبارە دەخواتەوە و هەموو دەرد و ئازار و بیرەوەرییەکانی ناو دۆزەخی لە بیر دەچێتەوە.

٣١. ئەستێران: هەرسێ بەشەکەی کۆمیدیا: دۆزەخ، بەرزەک و بەهەشت، بە وشەی (ئەستێران) کۆتاییان هاتووە. ئەستێرە ڕەمزی پرتەوی یەزدانی و نیشانەی ئومێد و متمانە و پاکییە، ڕەمزی هیوا و دەرچوونە لە خەم و کڵۆڵی بۆ ڕووناکی و بەختەوەریی هەمیشەیی.

ئەم دێرە کە دوادێری دۆزەخە، پێمان دەڵێ دەبێ ئومێدەوار بین، بە تایبەتیش کە ئەستێرەکان، ئەستێرەی شەوی جەژنی پاک و پەسڵانن. کە ئەویش خۆی لە خۆیەوە نیشانەیەکی ئومێد و بڕوا و متمانە بەخۆبوونە.

* * *

**کۆمیدیا** یەکێکە لە داستانە شیعرییە بەناوبانگەکانی نەک تەنیا ئەدەبی ئیتاڵی، بەڵکو ئەدەبی جیهان بەگشتی. ئەم داستانە شیعرییە لە نووسینی شاعیر و نووسەری مەزن "دانتی ئەلیگیێری"یە و گەشتێکی خەیاڵییە بۆ ئاخیرەت، بەو شێوەیەی ئایینی مەسیحی خستوویەتییە ڕوو، بەڵام بەجۆرێکی تر کە فەلسەفە و ڕوانینی سەدەکانی ناوەڕاست لەخۆی دەگرێت.

ئەم کتێبە لە سێ بەرگی جیادا نووسراوە و سێ گەشتی درێژە بۆ دۆزەخ، بەرزەخ و بەهەشت. هەریەکێ لەو بەشانە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک سروود و گێڕانەوەی شیعری لە دیدی دانتی-ی شاعیرەوە.




دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam Printing & Publishing House

2015